# چای شیرین

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**١**

# چای شیرین

سەرجەمی چیرۆکە کورتەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
چای شیرین – سەرجەمی چیرۆکە کورتەکانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٣٩
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٣٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: لێزان عەبدولهادی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

# چای شیرین

سەرم لە خۆم سوڕماوە! ئەمڕۆ بەپێچەوانەی هەموو ڕۆژانی ترەوە، سەماوەرە تێکقوپاوەکەی جارانم، لێ بووەتەوە کەمانێکی نەشمیلە و خۆشترین ئاواز، دەڕژێنێتە دەروونمەوە. قۆڕێ گەڕە لە تەلگیراوەکە، کە جاران قێزم لێ دەکردەوە، ئێستا زۆر خنجیلە و خاوێن دێتە پێش چاوم. بگرە پیاڵە پۆرخزەکان و جامە ژەنگاوییەکە و شەکردانە ڕەزاقورسەکەش، دەڵێی ئەمڕۆ خۆیان لە ئاوی جوانی هەڵکێشاوە و بەدەم منەوە دەخنێنەوە. داوودەزگای چالێنانەکە هەموو، نازانم بڵێم من بۆ ئەوان یا ئەوان بۆ من، پێ دەکەنن و گەشکە دەیانگرێ؟. هەچۆنێك بێ ئەمڕۆ وا هەست دەکەم، کە هێزێکی ئەفسووناوی لە ناخی دڵ و دەروونمدا، ڕەگی داکوتاوە و ئارامی لەبەر بڕیوم. ئەی ئەگەر وا نییە، بۆچی تا دوێنێش ئەم چوار قۆڵی چا خواردنەوەیە (من و وەستام و وەستاژنم و لەگەڵماندا ئافتاوی کچیان)، هێندە دڵتەنگ و پەستی دەکردم؟!. دەتوت بەکوتەکەوە بەسەرمەوە ڕاوەستاون و ناچاری ئەم چا خواردنەوەیەم دەکەن. کەچی ئەوەتا ئەمڕۆ، هەموو جووڵە و تەقەوڕەقەیەکی، ختووکەی هەست و نەستم دەدەن!. هەتا دوێنێ لە شەرم و تەریقیدا، ئارامم لەبەر دەبڕاو جێگەم بەخۆم نەدەگرت. کەچی بێئارامیی ئەمڕۆم، ئەنجامی ئەو هێزە ئەفسووناوییەیە، کە گیان و هۆشمی هێناوەتە جۆشوخرۆش.

ئا لە کاتێکدا کە من هەر لە سووچەکەی جارانمدا، ماتومەلوول دانیشتبووم و بەم جۆرە لەگەڵ خۆمدا دەدوام، ئافتاو و دایکی وەك هەموو ڕۆژانی تر، تەدارەکی چالێنانەکەیان دامەزراندبووەوە. کلۆ خەڵووزەکانی ناو تەنووری سەماوەرەکە، کەوتبوونە نێڵەنێڵ و کڵپەیان لێ هەڵدەستا. ئاوەکەی مێروولەی دەکرد و زیلەیەکی بەچەشنی ئاوازێکی ناسکی پێك دەهێنا. ئیتر لەوەدابوو ها ئێستا ها ساتێکی تر، بکەوێتە کفەکف و جۆشوخرۆش. بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، تاسێکی قووڵ بردمییەوە. کارەساتەکەی دوێنێ، بۆ جاری جارەها سەرنجی ڕاکێشامەوە...

بەڵێ دوێنێ هەر ئەم کاتە بوو ، کە هەمان چوارقۆڵی بەدەوری پیرە سەماوەردا کۆمەڵەمان بەستبووەوە. هێشتا فەرمانەکەی وەستا ژنم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە بە ئافتاوی وت:

– دەی چایەکەیان بۆ تێکە.

ئافتاویش وەك هەموو ڕۆژانی تر، پیاڵەکانی ئامادە کرد. بەڵام بۆچی بەتایبەتی یەکێکیانی لەوانی تر باشتر دەشت؟. بگرە شەکریشی دوو ئەوەندەی ئەوانی تر تێ دەتەپاند؟!. ئای چەند حەپۆلکە بووم!!. هەموو ڕۆژێ ئەم کردەوەیەم لە ئافتا و دەدی، کەچی جارێك سەرنجم بۆ ئەوە نەچوو لە خۆم بپرسم: ئەرێ ئەمە بۆچی و یانی چی؟!.

چا دابەش کرا. پیاڵە تایبەتییەکە وەك هەموو ڕۆژان، بەر من کەوت. ئەو کردەوەکەی خۆی لێ سەدبارە کردەوە. منیش ئەوەکەی خۆمم لێ سەدبارە کردەوە. چایەکەم دایەوە دواوە و وتم:

– چایەکەم هەم دیسان زۆر شیرینە. کەمێکی تاڵم بۆ بەسەریدا بکە.

کەچی ئافتاوم ئافتاو، خێسەیەکی پڕ لە ڕقوکینەی لێ کردم. لچێکی لێ هەڵقورتاندم و بەنیمچە تووڕەییەکەوە لێی وەرگرتمەوە. دیاربوو تەقینەوەکەی، ئەنجامی پیشخواردنەوەیەکی دوور و درێژ بوو. چاوم تێوە بوو، لە باتیی ئەوەی تەنیا پیاڵەکەم بۆ پڕ بکاتەوە لە چای تاڵ، هێندەی تێ قلّپاند تا ژێرپیاڵەکەشی پڕ کرد. بێگومان ئەمجارەیان لە تاڵیدا نەدەخورایەوە. منیش شەپۆلێکی رقوکینە زۆری بۆ هێنام و لە دڵی خۆمدا وتم: « توخوا دەوەرە چۆن تووشی ئەم چەتیوە دەعەجانییە بووم؟!». ئیتر وەها پیشم لێ خواردەوە کە ئەگەر شوورەیی نەبووایە، چایەکەم دەکرد بەچڕوچاوی نەگریسیدا و کارێکم پێ دەکرد، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. بەڵام وەستاژنم وەك هەستی بەکەتنەکە کردبێ، بەدڵسۆزییەوە لێی پرسیم:

– دەترسم چایەکەت تاڵ بووبێ؟.

لەگەڵیدا سەرنجم دا ئافتاو چاوێکی لە دایکی مۆڕ کردەوە. وەك ئەوەی بڵێ:

– چاکم کرد.. دەستم خۆش بێ.. خەتای ئەوە.

منیش لە شەرمنیی خۆمەوە، ناچار لە وەرامدا وتم:

– نەء.. ئێستا زۆر باشە.

ئیتر بێ ئەوەی بتوانم نقە بکەم، دوو چای تری لەو بابەتەم کرد بەگەروومدا. لەگەڵ هەر یەکێکیشیاندا کە بۆی تێ دەکردم، دەمبینی وەستاژن بەتیلەی چاو، خێسەیەکی لێ دەکا و ئەویش بەلالووتێکەوە، رووی لێ وەردەگێڕێ. ئەم کەینوبەینە هەمووی

رووی دەدا و وەستام لەولاوە، وەك لە دەریای بیرکردنەوەی خۆیدا مەلە بکا، پەیتا پەیتا چای بەدوای چادا هەڵدەقوڕاند!

بەدرێژاییی ڕۆژی دوێنێ، ئەم کارەساتە لە دڵمدا پەنگی خواردەوە. ئارامی لەبەر دەبڕیم و لێم بوو بەمەراق. بە خۆمم دەوت: «باشە ئەم کچە بۆ وا دەکا؟. چ ڕقێکی لێ هەڵگرتووم؟!.. ئاخۆ هیچ خراپەیەکم بۆی هەبووە؟. بەشیم خواردووە؟. ئەی چی؟» بەڵام ئەوەی دوێنێ ئێوارە لە دایکمم بیست (خوا سەرفرازی بکا)، ئەو مەراقەی لە دڵمدا ڕەواندەوە و هەموو شتێکی بۆ یەکالا کردمەوە.

هەردووکمان و نەسرینی خوشکیشم لەگەڵماندا، دانیشتبووین و باس هاتە سەر باسی ژنهێنان و شووکردن. ئەمانیش بێ قەزاوبەلابن، خۆ خوا نەکا لە گفتوگۆیاندا جگە لەم باسوخوازە، بزانن لە باسێکی تر بدوێن!. وا چوونە خوازبێنیی فلان و فیسار وا گوێزرایەوە!. ئیتر باس بەسەر باسدا هات و منیش خۆم پێ ڕانەگیرا. ئەوەکەی خۆمم درکاند و لە نووکەوە بۆم گێڕانەوە. کەچی هێندەم نەزانی، دایانە قاقای پێکەنین و یەك بەسەر یەکتریدا دەکەوتن!. من لەلای خۆمەوە واقم وڕما و لە تەریقیدا لەشم داگیرسا. بە حەپەساوییەوە لێم پرسین:

– ئەوە بۆچی پێ دەکەنن؟.

ئەوان لە تاو پێکەنین، وەرامیان بۆ نەدەدرایەوە. من وەختابوو لە داخاندا شەق بەرم و لە دڵدا وتم: «تۆ بڵێی شتێکی ناشیرینم لێ وەشابێتەوە؟». ئیتر لەبارمدا نەما. رووی دەمم لە نەسرین کرد و ویستم، لێشاوی تووڕەییم بەسەر ئەودا بڕێژم و وتم:

– ئەرێ تۆ شەرم ناکەیت؟!.. بۆچی وەها پێم پێ دەکەنیت؟.

کەچی ئەو بەدەم قاقای پێکەنینەکەیەوە، وەرامی دامەوە و وتی:

– بە چایە شیرینەکانی ئافتاوی براژنم پێ دەکەنم.

من هەر بەتووڕەیییەوە وتم:

– وڕێنە دەکەیت؟!.. ئافتاوی براژنتی چی؟.

ئەوسا دایکم زانیی زۆر پەست و دڵگرانم، لە پێکەنین کەوت و وتی:

– بەخێر نۆزدە ساڵت تەمەنە و هێشتا بەوەت نەزانیوە، کە چای شیرین مانای خۆشەویستییە؟.

کە بەسەرسامییەوە لێم پرسی:

– خۆشەویستی؟!.. مەبەستت چییە؟.

ئەم جارە بە بێزارییەوە وتی:

– ئۆی!.. بەڕاستتە یا خۆتم لێ گێل دەکەیت؟!. بە کورتییەکەی ئافتاو حەزی لێ کردوویت.. ئێستا تێ گەیشتیت؟.

(قەت ناشێ؟!.. ئافتاو حەزی لێ کردووم؟. ئای لەو فێڵبازی و زۆرزانییە؟. کەوابێ ئەو چایە شیرینانە، بێ مەڵامەت نەبوون. ئا.. ئێستا تێ گەیشتم. ئێستا زانیم لە کوێوە قسەی دەکرد. دەی قەیناکا ئافتاو.. خۆ من وام دەزانی هێندەت قین لێمە، کە چاوت پیامدا هەڵنایەت!. تومەز من لە گوێی گادا نووستبووم!. دە ڕاوەستە بۆم.. من و تۆ و سبەینێ...).

کاتێ دایکم ئەو مژدە خۆشەی دامێ، من لەگەڵ خۆمدا ئاوەها دەدوام. بەم جۆرەش دوێنێ شەو تا درەنگ، خەو نەچووە چاوم. چونکە زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی، ئەم سبەینێیەم دەکرد کە چی بکەم؟ چۆن ئەو ئافتاوە جانانەیە تێ بگەیەنم، کە من مەتەڵەکەیم هەڵهێناوە و ئەویش، دەبێ پاداشتەکەیم، بداتێ...

– رۆڵە مەحموو.. ئەوە بۆ وا کشوماتیت؟.

وەستاژنم وەك لە دڵی گەڕابێ، کە بیر لە باسەکەی لەمەڕ خۆم و ئافتاو دەکەمەوە، لە گەرمەی ئەم بیرکردنەوەیەمدا و لە کاتێکدا کە دیمەنەکانی کارەساتەکەی دوێنێ بەبیر و هۆشمدا رادەبوردن، ئەو پرسیارەی بەتەنگەم دادا. منیش زمانم بەیەکدا هات و نەمزانی چ وەرامێکی بدەمەوە. تەنیا لەبەر خۆمەوە بڵمەبڵمێکم کرد و خۆشم نەمزانی چیم وت. ئەویش ئیتر بەزەردەخەنەیەکی پڕ مانا و سەرلەقاندنێك، وازی لێ هێنام.

کە چاوێکم بەملا و بەولادا گێڕا، سەیرم کرد وا چایەکە دەمی کێشاوە. ئافتاویش ئامادەی تێکردنێتی و زەردەخەنەیەکی تێکەڵ لە گلەیی، لە نێوان لێوەکانییەوە سەرەتاتکێم لێ دەکا. من تا دوێنێ بە درێژاییی ماوەی چا خواردنەوەکە، رووم نەدەهات تەنانەت کورتە سەرنجێکیشی بدەمێ. کەچی ئەمڕۆ ئارەزووییەکی بەجۆش، پاڵی پێوە نام تێی وردببمەوە. هەر هەڵێکم بۆ هەڵبکەوتایە، تێر تێر سەرنجم دەدایە. بەدوایدا وام بەبیردا دەهات، کە ئیتر لە سەیرکردنی تێر بووم. کەچی هەر هێندەی ڕووم لێ وەردەگێڕا، ئەو ئارەزووەم زیاتر جۆشی دەسەند و بێ ئەوەی هەست بەخۆم

بکەم، سەرنجم لێ گیر دەکردەوە. ئا لەم کاتەدا لە دەرگە درا. وەستا ژنم راپەڕی و چوو بەپیر دەنگەکەوە. زۆری پێ نەچوو بانگی کردە وەستام و وتی:

– باوکی ئافتاو.. وەرە داوات دەکەن.

هەر کە ئەوان ژوورەکەیان چۆڵ کرد و من خۆم لەگەڵ ئافتاودا بەتەنیا بینی، لە هیچی نەبوو دڵم کەوتە کوتەکوت و لەشم داگیرسا. ئارەقێکی گەرم دڵۆپ دڵۆپ، نیشتە سەر رووم. هەناسەم سواربوو. دەتوت بە شاخێکی سەختدا هەڵزناوم. لە دڵدا دەموت: ئای کە هەلێکی لەبارە. دەبێ لەدەستی نەدەم و ئەوەی لە دڵمدایە بیدرکێنم. هاکا هاتنەوە.. درەنگە.. لەلایەکەوە ترسی هاتنەوەی ئەوان و لەدەستچوونی ئەم هەلە بەنرخە دڵمی دەکرماند، لەلایەکی تریشەوە شەرمنی دەمکوتی دەکردم و زمانمی دەبردە کلیلە. خۆ دەروونیشم جۆشێکی وەهای سەندبوو، کە دەتوت ئاگری نەورۆزی تێدا کراوەتەوە. لە ئەنجامدا بریارم دا پێ بنێم بەجەرگمدا. چونکە ئەو هەستەی زۆری بۆ هێنابووم، ترس و سام و شەرموشۆ، نەیاندەتوانی بەری لێ بگرن و کۆڵی پێ بدەن. دەمم هەڵهێنایەوە چیم لە دڵدایە دەری ببڕم وتم:

– ئافتاو!...

کەچی لەوە زیاترم بۆ نەوترا. تەنیا ئەو وشەیە و ئەوانی تر، لە گەروومدا گیریان خوارد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنیا وشەیە، بەس بوو بۆ ئەوەی ئافتاو، لەوپەری مەبەستم تێ بگا. لەگەڵ وتنیدا لێشاوی ئەو هەستە بەجۆشەم، لە ناخی دەروونمەوە هوروژمی هێنایە دەرەوە. لە دووتوێیدا ئەوپەڕی سۆز و خۆشەویستیم روون دەبووەوە. بۆ ئەویش هەر کە سەری هەڵبڕی و سەرنجی دامێ، ڕوومەتەکانی هێندەی تر سوور هەڵگەڕان. چاوەکانی کەوتنە بریسکە بریسك و گەشکەیەکی بەختیاری پرژایە سەر سیمای. ئیتر کە لە وەرامدا وتی:

–بەڵێ.

دەتوت ساڵەهایە چاوەڕوانە من بڵێم: ئافتاو و ئەو بڵێ: بەڵێ. دوایی بێدەنگییەکی دڵپڕوێن، باڵی بەسەرماندا کێشا. بێگومان ئەو چاوەڕوانی من بوو دەم هەڵبێنمەوە و قسەکەم تەواو بکەم. منیش چاوەڕوانی وتەیەکی کاریگەری تەڕوبڕ بووم، کە بۆم پێك بێ و ئەو لێشاوی هەست و نەستەمی پێ دەرببڕم. کەچی دوای ئەو ماوەی بێدەنگییەی کە بەچەرخێك دەچوو، تەنیا هێندەم بەدەمدا هات کە پچڕپچڕ وتم:

– ئافتاو گیان.. من.. من تۆم  خۆش دەویّ.

ئەوی ڕاستی بیّ، دەتوت وتەکان بەنەشتەر لە قورگم هەڵدەپچڕن. چونکە یەکەم جارم بوو بەگوێی کچێکمدا هەڵدەدان. ئێنجا ئەویش لەلای خۆیەوە، سەرنجێکی قووڵی دامیّ و چاوێکی ناز و ڕازی بۆ  تررووکاندم و زەردەخەنەیەکی شادمانییش کەوتە سەر لێوانی. ئیتر من پێویستم بەوە نەبوو، ئەو بەدەم و زمان وەرامم بداتەوە، بگرە چاوە رەشە  گەشەکانی، بە ئاشکرا پێیان دەوتم:

– منیش تۆم زیاتر خۆش دەویّ.

ئەوسا زمانم بەربوو. بەگاڵتەوگەپێکەوە وتم:

– ئاخۆ چایەکانی ئەمڕۆشم، وەك رۆژانی تر شیرین دەبن؟.

ئەو بەدەم بزە و نازێکی دڵڕفێنەوە  وتی:

– ئا.. ئەگەر وەك جاران رەتیان نەکەیتەوە.

کە دەمم هەڵهێنایەوە وەرام بدەمەوە، تەپەتەپی پێی وەستاژنم دەمکوتی کردم. زۆری پیّ نەچوو خۆیان بەژووردا کرد. ئیتر چوارقۆڵی وەك هەموو رۆژانی تر، کەوتینە چاخواردنەوە. من زۆر بەتاموکام و بیّ هیچ بێزاربوونێك، سیّ پیاڵەم لە چایە شیرینەکانی جاران هەڵقوڕاند. بگرە ئاواتەخواز بووم کە ئەم کۆمەڵی چاخواردنەوەیەمان، هەرگیز دواییی نەیەت و چایە شیرینە تامدارەکانی ئافتاویش، قەت لەبن نەیەن.

بەسرە – شوعەیبە – ١٩٥٧

## دوژمنەکەی مام قیتەڵ

هـاوەڵەکەم دەستێکی بۆ لای دەرگەی مزگەوتەکە راکێشا و وتی:

– ئـا ئەو جووتە دەبینیت؟.

من بەکەمتەرخەمییەکەوە سەرنجم دانێ و وتم:

– بەڵێ.. باپیر و کوڕەزا نین؟.

کـەچـی ئـەو وەك حـەزی کـردبـێ ئـەم وەرامـەی بـدەمـەوە، بـەدەم زەردەخـەنـەیـەکی دڵنیاییەوە وتی:

– دەمزانی وەهـایـان تێ دەگەیت و وەهـا نییە. دەشزانم دەتەوێ تێ بگەیت.. گوێ بگرە بۆتی باس بکەم..

ئیتر بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرام بێ، لەسەر پیشەی خۆی (کە خوا بێ قـەزای کـا، لە قسەکردن بواری کەس نادا)، کەوتە گێڕانەوەی باسەکە و وتی:

– ئەو منداڵەی دەیبینیت ئاوەها قنجوقیت، لەبن دەستی ئەو پیرەمێردەدا دانیشتووە، تا ئێستاش کەس نازانێ کێیە؟ دایك و باوکی کێن؟ خەڵکی کوێیە؟ هـەروەکو کـەسیش نـازانێ، لە کوێوە و چۆن هـاتووەتە ناو گەڕەکەوە؟ ئێمە تەنیا هێندەمان لێ ئاشکرایە، کە چەند مـانگێك لەمەوبەر، ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەو پیرەمێردەدا کردییە هـەرا و فـەرتـەنـە. ئیتر لەو کاتەوە، ناوی کەوتە سەر زاری دانیشتوانی گەڕەك و بەدوژمنەکەی مام قیتەڵ ناوی دەرکرد. ئارام بگرە.. دەزانم دەتەوێ بپرسیت: ئەی مام قیتەڵ کێیە؟ ئا.. مام قیتەڵیش ئا ئەو پیرەمێردەیە، کە بەتەنیشت منداڵەکەوە پاڵی لێ داوەتەوە. ئەهـا تۆ باش سەرنجی بدەرێ و لێی وردبەرەوە، بڕوانە سمێڵە قیتەکانی. خۆ کە دەشکەوێتە سەرپێ، ڕاست بەچەشنی سمێڵەکانی، قیت رادەوەستێ و قیت دەڕوا بەڕێوە!.

بۆ منداڵەکە وەك پێم وتیت، کەسمان شتێکی ئەوتۆ لەبارەی رابردوویەوە نازانین. تەنانەت کاتێك لە خۆشی دەپرسین، لە زنجیرەیەك یادگاری کۆڵانە و کۆڵانکردن بەولاوە، شتێکی تر ناتوانێ بەدەستەوە بدا. بەڵام سەبارەت بە مام قیتەڵ، بەدرێژاییی تەمەنی خۆمی لەبارەوە دەزانم. سا با کەمێکت بۆ باس بکەم.. وەك وتم: ناوی خۆی بە خۆیەوەیە. ئەگەرچی بەتەمەن خۆی لە شەست ساڵی دەدا، بەڵام بە سەروسەکوت بە

شانوباهوو.. بەشێوەی هەڵسوکەوت و ڕۆیشتنی.. بەر لە هەمووش بەجووتە سمێڵە قیتەکەیدا، هەموو کات قنجوقیتە و ناوەکەی پڕ بەپێستێتی. ئەم مام قیتەڵە پازدە ساڵ دەبوو، کە حەلوافرۆشیی ناو گەڕەکەکەی گرتبووە دەست و منداڵانی ئەمپەڕ و ئەوپەڕی، لەو بەولاوە کەسێکی تریان نەدەناسی. خۆ تامی گەزۆ و مەسکەتی سەر سینییە مسە ژەنگاوییەکەی، لەژێر زمان و بێخی ددانی گشت لاوە چوارشانەکانی ئێستادایە. هەروەکو دوو فلسی و عانەی هەموویان، بەناو کیسە خامە چڵکنەکەی شادبووە.

با درێژەی نەدەمێ و سەرت نەیەشێنم. مام قیتەڵ لە پازدە ساڵ لەمەوبەرەوە، واتە لەو ڕۆژەوەی ژوورە بچکۆلەکەی لای خوارووی حەوشەی مزگەوتی، بەزۆر بۆ خۆی داگیر کرد و بەردەرگەکەشی، کردە کۆگای حەڵوافرۆشتن، ئیتر تا سێ مانگێك لەمەوبەر، کەسێك هەڵنەکەوت بتوانێ لە حەڵوافرۆشیدا، بەربەرەکانێی بکا و لە عۆیەی بێ. ئەوانەشی جارناجارێ سەریان هەڵدەدا و دەهاتنە بەرمەیدانی، ئەم هەر زوو دەیبەزاندن و کۆڵی پێ دەدان.

بەڵام سێ مانگێك لەمەوبەر، کاکی خۆم قەت مەپرسە، تووشی چ گونڕەشێکی خۆی بوو؟ ئەو منداڵە چەتوونە سەرسەختەی لێ پەیدا بوو، کە وەکو مووی لووت پێوەی لکا و بەئامان و زەمان لێی نەدەبووەوە. تا لە ئەنجامدا کۆڵی پێ دا و بۆ یەکەم جار مام قیتەڵ بۆڕدرا. دەزانیت چۆن؟ جارێکیان خۆی لە نووکەوە بۆی گێڕاینەوە و وتی:

بەیانییەکیان زوو کە هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکرابوون، بەدەم بانگەبانگی منداڵێکی زیقاوڵەوە لە خەو هەڵسام. لە سەرەتادا گوێم نەدایە و وام لێکدایەوە، کە دەبێ بەڕێبواری ڕێی کەوتبێتە ناو کۆڵانەکە. کەچی کە باش دڵم دایە، بۆم دەرکەوت دەبێ دەنگەدەنگەکەی، نەدوور دەکەوێتەوە و نەنزیك دەبێتەوە. لەوە دەچێ لە کۆڵانەکەدا دانیشتبێ و جێی خۆی خۆش کردبێ. ناچار بۆی چوومە دەرەوە. سەیرم کرد منداڵێکی هەشت نۆ ساڵانە و چوارمەشقی، لەبن دیوارەکەی ئەوبەردا دایکوتاوە. دەورییەکی قەڵاپەچنی حەڵوا و گەزۆ و مەسکەتیشی، لە بەردەمیدا داناوە و پڕ بەدەم و بەبێ وچان، بانگی بۆ هەڵدەدا. خوا درۆی لێ خۆش نایەت، منیش هەروا سووکێك لێی چوومە پێشەوە. بەدەستێك پەلێکیم گرت و بەدەستەکەی ترم دەورییە حەڵواکەی. هەڵمساندە سەرپێ و وتم:

– کوڕە ئەم بانگەبانگ و هەرایەت لە چییە؟ بڕۆ لە شوێنێکی تر ئەمە بکە.

کەچی پیرەمندال دەورییەکەی لە دەست راپسکاندم و خۆی لێ گیڤ کردمەوە. بە تووڕەیییەوە وتی:

– جا تۆ هەقت چییە؟ تۆ بچۆ مجەوریی خۆت بکە.. چیتە بەسەر منەوە؟.

خوا درۆی لێ خۆش نایەت، لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا. پەلامارم دایە هەندێکی بکوتم. کەچی ئەو شەیتانە وەك کەروێشکێکی کێوی، قەڵەمبازدێکی دا و بۆی دەرچوو.

مام قیتەڵ خۆی، سەرەتای کارەساتەکەی وەها بۆ گێڕاینەوە. بەڵام ئەوەکەی تری لای هەمووان ئاشکرایە. دەزانیت چۆن؟ کاکی خۆم.. ئەو بەیانییە کاتێك منداڵانی گەڕەك کەوتنە جموجۆڵ و بەدوو فلس و عانەکانیانەوە بەرەو لای مام قیتەڵ کەوتنە ڕێ، منداڵەم منداڵ سەری کوڵانی لێ گرتن و یەکەیەکە دەیقۆستنەوە. مەگەر تاکوتەرایەکیان لێ دەرچووایە. واتە مام قیتەڵ دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەرچوو. تەنیا هێندەی بۆ مابووەوە هەر ساتە ناساتێك، پەلامار بداتە نزیکترین بەرد و منداڵەکەی پێ ڕاوبنێ. ئەویش لە هەر جارێکدا هێندەی بڵێی یەکودوو، پڕی بەدەوریدا دەکرد و دەیدایە چوارناڵە. بەڵام هەر هێندەی ئەم پێی دەنایەوە جێگەکەی خۆی، ئەویش لەوێوە دای دەکوتایەوە.

ئیتر ئەو ڕۆژە باسەکە، بەسەر تا خواری گەڕەکدا بڵاو بووەوە و بووە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی گەورە و بچووکی. هەر کۆڕێکی گاڵتەوگەپ و پێکەنین بچوویتایە، ئەو باسە شای باسان بوو. ئێمەش بەشانازی نەبێ خۆت دەزانیت چ بەڵایەکین. لەولاوە دەچووین منداڵەکەمان هان دەدا و بەگژ مام قیتەڵماندا دەکرد. لەملاشەوە مام قیتەڵمان لە منداڵەکە تیژ دەکرد و لێمان ئاگر دەدا. ئیتر دەبووە بەزم و پێکەنینێك قەت مەپرسە. سا درێژەی نەدەینێ. . باشە و گوێ بگرە کۆتاییی باسەکەت بۆ بگێڕمەوە.. نزیکەی سێ هەفتە ئەم دووانە ئەمە پیشەیان بوو. یەکتریان دەهێنا و دەبرد. مام قیتەڵ دەیویست ئەو ببەزێنێ. ئەویش لە خوای دەویست ئەم یارییە خۆشەی، قەت کۆتایی نەیەت. تا لە ئەنجامدا، مام قیتەڵ بەزی و بەزینێکی زۆر سەیروسەمەرەش!. لەگەڵ منداڵەدا ڕێککەوت، کە بدەنە پاڵ یەکتر. ئەو ببێ بەکوڕی ئەم و ئەمیش ببێ بەباوکی ئەو. پێکەوە حەڵوافرۆشییەکە بکەن و پێکیشەوە بژین. ئیتر مام قیتەڵ لە سەرەتادا، مەبەستی لەم ڕێککەوتنە هەر چییەك بووبێ، گرنگ ئەوەیە کە ئێستا،

بەڕاستی وەك باوك و كوڕێك، یا بەپێی وتەكەی تۆ وەك باپیر و كوڕەزایەك پێكەوە دەژین.

من سەرم لە كاری خوا سوڕ دەمێنێ!. ئەم مام قیتەڵە لە سەرەتادا، چەندە ڕقی لە منداڵەكە بوو، ئێستا سەد و بگرە هەزار ئەوەندە خۆشی دەوێ. كە لەم ڕووەوە لە خۆی دەپرسیت، بەدەم ڕستێك سوپاس و ستایشی خواوە دەڵێ:

– قەت باوەڕ ناكەم ئەمە منداڵی سەرزەمین بێ. نەخێر.. فریشتەیەكە و خواوەندی گەورە، لە ئاسمانەوە بۆ منی ناردووەتە خوارەوە، هەتا وەجاخی كوێری شەست ساڵەمی پێ ڕوون بكەمەوە.

سا من لە خۆت دەپرسم: خراپمان كرد نەمانهێشت، منداڵەكە كۆڵ بدا یا چاك؟. منیش لە وەرامیدا تەنیا سەرێكم بۆ لەقاند و هیچم نەوت.

بەسرە – شوعەیبە – ١٩٥٧

# میمکە هۆڵیّ

– یەك.. دوو.. هەرسێکی..

هەرە چەتوونترینیان، بەدەنگی بەرز هێندەی وت و ئیتر تاق و تۆقی بەردەباران، بەربوە دەرگە تەنەکە شەق و شڕەکەی زنجەکەی میمکە هۆلیّ، کە لە سووچێکی کەلاوەکەدا، وەك کۆمەڵێك دار و پەردوو هەڵچنرابوو.. بە دوایا وەك پۆلێك باڵندەی سرك، فڕکەیان کرد و هەتا قاچە باریك و لاوازەکانیان هێزی تێدا بوو، هەڵاتن  و لە دوور هەریەکەیان خۆی کوتایە پەنا دیوارێکەوە و بە دزە دزە کەوتنە سەرەتاتکیّ لە زنجەکەی میمکە هۆلیّ، بەو نیازەی ببینن وەك هەر جارێکی تری لەوەبەری، خۆی دابێت بە سەر گۆچانەکەیدا، بە شەلە شەل و بەدەم قاووقیژی دوعا و نزا لیّ کردنیانەوە، بۆیان بێتە دەرەوە.

کەچی سەیر بوو... ئەم جارە هیچ شتێك لەو بابەتە رووی نەدا و میمکە هۆلیّ دیار نەبوو..

منداڵە چەتوونەکان، ئەم ئەنجامەیان گەلیّ پیّ ناخۆش بوو. چاوەڕوانکردن ئارامی لەبەر برین. زۆری پیّ نەچوو یەك بەدوای یەکدا، لە پەنا دیوارەکان هاتنەوە دەریّ و دووبارە کۆمەڵەیان بەستەوە هەر یەکەشیان پرسیارێك لە مێشکە بچکۆلەکەیان گێژی دەخوارد، کە ئاخۆ بۆچی وەکو رۆژانی تر نەهاتە دەرەوە؟..

(سمە) چەتوونترینیان بوو.. هاواری کرد:

– با بچینەوە پێشەوە، بزانین بۆ نەهاتە دەرەوە؟..

زۆربەیان بە دوایا هاواریان کرد:

– دەی.. باشە..

چوونە پێشەوە.. زیاتر چوونە پێشەوە.. هەتا چەن هەنگاوێکیان ما بگەنە ئاستی دەرگەکە. لەوێدا هەموو چەقین... کەسیان زاتی نەدەکرد لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە.. گرمۆڵەیان بەست. یەك پاڵیان بە یەکترەوە دەنا. هەرە چەتوونەکەیان وتی:

– ئای لەوانە.. چەن ترسنۆکن... ئێوە لێرە راوەستن، من دەچم پاڵ دەنێم بە دەرگەکەوە..

هەموو هاواریان لێ کرد:

– ئەگەر راست دەکەیت، دەی بچۆ..

راستی کرد.. سنگی نا بۆ پێشەوە تا گەیشتە ئاستی دەرگەکە. تا لە ناکاوێکدا بەهەموو توانایەکییەوە، پالێکی پێوە نا. دەرگەی شەق و شڕ، بەرگەی ئەو پاڵ پێوەنانە شێتانەیەی نەگرت و بەودیوا زرمەی کرد. بە دەستووری جاری پێشوو، گشتیان فڕکەیان کردەوە و هەلاتن. وەختێکیش لە دوور گیرسانەوە و کەوتنەوە سەرەتاتکێکردن، میمکە هۆلێ دیسانەوە دیاری نەبوو.. منداڵە چەتوونەکان هێندەی تر سەرسام بوون... هێندەی تریش بۆ وروژاندنی میمکە هۆلێ شێت بگیر بوون.. ئەم جارەش هەر (سمە) دەسپێشکەری کرد و وتی:

– دوام کەون.. ئەم جارە بۆی دەچمە ژوورەوە..

سەرلەنوێ لەبەر دەرگەی داڕووخاودا، گرمۆڵەیان بەستەوە. خوا شوناسێك لەو کاتەدا لەوێوە رابورد دانیشتووی گەڕەکەکە نەبوو.. ئەو دیمەنەی کەوتە پێش چاوی، تەلی بەزەیی لە دەروونداا لەرانەوە ویستی بۆ خوا، قسەیەکی خێر بکا!.. کەوتە هەڕەشە کردن لە منداڵەکان. بەڵام هەر زوو پەنجەی پەشیمانی گەست!.. منداڵە چەتوونەکان، ئەوەیان پێ کرد، با بە دەواری شڕی نەکردبێ!.

لەولاوە دایکی سمە، لە دەرگەی حەوشە سەری کێشایە دەرەوە و هاواری لێ کرد:

– سمەی سەگباب.. با باوکت بێتەوە بزانە بە چە لێدانێکت دەدەم.

سمە نە گوێی دایە هەڕەشەی کابرای رێبواری خێرخوا و نە ئەوەکەی دایکیشی!. بگرە وەك بەلێنی دابوو، بەبێ ترس سنگی نا بۆ پێشەوە و هەتا ئاستی دەرگەکە نەوەستا. بەلام لەوێدا کەمێك دوودڵیی نیشان دا. لەوە دەچوو جۆرە ترسێك زۆری بۆ هێنابێ!. کەمێك گیری خوارد، ئاورێکی بەلای هاوەڵەکانیدا دایەوە، کە لە دووری چەن هەنگاوێکەوە، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان دەکرد. ئەوسا تینی دایە بەر خۆی و ملە باریکەکەی درێژ کرد. ورده ورده سەری کێشایە ژوورەوە. میمکە هۆلێ لەناو پێخەفە شڕە چڵکنەکانیدا، لەسەر گازی پشت، بێ جووڵە و ورتە راکشابوو. سمە بەبێدەنگ، دەستی راوەشان بۆ هاوەڵەکانی کە بێنە پێشەوە هەموو وەك فەرمانی پێشەوایەك بەجێ بێنن، چوونە پێشەوە و لە بەردەرگەکەدا کۆمەڵیان بەست. هەمووش وەك ئەو، کەوتنە مل درێژکردن بۆ ژوورەوە. مقومقو لە ناویانا داکەوت:

– ئەوە بۆ هیچ قسە ناکات؟.

– بۆچی ناجووڵێتەوە؟.

– ئەها  چۆن چاوی زەق کردووەتەوە و دەمی داچەقاندووە؟.

– ئەوە دەیەوێ ئێمە بترسێنی.

– بەخوا من دەزانم خۆی لێ مات داوین.

لە ناکاو یەکێکیان، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– ئای لەوانە!.. بەخوا سا من دەزانم مردووە!.. پار کە نەنکم مرد، ئەویش ئاوەها چاوی زەق بووبووەوە و دەمی داچەقانبوو!.

هەر کە ناوی مردن هێنرا، هەموو رەنگ و روویان گۆڕا. یەکێکی تریان هاواری کرد:

– راست دەکا.. مردووە... دیارە مردووە...

بەدوایا زۆربەیان  دەیانوتەوە:

– ئەرێ بەخوا مردووە... میمکە هۆلێ مردووە..

ئیتر دوای ئەوە، هەندێکیان سامی هەواڵی مردن تۆقاندنی و بەرەو ماڵەوە هەڵاتن. بەڵام هەرە چەتوونەکان و بەر لە هەموویان (سمە)، بە ئەرکێکی سەر شانی خۆیانیان زانی، کە دەستوبرد هەواڵەکە بە ئەمپەڕ تا ئەوپەڕی گەڕەك راگەیەنن. لەبەرئەوە سمە، شێرانە هەڵمەتی بردە ژوورەوە و دەستی دایە گاڵۆکەکەی میمکە هۆلێ و پارچە سیپاڵێکیشی لە نوێنە شڕەکانی دەرکێشایە دەرەوە.. بەیداخێکی لێ دروست  کردن. ئەوسا کەوتە پێش منداڵەکانی تر و بە کۆمەڵ دایانە چوارناڵە. کۆڵان بە کۆڵانی گەڕەکیان تەی کرد. بە دەم راکردنەوە، هەموو بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد:

– مژدە بێ خەڵکی گەڕەك.. میمکە هولێ مرد.

جار جارێکیش هەر بەدەم هاوار و چەپڵەرێزانەوە، دێرێك یا دووانیان لە پارچە شیعرەکەی (مچەی مامە محە) دەوتەوە، کە بە سەر میمکە هۆلێدا هەڵی دابوو، وەکە گەورە و بچووکی گەڕەك لەبەریان کردبوو. دەیانوت:

میمکە هۆلێی کەڵبە لە  دەم

لاشەی مێردی تووڕ دایە چەم

بۆ دۆستی نمەك بە حەرام

تا هەردوو بگەن بە مەرام

***

هەروەکو کاربەدەستانی شارەوانیش، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ساتی مردنی میمکە هۆلیّ بووبن، زۆری پیّ نەچوو چوار کرێکاریان گەیانە زنجەکەی!. ئەوانیش بە پەلە، بەدەم جنێوادان و تف و لەعنەتکردنەوە، لاشەی میمکە هۆلێیان دەرکێشایە دەرەوە. لاشەکە گەلێك لەوە سووکتر بوو، کە پێویست بە چوار کرێکار بکا. تەنیا یەکێکیان، زۆر بە ئاسانی و وەك دەس بداتە کۆمەڵێك ئێسقان گرتی بەسەر دەستییەوە و رای فڕاند بۆ ناو ئەو ئۆتۆمۆبێلەی پێی هاتبوون.

منالّە چەتوونەکان، وەك موویان بۆ هەڵکڕووزێنرێت لەم ساتەدا بەخۆیان و بەیداخەکەیانەوە، پەیابوونەوە. لە بەردەمی ئۆتۆمۆبێلەکەدا کۆڕی ئاهەنگ و چەپڵەڕێزانیان هێجگار گەرم کرد. بۆ ماوەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبێلەکەیان گیردا. شوفێر و کرێکارەکان، لە قاقای پێکەنیندا بە گازی پشتا دەکەوتن. هەرچی مەردمێکی تریش لەو ناوچەیەدا بوون، بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیانڕوانییە ئەم دیمەنە!. تەنیا دووکاندارێکی پیری پەککەوتەی ریش سپی نەبیّ، کە بەشێوەیەکی سامناك چاوی بەسەر ئەم دیمەنەدا ئەبڵەق بووبوو.. قوڵپی گریانێکی بەجۆش لە قوڕگیان تاسابوو.. لێشاوی فرمێسك لە چاوەکانیا قەتیس مابوو. بەدەنگێکی هێجگار نزمیش پەیتا پەیتا لەبەر خۆیەوە، وەك وێرد بخوێنیّ، دەیوت:

– خوای گەورە هاوار!.. پێغەمبەر هاوار.. کاك ئەحمەدی شێخ هاوار!.. چی دەبینم؟ ئەو خەڵکە بۆ وا لەو فریشتەیە دەکەن؟ ئەو دێو و درنجانە.. ئەو دڕندانە، بۆ وا لەو پەرییە دەکەن؟.

ئۆتۆمۆبێل کەوتە ڕێ و لاشەی میمکە هۆلێی فریشتە و پەری بەرەو ژێر خاك برد. کابرای پیرەی دووکانداریش، جڵەوی شل کرد بۆ لێشاوی فرمێسکی قەتیسماوی. بەڵام فرمێسك، لە بێخی ریشە سپییەکەیدا ون دەبوو.

١٩٥٧

## مژدەی ئازادی

ئەمرۆش کە چاوی هەڵهێنا، هێشتا دیمەنە ترش و تاڵەکەی جاران وەك هەورێکی چڵکن بەرچاوی داگیر کردبوو. دەرگە ئاسنینە رەشتاڵەکە، دیوارە کۆنکریتە سەختەکان، بنمیچ و زەوی هەر کۆنکرێت تۆزە تیشکە کاڵەکەی رۆژیش، کە لە شەو و رۆژێکدا، تەنیا ئەم جارە و بۆ ماوەی جگەرەکێشانێك، لە پەنجەرە ئاسنینەکەوە خۆی دەکا بەژوورا ئەویش لە ئان و ساتیا بوو ژوورەکە جێ بێڵێ، هەروەکو بیەوێ ساتێ زووتر لە دەس ئەو زیندانە چارەگرانە رزگاری ببی.

بەبێزاریەکەوە راست بووەوە کەمێك چاوەکانی هەڵگلۆفت دەسێکی هێنا بەسەر و ملیا عارەقێکی لینجی نیشتبووە سەر. لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو شەوە دە سەعاتی تەخت نووستبوو کەچی وای هەست بەخۆی دەکرد کە لەشی داهیزراوە و هەر چەند ئەکا ناتوانێ هەڵسێتە سەرپێ، وەك یەکێك هێز و هەناوی لێ برابێ. ئەمەش وەنەبێ شتێکی سەیر بێ، کات ناوەڕاستی مانگی تەمووز و قرچەی گەرما بوو. مەردم لە دەرەوە لە سەربانانیش دەنووستن کەچی بەیانیان بەدەم لێشاوی تف و لەعنەتەوە راست دەبوونەوە لەتاو گەرما. چەجایە زیندانێکی لە ئاسن و کۆنکریت دروست کراویش دەگا.

زۆری پێ نەچوو هەستی بە ئازارێك کرد لە قولاپیا کە سەرنجی دایە لەشی بەلێدان راهاتووە و تا رۆژێ چەن چینێکی نەکوتن ناحەسێتەوە؟!. یادوور نییە یەکێك بێ لەو جۆرە هاورێیانەمان کە وەختێك ئازاری کوشندەی لێدانی دڕندەکان زۆری بۆ دێنێ، لەباتی ئەوەی کوڵ بدا و سەر شۆڕ کا، هەڵدەچێ وەك بورکانێك دەتەقێتەوە بە سەروچاویانا. بەڵێ دەبێ ئەمیش یەکێك بێ لەو....

– بژی جەمهوریەتی ئازادی عێراق.

ئەم جارە هەر لەسەرخۆ راست بووەوە و سەری نایە ناو کونە بچکۆلەکەی دەرگەکەوە. نەك بۆ ئەوەی بزانێ چییە؟ بگرە بۆ ئەوەی بزانێ کام هاورێیە؟ زرەی زنجیر لە راڕەوەکەدا. وەك ئاوازێکی سامناك دەنگی دەدایەوە. کونی هەر دەرگەیەك و هاورێیەك سەری تێدا چەسپ کردبوو. لە چاوەکانیانا یەك پرسیار خۆی نیشان دەدا... چییە و کێیە؟.

زۆر سەیرە... ئا ئەوە یەکێك نییە لەو وەردیانانەی خوێنی دەکردینە کاسە ئەگەر سەرکردەکەی پێی بوتایە سی شەقی تێ هەڵدە. ئەو سیانی تریشی تێ هەڵدەدا بەشەکەی خۆی!!. کەچی ئێستا لەوسەری ڕاڕەوەکە لەگەڵ هاوەڵەکەیا وەستاون. زەردەخەنە دەیانگرێ!. ئەی کوا خۆ درندەکان: نە دەنگیان هەیە نە سەنگ!. نە تەپەی کوتەکانیان و شەقەی زللە و مشتە کۆڵەیان، نە قیژە و نەڕەی جنێودان و فەزیعەتیان، نایەتە گوێم.

هاوڕێی پەڕی ئەوپەڕمان بوو هاواری کرد.. زۆر سەیرە.

– هاوڕێیان... مژدەبێ... هێزی گەل سەرکەوت. پاشا و پاشایەتی لەژێر پێی میللەتا بوون بە خۆڵ!. جەمهوریەت پێك هێنرا.

هێندەی تر سەرسام بوو. لەگەڵ هاوڕێی ژوورەکەی ئەوبەرا سەیرێکی یەکتریان کرد. بە چاو و دەم پرسیار!!... بەڵام وەرام لای هیچیان نییە.

چرپە و ورتە ورت لە هەموو زیندانەکانەوە بەرز بووەوە. ئەم لەگەڵ ئەوبەرا و ئەوبەر لەگەڵ تەنیشتیا.

– باس چییە؟ ئەو هاوڕێیەمان بۆ وا ئەکا؟!. بێدەنگی کەن. هێندەی نەماوە دەرچێ، با چەن ساڵێکی تریشی بۆ نەخەنە سەر.

– هاوڕێیان... ئەوەی پێتان دەگەیەنم لە شوێنێکی باوەڕ پێکراوەوە وەرم گرت. سوپای پاڵەوان هەڵساوە بە شۆڕش. پاشایەتی گۆڕ کرد. جەمهوریەتی دامەزران.. گەل سەرتاپا لەگەڵیەتی. خۆپێشاندانی لایەنگرتن بەردەوامە. گوێ بگرن من گوێم لە هاواری جەماهیرە لە شارکەی خۆشمان.

– هاوڕێیان ڕاست دەکا منیش لێرەوە باشم گوێ لێیە.

لەم کاتەدا یەکێك لە وەردیانەکان، لەوانەی ناسرابوون بە پیاوچاکی و دڵسۆزی بەرامبەر هاوڕێیان، خۆی کرد بە ژوورا و بەچرپە «هێشتا هەر بەچرپە» پیرۆزترین مژدەی ئەدا بەگوێی هاوڕێیانا.

ئیتر لە ناوجەرگەی زیندانەکانەوە، هاوار بە ژیانی گەل و سوپا و جەمهوریەت بەرز بووەوە و هۆڵەکەی دەلەرانەوە.

ئەمیش لەسەرخۆ ئاوڕێکی دایەوە. بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە، سەیرێکی بنمیچ و

دیواره کۆنکریته سه‌خته‌کانی کرد و له‌به‌ر خۆیه‌وه وتی:

– نه لێدان و ئازاردان، نه کوشتن و خنکاندن، نه برسی و ده‌ربه‌ده‌رکردن، نه دیواری کۆنکریت و ده‌رگه‌ی پۆلایین ڕێگه به‌کاروانی «ئازادی» ئازادی خوازان ناگرێ. زۆرداری هه‌ر که له‌دایك بوو، فه‌رمانی خنکاندنی خۆی له‌گه‌ڵ خۆیا ده‌هێنێ.

شوعه‌یبه «١٤»ی ته‌مووزی ١٩٥٨

# زۆری بەدەمەوە ماوە

چەن دیمەنێکی دڵگیر بوو، دیمەنی ئەو جەماهیرەی کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵ، هەر یەکە بە دروشم و هاوار و چەپڵەرێزانی خۆیەوە، بەسەر شەقامەکەدا بەرەوژوور دەبوونەوە. هەزاران مشت و بازووی ئامادەی هەڵمەت، بەرز دەبوونەوە و هەڕەشەیەکی هێجگار سامناکیان دەگەیاند بە دوژمن. هەزاران دەم بەیەك دەم هاواریان دەکرد بە ژیانی جمهوریەت و شۆڕش و بانگی مردنیان دەدا بە گوێی دوژمندا. جەماهیری ئەملا و ئەولای شەقامەکەش، لەوان بەجۆشتر بوون و شان بەشانی ئەوان هەستی خۆیانیان دەردەبڕی.

«کەی بەبیرا دەهات ئەمە ڕوویدا؟ کێ لەو باوەڕەدا بوو، شۆڕشێك وەك شۆڕشی «١٤»ی تەمووز بەرپا بکرێ و لە چەن سەعاتێکدا ئەو قەڵا سەختەی زۆرداران تەخت کرێ، جەمهوریەتێکی دیموکراتی ئازادی لە جێی داڕیژرێ؟. ئەمە هەرگیز بە بیری کەسا نەدەهات!».

ئەمە هەستی شاراوەی ئەو لاوە بوو کە لە پەری شەقامەکە، لە پشت هەموو مەردمەکەوە ڕاوەستابوو. ئەویش یەکێك بوو لە جەماهیری سەیرکەرانی ئەمپەڕ و ئەوپەڕی شەقامەکە. بەڕوویا وا دیار بوو کە لە گێژەلووکەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی قووڵا دەخولێتەوە. لێکدانەوەیەکی تێکەڵ بە یادگار. بیرکردنەوەیەکی پڕ قۆرت و گرێ وەدیار بوو کە زۆر هەستی تاڵ، یا ئاڵۆزاو پەستی کردووە. جەماهیرەکە هەموو کەوتبوونە جۆشوخرۆش، کەچی ئەم کشومات و بێدەنگ یان ئەوپەڕەکەی، هەندێ جار بەسستییەکەوە دەستەکانی دەدا بەیەکا بێ ئەوەی دەنگێکی لێوە بێ.

خۆنیشانەکە لەوانە نەبوو وا زوو کۆتایی بێ. بە هەموو ڕێکخراوە نیشتمانییەکان هەفتەیەکە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن و جەماهیری شارەکەی بۆ هان دەدەن. کوڕە لاوەکەش لەوە نەدەچوو، بەم زووانە ئاسوودەگی بزێتەوە ڕووی و ڕەنگەکەی جارانی بگرێتەوە.

باسەکەی بەهەر لایەکدا ورد دەکردەوە تەریقی دای دەگرت و هەستی بە ناڕەزاییەکی دڵپڕوێن دەکرد لەبارەی خۆی!. دەیویست بەهانەیەك بدۆزێتەوە و خۆی

پێ بخەڵەتێنێ، بەڵام نەء... لە کەمتەرخەمی بەولاوە هیچی تر نەبوو. بگرە با ڕاست پێی لێ بنێ و بڵێ: بەرچاو تاریکی و وەڕسبوون بڕستیان بڕیبوو ئەو بیرە ڕەشە تەزانبووی کە وای بردبووە مێشکییەوە کە هەردەم ئەو قەڵا سەختەی زۆرداران تۆزقاڵێ لێ کەل ناکرێ و لە شکستی نایەت.

ڕاستییەکەی ئەمەیە و کە تا بڵێی ڕاستییەکی تاڵ و تفتە. ئەی ئەگینا وەك ئەو هەمووو هاوەڵانەی بۆ نەدەچووە کۆڕی تێکۆشانەوە؟!. بۆ وەك ئەوان چاکی لێ نەدەکرد بەلادا و نەدەچووە بەرمەیدانی دوژمن، ئەوانەی لە ئەنجاما وەك پارچە سیپالێك بەسەر شەقامەکانا ڕاکێشران؟.

یادگار بردیەوە بۆ ڕۆژانی ڕەشی حوکمی دەستە چەتە حوکمڕانەکەی پێشوو:

«... ئەمڕۆ خۆ نیشاندانێك لەناو بازاڕەوە دەستی پێ کرد. ناو بازاڕ هەژا و بەیەکا هات. دووکان و کۆگاکان پێچرانەوە. ئاژاوە هەمووو شەقام و کۆڵان و قوژبنێکی شارەکەی گرتەوە. جەندرمە شەبقە ئاسنینەکان کەوتنە فڕکان فڕکان. ئەوەتا هەر لاوە و بەمشکی یا پشتێنەکەی قۆڵبەست کراوە و بەدەم لێدانێکی جانەوەرانەوە بەرەوژووری دەکەنەوە. زۆری پێ نەچوو هێمنی دەستی گرتەوە بەسەر شارا: ئەم خێزان شێوەن دەکەن و ئەو خێزان فرمێسکی گەرم دەڕێژن. بۆ سبەینێش هەندێ دووکان دەرگەکانی بەداخراوی دەمێنێتەوە. هەندێ کورسی ناو ژووری قوتابخانەکان بە چۆڵی ئەبینرێ. هەندێ کرێکار دیار نابن بێنە سەر ئیش. تومەس هەمووو ئاخنراونەتە ژوورە چارەگرانەکەوە».

«... ئەمڕۆش دووبارە هەرایە. لە گەڕەکەکەی خوارووی شار تەق و توق دەستی پێ کرد. زرم و هۆڕی گوللە هەستێکی سامناك دەدا بەدانیشتوانی شار. چارەکە سەعاتێکە لە هەمووو کولانەکانی ئەو گەڕەکەدا تەقە بەردەوامە. هەر وەك جاران تاریکی دەستی کێشایەوە بەسەر شارا. ئاژاوە کپ بوو. شیوەنی دوو خێزانی گەڕەکەکە کسپە هەڵدەسێنێ لە جەرگی ئادەمیزاد. هەر ئەو شەوەش دوو تیشکی ڕووناکی بە گۆڕستانی شارەکەوە دەبینران. دوو خێزان بوون، دوو شەهیدیان دەنایە ژێر گل». «... ئەمڕۆش... وە ئەمڕۆش ... وە ئەمڕۆش...». بەم جۆرە کارەساتی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دەهاتەوە پێش چاو. بەڵام کە بیری لە خۆی دەکردەوە کە چۆن لە گەرمەی ئەو کارەساتانەدا ئەم خۆی دەکوتایە کونی ژوورەوە و سەری بێ سوودی لەو هەرا و بەزمە بادەدا، ئەوسا

هەستێکی تاڵ دڵی هەڵ دەقرچان و تەریقی دای دەگرت.

سەرێکی بەرز کردەوە. جەماهیرەکە هێشتا هەر کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵ بەرەوژوور دەبوونەوە. «... نەقابەی بەرگ درووەکان..... نانەواکان... کرێکارانی بینا و خشت... هتد. ئەها ئەوە هاوەڵەکەیەتی و پێش کۆمەڵێك کەوتووە و لە جاران پڕتر و بە جۆشترە..». سەری داخستەوە. دووبارە یادگار:

«... لەگەڵ ئەوەشا کە لە بیروباوەڕا لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان، کەچی برادەرێتییان مووی بە بەینا نەدەچوو.

ئای... جارەها لەسەر سیاسەتیش دەکەوتنە دەمەتەقێ. ئەم هەموو وەرامێکی ئەوە بوو کە دەیوت: من لە هەموو قسەکانتا لەگەڵتام، بەڵام داخی گرانم دوای کلاوی بابردوو کەوتوون ئەو قەڵا سەختە بە بابڕووخێی ئێمە ناڕووخێ! لە کاتێکدا ئەو لە وەراما دەیوت: رۆژێك هەردێت بڕووخێ. رووخانێکی ئەوتۆش کە گەردی بە با بکرێ.

هاتەوە بیری کە چۆن جارەها، بەدەم لێدان و ئازاردانەوە بەرەو بەندیخانە ڕاپێچیان دەکرد، لە هەموو جارێکیشدا کە دەهاتەوە دەرەوە، توندتر و تیژتر: دەبوو لەسەر ئەو بیروباوەڕەی. «... کەوابوو ئەو باوەڕی بەم رۆژە هەبوو. و هەموو ئەوانەشی وەك ئەو، باوەڕیان بەم رۆژە هەبوو. بەڵام من و ئەوانەی وەکو من، وەڕسی و دەستەوستانی گێژی کردبووین! و وامان دەزانی کە ئەم رۆژە هەر نایەت». «... من بەهەڵە چووبووم. ئێمە بەهەڵە چووبووین. بەڵام دوای چی؟!. دەشێ ئاوات بۆ ئەو رۆژە رەشانە بخۆمەوە، تاکو هاوبەشی خۆم جێبەجێ بکەم لە تێکۆشانا؟ دەشێ چاوەڕوانیی ئەو رۆژانە بم بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی ئازایەتی خۆمی تێدا بنوێنم؟ بەڵام تازە بەسەرچوو!. تازە نە ئەو ئاواتەم دێتە دی و نە ئەو رۆژانەش دەگەڕێنەوە. لە کاروان دوا کەوتم و لە دەس چوو!!». بەم جۆرە دەروونی جۆشی سەندبوو. هەستی بەداخ و خەفەتێکی هێجگار تیژ دەکرد لە دڵ و دەروونیا. ژیانی لە بەرچاو تاریك بووبوو. هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە بووەتە سپڵی لا ورگ بەسەر ژیانەوە!. ماوەیەك بەو جۆرە بە حەپەساوی مایەوە. کەچی لە ناکاو، ئەو ڕووە گرژ و مۆنەی روون بووەوە. بڵیسەیەکی شادمانی زایە چاوەکانی. زەردەخەنەیەکی دڵنیایی کەوتە سەر لێوەکانی. دیاربوو دەروونی لە حەسانەوەدایە.

هۆی ئەم گۆڕینەی لە ناکاو، قسەکانی ئەم دواییەی هاوەڵەکەی بوو کە پێی وتبوو:

«... وا مەزانە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز بەرپا کرا و جەمهوریەت دامەزرا ئیتر هەموو شت دوایی هات. نەخێر برادەر... ئێمە هیشتا لە سەرەتای ڕێگەداین. هێشتا زۆری بەبەرەوە ماوە. تۆ تەنیا لە پلەی یەکەمی تێکۆشانماندا هاوبەش نەبووی. لە کاتێکا ماوەت هەیە لە چەندەها پلەی تری تێکۆشانمانا بەشدار بی. هیچ رامەوەستە و وەرە بەر مەیدان. ڕێگەمان دوور و درێژە و زۆری بەدەمەوە ماوە». ئەم قسانەی بیر کەوتەوە.

ئینجا سەری هەڵبڕی. دوا کۆمەڵی جەماهیرەکە خەریك بوو لێی دوور دەکەوتەوە. هەر بەدەم ئەو زەردەخەنەیەوە، هەنگاوی نا بەرەو ئەو دوا کۆمەڵە. زۆری پێ نەچوو گەیشتە ناویان و وەك ئەوان کەوتە هاوار و چەپڵەڕێزان. لە کاتێکا زوبانی حاڵیشی دەیوت:

«زوری بەدەمەوە ماوە».

## مامەی قوشمەی ئاژاوەچی

بەیانی ڕۆژی چواردەی گەلاوێژ، ڕۆژی شۆڕشە مەزنەکەی گەلی عێراق. لە کاتێکدا کە دانیشتوانی گەڕەك هەموو ورووژابوون و بێ سەروشوێن بەیەکا دەهاتن و هەریەکەشیان بەرپرست پرسیار و قسە و باسی بە دەوری خۆیا بڵاو دەکردەوە. یا سەری سەرسوڕمانیان لە یەکتر بادەدا و شانی نازانمیان بۆ یەکتر هەڵدەتەکان!. لە کاتێکا کە خەڵکی ئارامیان لەبەر بڕابوو، لە عەزرەتا تف لە دەمیانا وشك بووبوو، لە تاوا جێگەیان بەخۆیان نەدەگرت و کەوتبوونە هەلەکەسەما!. ئا لەم کاتەدا کابرایەکی گردەلەی ریش سپی، پیرێکی وریای زرتەل، توورەکەیەکی خامی پڕ لە هەموو جۆرە شیرینییەکی بەدەستەوە گرتبوو، لە چەقی ڕێگەی گەورەترین کۆڵانی گەڕەکەکەدا ڕاوەستابوو، بەدەم قاقای پێکەنین و قسەی خۆش و نەستەقەوە، بەم دەس و بەو دەس دەیبەشییەوە بەسەر ڕێبوارانا.

ڕێبوارەکانیش، بەشیکی زۆر زۆریان لە دانیشتوانی گەڕەکەکە بوون و کابرای پیرەیان باش دەناسی. هەر کە لە دوورەوە دەیاندی، هاواریان دەکرد:

– ئەوە مامەی قوشمەیە... ڕۆژ ڕۆژی ئەوە... نەمرد و ئاواتەکەی هاتە دی.

***

ئەو مامەی قوشمەیە، کابرایەکی قسەخۆشی دەروون بەجۆشی لێهاتوو بوو. تەمەنی گەیانبوو بە شەست ساڵ، کەچی لە قسەی نەستەق و بەزم و گاڵتەوگەپی خۆی نەکەوتبوو. هەموو کات دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو. قەت نەدەبینرا گرژی و مۆنییەك، یا پەستی و بێزارییەکی پێوە دەرکەوێ. قەتیش ڕووی نەدەدا ماوە بدا یەکێك لە خۆی زویر بکا، یا ئەو یەکێك زویر بکات. لەبەرئەوە نەدەزانرا سەری دڵسۆزی و ڕێز گرتن بۆ پیرییەکەی، یا بۆ قسە خۆشەکانی، یا بۆ گیان سووکی و خوێن گەرمییەکەی شۆڕ بکرێ. دانیشتوانی گەڕەك بە ورد و درشتەوە هێجگار هۆگری بووبوون و زۆریان خۆش ئەویست. ئەویش لەلای خویەوە ئەمە ڕەفتاری بوو، بگرە بەپەرۆشتریش لەوان. چونکە «وەکو هەموو جارێك خۆی دەیوت»: نە ماڵ نە حاڵ، کەچی گەڕەکێکیش ماڵ و حاڵیەتی.

ئیتر ئەوە باوکێکی دڵسۆزی ورد و درشتیان بوو. بەدەم ورد و درشتیانەوە هەڵ

دەسا و دادەنیشت.

لە کۆڵانەکانا لەگەڵ منداڵانا دەبینرا، دەستەیەکیانی لەخۆی کۆکردووەتەوە. ئەمیان لە قەلامدۆشکانیا و ئەویان لە باوەشیا و یەکێکی تریان بەبن دەسییەوە. گیرفانەکانیشی هەموو کات بەشی هەموویانی شیرینی هەر تێدا دەبوو.

وەیا لەگەڵ لاوانا دەبینرا، لە ناوەڕاستی هەموویانا، کۆڕی گاڵتەوگەپ و پێکەنین و دەمەتەقێی گەرم کردبوو. زۆریشیان بۆ دەهێنا، ناچار قسە بەناوبانگەکەی بەکار دەهێنایەوە:

– بڕۆن ئێوە هێشتا سەرتان لە هێلکە نەجووقاوە.

خۆ لەگەڵ هاوەڵە کۆنەکانی خۆشیا، «زەفتییەکانی عوسمانلی زەمان سی!!»، ئەوە ئیتر قسەکردنی پیێ ناوێ، هەر شۆڕە سوارە بێ هاوتاکەی جاران بوو. نورە گورز هەر هیی ئەم ئەبوو.

بەڵام وەرن بچرپێنم بە گوێتانا... باوەجوو نەء... ترسی ناوێ.. وەرن بەدەنگی بەرز بۆتانی باس بکەم!. ئا ئەو مامەی قوشمەیە، باوکێکی دڵسۆزی ( ئاژاوەچییەکانی!!) ناو گەڕەکەکەش بوو! کورە بگرە سەری لە «ئاژاوەچییەتیش!» دەخورا! ئەگەر لە سیخوڕە بوودەڵەکەی ناو گەڕەکەکەت بپرسیایە (وەکو مامەی قوشمە خۆی ناوی نابوو):

– ئەرێ بیروڕات چییە بەرامبەر مامەی قوشمە؟.

لە وەراما دەیوت:

– حەی... حەی... هەر باسی ناکرێ!.. ئاگری بن کایە. هەمووی لەژێر سەری ئەوایە!. سەرکردەیانە.

بەڵام خۆ کە ئەم قسانەش دەگەیشتەوە بە مامەی قوشمە، ئەویش دەیدایە قاقای پێکەنین و لە وەراما قسەیەکی نەستەقی دادەکوتا و دەیوت:

– مەسەلێکی کوردی لای خۆمان هەیە کە دەڵێ: «... سەلامەتی!»

بەڵام ئەو بوودەڵەیە بەمەشەوە نەوەستاوە، ئەولاتریش چووە، «... و سیخوڕی و سەلامەتی!!»، ها.. ها.. های. بەم پێیە لە چایخانەدا، لەسەر دووکان، لە مزگەوتا، لە هەر شوێنێك بۆی هەڵکەوتایە، بێ سڵکردنەوە لێشاوی قسەی خوی هەڵدەڕشت و چی لە دلا بووایە بەرامبەر زوڵم و زۆری «نووری پاشا!» و دەستە چەتەکەی، دەری دەبڕی.

بەڵام خۆ هەر کە تووشی سیخوڕە بوودەڵەکەی لەمەڕ گەڕەکی خۆیان دەبوو، ئیتر ئەوە کارێکی وەهای پێ دەکرد، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. تا ئارەقی شین و موری پێ دەر نەدایە بەرەڵای نەدەکرد. هەموو جارێکیش کە لە کۆڵی دەبووەوە، لەبیری نە دەچوو بەدەم قاقای پێکەنینەوە پێی بڵێ:

– لە بیرت نەچێ، باشم بۆ بهۆنیتەوە.

بەم جۆرە شتێکی سەیر نەبوو مامەی قوشمەش وەك هەر یەکێکی تر لە «ئاژاوەچییەکانی!» ناو شارەکە، بوویێتە خاوەنی «فایل»ی تایبەتی خۆی لە دۆلابەکانی ژوورە سامناکەکەی ئەوپەڕی حەوشەی پۆلیسخانەکەدا. کوڕە بگرە «فایل»ی خوا لێخۆشبووی مامەی قوشمە، تا دەهات دەئاوسا و قەڵەویش دەبوو. تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی تری بەدەمەوە بووایە، لەوانەبوو زاووزێش بکا.

مامەی قوشمە لە سەرەتاوە تەنیا بە «فایل» بەخزمەتی ژوورە سامناکەکە گەیشتبوو. بەڵام لە ئەنجاما خۆشی، بەگۆشت و خوێن و ئێسقانەوە بەخزمەت گەیشت.

گوێ بگرن با ئەمەشتان بۆ بگێڕمەوە:

«مامەی قوشمەمان لەناو «ئاژاوەچییەکانا» ناسرابوو بەوەی کە لەگەڵ دەسپێکردنی هەر خو نیشاندانێکا لە نزیکی گەڕەکەکەوە، ئەو دەرگەی خانووە بچکۆلەکەی خۆی خستووەتە سەرپشت و خۆشی لەبەریا هەڵتروشکاوە. ئیتر ئەوە هەر کە بڵاوەی پێ کرا، بەختەوەر ئەو کەسە بوو زوو خۆی بگەیەنایەتە ئەو کۆڵانە و لە چاوترووکانێکا دەیتوانی خۆی ون بکا، لە ژوورە قووڵەکەی مامەی قوشمەدا قوت ببووایەتەوە. جا نەك تەنیا لە گرتن رزگاری دەبوو، بگرە ئەگەر هەر هیچیش لە ئارادا نەبووایە، ژەمێکی باش میوەشی دەخوارد!، بەدەم وچانێك پێکەنین و گاڵتەوگەپەوە.

بەڵام ئەو سیخوڕە بوودەڵەیەی ئەم هەموو جارێك ئارەقی شین و مۆری پێ دەردەدا، ئاخری جارێکیان کاری خۆی کرد، پیاو هەقی خوا بڵێ: یەك و سەد تۆڵەی خۆی سەندەوە لە مامەی قوشمە و ئەویش لەلای خۆیەوە ئارەقی (سپی و سووری) بەم دەردا.

لەگەڵ چوار لاوی شۆخی «ساغ ئاژاوەچی» ترا، لە ژوورەکەدا لە گەرمەی قسەی خۆش و پێکەنینیانا بوون، کاتێ دایان بەسەریانا و کێشیان کردنە دەرەوە. جارێ تا بەردەمی پۆلیسخانە و لەوێشەوە تا بەردەمی ژوورە سامناکەکەوە، هەر بەدەم شەقی رەقی پۆستاڵ و مستەکوڵەی دەم سوێرکەر و زللەی گوێ کەرکەرەوە بردیان. خۆ کە

بردیانە ژوورە سامناکەکەوە، ئەوە هەر مەپرسن. سێ چوار ژەمی باش فەلاقە بە حەیزەران، دوو سێ ژەم هەڵواسین، یەك دوو ژەم مشتەکۆڵە و سیخورمەر زللە، هەروا کەمێکیش پشی پشی بۆ کردن و ئیتر هیچی تر!. ئینجا دوای ئەوە بە «مەزار» شاد بوو!. سێ مانگی تەختی تێدا کەوت. ئەوسا رۆژێکیان، کابرایەکی زلەی قەڵەو، وەك منداڵێکی ساوا گوێچکەیەکی گرت و فرێی دایە دەرەوە. پێشی وت:

– نەخەڵەتابی جارێکی تر (ئاژاوەچی) لای خۆت بشاریتەوە، بەڵام (وەکو خۆی لە دواییدا باسی کرد) ئەو هێشتا گوێچکەی بەرنەدابوو، ئەم لە دڵا وەرامی دابووەوە:

– کەی بێ منیش ئاوەها گوێچکەی تۆ بگرم و وەك منداڵێکی هار تەمێت بکەم و بڵێم: (نەخەڵەتابی جارێکی تر گوێچکەی «ئاژاوەچی» رابکێشی)

بەدوای ئەم کارەساتەدا، مانگ هات و مانگ تێپەڕی. بگرە دووساڵیش لەسەر یەك هاتن و تێپەڕین. مامەی قوشمە هەر لەسەر ئەو رەفتارەی بەردەوام بوو. یا بە زمانی (نووری پاشا) و هەتیوەکانی، لەسەر (ئاژاوەچییەتی) خۆی هەر بەردەوام بوو تا لە بەرەبەیانی چواردەی تەمووزی نەمرا، بەدەم هاتنەدی ئاواتەکەیەوە لە خەو هەڵسا. بەو جۆرەش هەستی شادمانی دەربڕی کە دیتان.

## لە کۆڕی خەباتا

جوولە و ورتە لەناو ماڵەکە بڕا. زرمەزلی و قاووقیژی منداڵەکانی ژوورەکەی سەرەوە کپ بوو. حیلکەی پێکەنین و دەنگەدەنگی ژن و مێردەکەی ناو ژوورەکەی تەنیشتیشیەوە لە بن هات. شەوگار کەوتە سەر هەوای هێمنی و بێدەنگییەکی قووڵ باڵی کێشا بەسەر هەموو شتێکا. ئەمیش لە ئیستاوە پێنج سەعاتی تری لەبەردەما بوو بەبێ نووستن بیانباتە سەر، لەپێناوی جێبەجێکردنی پێویستییەکی پیرۆزی سەرشانیا. پێویستی ژیانەوەی یادی ئەو سێ (٣) مرۆڤە سەربەرزەی کە گیانی خۆیانیان کردە مەشخەڵ بۆ رۆشنکردنەوەی رێگەی ژیانی ئەم و میلۆنەهای وەکو ئەم.

هەروا لەسەرخۆ، قەڵەم و دەفتەرەکەی بەردەستی پێچایەوە و خستنیە تاقەکەی ژوورسەریەوە. وەك یەکێك سڕ بووبێ، کەمێك پەل و باڵی راوەشان و خۆی وریا کردەوە. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. هێشتا سەعاتێکی مابوو بۆ نیوەشەو. سەرێکیشی بەرز کردەوە بۆ وێنەکەی بەرامبەری و سەرنجێکی دایە. سەرنجەکەی لەگەڵیا گیری خوارد لەم کاتەدا، لە ڕوویدا، هەستێکی دوولایی خۆی نیشان دەدا. هەستێکی تێکەڵ لە پەژارەواری و بەختیاری.

پەژارەواری... چونکە لەناوچوونی سێ (٣) پێشەوای قارەمان، کارەساتێکی دڵپڕوێنە. بەختیاری... چونکە ئەمشەو خۆی بە خاوەن بەش دەزانی لە یادکردنەوەی ئەو سێ (٣) پێشەوا قارەمانانەدا.

لەگەڵ ئەوەشا، وەك ئەمڕۆ هاوڕێ (میم) پێی وت: .... مەبەس ئەوە نییە یادیان بکەینەوە و خەفەتیان بۆ بخۆین. بگرە یادیان بکەینەوە و بڕوامان بەهێزترکەین لە تێکۆشانا بەو رێگەیەی ئەوانا».

لەبەرئەوە، تای تەرازووی بەختیاری لە ڕوویدا، بەسەر تای پەژارەواریدا زاڵ بوو.

هەر لەبەر ئەمەش بوو کە بەشادمانییەکەوە لە دڵی خۆیا دەیوت: «چاکتر کە لە قسەی هاوڕێ (میم) دەرچووم».

قسەکانی ئەمڕۆی هاوڕێ (میم)ی هاتەوە یاد، لەبارەی ئەم باسە. ئەوەی بۆ

گێڕایەوە کە چۆن هاوڕێیان لە دەمەی رابردووی گۆڕکراوا، تا لە ناخی زیندانەکانیشا، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و سزایەشی دەیانچێشت لە بیریان نە ئەچوو هەموو ساڵێك لە شەوی چواردەی شوباتا یادی سێ پێشەوا قارەمانەکە بکەنەوە. وە بۆی گێڕایەوە کە چۆن ئەو شەوە تا بەرەبەیان، رازی نە دەبوون ساتێك خەو بچێتە چاویان، کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و باسی مێژووی ژیان و تێکۆشانی پڕ کارەساتی ئەوانیان دەگێڕایەوە. لە بەرەبەیانا، هەر لەو ساتەدا کە ئەوان گیانی پاکیان تێدا بەخشیوە بە گەل و نیشتمان هەموو هەڵدەستانە سەرپێ و ماوەیەکی زۆر کشومات، سەری رێزیان بۆ گیانی پاکیان شۆڕ دەکرد. هەر یەکەشیان لەو ساتانەدا گڕی شۆڕش لە دەروونیا هێندەی تر کڵپەی دەسەند، توندتر لە جاران بەڵێنی تازە دەکردەوە بۆ تێکۆشان بە رێگەی ڕووناکی ئەوانا.

بەڵام کە لێی پرسی:

– ئەی ئاخۆ پێویستە منیش ئەمشەو بەو جۆرە یادیان بکەمەوە؟. لە وەراما بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– نەء.. نەء.. پێویست نییە.

ئەو راستی بێ ئەم وەرامەی نەچوو بەدڵا، بۆیە ناچار لە قسەی دەرچوو. سەرنجی لە وێنەکە بەرەڵا کرد و چاوێکی بەهەموو لایەکی ژوورەکەیا گێڕا. هەستیکی سەرسوڕمان، بەڵام تێکەڵ بەشانازی بە دەروونیا رابوورد. لە دڵی خۆیا دەیوت:

– ئای چەن گۆڕاوە!!. ئێستا لەگەڵ جارانا چەن جیاوازە.

ناهەقیشی نەبوو ئەم ژووره خنجیلەیەی کە ئێستا ئاوەدان و رازاوەیە و پەنجەی رێکوپێکی بە هەموو لایەکیا هاتووە، جاران نیمچە ئەشکەوتێك بوو، ئادەمیزادێك شەوا و شەو وەك پارچە سیپاڵێك خۆی تیا دەدا بەزەوییا.

یادگار تەنگی پێ هەڵچنی. پەردەیەکی تەنکی پەژارەواری کێشا بە ڕوویدا. چاوەکانی خستە بریسکە بریسك، نیشانەیەکی دووری فرمێسك تێ زانیان. هاویشتە باوەشی کشیوماتییەکی مەنگەوە. هەست و سۆزی خستە جۆش و دای بە دەمیەوە:

– ... تا بەناخی یادی رابردووی ژیانیا قووڵتر ببیتەوە، زیاتر ئەشکەنجە و دەرد و مەینەتی تیا بەدی دەکا. یا وەکی تر لێك بداتەوە ئەوەتەی هەست و هۆشی کراوەتەوە، خۆی لە ژیانێکی سەخت و نالەبارا دەبینی. ئەوەتەی ئاگای لە خۆیەتی، بە تاك و

تەنیا، لە ناو بازاڕ و مەیان و سەر شەقامەکان خۆی دەبینی. لەملا شاگردی و لەولا کۆڵهەڵگری و لەلایەکی تر وردەفرۆشی ناو کۆڵانان و هەروەها: تا چوار ساڵ لە مەویەریش، تا هێشتا ئەم ژوورەی دەسگیر نەبووبوو. شەوگاری لەسەر تەختی چاخانەکان و لە ژووری مزگەوتەکانا رۆژی دەکردەوە.

لەلایەکەوە کە بەهۆش ئەو چۆنیەتییەی رابردووی ژیانی دەهێنایەوە یاد، بە هەستیش ئەو سزا و ئازارەی دەژیانەوە کە لەو ساڵانەدا هەموو کات ناخی دەروونی داخ دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیوت:

(چ ژیانێکی سەخت و وشك و نالەبار بوو ئەوەی من تیا دەژیام؟. چە ئازارێکی کوشندە بوو ئەوەی من دەمچێشت؟). بەدرێژاییی ئەو ساڵانە، شان بەشانی ئەو دەرد و سزا و مەینەتییەی، ئازارێکی دەروونی لەبن نەهاتووش، هەردەم داخی دەکرد و دەیچەوساندەوە. هەستی بێ کەسی و تەنیایی وایان لێ کردبوو، هەروەکو لە بیابانێکی کاکیبەکاکییا گیری خواردبێ و چاوەڕوانی مردنێکی لەسەرخۆ بکا. لەبەرئەوە هەردەم بە ڕوویێکی گرژ و مۆن و ڕەنگوبۆیەکی ژاکاوەوە دەبینرا. بە دەگمەن هەڵدەکەوت پێکەنینێکی لە دەم بهاتایە دەرەوە، بگرە زەردەخەنەیەکیشی بەسەر لێوەوە ببینرایە، هەموو کات خەفەتباری. هەردەم کزولە و کەساس، هەموو کات بێزار و کەمدوو، هەموو کات دوورەپەرێز لە مەردم. بەم جۆرە لە ژیانێکی تەسکی تایبەتی خۆیا دەژیا. شەوەها هەر لەم ژوورەدا، بەدەم شەپۆلێکی ئازاری دەروونی تیژەوە دەتلایەوە. ژیانی هێجگار لا تەنگ و تاریك دەبوو. پەستی و بێزاری وەها بەگیریان دەهێنا، لە تاوا پەنجە و لێوی خۆی دەکرۆشت سەری خۆی دەدا بە دیوارەکانا. نینۆکی لە زەوییەکە گیر دەکرد. سەروگوێلاکی خۆی هەڵئەووشی و قژی خۆی دەڕنییەوە. تا لە ئەنجاما، یان ژوورەکەی جێ دەهێشت و رووی دەکردە دەشتودەری قەراخ شار. یا جڵەوی شل دەکرد بۆ فرمێسکی گەرموگوڕی لەگەڵ ئەو فرمێسکانەدا، ئەو شەپۆلی ئازارەی لە دەروونی فڕێ دەدایە دەرەوە. ئەوسا بەدەم ئاخ و ئۆف و هەنسکدانەوە، چاوی دەکردە خەو.

بەڵام...

لە دڵی خۆیا کە دەیوت «بەڵام» و گەشکەیەکی بەختیاری دەیگرت. بەڵام ئەوەتا ئێستا هەر ئەو ژوورە نەگریسەی جارانە و وەك گوڵێك رازانوویەتییەوە. هەر چەن تێی

ورد دەبێتەوە، هەستێکی ئاسوودەگی و کامەرانی ختووکەی دڵ و دەروونی دەدا.

بڕوانن....

دیوارە چڵکنەکانی جاران بە زۆر وێنەی ئەوتۆ داپۆشراوە کە هەر یەکەیان تەلی ئاوازێکی کاریگەریی ژیان دەجوولێنی. بنمیچە بوزەکەی جاران، تەنیا چوار پارچە «فایبەر»، چارەی گرانی شاردووەتەوە و دیمەنێکی جوانی داوەتێ. زەوی ژوورەکەش، دوو حەسیری خۆماڵی و دوو بەڕەی ڕەنگاوڕەنگ، پڕیان کرووەتەوە و لە هەر سووچێکەوە دانیشی، سەر زەوی رووت ناکەوێ.

ئەوەتا کەمێکیش ناوماڵ.... دەستێك نوێنی پاك و تەمیز، جانتایەکی تەنەکەی قرمزی، پرێمزێك و دەسگای چا لێنان، زۆر شتی تریشی لەم بابەتە کە لەوەپێش بە خەیاڵیش نەیدەدین لە ژوورەکەدا!. لە هەموو شتێ سەیرتر، کتێب و دەفتەرەکانی ناو تاقەکەی ژوورسەری. هاوڕێ (میم) چوار مانگ لەمەوبەر بوو کە پێی وت:

– ئێستا تایەکی دەرگەی بەختیاریت لێ خراوەتە سەرپشت. بەڵام تایەکەی تریت ئەو وەختە لێ دەخرێتە سەر پشت کە فێری خوێندەواری دەبی.

ئیتر لەو وەختەوە ئەم وتەیە لە دەروونیا، وەك ئاوازێکی کاریگەر دەنگ دەداتەوە و بە پەرۆشەوە هەوڵی بۆ دەدا. کات لە نیوەی شەو لای دا و زۆر لەسەرخۆ بەرەو بەیان سەربەرەوخوار دەبووەوە و ئەمیش وەنەوز و باویشکدان سەریان تێ کرد. پێڵووەکانی چاوی تا دەهات قورس دەبوون و بەرەو ئەوە دەچوون بە سەریەکا بلکێن. پەلوپۆی شل بوو بوون و بەلای خپ بوونا دایان دەتاشی. جارەها لەوەدا دەبوو خەو زەفەری پێ بەرێ. چاوەکانی دەنووسان. گوێچکەی کپ دەبوو. مێشکی دەکەوتە پشوودان. بەڵام هەست و هۆشی رازی نە ئەبوون و دڵڕەقانە رایان دەچڵەکان.

بەو نیازەی ئەم خەواڵویەتییەی برەوێنێیەوە، هەڵسایە سەرپێ و کەمێك پەل و پۆی راوەشان و دەسێکی بە سەروگوێلاکیا هێنا. دەرگەکەی کردەوە و سەرێکیشی کێشایە دەرەوە. کزەبایەکی سارد شاڵاوی بۆ هێنا. سەیرێکی ئاسمانی کرد، پەڵە پەڵەی هەورێکی خاو بەری گرتبوو. هێمنییەکی سامناکیش هەموو لایەکی گرتبووە باوەش.

کە گەڕایەوە ناو جێگەکەی، سەرنجێکی تری گیر کردەوە لە وێنەکەی بەرامبەری. بەشێوەیەکی ئەوتۆ تێیان ورد ئەبووەوە هەروەکو ئاواتی زیندووبوونەوەیان ئا لەم کاتەدا، ئاگا و هۆشی لەبەر بڕیبێ! بەڵێ... لە راستییا وەهاش بوو. ئەم ئاواتە ساکارە

گرتبووی. لەگەڵ ئەوەشا لە ناخی دەروونیا، بە داخ و خەفەتێکی تیژەوە، هەستی بەوە ئەکرد کە ئەم ئاواتەی هەرگیز نایەتە دی.

ئەوسا تەوژمێکی رق و کینە، بەرامبەر دوژمنانی ئەو سێ (٣) مرۆڤە قارەمانە و بیروباوەڕی ڕووناکیان، دڵ و دەروونی داگیر دەکرد. چاوەکانی بلێسەی تووڕەبوونێکی سەختیان لێ دەردەپەڕی، بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە دانەکانی لە یەکتر ئەسوو. ئەم جارەش سەرنجی لە وێنەکە بەرەڵا کردەوە. ئەو شەپۆلی رق و کینەیەی، لەگەڵیا دامردەوە و هاتەوە سەرخۆی. بە دەمیەوە بیری چووبوو ئەو ساتەی لە یەکەم جارا پێی تیا نایە ئەم ژیانە تازە فراوانەیەوە.

لە یەکەم جارا کە لەگەل هاوڕێ (میم)دا یەکتریان ناسی، لە چایخانەیەکی بچکۆلەی لاپالا بوو.

ئەم لەسەر پیشەی جارانی، بەتەنیا و خەفەتبار و کەساس لە سووچێکەوە دانیشتبوو. ئەویش وەك لەسەر پیشەی خۆی بڕوا، بەدەم زەردەخەنە و ڕوویەکی ڕوونەوە، بێ چەندوچون هاتە تەنیشتییەوە دانیشت. هەر زۆری پێ نەچوو پرسیاریکی دا بەتەنگەیا: ئەرێ برا لەوە دەچی خەڵکی ئەم شارە نەبی؟.

ئێستا کە بیر لەو ساتەی دەکاتەوە، پێکەنینی بە خۆی دێ. هەستێکی ناڕەزایی و بگرە نیمچە ڕقێکیش دایگرت بەرامبەر بەو پرسیارە و خاوەنەکەی. وای لێ کرد لە دڵی خۆیا بڵێ: «هەر ئەوەم ناتەواو بوو بە بێگانە دابنرێم و بکرێم بەودیو سنوورا» لەبەرئەوە ئەم نەیدەویست وەرامی بداتەوە، بەڵام ئەویش لەوە نەدەچوو بەبێ وەرگرتنی وەرام بکێشێتە دواوە. ناچار هەروا بە مۆنییەکەوە دەمی هەڵهێنایەوە و وتی:

– حەوت پشتیشم دانیشتووی ئەم شارە بوون.

ئەم وای دەرخست کە ئیتر نایەوێ بدوێ. کەچی ئەو هەر خێرا پرسیارێکی تری داکوتا: ئەی بۆ وا بە مەلوولی و پەژارەواری دەتبینم؟.

دوو هەستی لەیەك ئالاو بە گیریان هێنا. یەکەمیان ناڕەزایی لەبارەی ئەم پرسیارانەی ئەم کابرایە، کە هەر لە خۆیەوە خۆی هەڵدەقورتێنێ لە شت. دووەمیان کە ئەمە یەکەم جارە مرۆڤێك وا بەدڵسۆزییەوە، هۆی ئەم مەلوولی و خەفەتبارییەی دەپرسی. جڵەوی شل کردبوو ئەم دوو هەستەی بەیەکا بدەن. بەڵام وەکی تر، ئارەزوویەکی شاراوە پالی پێوەنا لە وەراما بڵێ: سەختیی ژیان !!...

ئیتر بەدوایا، پرسیار لەو و وەرام لەم، هەرچی بەدرێژاییی ئەو ساڵانە لە دەروونیا پەنگی خواردبووەوە هەڵی ڕشت، بەدەم هەستێکی حەسانەوەی خۆشەوە کە ساڵەها بوو لە دڵا بە ئاواتییەوە بوو.

تا ئێستاش بێ کەم و زیاد، قسەکانی هاوڕێ «میم»ی لە یادە کە هەر دوای ئەو دانیشتنەیان پێی وت:

«... ئەو هەستی تەنیاییەت بمرێنە. چونکە ملیۆنەها ئادەمیزادی ئەم سەر زەمینە کەسی تۆن و تۆش کەسیانی. ئەو پەردەی پەژارەوارییەی سەر ڕووت دادڕەو هەموو کات پێ بکەنە، چونکە لەم ژیانە تازەیەتا، تا لە ناخۆشترین کاتیشتا، هەردەم دوا ڕۆژێکی رووناکت لە بەرچاو ئەبێ. ئەو رابردووە پڕسزایەی ژیانیشت بکەرە دەرسێك باوەڕتی پێ بەهێز کە، ژیانی داهاتووتی پێ رووناك بکەرەوە.

لە دڵی خۆیا یەك یەك ئەم قسانەی ئەوتەوە، لەگەڵیشیا دەیچرپان بە گوێی خۆیا.

«بێگومان ئەوەتا ئەو هەستەم مراندووە. ئەو پەردەیەم شیتاڵ شیتاڵ کردووە. ئەو رابردووەشم کردووەتە دەرسێك کە هەرگیزا و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە» تەنیا تا ئێرە ئاگای لای خۆی بوو. ئیتر گوێچکەی کپ بوو. چاوەکانی نووقان مێشکی کەوتە پشوودان.

پەل و باڵی شل بوو. هەر لەسەر ئەو بارە، خزایە باوەشی نەرمونۆڵی خەوێکی شیرینەوە. کاتیش هێشتا تازە خۆی دەدا لە دووی شەو، بەڵام لە بەرەبەیانا، وەك دەرزییەك بچەقێننە بنی نینۆکی ئاوەها ڕاچەنی لەگەڵیا هەر یەکسەر پەلاماری دەرگەکەی دا و سەرێکی کێشایە دەرەوە.

بەڵام کە دی هێشتا تاریك و لێڵە و کە سەیرێکی سەعاتەکەی دەستیشی کرد، کەمێك هێمن بووەوە و لەسەرخۆ کشایەوە دواوە.

لەگەڵ ئەوەشا هەستێکی پەستی تیژ دای گرت. لە دڵا ناڕەزاییيەکی سەختی دەربڕی بەرامبەر خۆی. هێجگار بەتوندی لەگەڵ خۆیا دەدوا:

«چۆن هێشتی خەوی لێ بکەوێ!.. هێجگار بە توندی لەگەڵ خۆیا دەدوا:

«چۆن هێشتی خەوی لێ بکەوێ!.. ئەگەر شەوێك نەتوانی شەونخوونی بچێژی، ئەی چۆن لە دەسی دێ لەپێناوی ئەو بیروباوەڕەیا گیان بەخت بکا؟»

بەڵێ گیان بەخت بکا... دڵی پێی دەوت گیان بەخت بکا وەك ئەو سێ قارەمانە.

سەرنجێکی تێکەڵ بە پەشیمانی دایەوە وێنەکە، هەروەکو بیەوێ بڵێ: «لیم ببوورن!»، لەگەڵیا زوبانی حاڵیشی دەیوت: «زۆری ترم لە بەردەمەوەیە. لە هەر تاقیکردنەوەیەك دەرسێك».

ئیتر ئەم جارە کە سەیری سەعاتەکەی کرد، لە چواری تەواوا بوو ئەو ساتەی دە ساڵ لەوەبەر ملی ئەو سێ پێشەوا قارەمانەی تیا کرا بە پەتا.

هەستایە سەرپێ. بەرامبەر وێنەکە بێ و ورتە و جووڵە راوەستا.

لە کانگای دڵییەوە، وە بەدڵسۆزییەکی بێ گەردەوە، سەری رێزگرتن و خەفەتبارییەکی قووڵی بۆ دانەواندن. لەو ساتانەدا، لەلایەکەوە خەفەتبارییەکی دڵپڕوێن، لەلایەکی ترەوە رق و کینەیەکی توندوتیژ، لەلایەکی تریشەوە تازەکردنەوەی بەڵێنی تێکۆشان لە دڵ و دەروونیا گێژیان دەخوارد و هێنابوویانە جۆشوخرۆش؟

## مردن بۆ دوژمنی هەردوو لا

کوردستان دەکەینە گۆڕستان

بۆ پیلان گێڕان

– بەرەی نیشتمانی –

ئەمە دروشمی هەرە پێشەوەی خۆپێشاندانەکە بوو کە بە دوایا دەیانی تریش هەر بەم مانایە ریزیان بەستبوو، وەبەسەر گەورەترین شەقامی شارەکەدا بەرەوژوور روویان دەنا.

وا مەزانن باسی چونیەتیی خۆنیشاندانەکە و هاوار و چەپڵە ڕێزانی جەماهیرەکە، یا شتێکی تری لەم بابەتەتان بۆ دەکەم. نەء... نەخێر... بگرە ئەمەوێ هەروا سووکە باسێکی ترتان بۆ بگێڕمەوە.

جارێ پێشەکی وەرن لەگەڵما بابزانین ئەو دروشمەی هەرە پێشەوەی خۆ نیشاندانەکە کێ هەڵی گرتووە؟ وەك دەبینین، دوو لاوی تێکسمڕاوی چوارشانەن. لە زەردەخەنەیەکی شانازی بەولاوە، هیچ شتێکی تر لە ڕوویاندا نابینی. خۆ ئەگەر توانات ببێ و سەرێکیش بکێشیتە ناو دڵ و دەروونیانەوە بێگومان ئا لەم ساتەدا، من دڵنیام کە لەیەك هەستی چون یەك زیاتریان تێدا بەدی ناکەی.. هەستی (کردنی کوردستان بە گۆڕستان بۆ پیلانگێڕان)ی دژی جەمهوریەتە ساواکەی کورد و عەرەب. جگە لەمانەش، ئەگەر باش لێیان نزیك ببیتەوە یەك جۆر نووسراویش بەسەر سنگی هەر یەکەیانەوە دەبینی. لەسەر پارچە بلوورییەك. بەخەتێکی سوور:

(بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو)

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشا، جارجارێك گوێمان لێ دەبێ یەکێکیان هاوار لەوی تریان دەکا:

– تەواوی کەین؟.

ئەویش بەدەم قاقایەکی نەرمەوە لە وەراما دەڵێ:

– شەواف بۆی تەواو کردین!

یا زۆری پێ ناچێ ئەو هاوار لەم دەکا:

– تەواوی کەین؟.

ئەم لە وەراما دەڵێ:

– با جارێ بۆ شەوافی تەواو کەین!

جا ئاخۆ ئێوە چی لەم قسانە تێ دەگەن؟.

لام وایە یا هەر هیچ!.. یا ئەوپەڕەکەی هەست بەوە دەکەن کە باسێکی کۆنیان لە نێوانایە. بەڵام چییە و چۆنە؟ بێگومان نایزانن! لە کاتێکا من ئاگام لە باسەکەیان هەیە و تەنانەت ئەو سووکە باسەشی کە وتم بۆتانی باس دەکەم ئا لێرەدایە. دەسا گوێ بگرن پێتانی بڵێم:

کات دەمەدەمی عەسر بوو. وچانی حەسانەوەی نێوەڕوانی خەڵکی شارەکە لە کۆتایی هاتنا بوو، جموجووڵ، خەریك بوو سەرلەنوێ دەکەوتەوە سەر شەقام و ناو بازاڕ و مەیانەکان و خەڵکەکە دەکەوتنەوە هات و گەڕ. لە ڕووی هەر کامێکیان ورد ببوویتایەوە، شتێکی ئەوتۆت پێوە نەدەدین کە لە زانراو بەدەر بێ. ڕۆژانی پێشوو چۆنت دەدین، ئەمڕۆش هەروەها.

کەچی هێندەی پێ نەچوو، هەر ئەو ڕووانە وایان لێ هات کە هەرچی تۆ چاوەڕوانی نەبی و بەخەیاڵتا نەیەت، پێیانەوە دەرکەوت! پرسیاری ساکار و ئاڵوزاو، سەرسوڕمانی کوتوپڕ و لە ناکاو! رق و کینە و پەلەی هەڵمەتبردن، ترس و سام و ئارەزووی خۆشاردنەوە و راکردن! حەپەساندن و تێکچوون  و ساردبوونەوە، وریایی و چاپوکی و پەلاماردان!. زۆر نیشانەی تری ئا لەم بابەتە ئەمە بۆچی؟ ئەمە لە پای چی؟ چی رووی داوە؟.

بۆ وەرام، رەوانەی لای ئێستگەی (جەمهوریەتەکەی مووسڵ!!) دەکرای ئێستگەی ناو بەکولەکەی ئاشا چووش، سووك و ئاسان هەواڵە بۆ گەنەکەی پێ رادەگەیانی. ئەوسا هەموو شتێکت لێ ئاشکرا دەبوو.

دووبارەی دەکەمەوە کە مەبەستم ئەوە نییە باسی ئەمانە هیچیانت بۆ  بکەم. بگرە دەتگەڕێنمەوە سەر دوو لاوەکەی لەمەڕ خۆمان،  هەڵگرانی دروشمەکەی بەرەی نیشتمانی.

ئا لەم کاتە سەختەدا، ئەوان کە هێشتا هەواڵە بۆگەنەکە چزەی لێ هەڵناسانبوون، دووبەدوو کۆڕی دەمەتەقێیەکی هێجگار توندوتیژیان گەرم کردبوو. کە دەڵێم هێجگار توندوتیژ، بە شتێکی سەیری مەزانن. چونکە جووتیك بوون لە لاوە سەرگەرمە مێشك ئاگرینە دەروون پڕانەی کە ئەم جۆرە توندوتیژییە تێکەڵی خوێن و گۆشت و ئێسقانیانە.

بەڵێ ئەم کۆڕەیان لێ گەرم کردبوو. وەك دوو شۆڕەسواری چاپوك و چالاك، رمبازێنیان تێدا دەکرد و یەکتریان دەهێنا و دەبرد. کە گوێت لێ دەگرتن، گومانت لەوەدا نەدەما کە هەر یەکەیان لە بیروباوەڕی خۆیا دەسەڵاتدارە و هەریەکەشیان لە هەموو شتێکا ئاوێنەیەکی بێ گەردی بیروباوەڕەکەی خۆیەتی. کە سەرنجت دەدانێ، بەئاشکرا بۆت دەردەکەوت تا چ رادەیەك دڵسۆزن بۆ بیروباوەڕەکەی خۆیان و چوون پایەی بەرز دەکەنەوە. ئەتبینین وەك کڵپەی ئاگر، وەك شەپۆلی ئاو، وەك گەردەلوولی لە ناکاو هەڵدەچوون و ئەتەقینەوە و داشەمردنەوە.

وەختێك من چووم بەسەریانا و گوێم لێ گرتن یەکێکیان لە جۆشی هەڵچوونیا بوو و. ڕووی.. من هەردەم دەمدی مەیلەو زەرد و ژاکاو بوو کەچی لەو کاتەدا لە تووڕەییا هێندە ئاڵ بووبوو دەتوت تایەکی هێجگار قورس دای گرتووە. چاوەکانی بڵێسەی ئارەزووی پەلاماردان و هەڵمەت بردنیان لێ دەردەپەڕی. خۆ بە لەشیش ئارامی لەبەر بڕابوو. هێندە دەجووڵاو پەلوپۆی هەڵدەسووڕان، جێگەی بەخۆی نەدەگرت. لە قسەکردنیشا گەیاندبوویە رادەی هاوارکردن.

لە کاتێکا ئەوی تریان پەیتا پەیتا بەدەم قاقایەکی نەرمەوە پێی دەوت:

– ئەمن و ئاسایش. ئەمن و ئاسایش؟

کەچی برادەری یەکەم هەر کە ئەم بانگەی بیست ئیتر ساردوسڕبووەوە و لە جێی خۆی کپ بوو. تەنیا ئەوە نەبێ بەدەنگێکی نزم دەیوت:

– ببوورە. راست دەکەی!

ئەوی راستی بێ من لەلای خۆمەوە سەرسوڕمانێك گرتمی و لە برادەری دووەمم پرسی:

– مەبەست چی بوو لەو ئەمن و ئاسایشە؟.

بەدەم پێکەنینێکەوە لە وەراما وتی:

– ئەمن و ئاسایشی دەمەتەقێکەمان.

ئیتر منیش لەگەڵیا دامە قاقای پێکەنین.

بەو نەختە قسەکردنەیانا کە گوێم لێ بوو، وام بۆ دەرکەوت کە لە دەمێکەوە، لەسەر ئەم دەمەتەقێیە بەردەوامن و بەرەو کۆتایی دەچن. لەگەڵ ئەوەشا لێم پرسین:

– دەمێکە دانیشتوون.

برادەری دووەم وەرامی دامەوە:

– سەعات و نیوێك دەبێ.

ئەم جارە وتم:

– وا دیارە ماندوو بوون.. بیخەنە وەختێکی تر.

کەچی برادەری یەکەم لێم راپەڕی:

– من ڕازی نیم.. ئەگەر تا سبەینێ ئەم وەختەش دانیشتووین، هەر دەبێ بگەینە ئەنجامێك

ویستم بەئاشکرا وەرامی ئەم قسەیەی بدەمەوە بەڵام پەشیمان بوومەوە و تەنیا لە دڵی خۆما وتم:

– تەنیا مێژوو دەتانگەیەنێتە ئەنجام برادەر.

ئیتر دوای ئەمە، هەردووکیان تاسێکی پشوودان بردنیەوە. سەروو جگەرەیان داگیرسان و کەوتنە مژ لێدانی. سەرنجت بدایە ڕووی هەرکامێکیان بە ئاشکرا بۆت دەردەکەوت کە هەریەکەیان خۆی تیژ دەکاتەوە بۆ گێمی داهاتووی دەمەتەقێکەیان. برادەری دووەم، بەپرسیارێکی زۆر ساکار قسەکردنی دەس پێ کردەوە وتی:

– برادەر. تۆ گیانی نەتەوایەتی بەچی تێ دەگەی؟

ئەویش بێ ئەوەی هەر هیچ لەسەری بوەستێ، لە وەراما وتی:

– مەشخەڵێکە و هۆش و بیری ئادەمیزاد رۆشن دەکاتەوە.

بەڵام برادەری دووەم بەدەم زەردەخەیەکەوە وتی:

– نەخێر. من دەڵێم عاتیفەیەکە و ختووکەی دڵ و دەروونی ئادەمیزاد دەدا بەدوایا، کە ڕەنگە ئەمە جاری جارەها بێ چوونەوە سەر درێژەی باسەکە. درێژەی باسەکەش

جۆشی پێ دان و ئەم جارە هەردووکیان گریان گرت، هەردووکیان ئاڵ و شین و مۆر بوونەوە. هەردووکیان ئارامیان لەبەر برا و کەوتنە پەل و باڵ و مشت ڕاوەشاندن. هەردووکیان هاواریان بەرز بووەوە و هێمنییەکەی جارانیان فووی لێ کرا. چار نەمابوو. دەمەتەقێکە لەوە زیاتر قسەی نەدەخوارد! باسەکەش لەوە زیاتر نەیدەکێشا و هیچ کەل و قوژبنێکی نەمابوو سەری پیا نەکەن. دەسا جامێك کە زۆر پڕ بوو لێی ئەڕژێ. دەمەتەقێیەکیش کە زۆر درا بەدەمیەوە، لە رادەی خۆی بەولاوە، گڕ دەگرێ.

لە راستییا من لەلای خۆمەوە ترسی ئەوەم لێ نیشت کە (خوانەخواستە) دەس بدەنە یەخەی یەکتر. بۆیە هانام بردە بەر بانگە ئەفساناوییەکە و کەوتمە هاوار لێکردنیان:

– ئەمن و ئاسایش. ئەمن و ئاسایش.

بەڵام دەزانن لێرەدا چی رووی دا؟ ئەوە بوو ئیتر پێویستی نەکرد من هاواری ئەمن و ئاسایشەکەیان لێ دووبارە بکەمەوە، چونکە ئا لەم کاتەدا کە ئەوان لە لووتکەی هەڵچوون و تەقینەوەیانا بوون و لە یەکتری هەڵسابوونە سەرپێ و گرمە و هاواریان بەرووی یەکتریا ژوورەکەی دەلەرانەوە. لە کاتێکا کە منیش لەلای خۆمەوە هەستابوومە سەرپێ و خۆم ئامادەی ساتی پێویستی کردبوو، ئا لەم کاتەدا هەواڵە بۆگەنەکە وەك دەرزییەك چزا بە گوێمانا و وەك سەتڵێك بەفراویش رژایە دەروونی دوو برادەری ناوبراوەوە وە ساردوسڕی کردنەوە و ئەو هەڵچوون و گرمە و هەرایەی کپ کردن.

هەرسێکمان لە جێی خۆمان حەپەساین. هەر بەبێدەنگ و ورتە، یەك سەرنجمان دەدایە یەکتر. سەرنجێکی تێکەڵ لە زۆر مانا. تا وردە وردە جوولەمان هاتەوە بەبەرا و زەردەخەنەیەك ئەو پەردەی حەپەساندنەی سەر ڕوومانی دامالی. برادەری یەکەم هەنگاوی هەڵهێنایەوە بەبێ قسە و ورتە تێ تەقێنێ، بێگومان بەلای ئیشیەوە! بەڵام نەمهێشت ئەو یەکەم هەنگاوەی تەواو کا و گرتم:

– بیستنی هەواڵێك لەم بابەتە مانای ئەوە نییە هەموو شتێکت لە بیر بەرێتەوە.

هەر زوو لە مەبەسەکەم تێ گەیشت. بەدەم زەردەخەنەیەکی رەزامەندییەوە، وەرگەرایەوە و دەستی درێژ کرد بۆ برادەری دووەم. لەگەڵ دەس گووشینێکی گەرما پێی وت:

– با دوژمنی هەردوو لامان شەق بەرێ.

ئەویش هەر بەو جۆرە لە وەراما وتی:

– مردن بۆ دوژمنی هەردوو لامان.

منیش هەستێکی بەختیاری گرتمی و لە دڵی خۆما دەموت:

– هەش بەسەری دوژمنی هەردوو لا. کلیلی سەرکەوتن وا لە قولەمشتی گەلا.

ئیتر بڵاوەمان لێ کرد بەفڕکان. هەریەکەمان بەلای ئیشی خۆیەوە.

ئەمە  بوو ئەو سووکە باسەی ویستم بۆتانی بگێڕمەوە. خۆ (خوانە خواستە) سەرم نەیاشانون!. باشە.. سوپاس.

## تەقەی سام ڕەوێن

شەو هەراسانیان کردبووین. هەر هێندەت دەزانی، ڕەشاش و تفەنگیان لێ دەخستە کار و تاقوتۆقیان بەردەدایە ناو شار . شەو نەبوو سێ جار و چوار جار، لە شیرین خەوا رامان نەچڵەکێنن. ئێمە لە هەموو جارێکدا، ترس و سام ئارامی لەبەر دەبڕین. کەچی یەکێك لە خۆیان بۆی باس کردم، وتی:

– وای تێ مەگەن.. تەقەی سام ڕەوێنە.. بۆ نموونە، با باسێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە.

کەوتە گێڕانەوەی باسەکەی خۆی. وتی:

– تاریکە شەو بوو. خۆم لە سەنگەرەکەمدا مەڵاس دابوو. هێندە لەسەر ئەو بارە دانیشتبووم، لەشم سڕ بوو. هێندە چاوم بە پێش دەمی خۆما داچەقاندبوو، چاوم دەچـووزایـەوە. دەست و پـەنجەم بـەسەر ئـاسنـی ڕەشاشەکـەمـا وشك هــەڵاتـبـوون. شەماڵێکی سارد لە چەمەوە دەهات و لەشمی دەهێنایە مووچڕکە و دانەچووقە. لە شنەی لق و پۆپی دار و درەخت و گژوگیا و قیرەی ناسازی بۆقەکانی ناو چەم بەولاوە هیچ ورتە و جووڵەیەکی ترم نە دەهاتە بەر گوێ. سامناك بوو.. وەك هەموو شەوانی ترمان سامناك بوو.

من خۆم بە ترسنۆك نازانم. بە درێژاییی تەمەنم، تا لە منداڵیشما قەت سڵم لە تاریکی و خامۆشی نەکردووەتەوە. کوڕە جووتیارم.

شەوەهام بە تەنیا، بە دەشت و دەرەوە ڕۆژ کردووتەوە. بەڵام شەوانی ئێرەم بابەتێکی ترن.. ڕۆژکردنەوەی ئێرەم بە جۆرێکی ترە.

نەك بەتەنیا من، بگرە کامەمان کە گەلێك بەجەرگ و نەترسە، تا ڕۆژ هەڵدێ و تاریکی شەوی لێ دەرەوێتەوە، دڵی لە مشتیایەتی. لەو ساتانەدا، هەستێکی ڕەش، ڕەشتر لە تاریکی شەو دامان دەگرێت. وەها دەزێتە مێشکمان کە ها ئێستا ها ساتێکی تـر، لــە بــەردەممانــەوە. لــەم تــەنـیشتــەوە. لــەو تــەنـیشتــەوە. بـگـرە لــە ژێر زەوی سەنگەرەکانیشمانەوە، پێشمەرگەکان لێمان رادەپەڕن و پاکۆمان دەدەن.

من باسی ئەو شەوەی خۆمت بۆ دەکەم. سەنگەرەکەمان بە قەدپاڵی گردێکەوە بوو. دەیڕوانی بەسەر چەمدا. بارەگامان، بە سەر لووتکەی گردەکەوە بوو. برێتی بوو لە دوو

چادر. ئەوانەی نۆرەی ئیشکگرتنیان نەبووایە، لەناو چادرەکانا دەنووستن.

ئەو شەوە نۆرەی ئێشکگرتنی من، لە دوای نیوە شەوەوە بەرەبەیان بوو، کە ئەم ماوەیە ناخۆشترین ماوەی ئێشکگرتنە، چونکە ترس و سامی جەرگبڕ کە هەبێ، ئا لەو ساتانەدایە.. ئەوانەی ناو چادرەکان دەچنە شیرین خەوەوە و ئەوانەی ناو سەنگەرەکانیش بۆ ساتێك خەو هەراسان دەبن. لەشیان سست دەبێ و دەکەونە ملەلارە. بەڵام ناچار دەبن بەرگە بگرن و ئەو خەوە شیرینە لە چاوی خۆیاندا بشکێننەوە. لەولای تریشەوە، تاریکی و خامۆشی، لووتکەی سام دەدەن. ورتە و جووڵە لە گشت لایەك دەبڕێ و بێدەنگییەکی قورسی ترسناك، باڵ دادەکێشێت. ئێمە هەستی تەنیایی، لێمان دێتە ژەنگ و ژار. خۆ ترسی شەبەیخوونی پێشمەرگەکان، سەربازی هەموویەتی.

وتم سڕ بووبووم. چاوم بەپێش دەمی خۆما داچەقاندبوو. دەمڕوانییە ناوجەرگەی تاریکی. بە جەستە وەها بووم. بەڵام بە بیر و هۆش، بە ئاسمانی قووڵ و بەرینی بیرەوەریمدا هەڵدەفڕیم. زۆر کارەساتم هێنایەوە یادی خۆم. لە خۆش و ناخۆش. لە ترش و شیرین.

«دایکە پیرەکەم چۆنی پەروەردە کردم. بە چ دەردیسەرییەك هێنامییە بەرهەم. چ ساتێکی دڵپڕوێنیش بوو کە پێم وت:

دەمنێرن بۆ شەڕ!.

ژنەکەم، چ ئافرەتێکی کارامە و دڵسۆز بوو، ژیانی هاتە پاڵ ژیانم. ساڵی جارێك کە بۆ ماوەی مانگێك یا دووان لێی دوور دەکەوتمەوە، بە گریان و فرمێسك ڕشتن بەڕێی دەکردم.

هەوڵم دەدا تێی بگەیەنم کە تەنیا بۆ مەشقکردن دەچین، کە شەڕێکی درۆیە و کوشتن و خوێنڕشتنی تێدا نییە، بەڵام نەدەچوو بە مێشکیا.

زۆری لێ دەکردم. واز لە سەربازی بێنم و ڕێگەیەکی تر بدۆزمەوە بۆ نان پەیداکردن، با کوڵهەڵگری، یا کرێکاریش بێ. من خۆشم حەزم دەکرد وەها بکەم. بەڵام دووازدە ساڵی ڕەبەقم تێدا بەسەر بردبوو واز لێ هێنانی، کارێکی ئاسان نەبوو. کە دەچووم بۆ مەشقکردنی ساڵانە، ئەمەی دەکرد. جا وەرە ئەوەی ئەم جارە بۆی هاتووم، شەڕێکی ڕاستەقینەش بێ و کوشتنی تێدابێ. دایکم بە دایکێتیی خۆیەوە ئەوی ژێر دەکردەوە و دڵخۆشیی دەدایەوە!. قەت نەگریاوم. کەچی لە ئاستی شین و شەپۆڕی ئەو ساتەیدا کە

جێم هێشت. خۆم پێ ڕانەگیرا!. فرمێسك بە چاوما، چۆڕاوگەی بەستە خوارەوە.

ئەی منداڵەکانم؟. سێ کۆرپەکەم؟. گریان. هێشتا زرت و زیت بووم بە بەرچاویانەوە، باوکەڕۆیان بۆ دەکردم. دەیانزانی ئەم ڕۆیشتنەم، وەك ئەوەکانی پێشوو نییە. ئەم جارەیان بۆ شەڕی ڕاستەقینەیە و گوللەی ڕاستەقینەی تێدا دەتەقێنرێت. یەکە یەکە دەستم کردە ملیان و ماچم کردن. دایکم. ژنەکەم. منداڵەکانم. زۆر سەیر بوو. وەهایان بەڕێ کردم، وەك هاتنەوەم نەبێ. منیش وەها ماڵئاوایيم لێ کردن، وەك گەڕانەوەم نەبێ».

بەشی هەرە گەورەی یادکردنەکەم.. زۆری بیرکردنەوەم، بەم جۆرە بوو. خێزانەکەم. چۆنم پێ وتن. چییان کرد. چۆنیان بەڕێ کردم..؟ قسەکانیان.. گریان و شین و شەپۆڕیان..

«ئاخۆ ئێستا چی دەکەن؟. دڵنیام دایکم، سەری خستووەتە کۆشییەوە و هەنسك هەڵدەدات. ژنەکەم، لەناو جێگەکەیدا دەتلێتەوە. کە گوێی لە هەنسك هەڵدانی دایکم دەبێت هەڵدەسێت گوایە دڵخۆشیی بداتەوە. بەڵام هەردووکیان بەجووت، دەس دەکەنە گریانێکی کپ و خامۆش. ئەی کۆرپەکان؟ دەبێ ئێستا پرخەی خەویان بێت. هەر باشە. سوپاس بۆ خوا..».

لەمسەر باسی خێزانەکەمم لە مێشکم دوور دەخستەوە، کەچی لەوسەر بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، پیایا دەچوومەوە.

«تۆ بڵێی نەخۆش نەبن؟. تۆ بڵێی برسی نەبن؟. ئاخۆ پارەکەیان پێ دەگات؟. نازانم . ئەوەتەی هاتووم، تەنیا یەك نامەیانم پێ گەیشتووە. خۆ ڕێگەی هاتوچۆش نییە. وتیان پارەکانتان بە فڕۆکە دەنێرین بۆ خێزانەکانتان. ئەی کوا؟. باوەجوو چی لەوانە؟! ماڵ منداڵمان لە برسا بمرن یا نا، ئەوان چ دەربەسن؟! گوایە لە ئێمە زیاتر بەتەنگ ئەوانەوە دێن؟ پەنام بەخوا!. باشیش نییە ئەم قسانە دەکەم!.. ئەگەرچی لە دڵی خۆشما بێ!. کە لە دڵی خۆما کردم، سبەی ڕۆژێ دەریشیان دەبرم!. ئەوساش ئاشکرایە ئەنجام چی دەبێ!..».

چەن ساتێکم بەمێشك بەتاڵی بەسەر دەبرد!. بیر و هۆشم لە کار دەکەوتن... لە هیچ نە دەدوام... بەڵام لە ناکاو لە خۆمم دەپرسی: «ئەی خێزانەکەم بەچی بژین؟... کە پارەکەیان پێ نەگات، بەچی بژین؟.»

چەن ساتێکی تر گیرم دەخوارد.. نەمدەزانی چی بڵێم. تا باسەکە لە ناخەوە، جۆرێکی تر سەری لێ هەڵدەدام. دەموت:

«باشە.. وا ئێستا هیوای ئەو مانگانەیەم هەیە کە پێیان بگا... ئەی ئەگەر کوژرام؟. پرسیارە سامناکەکە. ئەگەر کوژرام؟.. خۆ ئەوسا ئیتر هەتا هەتایە، مانگانەکەشم فووی لێ دەکرێ. تەنیا پەنجا دینارێکیان دەخەنە مشتەوە و ئەڵێن! ها ئەوە خوێنی نان پەیاکەرەکەتانە. لە بیریان ناچێت، مەدالیایەکی پەنجا فلسیشیان بدەنێ و بڵێن: ها ئەوەش نیشانەی قارەمانێتییە و بۆ یادگار لە ماڵەوە هەڵی واسن.. دیارە لە سەریشی نووسراوە: مەدالیای فیداکاری، لەپێناوی گەل و نیشتماندا..».

لەم باسە زۆر پەست دەبووم. هەر زوو دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە و دەموت:

«نەء.. ناکوژرێم.. ناکوژرێم..».

کەچی زۆری پێ نەدەچوو پاشگەز دەبوومەوە. تاریکی و خامۆشی و هەستی تەنیایی. شەماڵە ساردەکە. شنەی لەسەرخۆی گژوگیا و لق و پۆپی درەختەکان.. قیڕەی ناسازی بۆقەکانی ناو چەم. شەبەیخوونی پێشمەرگە شەیتانەکان.. گشت ئەمانە ئابڵووقەی هەست و هۆشی تەزیویان دەدام. دەموت:

«کوشتن زۆر نزیکە.. گوللە پارچە قورقوشمێکە و لە شێوەی ناوکە خورمایەکدا. لە لوولەیەکی باریکەوە دەردەپەڕێ. یا ئەیگرێ، یا نایگرێ.. بەڵام دەیگرێ. لە زۆربەی جارا دەیگرێ.. جنۆکەن.. شەیتانن. گوللەیان سەر ناکات.

ناشزانیت لە کوێوە ئاراستەت دەکرێ. لە بەردەمتەوە؟.. نەء لەم تەنیشتەوە؟ .. هەر نەء... لەو تەنیشتەوە؟.. کوا؟.. هەر تاریکییە و هیچی تر... ئەی لە پشتەوە؟.. ئەگەر وەهابێ، دەبێ ئەوانەی ناو چادرەکانیان بە بێدەنگ سەر بڕیبێ. دەسا کەوابوو، لە ژێر زەوی سەنگەرەکانەوە دێنە دەرێ. شانم ژان دەکات.

پێکراوم؟ نەء... گوێم لە هیچ تەقەیەك نەبوو. شانم سڕ بووە..».

گێژ بووم.. دەروونم شڵەقا. بیر و هۆشم شڵەژا.. چاوم هەر بەپێش دەمی خۆما داچەقاندبوو.. هەردوو گوێم، بە پانایی هەردوو لاما هەڵ خستبوو. وا زایە مێشکم، کە لە ئان و ساتدایە پەلامار بدرێین. بەڵام لە کوێوە؟ نەمدەزانی! بە چییا بۆم دەردەکەوت؟! هەر نەمدەزانی! تەنیا هێندەم دەزانی، کە لە ئان و ساتدایە شاڵاوم بۆ

بهێنرێت!.. بكوژرێم!.. دایكم!.. ژنەكەم!. بەفیڕۆ دەڕۆم!.. تەنیا لەپێناوی چەن قرۆشێك مانگانەدا!.

«دەكوژرێم. ئا. واهاتن. لەملاوە. نەء لەولاوە! لە پشتەوە. نەء لە پێشەوە!.. ئەها. خۆم دەمزانی!. بە هەڵە نەچووبووم!. ئەوەتا. ئەوەتا بە ناو جۆگەلەكەدا دەڕوا.

نیازی كوێی هەیە؟. پشتمان لێ ئەگرن؟. یا لە تەنیشتەوە پەلامار ئەدەن!. ئا. وەرنە پێشەوە. باشە! وەرنە پێشترەوە. نامەوێ من بكوژرێم. من ئێوە دەكوژم!. تەنیا یەكێكیان دیارە ئەوەتا ئێستا باشە. لەناو گژوگیاكەدایە. رەنگە وا بزانێ گژوگیا گوللە دەگێڕێتەوە. ئێستا باشە!. ئا!. بۆچی دەستم دەلەرزێت؟!. نیشان. رێك. دەی .. تە تە تە تە!!»

نیشانم دایە بەر دەسرێژی رەشاشەكەم. هاوەڵەكانم بە دواما.

سەنگەرەكانی ئەولا و ئەولاشمان بە دوای ئەواندا. گردەكەی تەنیشتمان. لەناو شارەوە. لە گردەكانی ئەودیوی شاریشەوە، بوو بە زرم و هووڕ! من بڕیمەوە. گردەكەمان بە دوای منا!.

ناو شار و گشت گردەكانی تریش، بەرودوا كپ بوونەوە. ئەوانەی ناو چادرەكان ڕاپەڕیبوون و پەنجەیان نابووە سەر پەلەپیتكە. بەڵام هەر هێندەی تەقەكردن بڕایەوە، چوونەوە باوەشی شیرین خەوی خۆیان سەركردەكەمان، هەر نەشیپرسیبوو كە ئاخۆ چی رووی داوە.

تەنانەت هاوەڵەكانی ناو سەنگەرەكەی خۆشم، تەنیا یەكێكیان بەكەمتەرخەمییەكەوە پرسی؛ هیچت بەدی كرد؟! لە وەرامیا تەنیا وتم؛ وا هاتە پێش چاوم.

كە دنیا رووناك بووەوە، لەناو گژوگیاكەدا سەگێكم بەدی كرد.

لە خوێنی خۆیا گەوزابوو!.

جا ئەگەرچی من ئەو شەوە تەقەم لە سەگێك كرد، بەڵام زۆربەی ئەوانی تر تەقە لە تاریكی دەكەن. هەمووشمان لە خۆمان دڵنیاین، كە تەقەی سام ڕەوێن دەكەین.

## لە ڕۆژێکی سەختابوو

هەلاو.. کوێیە.. خەستەخانە؟. تکایە فریامان بکەون.. منداڵبوونە.. دەزانم... دەزانم چ ڕۆژێکە! بەڵام وا هاتووە.. چار چییە!... ها؟!.. گەڕەکی سەرشەقام. بەرامبەر قوتابخانەی سانەوی. بەڵێ بەڵێ... تکایە فەرامۆشمان مەکەن.

تەلەفۆنەکەی دانایەوە. هێجگار پەشۆکابوو. تەمێکی ڕەشی پەژارە و خەفەت، داکشابووە سەر رووخساری. ڕووی بەلای خاوەن ماڵدا وەرگێڕایەوە. ئافرەتێکی گەنج و ساوایەکی لە باوەشدا بوو. دووی وردیش لە بەردەمیدا، کشومات دانیشتبوون.

ئافرەتەکە بەبێدەنگ فرمێسکی هەڵدەڕشت. تەنیا سەعاتێك لەوەبەر، مێردەکەیان ڕاپێچ کردبوو. ئەم زۆر بەرێزەوە وتی:

– گەلێ سوپاست دەکەم.

کە وەرچەرخا بڕوا! بەبیریدا هات روو لە ئافرەتەکە بنێ. ئاوڕی دایەوە بەلایدا.

ئەو سەری بەسەر ساواکەی باوەشیدا شۆڕ کردبووەوە و دڵۆپی فرمێسکی بەسەردا دەباراند. دیمەنەکە زمانی بردە کلیلە و پەشیمانی کردەوە، تەنیا دووبارە وتی:

– زۆر سوپاست دەکەم.

ئیتر بێ ئەوەی هیچ وەرامێکی ئافرەتەکەی بێتە بەرگوێ، چۆن هاتبوو وەهاش بەسەرباندا، بەدزەدزە خۆی گەیاندەوە ماڵەوە. لەوێ ناڵە و هاواری ژنەکەی هەر بەردەوام بوو. لەگەڵیدا ناڵە و شریخەی لێزمەی گوللەباران لە دەرەوە.. لە شەقامەکەی بەرامبەریانەوە.. لە کۆڵانەکانی پشتیانەوە... لەم تەنیشت و لەو تەنیشتەوە. لە هەموو کووچەیەکی گەڕەکەوە بەردەوام بوو.

چووەوە ژوورسەری ژنەکەی. دەستی خستەوە ناودەستی و بەسۆزێکی قووڵەوە وتی:

– تەلەفۆنم کرد. هەر ئێستا دێن.

ژنە لە تاو ژان، بەتوندی دەستی گووشی. بەزمان هیچ وەرامێکی نەدایەوە.

بەچاوە پڕ لە فرمێسکەکانی سەرنجێکی پڕ سوپاس و ستایشی دایە. بەڵام ناڵە و هاواری ئاگریان بەردەدایە جەرگی. لەگەڵ هەر ئاخ و ئۆفێکیدا، ئەم هەستێکی

نارەزایی بەرامبەر بە خۆی دای دەگرت، لێوی خۆی دەکرۆشت. لە دڵدا دەیوت:

– خەتام کرد. دەبوو لە چەند ڕۆژێك لەمەوبەرەوە، مامانێکم بهێنایەوە بەدیارییەوە دامبنایە. ئەوپەڕەکەی نیوەی مانگانەکەمی تێ دەچوو ئا.. دەبوو وام بکردایە.

هەر بەدواشیدا دەیوت:

– ئێ بەڵام ئەمە بەبیری کێدا دەهات؟ کێ دەیزانی ئاوەها دەبێتە ئاگرباران؟.

ناڵەیەکی جەرگبڕی ژنەکەی، لەم بیرکردنەوەیە ڕای چڵەکاند کە دەیوت:

– مردم.. توخوا مردم.

ژنە منداڵی یەکەمی بوو. نە دایك و نە خوشك و نە ناسیاو و تەنانەت، دراوسێیەکیشی لەلا نەبوو یارمەتییەکی بدا. تەنیا ئەمی مێرد و ئەمیش ئەمە یەکەم جاری بوو، دیمەنێکی بە ئەرکی وەها ببینێ. کێ دەیتوانی لە دەرگەی ژوورێش سەر دەربێنێ!. گوللەباران و ئاگرباران بوو. هەر لە دەرودراوسێکانی خۆیان، ماڵ نەبوو شینوشەپۆڕی تێ نەکەوتبێ. سا کێ هەیە بتوانێ لە گەرمەی شینوشەپۆڕی خۆیدا، ناڵە و هاواری لای ئەمی گوێ لێ بێ؟!.

لەم کاتەدا زایەڵەی ئۆتومبێلەکەی خەستەخانەی، لە دوورەوە هاتە بەرگوێ. بە بیستنی گەشایەوە. لەوەپێش بەزایەڵەیەکی سامگەیێن و بەزریکەی مردنی دادەنا.

بەڵام ئەم جارە بەلایەوە، ئاوازی بەسۆزی ژیان بوو. بەشادمانییەوە مژدەی بەژنەکەی دا:

– وا هات.. وا هات..

ژنەش ترووسکەی گەشانەوەی کەوتە سەر ڕوو. بۆ ماوەیەك هاوار و ناڵەی کپ کرد و گوێی هەڵخست. ڕاست بوو. زایەڵەکە تا دەهات نزیك دەبووەوە ئەمیش تا دەهات رووی روونتر دەبووەوە. دەستی لەناو دەستی ژنەکەی دەرکێشاوە، چووە بەر دەرگەی ژوورەکە، تا ئامادە و لەسەر پێ بێ. تا ساتێك زووتر دەرگەیان لێ بکاتەوە.

زایەڵە نزیك و نزیکتر دەبووەوە. دەنگی تێکەڵ بەدەنگی، دەسرێژی یەك لە دوای یەکی گوللەباران دەبوو. تا لە ناکاوێکدا لە دەنگ کەوت و کپ بوو!.

– بۆچی کپ بوو؟!.

دڵی داخورپا و رووی گرژ بووەوە:

– ڕەنگە بەدوای ماڵەکەماندا بگەڕێن؟!.

لەناو ژوورەکەوە، ناڵەیەکی توندوتیژ بەرز بووەوە. لەسەر شەقامەکەی بەردەمیانەوە. زایەڵەکە کپ بووبوو. مێشکی بەوەوە خەریك بوو. تا کاتێ زایەڵەکە لە ناکاوێکدا دەستی پێ کردەوە، ئەم لە دڵدا نائومێدانە وتی:

– ئای!. ئای خۆ دوور دەکەوێتەوە!.. یانی چی؟! گەڕایەوە؟.

قوڵپی گریانێك بەری قورگی گرت. پەیتا پەیتا لە خۆی دەپرسی:

– بۆ!. بۆ!

بەڵام وەرامی دەستگیر نەدەبوو ناچار خۆی بەکێش کرد و گەڕایەوە تەنیشت ژنەکەی. پەژارە و خەم و خەفەتی گشتی سەر زەمینی، لەسەر شان کەڵەکە بووبوو.

ژنەکەی دەمی هەڵهێنایەوە و لێی پرسی:

– چی بوو؟! .. نەهات؟.

چ وەرامێکی بداتەوە؟! دەستی خستەوە ناو دەستی. قوڵپی گریانەکەی دامرکاندەوە و وتی:

– تێ ناگەم! هات! کەچی گەڕایەوە.

ژنە هیچی نەوت. ئەمیش بەدەریای خامۆشیدا چووە خوارەوە و لە مێشکی خۆیدا پەیتا پەیتا، پرسیاری (بۆ.. بۆ..)یەکەی دەهێنا و دەبرد. لەولاوە ناڵە و ئاخ و ئۆفی تێکەڵ بەشریخە و گیڤەی گوللەباران و لەملاشەوە هەستێکی تفتوتاڵی دڵپڕوێن لە دەروونیدا؛ لەگەڵ پرسیارێکی پووچی: چار چییەدا!

گەلێ سەری هێنا و برد و گەلێکیش مێشکی خۆی هەڵگوشی. چار تەنیا دووبارە تەلەفۆنکردنەوە بوو. سێ و دووی لێ نەکرد و لە پەلەپەلیدا، ژنەکەشی ئاگەدار نەکرد. بە پەیژەدا هەڵگەڕایەوە. بەدزەدزە بەسەربانددا، خۆی گەیاندەوە ماڵی خاوەن تەلەفۆنەکە. ئافرەتەکە بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

– نەیانبرد؟.

ئەم وتی:

– نەء!

ئەو هەمدیس بە سەرسامییەوە وتی:

– ئەی خۆ من گوێم لە دەنگی ئۆتۆمۆبێلەکە بوو هات.

– منیش گوێم لێ بوو. بەڵام نەگەیشتە لامان و گەڕایەوە. وا هاتووم تەلەفۆن بکەمەوە.

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

– هەلاو. خەستەخانەیە؟! نەهاتن نازانم بۆ؟! منداڵبوون. مەردی خوابن... فریام کەون. لە ئانوساتدایە.

سوپاس.

تەلەفۆنەکەی دانایەوە. سەرێکی نارەزایی بادا. پێش ئەوەی ئافرەتەکە پرسیاری لێ بکا، ئەم وتی:

– هاتووە. گەیشتووەتە سەری کۆلانەکەی لای خۆمان. کۆمەڵێك سەرباز بەگیریان هێناوە. ئەوان ئیشیان پێی بووە و گلیان داوەتەوە.

– ئەی ئێستە چییان وت؟. دەینێرنەوە؟.

– وتیان ئێستا ئۆتۆمۆبێلمان لە بەردەستدا نییە. هەر کاتێ بوو دەینێرین.

کەمێ راما و ئینجا، بەدەنگێکی پڕ لە پەژارە و خەفەتەوە وتی:

– ئیتر نازانم دەبێ یان نا.. ئەم جارەش بەگیر دێتەوە یان نا.

بەدوایدا سوپاسێکی گەرمی کرد. لەوەدابوو سەرکەوێتە سەربان و ئافرەتەکە بانگی لێ کرد:

– مەڕۆ. من دێم.

ئەم وەك گوڵ گەشایەوە. ئەویش دوو منداڵەکەی تەمێ کرد، کە سەر لە ژوور نەبەنە دەرەوە. ساواکەشی گرت بەباوەشییەوە و توند نووساندی بەسنگییەوە. ئیتر بەهەمان دەستوور، دووقۆڵی خۆیان گەیاندە ماڵەوە. بەڵام ئەمان هێشتا بەسەربانەوە بوون، کە زاقوزیقی گریانێکی هێجگار ناسکیان کەوتە بەرگوێ.. گریانی ساوایەك کە تەمەنی تەنیا ماوەی جگەرەکێشانێك بێ. ئەم بەبیستنی گریانەکە، تەکانی دایە بەرخۆی و دوودوو، پێپیلکەکانی پەیژەکەی کۆتایی پێ هێنا. لەوەلاش بەڕاکردن خۆی بەژووردا کرد. روانی وا ساوا پڕ بەدەم، دەزیقێنێ و چنگ و پەل بەیەکدا دەدا. دایکەش

بووراوەتەوە و ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە. نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ. پەلاماری منداڵە بدا، یا بچێ بەهانای دایکییەوە؟ تا ئافرەتە دراوسێ دڵسۆزەکەیان، کە ئەویش بەڕاکردن خۆی گەیاندبووە ژوورەوە، خێرا هاواری لێ کرد:

– مەحەپەسێ.. تیغێکی تیژم فریا بخە.

ئەم بەپرتاو چوو، چەقۆی سەوزە جنینەکەی بۆ هێنا. ئەو ناوکی ساوای پێ بڕی و وێڵاشی لێ جیا کردەوە. ئەم ئیتر ساوای واز لێ هێنا و، چوو بەلای ژنەکەیەوە. مەچەکی نایە مشتییەوە و گوێی بەدڵییەوە نا. ڕەگی مەچەك و گوڵمی دڵ ترپەترپیان بوو.

ئافرەتەکەش دوای پێچانەوەی منداڵەکە، هات بەلای دایکییەوە. باوك خێرا وتی:

– ماوە.. سوپاس بۆ خوا ماوە.

ئافرەتەکە زەردەخەنەیەك گرتی. دەیزانی کابرا لەو دیمەنەی کەوتبووە بەرچاوی، زارەترەك بووە. لە دڵدا وتی:

– ناهەقی نییە.. نەیدیوە.. نازانێ لەگەڵ هەر منداڵبوونێکدا، ئەمە حاڵمانە.

ئینجا هەر بەدەم زەردەخەنەکەوە پێی وت:

– باشتر وایە بۆ ماوەیەك، ژوورەکەم لێ چۆڵ بکەیت.

ئەم کەمێك ڕاما. بەپێویستی نەدەزانی. دوای چی؟! بەڵام شەرم گرتی و لە ژوور بەدەرکەوت. زۆری نەخایاند ئافرەتەکە بانگی لێ کردەوە. هەموو شت کۆك بووبوو.

ساوا لە پاڵ دایکدا خامۆشە و دایکەش، چاوی هەڵهێناوەتەوە و بەساواکەیدا هەڵدەڕوانێ. سەرجێگە و ناو ژووریش پاك و تەمیزە. ئەم چووەوە تەنیشتی ژنەکەیەوە.

دەمی نا بەناوچەوانییەوە ماچی کرد. ئەویش بەزەردەخەنەیەکی لاواز وەرامی دایەوە. لەو وەزعەیدا لەوە زێتری لەباردا نەبوو. ئەوسا ئەم ئاوڕی بەلای دراوسێ دڵسۆزەکەیاندا دایەوە. سەرنجی دا وا دڵۆپێ فرمێسك، لە چاوانیدا قەتیس ماوە و بەسۆزەوە تێیان ورد دەبێتەوە. ئەم پێی وت:

– پەری خان.. ئێمە قەت لەژێر ئەم چاکەیەت دەرناچین. زۆر زۆر سوپاست دەکەین. ئیتر پێویستە بچیتەوە بەلای منداڵەکانی خۆتەوە.

پەری خان لە وەرامیدا وتی:

– حەزم دەكرد لەلای بمامایەتەوە. بەڵام خۆت دەزانیت حاڵم چۆنە.

ئیتر ئەم ڕاپەڕییە سەرپێ و وتی:

– بابڕۆین.

ئەو ڕازی نەبوو. وتی:

– پێویست ناكا. خۆم دەڕۆم.

چەندە تەقەلای لەگەڵدا دا ڕازی نەبوو. تەنیا ڕۆیشت. ئەمیش كۆرپەكەی گرتە باوەش. كۆرپە دەستی كردەوە بەگریان. بێوچان دەگریا لە دەریشەوە دەسڕێژی گوللە، بێوچان شریخەی دەهات. باوكە رووی دەمی تێ كرد و وتی:

– كە گەورە بوویت فەرامۆشی نەكەیت، كە لە چ ڕۆژێكی سەختدا لەدایك بوویت.

كۆرپە بەوەرام نەهات. وەرام تەوژمێكی توندی گوللەباران بوو. لە دەریشەوە، زایەڵەی ئۆتۆمۆبێلەكەی خەستەخانەی هاتە بەرگوێ، كە بەخێرایی نزیك دەبۆوە.

# بەیاننامە بۆ فرۆشتن

١٩٦٣/٣/١٨

سیان بوون، گەورەترینیان لە سیازدە ساڵان تێپەڕی نەکردبوو. بڕیاریان دا هاوبەشیی خۆیان دەرخەن لە شۆڕشا، بەوەی لە باریانایە درێغی نەکەن.

تەگبیرەکە هیی گەورەترینیان بوو. وەك هەزارانی تر لە گەورە و بچووکی شار، چاوی بڕیبووە ئاسمان و لەو قاقەزە سەوز و سوورانە ورد دەبووەوە کە فڕۆکەیەکی هیلۆکوپەتر لە قووڵاییی ئاسمانەوە بەری دانە خوارەوە بۆ ناو شار ئەمیش لە سەرەتاوە ئارامی لەبەر برا:

– خۆ تاقی ناکەوێتە ناو شارەوە؟ هەموو ڕوویان کردە مامە یارە و سەیوان!.

چەند لاوێك لە نزیکییەوە ڕاوەستابوون، مقۆ مقۆیان دەهاتە گوێی. دەیانوت:

– چۆن بزانین باسی چی دەکا؟ دەبێ شتێکی گرینگ بێ:

ئارامیان لەبەر بڕابوو. دوو قات تف و لەعنەتی فڕۆکەوانەکەیان دەکرد. یەکەمیان لەبەرئەوەی کە دوژمنە، دووەمیان لەبەرئەوەی کە بەیاننامەکانی وەها بەردایە خوارەوە کە تاقی نەکەوێتە ناو شارەوە و کردیە خولیا لەسەری ئەم خەڵکەدا. دەنگی یەکێکیان هاتە گوێی بەدەم پێکەنینەوە دەیوت:

– ئامادەم نیو دینار بدەم بە دانەیەکی.

ئەم لەلای خۆیەوە ڕاچەنی، ئەم قسەیە برووسکەیەك بوو دای لە مێشکی و بیر و هۆشی لێ کردە چراخان. هەر گورج ئەو تەگبیرەی هات بە بیرا و ورشەی گەشکەدارییەکی قووڵ زایە چاوەکانی. بە پەرۆشەوە سەری نا بەسەری هەردوو هاوەڵەکەیەوە و بە چرپە وەك پیلانێکی زۆر پڕ مەترسی بەدەستەوە بێ تێی گەیاندن: ئەوانیش وەك ئەو گەشانەوە. بچووکترینیان خۆی پێ ڕانەگیرا، لە خۆشییا کردیە بەزم و هەرا.

زوو لێی تووڕە بوون و دەمکوتیان کرد.

ئیتر سێ و دوویان لێ نەکرد. بەڕاکردن بەرەو دەرەوەی شار ملی ڕێگەیان گرتە بەر.

فاشیستەکان دەوری شاریان تەنیبوو.

هاتوچۆکردن مەترسی کوشتنی تێدا بوو.

دەیان لە منداڵ و ژن و پیاو بەم جۆرە کوژران بەتایبەتی لە رۆژانی سەرەتای دەسپێکردنەوەی شەڕا. لەبەرئەوە بچووکترینیان کە تەمەنی تەنیا یازدە ساڵان بوو. نا هەقی نەبوو کە وەختێك گەیشتنە قەراخ شار و چاوی بەسەنگەری فاشیستەکان کەوت ئەم ترسی کوشتن دای گرت. پێی لە زەوی چەقی و رەنگی زەرد هەڵگەڕا وتی:

– دەمانکوژن. ئەها لوولەی رەشاشەکانیان کردە ئێمە.

لوولەی رەشاشەکان هەر لە سەرەتاوە ڕووی لەمان بوو، بەڵام ئەم وای تێ گەیشت دوو هاوەڵەکەشی کەمێك گیریان خوارد و حەپەسان ئەوانیش چاویان بڕییە لوولەی رەشاشەکان.

بەڵام گەورەترینیان هەر زوو خۆی لە گێژاوی ترس دەرکێشا و کەوتە هاندانی بچووکترین:

– داوەشێیت. ئەوە دەترسی؟

ناوەنجییەکەش هاتە قسە:

– بەڕۆژ کەس ناکوژن... ئێمەش خۆ چاکەیان لەگەڵا دەکەین.. وایان پێ دەڵێین. ئەگەر قسەیان کرد دەڵێین:

بەیاننامەکانتان دەبەینەوە بۆ ناو شار بەناو خەڵکا بڵاوی دەکەینەوە.

بچووکەکەیان گوڕی دایە خۆی هیچ دانیشی نەنا بەوەدا کە دەترسێ. وتی:

– من دەترسم؟ حەز دەکەن ئێوە هەر مەیەن... من خۆم دەچم.

لە دوورەوە، لەودیو سەنگەرەکانەوە قاقەزە سەوز و سوورەکانیان بەدی دەکرد. شەماڵ تای پێ دەدان. ڕوویان تێ کردن.

سەربازێك لە سەنگەرێکەوە بەعەرەبی هاواری لێ کردن. لە جێی خۆیان قاچیان چەقی بەزەوییا. بچووکترینیان دڵی کەوتە ترپە ترپ و چەن هەنگاوێك بۆ دواوە کشایەوە. سەربازەکە تفەنگەکەی دەستی لێ ڕاوەشاندن و هاواری لێ هەڵسایەوە.

گەورەترینیان تێی گەیشت و وتی:

– بانگمان دەکا.. دەڵێ «تعال»

بەرەو ڕووی سەنگەر چوون. کە گەیشتنە ئاستیان سێ خەتێکی ورگنیان بە کوردییەکی لەق نەڕاندی بە سەریانا.

– چی دەکەن لەم ناوە؟ چیتان بەدەستەوەیە؟

گەورەکەیان وەڵامی دایەوە:

– ئەو بەیاننامانە دەبەینەوە بۆ ناوشار. ناو شار هیچی لێ نەکەوتەوە.

دووبارە نەڕاندییەوە بەسەریانا:

– ها.. بەیاننامە؟ درۆ دەکەن. ئێوە پێشمەرگەن. دەبێ شتێکتان بەدەستەوە بێ.

بچووکەکەیان دڵی داخورپا. ناوەنجییەکەش دڵی لەرزی. گەورەکەیان سوێندی خوارد بە خوا و بە پێغەمبەر و قورئان کە پێشمەرگە نین و هیچیان بەدەستەوە نییە. سێ خەت و هاوەڵەکانی دیاربوو دەیانویست رابوێرن و کەمێك پێ بکەنن. سێ خەت دیسانەوە چاوی لێ زەق کردنەوە و وتی:

– نەء ئێوە پێشمەرگەن.

بڵمەبڵمێکی لەگەڵ هاوەڵەکانیا کرد و ئینجا وتی:

– دەتانکوژین. وەرنە ئەم تەنیشتەوە ریز بن تەقە تەقی بەرەشاشەکەی دەستی خست.

بچووکەکەیان دەستی کرد بەگریان و هەنسکدان.

ناوەنجییەکە فرمێسك زایە چاوەکانی و قاچەکانی کەوتنە لەرزین. گەورەکەشیان هەروەها ڕەنگی بوو بە لیمۆی زەرد و کەوتە لرفە و لەرز.

بەڵام هیچیان بیریان لە پەشیمانی و گلەییکردن نە دەکردەوە.

بەرامبەر بەم دیمەنە سەربازەکان لەناو سەنگەرەکەیانا و سێ خەتی ورگنیش لەگەڵیانا دایانە قاقای پێکەنین. ئەم پێکەنینەیان تەزوویەکی حەسانەوەی دا بە دڵیان . بەڵام کە سێ خەتەکە پێی وتن:

– بڕۆن دەی. خێرا کۆی کەنەوە و بگەڕێنەوە.

وا لێرەوە چاوم لێتانە. پێ خوار دابنێن دەتانکوژین.

ئیتر هاتنەوە سەر خۆیان.

لە سەرەتاوە لە جێی خۆیان نەجوولان، باوەڕیان نەدەکرد. تا سێ خەتەکە نەڕاندی بەسەریانا:

– دەی بڕۆن. بەرچاومان بەردەن.

ئەوسا رایان کرد و کەوتنە چنینەوەی قاقەزە سەوز و سوورەکان، نزیکەی سەد دانەیان چنییەوە و گەڕانەوە.

یەکەم جار لە چایخانە بچکۆلەکەی گەڕەکەکەی خۆیانەوە پیا هاتن:

– مامۆستا دەتەوێ بزانن بەیاننامەکە چی تێدا بوو؟

– ئادەی. بۆ نامەوێ.

– کەوا بوو دانەیەکمان لێ بکڕە.

مامۆستا سەرنجێکی دەداتێ، سەری سوڕ دەما «وا دیارە ئەم منداڵە چەتوونانە دەیانەوێ پێم ڕابوێرن»

بەڵام کە دەیانچرپان بە گوێیا:

– پارەکەی بۆ سوپای شۆڕش.

ئیتر گەشکە دەکەوتە ڕووی و زەردەخەنەیەکی فراوان سەر لێوەکانی دەکەوت. دەستی دەکرد بەگیرفانیا. بەدزییەوە چی بەدەستەوە بهاتایە دەیئاخنییە مشتیانەوە، بەئاشکرا بەیاننامەکەی وەردەگرت.

– مامۆستا تۆش!.

– کاکە تۆ.

– یا شێخ

– دەتەوێ بزانی بەیاننامەکە چی تێدا بوو؟

– دانەیەکمان لێ بکڕە.

هەموو لە سەرەتاوە سەریان سوڕ دەما. بەڵام هەرکە دەیانچرپان بە گوێیانا.

– پارەکەی بۆ سوپای شۆڕش.

ڕوویان ڕوون ئەبووەوە و درێغییان نەدەکرد.

چایخانەکەیان تەواو کرد، دووکانەکانی بازاڕە گەورەکەش هێشتا نیوەی مابوو. بڕیاریان دا لە چەقی شەقامە گەورەکەدا بوەستن و بە ڕێبوارانی بفرۆشن. کێ دەتوانێ بەریان لێ بگرێ؟. کێ هەیە بڵێ مەکەن!

خزمەتی حکوومەت دەکەن. یارمەتی کاربەدەستان دەدەن. ئەوە نییە بەیاننامەکە خۆشی داوا لە خەڵکی دەکا کە یارمەتی کاربەدەستان بدەن بۆ لەناوبردنی جەردە یاخیبووەکان؟

– دەی سا ئەوەتا ئێمەش یارمەتی کاربەدەستان دەدەین. بە یاننامەکەی بە ناو خەڵکییا بۆیان بڵاو ئەکەینەوە.

لە چەقی شەقامەکەدا وەستان.

– مامۆستا...

– کاکە...

– مامە...

– دەتانەوێ بزانن بەیاننامەکە چی تێدا بوو؟

– باشە. دانەیەکمان لێ بکڕن.

دەیانچرپان بە گوێیانا.

– پارەکەی بۆ سوپای شۆڕش.

ڕوو دەگەشایەوە. بزە دەکەوتە سەر لێو. قاقا لە دەم دەردەپەڕی. تێیاندا دەبوو خۆی پێ ڕانەدەگیرا، ناوچەوانیشی ماچ دەکردن.

ئیتر ئەو ڕێبوارە بە دەستێك بە ئاشکرا بەیاننامەکەی لێ وەردەگرتن، بەدەستەکەی تری بەدزییەوە شتێکی دەخستە ناو مشتیانەوە.

دوو سەرباز لەسەر قۆڵی چەپیان بە خەتێکی زل نووسرابوو (أ. ع) بەگیریان هێنان.

– ئەوە چییە بڵاوی دەکەنەوە؟

– بەیاننامەی فڕۆکەکە.

لە دەستیان وەرگرتن سەیرێکیان کرد، ڕاستیان دەکرد، بەڵام سەریان سوڕما!

– کێ داینێ بڵاوی بکەنەوە؟

– ئەفسەرێك!

ئا ئەفسەرێك!.. واتە خۆمان بە هەقە و ئیتر بەرۆكیان بەردان. بگرە یەكێكیان بە دەمیانەوە پێكەنی و وتی:

– ئافەرم. ئافەرم.

كۆتاییان بە قاقەزە سەوز و سوورەكان هێنا.

چوونە كۆڵانێكەوە. لە خۆشییا سەرپێ نەدەكەوتن.

سەریان كرد بەیەكا. پارەكەیان ژمارد، سی دینار چوار پەنجایی كەم بوو. بچووكەكەیان كەوتە سووڕدان، دووبارە دایان مرانەوە.

لە چ ڕێگەیەكەوە بیگەیەنن بە سوپای شۆڕش؟

لەسەر ئەمە ناكۆكی كەوتە بەینیانەوە.

بچوكەكەیان پێی دا بە زەویدا و وتی:

– كوڕەكەی مامم.

ناوەنجییەكە خۆی سووركردەوە، وتی:

– كاكم

هەر زووش بیری كەوتەوە كە كەس نازانێ كاكی لە چ كونێكدایە. پاشگەز بووەوە و وتی:

–نەء كوڕەكەی خاڵم.

بەڵام گەورەكەیان بەزمانێكی شیرین وتی:

– نەء.. باشتر وایە هەرسێكمان بچین بۆ لای كاكم.

شوێنەكەی دەزانم، لە ماڵی خزمێكمانە. دەیدەین بەو لە هەموو كەسێكی تر باشترە.

كەمێك منجەمنجیان كرد و لە ئەنجاما ملیان بۆ دادا.

كاكی گەورەكەیان نەیدەزانی چۆن هەستی ڕەزامەندی و شانازی خۆی دەربڕێ بەرامبەریان تەنیا توند دەستیان بگوشێ و بڵێ بژین»؟. كەمە.. دەس بكاتە ملیان. ئەملاولایان ماچ كات؟ هەر كەمە.

چۆنی بۆ هەڵسوورا هەستی ڕەزامەندی و شانازی خۆی دەربڕێ بەرامبەریان وەك

سێ پیاوی ئازا و چالاکیش بەڕێی کردنەوە.

لە ڕێی کاکی گەورەکەیانەوە پارەکە بەرز کرایەوە بۆ سەرەوە. لیستەی پیتاکی ئەو ماوەیە گەیشتە جێی خۆی. لەسەری لیستەکەدا ئەمە ئەخوێنرایەوە.

(٢٨٠٠) دینار فرۆشتنی بەیاننامەی دوژمن لەلایەن سێ بەچکە شۆڕشگێڕەوە.

## لەژێر دارا کوشتیان

بە هەشت پاڵ لە هەشت دەرگەوە کردیانم بەم بەرا، ئینجا گەیشتمە سەرشەقام و دڵنیا بووم کە لە چوار دیوارەکە رزگارم بووە و ئازادم. بەڵام هەر هێندەی چەند هەنگاوێك لە دەرگەی هەشتەم دوورکەوتمەوە، خۆم لەناو چوار دیوارێکی ترا دی!. کەوتمە ناو دەیان ئافرەتی ڕەش پۆشەوە!..

کوڕەکەم.

براکەم.

مێردەکەم.

لە یەك ساتا، بە ڕست لەم بابەتە پرسیاریان لێ ئەکردم، ئەم یەخەی چاکەتەکەمی ڕادەکێشا. ئەو شانمی وەردەچەرخان. یەکێکی تر قۆڵمی رادەتەکان. ئیتر سا نە لە کەسیان تێ دەگەیشتم و نە وەرامی کەسیشیانم بۆ ئەدرایەوە.

لەناویانا گیرم خوارد. هاوەڵەکەم بەسەریانا پەلی هاویشت دەستی دایە دەستم و لە گێژاویان رای کێشامە دەرەوە. هەندێکیان وەڕس بوون و لێم تەکینەوە. بەڵام زۆریان هەر دوام کەوتن.

بەهەلیان زانی کە دەورم کەمێك چۆڵ بوو.

بەدەم ڕێوە پرسیارەکانیان دووبارە دەکردەوە.

کوڕەکەم... سەمیر... قوتابی بوو.

مێردەکەم... ناوی حەموودە... کرێکار بوو!

براکەم. توخوا کاکە براکەم.

کەسێکم لێ نەدەناسین. پەیتا پەیتا دەموت نایناسم. نەمدیوە. لەگەڵ منا نەبووە.

تا وای لێ هات وردە وردە هەموو وەڕس بوون و لێم تەکینەوە. وەکە ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگەی بەندیخانەکە دوورکەوتمەوە، تەنیا پیرێژنێك مابوو، قۆڵی چاکەتەکەمی توند گرتبوو. دیار بوو کە هەر لە ساتی هاتنە دەرەوەمەوە ئەو ئەم قۆڵی چاکەتەمی گرتووە. هەستم پێ دەکرد، بەڵام نەدەپەرژامە سەری ئاوڕی لێ بدەمەوە و خۆمی لێ رزگار کەم، ئەویش هیچ دەنگی نەدەکرد. چاوەڕوانی ئەم ساتەی دەکرد.

وەختێك سەیری کرد دەورم بە تەواوی چۆڵ بووە، ئەوسا بە هێواشی قۆڵمی راوشاند و بە دەنگێکی پەژارەواری دڵپڕوێنە وە وتی:

– برا توخوا دڵنیام کە دڵم تەقی... کوڕەکەم. تاقە کوڕەکەم.

سەرنجێکم دایە. ئازار لە ڕووی زەرد و تێك قوپاوی دەتکا. چاوەکانی لە گریانا بووبوونە گۆمی خوێن . لە سەرەتاوە بە پیرێژن هاتە پێش چاوم. بەڵام کە لێی ورد بوومەوە تەمەنی لە چل و پێنج تێپەڕی نەدەکرد.

ئەشکەنجە و ئازار پازدە ساڵ بازی پێ دابوو.

لەسەر قسەکردن بەردەوام بوو:

– لەو ساتەوەی بردیان ونە.. دوو مانگ و نیوە بەندیخانەکانی بۆ تەی دەکەم. هیوام لەبەندیخانەکانی تر بڕاوە. تەنیا هیوام بەمەیان ماوە...

لێم پرسی:

– ناوی چییە؟

بە پەرۆشەوە وەڵامی دامەوە.

– حەسوون. حەسوون زامل.

کسپەیەك بە دەروونما ڕابورد. دەتوت دەرزییەك بوو کرابێ بە بنی نینۆکما. بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم، لە جێی خۆم سست بووم و چاوم بەسەر ڕووی پەژارەواری دایکی حەسوونا ڕوا. ئەویش لەلای خۆیەوە رووبەڕووم وەستا و نیشانەی چاوەڕوانکردنێکی کوشندەی کەوتە سەر ڕوو.

"حەسوون. حەسوون زامل.." زەردەخەنەی لە لێو نەدەبڕا. لە ڕەشترین ساتی ژیانمانا، دڵتەنگی و پەژارەواری ڕێگەیان نەبوو سەربکەن بەقاوشەکەی ئێمەدا، وەڕسی و بێزاری لێیان قەدەخە بوو ڕوو بکەنە ئێمە. هەموو کات گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش و پێکەنین. لەشمان لەژێر ئازارا دەیناڵاند، بەڵام گیان و هەست و هۆشمان بەدەمیەوە پێ دەکەنی. گاڵتەیان بە ئازار دەهات. ئەمە بۆ؟ چونکە حەسوون. حەسوون زامل لە قاوشەکەمانا بوو.

حەسوون زەردەخەنەی لە لێو نەدەبڕا. لە گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشی خۆی نە ئەکەوت.

– ئـای هـاوڕێ... ئەوە خەفەت دەخۆی؟

قسەیـەکـی خـۆشی بـۆ دەوت. هـاوڕێی خـەفـەتـبـار ئـەگەشایـەوە و ئـەیدایـە تـاقـای پێکەنین.

– ئەی تۆ هـاوڕێ؟ سامـی چیت لـێ نیشتووە؟

سەرگوزشتـەیەکی بۆ ئـەویش دەهێنـایەوە، تینی نـەبـەزین و کۆڵ نـەدانی دەدایەوە بـەر.

سەرچلی قـاوشەکەمـان بوو. تـاریکی دای گرتـایـە، مۆمێك بوو ئەی درەوشانـەوە. ترس و سـام گەرای تـێ بهـاویشتـایـە بە کوتـەکی کۆڵنـەدان و نـەبـەزین دەیشێلا. خـەم و خـەفـەت بـاڵی بـەسـەرا بکێشایـە، بـاڵی لـە بنـا دەقرتـان و دەیکردەوە بـە قـاوشی بـەزم و پێکـەنین. حەسوون.حەسوون زامل؟

هـەستم بـە خـۆم نـەکرد. نـاوەکـەییم بـە ژمـارەی پرسیـار لـەبـەر خـۆمـەوە وتـەوە. دایکە، سووکە شەمـاڵێکی گەشکەداری دای بـە سەریـا و چـاوە سووتـاوەکـانی زیـاتر لـێ کردمـەوە و وتـی:

– بـەڵێ. بـەڵێ حـەسوون زامل. ئیشی کرێکـاری بـوو. بـا نـاونیشانیت بـۆ هـەڵدەم. کوڕێکە گەنمڕەنگ. چاو و برۆ....

«نـاونیشان؟. لـەو بـاوەڕەدام من لـە تـۆی بـاشتر هـەڵدەم کە تۆ دایکیت و من برادەری بـەنـدیـخـانـەی. ئـا کـوڕێك بـوو گـەنمڕەنگ چـاو و بـرۆ ڕەش.. ڕەشی قـەتـرانـی. ڕووی ورشەدار و گەش. چوارشانە و تێکسمڕاو، شۆخ و شەنگ.

گریمـان تـۆش توانیت وەك من نـاونیشانـی سـەروسیمـا و لـەشولاری هـەڵدەی، بـەڵام ئـاخۆ دەتوانیت وەك من نـاونیشانی هـەست و نـەستی نـاو دڵ و دەروونـی هـەڵدەی؟ دەتوانیت کـەین و بـەینی نێوان حـەسوون و کچـە ڕەشتـاڵـەکـەی نـاو کـۆڵانـەکـەی خـۆتـانم بـۆ بـاس بکـەی کە «بـەچاو و دڵ دەستـەمـۆی یـەکتر بـوون، بـەڵام تـەنیـا زمـانیـان سووك بوو لە ئـاستی یـەکترا؟»

فـاشستـەکـان ئـەوەی بـۆیـان لـوا نـەلـوایـە ئێستـا زمـانیشیـان ورەی بـەردا بوو لـە ئـاستی یەکترا.

دیـارە ئـەم جـۆرە بـاس و خـوازانـەی بـۆ تـۆ نـەئـەکرد، بـەڵام من  کە مـاوەی چل و پێنج شەومـان بـە تـەنیشت  یـەکـەوە ڕۆژ کردەوە، سـەرتـا پـایـانـی بـۆ دەگێڕامـەوە.

شەو هاورێیان هەموو خەویان لێ دەکەوت. بەڵام ئێمە لە قوژبنی پەڕی ئەوپەڕی قاوشەکەمانا سەرمان ئەنا بەسەری یەکەوە و یادگاریی ساڵانی ڕابردووی خۆمانمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. یادگاری هەمەڕەنگە، لە خۆشی و ناخۆشی. لە شیرین و تاڵ. هیی تێکۆشان... گرتن و خۆنیشاندان و گرتن ئازاردان... سەرکەوتن و ژێرکەوتن. جارە ناجاریش بەدەمیەوە یەك بەدوای یەکا کارەساتێکی ژیانی تایبەتی خۆمانمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. من لێم پرسی:

– لەگەڵ دەردەسەری دڵا لە چییای؟

باسی کیژۆڵە ڕەشتاڵەکەی ناو کۆڵانەکەی خۆتانی بۆ کردم.

– ڕەشتاڵەیە!.. بەڵام لە دڵما کڵافەیەك تیشکە و دەدرەوشێتەوە. هەژارە وەك خۆم، کۆڵانەکەمان دەوڵەمەندی تێدا نییە. لەوە ئەچوو زەحمەتکێشیش بێ وەك خۆم.. کرێکار بێ وەك خۆم. بەیانیان پێش هەتاو کەوتن پێکەوە لە ماڵ دەهاتینە دەرەوە ئێوارانیش پێکەوە دەگەڕاینەوە.

دەبێ سووریش بێ وەك خۆم. کۆڵانەکەمان لە سوور بەولاوە ڕەنگێکی تری نەدەگرتە خۆی. ڕۆژ دەهات و ڕۆژ تێ دەپەڕی. نازانم چەند. ژمارەیەکی زۆر. ئێمە پیشەمان تەنیا سەرنج گیرکردن بوو لە یەکتر. بەردەوام ڕۆژ ئەهات و ڕۆژ تێ دەپەڕی. ژمارەیەکی زۆرتر!. سەرنج زەردەخەنەشی چووە پاڵ. بڕیارم دەدا پێ بنێم بە جەرگی خۆمدا. دەم هەڵبنێمەوە و وتەیەکی بۆ دەربڕم!. ئەمڕۆ بەسبەی ڕۆژەهام لە دەس خۆم دا. تا فاشستەکان ڕۆژێ ئێمەیان لە جێی خۆی چەقاند.

وەك ئەیبینی نوقمی دەریای خوێنیان کرد.

کەمێك بێدەنگ دەبوو. چاوی دەبڕییە شوێنێکی دوور. ڕووی گرژ دەبوو. سێ لۆچ دەکەوتە ناوچەوانی. ئەم جارە کە دەکەوتە قسەکردن، لەرەی دەنگی تووڕەبوون و رق و کینەی دەردەخست.

– ڕۆژمان لەو دەریای خوێنەدا تا سەر خۆی ناگرێ. هەر دێتە دەرەوە، هەر هەڵدێتەوە تیشکی ئاگرینی فاشستەکان هەڵدەقرچێنێ.

دووبارە بێدەنگ دەبووەوە، ئەو گرژی و مۆنییەی ڕووی وردە وردە دەڕەوییەوە.

ڕووی تێ دەکردم . کەمێك تێم ورد دەبووەوە و بەدەم پێکەنینی نزمەوە دەیوت.

– ئەوسا منیش بەکیژە رەشتاڵەکەم شاد دەبم.

زۆر قسە و باسی لەم بابەتەمان بۆ یەکتر دەکرد. تەنانەت!..

– بۆ وا بێدەنگی؟! ئۆخەیش وا دیارە دەی ناسی! وا دیارە لەگەڵتا بووە.

قۆڵی چاکەتەکەمی راوەشانەوە. ئەو تەوژمی یادکردنەوەیەی لێ قرتاندم و هێنامیەوە سەرخۆم.

بۆ وەڵامی پرسیارەکانی شڵەژام. نەمدەزانی چۆنی وەڵام بدەمەوە دەمم بەیەکا هات و تێکەڵ و پێکەڵ دام بەسەر یەکا:

– ها.. حەسوون زامل؟ نەبەخوا نەء.. نایناسم لەگەڵ منا نەبووە.

ئەو توێژاڵە روونـاکییەی نیشتبووە سەر رووی توایەوە. لە بریتییا پەردەیەکی ئەستووری تاریکی بەسەردا داکشا.

لێوەکانی کەوتنە لەرزین و بەربینی هەڵبەز و دابەزی دەکرد. تەوژمێکی تیژی گریانی لە قورگی خۆیا دەخنکاند. بەڵام لێشاوی فرمێسکی بۆ ڕانەگیرا، لە چاوە سووتاوەکانییەوە هەڵقوڵی و بەسەر ڕوومەتەکانیا چۆڕاوگەی بەستە خوارەوە. من لەو دوو مانگ و نیوەما زۆرم کارەساتی دڵپرۆێن دیبوو. برادەرێکم بەبەرچاوی خۆمەوە مێشکی بەگوللەی فاشستەکان پژا و گیانی سپارد. برادەرێکی دڵسۆزی ترم ملی کرا بە پەتا. یەکێکی ترم (مێ قافە) جانەوەرەکان بە چەقۆ و خەنجەر و تەورزین لەشیان ئەنجن کرد و لە پاڵ دیوارێکا کردیان بە ژێر گڵەوە. چەندانی تریانم دی لەسەر دەستی فاشستەکانا ئازاری کوشندە ئەدران و لەشیان پارە پارە دەکرا. بەرامبەر بە هەموویان قوڵپی گریانم لە قورگی خۆما ئەتاسان. تنۆکی فرمێسکم لە قووڵاییی چاوما گیر دەدا و نەمدەهێشت سەر دەربێنێ، بەڵام بەرامبەر بەم دیمەنەی دایکی حەسوون خۆم پێ ڕانەگیرا و دوو دڵۆپ فرمێسك پەڕینە سەر برژوڵەکانی چاوم و بەرچاومیان لێڵ کرد.

ماوەیەکی زۆر چاوە فرمێسکاوییەکانی تێ بڕیم. تا لەسەرخۆ کەوتەوە قسەکردن وتی:

– دڵم وام پێ دەڵێ کە ڕاستم پێ ناڵێیت. لە خۆڕاییش نییە کە لێمی دەشاریتەوە.

شێوەی دەم و دووی بەلای توندوتیژییا گۆڕی. لێشاوی فرمێسکی وەستایەوە.

قوڵپی گریانی ڕەوییەوە. وتی:

– وای تێ مەگە دەکەومە قورپێوان و شین و واوەیلا.

نەء. ئەگەر شتێکی لێ هاتووە ئاشکرای بکە لەلام. دڵم لە دەمێکەوە خەبەری داومێ کە نەماوە. بەڵام تەنیا ئەمەوێ لێم ئاشکرا بێ. دەمەوێ دڵنیا بم کە لە قسەکردنا بڵێم کوڕێکم هەبوو، نەك کوڕێکم هەیە! تکات لێ دەکەم ڕاستم پێ بڵێ. لێمی مەشارەوە.

بەسەرێك گوێم لەم دەگرت. بەسەرێکیش قسەکانی حەسوونم دەهاتەوە یاد کە جارەها باسی ئەم دایکەی خۆی بۆ ئەکردم و ئەی وت:

– دایکێك هەیە وەك دایکەکەی لەمەڕ (ماکسیم گۆرکی).

یاخۆ بە شانازییەوە دەیوت:

– دایکێکم هەیە وەك دایکی (پاڤل).

چەند بە شانازییەوە لەبارەی دایکی دەدوا.

کە باسی ئەوی بۆ دەکردم، کە بۆی ئەگێڕامەوە چەند یارمەتی داوە لە ئیشکردنیا. پڕ بەدڵ ئاواتم ئەخواست بەبینینی شادبم. ئێستاش ئەوەتا ئەوە دایکی حەسوونە. ئەوە دایکی بافلە لە بەردەمما وەستاوە. بەڵام وەختێك من ئاواتی بینینم دەخواست هەرگیز بەبیرما نەدەهات بینینێکی وەهای ببینم. دەمویست لەماڵەوە بووایە و لەگەڵ حەسوونا بە جووت خۆمان بکردایە بەژوورا. لە جێی فرمێسك و قوڵپی گریان قاقای پێکەنینم لێ ببیستایە.

– دڵم شەقی برد.. پێم بڵێ!

چی پێ بڵێم؟!.. بڵێم؟ دڵێکی ئەوێ. ستەمە بەڵام. بەڵام حەسوون خۆی ئەو شەوە کە ڕۆیشت وتی: «دایکم ئاگەدار کەن، با چاوەڕوانی نەیکوژێ»

ئەوا منیش ئێستا لێم شاردەوە. بەڵام تاکەی؟! چاوەڕوانی دەیکوژێ. بڕیارم دا. دەمم هەڵهێنایەوە و وتم:

– دایکی حەسوون.

چاوەڕوانی تەواوکردنی قسەکەمی نەکرد.

قسەکەی پێ بڕیم و دەستی کردە ملم. کەوتە ماچکردنم و بە دەمیەوە دەیوت:

–گیان.. گیانی دایکی حەسوون. خۆم هەر دەمزانی.. دڵم خەبەری دامێ. وازم لێ هێنا تا خۆی دەستی لێ بەردام و وتی:

– بەڵام بۆ خۆتت لێ بەهەڵە دەبردم؟

ئەو شەپۆلی کامەرانییەی تەنیا بۆ چەند ساتێك بوو. هاتەوە هۆش خۆی.

بەدەنگێکی پڕ ژەنگ و ژارەوە وتم:

– دایکی حەسوون. خۆت بەڵێنت دامێ کە نایکەیتە قورپێوان و شین و واوەیلا.

رەنگی مردووی لێ نیشت. پەل و پۆی شل بوون و هەموو گیانی کەوتە لەرزین. دڵم بەرایی نەدەهات تێی بڕوانم سەرم داخست و لەبەر خۆمەوە وتم:

– بافلی تاقانەتیان لەژێر دارا کوشت.

نەیکردە قورپێوان. نەیکردە شین و واوەیلا.

تەنانەت نەشگریا. بەڵام قاچەکانی لەوە زیاتر بە پێوە رایان نەگرت. لە جێی خۆی گرمۆڵە بوو.

منیش تەنیا هێندەم پێ کرا، ئۆتۆمۆبێلێکی کرێم راوەستان و لەگەڵ هاوەڵەکەما خستمانە ناویەوە و لەگەڵ خۆمانا بردمان.

# بەیداخی سپی

٢٠ / ٨ / ١٩٦٣

چادرێك بەسەر گردێكەوەیە. زەلامێكی ورگنی قەڵەو غەبغەبە داكەوتووی بێ مل دێت و دەچێت. وەك چاوەڕوانی هەواڵێك بكا. ئەفسەرە. تاجێك و دوو ئەستێرە لەسەر شانیەتی. لەبەر خۆیەوە وەك ئارامی لەبەر بڕابێ دەدوێ:

–دوو رۆژی ماوە... تەنیا دوو رۆژی ماوە. كەچی تا ئێستا هیچ.. هیچ.. هەر هیچ. «دەوەستێت. دێت و دەچێت. دەیڵێتەوە. – دوو رۆژی ماوە.. ئەو شەیتانانە هەر تاقە یەكێكیشیان دڵی نەرم نەبووە. ئای خوایە.. چەندا چاو نەترس و سەرسەختن. چی بنووسم بۆ سەرەوە؟ چییان پێ بڵێم؟ بڵێم كەس نەبوو؟ شكستییە بۆ من.. نەهامەتییە.. شوورەیییە.

ئەفسەرێكی بچووكتر بە پرتاو خۆی دەكا بە ژووردا. پێ دەدا بە زەویا و وەك تەختە دەوەستێ.

– گەورەم مژدەبێ.

ئەفسەری گەورە دەگەشێتەوە. –هاتن؟! هاتن؟!

– بەڵێ.. بەڵێ گەورەم.. كۆمەڵێكی گەورە.

– چەند دەبن؟

– زۆر.. زۆر.. بۆم نەژمێرا. پێنج...

– چی... چی؟

– دە... پازدە..

– چۆن.. چۆن؟

– سی.. چل..

– باشە.. زۆر باشە.. پەنجا دەبن.. خۆم دەزانم زیاتریش دەبن. دڵم خەبەری دابوومێ. بێگومان چەكەكانیشیان؟!

– بێگومان.. بێگومان.. دەتەوێ بە دووربین سەیرێكیان بكەی؟

– نەء..نەء.. پێویست ناکا. پەنجا یاخیبووی بێ فەڕ ئەوە ناهێنێ خۆم بێم بۆ سەیرکردنیان. برۆ فەرمان بدە بە هەموولایەك کەس تەقە نەکا.

– گەورەم بەیداخی سپییان هەڵکردووە.

–قەیناکە.. ئاگەداریان بکە باشترە. سەربازەکانمان دڕن.. سپی و سوور نازانن.. جارەها لە بەیداخی سپیش تەقەیان کردووە.. بەچکە شێرن.. نەترس و دلێرن... بەڵێ ئاگەداریان بکە باشترە. وە..

– بەڵێ گەورەم

– پێشیان بڵێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەخێر هاتن لێکردنیان. دەزانی چۆن؟

– بەڵێ گەورەم.

– چۆن؟

– نازانم گەورەم.

– بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی وتن. بیکەن بە زەماوەندێکی گەورە بۆیان.. بیانخەنە سەر شان.. درێغی مەکەن لە بە خێرهاتن لێکردنیان.

– بەڵێ گەورەم.

– وە..

– بەڵێ.

– تەلگرافێکی بە خێرایی بگەیەنین بەسەرەوە. وتت چەندن؟

–ها.. گەورەم... سی.. نەخێر چل.. چل.

– زەینت کوێرە. چ زوو لە بیرت چووەوە؟.. پەنجا لە پەنجا زیاتریش.

– بەڵێ.. بەڵێ.. بمبەخشە.

– بۆ تەلگرافەکە.

– هەر ئێستا (شلتاغ)ت بۆ دەنێرم.

– ئا.. خێرا.

ئەفسەری بچووك بە پرتاو دەچێتە دەرەوە. ئەفسەری گەورە دەس دەکاتەوە بە هاتوچۆکردن. ئەخنێتەوە. شەپۆلی پێکەنینێکی شێتانە دای دەگرێ. (شەلتاغ)

بەسەریا دێتە ژوورەوە. پێ دەدا بەزەویدا. ئەفسەر پشتی لە (شلتاغ) بوو.

– شەلتاغ: بەڵێ گەورەم.

ئەفسەر یەکسەر قاقای پێکەنینەکەی دەبڕی. کە ڕووی تێ دەکا ڕووی گرژ و مۆنە.

– وا دێیتە ژوورەوە؟ نابێ لە دەرەوە خەبەرم بەیتێ؟

شەلتاغ: گەورەم وتیان زۆر پەلەیە.

ئەفسەر: باشە.. باشە.. تەلگرافێکی خێرا بگەیەنە بەسەرەوە.

شەلتاغ: لەبارەی...

ئەفسەر: لەبارەی ئەو پەنجا یاخیبووەی کەوا دێن خۆیان دەدەن بە دەستەوە. بنووسە زیاتر لە پەنجا کەس. بە چەکەکانیشیانەوە.

– بەڵام گەورەم پەنجانین. بگرە..

– من چیت پێ دەڵێم؟

– بەڵام گەورەم من خۆم دیمن.. وە.

– لەسەری مەڕۆ. دەنووسیت زیاتر لە پەنجا لە یاخیبووەکان بە چەکەکانیانەوە خۆیان دا بە دەستەوە و ئەشنووسیت. ئەمێنێتەوە سەر چەندانێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێررێن. ئەوانیش تەنیا بەیەك هەڵمەتی سوپای قارەمانمان تەفرو توونا دەکرێن و ناوچەکەمان گسکی لێ دەدرێ. تێ گەیشتی؟ بڕۆ مەوەستە.

– بەڵێ گەورەم.

ئەفسەر دەسێك بەسەر و ڕوومەت و چەناگەی خۆیا دەهێنێ. لەبەر خۆیەوە دەدوێ:

حەسامەوە.. ئەو گرێیە لە دڵما نەما.. ئێستا بەختیارم .. شادمانم..ئای کە شادومانم.. ئای کە خۆشە.. هاهاهای. دەتریقێتەوە. ورگ و لەشی قەبەی با دەدا لە خۆشییا و هاوار دەکا.

– قولە.. قولە..

سەربازێکی قولەڕەش خۆی دەکا بە ژووردا. پێ دەدا بە زەوییا.

– بەڵێ گەورەم.

– پەرداخێك ئاو.

ئاوەکەی بۆ دەهێنێ و دوای خواردنەوەی:

– نەگەیشتن؟

قولەڕەش دانە سپییەکانی دەردەخا.

– بەڵێ گەورەم.. بەڵێ.. گەیشتنە ناو سەربازەکان.

قولەڕەش دەچێتە دەرەوە. ئەفسەری بچووك خۆی دەکا بە ژوورا. پێ دەدا بە زەوییا. ئەفسەری گەورە: ها..هاتن؟!

بچووك: بەڵێ گەورەم.. بەڵام با ڕاستییەکەیت پێ بڵێم. ئەوانە..

گەورە: دەزانم.. دەزانم.. ئەوانە لە یاخیبووە هەرە دڕ و زەبر بەدەستەکانن. داخی گرانم.. لە بیرم چوو بە (شەلتاغ) بڵێم لە تەلگرافەکەدا بەیانی بکا.

بچووك: بەڵام گەورەم.

گەورە: قەیناکە.. بە تەلگرافێکی تر ڕوونی دەکەینەوە. «لە دەرەوە غەڵبەغەڵب پەیدا دەبێ. چەپڵە ڕێزان و گۆرانی وتنی سەربازەکان».

گەورە: وا دیارە ئەوە ئەوانن؟

بچووك– (بەتەوسەوە) بەڵێ گەورەم ئەوانن؟ (ئەفسەری بچووك سەرێك دەکێشێتە دەرەوە. دێتەوە ژوورەوە و دەڵێ:)

– گەورەم وان لەبەر دەرگەکەدا. بیانهێنمە ژوورەوە؟

(ئەفسەری گەورە کەمێك بیری لێ دەکاتەوە. ئینجا)

– جا خۆ لەناو چادرەکەدا جێگەیان نابێتەوە. نا تەنیا سەرکردەکانیان بێنە ژوورەوە.

– گەورەم جێگەی هەموویان دەبێتەوە. (بە تەوسەوە) بچووکن.. وردن.

– باشە با هەموو بێن.

سەربازەکان بەسەر شان یاخیبووەکان ئەهێننە ژوورەوە.

یەکەمیان هێنایە ژوورەوە. پیرێکی سەر و ڕیش و سمێڵ سپی بچکۆلەی پووکاوەی لاواز بوو. بەیداخە سپییەکەی هێشتا بە دەستەوە بوو. ئەفسەری گەورە چاوی ئەبڵەق بوو. دوو هەنگاو کشایە دواوە. دووەمیان پیرێژنێکی چرچەی تێك قوپاوی سەرسپی لە

پیرەمێرد گچکەلەتر بوو.

ئـــەفسەری گـەورە دەمـــی داچـــەقـــان و دوو هـــەنـگـــاوی تـــر چـــووە دواوە. سێیـــەم کیژۆڵەیەکی حەوت ساڵان بوو. چوارەم کوڕێکی پێنج ساڵان بوو. بەجووت سەر سام بوو بوون و چاوی ترس و سامیان بە دەوری خۆیانا ئەگێڕا.

بـەڵام پێنـجـەم، کۆرپـەیـەکـی ساڵـە وەخـتـیـنـە بـوو، وەك بـەرخ و کـارژۆڵـە دەیبـاراِن. دەیقریشکان.. دەیزریکان. لە دوایەوە کەس نەبوو.

ئەفسەری گەورە وەختێك پێنجەمیان پەنجەی شایەتمانی هەردوو گوێچکەی خۆی ئاخنی و لەسەر زەوییەکە چوارمەشقی لێی دانیشت.

هەر لەم وەختەدا (شەلتاغ) لێی هاتە پێشەوە. ئەویش بە تەوسەوە.

– بۆ تەلگرافەکە.. نازانم.

ئەفسەری گەورە قیڕانی بە سەریا.

– لێی دە.. لێی دە.. لیّ دە.

– پەردە دادەدرێتەوە.

## فیداکاری

١٩٦٣/٨/٢٢

هاوڕێیەکی خەڵکی "کازمیە" لە بەندیخانە بۆی گێڕامەوە وتی: «ڕۆژی گەردشەکەی فاشستەکان، هەر سەرلەبەیانی جەماوەری گەل شاری "کازمیە" یان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە. پاسگەی قائمقامیەت و سەرا بەبێ بەربەستیکردن خۆیان دا بەدەستەوە، پاسگەی "نەجدە"ش دوای شەڕێکی سەعاتە وەختی بەیداخی سپی هەڵکرد و بەڕووڕەشی خۆیان دا بەدەستەوە. دوای ئەوە گورج هێزی میلیشیای میللی پێك هات و چەك دابەش کرا. قوتابخانەیەك کرایە بارەگای هێزی میلیشیا. ئەو چەکانەی دەس جەماهیر کەوتن لە سەد و پەنجا، ئەوپەڕەکەی لە دووسەد پارچە تێپەڕیان نەدەکرد. لە کاتێکا زیاتر لە پێنج هەزار کەس و هەریەکەیان دەیویست و سوور بوو لەسەر ئەوەی پارچەیەك لەو دووسەدەی بدرێتە دەس. دەمەقاڵە و هەرا زۆر رووی دا لەسەر ئەمە. لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدا بووبووە رۆژی حەشر. بەڵام دووسەد پارچە چەکەکە، هەر سەرلەبەیانی لە کاتی هەڵمەتبردندا بۆ سەر پاسگەکانی بەشی زۆری هەڕەمەیی کەوتبوونە دەس جەماوەرەکە. ئەوەی پارچەیەکی دەس کەوتبوو، بوو بووە خاوەنی. دانی وەها پیا گرتبوو کە بە ئامان و زەمان لێی نە دەسەنرایەوە خۆم یەکێك بووم لەوانە. هەر کە هەڵمەتمان بردە سەر سەرا پەلاماری تفەنگێکم دا، زۆر کەس تەقەلایان دا بە پاڕانەوە، بە تووڕەبوون و زویربوون لێمی بستێنن. نەم دا.. وەها دەستم پیا گرتبوو کە ستەم بوو لە دەستم دەربهێنرێ. ئیتر ئەو بەشە کەمەشی کە مابووە و کە زۆربەی هیی پاسگەی "نەجدە" بوو، سەرکردەکانی هێزی میلیشیا لە بارەگا دابەشیان کرد.

ئەوی راستی بێ ئەوانەی چەکیان کەوتە دەس، زۆریان تێدا هەبوو کە هەق نەبوو بکەوێتە دەستیان، با وەکی تر بڵێین: ئەوانەی نەکەوتە دەستیان زۆریان تیا هەبوو لەوانە لە پێشتر.. لەوانە شارەزاتر و دنیا دیدەتر. لاوێکی منداڵکار دیاربوو قوتابی بوو. دەمانچەیەکی لە بابەتی لوولە چەماوەی داگیر کردبوو، بێگومان بە ڕووکەش جەماوە بوو.. چووم بەسەریا بە بەردێکی زل نیشتبووە سەری و لوولەکەی دەکوتا. وتم: ئەوە چی لێ دەکەی؟ کەچی وتی: لوولەکەی خوار بووەتەوە و ڕاستی دەکەمەوە. تێم گەیان

که هەر بابەتەکەی وەهایە وتم: تۆ تەقەیەکی پێ بکە بزانە. دەرکەوت نازانێ تەقەشی پێ بکا. داوام لێ کرد بیداتە دەس یەکێکی تر. پیاما هەڵشاخا و تووڕە بوو. ناچار فێری تەقە پێکردنیشم کرد.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشا، وەختێك هاتە سەر شەڕکردن لەگەڵ فاشستەکانا، ئەوانەی وەك ئەو لاوە منداڵکار بوون، لە شارەزا و دنیا دیدەکان دڕتر و دلێرتر بوون.

ئەوانەی چەکمان دەس کەوت و بووینە هێزی میلیشیا، هەر خێرا ڕێك خراین. هەر پێنجمان تیپێکمان پێك هێنا. هەر تیپەش ڕەوانە دەکرا بۆ یەکێك لە شوێنە گرینگەکانی ناو شار بۆ خۆ دامەزراندن و ئێشکگرتنی ئەو شوێنە. لەوانە وەك سەری پرد و سەری شەقامە گرینگەکان. بەتایبەتی ئەوانەی کازمیە ئەبەستن بە بەغداوە. بەنزیخانە و دەسگا و فەرمانگە حکوومییەکان. هەروەها مەزارگاکەی کازمیەش کە ئێمە پێی دەڵێین (سەحەن). وترا؛ نەوەکو کۆنەپەرستەکان پەلاماری بدەن، وێرانی بکەن و دوا جار بیخەنە ئەستۆی ئێمە. تیپەکان هەموو جێگەی خۆیان گرت. کازمیە چووە ژێر حوکمی میلیشیای میللییەوە ئەو تیپەی منی تێیدابووم لەگەڵ تیپێکی ترا لەناو بارەگادا هێڵراینەوە.. جەماوەری بێ چەك هێشتا بڵاوەیان لێ نەکردبوو. چەند داوایان لێ کرا کە مانەوەیان هیچ سوودێکی نییە و بڵاوەی لێ بکەن و لە کاتی پێویستیدا بێنەوە سەر جادە. بێ سوود بوو. بەسەر شەقامەکەی بەر بارەگاکەدا هەر هاتن و چوون.

کات بووبووە دەمەدەمی عەسر. هەواڵیان هێنا وتیان هێزی سوپا هات. کازمیە هەموو پێوەندییەکی لەگەڵ بەغدا پچڕابوو. چ بەهاتوچۆ. چ بە تەلەفۆن. نەماندەزانی لەوێ چی هەیە ئەو هێزەی هاتووە چییە.

جەماوەرەکە بەرەو پیری ڕایان کرد. لە مەیدانەکەی ئەودیومان دەوری هێزەکەیان دا کە بریتی بوو لە هێزی  تانك لە سەرەتاوە جەماوەریان خەڵەتاندبوو. هاواریان کردبوو کە لەگەڵ جەماوەردان، تا نزیك بووبوونەوە ئەوسا ڕەشاشیان خستبووە کار و درۆینەیان کردبوون. دەرکەوت کە فاشستەکانن. جەماوەری بێ چەك بڵاوەیان لێ کرد. ئێمەش لەناو بارەگادا خۆمان قایم کرد. ماوەیەکی پێ چوو ڕیزی تانك ڕووی لە ئێمە کرد. فڕۆکەیەکیش بەسەر سەرمانەوە کەوتە هاتوچۆ. فەرمانمان بۆ دەرچوو بارەگا چۆڵ کەین. تیپەکەی ئێمە ڕوومان کردە شەقامێکی پشت قوتابخانەکە. ئەو

هـاوڕێیەی بـاسەکەییت بۆ دەگێڕمەوە ئـا لـەسەر ئەو شەقـامە بوو بـە تووشمـانـەوە وەك مووی لووت پێمـانـەوە نووسـا. وتی:

– لەگەڵتانام.

کەسمـان نەمـاندەنـاسی. بـەرگێکی خۆمـاڵیی عەرەبی لەبـەرا بوو کەوا و چەفتە و عەگالێکی هـەرزان بـەهـای لەبـەرا بوو. چ بـەجلوبـەرگیـا و چ بـەدەموچـاو و سەرو و ڕوویدا لە جووتیـار دەچوو. تەمەنی خۆی دەدا لە سی و پێنج ساڵ. ئێمە لەبـارەی دوودڵ بـووین. نـە دەمـانـنـاسی نـە دیـبـووشمـان. تـەنـیـا مـن ئـەو بـەیـانـییـە لـە حـەوشـەی قوتـابـخـانـەکەدا دیبووم. هـەڵپەی چەکی دەکرد و یەك بـە دنیا دەیقیژاند. تا تەنـانـەت لەگەڵ یەکێکا لێی بوو بە دەمەقاڵە. گەڕی تێ ئـالاندبوو. دەیویست تفەنگەکەی لێ بسێنێ. گوێم لێ بوو یەکێك لەبـەر خۆیەوە لەبـارەی دەیوت:

– ئەم کابرایە بۆ وا دەکا؟.. من گومـانی لێ دەکەم. وەك ئـارامی لەبـەر بڕابێ بـەتووڕە بوونـەوە پێی دا بـە زەوییـا و وتی:

– لەگەڵتانام.

پێم وت:

– ئـاخر برا بـەبێ چەك چ سوودێکت لێ دەبینین. لێمـان دەبیت بە تەوق.

سوور بووەوە و لە وەرامـا وتی:

– بـە بـەرد. بـەچنگ لەگەڵیـانـا دەکەم. خەنجـەرێکی ژەنگاوی خواروخێچی لە بـەرۆکی دەرکێشا و دووبـارە وتی:

– ئەمـەم پێیە. چی بکەم.. هیچم دەس نـەکەوت. هـاوڕێی سەرکردەمـان هـەڵیدایە:

– وازی لێ بێنن.. بـابێت.

خـانـوویـەکـی دووقـاتمـان هـەڵبـژارد کـە هـێشتـا تـەواو نـەبـووبـوو. لـە پـێش دەمـەوە دەیڕوانی بەسەر دوو شەقامـا، کە لە بەردەمیا بە یەکتر دەگەیشتن، پشتیشی یەکێك بوو لە گەڕەکە کۆنـەکانی کازمیە کە پڕیە لە کۆڵانی تەنگەبەر و پێچاوپێچ. واتە پشتمان قـایم بوو. سیانمـان چووینـە قـاتی سەرەوە. دووانیشمـان لـە خوارەوە مـانـەوە. دامـەزراین و خۆمـان مـەلاس دا.

هـاوڕێی جووتیـاری بێ چەکمـان سرەوتی نـەدەگرت بـەردەوام سەر و خواری دەکرد.

بەردەوامیش هەناسەی هەڵدەکێشا و دەستی دەدا بەدەستا.

ماوەی نیو سەعاتێکی پێ چوو. تاق و تۆق لە هەموو لایەکەوە وەك بریسکە هاتە گوێمان. جار جارێکیش بە تۆپ ریزیان پێوە دەگرت. بەڵام نەماندەزانی ئاخۆ دەیگرنە نیشانێك، یاخۆ بە ئاسمانایە. لەبەری ئەوبەری شەقامی لای ڕاستەوە تەقە گەرم بوو. ئەمان زانی سێ تیپی هاوڕێیانی خۆمان لەو ناوچەیەدان. لە شەقامی لای چەپەوە ئۆتۆمۆبێلێکی جێب دەرکەوت بە دوایا لۆرییەك پڕی بوو لە سەرباز هەر زوو هەستمان پێ کرد دەیانەوێ لە پشتەوە پەلاماری هاوڕێیانی ئەو ناوچەیەمان بدەن. هیچ دەنگمان نەکرد تا هاتنە بەردەممان. هاوڕێی جووتیار گازی لە پەنجەی خۆی دەگرت. لە ناکاو گوللەمان بە لێزمە داباراند بەسەریان. سەریان لێ شێوا و بەیەکا هاتن. جێبەکە بەپرتاو وەرچەرخایەوە و بۆی دەرچوو. لۆرییەکە لە جێی خۆی خپ بوو. هەندێك لە سەربازەکان لەوانەی نەپێکرابوون. دابەزین و بە ڕاکردن بەرەو دوا کشانەوە. هاوڕێی جووتیار وەك منداڵێکی ساوا لە خۆشییا کەوتە هەڵەکە سەما. یەکە یەکە هەموومانی ماچ کرد و سەر و خوار فرکان فرکانی بوو. شەپۆلی بەختیارییەکەی دای لە دەروونی ئێمەش . سوور لێمان ئاشکرابوو کە زۆری پێ ناچێ بەتانکەوە دێنەوە سەرمان. لەگەڵ ئەوەشا ئەو شادمانییەی هاوڕێی جووتیار وای دەخستە دڵمانەوە کە تانکیش ڕاو دەنێین.

دوای ئەوە ئیتر پەنجەی خۆی نەدەگەزی. هەناسەی هەڵ نەدەکێشا. هەروەکو دڵنیا بووبێ کە جیاوازی نییە لە نێوان ئێمەو ئەودا. ئێمەش وەك ئەو شارەزا و دنیا دیدەین. تەنانەت خۆی خستیە ڕوو، وتی:

– دڵم حەسایەوە.. لە من شارەزا و بەکارتر نەبن هیچتان کەمتر نییە. با ڕاستیتان پێ بڵێم تا ئێستا لە دڵی خۆما دەموت من کە گوللەم سەرناکا و چاوم لە ئاستی دوژمنا نا تروکێ چەکم دەس نەکەوت، کەچی زۆری تر کە بە درێژاییی ژیانیان چەکیان نەگرتووە بە دەستەوە دەستیان کەوت. بەڵام دڵم حەسایەوە دیم.. بە چاوی خۆم دیم... ئیتر تەنیا سەیرکردنم بەسە..

وەك چاوەڕوانمان دەکرد هەر لە شەقامی لای چەپەوە دوو تانك بەگرمە گرم بەرەو ڕوومان هاتن. خۆمان مەڵاس دا. هاوڕێی جووتیار تەمێکی بێ ئارامی کەوتەوە سەر ڕووی بە بۆڵە بۆڵ وەك لەبەر خۆیەوە قسە بکا وتی:

– تۆپەڵە ئاسنێکە و هیچی تر... ئەگەر پیاون هەر بە ئاستەم خۆیان دەرخەن.

چاوی تێ بڕیبوون و پیشی دەخواردەوە. لە پڕ وەك بپاڕێتەوە وتی:

– تکاتان لێ دەکەم تفەنگێکم بدەنە دەس. تەنیا دوو گوللە.

هاوڕێی سەرکردە لێی پرسی:

– نیازی چیت هەیە. وتی:

– دوو شوفێرەکە... هەر هیچ نەبێ ئەو دووانە ڕاوکەین پێش ئەوەی بماندەنە بەر گوللەی تۆپیان. هاوڕێ تفەنگەکەی خۆی دایە. هەردوو تانکەکە لەسەرخۆ نزیك دەبوونەوە. دیار بوو دەیانویست بێنە بەرامبەرمان و بوەستن. نیشانی گرتەوە و وتی:

– بەمەرجێك دای نەخستبێ.

بەشانازییەوە وتی:

– دووریش نییە دای نەخستبێ. نازانێ من لێرەم. چاوی زەق کردەوە و ئەوی تریانی نووقان. لەگەڵیا دەم و لێویشی بۆ خوار کردەوە و زرمەی لێ هەڵسان.

تانکی یەکەمیان ڕاچڵەکی و لە جێی خۆی چەقی. وا هاتە گوێمان کە زریکەیەکی لێوە هات. دووهەم تەکانی دا بۆ پێشەوە. نیشانی لەویش گرتەوە، بەلام ئەمیان ڕانەچڵەکی و نەوەستا. هاوڕێی جووتیار بە خەمبارییەوە وتی:

– دای خست.. باوك سەگە دای خست. ئیتر دوای گرمە لە خانوو هەڵسا. هەر لە گرمە گرمەی یەکەما وەختێك ئاوڕم دایەوە، هاوڕێی جووتیار لەسەر گازی پشت کەوتبوو بە زەوییا، خوێن چۆڕاوگەی بەستبووە شانی.

لە سەرەوە خۆمان بۆ ڕاگیر نەکرا. هاوڕێی جووتیارمان کێش کرد و هاتینە خوارەوە. هەر دوو تانکەکە بێ وچان گوللەبارانیان ئەکردین. بڕیارمان دا بکشێینەوە بۆ ناو گەڕەکە کۆنەکە. بەرامبەر ئەو تۆپەڵە ئاسنانە نەدەکرا و دەستیشمان نەیاندەگەیشتێ هەڵکوتینە سەریان. ئەبوو هاوڕێی جووتیاریشمان بدایە بە کۆڵمانا. وامان پێ وت. خۆی لە زەوی توند کرد و وتی:

– نەء..

دەیزانی دەربازبوونی ئێمە کە ساغین هێندە ئاسان نییە، چجای ئەویشمان بەکۆڵەوە بێ.

لەسەربانەوە ڕێگەمان نەبوو. دەبوو لە دەرگەوە بێینە سەرشەقام و بەپاڵ دیوارا ماوەی پەنجا هەنگاو بەڕاکردن برۆین تا دەگەینە ناو کۆڵان و ون دەبین. پێم وت: ″ئەگەر هەر پێنجمان کوژراین بەجێت ناهێڵین″.

هاوڕێیان هەموو لەبەر پەنجەرەکانا خۆیان مەڵاس دابوو. چاودێری دەرەوەیان دەکرد. ترسی ئەوەمان هەبوو هەر بەدەم گوللەبارانی تۆپەوە پیادەشیان پەلامارمان بدەن.

ترسەکەمان بەڕاست گەیشت. بەپاڵ دیواری شەقامەکەوە هاوڕێیان بەدییان کردن. بەرەو ڕوومان دەهاتن. ناچار کەوتنە تەقەکردن لێیان. هاوڕێی جووتیار پێی زانی. لێوی خۆی گەزی وتی:

– ڕاستت کرد. بووم بە تەوق بە سەرتانەوە... من نەبوومایە ئێستا دەرباز بووبوون.

باوەشم پیا کرد بیکەمە کۆڵم و بکەومە ڕێ، خۆی ڕاپسکان و وتی:

– خۆتان بەمنەوە خەریك مەکەن. برۆن دەرباز بن. هاوڕێیانمان تەقەیان گەرم بوو لەگەڵ دەرەوەدا. هاوڕێی جووتیار قیرانی بە سەرما:

– بۆ بە دیار منەوە دۆش داماوی. برۆ یارمەتییان بدە. تیا مابووم. هاوڕێی سەرکردە پێی سپاردبووم تا ئەوان دوژمن دەخلافێنن من بیگوێزمەوە. ئەو لەوێوە پەیتا پەیتا هاواری دەکرد:

– نە ڕۆیشتن؟ چاوەڕێی چی دەکەن؟ بۆ دواکەوتن؟ ئەمیش لێرە دەیقیراند بە سەرما:

– برۆ.. خۆتان بە منەوە خەریك مەکەن. یا برۆ یارمەتییان بدە.. یا برۆن دەربازبن.

بڕیارم دا هەر بە زۆر بیدەم بەسەر شانما. بۆ دڵنیایی سەرێکی بەر دەرگەم دا و گەڕامەوە. بەڵا م چیم دی. هاوڕێی جووتیار خەنجەرە ژەنگاوییە خواروخێچەکەی چەقاندبووە ورگی خۆی. لە هۆش خۆی چووبوو. خەنجەرەکەم لە ورگی دەرهێنایەوەو فڕێم دا. ئەوسا دام بە کۆڵما و ڕفاندم بۆ ناو کۆڵان. لەوێ چاوەڕوانم کرد.

هاوڕێی یەکەم پەیدا بوو. دووەمیش سەری هەڵدا. هاوڕێی سەرکردەش هات. چاوی پڕ بوو لە فرمێسك. هاوڕێی چوارەم ئێستە و ئەوسا دیاری نەبوو. لە دواساتا دەستڕێژی ڕەشاشێك پێکابووی. تەکانم دا و وتم:

– ئەی چۆن بەجێتان هێشت؟ هاوڕێی سەرکردە وتی:

– هێنانی بێ سوود بوو. گیانی سپارد.

هاوڕێی جووتیار هێشتا گیانی تێدا مابوو. کەمێك دوورمان خستەوە و سپاردمان بەماڵێك. ئیتر جێمان هێشت و نەمزانی چی لێ بەسەرهات.

# تۆپەکەل

١٩٦٣/٨/٢٧

هـەمـوو شت جـێگـەی خـۆی گـرت و چـووە سەرپـێ. هـاوڕێی ئـەفسەر بـەڕوویـەکـی گەشکەدارەوە رووی کردە هـاوڕێی سەرکردە وتی:

– ئینجا ئیتر چۆڵی کەن. دوورکەونەوە. کەسیش بەپێوە نەوەستێ. ماوەی هاوڕێی سەرکردەی نەدا بپرسێ "بۆ؟" هەر گورج رِوونی کردەوە:

– با ئەگەر شتێکیش رووی دا هەر بەسەرخۆم بێ. با هەر یەکێك لە دەس بچێ.

هاوڕێی سەرکردە بە شانازییەوە دەستی دایە شانیا و بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە لەگەڵ هەموو هاوڕێیانی ترا بۆ دواوە کشانەوە و لە دوورەوە لەسەر سك خۆیان دا بەزەوییا.

هـاوڕێی ئـەفسەر دوو مـانگ و نـیـوی رەبـەق بـوو لـەو وەخـتـەوەی لـە سوپـای فاشستەکان هەڵات و هاتە ریزی شۆڕشگێڕانەوە، شەو و رۆژی ئەگەیاند بەیەك شان و قۆڵی دەکوتا و رەنجی فەرهادی دەدا، مێشکی خۆی هەڵدەگوشی لەبەر جۆشی ئاگر خۆی هەڵدەقرچاند لەپێناوی ئەم ساتەدا.. ساتی تاقیکردنەوەی ئەو تۆپەی دروستی کرد. کە ئەوەتا ئێستا لە بەردەمیا لووتی کردووەتە ئاسمان و چاوەڕوانی ئەو ساتەیە زرمەی لێ هەڵسێت.

رِەنگ و رِووی وەك تۆپەکانی فاشستەکان بریقەدار و ساف و لووس نەبوو. نەء.. وەك رەنگ و رِووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی رەشتاڵە و چڵکن و پەڵە پەڵە بوو. بەڵام هەر وەك ئەوانیش سەخت و پتەو و لووت لە ئاسمان بوو. هەموو شت لە جێی خۆیان و ئامادە بوو وەختێك دەوریان چۆڵ کرد. چوو بەلایەوە زۆر دڵسۆزانە وەك باوکێك و دەس بهێنێ بەسەری کوڕە تاقانەکەیا. دەستێکی هێنا بەسەر لوولەکەیا. لە دڵی خۆیا دەیدوان.. وەك هەر گیاندارێك دەیدوان:

– بتبینم... رەنجم بە فیرۆ نەدەیت.

خـەمـی ئـەوەی نـەبـوو تـاقـیکردنـەوەکـەی سەرنـەکـەوێ، گوللـەکە بـە رِووی خۆیـا بتەقێتەوە و بیکوژێ. خەمی ئەوەی بوو رِەنجی بە فیرۆ بڕوات و ئاواتەکەی خۆی و

هـاوڕێیانی نەیەتە دی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بـاوەڕی بە خۆی و تۆپەکەی هێندە بەهێز بوو کە ئەم ترسە زاڵ نەبێ بەسەریا. بە توندی لەپی دەستی دا بە لوولەی تۆپەکەدا و لە دڵی خۆیدا وتی:

– نەء.. لێت دڵنیام.. ڕەنجم بە فیڕۆ نادەیت.. گوایە خۆم بەم دەستانەی خۆم دام نەڕشتووی؟

ئاوڕێکی دایەوە بۆ دواوە. هاوڕێیان هەموو خۆیان دابوو بە زەویا. دەیبینی هەموو چاویان تێ بڕیوە و نیشانەی چاوەڕوانکردنێکی تاڵیان پێوە دەردەکەوێ.

لەناو ورگی تۆپەکەشا گوللەیەك هەر لە دەسکردی خۆی چاوەڕوانی چزوو بوو هەر هێندەی پیا بچزێ و ناڵەی بێ. هاوڕێی ئەفسەر زۆر لەسەرخۆ لە پشتی تۆپەکەوە هەردوو ئەژنۆی نایە زەوی. وەك چۆن لەوە پێش بۆ مەشق تەقەی بە تۆپێکی (هاوەن) دەکرد، ئاوەها بێ ئەوەی خورپە بە دڵیا بێ، بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە و هیچ مەترسییەك بە بیریا رابوورێ دەستی درێژ کرد. سەیرێکی خوارووی شاخی کرد، دەشتێکی چۆڵ بوو. لە ناکاو دەستی راتەکان. تۆپ ڕاچڵەکی. ناڵەیەك وەك هەورەتریشقە لەناو شاخا دەنگی دایەوە. لە دوور... لەناو دەشتەکەدا لە شوێنێکیا گڵ و خۆڵ چوو بە ئاسمانا. بە پرتاو هەڵسایە سەرپێ و چاوی بڕییە شوێنی گوللەکە. گوێی نەدایە سەرکەوتنی تاقیکرنەوەکەی و لای لە تۆپەکە نەکردەوە، وەك ئەمەیان شتێك بێ کە هەر لە سەرەتاوە گومانی لێ نەکردبێ. بەڵام ماوەی هەڵدانی گوللەکەی لا بووە مەبەست. چاوی بڕیبووە شوێنەکەی و لە دڵی خۆیدا دەیپێوا.

– پێنج میل.. پێنج میل دەبێ.. نەء زیاترە.. ڕەنگە شەش میل ببێ. هەر چۆنێك بێ لە شەش زیاتر نییە. هاوڕێیان لە پشتەوە پەیدا بوون. لە خۆشی و شادمانییا دەگەشانەوە. هەموو بەسەریا کەڵەکە بوون و باوەشیان پێدا کرد. بواری سەرکردەیان نەئەدا. تا ئەویش وەك ئەوان کەوتە تەکاندان و دڕی پێدان و چووە پێشەوە. دەستی توند گوشی و ئەملا و ئەولای ماچ کرد. هاوڕێی ئەفسەر تەوژمی ئەم پیرۆزبایی لێکردنەی قرتاند و وتی:

– لە بەینی پێنج تا شەش میلایە. . کەمە.. ئەوانەی لەمەودوا دروستیان دەکەین دەبێ لەم ڕووەوە زیاتر گوێیان بدەینێ.

ئیتر لەگەڵ هاوڕێی سەرکردەدا لەم رووەوە درێژەیان پێ دا.

***

هاوڕێی ئەفسەر فریا نەکەوت تەنانەت تەنیا تۆپێکی تریش دروست کا و لەگەڵ یەکەما بیانکاتە جووت. شەڕ کەوتە ناوچەکەیانەوە و ئەبوو تاکە تۆپ بە تەنیا بکەوێتە شەڕ بەرامبەر بە ڕیزە تۆپی لە هەمە بابەتەی فاشستەکان. بەرامبەر بە پۆلی فڕۆکەی مێك و هانتەریشیان.

هاوڕێی ئەفسەر تازە دەستی دابووە تۆپی دووەم کە دروستی کا، وەختێك هەواڵ گەیشت کە لەشکری فاشستەکان بەرەو ناوچەکەیان دەکشێت. بە ناچاری دەستی لە دووەم هەڵگرت و تاکە تۆپی دایە پێش خۆی بۆ سەر چەقی ڕێگەی فاشستەکان. ئەو چەند رۆژەی بە دەستییەوە مابوو. تەرخانی کردن بۆ دروستکردنی گوللە بۆ تاکە تۆپ. لەگەڵ هەرچوار هاورێکەی تریا کە یارمەتیدەری بوون لە بیست و چوار سەعات تەنیا شەشیان لێ دانا بۆ نووستن و هەژدەکەی تری بەبێ وچان لە کارگە. بچکۆلەکەیانا کە کونە تەویلەیەك بوو. شان و قۆڵیان ئەکوتا و گوللەیان بۆ تاکە تۆپ دەهێنایە بەرهەم.

فاشستەکان دیار بوو تەقەلایان دەدا لە شاخ بچن بەودیوا. بۆ ئەمەش دەبوو تەنیا ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر کە شۆڕشگێڕەکان تەنیبوویان و لە دەمێکەوە سەنگەر رێژیان کردبوو. لە سەروو سەنگەرەکانەوە تاکە تۆپیان دامەزران و دەمی لوولەیان کردە چەقی ڕێگە کە بەڕووی دەشتا. لە شوێنێکی وەهادا کە تەنیا دەنگی بێت و ئاگر دابارێنێ بەسەر دوژمنا، بەڵام ڕەنگی نەبێ و دوژمن بە ئاسانی نەیدۆزێتەوە. هاوڕێی ئەفسەر و دووانی تریشی لەگەڵیا، لە پاڵیا خۆیان مەڵاس دا تا کاتی خۆی.

هاوڕێیان لە سەرەتاوە، دوای تاقیکردنەوەکە، زۆر دڵیان بە تۆپەکەیان خۆش بوو. چونکە وایان لێك دەدایەوە کە زۆری پێ ناچێ ئەو تاکە دەبێ بە جووت و جووت بەدوو جووت. تاوای لێ دێ دەبنە خاوەنی تۆپخانەی خۆیان و ریزی تۆپیان بەرامبەر ریزی تۆپی دوژمن دەجەنگێت. بەڵام تاکە تۆپ نەك تەنیا نەبوو بەڕیزە تۆپ، بگرە نەبوو بە جووتیش. واتە دەبێ دەستەوستان بوەستن لە ڕووی گوللەبارانی ریزی تۆپی دوژمنا، ئەمان وایان دەوت. بەڵام هاوڕێی ئەفسەر رای لەگەڵیانا نەبوو. بگرە تا ڕادەیەك لە دڵا پێشی ناخۆش بوو کە ئەمان ئاوەها لە نرخی تۆپەکەی کەم دەکەنەوە. لە وەرامیانا

دەیوت:

– دەیبینن.. بە چاوی خۆتان دەیبینن.

هاوڕێیان پشتیان بە تاکە تۆپ نە دەبەست. لەگەڵ ئەوەشا هەستێکی شانازی و دڵسۆزی دای دەگرتن بەرامبەر هاوڕێی ئەفسەر و تۆپەکەی.

***

بەرەبەیان بوو گرمە و ناڵە بەربووە شاخ. فاشستەکان هێرشیان هێنا. ڕیزی تۆپیان لە دوورەوە شاخی گوللەباران دەکرد. بەمبەر و بەوبەری ڕێگەکەدا... ڕاستەوخۆ بەسەر سەنگەری شۆڕشگێڕانا. هاوڕێی ئەفسەر لە پاڵ تۆپەکەیەوە بە دووربین دەیڕوانییە پێش دەمی شاخ. لەشکری فاشستەکانی لە دوور بەدی دەکرد.. بەرەو شاخ دەکشان. بە هاوڕێی تەنیشتی وت:

– جارێ دوورن.

شەڕوانانی ناو سەنگەرەکان خۆیان مت کردبوو، جووڵەیان لە خۆیان بڕیبوو، گوللەی تۆپ بەسەریانا گیڤەی دەکرد، یا لە تەنیشتیانا ئەیدا بە زەویدا و زەوی لە ژێرا ئەلەرزانن. هاوڕێی سەرکردەش جارجارێك سەری لە سەنگەر دەردەکێشا و بە دووربینەکەی سەرنجێکی دەدا. دەیوت:

– هێشتا دوورن.

فاشستەکان پیشەیان بوو ئەو شوێنەی ڕوویان تێ دەکرد، پێشەکی چینێك بەگوللەبارانی تۆپ دەیانکوتا. بە دوایا چینێکیش بە بۆمببارانی فڕۆکە. ئینجا هێرشی پیادە.

– بەڵام ئەم بەیانییە وا دیارە وایان داناوە کە پێویستییان بەبۆمبابارانی فڕۆکە نییە. ئەوەتا هەر بەدەم گوللەبارانی تۆپەکانیانەوە پیادەشیان کەوتووەتە ڕێ. چاوەڕێی فڕۆکەکانیان ناکەن.

هاوڕێی سەرکردە وا بەوانەی تەنیشتی وت: هەر وەهاش بوو.

پیادەیان گەیشتە بن شاخ و تۆپیان بێدەنگ بوو. هاوڕێی ئەفسەر جووڵاو وتی:

– ئامادەبن.

هەر لەپشت تۆپەکەوە سێ سندووقی تەختە بەڕیز دانرابوون. یەکێك لە دوو

هاوڕێکەی تەکی سندووقێکیان راکێشایە پێشەوە و سەری هەڵدایەوە.. پێخوری تاکە تۆپی تیابوو. هەرسێ سندووقەکەی هەریەکەیان دە گوللەی تیا هەڵچنرا بوو. تەنیا سی گوللە.. پێنج شەوو پێنج رۆژ بەبێ وچان کوتایان، تەنیا سی گوللە. گوللەیان هاویشتە ناو ورگی تۆپەوە. لوولەی تاکە تۆپیان کەمێك بەملا و بەولادا هێنا و برد، تا بەرامبەر سنگی لەشکری فاشستەکان سرەوتیان پێ گرت.

پیادە و لە پێشیانەوە تانك بەقەد پاڵی شاخا هەڵدەکشان. لەناو سەنگەرەکانەوە هیچ دەنگێك نەبوو. چاوەڕوانی تاکە تۆپیان دەکرد. وەها رێك کەوتبوو. ئەگەرچی هەندێکیش لە شەڕوانان ئارامیان لەبەر بڕابوو. هاوڕێی ئەفسەر دووبارە وتی:

– لەسەرپێ بن.

چەند ساتێك بێدەنگ بوو. کەوتەوە قسەکردن:

– وەك پێم وتن دەبێ هێجگار خێرابین لە تەقەکردنا. پێویستە دوژمن نەزانێت کە تاکە تۆپێکمان هەیە. دەبێ سەریان لێ بشێوێنین.

فاشستەکان هێشتا هەر هەڵدەکشان. جار جار ئەوەستان و لەم بێدەنگییە سەریان سوڕ دەما. زۆرتر هەڵکشان.

لە ناکاو زرمەیان لێ هەڵسێنراو لەگەڵیا زارەترەك کران. گوللەی تاکە تۆپ سەری لێ نەکردن. یەکەمیان تانکێکی هەڵگێڕایەوە و سەر بەرەو خوار تلۆری کردەوە.. دووەم.. سێیەم.. چوارەم سەربازیان قەڵاچۆ کرد. خۆ هەر لە هەمان کاتدا لێزمەی بارانی رەشاش و تفەنگی شەڕوانانی ناو سەنگەرەکانیشیان بەسەردا داباری. لەشکری فاشستەکان کە چاوەڕوانی هەموو شتێکیان ئەکرد تەنیا گوللەبارانی تۆپ نەبێ وەها تۆقین و شڵەژان کە هەر هەنگاوێکیان کرد بە سێ و بەرەو دوا هەڵاتن. تاکە تۆپ تا لە راکردنیشیانا لە کۆڵیان نە دەبوەوە... بە دوایانەوە بوو.

هاوڕێی ئەفسەر وەختێك وتی ″بەس″ کە سندووقی یەکەمیان بەتاڵ کرد. وەختێکیش دووربینەکەی نا بە چاویەوە و ڕوانییە دوژمن کە کەمێك لە دامێنی شاخ دوور کەوتبوونەوە و ئینجا گیرسابوونەوە. لە سەروسیمایانا ترس و سامێکی کوشندەی بەدی دەکرد. خۆی پێ رانەگیرا دایە قاقای پێکەنینێکی بە کوڵ. بۆ گاڵتەوگەپیش بە دوو هاوڕێکەی تەنیشتی وت:

– دڵنیام چەندمان لێ کوشتوون، هێندەشمان لێ زارەترەك کردوون. هەرگیز

بەخەیاڵیانا رانەدەبورد ئاوا لە ناکاو تۆپیان لێ بکەوێتە کار.

هێندە شادمان بوو، دەمی نا بە لێوی تۆپەکەوە ماچی بکات، بەڵام وەك لە گەرمەی خۆشییا هەواڵێکی هێجگار ناخۆشی بدەیتێ ئاوەها راچەنی و ڕووی گرژ بوو. چاوی بە لوولەی تۆپەکەدا داچەقاند و حەپەسا.

دوو هاوڕێکەی هەستیان پێ کرد. ئەوانیش کشومات بوون و سەرسام مان. تا یەکێکیان لێی پرسی:

– هاوڕێ ئەوە چیتە؟

وەرامی بۆ نەدرایەوە تەنیا پەنجەیەکی درێژ کرد بۆ لوولەی تۆپەکە. هەردووکیان لێی چوونە پێشەوە. سەرنجێکیان دایە.. تەڵەزمێکی بچووك لە لوولەکەی بووبووەوە و دەمەکەی کەل کردبوو. یەکێکیان هەر خێرا هاواری کرد:

– تۆپەکەل.. هێی تۆپەکەل.

هاوڕێی ئەفسەر نە لەم قسەیە گەیشت. وە نە گوێشی لێ گرت. پەست بووبوو.

هاوڕێی سەرکردە و دووانی تر لەگەڵیان پەیدابوون. هەر یەکسەری باوەشی کرد بە هاوڕێی ئەفسەرا و وتی:

– ئەوەی تاکە تۆپ بە فاشستەکانی کرد، با بە دەواری شڕی نەکردووە.

هاوڕێی تەك ئەفسەر لەولاوە هەڵی دایە و وتی:

– هاوڕێ مەڵێ تاکە تۆپ، بڵێ تۆپەکەل. ناومان نا تۆپەکەل.

– چۆن؟

– وەرە.. بڕوانە.

هاوڕێی سەرکردەش دایە قاقای پێکەنین و وتی:

– ڕاست دەکەی.. تۆپەکەل.

بەڵام کە سەرنجێکی دایە هاوڕێی ئەفسەر قاقای پێکەنینەکەی کپ بوو. بە ڕووی پڕ پەژارەواریدا زانی کە لە جێی پێکەنین خەفەتباری ئەوێ. لێی پرسی:

– ئاخۆ لە کەڵکی دەخا؟!

هاوڕێی ئەفسەری هەر بە خەفەتبارییەوە وتی:

– ترسی ئەوەی لێ دەکرێ.. ماوەی چاککردنیشمان نییە، ئەگینا چاکمان دەکرد.

– هـەر چـۆنـێك بـێ ئـەركـی سەرشانـی خـۆی بـەجـێ هـێنـا. ئـەوەی كـردی شـایـانـی سوپـاس و ستـایشە. دوای كـەمێك بێدەنگی دووبـارە وتـی:

– لەگەڵ ئەوەشا ئێوە تەقەی پێ بکەن. چار نییە هـاوڕێی سەرکردە گەڕایەوە جێی خۆی . ئەوسا هـاوڕێی ئەفسەر کە مـانـای ئەم وتـەی تۆپەکەلەی لە دڵا بووبوو بە گرێ، پرسی:

– تۆپەکەل مـانـای چییە؟ مەبەستتـان چییە؟ هـاوڕێی خـاوەن وتـە خۆی بۆی گێڕایەوە و وتی:

– لەنـاو كوردەواری ئێمـەدا بـاوە كە گوایە لـە زەمـانـی عوسمـانییەكانـدا تۆپێك هـەبووە كـوتـومت وەك ئـەوەی ئـێمـە تـەڵـەزمـێك لـە لێواری لـوولـەكـەی بـووەتـەوە. لـە شـەڕێكدا لەشكری عوسمـانییەكان كە لەشكری موسڵمـانـان بووە، زۆری بۆ هـاتووە و لـەلایـەن دوژمنیـانـەوە قـەڵاچۆیـان تـێ خراوە. تۆپەكـەلیشیـان پـێ بووە. سـەركـردەی لـەشكرەكە هێندە وەڕس و بێزار بووە لـە تـاوا هـاواری بردووەتـە بـەر تۆپەكـەل.. بـەر ئـەو ئـاسنـە بـێ گیـانـە. ئیتر سا بـەڕاستی بووە، یـا هـەر لـە داخ و خـەفـەتـا.. زۆری لـێ پـاڕاوەتـەوە و پێی وتووە: ″تۆپەكەل وا لەشكری موسڵمـانـان بـەقڕ چوو، وا كـافرەكـان قـەڵاچۆیـان كردین، هـەواڵێك... كۆششێك... بجووڵێ.. فریـامـان كـەوە″ ئیتر تۆپەكـەل نـەعرەتـەیـەك لـێ دەدا و پێش لـەشكر دەكـەوێ. وەك بـارانـی شەستە، گوللـە دادەبـارێنـێ بـەسەر دوژمنـا و قڕیـان تـێ دەخـا. لەشكری دوژمن هـەڵدێ و تۆپەكـەل بـە نـەعرەتـە لێدان و گرمـە و نـاڵـە بـە دوایـانـەوە. جا منیش تۆپەكەی خۆمـانم بـەنـاوی ئـەو تۆپەكـەلـەوە نـاونـا.

″ هــاوڕێی ئــەفسەر دایــە قــاقــای پــێكـەنین و بــەگــازی پشتــا دەكــەوت. هــەر بــەدەم پێكەنینەكەیەوە چوو بەلای تۆپەكەوە. ئەویش وتی:

– تۆپەكەلە دەستم دامێنت شەق نـەبـەی. لەشكری فـاشستـەكـان دێنـەوە سەرمـان. ئـەمڕۆ.. سبـەینێ دوو سبـەی. هـەر تـەنیـا ئـەو بیست گوللـەیـەشم بۆ دابـارێنـە بـەسەریـانـا و ئیتر سوپـاسێكی بێ پـایـان.

بـەپـێكـەنـیـنـەوە كـەوتـە قسەكـردن كـەچـی وردە وردە گـونجا لـەگـەڵ قسەكـانیـا و پێكەنینەكەی كپ بوو. هـەر وەكو ئەم پـارانـەوەیـەی لـە تۆپەكەل لـە كـانگـای دڵییەوە بێتە دەرەوە.

***

ئەو بەیانییە هەر لە کاتی کشانەوەی پیادەی فاشستەکانەوە تا دەمەدەمی نیوەڕۆ. دوژمن بە تۆپ ناوشاخی کوتا. شێت و هار بووبوون. وەك بارانی شەستە گوللەی تۆپیان بەسەرا دادەباراندن. دیار بوو بەشی زۆری بە خەیاڵی دوژمن ئاراستەی تۆپەکەل دەکرا. تۆپەکەلیش بەبێ ترس و زۆر ئاسوودە دەمە کەلەکەی بەڕووی دوژمنا داچەقاندبوو. لە دەمەدەمی نیوەڕۆدا هێرشێکی تریان هێنا ئەم جارە پشتی خۆیان بەڕیزێك تۆپی هاوەن قایم کردبوو کە بەرەو دوا لەگەڵیانا دەهات. تۆپەکەل داخوازییەکەی هاوڕێی ئەفسەری جێبەجێ کرد. ئەم جارەش تەقەی کرد، ئەم جارەش قەلاچۆی خستە دوژمن و سەر بەرەو خواری کردنەوە. هەروەکو خۆشی مایەوە. تەنانەت زامەکەی سەرلێویشی هەر لە جێی خۆی بوو. پەرەی نەسەند. هاوڕێی ئەفسەر لە خۆشییا پەیتا پەیتا دەیوت:

– تۆپەکەل سوپاس... تۆپەکەل سوپاس.

ئیتر دوژمن کپ بوو.. ژەهراوی ژێرکەوتنی ئەو رۆژەی نۆشی لەسەر دەستی تۆپەکەلا.

***

بۆ رۆژی دوایی تۆپەکەل دەبوو وەك تۆپەکەلی موسڵمانەکان بهاتەیە دەس.

هەر لە بەرەبەیانەوە فاشستەکان زۆر بە ڕقەوە بە تۆپ کەوتنە گوللەبارانی شۆڕشگێڕان و وەختێکیش هەتاو کەوت سێ فڕۆکە بە گرمە و ناڵە کەوتنە ئاسمانی شاخ، بەسەر سەری شۆڕشگێڕانەوە. ئینجا ئەوان کەوتنە بۆمبابارانی. ئاگریان دەهاوێشتە خوارەوە بەسەر شاخا. ئەوان خۆیان بەتاڵ دەکردەوە و دەڕۆیشتن، تۆپ دەستی پێ دەکرد. تۆپ ئەوەستا ئەوان پەیدا دەبوونەوە تا چێشتەنگاو ئەمە پیشەیان بوو. شاخ بوو بە پارچەیەك ئاگر و چڕە دووکەڵی بەری ئاسمانی دەگرت. درەخت و دەوەنی تەڕ وەك خەرمان گڕیان لێ هەڵدەسا.

زۆر سەنگەری شۆڕشگێڕان بۆمبان هەڵی تەکانن. زۆی تریش گڕی ئاگر زۆری بۆ هێنان و شەڕوانان لێی دەرپەڕین، بەڵام ئەوانی تر لە جێی خۆیان فزەیان بۆ نەکرد و خۆیان بە سەنگەرا داکوتا.

بەڵام تۆپەکەلی تۆپخانەی شۆڕشگێڕان، ئەویش لە ئاستی خۆی جووڵەی بۆ نەکرد. دەمی بەڕووی دوژمنا هەر داچەقاندبوو. گوللەی شازدەم لەناو ورگیا کشومات هەر

چاوەڕوانی دەرپەڕین بوو. بۆمبایەك لە بەردەمیا دای بە زەوییا، تەنیا کەمێك گڵ و خۆڵی هاویشت بەسەریا. هەر زوو هەرسێ هاوڕێ کەوتنە پاککردنەوەی. یەکێکی تر لە تەنیشتی لای ڕاستەوە زۆر نزیك گرمەی هات.. زەوی لەرزی.. خەریك بوو بەلای چەپا بەلادا بێت. خۆی خۆی گرتەوە و وەك جارانی قنج وەستایەوە. دوا هێرشی فڕۆکەکان لە چێشتەنگاوا بوو. ئەو دوا هێرشەیان تەرخان کردبوو بۆ تۆپەکەل. هەرچییان پێ بوو بەدەورووپشتی ئەوا، بەسەر ئەوا دایان باراند. تۆپەکەل لە جێی خۆی جووڵەی بۆ نەکرد. ڕووی دەمی کەلی هەر لە سینەی دوژمن بوو. بەڵام.. بەڵام ئەوانەی نازیان دەکێشا.. ئەوانەی پاروویان دەهاویشتە ورگیەوە... سێ پاسەوانەکەی پێوە بوون. بۆمبایەکی فاشستەکان لەبن دەستیانا تەقییەوە..

خستنی هاوڕێی ئەفسەر کە هەڵسایەوە، بەر لە هەموو شتێك ئاوڕی بەلای تۆپەکەلدا دایەوە.. هێشتا هەر قنج و قیت بوو. تەنیا هەندێك دار و پەردووی بەسەرا کەوتبوو. هاوڕێی یەکەم.. خەڵتانی خوێن بوو. بەسەر دەما لەگەڵ زەوییەکەدا جووت بووبوو. هاوڕێی دووەم.. سوپاس.. هەڵساوەتە سەرچۆك، چاو دەگێڕێ. خۆی.. ئا خۆشی.. ڕانی چەپی ئەزریکێنێ.. خوێن چۆڕاوگەی تێ بەستووە. ئاسانە شان و قۆڵی ساغن.

هاوڕێی یەکەم پەکی کەوتبوو. خوێن لە دوو زامەوە وەك فوارە فیچقەی دەکرد. هەردوو هاوڕێ بەدیاریەوە دانیشتن. لە چاویانا فرمێسك و لە دەروونیانا تەوژمی رق و کینە جۆشی دەدان. بە کراسی بەریان برینیان پێچا، خوێن کراسی سپی ئاڵ کرد.

فڕۆکەکان گرمەیان بڕا بوو. دەنگی تۆپیش نەدەهات. ئەمان بە هاوڕێی بریندارەوە خەریك بوون، هاوڕێی بریندار خۆی بەئاگای هێنانەوە پچڕ پچڕ وتی:

– بەمنەوە.. خەریك.. مەبن.

ئەوسا هاوڕێی ئەفسەر راچەنی. وەك شتێکی لە بیر چووبێ و لە ناکاو بیری بکەوێتەوە. خۆی کێش کرد و بە دووربینەکەی سەرنجێکی دا. بەڵام پێویستی بە دووربین نەبوو لەشکری فاشستەکان گەیشتبوونە بنار. هاواری لە هاوڕێی دووەم کرد.

– فریاکەوە.. گەیشتوونەتە بنار... خێرا ، ئەو دار و پەردووە لەسەر تۆپەکە پاك بکەرەوە.

هاوڕێی دووەم دەستوبرد تۆپەکەلی ئامادە کردەوە بۆ تەقە کردن. هاوڕێی ئەفسەر

زامەکەی رانی ئازاری زۆر دەدا. بەکێشمەکێش بەدوای خۆیا رای دەکێشا. تۆپەکەل گرمەی لێ هەڵسایەوە. سەنگەرەکانیش زرمەیان لێ هەڵسایەوە و دۆزەخیان نیشانی فاشستەکان دەدا. تۆپەکەل و رەشاش و تفەنگی شەڕوانانی ناو سەنگەرەکان گوللەیان ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرسنگ و ناو دەمی دوژمن دەکرد. بەڵام دوژمن دەبوو گوللەی ئاراستەی گڕی ئاگر و چڕە دووکەڵ، یاخۆ بەردی رەقی شاخ بکەن. لەگەڵ ئەوەشا سوور بوون لەسەر ئەوەی هەر سەرکەون. تۆپەکەل هەر گرمەی دەهات. هەر گرمەیەکیشی تەوژمێکی تری کوڵنەدانی دەکرد بە دەروونی شەڕوانانی ناو سەنگەرەکانا.

تۆپەکەل هەر نالەی دەهات. بەڵام سندووقی دووەمی پێخوری لە دەمێکەوە بەتاڵ بوو. سنووقی سێیەمیش نیوەیی بووبوو. تەنیا پێنج پارووی ترە و ئیتر دەبێ کپ ببێ. دوژمنیش هێشتا هەر سوورە لەسەر هەڵکشان بە شاخا.

هاورێی ئەفسەر بە زۆرداری بە دانیشتنەوە خۆی رادەگرت. چۆڕاوگەی خوێن بە ڕان و قاچیا چۆڕابووەوە بۆ سەر زەوی. لەسەر زەوییەکەش بەدەوری قاچیا پەڵەیەکی گەورەی لێ سوور کردبوو. خوێنی زۆر لەبەر رۆیشتبوو. هێشتا هەر لەبەریشی دەرۆیشت. هەستی بە بوورانەوە دەکرد. دەتوت یەکێك بەتوندی دڵی هەڵدەگوشێ. پێڵووی چاوەکانی قورس دەبوون و بەسەر یەکا ئەلکان.

– هاورێ دەرەوە لە چییایە؟

خۆی دەرەوەی نە دەبینی. نەیدەتوانی خۆی بەرزبکاتەوە بڕوانێ.

– دوژمن لە جێی خۆیەتی.

هەستی بوورانەوەی تا دەهات زۆری بۆ دەهێنا.

– هاورێ چەند گوللەمان ماوە؟

– سیان.

فەرمانی دەرکرد:

– دەی...

گوللەی بیست و حەوتەمیش نالەی هات.

– دەی

بیست و هەشتەم.

– دەی

بیست و نۆیەم.

–... .

فەرمان نەبوو.

–هاورێ گوللەی سییەم.

–.... فەرمان بۆ گوللەی سییەم نەبوو. هاوڕێی ئەفسەر چاوی نووقابوو.. بەلادا هاتبوو... لە هۆش خۆی چووبوو. سییەم گرمەی نەهات. بەڵام فاشستەکان چنگ لەسەر شان بەرەو دوا ڕایان دەکرد. دەکشانەوە. شەڕوانان وەك شێری ناوبێشە لە سەنگەر دەرپەڕیبوون. هەڵمەتیان بردبووە سەر فاشستەکان.

– هاوڕێ.. هاوڕێ دوژمن کشایەوە.. فاشستەکان رادەکەن.. هاوڕێی ئەفسەر گوێی لێ نەبوو. لە دواییدا بیستی.

## نان و کەوەری خویناوی

مارفی کۆڵهەڵگر ئەو ئێوارەیە، گەلێ دڵخۆش و ئاسوودە بوو. دەسکەوتی ئەو رۆژەی، خۆی دابوو لە سێ چارەکە دینار. بگرە بەدرێژاییی هەفتەی رابوردووی، دەسکەوتی هیچ رۆژێکی لە نیو دینار نەهاتبووە خوارەوە. ئەو لەو چەند مانگی دواییەدا، ئەمەی بەدەگمەن بۆ هەڵکەوتبوو. چونکە لەو ماوەیەدا، رۆژانێکی ئەوتۆی بەسەر بردبوو، کە یا هەر هیچی دەست نەدەکەوت، یا لە سێ چوار پەنجایی تێپەڕی نەدەکر. ئەوەش مەمرەومەژی ژیانی پێ بەسەر دەبرد. بۆیە ئەمرۆ بەدەم رێوە، بە ئاسوودەیییەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا و دەیوت:

– بەوەی ئەمڕۆوە کە پێم ماوە، دەکاتە سێ دینار و چارەکێك.

وا زستانیش نزیك بووەتەوە. دینار و نیوێکی منداڵەکانی پێ پۆشتە دەبنەوە. خۆشم بەڵکو بتوانم قاپووتێکی فەردەی لێ بکڕم. خوا ماڵی ئەو کەسە ئاوا کا، کە جلوبەرگی فەردەی داهێنا. بەڕاستی شتی وەهای تێدا هەڵدەکەوێ، کە ئەگەر بەدروستکردنی بدەیت، پارەیەکی بێش وماری تێ دەچێ. خوا سەرفرازیان بکا. سبەینێ دینار و نیوێك دەدەم بەخەجە، با بچێ بەئارەزووی خۆی کام جلوبەرگ گەرم و قایمە، بۆ خۆی و منداڵەکانی هەڵبگرێ. خۆشم لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەناو بازاڕدام. خۆ بەخوا بەچواردە پازدە پەنجایی دەستیشم ماچ دەکەن. ئینجا ئەو حەلە زستان، با هەر زوقم و بەفر و بارانی خۆییم بەسەردا ببارێنێ.

ناسیاوێکی وەك خۆی کۆڵهەڵگر، بەلایدا رابورد و سڵاوێکی گەرمی لێ کرد. ئەمیش زنجیرەی خەیاڵە خۆشەکەی پچڕاند و گەرمتر وەرامی دایەوە. بەدوایدا وردە وردە بەدەم رۆیشتنەوە، چووەوە سەر هەمان باسوخواز:

– ئەگەر وەهابێ، من هێشتا دینارێکم لە قاپیدا بۆ دەمێنێ. لام وایە ئەویش بدەم بەئازووقە بۆ زستانەکە، لە هەموو شتێکی تر باشترە. دەیدەم بەنیسك و نۆك. نانا.. بیدەم بە ڕەیەك گەنم و بیهاڕم و لە ماڵەوە، بۆ کاتی تەنگانەی دابنێم گەلێ باشترە!. دوور نییە سبەینێ وەزعەکە ئاڵۆز ببێتەوە و هەمدیسان بقڵیشێتەوە!.

مارفی کۆڵهەڵگر لەم بەرچاوە تاریکییەیدا ناهەقی نەبوو. باری ناوشار هەردەم بۆ ئاڵۆگۆڕێکی ئەوتۆ لەسەر پێ بوو، کە بەبیری هیچ کەسێکدا نەیەت و نەتوانێ، خۆی لە

کارەسات و بەسەرهاتی لە ناکاوی و لە دەرد و مەینەتی و بەڵای ناگەهانی بەدوور بگرێ. ئەو کە بەپێداچوونەوەیەکی خێرا، گشت رووداوەکانی پێشووی ناوشاری هێنانەوە بەرچاو و، ئەو سزا و ئەشکەنجەی نەبوونی و برسێتییەی بەیاد هاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو رووداوانەدا چەشتبووی، لە دڵدا بەرەزامەندییەوە وتی:

– کە رِبە ئاردەکەم لە ماڵەوە هەبوو، بەس نییە ئەم جارە خوانەخواستە ئەگەر قڵیشایەوە، دەتوانم لە ماڵەوە خۆم مت بکەم و بەنانە وشکییەکەش بێ بیگوزەرێنین، هەتا خوا سەرلەنوێ دەروویەکی رەحمەتمان لێ دەکاتەوە.

باسی قڵیشانەوە و کارەستە سامناکەکانی، رستێك پرسیاری لە مێشکیدا بزواند. لە دڵدا وتی:

– باشە ئەمە بۆ؟!.. ئەم گەرەلاوژێیە تاکەی؟. من سەرم لەم کارە دەماسێ!. هەر هێندە دەزانیت لە ناکاوێکدا دەقڵیشێتەوە. دەبێتە تاقوتۆق و بگرەوبەردەیەك ئەوسەری دیار نەبێ. دواییش کە گەردەلوولەکە دەنیشێتەوە و شار وەك شاری مردووانی لێ دێ، سەیر دەکەیت لەم سەرجادە یا لەو ناوکۆڵان یا لەناو فلانە ماڵدا، چەند لاشەیەك خەڵتانی خوێنن و فەوتاون. سەیرە!.. بەراستی سەیرە!. ئەمە بۆچی و لەپای چی؟.

ئینجا دوای کەمێ پێوە خەریکبوون و بیرلێکردنەوە، دیسان لە دڵدا بەبێزارییەوە دەیوت:

– ئەمە لە خۆرایی نییە. دەبێ شتێك لە ئارادا هەبێ. بەڵام ئەوەی راستی بێ، من تێی ناگەم و سەری لێ دەرناکەم.

کە هەر بیری لێ کردەوە و سەری لێ دەرنەکرد، وازی لێ هێنا و بیری بۆ لای ماڵەوە چووەوە.. بۆ لای ژنەکەی و منداڵە وردەکانی و وتی:

– بەس نییە من خوا ژنێکی کارامەو سێ منداڵی جوان و ساغ و سەلیمی داومێ، کە ژیانم رۆشن دەکەنەوە و تینم دەدەنە بەر، بۆ ئەم رەنجی فەرهادەی دەیدەم. ئیتر من چیمە بەسەر ئەم باسوخوازانەوە؟!. وتراوە نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب. دیارە دەبێ ئەوانەی ئەو رێگەی قڵیشانەوەیەیان گرتووەتە بەر، نە ژنیان هەبێ و نە منداڵی ورد. ئەی ئەگینا چۆن زات دەکەن ئەو رێگەیە بگرنە بەر؟.

ماوەیەکی تر بەدەم ئەم جۆرە قسەوباسانەوە رۆیشت. شەش نان و سێ دەسك کەوەرەکەی لە بندەستی توند کردبوون. کە بەبیری هاتنەوە، دەستی برد پارچەیەکی

لە نانەکان هەڵپچڕی و نایە ناو دەمی. ماوەیەك جوویی و ئینجا بەتاموکامەوە قووتی دا. ئەوە هەستی برسێتیی لێ بزاند و لە دڵدا وتی:

– تۆ بڵێیت خەجە شۆربایەکی گەرموگوڕی نەرمەقووتی لێنەنابی، کە ئێستا بڕۆمەوە و ورگمی بنێمەسەر؟. خۆزگە شۆرباکەش لەپەساوەرێکی ئاوداری هەریسەیی دەبوو. دەزانم لەپەساوەریان بەپلەگۆشتی چەورەوە وتووە. دەشزانم کە ئێمە ئەمڕۆ وەك زۆربەی ڕۆژانی تر، نە پلەگۆشتی چەورمان هەبووە و نە بێچەوری. بەڵام هەر قایلم.. تەنیا بەڕۆنیش بێ هەر قایلم. کورە بگرە بەبێ ڕۆنیش هەر کرەی بۆ دەکەم. تەنیا هێندەم دەوێ باش کوڵابێ و وەك کەشکەك لیقاوی دابێتەوە. بەمەرجێکیش ئاوداربێ. ئای کە لەگەڵ ئەم نان و کەوەرەی بندەستمدا بەتامە.. ئای کە بەلەزەت و بەتامە!.. ئای کە!...

ئا لەم ساتەدا چەند هەنگاوێك دوور لە مارفی کۆڵهەڵگرەوە، قڵیشایەوە و زۆر خراپ قڵیشایەوە. یەکەم جار سێ تەقەی یەك بەدوای یەکدا شڵپەیان هات. بەدوایدا چەند ریزێك کرا و ئینجا، خرموهووڕ دەستی پێ کرد. ئەمە هەمووی لەچەند ساتێك پتری نەخایاند.

مارفی بەسزمان هەر لە تەقەی یەکەمەوە، وەك هەموو جارەکانی لەوەبەریشی، تەکانی دا بەخێرایی هەنگاو هەڵبێنێتەوە و هەتا هێزی تێدایە، بداتە چوارناڵە و خۆی قورتار بکا. کەچی سەرەڕای ئەو هەموو وریایی و دەستوبردەی کە کردی، بەفریا نەکەوت و کار لە کار ترازا. گوللەی وێڵ گەلێ لەو بەدەستوبردتر بووبوو. لە ساتێکی زووترەوە چزابوو، بەگازەرای پشتیدا و راست رووەو گوڵمی دڵی، خۆی کوتابوو. لەو ساتەدا تەنیا هێندەی هەست بەخۆی کرد، کە کسپەیەکی تیژی دەمەگوێزانی دڵی ئاگر دا. ئیتر بەدوایدا هەستی بەهیچ نەکرد و تەنانەت، تۆزقاڵێکیش ئازاری نەچەشت. لەپەڕوو بەدەمدا هات و بێ هیچ پەلەقاژەکردنێك، لە جێی خۆی خپ بوو. نان و کەوەرەکەی بندەستیشی، کەوتنە بەرچۆڕاوگەی خوێنە گەشە ئاڵەکەی و، لە بریی رەنگە سپی و سەوزەکەیان، رەنگی سووری ئەویان لەخۆ گرت.

لە ماڵەوە بەو شێوەیەی بەئاواتەوە بوو، ژنەکەی لەپە ساوەرە بەتامەکەی بۆ لێنابوو. سێ منداڵە وردیلە جوانکیلەکەی، پەیتاپەیتا بەدەوری مەنجەڵەکەدا دەسووڕانەوە و پەلەی تێکردنیان لێ دەکرد. لە کاتێکدا ئەو دەمێك بەخەڵەتاندن و دەمێك

بەهەڕەشەلێکردن تەفرەی دەدان، بەو نیازەی ها ئێستا ها ساتێکی تر باوکیان دێتەوە و ئەوسا پێکەوە بەوپەڕی شادمانییەوە، دەچنە وێزەی مەنجەڵە لەپەساوەرەکە. کەچی ڕۆژ داخزایە پشتی کەلەوە. مەلا بانگی ئێوارەی دا.. دنیا تاریك داهات و باوکە هەر دیار نەبوو!.. باوکە لە مەیتخانەکەی خەستەخانەی سەرەوە، لاشەیەکی بێ گیانی خەڵتانی خوێنێکی وشکەوەبوو بوو، کە بە کەمتەرخەمییەوە لەو ناوەدا فڕێ درابوو.

١٩٦٩

# خوویەکی پووچ

لە خۆیەوە زەردەخەنە دەیگرت و وەك گاڵتەی بەشتێك بێت، بەدەمیەوە سەری بادەدا. کەسی لە تەکدا نەبوو. بەتەنیا لەسەر کورسییەکی تاك، لە سووچێکی چاخانەکەدا رووەو شەقام دانیشتبوو. بەچاو سەرنجی دەدایە مەردمی سەرشەقامەکە و بەهۆش، ئالآبووە کلآفەیەك باسوخوازی هەمەچەشنە. زووزوو زەردەخەنەکە و سەربادانەکەی دووبارە دەکردنەوە. ناسیاوێکی بەلایدا تێپەڕی. لە ئاستیدا وێستێکی کرد و بە پێکەنینەوە وتی:

– ئەوە چ خێرتە؟. لە خۆتەوە زەردە دەتگرێ و سەر بادەدەیت؟.

ئەم چاوێکی کەمتەرخەمیی بۆ هەڵبڕی و سەرنجێکی قووڵی دایە. ئینجا بەدەم زەردەخەنەکەیەوە لە وەرامدا وتی:

– هەر کەسە و خووی تایبەتیی خۆی!.

ئەو بیٚ لێکدانەوە وتی:

– جا گوایە خوو نەمابوو بیگریت، ئەم خووە پووچ و بیٚ مانایە نەبیٚ؟.

تەنیا هێندەی وت و ئیتر، پشتی تیٚ کرد و جێی هێشت. ئەمیش هەمدیس سەرێکی بادایەوە و لە دڵدا وتی:

– ئاژەڵ!.

بەدوایدا رووی بۆ سەرشەقامەکە وەرگێڕایەوە و کەوتەوە هەڵڕوانین. کات دەمەدەمی ئێوارە بوو. خەڵکەکە بەخێرایی بەشەقامەکەدا رادەبوردن. زۆربەیان بەرەوژوور دەبوونەوە.. بەرەو ناومال و منداڵ و لانەی گەرم.

– ئا.. بەرەو ناومال و منداڵ و لانەی گەرم!.

لە دڵدا ئەمەی وتەوە و لەگەڵیدا دەموچاوی گرژبوو. بیٚ چاولادان لە شەقامەکە، تفێکی رۆکردە سەرزەوی. ئنجا بەدەنگی بەرز لەبەر خۆیەوە وتییەوە:

– ئاژەڵ!. بیر و هۆشی لە گرێژنە چووبوو. ماوەیەکی زۆربوو ئەو خولیایە لە کەللەی دابوو، کە لە ژیان تیٚ بگا.. کە مانای راست و دروستی بوون و نەبوونی دەست بکەویٚ.

دەمێك بوو هەست و نەستی خۆی هەڵدەگوشی. مێشكی خۆی دەجوو. لەگەڵ زۆر كەسدا دوا. گەلی كەس قسەیان بۆ كرد و بەچەندان باردا بۆیان لێكدایەوە. كەچی ئەنجام، بەو خووە پووچە بێ مانایە شكایەوە.. بەوەی لە خۆیەوە زەردەخەنە بیگرێ و سەری گاڵتەپێهاتن بابدا!. زەلامێكی پۆرخزی چڵكنی دەموودان ژەنگاوی، لەپی دەستێكی زلی بێرەزای لە تەنیشتیەوە بۆ درێژ كرد، تانووساندی بەسنگییەوە و وتی:

– لە ڕێی خوادا نانێك. ئەم لەسەر پیشەی خۆی، چاوێكی كەمتەرخەمیی بۆ ئەویش هەڵبڕی و، سەرنجێكی قووڵی لێ گیر كرد. دوا جار لێی پرسی:

– نانت بۆ چییە؟!.

كابرای سواڵكەر ساكارانە لە وەرامیدا وتی:

– دەیخۆم.

ئەم دیسان لێی پرسی:

– جا بۆچی دەیخۆیت؟.

سواڵكەرەكە گاڵتەی بە پرسیارەكە دەهات. پێكەنی و ریزی ددانی ژەنگاویی خستنە ڕوو. لە وەرامدا وتی:

– قوربان بۆ ئەوەی بژیم.

كە ئەم جارەش رووی پرسیاری تێ كردەوە:

– جا بۆچی بژیت؟.

ئیتر سواڵكەرەكە دەستی كێشایەوە و بەخێرایی لێی دووركەوتەوە. لە دڵیشدا پەیتا پەیتا دەیوت:

– خۆ سەروسیمای لە دوورەوە لە شێت نەدەچوو!

ئەمیش كاتێ رووی بۆ سەرشەقامەكە وەرگێڕایەوە، لەلای خۆیەوە لە دڵدا دەیوت.

– گەماڵباوكە تەریق نابێتەوە. دەیەوێ بژی!. سەیرە!. سەرەڕای ئەو حاڵەشی دەیەوێ بژی.!

بەدوایدا زەردەخەنەكە دایگرتەوە. چكەیەكی لە دەم دەرپەڕاند و سەری بادایەوە:

– بۆ؟!.. ئاخر بۆچی دەیەوێ بژی؟.

یەك لەسەر یەك ئەم پرسیارەی لە دڵدا دووپات دەکردەوە، کاتێ کابرایەکی کەوا و سەڵتەلەبەری ملخووگی چارەگرانی بەسەر شەقامەکەوە بینی، کە بەڕیزە دووکانە تازەکانی ئەوبەریدا هەڵدەڕوانی. هەر زوو پرسیاری ئاراستەی ئەویش کرد:

– ئەی تۆ گەورەم.. پیاو ماقووڵەکەی شار.. ئەی تۆ بۆچی دەژیت؟.

کابرا لە دەوڵەمەندە ناودارەکانی شار بوو. لە ڕەزیل و پیسکە بەناوبانگەکانیشی بوو.

– باشە با بڵێین هێندەی تریشت سامان و زێڕ، نایە بان ئەوەی کە هەتە. وا دە، پەنجا سەد ریزە دووکانی تریشت پێکەوەنا، ئینجا چیی تر؟. خۆ بەخوا تەمەنت حەفتا نەبێ شەست دەبێ. شەستیش نەبێ پەنجا هەر دەبێ. خۆ بەخوا هەموو سامان و زێڕەکەت.. گشت ریزە دووکانەکانت قەت ناتوانن ببنە چەپەر لە نێوان تۆ و نەبووندا. دووریش نییە لەگەڵ ئەو سواڵکەرە گەماڵباوکەدا، لە دەریای بێ بنی نەبووندا، بکەونە تەنیشت یەکەوە.

لە کاتێکدا کە چاوی بەسەر کابرای کەوا و سەڵتەلەبەردا ڕوابوو، بەم شێوەیە خۆی دەدواند. ئنجا بۆ ماوەی چەند ساتێك تاس بردییەوە. لەوساتانەدا نەدەدوا. بیری نەدەکردەوە. هەستی بەهیچ نەدەکردەوە. هەستی بەهیچ نەدەکرد و چاویشی هیچی نەدەبینی. بگرە پێوەندیی بەبوونەوە نەمابوو. کاتێکیش هاتەوە هۆش خۆی، کابرای کەوا و سەڵتەلەبەر لەوێ نەمابوو. لە جێی ئەو کۆڵهەڵگرێك، لەسەر بەرزاییی پلیکانەی یەکێك لە دووکانەکان، کۆڵەکەی پشتی خستبوو. خۆشی پاڵی بەسەریدا دابووەوە. دەسەسڕێکی گەورەی چارۆکەیی دەرهێنابوو، ئارەقی دەموچاوی پێ وشك دەکردەوە. ئنجا قوتوویەکی تەنەکە و چەرخێکی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و جگەرەیەکی زەلی ئاگردا. زۆر بەپەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی. کابرای کۆڵهەڵگر دەحەوایەوە!.

سێ چوار ئەفەندیی منداڵکار، بەدەم قاقای پێکەنینەوە، بەرەوخوار بوونەوە..

دوو قۆڵچی، دوو تفەنگە شڕی ژەنگاوییان لە شاندا بوو، بەخێرایی هەنگاویان دەنا..

کرێکارێکی قوڕ بەدەستێکی سێ نان و بەدەستەکەی تری، زەرفێکی پڕ ترێ ڕەشکەی هەڵگرتبوو، گەشکەیەك بەسیمایەوە خۆی دەنواند. ئەڵقەیەکی ئاڵتوونیش لە پەنجەی دەستی چەپیدا.

کیژێکی شۆخوشەنگ، گەلێك بەلەنجەولار و بەنازەوە، رابورد و زوو لە چاو ون بوو.

گشت ئەم دیمەنە جۆراوجۆرانە، وەك فیلمی سینەما بەبەرچاویدا رادەبوردن، بێ ئەوەی بەئاستەم لەو ئەنجامەی لابدەن کە پێی گەیشتبوو. بگرە بەپێچەوانەوە، ئەنجامەکەیان پتر لەلا دەچەسپاند و ئەو باوەڕەیان لەلا پتەوتر دەکرد کە :

– مرۆڤ لە ژیانیدا ئاسنی سارد دەکوتێ و دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە.

هەر لەم ساتەدا لە ناکاو، شڵپوهووڕێك لەناو چاخانەکەدا ، پەتی ئەم سەرنجدان و بیرکردنەوەیەی، لێ پچڕاند و بەئاگای هێنایەوە. لە سەرەتادا بەهەمان کەمتەرخەمییەوە، ئاوڕی بەلای چەپیدا دایەوە و زەردەخەنەی گاڵتە پێهاتنەکەش، گشت پانایی دەمی داگیر کردبوو. بەڵام هەر لە یەکەم ساتی سەرنجدانی ئەو دیمەنەدا، کە کەوتە پێش چاوی و بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکا، کتوپڕ زەردەخەنە فراوانەکەی سەرلێوی، وشك هەڵات و دامرکایەوە. شڵپوهووڕەکە لە حەمەی شاگرد چایچییەکە هەڵدەسێنرا. ئەفەندییەکی سکۆبی لاجانگ درێژ، دابوویە بەرشەق و زللە و مستەکۆڵە. ئەفەندی داوای ئاوی فەرمووبوو، چەند دڵۆپێکی لێ ڕژابووە سەرپانتۆڵە گرانبەهاکەی.

ئەم لەگەڵ حەمەی شاگردا، گەلێ هۆگری یەکتری بووبوون. حەمە زەحمەتکێشێکی ئازارچەشتووی ئەم ژیانە نالەبارە بوو. یەکێك بوو لەو مرۆڤە زۆرلێکراوانەی، کە لە چارەیان نووسراوە، ئازار تێکەڵی ساتبەساتی ژیانیان ببێ. لەبەرئەوە زۆرجار کە چاخانە چۆڵ دەبوو، دەهات لە تەنیشت ئەمەوە دادەنیشت و بەسەرهاتی، ژیانی پڕ لە دەرد و مەینەتیی خۆی بۆ دەگێڕایەوە. ئەفەندییە سکۆبەکە تامی تێدا نەهێشت. شەق و مستەکۆڵەی وەهای دەسرەواندنە حەمەی بەسەزمان، کە مەگەر هەر لە فیلمی سینەمادا بینرابێ. حەمەی بێچارەش، تەنیا سەروسەکوتی خۆی دەپاراست و بەهیچ جۆرێك دەستی نەدەکردەوە. مستەکۆڵەیەك زەفەری بەناودەمی برد و خوێن چۆڕاوگەی بەستە لالغاوەی. چاویشی پڕبوون لە فرمێسکی زەلیلی و بێدەسەڵاتی.

ئەم بەرامبەر بەو دیمەنە، خۆی پێ ڕانەگیرا. سەربادانی کەمتەرخەمی و زەردەخەنەی گاڵتەپێهاتنەکەی، لە بیر چووەوە و لە ئاستی ئەم ستەمکارییەدا، هیچ بایەخێکی نەما. تەوژمی رقوکینەیەکی تیژ، بەرامبەر ئەفەندییە سکۆبە بێبەزەییەکە، زۆری بۆ هێنا. دنیا لە بەرچاوی تاریك بوو. حەمەی ئازارچەشتووی زۆرلێکراو، پێویستی بەپشتگیریکردن و یاریدەدان هەبوو. زۆر لەسەرخۆ هەستا و بەرەو لای

ئـەفـەنـدی چـوو. لـە نـاکـاوێکدا هـەڵـمـەتـی بـردە سەر و هـەتـا هـێزی تێدابـوو، کـەوتـە شڵپوهوور لێ هەڵساندنی. ئەفەندی ناودەمی پڕبوو لە خوێن. دەلاقەیەکیش کەوتە سەری و خوێن چۆڕاوگەی تێ بەست. وەختێکیش شەڕ و هەرا کۆتایی هات و کابرای ئەفەندی، بەسەروکوتی خوێناوییەوە لە جێی خۆی دانیشتەوە، ئەمیش ناسیاوەکەی لێی نزیك بووەوە و بەگاڵتەوگەپەوە لێی پرسی:

– راست– سەیرە!.. لە خووە تایبەتییەکەت لات دا.. بۆچی؟!.

ئەم بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە وەرامدا وتی:

– دەکەیت.. بەڵام بۆچی؟!. ئەوی راستی بێ خۆشم تێ ناگەم. خۆ هەر لەبەرئەوەشە، کە تووشی ئەو خووە پووچە بێ مانایە هاتووم.

١٩٦٩

# ریزی پسوولەی نەوت

تەوژمی پاڵەپەستۆیەك ڕای ماڵی و بەپاشی ئەوەکەی بەردەمییەوەی نووساند. ئەوەی بەردەمی لووسکەلە و جوان نەبوو، کەچی بەچاوە زەقە دەرپۆقیوەکانی، خێسەیەکی ئاگرینی ئاراستە کرد. لەگەڵ ئەوەشدا خێرا، ڕووی بەرەو دەرگە فۆرمیکا بریقەدارەکە وەرگێڕایەوە.

– خوا ماڵی ئەو کەسە کاول کا، کە بەو دەردەی بردین.

دەنگێکی گڕی پڕ لە زەلیلی، لە پشتییەوە ئەم سووکە جنێوەی دا.

– کابرا دەمی خۆت بگرە. ئەگەر ڕیشت سپی نەبووایە، بەجۆرێکی ترم لە قەڵەم دەدایت.

– بەتەرەفداری دوژمن.. وانا؟.

– هەردووکیان دەمتان لێکنێن. ئەم سیاسەتبازییە لە شوێنێکی تردا بکەن. ئێمە لێرەدا ئەم کەڵەکەترێیە، بۆ پسوولە دەکەین.

ئەوان هەرسێکیان دەمیان لێك نا. ئەم بۆ خۆی کەوتە دوو: (کامیان ڕاست دەکا؟. جنێو، یا هەڕەشە، یا پسوولەی نەوت؟!. باوکم دەیوت: ئاگر و ئاو ئامانیان بۆ نییە. من دەڵێم: دەبێ سەرماش وەها بێ. ئەی ئەگینا چۆن ئاوەها بۆ پسوولەی نەوت چوومەتە سوژدە؟)

– کورە کەمێك غیرەتتان هەبێ. ئەم پاڵەپەستۆیە چییە دەیکەن؟. ئەرێ ئەم میللەتەی ئێمە، بۆچی قەت فێری تاعەت و نیزام نابێ؟.

فەڕاشی بەردەرگە فۆرمیکاکە، وەها هاواری لە خەڵکەکە کرد. بەڵام تەوژمی پاڵەپەستۆیەکی تر، بەسەر ئەویشدا هەرەسی برد و قسەکانی لە دەمدا کرد بە شەکرا. ئەویش لە داخاندا لەودیوەوە، کلیلی لە کێلووندا سووڕاند و وای دانا کە ئیتر، تاعەت و نیزام ئەمدیوی لەواشە کرد.

–دەرگەکە بشکێنن.. ئەوان پسوولەی خۆیان و سەگی سەپانی شێخیشیان، بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

– ئێمەش سەرما تۆپاندوونی.

– پەلامار بدەن.. دەرگە لە گرێژەنە بەرن.. پسوولەی نەوتمان دەوێ. پۆلیسێکی کورد (سیانی عەرەبی لە تەکدا بوو)، هاواری لێ کردن:

– براکانم.. من رووڕەش مەکەن.. ئەوەی ئێوە دەیکەن ئاژاوەیە.

دەنگە گڕە پڕ لە زەلیلییەکە، سەرلەنوێ پاڕایەوە:

– کاکە ڕاست دەکا. قسەی پۆلیسەکەی  خۆتان لە گوێ بگرن. دار پوازی لە خۆی نەبێ نابڕدرێتەوە.

(یادت بەخێر باوکی ڕەحمەتیم. دوو تاك قەنەفە دارگوێزەکە و تەختەبەندەکەی هاوینان، بەدرێژاییی مانگی پێشوو، لەم ورچەڕێیەی ڕیزی پسوولەی نەوت بەدووری گرتم.)

– ئەو دەرگەیە وردوخاش بکەن.

– یا نەوت یا خوێنڕشتن.

– چیتان ئەوێ ئەی میللەت.؟.

– نەوت و نەوت و نەوت.

سێ پۆلیسە عەرەبەکە بەیەکداهاتن. کوردەکە پەشۆکا و هاواری لە عەشاماتەکە کردەوە:

– تکایە ڕووڕەشم مەکەن.. تکایە ئاژاوە مەنێنەوە. (نەموت؟!.. نەموت ئێسقانەکانی خۆت و ژن و منداڵت بسووتێنە و نەکەیت، بچیتە ریزی پسوولەی نەوت و غەیری نەوتیشەوە؟!. بەڵام چی بکەم!.. سەرمای بێئامان، دوو تاك قەنەفە و تەختەبەندەکەی باوکی ڕەحمەتیمی کرد بەخۆڵەمێش. ئێسکوپرووسکی چیغەکەی هاوینمانی هەڵلووشی. گوێسەوانەکانی سەربانەکەمانی قۆچکەتاش کرد. تەنانەت قژ و پەرچەمی دارتووە خزمەتگوزارەکەی حەوشەکەشمان، لە ڕنینەوە ڕزگاری نەبوو!).

– چیتان ئەوێ ئەی میللەت.

– نەوت و نەوت و نەوت.

(دوێنێ شەویش کاوە، وەك پارچە سەهۆڵێك خۆی دەئاخنییە باوەشمەوە و بۆ تۆزێك گەرمایی دەیقرووسکاند. ئەی دایکی!.. ئەویش هاواری لێ هەڵسا و وتی:

– باوکی کاوە.. سەرما کەڵبە دەچەقێنێتە پشتم.

منیش هەروا بۆ دڵدانەوەی وتم:

– ئەی خۆ پێشمەرگە لەم چوار دیوارەش بێ بەشن.

ئەو وتی:

– پێشمەرگە دەروونیان ئاگردانە. ئەوان سەرما زەفەریان پێ نابا.

من دەسەڵاتێکم نەبوو. من ئاوەها هاتمە ریزی پسووڵەی نەوتەوە).

دەرگە فۆرمیکاکە، درزێکی تێ کەوتەوە. تەوژمێکی تری پاڵەپەستۆ رای ماڵییەوە. تا سەرلەنوێ نووساندییەوە، بەپاشی ئەوەکەی بەردەمییەوە. ئەوەکەی بەردەمی، دوو چاوی پڕ لە گڕی پەستی و بێزاریی ئاراستە کردەوە.

– ببوورە.. لە دواوە پاڵ دەنێن.

– پاڵ دەنێن نانێن قیروسیا. تۆ من زۆر پەست دەکەیت.

(من پەستی دەکەم؟!. ئای لەم کابرایە چەند گەلحۆیە!. ئەی خۆ ئەوەی دوامەوە ساتێك لەمەوبەر، بۆ جاری شەشەم کۆکە قرخنە بەڵغەماوییەکەی، بەپشتی ملمدا هەڵدایەوە و تفبارانی کردم!. بەڵام ئەوەتا من، ددانی سەرمای چلەی ئەم زستانە سەختەم بەخۆمدا گرتووە و هەر نەشمداوەتە رووی. ئەرێ دەبێ نهێنی لە بوونی مرۆڤی گەلحۆدا چی بێ؟).

– پسوولەی ئەمڕۆ تەواو بوو.. سبەینێ وەرنەوە!.

فەڕاشەکە لە درزی دەرگەکەوە، بەدەنگی بەرز وەهای وت. ریزەکە وەك کوڵەوەیبابێکی قەف ئەستووربێ و حووجی تاعەت و نیزام پێی لێ نابێ، گینگڵی دا و کەوتە پێچ خواردن. ڕیزەکە خراپ گرژ بوو!. کابرا نالووسکەلەکە قیژاندی:

– ناپیاو بەسیەتی!.

ریزەکە تەکانی بۆ پێشەوە دا:

– ئەو دەرگەیە بهاڕن.

– چیتان دەوێ ئەی میللەت؟.

– نەوت و نەوت و نەوت.

– کورە مەکەن.. ئەمە ئاژاوەیە.

– تۆ بێدەنگ بە ترسنۆك.

ریزەکە لە بەردەرگە فۆرمیکاکەدا، پەپکەی خوارد و کەوتە گینگلدان.

– کەس نەترسێ.. گوللە بمانکوژێ یا سەرما، هەردووکیان هەر مردنە.

(کوشتن!.. مردن!.. ئای!.. نەوت هێندە گرینگە؟!. بابە گوێت لێیە؟!. ئەرێ بۆچی لە باتیی ئەو کونەگورگە ساردوسڕەش، دووتاك قەنەفە و تەختەبەندێکی ترت بۆ بەجێ نەهێشتم؟. بۆچی لەم ریزی پسوولەی نەوتە رزگارت نەکردم؟!.. بۆچی؟).

دەرگە فۆرمیکاکە خرایە سەرپشت. چەتەوڵێك کە چاڵی چاوێکی چاوی تێدا نەبوو، بۆشایی ناو دەرگەکەی کونبڕ کرد. چاوە سەقەتەکەی فت و لە چاوە ساغەکەیەوە، کڵپەی ئاگر شاڵاوی هێنا:

– ئەمڕۆ ئیتر پسوولە نییە. کێ سوورە لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ پسوولەی تر دەبێ هەبێ، با دەم هەڵبێنێتەوە.

ریز لە گینگڵدان کەوت و خۆڵی مردووی بەسەردا ڕژا.

– مردن کارێکی ستەمە.

– خۆ ئێمە دەروونمان ئاگردان نییە.

– ئەی نەوت؟!.. خۆ ئەمشە و گەزێکی تێ دەکا.

– لە گۆیژە دەبارێ.

– چیتان!...

– نەو!...

ریزەکە لە قەسابخانەی مێژوودا، بە شەرمەزارییەوە کەلاکی کەفەڵۆکی خۆی، دەخستە بەر مۆری رەزامەندیی حووجی تاعەت و نیز امەوە. بەڵام ئەو چاوی پەڕییە پشتی سەری..

(کەی توانیومە سەربەرزی لە خۆم دابماڵم؟. ئەو چەتەوولە یەکچاوە، دەیەوێ بەناو ناخی خۆمدا بمڕشێنێتەوە).

دەروونی بوو بەئاگردان. بەردوئەستێی تێدا لەیەکتر سوو. برووسکەی سەربەستی لە ناخیدا چەخماخەی دا:

– من...

چەتەووڵە یەکچاوەکەش، چاوی چەخماخەی دا:

– پۆلیس.. زمانی ئەو (من)ەم بۆ ببڕن.

ڕێزەکە لەژێر دەستی مۆربەدەستەکەدا ڕاچڵەکی و کەلاکی کەفەڵۆکی خۆی ڕاپسکاند:

– پێشمەرگەیە..

– لە ڕێزی پسوولەی نەوتیشدا بەگێچەڵن.

– کابرا شەرم بکە.

– پۆلیس زوو کەن.. زمانی ئەو پێشمەرگەیەم بۆ ببڕن.

– خەڵکینە زوو کەن.. دەرگەکە بەسەر ئەو چەتەووڵە یەکچاوەدا داڕمێنن. پەپکە دەروونی بوو بە ئاگرین پەپکە کرایەوە و داخرایەوە. ئەو ڕۆژە قۆناخە تفەنگ و لووتی پۆستاڵ، درێغییان نەکرد. چەتەووڵەکەش دوای ئەوەی چاوە ساغە دەرپەڕیوەکەی نایەوە ناو چاڵەکەی، دەستێکی بە بۆیمباخە ژاکاوەکەی ملیدا هێنا. ڕووی کردە فەڕاشە ڕەنگ زەرد و لێو وشکهەڵاتووەکەی و وتی:

– دەرگەکە دابخە.. ئیشی ئەمڕۆمان تەواو.

نیسان – ١٩٧٠

# ڕێگە و کاتی ون

## ١

– هەموو شت روو لە نەمانە، تەنیا نەمان خۆی نەبێ.. دارە ڕەش داگەڕاو کانی بن میچەکە، بیر و هۆشی ئەمیان دارەڕا دەکرد. گومان خوێ بوو.... هەزار و یەك زامی دەم بۆگەنی لە دەروونا دەهێنایە سوێ..

– ئاخ.....

– لە لایەن برایانی زیزییەوە پێشکێشتان کرا.

رادیۆیەکی ترانسیستر، لە ماڵە دراوسێیەکەوە دەرگەی دەنگی خرابووە سەر گازی پشت و وەهای دەوت.

– ئاخ ....

دارە ژەنگاوییەکانی بن میچەکە، لە ژمارەدا نە زیادیان دەکرد و نەکەم.

–... بوومەلەرزەیەك، داویە لە شارێك و پتر لە پەنجا هەزار کەس...

ئافرەتێك، لە رادیۆ ترانسیستەرەکەوە. کورتەی دەنگوباسی دەرەوەی دەخوێندەوە.

– کامەیە ئەو بڕیارەی سرەوت دەدا بە ئازارم؟.

ئازارەکەی، ئازاری دەرزیی بن نینۆك بوو.

– تەنزیلات!... تەنزیلات!... لە دەس خۆتانی مەدەن!.

– من حەزم لە کراسێکی ئەو (لاخەبەر) هیە!

– کچێ بێ کەڵکە.. ئەچێتەوە... من یەك جارم لە بەرکرد و فڕێم دا!.

– ... ...

– ... ...

لەناو کۆڵانەکەوە، ئەم سێمفونییە نەمرەی دەهاتە بەرگوێ.

کراسەکەی بەری (ئەختەر) ، (خەنەبەندان) بوو!.

– ئاخ !... کامەیە بڕیار؟.

– تۆ خۆشت ناویٚ؟..

– با. ... زۆر....

– بۆ ڕێگەی بەهەشت لە خۆت ون دەکەی؟.

– بەڵام ... «بەڵام»، گشت پەیکوڵی بست بەبستی سەر ڕووی زەمین بوو، دەچەقییە دڵی.

– ئاخۆ «بەڵام» لە ژیانی مرۆڤا پێویستە؟..

وەرام لە لوولەی دەمارەکانی زمانیا، خۆی حەشار دەدا..

– چیت بۆ بێنم لە بەغا؟..

– هەرچی خۆت بە باشی دەزانی..

– ......

– بەبیٚ «بەڵام» ئادەمیزاد ئاژەڵە.... خۆت مەدۆڕێنە.... هەموو شتێك ڕوو لە نەمانە، تەنیا نەمان خۆی نەبیٚ..

– بەڵام خۆشم دەویٚ...

– ئای؟.... بەڵامیش خاوەنی دوو ڕووە؟.... ئەی یەك ڕوویی لە چیا هەیە؟..

– ......

– سبەی شەو .. لە بیرت نەچی... من وەك بووكێك چاوەڕوانت دەکەم..

– ......

– لە بیر نەچیٚ.. وەك بووكێك....

– ...

بەری پەنجەرەی ژوورەکەی، لێڵ بووبوو... کرە کرِی بنی مەنجەڵێك، لە دوور دەهاتە بەرگوێی... بە دار لیٚ نرا بوو..

– حەز لە چی دەکەی بۆسبەی شەو بۆت لیٚ بنێم؟..

– ... ...

– لە بیرت نەچیٚ ..... سبەی شەو بووك و زاواین.. ئەویش بۆ خۆی لەویٚ، با پرخەی خەوی دوای ماندوویێتیی ڕێگە، هەڵدات بە بۆشاییی ژووری ئوتێلێکا..

سەعاتە جەرەس لێیەکەی سەر مێزەکەی تەنیشتی، لە بن گوێیا زیرەی لێ هەڵسا.. نیوەڕۆ بەدەستی خۆی، لەسەر سەعات حەوتی چەسپ کردبوو.

– چیت بۆ بێنم لە بەغا؟..

– هەرچی خۆت بە باشی دەزانیت.

– ئاگات لە ئەختەر بێ.... سەری لێ بدە و هەرچیی پێویست بوو تۆ لە جێی منی..

«هەرچیی پێویست بوو؟... چی پێویستە؟.... ئەوەی لە بیرم نەچێ؟.... وەك بووك و زاوا؟....».

سەعاتەکە هەر دەیزیڕان... سەعاتەکە کپ بووەوە و دەقی چرکەی خۆی گرتەوە.. شتێکی ئەوتۆ لای ئەو نەگۆڕا....

– بەڵام خۆشم دەوێ..

– ئەویش.... هیی ئەو لە دەفتەرێکی پانوپۆڕا تۆمار کراوە.

– ئەوەی من چەسپیوەتە ناخی دڵێکی بێ گەردەوە.

–ئەوەی تۆ مەلا نوێژی پێ کردووە؟.

– ......

– وێرد و سەڵاواتی بە سەرا خوێندووە؟..

– ......

«ژیان ئازارە.... ئازار منم.... منیش ونم....».

– کامەیە بڕیار؟...

– چوونە.....

– نەء ... نەچوونە....

٢

ئەوەکەی بەغا، پرخەی خەوی دوای ماندوویێتیی ڕێگەی هەڵئەدەدا، بە بۆشاییی ژووری ئوتێلێکا. ئەوەکەی بەغا، یەك بە یەکی کۆگاکانی سەر (ڕەشید)ی تەی دەکرد، بۆ بۆینباخێك بۆ هاوەڵی هەرە دڵسۆزی کە لەگەڵ قاتە بێ ڕەنگەکەیا بگونجێ.... بۆ کراسێکیش بۆ (ئەختەر)ی تازە بووکی بە وەفای، کە لەگەڵ پێستی بەفرینیا بسازێ..

٣

– خۆشم دەوێ....

– نامەرد....

– هەر دەچم....

– نامەرد....

– ئەمشەو بووك و زاواین....

– نامەرد....

– ... ...

– نامەرد....

– نامەرد.... نامەرد....

بەری پەنجەرەی ژوورەکەی، ئەموستەچاو بوو. رەشاشێك ریزی پێوە گرت و تا دوا گوللەی ئاگردا. .

– هەمیسان بەزمەکەیە؟....

دەنگی ئافرەتێك لە دراوسێکان، وەها هاتە بەرگوێی..

– سبەی شەو بووك و زاواین..

– نەچم..

– چ خواردنێکت بەلاوە خۆشە، بۆتی ئامادە بکەم..

– هەر دەچم....

– هی منە......

– دەفتەرە زلەکە و مەلا دەس برن.. هیی منە....

– دەس برن.... هیی منە....

– دەس برن.... هیی منە....

وەك بومبایەك لەژێر جێگەکەیا بتەقێتەوە، راچەنی و هەڵمەتی بردە سەر

پێڵاوەکانی.. قەیتانەکانی دانەخست.... هیچ دەرگەیەکی بە دوای خۆیا پێوە نەدا.... ئەختەر .... ئەختەری بووک...

٤

– پەردەی پەنجەرەی سەر کۆڵانەکە، رەپاورەپ لادرا بوو. بووکێك، دوو چاوی بە کل و ڕوویەکی مەستی ئارایشتی تێیدا ئەخستە روو. دەرگەی سەرکڵوم، لەگەڵ هەڵهاتنی ئەما، درزێکی گەورەی تێ کەوت.... درزێکی گەورە...

– چاوم روا....

– برِیار چوونە، یا نە چوونە؟..

– دڵم سوا.....

– بریار چوونە، یا نەچوونە؟..

– ئارایشتی سەر ڕووم، لە ئارەقا ئەوا پوا.....

– هەزار کردەوەی خراپ، لەسەر کەنار دەگیرسێتەوە.... هەزاری چاکیش کەنار دەکەوێ..

– کە چووم بۆ بەغا چیت بۆ بێنم؟..

– هەزار لەعنەتت لێ بێ... هیچی بەغای تۆم ناوێ..

– ئەوە ئەختەرەکەتە....

– نامەرد....

– تۆ سەربەستیت..

– نامەرد....

– هەر دەچم...

– نامەرد... نامەرد... نامەرد...

دوو کڵافە تیشکی تەلیسماوی، لە درزە گەورەکەوە، ئاراستەی ئارەزووی دەکرا و گڕی لە دەروونی هەڵدەسان..

– دڵەکەم.. فەرموو...

دوو بومبای ئەتۆمیش، لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە ، دەهاوێژرانە ناخی ویژدانییەوە و چاڵە خەڵووزێکیان بۆ دەکردە سەرمایەی ژیانی...

– نامەرد... مەفەرموو...

شاووری قۆڵچییەکی شرواڵ سەوز، لە کۆلانێکی نزیکەوە، گۆمی تیشکی تەلیسماوی بۆمبای ئەتۆمی شڵەقان.. – راستی لەکامیانایە؟...

– من سەربەستم.....

– تیشکە تەلیسماوییەکە....

– نامەرد.....

–من دیلم...

– هەر دەچم....

– ئاژەڵ....

– نامەرد...

– هەزار لەعنەتت لێ بێ .....

درزی دەرگەکە، ئارامی لەبەر بڕا! – دڵەکەم فەرموو.

بۆمبای ئەتۆم بەردەوام لەسەرپێ بوو بتەقێتەوە:

– نامەرد.. مەفەرموو.

«کامەیە بڕیار؟!...».

– چوونە؟!...

– یا نەچوونە؟!...

«ژیان ئازارە... ئازار منم.... منیش ونم..... هەموو شتێکیش روو لە نەمانە، تەنیا نەمان خۆی نەبێ.....».

## ٥

زەمین لە سوورانەوە کەوت..... مانگ و ئەستێرەکان، لە جێگەی خۆیان چەقین.... رۆژ لەوە نەدەچوو، جارێکی تر لە دەم کەلی گۆیژەوە هەڵبێ...

– ئەی هـاوار.... ڕۆژ كوژایەوە......

درزی دەرگەكە وەهـا دەكرووزایەوە...

## ٦

لەویَ... لەسەر كەلی گۆیژە... ئەرز و ئاسمان لە پێش چاویا سەروبن بووبوون.. هەزاران تیشك لەبەر پێیا، كڕنووشیان دەبرد.... هەزاران بۆمبای ئەتۆم لە روویا مت و خامۆش سرەوتیان دەدا.. بەڵام بەو، لەوسەر كەلەوە، هەرچی تفێك لە دەمیا بوو، تۆپەڵی كرد و هەتا هێزی تێیدا بوو، تووڕی دایە سەر شاری تیشك و بۆمبای ئەتۆمیی بەرپێی... ئەوسا وەك هەر دێوانەیەك، ڕێگە و كاتی دیار و نا شكرای گرتە بەر.

نیسان ١٩٧٠

## هێشتا لە خامۆشی خۆیان نەدەکەوتن

دەمی گوێزانێکی زل، جەرگی ئەو شەوەی شەقار کرد و مێژووش پڕ بەمشتی بەرینی خۆی، تیزابی تێ ڕشت.. – مژدەت لێ بێ.... لەمشەو بە دواوە بۆ نەوە لە دوای نەوەی ئادەمیزاد دەبیتە مەشخەڵ..

تیزابەکەی مشتی مێژوو، قاقای پێکەنینێکی ئەهریمەنانە بوو.

– ئێمە تەنیا رابەرێکین.... خۆمان هیچمان لە دەستا نییە.... تۆپەڵە ئاسنێك، بە ژمارده تەنیا هەشت – نۆ پارچەیەك دەبوو، بە یەك هاتن و وەك دەستەیەك سەربازی گەلحۆ کە لە ترسی ئەستێرەیەکی بێ دەم و دان مۆڵ دەخۆن، چوونە ریزێکی رێکی لە سەرپێی هەڵمەتبردنەوە..

– بیکەن بە خاتری ئەم پرچە سپییەم.... بەرگەی زۆر ئازاری ترم گرتووە... ئەمەیان کوشندەیە..

– ئێمە تەنیا بەخاتری ئەم تولفەم... تەمەنی تەنیا مانگێکە... هێشتا نە دەبیسێ و نە دەبینێ...

– ئێمە تەنیا رابەرێکین ....

تۆپەڵە ئاسنەکە لە ریزا خۆیان مت کردبوو. وەك رەوەیەك سەربازی گێل، لالغاوەیان گریسی لێ دەتکا.... چاوی هەموویان لە لوولەی تەنیا چاوێکا مۆڵەی دەبەست.... بە بیلبیلەی تەنیا چاوێك دەیانڕوانییە پێش دەمی خۆیان..

– بۆ دەمت چووەتە کلیلە؟..

– من دایکیم .... لە منەوە ئەو هاتووەتە بوون.... من بە گۆی مەمکە چەقەکانم، لیکی گریسی ئەو تۆپەڵە ئاسنەی دەستیان دەسڕم...

– من دایکی تولفەکەییم.... پەڕەی دڵی ئەو تولفەم دەنێم بە نیشانی تۆپەڵی ئاسنی ناومشتتانەوە..

دەمی گوێزانە زلەکە سوور بوو لەسەر شەقکردنی جەرگی ئەو شەوە.... لە ئاستی دایکی سەرسپی و ژنی زارەترەك و تولفی بێ چاو و گوێدا، دڵی نەرم نە دەبوو. لەپی پڕ لە تیزابی مێژووش، پڕ بووبوو. هەر دواخستنێك نامەردی بوو... هەر نامەردییەك

ناپاکی بوو... هەر ناپاکییەکیش کارەساتەکەی دووپات دەکردەوە...

– دەسخەرۆمان مەکە... ئامادەی لە بریتی ئەم ژیانە بێ بایەخەت لە دڵی میللەتا بژیت؟.

تۆپەڵە ئاسنێکی تر بە یەکا هاتن و چوون... هەردوو ئافرەتەکە بە پەرۆشتر پاڕانەوە... تولفەکە زریکەیەکی لە ناکاوی خستە ناو جەرگی شەوە تارەکەوە. ناو کۆڵان... گەڕەك... شار خامۆش بوو! پرخەی شیرین خەویان هەڵدەدا بە قووڵاییی ئاسمانی سەروو ژوورەکانیاندا!. خۆ پرخەی شیرین خەوی ئەم و ئەویش، مەرجێکی پێویستە بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم جۆرە کاروبارانە.

– ترس دەمی بردووەتە کلیلە!.

هێزی ئەژنۆی شکاندووە!

– من لە سەرەتادا، دانم دەچەقانە زمانی خۆم لە ئاستیا!.

– من وەختابوو لە ترسا، دڵم بخزێتە ناو ورگمەوە و بە هێڵنجێك هەڵی بێنمەوە.

– ئەمە بوو خاوەن گوللە بەندەکەی کە منتان پێ تۆقاندبوو؟.

سەرکردەکەیان ئەمەی وت و لە باتی تف، بەڵغەمێکی سەوزی هاویشتە سەر بەڕە شڕەکەی ژێر پێی و لچێکی قێز و بێزیشی لە زەلامەکانی تەکی هەلقورتاند!.

– شایەتمان ناهێنی؟.

خاوەنی بەڵغەمە سەوزەکە، ئارەزووی گاڵتەوگەپی ئەکرد.

– بۆ خوا...

– ئێمە خوا خۆی رای سپاردووین!..

– بۆ ئەم تولفە...

– تولف؟..... تۆ بڵێی تولفەکەش بوونی پێویست بێ؟..

– نەخێر .....

زەلامەکانی تەکی هۆگری رەفتاری سەوز بوون... ئەم گفتە سەوزەشیان دا...

– یەزدان.... تۆ هەی؟....

– پیرێژن دەمی خۆت بگرە... ئێمە نەهاتووین گوێ بۆ کفری تۆ رایەڵ کەین.

– ئەم ترسنۆکە بۆ نایەتە گفت؟.

– هێزی زمانی شکاوە..

–ناهەقی ناگرم... مردن کارێك نییە کەسێك خۆی لە بەرا ڕاگرێ.

– جا خۆ ئێمە بۆ مردنی نەهاتووین... ئێمە هاتووین بیخەینە دڵی میللەتەوە.... خۆ من گەلێ جار لە خۆشیم بیستووە ئەوەی لە دڵی میللەتا بژی نامرێ...

کابرای بەڵغەم سەوز وەهای فەرموو....

ئافرەتە پرچ سپییەکە لە دەمێکەوە لەپەو روو، لە هۆش و ئاگا کەوتبوو..

دایکە و تولفەکەی هێشتا دەجەنگان:

– ئێوەش هەر یەکەتان خاوەنی تولفێکە...

– تولفی من ئەمەیە لە مشتما....

– هیی منیش....

– هیی منیش...

گشتیان لە بابەتی (هیی منیش) بوون.... کەسێکیان ئادەمیزاد نەبوون.... ناو کۆڵان ... گەڕەك... شاریش خامۆش بوون... گشتیان پرخەی شیرین خەویان هەڵدەدا بە رووی فریشتەکانی قووڵاییی ئاسمانی سەروو سەربانی ژوورەکانیانا.... گشتیان وەك ئاژەڵ دەیانکرد... دەیانخوارد... دەنووستن...

– کات درەنگ بووە.

– من ئارەزووی چاوەڕوانیم پوا...

– ترسنۆکە... لەلای خۆتان تۆماری کەن... ترسنۆکە..

– کاتمان بە زایە چوو... ئێمە هاتین بۆ کوشتنی ئازایەتی....

– کەچی ....

– کەچی ......

شریخەیەك، وەك دەمی گوێزانێکی بەرینتر، جەرگی جەور و ستەمی شەق کرد... وتی:

– کێ بێ حەز لە ژیان نەکا؟... بەڵام کام ژیان؟.

کابرای بەڵغەم سەوز راچەنی و وتی:

– بوەستن.... وا هاتە قسە..... فەرموو.... کام ژیان؟..

خاوەن شریخەکە بە پرسیار هاتە وەرام:

– ئەو ژیانەی هەیە..... یا ئەوەی دەبێ هەبێ؟.

کابرای بەڵغەم سەوز لە چاڵا چاوی گێژدا و وتی:

– ئەوەی هەیە.

شەهید لە لووتکەدا بڵێسەی دا و وتی:

– ئەوەی دەبێ هەبێ.

کابرا لە رقا، بەڵغەمێکی سەوزی تری تووڕدا و کەوتە سەر کەوانەی بێشکەی تولفەکە.... لەنێو کەڵبەی تیژەوە پرسی:

– کامیان؟...

زەلامەکانی تەکی، تووتیی ناو ماڵە گەورە بوون، بە یەك دەنگ وتیان:

– ئەوەی هەیە.

شەهید، تیشکی رۆژی ناو زنجی پاڵ ماڵە گەورە بوو، برووسکەی دا و وتی:

– ئەوەی دەبی هەبی.

تۆپەڵە ئاسنەکە، وەك رەوەیەك سەربازی گەلحۆ کە لە خێسەی ئەستێرەیەکی بێ دەم و دان زارەترەك دەبن، بەیەکا هاتن و چوون... هێندەی بڵێی یەك و دوو، سی گوپکە قوڕقوشمیان دەرپەڕاند.... خوێن فیچقەی کرد بۆ بن بێشکەی تولف..

– ئەوەی دەبێ هەبێ....

ناو کۆڵان... گەڕەك... شاریش، هێشتا لە خامۆشیی خۆیان نە دەکەوتن....

– ئەوەی دەبێ هەبێ....

هێشتا لە خامۆشیی خۆیان نە دەکەوتن.....

– ئەوەی دەبێ هەبێ... هێشتا هەر لە خامۆشیی خۆیان نە دەکەوتن....

مایس ١٩٧٠

***

## چاڵی جەرگی پیرێژن

– (٢٥)ی نیسانی ١٩٦٣؟.

– بەڵێ .

– لەو ڕۆژەدا ژنتان بۆ نیشانە کرد؟.

– بەڵێ .. بەڵێ..

– نەیانپەرژاوە ئەڵقەکەی لە دەست دابماڵن. تەرمی شەهیدی ئێوە ئەمەیە.

ئەڵقەیەکی زێڕی خۆڵاوی و، توورەکەیەك ئێسکوپرووسك، درانە دەست پیرەمێردێك. بەسەرێك چۆڕاوگەی فرمێسکی دەڕژاندە سەر توورەکەکەی دەستی و، بەسەرێکیش دەتوت، مژدەی ژیانێکی نوێی شەهیدەکەی پێڕاگەیەنراوە.

– لەعنەتتان لێ بێ.. نۆ مانگە دەسخەرۆم دەکەن.. نۆ مانگە ئازاری گومانم پێ دەنۆشن.

بەڵام هێشتا هەر بەختەوەر بوو. لە ئەنجامدا بەڵگەی شەهیدی، نایە تەنکەی باخەڵی و توورەکەی ئێسکوپرووسکی خۆی چنگ کەوت.

– ئەی کوڕەکەی من؟!.. بەقوربانتان بم کوڕەکەی من؟.

پیرێژنێك لە دەمێکەوە وەها دەکڕووزایەوە.. لە دەمێکەوە بەهەرچوار لادا هەڵپەی دەکرد.

– هەرچی هات و جەرگی خۆی لەژێر خاکدا دۆزییەوە. تەنیا جەرگی من ونە!. لە دڵدا بەخیلیی بەوەکانی تر دەبرد.

– داپیرە گیان دڵ لە دڵ مەدە. جەرگی تۆش دەدۆزینەوە.

مامۆستا ئەو ڕۆژە، ئەرکی دۆزینەوەی جەرگی خەڵکی شاری، لە ئەستۆی خرابوو.

– ئەی ئەم شەهیدە خاوەنی نەبوو؟!.

پێشمەرگەیەك بەلوولەی کلاشینکۆفەکەی، ئیشارەتی پۆ کەللەسەرێك و کۆمەڵێك ئێسقانی ناو چاڵێك کرد. پاتاڵی چۆغەیەکی خورمایی و شەرواڵێکی ڕەشی تێ ئالابوو. کەسێك لە عەشاماتەکە نەهاتە وەرام.

– وا دیارە بێ کەسە.

– دەبێ خەڵکی شار نەبێ.

– بەجاشکەوشەکانیدا لە لادێی دەچێ.

ماموٚستا و پێشمەرگەکان، لەناو خوٚیاندا دەدوان.

– توخوا حەمە گیان.. ئێسقانەکانیشتم دەست ناکەوێتەوە؟.

پیرێژن بەکوڵ دەیلاواندەوە.

– ماموٚستا.. پێشمەرگەکان.. خەڵکینە بوٚ خوا.. حەمەکەی منیش بدوٚزنەوە. تەنیا ئەوم هەبوو.

پیرێژن بەردی بە با دەکرد. چنگی لە ئاسمان گیر دەکرد و بەسەر زەمینیدا دادەرماند.

– لەعنەتتان لێ بێ.. هەموو جوٚرە مردنێکم بوٚ دەهێنانە بەرچاوم، ئەمەیان نەبێ.

پیرەمێردەکە، توورەکە ئێسقانی خوٚی، لە دوٚڵەکەی ئەودیوتردا دەنایە گوٚڕەوە.

– جا نەوەربوون.

– بوختان بوٚ جانەوەر مەکە.

– نەبووە. کارەساتی وەها قەت نەبووە.

– مێشکی خوٚتان خەریك مەکەن. لەوان گەڕێن. ئەوان ئەوان بوون. ئێمە خوٚمان چی بووین؟!.

– گێل.. گەلحوٚ.. گەمژە!.

خاوەن توورەکە ئێسقانەکان، لە گوێی چاڵەکانی جەرگیان، لە سیاسەت دەدوان.

– شەهیدێکی تر دوٚزرایەوە.

– پێشمەرگەیەك ئەم هاوارەی کرد.

–ئوٚخەیش.. ئەوە حەمەیە.

پیرێژن هەڵمەتی برد.

– رانکوچوٚغەیەك و جووتێ کڵاشی دوٚمی.

– با بیبینم.

– رانکوچۆغەی لەبەردابوو؟.

– نەء.

– پێویست بەبینینی ناکا.

– باش سەیری بکەن.

– جووتێ کڵاشی دۆمییش.

– نەء.

– داپیرە گیان.. سەیری نەکەیت باشترە.

داپیرە ئاواتی بەمەرگ دەخواست. بەرەوتەلبەندەکەی خوار دۆڵەکە هەڵهات. بەڕووی لەشکرگاکەدا قیژاندی:

– ئێسقانەکانی.. ئێسقانەکانیم بدەنەوە دەست.

لوولەی شەستتیرێکی دکتاریۆف، لە دوور لەرزی و بەخێرایی، شریتێك گوللەی تێ چەسپێنرا. شەش حەوت سەرباز راچەنین و بەیەکدا هاتن. ئەفسەرێك بەپەلە، گلێنەی هەردوو چاوی لە دووربینێك گیر کرد:

– ئامادەبن.. ئەمانە کەللەڕەقن.. دەترسم سەرکێشی بکەن.

مامۆستا کەللەی سەری خۆی، نابووە ناو چاڵە بەفرێکەوە:

– داپیرە خۆت لەو تەلبەندە بە دوور بگرە.. وەها لەگەڵیاندا رێککەوتووین!.

– کوا چاڵی جەرگی من؟.

– هەر دەیدۆزنەوە.

– ئەم شەهیدە خاوەنی نەبوو؟.

پێشمەرگەکە هێشتا هەر سەرنجی عەشاماتەکەی، بۆ رانکوچۆغە و جووتە کڵاشە دۆمییەکە رادەکێشا. ئەوانیش بەرەودوا، چاوی زامی بەسوێی خۆیان بەسەریدا دەترووکاند و بەرەو چاڵێکی تر خۆیان بەکێش دەکرد.

دەمی خاکەناز جەرگی پیرێژنی دەجنی. هەر دەمی خاکەنازیش، جەرگی پیرێژنی دەدۆزییەوە.

– خۆم زوو زانیم، ئەمەش چاڵی جەرگێکی ترە.

پیرێژن بەدەم ئەم دەنگەوە، تەکانی بۆ سەر کەناری چاڵی جەرگی خۆی دا.

– داپیرە گیان.. تەگەرە مەخەرە ئیشمانەوە.

پێشمەرگەیەك بەنەشارەزایی، دڵ جەرگی پیرێژنی شکاند!.

– ئەوە چاڵی جەرگی منە.. دڵم وام پێ دەڵێ.

ئاواتی پیرێژن، لە دەمی خاکەنازدا دەژیا و دەمرد.

– ئەو شەهیدانە بۆچی نەبرێنە مەڵبەندی باو و باپیران؟. بۆچی لە بیابانی تەنیاییدا تووڕیان دەدەن؟.

– ئێرە دۆڵی شەهیدانە. لێرەدا لاپەڕەی مێژووی خۆیانیان لە خوێن هەڵکێشان.

– ئەوێ گردی شەهیدان. لەوێدا باو و باپیران، لاپەڕەی مێژووی خۆیانیان لە خوێن هەڵکێشا.

– ئەوێ گردی شەهیدانە. لەوێدا باو و باپیران لاپەڕەی مێژووی خۆیانیان نەخشە کێشا.

– دڵم خەبەری داومەتێ کە ئەم چاڵە، چاڵی جەرگی منە. بەو خاکەنازە بڵێن نەحەوێتەوە و چاڵی جەرگی من بدۆزێتەوە.

پیرێژن ئەو گردە و ئەم دۆڵەی مەبەست نەبوو.. چاڵی جەرگی خۆی دەویست.

– پشتێنێکی چیتکوودەریی ڕەشباو.

– بە قوربانی دەمتان بم.

– شەڕواڵ و ستارخانییەکی...

– نەء.. توخوا نەء..

– جووتێك پێڵاوی...

– ئەی هاوار.. کوا جەرگی من؟!.. کوا شەهیدی من ؟!.

پیرێژن لە پەڕوو کەوت. ناخی زەویی بەبرژانگی هەڵدەکۆڵی.

– بێنن بە قوربانتان بم.. ئەوە هیی منە.

ئەمیان پیرێژن نەبوو . ئەمیان تەمەنی لە سی و پێنج تێپەڕی نەدەکرد..زوو شووی

کردبوو. مێردەکەی قوڵپی گریانی لە قوڕگدا دەتاساند.

– قەڵەم پاندانێکیش لەسەری نووسراوە: کوردستان یان نەمان.

– ئازاد گیان..

دایکی ئازاد تا هێز لەگەرویدا بوو، قریشکاندی و ئیتر لە جێی خۆی گرمۆڵە بوو.

– سەربەرزی بۆ خۆتان و شەهیدانتان.

باوکی ئازادیش بەختەوەربوو. تووڕەکەی ئێسقانی جەرگی خۆی، نایە بندەستی و رووەو دۆڵەکەی ئەودیو هەنگاوی نا.

– ماموستا.. ئەم شەهیدە بێ کەسە چی لێ بکەین؟. پێشمەرگەی لای چاڵی جەرگە بێ خاوەنەکە، ئەم پرسیارەی کرد.

– ماموستا وا رۆژ دەکوژێتەوە.. کوا چاڵی جەرگی من ؟!.

– داپیرە گیان.. هەر دەیدۆزینەوە.

– من دەڵێم کوا چاڵی جەرگی من؟.

– ....

داپیرە بەرەو لەشکرگا هەڵمەتی بردەوە..

– کوا چاڵی جەرگی من؟!.

دوو پێشمەرگە گرتیانە باوەش و کەوتنە ماچکردنی دەستی رەگاوی و روومەتی چرچی.

– کوا چاڵی جەرگی من؟!. خۆی راپسکاند و رووەو ناوشار هەڵهات. ناو کۆڵان و سەرشەقامەکانی شار، تا نیوەشەو ئەو هاوارەیان تێدا دەتەقییەوە. تا هاوارەکە لە ناکاوێکدا کپ بوو. ئەوسا مەردمەکەش سرەوتیان دا و نووستن.

مایس ١٩٧٠

## رووی کردەوە شاخ

– شەکر، چا، ڕۆن، برنج، گشتیان قەدەخەن. ئێمەش و خۆشیان تووشی گێچەڵ مەکەن. یەك بەیەکتان دەپشکنم.

سێ خەتی رەشی باریکی سەر قۆڵ و کلاشینکۆفێکی ناوشان، سامی مردنیان دەخستە دڵەوە.

– خوشك و برایان تکاتان لێ دەکەم.. کات لەلای ئێمە نرخی زێڕی هەیە. ئەمسەر و ئەوسەر تەنیا سێ چارەکە سەعاتیان بۆ داناوین.

تکتبرەکە بۆ جاری هەزارجارە، ئەم بانگەوازەی بەگوێی مەردمەکەدا هەڵدایەوە.

– راست دەکا.. ماتەلمان مەکەن.. کێ شتی قەدەخەی پێیە، با بەخۆشیی خۆی بیداتە دەستیان.

کابرایەك بوو پەلەی بوو!.

– ئەم میللەتەی ئێمە چەند بێعارە!.

– بۆیە هیچ بەهیچ ناکەین. ئەمانە پەلەتریان بوو.

– ئێوە بۆ لە خۆتانەوە هەڵدەدەنێ؟. کەس شتی قەدەخەی پێ نییە.

– راست دەکا. ئێوە هەقتان چییە؟!. بابێ بمانپشکنێ.

– ئێستا زمانتان وا درێژە و دواییش دەست و پێ ماچ دەکەن.

– مەگەر تۆ وا بیت.

– لەوە زیاتر چەنە مەدە.

– تۆ لەوە زیاتر چەنە مەدە.

– ئەوەی شتی قەدەخەی پێ بوو، ڕیسوای دەکەم.

سێخەتەکە هاواری لێ کردنەوە.

– کەس هیچی پێ نییە.

– درەنگمانە.. کێ پێیەتی قسە بکا.

-....

تکتبڕەکە دەیویست، کاری خۆیان و خەڵکەکەش ساز بکا. بەڵام وەرام نەبوو.

- قوربان بڕۆین؟.

(قوربان)ە کە پاڕانەوەی لێ دەتکا.

- نەء.. گومانم هەیە.

سێخەتەکە گومانی هەبوو. لە ڕیزی یەکەمەوە دەستی پێ کرد. ئافرەتێکی سەرە، دڵی لەرزی و رەنگی زەرد هەڵگەڕا. پیرێکی پەککەوتە، بۆ سەری بەرز و حورمەتی ساڵانی رابردووی، تەنگەتاو بوو. لاوێکی خوێنگەرم، تەوژمی خوێن شادەمارەکانی لەشی هەڵئاوساند.

- سەرم بەکۆشی دە کەسدا کرد، نۆیان ئارەقی تەریقییان پێ ڕشتم. ئەم تەگەرەیەش سەرباری هەمووی.

- حەفتا و سێ ساڵ، کەس پێی نەوتم لەل. سەفەربەر و گرانییە قورسەکە، لە ئاستمدا فزەیان نەکرد. کەچی ترسی تفبارانی ئێستا هەناوم دادەتەکێنی.

- روو دەکەمەوە شاخ...

هەرسێکیان لەو ساتەدا، وەها دەدوان.

- خوا کوێرم بکا، ئەگەر شتی قەدەخەم پێ بێ .

- قوربان.. ئێمە چۆن سەرپێچی، لە فەرمایشتی ئێوە دەکین.

- فەرمووو بەئارەزووی خۆت بگەڕێ.

- ....

- گیرفانی ورد و درشتیان هەڵگێڕنەوە. ئەو گیرفانەی کونی تێدابێ، زیاتر گومانی لێ بکەن. لەوێوە شەکر و چا بۆ یاخییەکان رەوانە دەکرێ. سێخەتەکە ئەم ئامۆژگارییەی سەرکردەکەی خۆی، فەرامۆش نەدەکرد. بۆ گیرفانێك دەگەڕا کونی تێدابێ.

- منیش بۆ نەگبەتی، بوومەتە تکتبڕ!.

- ئەی چیی تر هەبوو بیکەیت!.

– پێشمەرگایەتی.

– کێ ڕێی لێ گرتوویت؟.

– کەس.

– بچۆ ببە.

– ئەی تۆ؟!.

– من؟!.. من جارێ بەتیری عەشقی دایکی ئەم سێخەتە گرفتارم.

تکتبرِ و شوفێرەکە، بەدزییەوە بۆ یەکتر پێ دەکەنین.

– ئەو تۆزە شەکر و چایەم، بۆ ناگریتە لای خۆت.

– منیش لەسەر دەردی، شەکر و چای خۆم هەڵنیشتووم.

– ئەی چار چییە؟.

– نازانم.

پیرەمێردو ژنە سەرەکە، ئەم چرپەیەیان لەگەڵ یەکتردا کرد.

– ئێوە هەڵسنە سەرپێ. خۆتان بکەنەوە و ڕاستم پێ بڵێن.. شەکر و چاتان پێیە؟!.

– خوا خۆی شایەتە..

– بەساقەی سەرت بم..

– کێ حەدی هەیە..

– گیرفانی ورد و درشتیان هەڵبگێڕنەوە...

– تۆ بڵێیت ئێمەش بپشکنێ؟!.

– چیت پێیە؟!.

– سێ کیلۆ شەکر و نیو هۆقە چا.

– لە کوێدایە؟!.

– تۆ لەسەری دانیشتوویت!.

– کوڕی باشیت.. مەگەر فاتە پڵیتەی دایکت بە فریام بکەوی.

دووبارە بەدزییەوە بۆ یەکتر پێکەنین.

– بڕۆ خوارەوە.

– بیکە بەخاتری ئەم پرچە سپییەم. چوار هەتیوی باوك کوژراو و...

– بڕۆ خوارەوە.

– بۆ خوا...

– بڕۆ خوارەوە.

پیرێژنێکی تێکقوپاو بوو. کە لە پاسەکە دابەزی، تەنیا هێندەی کۆڵی منداڵێك چیلکە و چەوێڵ بوو. لەلاپاڵی جادەکەدا گرمۆڵە بوو.

– سەرم کرد بەکۆشی دە کەسدا و نۆیان، ئارەقی تەریقیان پێ ڕشتم.

– حەفتا و سێ ساڵ...

– تۆ هەڵسە سەرپێ. بەچاوتا دیارە بەربارخەڵت پڕە.

پیرەمێرد ئارەقی شین و مۆری دەردا. لەرزی.. نەك تەنیا دڵی.. گشت ئەندامانی لەشی لەرزین.

– شەرم لە ریشی سپیت ناکەیت؟!. بۆچی سەرپێچی لە فەرمایشتمان دەکەیت؟!. فەرموو مل بشکێنە بۆ خوارەوە.

(شەڕە گەڕەك و ئازایەتی.. سەفەربەر و مەردایەتی.. شێخ مەحموود و کوردایەتی.. بەردەکی سەرا و لێزمەی دەسڕێژی مەترەلۆز.. ئەمڕۆش.. کەچی ئەمڕۆش!...).

– نا پیاو بەباپیرت دەشێم.. ئاگات لە دەمت بێ.

پیرەمێرد چاوی پەڕیبووە پشتی سەری.

– پێت دەڵێم مل بشکێنە بۆ خوارەوە گەماڵەپیر. چۆن زات دەکەیت دەم لە ڕوومدا هەڵبێنیتەوە؟.

– بۆ گوایە تۆ خۆت بە کێ دەزانیت؟.

– من خۆم بەو کەسە دەزانم، کە ئاوەها ملت بۆ خوارەوە دەشکێنم و دۆزەخت نیشان دەدەم.

لەناو پاسە سوورەکەدا قڵیشایەوە. سێخەتەکە شاڵاوی برد. پێرەمێرد وەك سیپاڵێك بەدەستەوە هات و، لەقەی پۆستاڵێکیش تووڕی هەڵدایە پاڵ پیرێژن.

سێخەتەکە لالغاوەی کەفی دەچەند. ناو پاسەکەی تفباران کرد. شەقی پۆستاڵ و جەزرەبەی قۆناخە تفەنگی بۆ پیرەمێرد هێشتەوە.

ئافرەتە سەرەکە بەختەوەر بوو. زووخاوی کابرای پیرەی تەنیشتی ، بۆ ئەو بوو بە شەکری تەنکەی باخەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەزەهرتان بێ.

ئەم جنێوەی بەمنداڵەکانی خۆی دا!.

– برۆن ملتان بشکێنن.

– گەوادی لەم ئیشەی ئێمە باشترە.

شوفێرەکە بەدەنگی نزم، ئەمەی وت و بەرقەوە، پێی بە بەنزیندا نا.

– ئەها لێی دەدەن!.

منداڵێك لە ڕیزی پشتەوە هاواری لێ هەڵسا. هەموو بەدوایدا سەریان بۆ دواوە وەرچەرخاند.

– ئەها سێخەتەکە بەلەقەوە چووەتە سەر ورگی!.

– کوشتیان.. دەستیان بشکێ.. بۆ وای لێ دەکەن؟.

– توخوا مام ساڵح.. بۆ زمانی خۆت نەگرت؟.

– دەمرێ.. بەرگەی ئەو لێدانە ناگرێ.

– بەلێدانەکەش نەمرێ، هەر دەیکوژن.

– روو دەکەمەوە شاخ...

لاوە خوێنگەرمەکە خۆی دەخواردەوە. لێشاوی بەنزین پاسە سوورەکەی رافڕاند. دیمەن دوورکەوتەوە. سەران وەرچەرخانەوە سەر باری ئاسایی. توورەکە شەکر و چا، لە کەلوقوژبن دەرهێنرانەوە و خرانەوە ناو کۆش و بندەست.

– براله بوەستە.. من دادەبەزم.

– بۆچی لێرەدا دادەبەزیت؟.

– کەی ئێرە جێگەی دابەزینە؟.

– روو دەکەمەوە شاخ.

– سەرمان بە فەتارەت مەدە.

– روو دەکەمەوە شاخ.

– دەرناچیت.

– دەتکوژن.. خۆت بەفیرۆ مەدە.

– سەری ئێمەش بەفەتارەت دەدەیت.

– روو دەکەمە شاخ. پاس راوەستا. لاو دابەزی. سەری ترس و سام بۆ دواوە وەرچەرخانەوە. بەڵام لاوە خوێنگەرمەکە ساوێلکە بوو. کابرای سێخەتە و گشت ترس و سامی، لە چاوی خەڵکەکە ون کردبوو. خەڵکەکەش بەسەری سەلامەت گەیشتنە مەڵبەند.

حوزەیران ١٩٧٠

# خازەش مرد

## ١

– مردا!..

نە گریان لە قوڕگیدا و نە فرمێسك لە چاوانیدا بەدی دەکران. وەك پەیکەرێك لە بەردەممدا چەقی و وەها دەمی هەڵهێنایەوە. لە کاتێکدا تەنیا چارەکە سەعاتێك لەوەبەر، بەگەلێ پەشۆکاوییەوە هاتە ژوورەوە و وتی:

– جەنابتی مامۆستا ئەحمەد؟!.

وتم:

– بەڵێ.. فەرموو.

وتی:

– کاك شەریف عەرزی سەلامی هەیە. ناردوومی بۆ خزمەت جەنابت.

وتم:

– بەخێربێی.. فەرموو دانیشە. دانەنشت. بەپەلە وتی:

– خازەی کچم لە خەستەخانە جێ هێشتووە. زۆر نییە گەیشتووینەتە جێ. حاڵی خراپە.

ویستم دەم هەڵبێنمەوە شتێك بڵێم. ئەو ماوەی نەدام و وتی:

– بەڵکو فریام بکەویت.

– ئەوەی بە من بکرێت چییە؟!.

وتی:

– هەر چییەکت لە توانادایە. حاڵی گەلێك خراپە. من دوکتۆر نیم، بەڵام باوکیم. دڵم وام پێ دەڵێ، ئەگەر زوو بەفریای نەکەون دەمرێ.

لەلام روون بووەوە چی بەمن دەکرێ. وتم:

– دڵ لە دڵ مەدە. تۆ بچۆرەوە بۆ خەستەخانە. منیش هەر کە لێرە هەڵسام، دێم بۆ

ئەویٚ و هەرچیم لە تواناداییٚ، دریٚغی ناکەم.

منی زیندووی دوور لە ئازار، هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات، کە مردن لە نۆرەی خۆیدا، هێندە بەدەستوبردبیٚ و ژیان لە ئاستیدا، ببێتە نێچیرێکی دەستەمۆ. ئەو بەوەرامەکەی من، کلافەیەك تیشکی دڵنیایی لە دەروونی خۆی هەڵپێچاو، چۆن بەپرتاو خۆی بەژووردا کرد، ئاوەهاش چووە دەرەوە. کەچی ئەوەتا ئێستا دوای چارەکە سەعاتێك، دوای تەنیا هێندەی بگاتە خەستەخانە و بێتەوە، وەك پەیکەرێك لەبەردەممدا دەچەقیٚ و دەڵیٚ:

– مردا!..

ئەمەم بەلاوە زۆر سەیر بوو!.. منیش لە ئاستی ئەو شێوە پەیکەرییەیدا، بۆ ماوەی چەند ساتێك بوومە پەیکەر. حەپەسام و واقم وڕما. لەو ساتانەدا لە خۆمم دەپرسی: ئاخۆ بەم پێیە، کامیان ئاسایی ترە.. لە دایکبوون یا مردن؟!. ئەو جووتیارە هیچ بەڵگەیەکی جیاکردنەوەی نەدایە دەستم. نە قوڵپێکی گریانی قورگ و نەدڵۆپێك فرمێسکی چاو.

من خێرا کە بەئاگا هاتمەوە، وەك هەموو خەڵکانی تر و لەسەر داوونەریتی باو و باپیران، هاتمە قسە و وتم:

– هاوڕیٚ.. بۆ خۆتان خۆشبن. مردن لە ڕێی هەموواندایە. دەسەلات لە دەست من و تۆدا نییە.

کەچی ئەو لە ڕووی ئەم قسەیەشمدا، هێشتا هەر پەیکەر بوو. سوپاسی نەکردم. ملی بۆ ئەم قسە پووچەم نەدا. زۆر لەسەرخۆ، بەلام بەدەنگێکی گڕی پڕ لە زووخاوەوە وتی:

– هاوڕیٚ.. خازە مرد.. خازە ئێستا سنووقێکی تۆکمەی لە من و تۆ دەویٚ.

منی مامۆستا لەلای خۆمەوە تەریق بوومەوە. ئەو کاتە بیٚ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم، هەڵسابوومە سەرپیٚ و وەك سەربازێك و لە بەرامبەر ئەفسەرێکدا بیٚ، راوەستا بووم. لەو ساتانەدا نەك ئەو، بگرە من پەشۆکابووم. کاتێکیش بەدەمییەوە کار و فەرمانی سەر مێزەکەمم پێچایەوە، نەئەو هیچی تری وت و نەمن هیچ.. ئامانج لەلام روون بوو.. سندووقێکی تۆکمە بۆ خازە.

## ٢

دارتاشە ناسیاوەکە مەرد بوو. کە وتم:

– سندووقێکمان بۆ کیژێکی سێزدە ساڵان دەوێ.

وتی:

– ئەو سندووقە، هەم پارەی تێ دەچێ و هەم کات. دوێنێ لە (بەسرا)وە تەرمێکیان هێنایەوە. سندووقەکەی وا لە مزگەوتی هەمزاغا. مجێورەکە و چەند درەمێك.

مجێورەکە وتی:

– دەوڵەمەندە؟!.

وتم:

– جووتیارە.

مجێورەکەش مەرد بوو. هیچی وەرنەگرت. ئیتر باوکی خازە سندووقەکەی نایە بان شان و دوام کەوت. گەیشتینە شەقام. من وڕ بووبووم ئاگام لە خۆم بڕابوو. برادەرێکم رای گرتم و بە پەشۆکاوییەکەوە لێمی پرسی:

– چی قەوماوە؟.

پەیتا پەیتاش سەرنجی دەدایە سندووقەکە. ئەوسا منیش وەك ئەو، سەرنجێکم دایە و بەئاگا هاتمەوە. لە وەرامدا وتم:

– ئەم ناسیاوەم خەڵکی دەرەوەیە. کچەکەی فەرمانی خوای بەجێ هێناوە.

–٣–

ئیتر لەوە زیاتر بەپێ نەڕۆشتین. عەرەبانەیەکم راگرت. هەردووکمان و سندووقە تۆکمەکە سواری بووین.

لە خەستەخانە خازە هەر خێرا، راپێچی مەیتخانە کرابوو. لەوێ ناسیاوێکم بە ئاسانی دۆزییەوە. ئەو هیچ ماتەلی نەکردین و دەستوبرد، پسوولەیەکی ساز کرد و دایە دەستم. پسوولەکە دەیوت: لە (١٦–٤–١٩٦٨)دا، خازەی کچی فەتاح بەسووتاوی مرد).

بەخوێندنەوەی پسوولەکە، مووچڕکەیەك بەلەشمدا هات. تەنیا لەو ساتەدا بەئاگا هاتم، کە من هێشتا نەمپرسیبوو، ئاخۆ خازە چ خێری بوو.. بە چی مرد؟. گەلێکیش سەرم لەم کەمتەرخەمییەم سوڕما!. ئیتر وەك بمەوێ ئەو هەڵەیەی خۆم بەزوویی داپۆشم، خێرا رووی پرسیارم کردە باوکی خازە و وتم:

– خازە بۆچی خۆی سووتاند؟. کەچی لە هەڵەیەکی گەورەترەوە گلام. باوکی خازە سەرنجێکی پڕ لە گلەیی لێ گیر کردم و وتی:

– خازە خۆی نەسووتاند.. بگرە سووتاندیان.

ئەم جارەیان مێشکم شڵەقا.. زمانم شڵەژا. ئەم جارەیان پرسیارێکی گێلانەترم لە دەم دەرچوو کە

وتم:

– کێ؟.

بەڵام ئەو سەرێکی بۆ قووڵاییی ئاسمان هەڵبڕی و، وەك لەبەرخۆیەوە بدوێ وتی:

– بۆمبا!.. بۆمبا!..

وشەی (بۆمبا)کەی، وەك بۆمبایەك لە ناخی دەوونمدا تەقییەوە و چینێك ئارەقی تەریقیی پێ ڕشتم.

لەو ساتەدا زۆرم رق لە خۆم بووەوە. لە دڵدا وتم: (چۆن بیرم بۆ ئەمە یا شتێك لەم بابەتە نەچوو؟!. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو، بەتایبەتی بۆ لای من نێردرابوو!).

من بێدەنگ بووم ، هیچی ترم بۆ نەوترا. بەڵام ئەو کاتێ چاوی لە قووڵاییی ئاسمان داگرتەوە و لایدایە سەر ڕووی من، دیمەنێکی سەیرتری نیشان دام!. ئێستا چاوی پەیکەرەکە، قوڵپی گریانی دەهێنا و دەبرد. ماوەیەك لەسەر ئەو بارە خۆی خواردەوە. تا لە ناکاوێکدا دڵۆپی فرمێسك، بەسەر روومەتە تێکقوپاوەکانیدا چۆڕاوگەیان بەست. قوڵپی تاساوی گریانیش، بەرەو دەرەوەی دەرپەڕین. بەڵام نەیهێشت لە چەند ساتێك بەولاوە، چۆڕاوگەی فرمێسك و قوڵپی گریانی ببینرێن. خێرا دەموچاوی چەسپاندە، ناو هەردوو لەپی دەستییەوە و خۆی خامۆش کردەوە.

ئیتر کاتێ دەستم دایە بنباڵی و بەرەو مەیتخانەکە بردم، ئەو چووبووەوە دۆخی شێوە پەیکەرییەکەی. بگرە بەدەم ڕێوە بەنیازی سڕینەوەی، ئەو هەڵوێستی گریان و

فرمێسك ڕشتنه چەند ساتییەی لە مێشکی مندا، بەدەنگێکی لەسەرخۆ و هێمن و بەڵام لە جەخارەوە وتی:

– هاوڕێ لۆمەم مەکە.. دوێنێ نیوەڕۆ، دایکی خازە و برا تاقانە بچکۆڵەکەشیم ناشتن.

ئەیلوو. ١٩٧٠

## کینە و زام

– چ نامەردێك بوو دەستی چووە خوێنی؟.

دڕی بەعەشاماتەکە دا. نەباوکی بوو نەبرای و نەخاڵۆزا و نەئامۆزا. کەچی لەوان بەپەرۆشتر، دڕی بەعەشاماتەکە دا!.

«دەستی بشکێ. من هەر لێی دوودڵ بووم. دەمزانی پیاوی ئەم کارە نییە. کەچی وتیان: نەء. لێی مەترسە!».

– لێرەوە رای کرد.. لەم کۆڵانەوە..

– پێنج گوللەی بەرکەوتووە. کوشندە نین. نامرێ.

– ئادەی کاکە.. دەی برایان.. ئۆتۆمۆبێلێك فریا بخەن.

بەلەش دڕی بەعەشاماتەکە دەدا و بەدەم، ئەم هاوارەی دەکرد. بەڵام بەناخ، دڕی بەهەستی ژێرکەوتن دەدا و تەوژمی رق و کینەی تێدا لێواولێو دەبوو...

«ئەوەی لە ژیاندا ژێر دەکەوێ، هەقی ژیانی نییە. قەتیش ژێرکەوتن، مرۆڤ بۆسەرکەوتن هان نادا. بگرە ڕیسوا و زەلیلی دەکا. دوا جار دەیکاتە سەگێکی گەڕ و لە سەرەنوێلکێکدا دەیتۆپێنێ!».

– ئەها چاوی کردەوە.

– برام من دەزانم زامەکانی کوشندە نین.

– راست دەکا.. لای راستی گرتووە. دڵی سەلامەتە.

– لێی بپرسن بزانن کێیە و ناوی چییە؟.

– کاکە پێویست ناکا. من دەیناسم ئێوە  پیاوی چاك بن ئۆتۆمۆبێلێك فریا بخەن. راستی دەکرد. دەیناسی.. باشی دەناسی. هەر زووش حاڵی بوو، کە زامەکانی کوشندە نین. گوللەی یەکەم دابووی لەلای راستی سەرسنگی و، لە پشتییەوە دەرچووبوو. دووەمیش شێلکەی رانی راستی سمی بوو...

– چیتان کرد... بۆ خاتری خوا.

– وا هات.. ئەوەتا.. حازرە.

– ئادەی برادەران یارمەتیم بدەن.. ئادەی.. تکایە لەسەر لای چەپی دای بنێن.

– .....

– لێخوڕە کاکی سایەق.. تکایە خێرا.. بۆ خەستەخانە.

«ئەمەت بەسەرەوە ناچێ. من خۆم دەمزانی، تۆ و ئەم ئیشەیان نەوتبوو.. ».

کینە لە ناخیدا، بەهەردوو باردا دەتەقی. لەگەڵ هەستی تاڵی ژێرکەوتندا، بەیەکیاندا دەدا. «دەبوو خۆم بمکردایە».. بەیەکیاندا دەدا.. «دەبێ خۆم بیکەم». هێجگار توند بەیەکیاندا دەدا. دەرژانە ناو یەکترەوە. ئاگری یەکتریان خۆش دەکرد. دەبوونە پارچە گڕێکی رەشی قەترانی و ناو ئۆتۆمۆبێلەکەیان، دەکردە دۆزەخێکی سامناک.

زامدارەکە جارێکی تر چاوی کردەوە. ئانوسات چاوە ماندووەکانی، بەسەر سەروسەکوتی دۆزەخدا ئەبڵەق بوو. ئینجا لە ناکاوێکدا، بەهەموو ئەو توانایەوەی لە لەشیدا مابوو، تەکانی بەجەستەی شلوشێواوی خۆی دا. بەڵام دەمودەست کسپەی جەرگبڕی ئازار، ئاخنییەوە باوەشی دۆزەخ.

– داخ.. ئەو نامەردە دەستی چۆن چووە خوێنی پاکت؟!. کابرا حەزی لە نوکتەبازی بوو!.

– لەم مانگەدا ئەمە چوار.. من تێ ناگەم ئەم خەڵکە، بۆچی وا بەربوونەتە گیانی یەکتر؟!.

سایەقەکە وەها هەڵی دایە!.

– بوەستە..

زامدارەکە چنگی گەیاندە قژی سایەقەکە. سایەق تەنگەتاو بوو. هاواری کرد:

– برالە دابینی کە.. مەیەڵە دەست ببزێوێ.. با سەرم لێ تێك نەچێ.

– دیارە ئازاری زۆرە.. بۆم دابین ناکرێ. تکایە خێراتر لێخوڕە.

سایەقەکە توندتر پێی بە بەنزیندا نا. کابراش توندتر دۆزەخی، رقوکینەی خۆی ئاگر دا. هەستی ژێرکەوتن، بورکانی رقوکینەی لە ناخدا تەقاندبوو..

«ئەوەی لە ژیاندا ژێردەکەوێ، هەقی ژیانی نییە».

لەو ساتەدا پارچە گڕە ڕەشە قەترانییەکە، دەستی راستی بزواند و بەسەر زامیدا گێڕا.

کونی زامی دەستنیشان کرد. پەنجەی شایەتمانی خستە سەر. چەندە هێزی کینەی لە ناخدا بوو، مۆڵی دایە سەر نووکی ئەو پەنجەیە و خستییە سەرپێ. شاڵاوی برد و بەکونی زامدا، دڕی پێ دا و ڕۆچووە خوارەوە..

– ئاخ..

نێچیر هەتا هێز لە گەروویدا بوو ناڵاندی. هەتا هێزیش لە جەستەیدابوو، خۆی ڕاپسکاند و هەڵبڵووقایەوە.

– بۆ وا دەکا؟!. سایەقەکە دڵی لە ئاستی مەرگدا لەرزی.

– ئازاری زۆرە.. تکایە خێراتر لێخوڕە.

دۆزەخی کینە، وەرامی لەسەرپێ بوو.

– ئا.. بوەستە..

هاوارەکە زووخاوی مەرگی لێ دەتکا.

– خێراتر لێخوڕە.. ئازار زۆری بۆ هێناوە.

– ئاخ.. کوشتمی.. بوەستە..

– ئازار خستییە وڕێنەکردن.. تکایە خێراکە.. خێراتر.

– ئاخ.. کوشتمی.. ئاخ..

سایەقەکە سەرسام بوو!. گومانێك لە قووڵاییی ناخییەوە، سەری لێ هەڵدا.. گومانێك کە نەیدەزانی لە چ بابەتێکە!. لە ئاوێنەکەی ژوور سەرییەوە، سەرنجێکی خێرای دایە دواوە نێچیرەکە لە باوەشی کابرادا، وەك مریشکی سەربڕدراو هەڵدەبڵووقایەوە. بەبێ ئیرادە پێی لەسەر بەنزین شل کرد و چاوی لە ئاوێنەکە لادا. سەرێکی خێرای بۆ پشتەوە وەرچەرخاند و هەڵی ڕوانی. ئەم جارەیش هەر بەبێ ئیرادە، پێی تەواو لەسەر بەنزین هەڵگرت و توند، نیشاندییە سەر ستۆپ. لەگەڵیدا چاوی بەسەر دیمەنەکەدا ئەبڵەق بوو. بەجەستەش دەتووت تەلیسمی لێ کراوە. بوو بە بتێکی بەردین!. ئەوە تەنیا ساتەوەختێکی خایاند. کە بەدوایدا لە خۆی بەئاگا هاتەوە، بینی لوولەی چواردەخۆرێك، ئاراستەی ناوچەوانی کراوە. لەگەڵیدا دەنگێکیشی دێتە بەرگوێ کە دەڵێ:

– بجووڵێیتەوە دەتکوژم!.

سایەقەکە نەجوولایەوە. لەسەر ئەو بارەی وشك بوو. بینی کابرا جەستە شلوشێواوەکەی باوەشی، بەرقەوە فڕێ دەداتە ژێر پێی. بینی لەسەرخۆ دەرگەکە دەکاتەوە. لە ئۆتۆمۆبێلەکە دادەبەزێ. دەرگەکە دادەخاتەوە. زۆر بێباکانە دێ و لە پەنجەرەی دەرگەی خانەی پێشەوە، سەری لێ دێنێتە ژوورەوە. لوولەی چواردەخۆرەکەی ئاراستەی ناوچەوانی دەکاتەوە. زەردەخەنەیەکی ژەهراوی بەڕوویدا دەدا. هەست دەکا دەیەوێ قسەیەك بکا. بەڵام وەك بەپێویستی نەزانێ، پاشگەز دەبێتەوە و تەنیا، لوولەی دەمانچەکەی لێ ڕادەوەشێنێ. لە هەردوو چاویشییەوە دوو کڵپەی ئاگری تێ دەگرێ و بەدوایدا، بەفیزێکەوە دەمانچەکە دەخاتەوە بەرباخەڵی. پشتی تێ دەکا و بەڕۆیشتنێکی ئاسایی، دەکەوێتەوە هەنگاونان. خۆی بەکۆڵانێکی بەرمبەریدا دەکا و لە چاو ون دەبێ.

١٩٧١

## دیمەنێکی ژەنگاوی

### ١

ڕوونترین شێوەی کە دێتەوە پێش چاوم، دەرگە و کۆڵانەکەیەتی. سەروو ئاشی عەلەتریکەکەی جاران، کۆڵانێك بەرەوژوور دەڕوا. یەکێکی تر لەلای ڕاستەوە، شاقووڵی دەنیشێتە سەری. یەکەم دەرگەی دەستەڕاستی ناو ئەو کۆڵانە، خانووی لەمەڕ دیمەنە ژەنگاوییەکەی، ناو مێشکی منە.

پێری شەو، تا درەنگوەختێك مزگەریم تێدا کرد. دیمەن کەڵبەی لە هەستم گیر کردبوو. مێشکمی دەکرۆشت. تەوژمی خۆخواردنەوەی، تەمەن بیست ساڵەی هێنابوو. دایکم لە شیرنخەو ڕاچەناند. لێم پرسی کە ئاخۆ ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان، لەو خانووەدا بووین؟!. بۆ وەرام لەسەری ڕانەوەستا و وتی:

– ئا.. بووین.

پێم وت:

– تکایە باش بیر بکەرەوە.

سەرسام بوو.. وتی:

– چ خێرتە؟!.

وتم:

– خۆشیی تۆ.. تەنیا حەز دەکەم بزانم.

ئەو (ئا.. بووین)ە کەی خۆی دووپات کردەوە و چۆ وە شیرین خەوە. بەڵام من بەو وەرامە، هێندەی تر دەروونم ورووژا. خەوم لێ نەکەوت. کەڵبەی دیمەن دەچەقییە هەستم. مێشکمی دەکرۆشت.

### ٢

بۆ بەیانی بەبەر دەرگەکەدا ڕابوردمەوە. دیمەنەکە لێم بووبووە تەلیسمێك و، ئاواتی شکاندنی دەیبرژاندم. سەرنجم دایە. تەختە دارگوێزە ڕەشداگەڕاوەکەی، گۆپکە ئاسنەکانی، ئەڵقەڕێزەکەی، گشتیان وەك خۆیانن!. گۆڵانەکەش ڕووی خۆی

وەرنـەگـێڕاوە!. هـەروەکـو جـارانـی، شاقـوولّـی دەنـیشێتـە سەر هـەمـان کـۆڵانـی ئـاشی عەلەتریکەکە. کە گەڕامەوە ماڵەوە، چوومەوە گیانی دایکم. لێم پرسی:

– دڵنیایت؟!.

وتی:

– کوڕە شیرینەکەم.. بۆ وا دەکەیت؟!. چیت لێ قەوماوە؟.

مـن تـەنـگـەتـاو بـووم. ئـاواتـی شکـانـدنـی تـەلیسمـەکـە دەیـبـرژانـدم. پـرسیـارەکـەم بەتوورەییەوە دووپات کردەوە. ئەویش تەنگەتاو بوو. وتی:

– هـەڵسە بـا بڕۆین.

پێشم کەوت. سواری عەرەبانەیەك بووین. لە ئـاستی چوخمێکدا دابـەزین و چووین بـەودیودا. کـۆڵانـێکمـان بـڕی. بـەرەو ژوور بـووینـەوە. بـەلای راستدا وەرچـەرخـاینـەوە. لەبەر یەکەم دەرگەدا راوەستا و وتی:

– ئەم خانووەیە.

مـووچـڕکـێك بـەلـەشمـدا هـات. دڵـم دەتـوت دەرزیـئـاژن دەکـرێ. کسپـەی ئـازارێکی تەماوی، نـاخی هەنـاومی ڕادەتەکاند. هیچم نەوت. تەنیا کشامەوە و ئەویش بەدوامدا. کاتێ دوورکەوتینەوە لێم پرسی:

– ئەو وەختە من تەمەنم چەند دەبوو؟!.

وتی:

– سێ ساڵ و نیو.

سێ ساڵ و نیو ؟!.. تەلیسمە!.. تەلیسمە و هیچی تر!. بـەڵام ئـاواتی شکاندنی، بـەرۆکی بەرنەدەدام. زیاتر و تیژتر دەیبرژاندم!.

## ٣

ئەمڕۆ کە لە خەو هەڵسام، رووم کردەوە ئەوێ. لە دەرگەم دا. وتم:

– کـارەبا!..

فێڵێکی بەجێ بوو. چاوێکی خێرام بەخانووەکەدا گێڕا. لەناویشەوە هەر ئەو بوو. چۆن خۆی لە ناخی بیر و هۆشمدا مت کردبوو، هەروەها بوو. حەوشەیەکی فراوانی

تەلەبەردرێژ. ژێرخانێك. بەدەستەچەپدا، پلیكانەیەك و بەرەو عرووسییەك سەردەكەوێ. بەڵام كوا كەلێنەكەی ژێر پلیكانەكان؟!. كوا شوێنەواری دیمەنە سامناكەكە؟.

ئافرەتێك لە حەوشەكەدا، جلی دەشوشت. منداڵێك بەدیارییەوە راوەستابوو. پێم وت:

– بەدایكت بڵێ: سەعاتەكە خراپ بووە. سبەینێ دێمەوە.

كە هاتمە دەرەوە، گەلێك پەست بووبووم. جنێوم بەخۆم دەدا. دەموت:

– كوا شوێنی دیمەنە سامناكەكە؟.

تەلیسمەكە لەخۆیەوە پووچ دەبووەوە. بەڵام هەر زوو لە ناخدا، تەوژمی دەدا و دەبووژایەوە. زۆری بۆ دەهێنام و دەیوت:

– ژێر پلیكانەكان.. كەلێنێك بوو!.. دیمەنێكی سامناك بوو.

ئەم جارەش لەماڵەوە دایكمم بەگیر هێنایەوە. سەرلەنوێ لێم پرسی:

– دایە گیان.. تۆ دڵنیایت؟!.

تووڕە بوو وتی:

– هێشتا نەخڵەفاوم.

وتم:

– بمبەخشە.. ژێر پلیكانەكان كەلێنێكی تێدابوو؟!.

وتی:

– بەڵێ.

پرسیم:

– چیتان تێدا دانابوو؟!.

بیری كردەوە.. ماوەیەكی زۆر بیری كردەوە. لە ئەنجامدا وتی:

– شڕەوپڕەی ناو ماڵ.

لێم پرسی :

– دڵنیایت؟!.

وتی:

– وەی!.. تەنیا بیست ساڵ لەمەوبەر بوو. لە بەرچاومە.. وەك دوێنێ لە بەرچاومە.

## ٤

شڕەوپڕەی چی؟!. دیمەنێکی سامناك. گەلێك سامناك!. ساڵەهایە لە دڵدا لێی بەئاگام. ساڵەهایە لە قووڵاییی هەست و هۆشمدا، دەیهێنم و دەیبەم. بەڵام داخ!.. هەردەم لە ئاستی یەکالاکردنەوەیدا، دەستەوستان بووم. هەردەم وەك تەلیسمێك، خۆی لە دەروونمدا نیشان داوە. رستێك.. تەنیا رستێك وێنەی تێکەڵوپێکەڵی ژەنگاوی هیچی تر.

ئارامم لەبەربڕا. چوومەوە دەرەوە. زۆر سووڕامەوە. زۆرم لە شەقام و کۆڵان و چاخانەکانی شار بەسەرکردنەوە. زۆریش سەرم هێناوبرد. لە ئەنجامدا گەیشتمە بڕیار. گەڕام بۆ برادەرێك.. بۆ ناسیاوێکی دانیشتووی ئەو دەوروبەرەو دۆزیمەوە. ئەتیکێتم خستەلاوە و بۆ شێوکرن، خۆم کردە میوانی. ماڵیان لە کۆڵانی ئەودیوتری، خانووەکەی لەمەڕ مندا بوو. خۆیم مەبەست نەبوو، باوکیم بەگیر هێنا. لێم پرسی:

– ئەو خانووە لەوەبەر هیی کێ بوو؟!.

وتی:

– وەستا سابیری وەتراخچی.

پرسیم:

– وەك بێتەوە بیرت، بیست ساڵێك لەمەوبەر کێی تێدابوو؟!.

وتی:

– حەمە کەچەڵی کەوشدروو.

وتم:

– من کوڕی ئەوم.

تەریق بووەوە و وتی:

– باوکت خوا عافووی بکا، پیاوێکی باش بوو.

پرسیم:

– ناسیاویت لەگەڵیدا هەبوو؟!.

وتی:

– زۆر نا..

کەمێك بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

– ئەوی راستی بێ، پیاوێکی گۆشەگیر بوو. حەزی بەتێکەڵاویی خەڵکی نەدەکرد.

وتم:

– وەك لە دایکمم بیستووە، گوایە چورتمێکی بەئازار خەفەتباری کردووە.

سەری سوڕما و. وتی:

– من لە منداڵییەوە لە دوورەوە دەمناسی. نەمبیستووە شتی وەهای بەسەر هاتبێ. من ویستم لەسەری برۆم و ئەو، باسەکەی گۆڕی.

–٥–

ئەمشەو کە گەڕامەوە ماڵەوە، دڵم هێجگار پڕ بوو. تەقەڵای شکاندنی تەلیسمەکە، سەراپای هەست و هۆشمی داگیر کردبوو. وا زانبووە مێشکم، کە گەیشتوومەتە کەناری ئەنجام. چوومەوە وێزەی دایکم و لێم پرسی:

– باوکم لە کەیدا دەوڵەمەند بوو؟!.

وتی:

– تۆ هێشتا منداڵ بوویت.

پرسیم:

– تەمەنم چەند دەبوو؟!.

وتی:

– پێنج شەش ساڵان.

لە ناکاو پرسیم:

– چۆن دەوڵەمەند بوو؟!.

حەپەسا و کپ و خامۆش بوو!. بیری کردەوە.. ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە. کە هاتە وەڵام وتی:

– کوڕە شیرینەکەم.. چیت لێ قەوماوە؟!.. بۆ وا دەکەیت؟.

بەدڵڕەقییەوە  پرسیارەکەم دووبارە کردەوە:

– چۆن دەوڵەمەند بوو؟!. ئەم جارەش حەپەسا!. ئەم جارەش زۆری بیر کردەوە. تا وردە وردە، فرمێسك لە هەردوو چاویایدا تەقی. بەسەر هەردوو ڕوومەتیدا، چۆڕاوگەی بەست. ئەوسا ئەویش وەك بیەوێ، بێتە کۆڕی دڵڕەقییەوە وتی:

– تۆ بە چ هەقێك، کوتەکی ئەم پرسیارە نالەبارەت، ئاراستەی گیانی ئەو باوکەت دەکەیت، کە ڕەنجی فەرهادی بۆ بەختیاری و ئاسوودەیی تۆ دا؟.

ئەم وەڵامە ناقۆڵایە، هێندەی تر شێتگیری کردم. دیمەنە سامناکەکە، روونتر لە هەر وەختێکی تر، لە پێش چاومدا خۆی نواند. بەدڵڕەقییەکی توندوتیژترەوە، پرسیارەکەم دایەوە بەڕوویدا:

– چۆن دەوڵەمەند بوو؟.

ئەو سەری خستە کۆشیەوە و دایە پڕمەی گریانێکی بە کوڵ. منیش بۆ یەکەم جار لە ئاستی تەلیسمە ستەمەکەدا، پشووم دا و لە دڵدا وتم:

– بە هەڵە نەچووبووم. چۆنم گومان لێ دەکرد، وەها دەرچوو.

١٩٧١

## مەدەد

دەچمە ناو کۆڵانەکەوە. چاو ناگێڕم. بۆچی چاو بگێڕم. لە بەردەرگەیەکدا دەوەستم. پرسیارێك لە مێشکمدا برووسکە دەدا.. خۆیەتی؟. چووزانم. من هەقم چییە!. یا ئا یا نەء. لە دەرگەکە دەدەم. کیژۆڵەیەك دەیکاتەوە. لەشیم لێ ونە. سەری دەنگ دەکا:

– ها؟!.

– ئا!.

– چیت دەوێ؟.

–من؟!.. چووزانم.

سەرەکە دەزریکێنێ. من نازریکێنم. بۆچی بزریکێنم؟!. مەسەلە چییە؟. نازانم. دەڕۆم. ناگەمە سەری کۆڵانەکە و هەرایەك دەگاتە سەرم. هەراکە ئابلۆوقەم دەدا. دەیەوێ حولم بدا..

– ها.. هوو.. ها.. هوو.. مەدەد!.

سەرم گێژ دەخوا. دەخولێمەوە. تێکەڵی ریزی ئابلۆوقەکە دەبم. منیش حول دەدەم..

– ها.. هو.. ها..هوو..مەدەد!.

گێژیی سەر و خولخواردن، تووڕم دەدەنە دەرەوەی ریز دوورم دەخەنەوە. لە خولخواردن دەکەوم. دەڕۆم دەگەمە ئاستی سواڵکەرێك. لێی دەپرسم:

– ئەرێ برا تەنی شێلمان بە چەندە؟.

دەڵێ:

– کاکە پێڵاوەکانم بۆیاخ کردووە.

نازانم مەبەستی چییە؟!. بۆچی بیزانم؟!. چیمە بەسەریەوە؟!. سوپاسی لوتفی دەکەم و دەڕۆم. بۆ کوێ؟!. نازانم. بۆچی بیزانم؟. چیم لە سەریەشەی زانین داوە؟. دەڕۆم. دەگەمە مەیدانێك. لە ناوەڕاستیدا هەڵدەترووشکێم. دەیکەمە فینگەفینگی گریانێکی بەکوڵ. عەشاماتێکی زۆرم لێ گرد دەبنەوە. سەریان سوڕ نامێنێ. لەگەڵمدا دەیکەنە شینوشەپۆڕ. من گریانم پێ نامێنێ. دەدەمە قاقای پێکەنینێکی شێتانە. ئاقڵێکیان لێم

دێتە پێشەوە و دەپرسێ:

– چ خێرتە؟.

من دەڵێم:

– مەدەد!..

ئەو دەیڵێتەوە:

– مەدەد!. عەشاماتەکە دەیتەقێننەوە. بەیەکدەنگ دەیڵێنەوە:

– مەدەد!.. مەدەد!.. مەدەد!..

من درۆم ئەوان مەدەد. من دوور دەکەومەوە. ئەوان هێشتا هەر مەدەد. مەبەستم نییە. ئەوان پیشەی خۆیانە. کەس گۆڕی کەس ناچێ. من وا چاکە هەر برۆم و دەڕۆم. دەگەمە ئاستی ئەنتیکە خانەیەك. دەچمە ژوورەوە. پەیکەرێك سەرنجم ڕادەکێشێ. بەدڵمە. بەدەوریدا دێم و دەچم. ماوەیەکی زۆر، بەدەوریدا دەخولێمەوە. دوا جار بڕیار دەدەم. دەچمە تەنیشتییەوە و رادەوەستم. خۆم مت و خامۆش دەکەم. چاویش ناترووکێنم. زەلامێك دێت. لە پەیکەرەکە و لە من ورد دەبێتەوە. دەحەپەسێ. ناگاتە ئەنجام و دەڕوا. ژن و مێردێك دێن. تێم دەڕوانن. منداڵێکی چەتوونیان لەگەڵدایە. منداڵەکە چەمکی چاکەتەکەم ڕادەکێشێ. من دەنگ ناکەم. باوکی لێی تووڕە دەبێ. دایکیشی پەلی دەگرێ و بەپەلە دەڕۆن.. بەدەم شڵەژاوییەوە دەڕۆن. پیرەمێردێك و پیرەژنێك دێن. پیرەژن بە پیاوەکەی دەڵێ:

– داوەشێ.. ئیشی تر قاتی بوو بیکا!.

پێش ئەوەی ئەوان بڕۆن، من دەڕۆم. دەچمە دەرەوە. دەڕۆم و هەر دەڕۆم. دەگەمە ناو باخچەیەك. تنۆکی ئاورنگ بەسەر گەڵاکانەوە دەبینم، بوونەتە ئەڵماس و یاقووت و زمرووت. کە پەنجەیان بۆ دەبەم، دەبنە پەیکوڵ و دڕکەزی. من دەست دەکێشمەوە. ئەوان شاڵاو دێنن و دەچەقنە بنی نینۆکەکانم؟. بۆچی دەچەقنە بنی نینۆکەکانم؟. چووزانم بۆچی بیزانم؟!. دەڕۆم. دەگەمە بەردەرگەی باخچەکە. پۆلیسێکی ئاگرکوژاندنەوە ئامبازم دەبێ. باڵبەستم دەکا. بەتەکان دەمداتە پێش خۆی. نازانم مەسەلە چییە؟!. چیمە بەسەرەوە؟!. پیشەی خۆیەتی. مەدەد!.. دەڕۆم. خۆشم دەڕۆم و تەکانیش بەڕێوەم دەبا. شەش حەوت زەلام دەبینم، لە کابرای پۆلیس بوونەتە مووی لووت. قەڵەم و کاغەزیان بەدەستەوەیە. دەپاڕێنەوە. دەڵێن:

– تکایە.. تەنیا دوو پرسیاری لیّدەکەین.. تکایە.. دەستمان دامێنت.. تکایە .. تکایە..

ئەریّ بەڕاست، بۆچی وەها دەپاڕێنەوە؟!. چووزانم. من چیمە بەسەریانەوە. پیشەی خۆیانە. من باڵبەست کراوم و دەڕۆم. ها؟!. راستە کە باڵبەست کراوم؟!. چووزانم. بۆچی بیزانم؟!. پۆلیسی ئاگرکوژێنەوەکە وا دەڵێ. من هەقم چییە؟!. من ئەوەتا دەڕۆم . چیمە بە سەریانەوە. ئەوان پیشەی خۆیانە. کەسیش گۆڕی کەس ناچێ.. مەدەد!...

١٩٧٣

## وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ

هەڕەشە و ڕەشبەڵەك

– ناڵدار توخنی کەویٚ، ناڵی ئەشکێنین.. باڵدار خۆی لە قەرەی بدا، باڵی ئەقرتێنین.

سەرجەم زمانە هەراشەکانی ناو دەمی شار، نەڕەی هەڕەشەی خلّتانی رقیان لیٚ دەردەپەڕی.

–ئەوەی لەکە ئەنێتە سەر رەوشتی خۆمان و باو و باپیرمان، بەپێی یاسای خۆڵ و دۆ، سزای پشتاوپشتی ئەدرێت. جارچییەکی شارەزای تەمەن درێژ، بە پەرۆشەوە هەڕەشەکەی بۆ دانیشتوانی شار ورد دەکردەوە. کۆڵان بوێری نە دەکرد.. وچانی بۆ نە دەدا.. ئەرکی پیرۆزی سەرشانی خۆی، بە دڵسۆزییەوە بەجیٚ دەهێنا.

– فەرموودەیەکی بەجێیە.

سەرجەم کۆڵانەکانی شار، لە ئاستی هەڕەشەی سەوزا، گوێچکە لەقێن بوون.

***

ئێرە ئێزگەی رادیۆی بەغایە– بەشی کوردی... قورئانی پیرۆز...

– شێلم... شێلم...

ئافرەتێکی منداڵکار بوو.. تازە شووی کربوو.. مێردەکەی حەزی لە شێلمی خۆماڵیی بەیانییان بوو.. شێلمی سەر عارەبانەی نەدەچوو بە دڵا.

– خۆ کریٚ گرتە نیم...

– شەش نان... بیست فلسم بەرەوە...

– کوا گۆرەوییەکانم؟...

– باوکت رۆیشت... پارەی بۆ دانەنایت..

– بابیٚ.. نیمە... خشت..

– خوا یەکە و نەبووە بە دوو...

– .... ئەوا ئەمڕۆش..

– نەخێر...

– وازم لێ بێنە... خەوم دێ.

بۆ جاری ملیۆنەها جارە، جەجاڵ هەڵدەسا... دەبوو بە ڕۆژی حەشر. شار بە یەکا دەهات. شار بە یەکا دەچوو. شار چنگ لەسەر شان، ئەنیشتە سەر رۆژێکی تری تەمەن و پەیڕەوی یاسای ژیانی دەکرد.

– ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ.

– ئەوەی کۆشش بکا، پێ دەگا.

– سەرنج بدەرە ئادەمیزاد و تێ بگە لە چی دروست بووە.

دیواری چاخانەیەکی پیاڵە ژەنگاوی، لە قورنەیەکی (ئاشە گواوی) دا، قوڕی بە دەمی (داروین)دا دەدا. سەرە مێکوتە و مار و قۆڕی.. ئینجا بەڕێز مەیموونی باپیرە هەرە گەورە و دەعبا ونەکەی دوای ئەو، لە کوورەی سەماوەرە زەردە تەنگە ئەستوورەکەی ئەوا، دەبوون بە خۆڵەمێشی درۆیەکی بێ رەزای هەڵقرچاو.

– دادگا بڕیاری دا بە خنکاندنت.

– تەڵاقت نەکەوتووە.. بڕۆ.. ژن هەر ژنەکەی جارانی خۆتە.

– بیبەن لەو ژوورەی پشتەوە هەڵی واسن. شەق دەزانێ قۆناخ لە کوێیە.

– نووسراوی ژمارە (١٢٧٤٩٣)تان.. شۆڕش لە دەمێکەوە ئەم باسەی فت کردووە.

مووچەخۆرەکانی میری، مانگانەکانی خۆیانیان حەڵاڵ دەکرد. کەسێکیان بە موو لە ڕێبازی ڕێژیم لای نە دەدا.

– ئامانجمان خزمەتگوزاریی گەلە.

– لە گەلەوە بۆ گەل.

– بە ناوی خوای بوزرگ و گەلی مەزنەوە.

هەموو رۆژێ دوای هەرەشە، لە دامێنی کەلا دەبوو و بە ڕەشبەڵەك.. بە جۆشەوە دەبوو بە ڕەشبەڵەك.

**سەرەتای هەنگاو**

خۆی بۆخۆی دەگێڕایەوە.. دەیوت:

«کە لە پشتی باپیرە گەورەما بووم، دایە گەورەم بە بەرچاوی خۆمەوە زینای دەکرد. باپیرە گەورەشم وەك ئەو دز بوو. هیچیان خاوەنی ناو ڕانی یەکتر نەبوون. هیچیشیان ناو ڕانی یەکتریان بۆ دابین نە دەکرا. تەنیا  بە هێشووە ترێیەکی گەییوتر، سەوا و مامەڵەیان بە ئاسانی تێدا ساز دەبوو . کەچی کە دایکم لەدایك بوو، من بە کۆڵەکەی گێژەڵووکەیەکەوە بە سترامەوە. باوکیشم مێخێکی بە ناو سمتما داکوتا و وتی:

– دایکت و گیژەلووکە و مێخ!

من هێشتا لە ورگی دایکما بووم، هەڵاتمە سەر پۆپەی گێژەلووکەکە. بە هەرچوار لادا هەڵم ڕوانی. هەتا چاو بڕ کات بیابانێکی خامۆش بوو. هەستم بە ترسێکی کوشندە کرد. بە لوولەی گێژەڵووکەکەدا، خۆم بۆ ناو ورگی دایکم تووڕ دایە خوارەوە. باوکم زوو زوو شووژنێکی دەچەقاندە ناو لەشم. زوو زووش هەڵدەهاتمەوە سەر پۆپەی گێژەڵووکە و بەهەر چوار لادا دەمڕوانییەوە. بەڵام هەر هەمان بیابانی خامۆش لە بن نەهاتوو بوو. هەر هەمان ترسی کوشندەش تووڕی دەدامەوە خوارەوە.. بو ناو ورگی دایکم.

ورگی دایکم، زینای دایە گەورەمی ئەژەنییەوە. پشتی باوکیشم، هیی باپیرە گەورەم. بەڵام ورگ و پشتی ئەمان زۆرزان بوو بوون. هێشووە ترێکەی جارانیان، لە بازاڕی زەڕەنگەرەکانا، بە هێشووە مروارییەك دەگۆڕییەوە. یەك بە دزی یەکترەوە دەیانگۆڕییەوە.

کە من  لە ورگی دایکم هاتمە دەرەوە، جێگە مێخ داکوتانەکانی باوکم، بەسەر سمتمەوە دیار بوون. باوکم بە دایکمی وت:

– پیاو بوو.. چۆن کردت بە ژن؟

ئەوسا ناو ڕانی دایکم و باوکم وشك هەڵاتن، ناو ڕانی من ئاوی تێ زا. ئیتر ئەوە شازدەساڵ!..

کەچی باپیرە گەورەم لە نۆرەی منا سوێندی خوارد زینا نەکا. دایە گەورەشم لە نۆرەی منا بڕیاری دا، خۆی بکاتە سەگە رەشەکەی بەر قاپیی خوا.

**کوڵی ئارەزووی زینا**

خۆی لەگەڵ خۆیا دەدوا.. دەیوت:

«کەسێك تیلەی چاوێکی ئارەزووم تێ ناگرێت. کەسێك تاڵێك بەزەیی.. تۆزقاڵێك

نازم پێ ڕەوا نابینێ. هەموو قیژم لێ دەکەنەوە هەموو رووم لێ گرژ دەکەن، هاوار بۆ کێ بەرم؟ من وا بۆ شازدە ساڵ دەچێت... شازدە ساڵ... بەسەر پشکۆی حەز و ئارەزووی کچێنی خۆما هەڵنیشتووم. بە رۆژ بە زنجیرە داخ دەکرێم و بە شەو کێم و زوونی جێگەزامەکانی رۆژم دەخۆمەوە.

هەرچیم پێ وترا کردم و هەر چیم فێر کرا، سێ و دووم لێ نەکرد. هەموو رۆژانێکی جومعە، زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخم کرد. هەموو سێ سێشەمانێك چوومە سەر وەیس. هەموو شەوانێکی شەموو، شەمالەم گرتەوە.

وتیان ئارایشت بکە، کردم و بووم بەپەند. وتیان قژت لوول کە، بووم بە گاڵتەچیی ژنانی گەڕەك. وتیان خاڵ بکوتە، کوتام و لێم بوو بە بەڵا. وتیان و وتیان و زۆریان وت.. هەمووشیانم کرد. کەچی ئەوەتا من وا بۆ شازدە ساڵ دەچێ، بە سەر پشکۆی حەز و ئارەزووی کچێنیما هەڵنیشتووم و خەڵکی تریش بوونەتە خاوەنی ئەڵقەی زنجیری پشت و پاشی خۆیان!.

***

ئەوەی دەڵێ من وام لە چارە نووسراوە، چارەی بە گوو سواغ دەدەم. کە باپیرە گەورەم لە دایك بوو، دایە گەورەم بە سواری ئەسپی زینا بە پیریەوە چوو. باپیرە گەورەم سەرچۆپیی گرت و زەماوەندێکی ساز کرد، کە زیناکەرانی ئەم پەڕ تا ئەوپەڕی دنیای هێنایە جۆش. حەوت شەو و حەوت رۆژ بەکاتی تیشك هاوێژ، دایان لە دەهۆڵ و زوڕنا. بە درێژاییی زەماوەندەکە، کەسێك گوێی بۆ شاوری ملیۆنەها فریشتەی ئەوسای ئاسمان رایەڵ نە دەکرد. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای زینا بە جۆشتر بوو. کەچی کە نۆرە هاتە سەر من، دەهۆڵ و زوڕنا کپ بوو، کە شاوری تەنیا فریشتەیەکی هەتیوی کووچەیەکی هەرە دووری ئاسمان، پەردەی گوێچکەی دەهۆڵ و زوڕنای وەها دڕاند، کە بۆریی (ئۆستاکی) تێدا ببێتە دەیان زێرابی ژێر سمتی شار و ریخی ملیۆنەها ساڵەی بەناو خۆیا بە ڕێ بکات.

بەڵام من هێندە بوودەڵە نیم، کە شاوری تەنیا فریشتەیەکی هەتیو، بتوانێ هەر وا بە ئاسانی زەماوەندم کپ کات. زەماوەند بەردەوام دەبێ.. بەردەوام.

## ١
## زنجیرەی هەنگاو

بۆ هەردوو لا یەك سەربان بوو.. چیغ بە چیغەوە. ئەوان خولە تاقانەیان بوو. هەتا توولێك سێبەر لەناو چیغەکەیاندا بمایە، کەسێك لە ئاستی خەوی شیرینیا، ورتەی نە دەکرد. بەڵام ئەم سپڵی لاورگ بوو. کەچی بەپێی نەخشەکەی، بەخێر بۆی دەگەڕا. نەخشەکەی چۆن کێشا، وەهای بردەسەر. ئەو بەیانییە وەك هەر ڕۆژێکی تری، زوو لە خەو هەڵسا. چووە خوارەوە. چایەکەی دەم کرد. نانەکانی تەڕ کرد. شکاندنییەوە و لە سەرەویرەکەیەوە پێچان. بە فڕکان سەرکەوتەوە. دایکی و باوکی بە ئاگا هێنا و لە باوەشی یەکتری ترازاندن. بە پەلە، هەردووکیانی لە نان و چا مڕ کرد. باوکی ڕووی کردە بازاڕ و دایکیشی لەسەر پیشەی خۆی، بۆ شکاندنی دوا سەرخەوی ئەو شەوەی، لە جێی خۆی ڕاکشایەوە. ئیتر ئەوسا هەموو شت کۆك بوو. نەخشەکەی چۆن کێشابوو، وەهای بردەسەر. سەرکەوتەوە سەربان. پەلەی بوو. دەستی لە پرزوڵێك نوێن نەدا. بەرەو چیغەکەی تەنیشتیان ملی نا. پەلەی بوو. سێ و دووی لێ نەکرد. بە پەرۆشەوە خۆی تێ هاویشت. پەلەی بوو.. هێجگار پەلەی بوو.

## ١٦

بە ڕوو هیچی لێ کەم نەبوو. بەڵام بە لەش نیوە بوو. کەس نەیدەزانی بۆ وای دەکرد؟. بە ڕۆژ ئەنووست و بە شەو ئێشکی نیوە مردووەکەی خۆی دەگرت. هەبوون دەیانوت: فاڵچییەك بۆ دەرمانی دەردی، ئەم ئامۆژگارییەی کردووە. هەشبوون دەیانوت:

نیوە مردووەکەی خۆی بە زیندوویێتی، لەناو ئەستێرە دوورەکاندا بەدی دەکا.

بەڵام هیچ کامێك لەم دوو قسەیە لە جێی خۆیا نەبوو. نەخشەکەی ئەم، هەردووکیانی پووچ دەکردەوە. ئەو شەوە پووچی دەکردنەوە.

چاوەڕوانی کرد تا دایکی و باوکی خۆیان چەسپاندە ناو یەکتر. دوا جار تا خەوی قورسی دوای شەکەتبوون، خپی کردن. ئەوسا وەك شنەی شەماڵێکی سووك، خۆی ڕایەڵ کردە خوارەوە. لە پشت دەرگەی حەوشەدا هەڵترووشکا. زۆر ماتەل نەبوو. هات..

خشكەی لە دوورەوە نیشانی هەڵدا. خشكەی لە بن دەرگەكەدا خپ بوو. لە سوژدەی دەوای دەردی چەن ساڵەیا خپ بوو .

فاڵچی و ئەوانی تر هەڵە چووبوون.. خراپ بە هەڵە چووبوون. دەوای دەردی، لەناو لەشی ئەما خۆی مەڵاس دابوو..

## غەزا

ریزی پێوە گرتن.. ریزیان پێوە گرت. زەماوەند گەرم دەبوو. دەهۆڵ و زوڕنا، لووتكەی جۆش و خرۆشیان دەدا. لەناو لەشی ئەما دەبوو بە ڕەشبەڵەك... ئەبوو بە شەڕی مەغلوویە.. دەبوو بە غەزا.

–سەرفراز بێ.. من مێشكی خۆم، لە سوژدەی وێنەی ناو ڕانی ئافرەتێكا دەپروان.

– من دەمبرژان...

–من دەمسووتان...

– من شەوی هەزار جار، دەبووم بە هەڵم و دروست دەبوومەوە.

كەسێكیان بێ سوێ نەبوو. كەسێكیشیان سوێی ناخی خۆی بۆ دابین نە دەكرا. هەموو لە سوژدەی زینادا، بە چۆكا دەهاتن. هەموو لە كوورەی زینادا دەبرژان... دەسووتان. هەموو وەچەی زینا بوون... وەچەی زینا.

بەڵام ئەم وەچەی زینای ڕیسوا دەكرد.. ریزی پێوە گرتن. ئەوانیش لە سوژدەی زینادا بە چۆكا دەهاتن.. ریزیان پێوە گرت.

## چڵپاوی ناو دەمی شار

– ناڵدار توخنی كەوێ ناڵی ئەشكێنین. باڵدار خۆی لە قەرەی بدا، باڵی ئەقرتێنین.

– ئەوەی لەكە دەنێتە سەر رەوشتی خۆمان و باو و باپیرمان، بەپێی یاسای خۆڵ و دۆ، سزای پشتاوپشتی دەدرێ.

– فەرموودەیەكی بەجێیە.

***

– كوڕ و مێردەكانمانی لە دین دەركرد.

– ئافرەتانمانی ریسوای بەر قاپیی خوا کرد.

– داوێتی بە کۆڵیا.. پیاوان بێ گوناهن.

– خوا ناناسێ... لاسایی کافرەکان دەکاتەوە.

– گەڕەکمان بۆگەن بوو.

– شارمان ریسوا بوو. زمانی شار گوێزان بوو. بۆ جاری ملیۆنەها جارە، خۆی لە هەسانی مێژوو دەسوو.

– (الزانية فارجموها...) ..

مەلای مزگەوتەکەی گەڕەك، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی باش لەبەر بوو. بە ئاسانی دەیکردن بە رۆنی سەر هەسان. بۆیە هەسان، دەمی گوێزانی بە ئاسانی دەکرد بە ئاگر.

**بەندی یەکەم لە یاسای خۆڵ و دۆ**

ئەو بەیانییە، نەیانهێشت کەرە بۆزی مام ساڵح بچێ بۆ ئیش. کەرە بۆز ئەو رۆژە دەبوو نیو دینار پەیا بکا، ئەمان دینارێکیان بۆ بڕییەوە. ئەو بەیانییە دەبوو شار، لە گڵاویی زینا پاك بکرێتەوە. دەبوو گەڕەك، ئوسڵی خۆی لە ناپاکیی دەرکات.

– خەڵکی گەڕەك.. روو بکەنە بەر ماڵی فاتەی گونجەگەنج.

ئاهەنگ دەستی پێ کرد.

– کەرەبۆزی بێنن. ئاهەنگ ختووکەی ناخی گەڕەکی دەدا.

– فاتە لە ماڵ دەرکێشنە دەرەوە.

– سواری کەرەبۆز کەن.

ئاهەنگ لیکی لە ناخ دەڕشت.

– خۆڵ و دۆکەی بڕێژن بە سەرا..

– دەی منداڵ... تەنەکە لێ دەن.

ئاهەنگ گەرم دەبوو.. جۆشی دەسەند. لە دەرەوەی لەشی فاتەدا جۆشی دەسەند. دەبوو بە رەشبەڵەك... دەبوو بە غەزا. لە دەرەوەی لەشی فاتەدا دەبوو بە غەزا.

کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە

شەرمی پێ ناوێ، خۆڵ و دۆ لادە

دایکی و باوکی لە جێی خۆیان دەبوون بە تنۆکێك ئاو. ئینجا دەبوون بە دوو تۆسقاڵ هەڵم و ڕەشەبای خۆڵ و دۆی سەری تاقە کچەکەیان ڕای ئەفڕاندن، تا لە کۆڵانێکی تەنگەبەری ترا دەگیرسانەوە و دەبوونەوە بە دوو تۆپەڵ گۆشت و ئێسقانی گەنیو.

خولە و مچە شەل و گشت پیاوە ناودار و بێ ناوەکانی گەڕەك، لە ئاستی دیمەنەکەدا، بە قاقای پێکەنینێکی شێتانە، ئوسڵی خۆیانیان لە زینا دەردەکرد و دەچوونەوە ڕیزی غەزاکەرانی دەرەوەی لەشی فاتە.

**فاتە**

بەڵام فاتەی گونجەگەنج، بەسەر پشتی کەرەبۆزەوە، دەبووە پەیکوڵێکی هەزار نووك و بەردەوام دەچەقییە ناخی جەرگی وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ.

شۆخی بە ئەنابەت چووە لای زوهد فرۆشێ
بـۆ ئـەخـزی تـەریـقـەت بـە دڵـی پڕ لـە خـرۆشێ
خۆش هاتە جوواب و وتی: تۆ هەقتە وەلێ من
چـەنـد ساڵـە فـرۆشـتـوومـە ئـیمـانم بـە قـرۆشێ

شێخ ڕەزا

***

چوار خشتەی شێخ ڕەزا لەسەر شیعری (کوردی):

وتم وەك سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئۆلکەی حوسن دا گەر لافی جووانی لێ بدەی لێت دێت
وتـی: مـەیـخـانـە بـێ دایـم بـە یـادی چـاوی مـەستم جێت
سەبـا! یـارانـی مـەجـلـیس گـەر هـەواڵـی مـن دەپرسن لێت
بـڵـێ کـێشاویـە مـەیـخـانـە دوو چـاوی بێچووە عـەییـارێ

## بەندی دووەم لە یاسای خۆڵ و دۆ

ئەو ڕۆژەی شار، فاتەی گونجەگەنجی تێدا خستە ناو جەواڵی بەندی یەکەمی یاسای خۆڵ و دۆوە، بۆ شەوێ دەمی جەواڵی بەندی دووەمی دائەچەقاند. لاوێکی منداڵکار بوو. لە خۆڵ و دۆی سەری فاتە، ئاوێنەیەکی دروست دەکرد. ئاوێنەیەکی بەرین. چاوی شاری دەکردە خەو. مێشکی دەهێنایە ژەنگ و ژار. نەیدەهێشت بە سات وەنەوز بدا. ئاوێنەکەی دەدایە بەر. بە سەرسەختییەوە دەیدایە بەری. شار لە ئاوێنەدا بە چاو نووستبوو. بە مێشك لەژێر تیشکی ڕۆژی لاوە منداڵکارەکەدا گینگڵی دەدا.. خولی دەخوارد. دەبوو بە قەوانێك و سەجەرەی خۆی دەگێڕایەوە. دەیوت:

**١**

پۆستە و ئیدارەیەکی ئەفساناوی، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بوو، لە گۆڕەپانی بانەگای شارا، ئەیدا لە دەهۆڵ و زوڕنا.

شاری بە ختووکەی سۆزی خۆی مەست ئەکرد. دەیکرد بە ڕەشبەڵەك. دەیکرد بە تەگەوبەرانی. کام ئاواز مووچرکەی خۆشیی دەدا بە خوار و ژووری گۆڕەپانی بانەگا، بە دیاری دەیدا بەشار. کەسێکی لە سۆزی ئەفساناوی خۆی بێ بەش نەدەکرد، ئێسکوپرووسکی ناو گۆڕەکانیش. بە ڕۆژ لێیان قەدەخە بوو. بە شەو لە ژێر دار ئەرخەوانەکاندا دەیانکردە ڕەشبەڵەك. دەیانکردە تەگەوبەرانی. لە کاسەی سەری یەکتردا، بە خۆشیی ئاوەدانیی ناوگەڵی شارەوە، شەرابی ناو دەمارە دێرینەکانی خۆیانیان نۆش دەکرد. لەگەڵ هەر قومێکدا، برووسکەی قاقای پێکەنینێکی گەشکەدارییان، بۆ پیرۆزبایی بە ڕەشبەڵەکی سەر بانەگای شار ڕادەگەیاند.

– نەمر بێ هەتا هەتایە، ئێسکوپرووسك.

دەمێکی زل دادەچەقی. زمانێکی هەزار فاقی لێ دەهاتە دەرەوە. دەکشا.. هەر دەکشا.. تا ئەگەیشتە ناو گوێچکەی ڕەشبەڵەکی ژێر دار ئەرخەوانەکان..

– نەمر بێ هەتا هەتایە، ئێسکوپرووسك.

زمانە هەزار فاقەکە، هەزاران برووسکەی وەرامدانەوەی سوپاس و ستایشی دەئاخنییە ناو گوێچکەی ئێسك و پرووسکەوەوە.

کەسێك لە سۆزی ئەفسانـاوی پۆستە و ئیدارەی بێ بەش نەدەبوو. منداڵەکانی شاریش.. سەرلەنوێ بەسەر دایك و باوکەکانا دابەش دەکرانەوە. دایکەکان، بە ناو کۆڵانەکان و سەر شەقامەکانی شارا، تا بەردەمی ژووری قازیی دەچوونەوە ریز.. دووبارە بە شوو دەدرانەوە. باوکەکان، لە نێوان دوو رەشبەڵەکدا ڕا دەمان .. جێگە گۆڕکێیان دەکرد..

دۆزینەوەی باری هەرە بەتام، شێت و شەیدای دەکردن. پیر لە شارا نە دەما. سەفەربەر و گرانییەکە و شەڕەکانی شێخ مەحموود، بەبێ شایەت ئەمانەوە. شایەتەکانی دوای ئەوانیش، لە ڕیزی رەشبەڵەکدا، رۆژی لە دایکبوونی خۆیانیان لە یاد دەکرد.

دادگەی شار بڕیاری دەدا، کە ئەوانە هێشتا سەری لووتیان دوو فاق نەبووە. بەوە پۆستە و ئیدارە، سۆزی ئەفسانـاوی خۆی لە هەسان ئەدایەوە.. تیژ لە هەسانی دەدایەوە.

کەسێك لە سۆزی ئەفسانە، تەرە نە دەبوو. شار بۆی سەروبن دەبوو. گیروگرفت دەبوو بە پەشمەك. زێرابەکانی شار. هەنگوینیان پیا تێ دەپەڕی. مزگەوتێك، چوار تیاتروخانەی هەڵدەلووشی و خۆی جێگەی ئەگرتنەوە. لە ژووری پۆلەکانی قوتابخانەیەکدا، هەزاران چۆلەکە پاساری ئەخزانە داوەوە.

هەریەکەیان بە تەنیا پوولێك، لە بازاڕێکی ئەمووستەچاوا ئەفرۆشرا بە منداڵی یەکێك لە پیاوماقووڵانی شار. قەفەزێك، سەگێکی گەڕی تێ دەئاخنراو لە دووکانی زەرەنگەرێکی بەناوبانگی شارا هەڵئەواسرا. لێی ئەنووسرا. (کەوێك لە زێڕ). پێنج هەزار پاکەت (سێرف)، لە یەکێك لە کارگەکاندا بە ناز و ناخون ئەهێنرایە بەرهەم و خاوەنەکەی بە نیازی تەنیا سێسەد لە سەدا قازانج، بە خۆڕایی دابەشی دەکرد. کەچی پێنج هەزار ئافرەت، بە پەرۆشەوە لە یەکتریان ئەپرسی.

– ئەرێ خوشکێ، تۆش (تاید)ت بە خۆڕایی وەرگرت؟

کەسێك لە سۆزی ئەفسانـاوی، لالووت نە ئەبوو. شار کلکەلەقێی بۆ ئەکرد. سەرکردە روحی یابەی ئەفرۆشت.

لیژنەی ناوەخۆ فڕفڕۆکە بۆ منداڵان. قاچاخچییەك، بە پەلە نووسراوی ژمارە (هەزاران هەزار)ی بە پاسەوانەکانی سەر سنوور رادەگەیاند. دەیوت: سزای قاچاخچی بۆ لەمەودوا، خنکاندنە. مجێورێك، لە بەردەرگەی مزگەوتەکەی خۆیا، (٦٢٤) کلۆ

تلیاکی ریز دەکرد. تەماعکار نەبوو..

بە نرخی تۆڵەکە ئەی فرۆشت. مودیری واریدات، لە راپۆرتی پێش یەکی نیساندا دەینووسی: ئەمساڵ پیاوماقووڵانی شار، پشتیان کردووەتە تەرخوون. پتر حەزیان لە وێنەگرتنە. دەروێشێکی بێ پرچ و کاکۆڵ، ئافرەتێکی لە پشتی خۆیەوە دەرئەفرتانە دەرەوە. ئافرەتەکە ئەی دایە قاقای پێکەنینێکی شێتانە. شاڵاوی دەبرد. پۆستە و ئیدارە ئامادە بوو. لە چاوترووکانێکا، سەراپای شاری دەئاخنییە ناو لنگی رووتی خۆیەوە. گایەکی بەلەسە، خۆی دەدا لە سینییەك حەلوای سەردەستی منداڵێکی چڵمن. دادگە ئیشی ئەمڕۆی نە دەخستە سبەینێ. بڕیاری دەدا، منداڵەکە تا ئەو ساتەی ژن دەهێنێ پیشەی چڵم سڕینی گایەکە بێ. منداڵکە ئەم هەلەی لە دەس خۆی نە دەدا. پۆستەو ئیدارە لەسەر پێ بوو. ژنی دەهێنا. سەرکردە، کلۆیەك تلیاکی بە دیاری ئەدایە. مجێور بابۆڵەکەیەك روحی یابە. قاچاخچی فڕفڕۆکەیەك. لیژنەی ناوەخۆ تەدارەکی مارەکردن و مودیری واریدات راپۆرتی دوای نیسان. ئەوسا دادگە دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەرئەچوو. بۆ ئەوەی دادپەروەری هەموو کات دەنگی دلێر بێ و داشی سوار بێ، دەستی بەدەمی هەمانەکەدا دەکردەوە.

شار حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بوو، لە سۆزی ئەفساناوی مەست دەبوو. لە سۆزی سۆزانیدا ئەخنکا. لە سۆزی سۆزانیدا ئەخنکا.

٢

«لە رۆژی حەوتەما. لە شەوی حەوتەما. زەوی لەژێر سمتی شارا دەتەقییەوە. لە دە هەزار لاوە، فوارەی ریخی ناو ورگی خۆی، بە رووی خۆیا هەڵدەدا. ریخ قورگی پۆستە و ئیدارەی دەئاخنی. سۆزی ئەفساناوی خامۆش دەکرد. سۆز هەڵدەهات. بۆ قووڵاییی ئاسمان. یا بۆ ناو ناخی زەمین. کەس نەیدەزانی. هەڵدەهات. ئێسك و پرووسك و، دەستی رەشبەڵەکی ژێر دار ئەرخەوانەکانیان ئەقرتا.

بە پەلە و کۆڵێك شەرمەزارییەوە، خۆیان دەئاخنییەوە ناو ورگی خۆڵ. لە دە هەزار لاوە، فوارەی ریخ هەڵدەچوو، ورگی شار، ئاووس بوو بە ریخ: لە بن هاتنی بۆ نەبوو. لافاو هەڵدەسا. شار هەڵدەهاتە سەربان. سەر هەورەبانەکان.

خۆی دەگەیاندە سەر لووتکەی منارەکان. بێ سوود دەبوو. لافاو هەڵسابوو. شار ئەخنکا. شار لە لافاوی ریخی ناو ورگی خۆیا ئەخنکا.

که لافاوەکە دەنیشتەوە، کەسێك نە دەژیا. هەروەکو کەسێکیش نە دەمرد. هەموو بەردەوام دەمردن و دەژیانەوە. بە لافاوی ریخی ناو ورگی خۆیان، دەمردن و دەژیانەوە.

حەفتا سات هاواریان کرد: (یا مەننان).. ئەمردن.

حەفتا ساتیش هاواریان ئەکرد: (یاحەننان). ئەژیانەوە.

کە ئەمردن، تۆبەیان ئەکرد، کە ئەژیانەوە و دەیانکردەوە بە ڕەشبەڵەك».

٣

«لە ڕۆژی حەوتەما. لە شەوی حەوتەما. ئاسمان بەسەر شاردا هەرەسی دەهێنا. پڕ بەپڕ، وەك سەرقاپ ئەنیشتە سەری. خەفەی دەکرد. هەناسەی لەبەر دەبڕی. دەبوو بە بەرداشێکی هێجگار زل و بە سەریا دەکەوتە خولخواردن.

گۆشتی ئەکرد بە چڵم. ئێسقانی ئەکرد بە ئارد. لە خولخواردن ئەوەستا. دەیکوتا. توند دەیکوتا. تا هەویری چڵم و ئاردی، ئەکردە نانێکی تیریی بەرین. بەرداش بەسەر ناندا دەنووست. شار ئەبزوا. شار وریا بوو. شار زیرەك بوو.

لە کاتی خۆیا ئەبزوا. لە مشکەوە دەستی پێ ئەکردەوە. لەژێر بەرداشەکەوە، ئەکەوتە گیانی خۆی. دایك دوا تۆسقاڵ گۆشتی لە ئێسقانەکانی کۆرپەکەی باوەشی خۆی دائەماڵی. دەمە بنێشتێکی لێ نەئەدا بە مێردەکەی. مێرد، لە قاقای پێکەنیندا، بە گازی پشتا ئەکەوت، کلیلی غەزنەکە لە قولی مشتی ئەو بوو. کەرەسەی کۆرپەی داهاتووی لەو قەدەخە ئەکرد.

دەیهاویشتە ناو ورگی خۆیەوە. کۆرپەکانی داهاتوو، لە منداڵدانی پیاوەکانا دەهاتنە بەرهەم. بۆیاخچییەك، کۆڵان بە کۆڵانی شاری تەی دەکرد. ئەم باسەی بەپێی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ، بۆ خەڵکە مشکەکە ورد ئەکردەوە دەیوت:

«مین کوللی زەوجەینی ئینسەین». دەشیوت: «لافاوەکەی بەسر پێرارە. بەرداشەکە دروستی ئەکاتەوە. ئافرەتەکان لەسەر هەقن. پیاوەکانیش. لافاوەکە و بەرداشەکەش». مشکەکە پەلەی بوو.. تا بەرداشەکە نەکەوتووەتەوە گەڕ.. پێستی خۆی ئەفرتاند. گۆشتی خۆی ئەجوو. ئێسقانی خۆی دادەکرماند. چاوی خۆی نۆش ئەکرد. دەبوو بە کۆسە کۆسە. ئەبوو بە رۆژی حەشر. فانە تیرییەکە هەلاهەلا ئەبوو. پارچەکانی بە ناو یەکدا

جەنجاڵ دەبوون. نە ئەزانرا کێ، کێ ئەخوا؟. هەرچی هەبوو ئەخورا. کەسێك رزگاری نە ئەبوو. هەموو ئەخوران. هەموو ئەخوران.

کە بەرداشەکە هەڵدەکشایەوە، کەسێك نە ئەژیا. هەروەکو کەسێکیش نە ئەمرد هەموو ئەمردن و ئەژیانەوە. کە ئەمردن. تۆبەیان ئەکرد. کە ئەژیانەوە، دەستوبرد دەیانکردەوە بە رەشبەڵەك؛.

٤

«لە شەوی حەوتەما. لە رۆژی حەوتەما. رەشەبایەکی رەش هەڵی دەکوتایە سەر شار. لەگەڵ خۆیا. حەوت هەزار شێر.. حەوت هەزار پڵنگ. حەوت هەزار گورگی ئەهاویشتە ناو شارەوە. دەرگای ماڵەکان، خۆیان بۆیان ئەکەوتنە سەر پشت. شار سینەی فراوان بوو. مەڵبەندی سەرچاوەی هەرسێ دەریا پیرۆزەکە بوو، لە (بەزەیی و مەردایەتی و ئازایی). منداڵی تەمەن دوو ساڵان، یەك ساڵانی دەهاویشتە ناو قورگی مردنەوە.

سێ ساڵان، دوو... دە ساڵان، نۆ.. بیست، نۆزدە.. سی، بیست و نۆ.. چل، پەنجا، شەست و ئەوسا ئیتر پیر.

پیرتر، پیرترین زیخ بوو. دوا زیخ، ریشی لەبەری پێی دەخشا.. ئەخورا. ئەویش ئەخورا. بەوە شار سەرجەم ئەگوێزرایەوە بۆ ناو ورگی بیست و یەك هەزار دڕندە. دڕندە تووشی ئینتەلا ئەبوو. بەلەفیرێی پێ ئەکەوت. شار بە دەردی لافاوەکەی بەسر پێرار دەچووەوە. دڕندە بە پاش، شاری هەڵدەهێنایەوە. ئەوسا هەڵدەهات. لە ترسی لافاوی بەلەفیرێی خۆی هەڵدەهات. کە دڕندەکان شاریان چۆڵ ئەکرد، کەسێك نە ئەژیا. هەروەکو کەسێکیش نە ئەمرد. هەموو ئەمردن و ئەژیانەوە. هەمووش کە ئەمردن. تۆبەیان ئەکرد. کەچی کە ئەژیانەوە شەیان کردەوە بە ڕەشبەڵەك.

٥

لە بەرەبەیانا، شار لە ئاوێنەدا بە مێشك دەنووست. بە چاو رادەچەنییەوە. بە هەزار و یەك بارا.. لە هەزار و یەك شێوەدا، لاوە منداڵکارەکەی بەدی دەکرد. خۆی لێ گاڵ دەدا. تەپڵی شەڕی هەراسان ئەکرد. هەژار لە پێش دەوڵەمەندا.. زۆرلێکراو لە پێش زۆردارا. بێ دین لە پێش دیندارا. مەرد لە پێش نامەردا. ترسنۆك لە پێش ئازادا، دەسیان لێ

دەدایە چەك. شاڵاویان بۆ ئەبرد. پەلاماریان دەدا. ئاوێنەکەی دەستیان وردوخاش ئەکرد. خۆیشیان باڵ بەست دەکرد.

لە گۆڕەپانی بانەگای شارا، بە دەم زەماوەندێکی بە جۆشەوە، قورتمیان ئەکرد بەقولاپی یەکێك لە قەسابە بێ ئیشەکانی شارا. ئەوسا دادگەی شاریان لێ کس ئەکرد. دادگە بە ئاسانی ئەگەیشتە ئەنجام. لە بڕیارەکەیدا ئەیفەرموو:

بە ناوی  خوا و گەلەوە.

بۆ سوود و بەرژەوەندی گشت چینە چەوساوەکانی شار و بەپێی بەندی دووەمی یاسای خۆڵ و دۆی پیرۆز، بڕیارمان دا نرخی هەر دەمە بنێشتێکی گۆشتی ئەم لاکە، تەنیا پوولێك بێ.

ئەوەی لەو بەرەبەیاندا رووی دەدا، تەمسیل نەبوو. ئەگین پێویستی بە پەردە دادانەوە ئەکرد. پەردە دانەدەدرایەوە. رووداوەکە بەردەوام دەبوو(١).

---

(١) ئەم چیرۆکە وا نەبوو وەك خوێندتانەوە. مقەستی تێ نرا. خۆم مقەستم تێ نا. قارسم کرد. رووی چڵکی بەری دەست رەش بێ و لەعنەت لە دینار.. لەعنەت لە دینار.

## ئەندیشەی مرۆڤێکی سەوداسەری
## دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە

کۆرس

گڕی سزا و پەژارەیە– تاڤگەی ژانە– لافاوێکی بێ ئامانی خەم و خوێنە – هەوری رقە– شەستەی بارانی لەعنەت و تف و جوێنە – ئاوارەیە– بێ مەڵبەند و سەروشوێنە– زەمین بەدڵ هەڵدەلووشێ و– ئاسمان بەچاو– مرۆڤیان تێدا دەشواتەوە و دەشواتەوە– سەوداسەری – نهێنیی بوون و نەبوون و– نایباتەوە و– نایباتەوە و– نایباتەوە.

ئەو

لە سەرەتادا خامۆش بوو. ئینجا گەشایەوە. دوا جار کسپە لە جەرگی هەڵسا. بۆنی نامەردی لێ دەکرد. راچەنی. گرژبوو. خۆی خواردەوە. خەم لوولی دا. ئازار هەژاندی. بەسەر خەم و ئازاردا خامۆش بووەوە. برادەرێکی دەستی خستە سەر شانی. راچەنییەوە. برادەرەکەی سەرسام بوو. پرسیاری کرد. بەزەردەخەنەیەکی بێدەنگ بەڕێی کرد. کە رۆیشت گرژ بووەوە. خامۆش بووەوە. بۆیاخچییەك وتی: بۆیاخ. ئەو بێ ئاگا بوو. بۆیاخ.. هەر بێ ئاگا بوو. بۆیاخچییەکە رۆیشت. منداڵێك بەڕاکردن رابورد. لێی هەڵنووتا. راچەنییەوە. منداڵەکە جنێوێکی دا. لێی تێنەگەیشت. منداڵەکە کەوتەوە راکردن. ئەویش کەوتەوە خامۆشی. براکەی هات. وتی: کاکە باوکم بانگت دەکا. رانەچەنی.. کاکە باوکم بانگت دەکا. هەر رانەچەنی. براکەی رۆیشت. ئافرەتێکی سفوور بەبەردەمیدا تێپەڕی. عارەبانەیەکی تریشقە.. دوو پیاو.. لۆرییە.. کەروبارێك.. پاقڵەفرۆشێك.. سێ پۆلیس.. دوو ئافرەتی عەبابەسەر.. باوکی لە بەردەمیدا راوەستا. بانگی لێ کرد. نە وتی ئا و نە وتی نا. هەڵسایە سەرپێ. دوای کەوت. باوکی چوو بۆ نوێژی جومعە. ئەو لە جێگەکەی دانیشت. حەماڵێك هات. بارێکی خست. بڵمەبڵمێکی کرد و رۆیشت. ژنێکی سەرە، شتێکی دایە و شتێکی هەڵگرت. ئەفەندییەك شتێکی هەڵگرت و شتێکی دایە. منداڵێکیش.. کابرایەکی پیریش.. ئەفەندییەکی تریش. باوکی هاتەوە. هێشتا وێردی دەخوێند. هەندێ شتی هێنا و برد. چووەوە سەرتەخت. ئەو

سەرتەختی چۆڵ کرد. ڕۆیشت. خەڵکەکەش دەڕۆیشتن. هات. خەڵکەکەش هاتن. ڕۆیشت و هات. هات و ڕۆیشت. ڕۆژ ئاوا بوو. ڕووناکی لێڵ بوو.. لێڵتر. لێڵترین. خەڵکەکەش کەم بوونەوە.. کەمتر.. کەمترین.. ئەو وەختە، لە بەردەرگەیماڵەوەدا ڕاوەستابوو. چووە ژوورەوە. ژوورترەوە.. ژوورترینەوە.. خامۆش بوو.

**قەوانی شەو**

– میراتگری زێڕ و یاقووتی غەزانەی مێژوو ئێمەین.

– کاسەسەری شای شەهیدان، لە گلێنەی چاوی ئێمەدایە.

– فریشتەکان لە دەشتی سینەی ئێمەدا، زەماوەندی سڕینەوەی ناوی شەیتان، لە لەوحی وجووددا دەگێڕین.

– ڕێگەی بەهەشت، بەگوڵزاری ناو دڵی ئێمەدا تێ دەپەڕێ.

– کۆمەڵی فالگرەوەکان...

– ... ئەمسالی هیندستان...

– سەرکردە– جوانترین کیژی– دنیا ئاخر دەبێ– کە خەڵاتی نۆبڵ– داوی ئینتەرپۆلەوە– پاڵ ڤێتکۆنگ و ئەوانی تر– دۆلار تووشی بووە، مەترسیی زۆرە بۆ– ڕاپەڕن.. بجەنگن.. تا دوا– کۆکلۆکس کلان بوو– ئەو ڕۆژەی ئیڤا براون– گاگارین و ئەرمیسترۆنگ هیچیان– بیلێ لە یارییەکەی ئەمڕۆدا، گۆڵی– لەگەڵ شای ئێراندا کۆ– بلفاست کوژراون و کاسۆلیکەکان– شێرپەنجەی دۆزیوەتەوە– خرایە پرۆگرامی کۆبوونەوەی ئەم جارەی، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و وا چاوەڕوان دەکرێ ئەنجامی باش بێ. پرۆگرامەکانی گێمی شەوێی رادیۆکان، بەپێنجسەد و هەندێك زمان، لە گەرووی سێ شەپۆلی شڵپەهەراشەوە، کە سەرجەم درێژاییيان ملیارێك و هەندێك میکاسایکیان دەگرتەوە، کارەساتە جەنجاڵەکانی ئەو ڕۆژەیان هەڵدەهێنایەوە. بواریان نەبەزمانی لووسی خۆیان دەدا و نەبەگوێچکەی زبری ئەو. بەپەلە دەدوان. بەتاموکام. بەپەرۆشەوە. بەجۆشوخرۆشەوە. بەدەنگێ زوڵاڵ. بەبێ مۆسیقا. بە مۆسیقاوە. بەبێ ترش و خوێ. بەترش و خوێوە.

دەدوان. ئەوەی دەیانوت، نەیاندەوتەوە. ئەوەی نەیاندەوت نۆرەیان دەهێنایەوە سەر. ئەو بەدەستیانەوە ماندوو دەبوو. دەیویست بەهەموویاندا ڕابگا. دەیویست سەراپای

درۆکـان بـبـیسیّ. بـەورد و درشتـیـانـەوە. بـەساکـار و ئـاڵـۆزیـانـەوە. بـەبـێوەیـی و سامـنـاکـیـانـەوە. دەیـویست تـیّ بگـا. دەیـویست وردی بـکـاتـەوە. دەیـویست بـچـێتـە بنجوبناوانەوە. دەیویست و دەیویست. بیّ سوود دەبوو. زمانە لووسە هەراشەکان، بواریان بەگوێچکەی زبری نەدەدا. ئەوان هەر دەدوان. بەپەلە دەدوان. وەك چیکەنە دەدوان. ئەو ماندوو دەبوو. پەست دەبوو. بێزار دەبوو. دوا جار کەللەیی دەبوو. دەیکێشا بەقەپۆزیاندا. ئەوانی دەمکوت دەکرد و خۆی خامۆش.

## چنگاڵی شەو

دەرەوە چنگاڵ بوو.. هەزاران چنگاڵ، ئاراستەی ناخی دەکران. دەچەقێنرانە جەرگ و دڵی. مۆڵەتیان نەدەدا. بەردەوام دەچەقێنرانە جەرگ و دڵی. کە دەردەکێشرانەوە، بەلای راستدا تووڕیان دەدایە توونی باباوە. بەلای چەپدا بۆ ناو ئاوی ئاموون. توونی بابا و ئاوی ئاموون، باسەکەی کۆن بوو. کالای بەبالای سات بەساتی ژیانی بوو. وەختی خۆی هەر کە لە دایکی و وێلاشەکەی جیا بووەوە، لە بریی گریان جنێویان لیّ بیست وتیان:

– جنۆکەیە. ئینجا وتیان:

– توونی بابا و ئاوی ئاموون چیّ.

مەسەلەکەی ئاسان نییە.. توونی بابا و ئاوی ئاموون.

### فریشتەی خەوی شەو

لەسەر گازی پشت رادەکشا. چاوی دەنووقاند. بیر و هۆشی خەفە دەکرد. دەیویست بنویّ. زۆری لە خۆی دەکرد بنویّ و نەدەنووست. بیر و هۆشی پتر گڕیان دەگرت. کڵپەیان دەسەند. دەبوونە شیر و تیر. دەبوونە دەمی گوێزان. دەجەنگان. لە ڕووی ئازاری ناخی ناخدا دەجەنگان. چاویان لیّ دەهێنایە گل. چاوی دەکردەوە. لەشیان لیّ دەکردە کلافەیەك ژانی ئاڵۆز. لەشی دەکەوتە گینگڵدان. راست دەبووەوە. قاچی درێژ دەکرد و دادەنیشت. باری دەگۆڕی. لەسەر لای راست. لەسەر لای چەپ دادەنیشت. بێزار دەبوو. هەڵدەستایە سەرپیّ. رادەوەستا. دەهات و دەچوو. رادەوەستایەوە. دەهات و دەچووەوە. دادەنیشتەوە. رادەکشایەوە. هەڵدەستایەوە دەکەوتەوە سەرپیّ. دەکەوتەوە هـاتـوچـۆ. ئـەوسا فـریشتـەی خـەوی شەو، سوێی دەبـووەوە. دەکـڕووزایـەوەو دەگـریـا.

دەپاڕایەوە و دەیوت:

– رزگارم کە!.

ئەو نەدەکڕووزایەوە و نە دەگریا و نەدەپاڕایەوە. فریشتەی دەگرتە باوەش و رای دەژەند.. هەر رای دەژەند و رای دەژەند، تا دەیکردە خەو. خۆشی خامۆش دەبووەوە.

## کۆرس

تۆ بۆ نانوویت؟!– بنوو.. بنوو، لە نووستنا – شەپۆلی ژانت دەوەستێ– هۆش دەخەسێ– گورگانەشەوێ بۆ خۆی و گیان دەکا– دەست لە ملی چەند ساتێکی بێ ژان دەکا – بنوو.. بنوو– لەناو سەنگەری نووستنا– ئارام دەگری و بێ ئارامیت – خامۆش دەبێ. زنجیرەی رازی پەنهانیت دەتوێتەوە– شەختەی ئەشکەنجەی چینچینی توێی دەروون– لەگەڵتا دەنوێ و وەرامی– پرسیاری بوون و نەبوونت– بنوو.. بنوو– تۆ بۆ نانوویت؟!.

## خەو

بۆ ناو دۆڵێکی هەزار بەهەزار داکشا. هەر داکشا و نەکەوتە سەر زەوی. بەرەو ئاسمانێکی بێ بن هەڵکشا. هەر هەڵکشا و نەگەیشتە بنمیچی. جارێك و دووان و سیان، داکشا و هەڵکشایەوە. بێزار بوو. وای هەست کرد تەشقەڵەی پێ دەکرێ. روانییە بەرەوخوار. ملیۆنەها ریزە ددانی ژەنگاوی، لە روویدا ریچ دەبوونەوە. سەرنجی دایە بەرەوژوور. میلۆنەها زمانی رەش، بەرەو رووی دەیانفیشکاند. تووڕە بوو. خۆی راپسکاند. پەلەقاژەی کرد. مشتەکۆڵەی هەڕەشەی، لە خوار و لە ژوور راوەشاند. جنێوی دا. هاواری کرد. قیژاندی. بێ سوودبوو. ریزە ددانە ژەنگاوییەکان، لەگەڵ زمانە رەشەکاندا هاوسوێند بوون. هەزار و یەکجار جێگەگۆڕکێیان لێ کرد. دەیڕوانییە ددان، زمان لێی ریچ دەبوونەوە. سەیری زمانی دەکرد، ددان لە روویدا دەیفیشکاند. لێکی دایەوە. مێروولەیەکە و بەگژ قوللەی قافدا دەچێ. سەرەمێکوتەیەکە و شەڕەقۆچ، لەگەڵ نەهەنگێکدا دەکا. دڵی لەرزی. هەناوی کەوت. هێزی ئەژنۆی شکا. گریا.. بەکوڵ گریا. ریزە ددانە ژەنگاوییەکان، دایان لە قاقای دەهۆڵ و زوڕنا. زمانە رەشەکان، هەلهەلەی سووڕ و سەما. کۆڕ گەرم بوو. بوو بەڕەشبەڵەك. بوو بەتەگە و بەرانی. دوا جار بوو بەبوو. ئەوسا ددانێکی زل، زمانی بۆ ئەو درێژ کرد. زمانێکی هێجگار قەبەش، ددانی

لیٚ جیڕ کردەوە. ددانە زل و زمانە قەبەکە، شالاٚویان بردە سەری. ویستی دەرباز ببیٚ و نەیتوانی. هەڵواسرابوو.. لە نیٚوانی دۆڵی هەزار بەهەزار و ئاسمانی بیٚ بندا هەڵواسرابوو. خۆی گرمۆڵە کرد.

### ئەو

راچەنییەوە. ئەودیو پەنجەرەکە، پەنجەرەکە، هیٚشتا تاریکستان بوو. مانگ بەدبەخت بوو. ئەستیٚرەکان بەختەوەر. دزەکانیش. چاوی کەللەسەری قۆڵچییەکانیان لیٚ نابینا بوو. چاوی شاور، دڵی دەهیٚنایە لەرزین. ساوایەك دایە زیقوزاقیٚکی لە ناکاو. ئەستیٚرەیەکی گەش کشا. سووکەشەماڵیٚکی لەپڕ، پۆپەی درەختەکانی لەراندەوە. ساواکە خپ بووەوە. دوو پشیلە دایان بەیەکدا. تاقوتۆقیان بەردایە، تەنەکەی خۆڵی بەردەرگەیەکی نزیك. قولٚچییەك فوویەکی بەوەزن و قافییەی، بەشاورەکەیدا کرد. تەپەی پیٚی زەلامیٚك سەری هەڵدا. زۆر خیٚرا دەڕۆیشت. زوو نەما و توایەوە. تاقوتۆقی تەنەکەکەش. دەنگدانەوەی شاورەکەش. وڕەی ئۆتۆمۆبیٚلیٚك لە دوور. کۆکینی باوکی لە ژوورەکەی ئەودیوەوە. شاوری قۆڵچییەکی تر. قرتەقرتی مشکیٚك. میکرۆفۆنی سەر منارەی مزگەوتەکەی تەنیشتیان و، بانگوسەلاٚی سۆفی مەحموو.

### کۆرس

بۆ نەنووستی؟!... کە رۆژ هەڵدیٚ– ئازار قەتماغە شەق دەکا– شەپۆلی ژان– ریٚگەی بیٚ کۆتایی دەبڕیٚ– هۆشبەر دەگریٚ– ییخ لە خۆی و لە گیان دەکا– کیٚم و زوونی– ئەشکەنجەی چینچینی تویٚی دەروون– دادەتکیٚنیٚتە ناو گەرووی– بوون و نەبوون– بۆ نەنووستی؟!.

### ئەو

راچەنییەوە. باوکی رۆیشتبوو. دایکی بەدیار قۆری و پیاڵەکانەوە دانیشتبوو. برا بچکۆڵەکەی، کتیٚبەکانی لەبن دەستدابوون. بۆ رۆژانەکەی راوەستابوو. بچکۆلەکانی تر لە خەو هەڵنەستابوون. دایکی مەبەستی  بوو بزانیٚ چی دەخوا. لیٚی پرسی و ئەو خۆی مەبەستی نەبوو. لەوەی هەبوو شتیٚکی خوارد. چووەوە ژوورەکەی. خۆی گۆڕی. هاتە دەرەوە. بەڕیٚوە بوو بڕوا، دایکی پرسیاریٚکی لیٚ کرد. لە وەرامدا وتی ئا.. رۆیشت. لە کۆلاٚن دەرچوو. گەیشتە سەر شەقام. ریٚگەی رۆژانی تری گرتە بەر. لای دا. گەڕایەوە.

لای دایەوە. نەچوو بۆ ئیش. ڕۆیشت. خەڵکەکەش. هات خەڵکەکەش. دانیشت. ئەوانیش. هەڵسا و ئەوانیش بەدوایەوە بوون. بەدوایانەوە بوو. لەگەڵیدا بوون. لەگەڵیاندا بوو. زۆر برادەری تووش هاتن. تووشی زۆر برادەر بوو. زۆر ناسیاو سڵاویان لێ کرد. سڵاوی لە زۆر ناسیاو کرد. دەگەڕا.. هەر دەگەڕا.. هەر دەگەڕا.

### کۆرس

مەگەڕێ ئەم زەمینە – بەبێ ئەم و بەبێ ئەو و بەبێ تۆش–

هەر سوورڕ دەخوا و هەر دەگەڕێ – مەگەڕێ هەر دەگەڕێ –

مەگەڕێ.

### ئەو

وەها دەستی پێ کرد.. وتی:

«سەگ بە لیکی خۆی، برینی خۆی تیمار ناکا. ئادەمیزادیش. بەتایبەتی دەوڵەمەندەکانیان. لە ئەستێرە دوورەکانەوە دەرمانیان بۆ دێ. کەچی من دەبێ بە لیکی خۆم، برینی خۆم تیمار بکەم. من دەرمانم نە لەسەر زەمین دەدەنێ و، نە لە ئەستێرەی دوورەوە بۆم دێ. بۆیە برینەکەم لە سەرەوە قەتماغەی دەبەستێ و لە ژێرەوە بۆگەن دەکا. هەر بۆگەن دەکا، تا ناو لووتی پیاوماقوولانی شار، پڕ لە دوومەڵ دەکا. دوومەڵەکان بەکێم و زوون ئاوس دەبن. کێم و زوون دادەچۆڕێتە، گەرووی ئەوانەوە. ئەوان ددانم لێ چیڕ دەکەنەوە. دەیانەوێ پارەپارەم بکەن. خەتاش لە منەوە نابێ خەتا دەچێتە ئەستۆی ئەرمسترۆنگ. کێ پێی وت پێ بنێتە سەر ڕووی مانگ؟!. من نەبووم. گاگارینیش نەبوو. شبردیش. گرفتەکە لێرەدایە. کەسێك نازانێ پەروەردگار لەسەر ئەرزە یا لە ئاسمان. تەنیا کارگێڕەکانی دەیزانن. قسە دەکەن.. بەردەوام قسە دەکەن. بەشەو و بەڕۆژ. بەنیوەشەو و بەنیوەڕۆ. لە بەرەبەیان و لە ئێوارەوەختەدا. هەر قسە دەکەن. مەن دەکەن بەهۆقە. ماست بەقیر. کێم و زوون بەهەنگوین و شیلەی شەکر. ئەگینا ئەگەر وا نەبووایە، وردیلەکان لەدایك نەدەبوون. دایکەکان شوویان نەدەکرد. شووەکان سەریان نەدەبزووت و (کالی)ش، وردیلەکانی سەرنەدەبڕی!. داپیرە کلکەکولێم بدەرەوە. کارگێڕەکان هەقایەتخوانێکی لێهاتوون. (تاکاشی) منداڵێکی چەتوونی سەرسەخت بوو. گوێی بۆ هەقایەتخوانە لێهاتووەکان رایەڵ نەدەکرد. تەنیا

من باش گویّ رایەڵ دەکەم. بەسەر برینەکەمدا دەنووم. خامۆش دەبم.. دەتۆپم. بە لیکی خۆم برینی خۆم سارێژ دەکەم. دەرمانی چ سەرزەمین چ سەر ئەستێرەی دوورم پێویست نییە. چۆنم پێویست پێی دەبیّ؟.. لە کاتێکدا دەبیسم کە خاوەن شکۆ هاجووج، لەگەڵ سەرۆك ماجووجدا لە دەشتی شام چاویان بەیەکتر دەکەویّ. ئیزرائیل بەسەردان بۆ شاری شووکردن دەچیّ. دووکانێکی لاکۆلان لە پایتەختدا، بە ئاهەنگێکی میللی دەکرێتەوە. سەگەکەی سیناتۆر ماکارسی، سیّ تووتکی بەیەکەوە دەبیّ. ئۆناسیس دەوروخولی باندرانایکا دەدا و هیرۆهیتۆ حەزی لە جاکلینە. ڕۆژنامەکان دەنووسن.. دەدوێن.. بەردەوام دەدوێن بەڕوو لە چاپخانەکانیاندا تەقیوەتەوە. جیوە لە مێشکی نووسەرەکانیاندایە. سرەوتیان نییە. مۆڵەت بەقاقەزخانی چارەڕەش نادەن. لە چارەی نووسراوە، هەردەم لە ڕووسپێتی بخریّ. من تیّ ناگەم بۆچی ئەو پیاوەتییە ناکەن، کە ژمارەیەك.. تەنیا ژمارەیەك بەسپێتی دەربکەن و بزانن ئەنجام چی دەبیّ. بەڵام بیّ سوودە.. بەر لە روویان بگریت، لە پشت چاپ دەکەن. دەمیان بگریت، بەشتی تر قسە دەکەن. دەنووسن.. خاوەن شکۆ هاجووج چوو بۆ نوێژ. سەرۆك ماجووج ، نینۆکی پەنجەتووتەی قاچی چەپی دێشیّ. فرۆختی دووکانەکە لە ڕۆژێکدا ، هەزار و هەندە. تووتکەکانی سەگەکەی ماکارسی سەلامەتن. دەنووسن.. دەدوێن.. بەردەوام دەدوێن. عیدی ئەلیزابیس تەلاق دەدا. بەتەمای بێوەژن ئەندێرایەی. کە بابەکر بوو بەزاوا، ئەو شەوە خەلیفە تا بەیانی چەقەنەی لیّ دەدا. کۆلۆنیل بۆ شێخ شەفیع، حەلوای دابەش کرد. کەچی مەحجووب مەءجووب کرا. کەس لە کەس ناگا. تۆباماڕۆس خوایان لەپشتە. لەشکری سووری جیهانی لقی ژاپۆن، پیرۆزبایی لە کەنفانی دەکا. سیلیتش بۆ گیفارا دەگری. فرانکۆ بۆ لۆرکا. پاپا بۆ گالیلۆ. ئەژدەهاك بۆ کوڕەکانی کاوە. باسەکە بەناویەکدا جەنجاڵە. هەرچی هەڵدەستیّ قسەیەکی تێدا دەکا. بەڵام زۆربەیان هەڵی دەلووشنەوە. ئا.. هەڵی دەلووشنەوە، بیّ ئەوەی ئەم لچ بەو لچ بزانیّ. تف بەئاسانی ڕۆ دەکریّ و هەڵدەگیرێتەوە. ریش دەتارشیّ و ئاوێنە نادرێتە دەست. چەمۆڵە لە ناوگەڵەوە دەنریّ. ئەرتێستەکانی تیاترۆی سلێکت لە بەغدا، بەدەم گەمەی ستربتیزەوە، پاش و پێشی خۆیان وەك یەك، دەئاخننە چاڵی چاوی سەیرکەرانەوە. کەچی لەژێر پەیکەری سەربەستییەکەی جەواد سەلیمدا، لاوێکی قژدرێژیان گرت و چوار جووت شەقیان تیّ هەڵدا. دوو تۆپەڵ تفیان کردە ناو هەردوو چاوی و، نەخشەی خاچێکی چەماوەشیان لە سەریدا کێشا. ئافرەتێکی قەموور لە

مەیدان، لە سەردەمی نووری پاشاوە تا ئێستا، لە سێ پەنجایی زیاتر لە مەعمیلەکانی وەرناگرێ. کەس لە کەس ناگا. نەمن لە ئێوە. نەئێوە لە من. نەئافرەتە قەموورەکەش لە هیچ لایەك. خەڵکینە.. کێ خوای دەوێ و کێ خورما؟. کەس خۆی لە وەرامی راست نادا. هەموو هەم خوایان دەوێو هەمڵ خورما. ئەوەی تەنیا خوای دەوێ یا تەنیا خورما، هەر لە بنەڕەتەوە لەدایك نابێ. ئەگینا نەدەبوو سوکرات بەجەخارەوە بمرێ. نیچە بەشێتی. مارکس بەئاواتەوە. تۆ بڵێی من جەخار و شێتی و ئاوات، سێقۆڵی سواری سەرم ببن؟. رەنگە.. چونکە دراوسێیەکمان ماکەرێکی هەبوو زۆریش بۆی بەکەڵك بوو، کەچی شەوێك بەنهێنی لەپێناوی شەرەفدا، گۆشاگۆش سەری بڕی. پێرێش کوڕێکی گەنجم دی، لە جۆگەلەی باخچەیەکی گشتیدا، نیخەنیخ سواری سمتی پیرێکی ریشسپی بووبوو. دوو رۆژیش پێش سەری مانگ، فەڕاشی دایەرەکەمان مرد. مانگانەکەیم گەڕاندەوە بۆ بانقی رافیدەین. لەوێ ناسیاوێکم دی وتی: من قەرز دەکەم و تۆ کۆ دەکەیتەوە. کەس لە کەس ناگا. کەس ناچێتە بنجوبناوانی باسەکەوە. هەموو دەیانەوێ لە ژیاندا بمێنن. هەر چۆنێك بێ، هەر بمێنن. کەچی ژیان توونی بابایە و تەنیا یەك دەرفەتی تێدایە. هەمووش بەچاو دەیبینن. هەڵدێن.. لێی هەڵدێن. توونێلەکان پڕن لە مار و مێروو. لە دێو و درنج. لە ئەژدیهای حەوت سەر. لە ماکەرسەربڕین لەپێناوی شەرەفدا. لە نیخەنیخی ناو باخچەیەکی گشتی. لە فەڕاشی مردووی ناو قاسەی بانقی رافیدەین و، ریزی پێوە بگرن  تا بانقی مەرکەزی. کەچی قایلن.. هەر قایلن. ئەوەشی قایل نابێ، هەر زوو دەکرێ بە حوشتر. ئەگینا ئەوا تاکاشی بۆنی شیری خاو لە دەمی دەهات. گیڤارا منداڵ بووبووەوە. هۆشی مین لێی بووبوو بەخوو. دۆبرێ خەوێکی سامناکی دەبینی. ئەی فۆندا چی؟!. دیارە دەبێ فیتی جیا بووبێ. نیکسۆن خۆی باشی دەزانێ. جاکلینیش لەم ناپاکییەی فۆندا بەئاگایە. ئەو ئۆناسیسی ئاگەدار کرد. ئۆناسیس باندرانایکا. باندرانایکا ئەلیزابیس. ئەلیزابیس دۆق. دۆق سیناتۆر. سیناتۆر سەگەکەی و توتکەکانی. سەگەکە قسەی تێدا نەکرد. تووتکەکانی ناڕازی بوون. سکاڵایەکیان دا بەگشت رۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانی جیهان. تێیدا لای کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، شکانیان لە کۆمەڵی نەتەوە یەکنەگرتووەکان کرد. کێ دەڵێ مالکۆلم ئێکس، سەرکردەیەکی نەبەردی قولەڕەشەکانە؟!.. ئەگەر وا بوایە، کلای موسلمان نەدەبوو. جاکسۆن نەدەکوژرا. ئەنجیلا نەدەدرا بەدادگە. پۆل رۆبسۆن دەنگی نەدەنووسا. پڵنگە رەشەکان

دەمکوت نەدەکران. جۆن شتاینبیکیش هەر مەرد دەبوو. داپیرە کلکەکوڵێم بدەرەوە. کەس نایەوێ لە کەس بگا. کەسیش تەقەلا نادا بچێتە بنجوبناوانی باسەکەوە. هەموو شەو لە شیرین خەودان و ڕۆژ لە ڤاتیکان و قودس، یا لە مەکە و کەربەلا دۆمینە دەکەن. کەسێکیان گوو بەکڵاوی ئەیلوولی ڕەش ناپێوێ. مەگەر خولی داهاتووی ئۆڵۆمپیاد، لەم بارەیەوە شتێکیان لێ هەڵکڕێنێ. ئەگینا هێشتا مجێورەکان، کە سەری بڕدراوی ڤێتنامییەك، بەدەستی سەربازێکی یانکییەوە دەبینن، تف و لەعنەتی سەرە بڕدراوەکە دەکەن. دەڵێن کە گوناهی سەربازەکە، لە ئەستۆی ئەوە. ئینجا دەڵێن دەبا بخوا.. ئەی بۆچی بەڕەحەت دانانیشێ؟!. هەروەها گیڤاراش.. هەقی بەسەر دۆڵی ریۆگراندییەوە چییە؟ لۆرکاش.. فۆجیکیش.. فەهدیش. دەست لە کاری خواکرد وەردەدەن؟. دەبخۆ دەردتان بێ. کارگێڕەکان بۆ مجێورەکانیان دەسەندەوە. گاڵ دەدەن مارش لێ بدرێ. گاڵ دەدەن بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ، بەیداخ بنەوێنرێ. ڕەش بپۆشرێ. خەفەت بخورێ. ملیارێکیش چەپکەگوڵ ئامادە بکرێ. چونکە شەهید بەرەو مەڵبەندی نەمری بەڕێ دەکرێ. دوای سێ شەو و سێ ڕۆژەکە، بەیداخ دەبرێتەوە پۆپە ڕەش لە پۆشین دەخرێ. خەفەت لە خواردن دەکەوێ. چەپکەگوڵەکان دەبرێنەوە پێشانگە. ئەوسا گاڵ دەدرێ لە دەهۆڵ و زوڕنا بدرێتەوە. مجێورەکان و کارگێڕەکان، یا کارگێڕەکان و مجێورەکان بۆ زەماوەند بانگ دەکرێنەوە. دەیکەنە ڕەشبەڵەك. ئەمە لە کاتێکدا کە کەس لە کەس ناگا و کەسیش، نایەوێ بچێتە بنجوبناوانەوە. ئەگینا باسەکە هێندە جەنجاڵ نییە. گۆرانییەکی حەسەن زیرەك و دۆشەك و لێفەیەکی دوو کەسی. کەچی زۆری پێ ناچێ باسەکە دەئاڵۆزێتەوە. حەسەن زیرەك فەرمانی خوا بەجێ دێنێ. گۆرانییەکانی لەسەر شریت تۆمار کراون. شریت تەسجیلی گەرەکە. تەسجیل بەپارەیە. دۆشەك و لێفەکەش. کوا پارە؟!. پارە وا لە قوڕگی شێردا. دەفەرموو چەوەندەرێك  لەو ئەزرە دەربێنە. ئەی هوو.. داپیرە کلکەکوڵێم بدەرەوە. ئەگەر ئەمەلیقا حەوت میلۆن تەقەمەنی نەدایە، بەسەر حەوت هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی ڤێتنامدا.. ئەگەر حەفتا هەزار سەربازی ئیسرائیلی، حەوسەد هەزاری عەرەبەکانیان راونەنایە... ئەگەر حەوت پێشمەرگەی عەرەبەکان، حەوسەد ملیۆنی ژێردەستی ئیمپریالیستەکانی ییخ نەدایەتە سەرچۆك.. ئەگەر حەوسەد سەربازی چینی و سۆڤیەتی، لەسەر حەوت کیلۆمەتری چوارگۆشەیی زەویی سەر سنوور، خوێنی یەکتریان نەڕشتایە.. ئەگەر بەحەوت چارەکە پیاو، حەوت هەزار ملیۆن ئادەمیزادی

سەدەی بیستەمیان نەخەساندایە.. ئەگەر حەوت هەزار شیمانەی تری لەم بابەتە، بەردەوام مێشکی منیان نەکرۆشتایە.. هەڵبەت منیش وەك هەر یەکێك لە لەشکری خەساوەکان دادەسەکنام. شەو و رۆژم بەدەم وێرد و سەلاواتەوە بەسەر دەبردن و، هەرگیز سەرم لە سوژدە هەڵنەدەگرت. ئەی لەشکری خەساوەکان.. بەس بخەسێن.. مەخەسێن.. بۆ دەخەسێن؟!.. ئەی لەشکری خەساوەکان..».

### پاسەوان

پۆلیسێك بەزەیی بەحاڵیدا هاتەوە. بەحاڵی خەڵکەکەشدا. ئەو دەیرِست.. بێ وچان دەیرِست. خەڵکەکەش پێ دەکەنین.. بەردەوام پێ دەکەنین. پەلی گرت. خۆی راپسکاند. رای کێشا خۆی گیر کرد. پۆلیسەکە رقی هەستا. دایە بەر تەکان. نەچوو. پۆلیسێکی تر هات. یەکێکی تریش. سواری سەری بوون. لە پەلوپۆیان خست. بردیان. خەڵکەکە بەردەوام پێ دەکەنین. تا لە چاو ون بوو، بەردەوام پێ دەکەنین.

### بڕیارێکی تر

بۆ رۆژی دوایی جارچییە تەمەن هەرە درێژەکە، کەوتە ناو شارەوە و دەیوت: بەپێی فەرمانی بەرێز سەرکردەی شار، لەم ساتە بەدواوە، ورێنەکردنیش قەدەخەیە.

### کۆرس

گڕی سزا و تاڤگەی ژان و لافاوی خوێن- هەوری رق و بارانی لەعنەت و تف و جوێن- شاری بێ ڕەزای ریسوا کرد- زەمین و ناخی ئاسمانی بێ پەروا کرد- ئەی شاری بێ ڕەزا و ریسوا- ئەی زەمین و ناخی ئاسمانی بێ پەروا- سەوداسەرەکەی نهێنیی بوون و نەبوون- گرەوتان لێ دەباتەوە و دەباتەوە و دەباتەوە.

١٩٧٣

# لە تاریکاییدا

سێ چوار تارمایی بەیەکدا دەهاتن. بەکارێکەوە خەریك بوون. مانگەشەو بوو. بەڵام ئەوان لە ڕووناکیدا نەبوون. لە نزیکەوە نەبووایە، چاو نەیدەتوانی ببینێ، کە ئاخۆ خەریکی چین.

«تۆ هەقت چییە بەسەرەوە. بۆ مێشکی خۆت قانگ دەدەیت؟!. زۆر کار و فرمانی وا هەن، لە تاریکاییدا نەبێ مرۆڤ بۆی ناکرێن. نەء.. پێیدا بچۆرەوە. ڕاستتر وایە بڵێی: دەبێ لە تاریکاییدا بیانکات. لێ گەڕێ و بچۆ بنوورەوە. تەنانەت باشتر وایە، پەنجەرەکەش پێوە بدەیتەوە».

کە بەدەم خەویکی ناخۆشەوە ڕاچەنی، هەڵسا و دانیشت. پاڵی دایەوە. دەستی بۆ پاکەتەکەی درێژ کرد. جگەرەیەکی دەرهێنا. نای بەلێوییەوە و ئاگری دا. بەخەوە ناخۆشەکەدا چووەوە:

«ناو مێرگوزارێك بوو. لە بەهەشت دەچوو. بەناویدا گەڕام. کە تەواو ماندوو بووم، لە سێبەری دارگوێزێکدا ڕاکشام. کانی و ئاوێك لە تەنیشتمەوە هەڵدەقوڵا. خەوم لێ کەوت. دیم ئاوەکە دەگەڕێتەوە ناو کانییەکە. زەویی ژێر دارگوێزەکە دەکاتە دەڵەمە. دارگوێزەکە بەلای مندا بەلادا دێ. من ڕادەپەڕم هەڵبێم. بەو ڕاپەڕینەم لە خەوەکەم ڕادەچەنم..».

لای کردەوە بەلای ژنەکەیدا. لە شیرین خەودا بوو. سەری بەسەردا نوشتاندەوە، ماچی کرد. ڕوومەتی لینج بوو. خۆشی هەستی بەگەرما کرد. وتی:

– با پەنجەرەکە بکەمەوە.

چوو بەلای پەنجەرەکەوە. کردییەوە. هەوایەکی فێنك خۆی بەژووردا کرد. دەرەوە مانگەشەوێکی ڕووناك و دڵگیر بوو. لەبەر پەنجەرەکەدا گیری خوارد. هەڵی ڕوانی. شنەبایەك لقوپۆپی درەختەکان دەلەرێنێتەوە. جۆگەلە ئاوەکەی بەرماڵەکەیان، لەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا دەدرەوشێتەوە. بێستانەکەی بەری ئەوبەریوان خامۆشە. چاو دەگێڕێ. دوورتر هەڵدەڕوانێ و چاو دەگێڕێ. دەیانبینێ... «بڕوانە سەعاتەکەی دەستت».

دەڕوانێ..

«سێ و چارەکی دوای نیوەشەوە. سەیرە!... چی دەکەن و خەریکی چین؟!» «باش سەرنجیان بدەرێ. تێیان ورد بەرەوە».

«باش نایانبینم. لە تاریکیدان. تەنیا سێ چوار تارمایی دەبینم بەیەکدا دێن. نازانم خەریکی چین.. نازانم . بۆم ساغ نابێتەوە!».

بەرپەنجەرەکەی گرت. جگەرەی یەکەمی تەواو کرد. چوو بەلای پاکەتەکەیەوە. جگەرەی دووەمی دەرهێنا. سەرنجی دایە ژنەکەی. هێشتا لە شیرینخەودا بوو. ویستی خەبەری بکاتەوە. پەشیمان بووەوە. جگەرەکەی ئاگر دا و گەڕایەوە بەرپەنجەرەکە. هەڵی ڕوانییەوە. تارماییەکان هێشتا هەر بەیەکدا دەهاتن.

«خەریکی چین؟!.. خۆزگە دەمزانی..».

«تۆ هەقت چییە بەسەرەوە. بۆچی بیزانیت!؟. مرۆڤ گەلێ کار و فەرمانی وای هەیە، کە دەبێ لە تاریکیدا جێبەجێیان بکا. لێ گەڕێ و بچۆ بنوورەوە. تەنانەت باشتر وایە، پەنجەرەکەش پێوە بدەیتەوە».

نەیتوانی لێ گەڕێ. لەبەر پەنجەرەکەدا مایەوە. هەڵی دەڕوانی.. باشتر هەڵی دەڕوانی و هەرهیچی بۆ ساغ نەبووەوە. تارماییەکان دەستیان لە کارەکەیان هەڵگرت. بینی شوێنەکە جێ دێڵن. بینی دەکەونە ڕێ. بینی بەرەوڕوویماڵیان دێن.

«سەیرە!.. سێ تووڵەڕێیە. یەکەمیان بەلای ڕاستدا. دووەمیان بەلای چەپدا. سێیەمیان رووەو ماڵی ئێوە. ئەوان ملی تووڵەڕێی سێیەمیان گرت. سەیرە!».

«باشتر. حەز دەکەم. کە هاتن لێیان دەپرسم، ئەرێ ئەوە خریکی چی بوون؟!».

تارماییەکان هاتن.. هەر هاتن.. تاگەیشتنە نزیکی پەنجەرەکە. گوێی لێ بوو لەگەڵ یەکتردا دەدوان. دەیانوت:

– خواش بەخوایەتیی خۆی نایدۆزێتەوە.

– کفر مەکە.

– ئەستەغفیروڵا.. راست دەکا.

– من کفر دەکەم؟!. ئەوەی خوا خۆی نەیەوێ دەکرێ؟!.

– نەء.

– بەڵام..

– بەڵام چی؟!.. وەهای لە چارە نەنووسرابوو؟!.

– با.

– درێژەی مەدەنێ.. با بڕۆین.

ئەوان هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتن. ئەم بەرپەنجەرەکەی بەرنەدا.. هەر هەڵی دەڕوانی و هەر وردی دەکردەوە.

بەرەبەیان بوو ژنەکەی باری نووستنەکەی گۆڕی . وەرچەرخا خۆی بئاخنێتە باوەشی ئەمەوە. ئەم هێشتا سەری لەناو پەنجەرەکەدا بوو. هەر بەبیر و هۆش، بەشوێنی بینینی چاودا هەڵی دەڕوانی. ژنەکەی ڕاچەنی و لێی پرسی:

– چیتە؟!.

ئەم شانی کەمتەرخەمیی بۆ هەڵتەکاند. وتی:

– هیچ.

بەدوایدا هەڵسا. بەرپەنجەرەکەی بەردا. چووەوە ناو جێگەکە. لە پاڵ ژنەکەیدا ڕاکشا بنوێتەوە.

١٩٧٥

## خاڵخاڵۆکە

کونە دەرزییەك بوو.. بوو بە کونە مشکێك.. کونە ڕێوییەك.. کونە گورگێك و دوا جار کونە فیلەتەنێك!.

فیلەتەن بەشێوەیەك بەکونە دەرزیدا دەچووە ئەودیو و دەهاتەوە، کە دەتوت بەتوونێڵێکدا ئاودیو دەبێ و دێتەوە!. مشك و ڕێوی و گورگیش، وەك تێسکەی تفەنگ، خۆیان پێدا دەکرد و دەهاتنەوە دەرەوە.

ئەو، چاوزەق و دەم داچەقیو.. هەست و نەست تەقیوو بیر و هۆش تۆقیو، سەراسیمە و حەپەساو، بینایی ئاراستەی کونەکە کردبوو.

فیلەتەنێك کە بەپەلە ڕووەو کونەکە ملی دەنا، هەڵوێستەیەکی کرد و سەرنجێکی پڕ لە سەرسوڕمانی دایە. تا لە ناکاوێکدا قاقایەکی هەورەتریشقەیی بەڕوودا دا و بەرەو کونەکە تێی تەقاند و ئاودیو بوو.

مێرووڵەیەك هات!. ئاوڕێکی لێ دایەوە و ڕاوەستا. ماوەیەك بە پەژارەوارییەکی قووڵەوە سەرنجی دایە. تا لە پڕێکدا دایە پرمەی گریانێکی بەکوڵ و پڕ بە حەوزێك فرمێسکی بەدەوردا هەڵڕشت. ئینجا لە پڕێکیشدا دایە قاقایەکی شێتانە و بەپەلەپڕووزێی دواکەوتووەیەکەوە، خۆی کوتایە ناو کونە دەرزییەوە و ئاودیوی بوو!. خاڵخاڵۆکەیەك هات!. خاڵخاڵۆکە نیازی ئاوڕلێدانەوە و ڕاوەستانی نەبوو. ئەم بە گەشکەدارییەوە ڕاگیری کرد و لێی پرسی:

– خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم نا.. ماڵی خاڵم پێ دەزانم. ماڵی (هین) لە کوێیە؟.

خاڵخاڵۆکە بۆی ڕاوەستا و ڕاما!. بۆ ماوەیەکی زۆر ورتە و جووڵەی لەبەر بڕا و مت و خامۆش بوو. خاڵە ڕەشەکانی سپی دەبوون. پانتاییە ئاڵەکانی ڕەش دادەگەڕان. ڕەشەکان ئاڵ و ئاڵەکان ڕەش و هەردووك بێ ڕەنگ دەبوون و هەردووکیش ڕەنگی پێشوویان دەگرتەوە. ئەوسا خاڵخاڵۆکە سەرێکی بادا و وەك ناچار بووبێ وتی:

– وەرە سەرکەوە سەر پشتم. تۆ بەم گەڕانەت بەدوای هیندا، سەری خۆت بەفەتارەت دەدەیت. تۆ خۆت لەم ڕاستییە ئاگەداریت؟.

– وەك ئەگەر بەڵێ، نەك وەك ئەرێ.

– ئەگەر وەك ئەرێ بێ ناچیت؟!.

– با هەردەچم. سەرێکە و هێناومە.

– وەرە سەرکەوە. من بۆ ئەوێ نەدەچووم. رێگەی من بۆ لای خاڵوان بوو. بەڵام لەبەر خاتری تۆ دەیگۆڕم.

سەرکەوتە سەر پشتی و خاڵخاڵۆکە رایفڕاند. بردی و هەر بردی تا گەیاندییە ئاستی کونە دەرزی. لەوێ پێی وت:

– بەرگە بگرە و ورتەت لە دەم دەرنەیەت.

بەرگەی نەگرت. هەر هێندەی بەودیوی کونە دەرزیدا چوون، هاواری لێ هەڵسا:

– بۆگەن.. خاڵخاڵۆکە بۆگەن هەراسانی کردووم. خۆم پێ ڕاناگیرێ. دەرشێمەوە.. دەبووریمەوە!.

خاڵخاڵۆکە وتی:

– مەترسە.. هەناسە لەخۆت ببڕە. ماوەیەکی کەمە. ماوەیەکی کەم و هاتەوە سەرخۆی. خاڵخاڵۆکە وتی:

– هەڵبڕوانە و ببینە.

هەڵی ڕوانی و بینی.. فیلەتەن ڕێوی بوو. ڕێوی گورگ. گورگ مشك. مشك مێرووله. مێرووله فیلەتەن و، بەدەردەوامیش لە جێگۆڕکێدا بوو!. ماوەیەك سەرسام و حەپەساو بەدیاریانەوە راما. ئەوسا وتی:

–خاڵخاڵۆکە حاڵی بووم. تکایە لەگەڵ خۆتدا بمبە بۆ ماڵی خاڵوان.

بەغدا ١٩٧٥

## بێ ئارامی

بەئاگا هاتەوە. هەستە بێ تام و ڕەنگوبۆکەی لێ ورووژایەوە. وەك زنجیرە کسپەیەکی لەبن نەهاتوو، لە ناخیدا هەر برووسکەی دەدا و دەدایەوە. ڕووی.. چنگ و پەلی.. جەستەی گرژ بوونەوە. قاچی راستی کەوتەوە لەرزین. ئەوی مت کرد و چەپی بینی گرت. روانییە دۆلکە ئاوەکەی بەردەمی. دەستی بۆ برد و بەرزی کردەوە. چەماندییەوە و ئاو لە لێو کەلەکەیەوە، داچۆڕایە ناو پەرداخەکە. پەرداخ تا کەمێ سەروو نیوەی، پڕ لە ئاو بوو. دۆلکە راست کرایەوە و دانرایەوە و پەرداخ هەڵگیرا و لەناو مشت نرا. مشتی دەستی راست. نەیبرد بۆ دەمی. ئەویشی دانایەوە و بینایی گواستەوە. بینایی لەسەر پاکەت و شقارتەکەی نیشتەوە. دوو شت لە شێوەی ئەندازەییدا چوونیەك و، لە قەوارەدا جیاواز. شقارتەکە لە پاکەتەکە بچووکترە.. بۆچی؟.

– جا ئەوە دەهێنێ پرسیاری بۆ بکرێ ؟!. وای بەخۆی وت .

– چونکە قەواری دەنکەکانی ناو ئەویان، لە جگەرەکانی ناو ئەمیان بچووکترە.

وەها وەرامی خۆی دایەوە.

– خۆ دەشگونجا وەك یەك بن.

– چۆن؟!.

بیری بۆ سەیرانەکەی رۆژی هەینییان چووەوە. بەدەگمەن سەیران هەیە، پێویستییەك لە وردەکانی تێدا لە بیر نەکرێ. ئەمان لەو جارەدا شقارتەیان لە بیر چووبوو. بەبێ شقارتە ئاگر ناکرێتەوە. کە ئاگریش نەکرایەوە، واتە سەیران نەکراوە.

ئەم تەنگەتاو بوو.

– وەرە چوونە سەیرانیش هەر بێ ئارامت بکا!. وای بەخۆی وت و کەوتە پەلەقاژەی پەیداکردنی شقارتە، پێش ئەوەی بگەنە جێسەیران. لایاندایە لای دووکانێك.

– کاکە شقارتە هەیە؟.

– ئەوانەم هەن.

ئەوانە قوتوە شقارتەی زەبەلاح بوون. هێندەی ئەم پاکەتەی بەردەستی و ڕەنگە گەورەتریش. ئەم پێشتر نموونەی لێ دیبوون و وتی:

– کاکە ئەمە بۆ پروپاگەندە کراون!.

دووکاندار وتی:

– بەڵێ.. دەزانم. منیش بەتایبەتی پەیدام کردوون، چونکە سەیرانکەران ئەمەیان بۆ سەیران پێ باشە.

بۆچی ئەمەیان پێ باشە؟!. ئەو وەختە نەیپەرژا، نە لە دووکاندار و نە لە خۆی بپرسێ: بەڕاست بۆچی؟!. هێنای و بردی و وەڵامی دەسگیر نەبوون. قاچی راست و ئینجا چەپی خستنەوە لەرزین. دەستی بۆ پاکەت و شقارتەکە برد. گرتنییە ناو مشتی و تێی ڕاونین. سەری پاکەتی کردەوە و پەنجەی درێژ کردن جگەرەیەکیان پێ دەر بێنێ. لە خۆی بەئاگا هات، کە سەری زمانی دەچووزێتەوە. دووکەڵی جگەرە بەو دەردەی بردبوو. پەنجەی کێشانەوە و پاکەت و شقارتەی نانەوە جێی خۆیان. قاچی راست و چەپ، بەرەودوا کەوتنەوە لەرزین. ئەوانی مت کرد و پەنجەی هەردوو دەست ئاڵانە یەکتر. دوژمنکارانە یەکتریان هەڵدەگلۆفت. دەتوت دەیانەوێ یەکتر بفلیقێننەوە!.

– بۆ وا دەکەن؟!. خۆ باوکی یەکتریتان نەکوشتووە؟. وای لە خۆی پرسی و جیای کردنەوە و وەك ترسی تێهەڵچوونەوەیان لێ بکا، بەملا و بەولای جەستەیدا شۆڕی کردنەوە و خۆی لە نێوانیاندا کردە چەپەر. خۆشی پاڵی دایەوە و وەك شلە هەویرێك وردە وردە، نوقمی ناو کورسییەکە بوو. بێ ئەوەی چاوی بنووقێنێ، نووست و خەونێکی بینی. لە خەونەکەیدا فڕێدرابووە بیبانێکەوە. بیابانەکە بێ ئاسمان بوو. ئەم هەر دەڕۆیشت و هەر دەڕۆیشت و بیابانی بێ ئاسمان کۆتایی هەر نەدەهات. تا لە ناکاوێکدا خۆی بەسەر چیایەکی بڵند بڵندەوە بینی. چیاکە ئاسمانی هەبوو. ئاسمانێکی زۆر نزم.. ئەوەندە نزم کە ئەم وای هەست دەکرد، بەدەم ڕۆیشتنەوە سەری لێی دەخشێ.. هەر دەڕۆیشت و لێی دەخشا. تا دیسان لە ناکاوێکدا، خۆی لەسەر ڕۆخی هەزار بەهەزارێك بینی. ئەم ترسا بەرببێتەوە و راوەستا. بەڵام لاقەکانی ڕۆیشتن.. ڕۆیشتن و ئەمیان بەجێ هێشت. هەر ڕۆیشتن و هەر ڕۆیشتن، تا لەوەدا بوو لە چاو ون ببن. ئەوسا ئەم تەنگەتاو بوو. پڕ بەگەروو هاواری لێ کردن:

– مەڕۆن بگەڕێنەوە مەڕۆن... من بەبێ ئێوە لەسەر ئەم چیایە چی بکەم؟. بگەڕێنەوە... تکایە بگەڕێنەوە. لە دەنگی خۆی بەئاگا هاتەوە. هەڵسابووە سەرپێ و

هـاوار هـاواری بـوو. خـوریـەیـەك بـەهـانـاویدا تێسكەی كرد و روانـیـە دەوروپشتی. دەوروپشت چۆڵ چۆڵ بوو. دانیشتەوە و سەرنجی بۆ پاكەت و شقارتەكە چووەوە. دوو شت لە شێوەی ئەندازەییدا چۆنیەك و، لە قەبارەدا جیاواز. شقارتەكە لە پاكەتەكە بچووكترە.. بۆچی؟!. نەچووەوە سەر بێنەوبەرە لەبارەیانەوە. دەستی بۆ بردن و لە مشتی گرتن. سەری زمانی هێشتا هەر دەچووزایەوە. سەری زمانی بەلەعنەت كرد و جگەرەیەكی لە پاكەتەكە دەرهێنا. دەنكە شقارتەیەكیش لە شقارتەكە. جگەرەی بەلێوەوە نا و بەدەنكە شقارتە ئاگریی دا. لێوانی لە فلتەر توندكردن و تەوژمی دووكەڵی پێ هەڵمژین. چزووی تەوژمی دووكەڵ، بەسەری زمانییەوەی دا. سەری زمان لە تاو ئازار ناڵاندی و ئەم پشتگوێی خست. چووەوە وێزەی بێ ئارامییەكەی و لێی پرسی:

– بۆچی و لە پای چی؟.

لە وەڵامدا وتی:

– نازانم!.. تەنیا وا هەست دەكەم كە ناخم پووتە.

– پووتە؟!.. یانی؟!.

– یانی هەناوێكی بەتاڵ و بەردەوام بەناو خۆیدا دادەڕمێ.

– داڕمان بەمانای؟.

– بەمانای بێ ئارامی.

– ئاخر بۆچی و لە پای چی؟.

– نازانم.. وتم نازانم!.

بەدەمییەوە دەستێكی تێكەڵ لە بێزاری و تووڕەیی بەتوندی راوەشاند. دەست بەر پەرداخە ئاوەكە كەوت. ئاو رژایە ژێر پاكەت و شقارتەكە. پاكەت و شقارتە بەپەلە پەلاماردران. هەریەكەیان گیرایە ناو مشتێك و درانە بەر سەرنج. دوو شت لە شێوەی ئەندازەییدا چونیەك و، لە قەبارەدا جیاواز. شقارتەكە لە پاكەتەكە بچووكترە.. بۆچی؟!. فریا نەكەوت بچێتەوە سەر بێنەوبەرە لەبارەیانەوە. ئاگری جگەرەكەی دەستی، چزەی لە پەنجەكانی هەڵساند. جگەرە و پاكەت و شقارتەكەی فڕێدان و راچەنییە سەرپێ.

بەغدا – ٧/ ٨ / ١٩٧٥

# بینگرتن

لە دەرگە درا. دەبوو من بەدەنگەوە بچم و چووم. کیژێکی نەشمیلە بوو. وردیلەیەکی ڕەنگوڕوو گەشی پڕاوپڕ لە ژیان. وتم:

– فەرمووا!..

سووکە ڕاڕاییەکم لە ڕوویدا خوێندەوە. سەرنجێکی خێرای دایە پشتمەوە و ڕوانییە ناو ماڵ. پچڕپچڕ وتی:

– نازانم بڵێم چی!.. تۆ.. ڕەنگە!..

من دەنگم نەکرد. ئەو هەستی کرد کە سەرسامم. وتی:

– بمبەخشە.. ئەو دوو ژوورەی سەرەوەتان.. ڕۆژی دووشەمە هاتم لەگەڵ هاوسەرەکەتدا باسم کرد..

ویستم هەڵبدەمێ و بواری نەدام. قسەکەی تەواو کرد و وتی:

– داوام کرد بەکرێ بمدەنێ. وتی: مێردەکەم لە سەفەرە و ڕۆژی هەینی دێتەوە. ئاگەداری دەکەم و ئەوسا وەرەوە. وا هاتوومەتەوە بەو هیوایەی کە تۆ..

دیسان هەوڵی قسە پێ برینمی دا و نەیهێشت. لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– وەڵامێکی دڵخۆشکەرەمبدەیتەوە. زۆر دڵتەنگ و زۆر بێزارم. حەوت مانگی ڕەبەقە بۆ خانوو دەگەڕێین. حەوت مانگە شووم کردووە و مارەم بڕاوە. لەوساوە وێڵی یەك دوو ژووری وەك ئەمەی لای ئێوەین تێیدا ساکن بین و، دەستمان ناکەوێ. توانای بەکرێگرتنی خانووی سەربەخۆمان نییە. بشمانبێ. بۆ ئێمە لەبار نییە. دەسگیرانەکەم، یا ئێستا ئیتر دەبێ بڵێم: مێردەکەم، ئەندازیارە. یا چاکتر وایە بڵێم ئەندازیار بوو، چونکە ئێستا سەربازە. سەربازیش خۆت دەزانیت لە چ حاڵێکدایە!. شەوێك لە ماڵەوە و سێ شەو نەء. ئەو شەوانە من بەتەنیا لە خانوویەکی سەربەخۆدا، چۆن بتوانم هەڵبکەم؟!. من خۆشم مامۆستای سەرەتاییم. پێرار دامەزرام. یانی دوو ساڵە بوومەتە خاوەنی سووکە مووچەیەك. ماڵی باوکی دەسگیرانەکەم، یا ئێستا ئیتر دەبێ بڵێم: ماڵی باوکی مێردەکەم، باری داراییان باشە. مەگەر ئەوان وەك بەڵێنیان دا یارمەتییەکمان بدەن. دەنا بەو تاکە مووچەیەی من ناتوانین بژین. دایکم بەردەوام پێم

دەڵێ: کچم پەلەی چیتە!. سەبر بگرە تا مێردەکەت سەربازییەکەی تەواو دەکا و دەستی لە کارێك گیر دەبێ، ئەوسا خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێ بگرن. بەڵام ئەگەر بڵێم کە من ئەم قسەیەی دایکمم هەرگیز بۆ لە گوێ ناگیرێ، دەزانم و دڵینام کە تۆ خۆت لێم تێ دەگەیت بۆچی و چۆن؟!. هاوسەرەکەت باسی خۆتانی بۆ گێڕامەوە. وتی: منیش هەمان دەردم چەشت. وتی: منیش کە شووم کرد، مێردەکەم لە تازەدەرچوان بوو. کرا بەسەرباز و ساڵێکی خشت چاوەڕێم کرد و ئەشکەنجەی چاوەڕوانیم نۆشی!. ئیتر تۆ خۆت دەزانیت چاوەڕوانکردن چەند ناخۆشە. بەتایبەتیش بۆ من کە جگە لەو حەوت مانگەی دوای مارەبڕینەکەم، چوار ساڵی ڕەبەقی پێشتریشی دەچێتە سەر. چوار ساڵی ماوەی دڵگۆڕینەوەمان لەگەڵ یەکتر. ئیتر ساڵانمان ڕاکێشا. من دەرچووم و بووم بەمامۆستا. ئەویش بوو بەئەندازیار. لەگەڵ دەرچووونمدا زۆر کەس هاتنە خوازبێنیم. هەموو جار دەموت: شوو ناکەم. دایکم و باوکم سەرسام بووبوون. ئەوانەی دەهاتنە خوازبێنیم، هەموو کوڕی باش و لە بنەماڵەی ناسراو بوون. تا دوا جار باوکم بانگی کردمە لاوەو لێی پرسیم:

– تێمگەیەنە.. بۆچی شوو ناکەیت؟!.

باوکم ڕووناکبیر و تێگەیشتووە. ئەویش وەکو من مامۆستا بووە. ترسم لێی نەبوو. لە دڵدا وتم: فرسەتە. با باسەکەی لەلا یەکلایی بکەمەوە. پێم وت:

– باوکە گیان.. لەگەڵ کوڕێکدا دڵمان گۆڕیوەتەوە و بەڵێنمان بەیەکتر داوە. باوکم بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– باشە بەڵام ئەی ئەو شۆڕەسوارەت، بۆچی نایەتە بەرمەیدان و، ئێمە لە سەریەشە و خوازبێنیکاران رزگار بکا؟.

قسەکەی باوکم دڵمی گەشاندەوە. حەزم کرد باوەش بەملیدا بکەم و، تێرتێر ئەملا و ئەولای ماچ بکەم. بەڵام تەنیا وتم:

– ئاخر بابەگیان.. ئەویش ساڵی پار خوێندنی تەواو کرد و بوو بەئەندازیار و ئێستاش براوە بۆ سەربازی.

ئەو وتی:

– قەیناکا.. پێی بڵێ بابێ داوات بکا و مارەت ببڕێ و سەری ئێمە سووك بکا. ئینجا هەر کاتێ رزگاری بوو، بتگوازێتەوە و بچنە ماڵ و حاڵی خۆتان.

ئەم جارەیان حەزەکەم بەجێ هێنا و کەوتمە ماچبارانکرنی. بمبەخشە.. دەزانم تۆ ناچاری گوێگرتن لەم هەقایەتەی من نیت و رەنگە سەغڵەتیش بووبیت. بەڵام ویستم بۆتی روون بکەمەوە، کە چ من و چ مێردەکەم لەو بابەتە خەڵکە نین، ئەگەر ئەو دوو ژوورەتان داینێ و لەگەڵتان ژیاین، خوانەخواستە ببینە گیروگرفت بۆتان و رەوتی ژیانتان لێ تێك بدەین. بەپێچەوانەوە.. من دڵنیات دەکەم.. من بەڵێنت دەدەمێ کە دەبینە دوو خێزانی هەرە دۆست و خۆشەویستی یەکتر. من لەلای خۆمەوە تەنیا بەو نیو سەعات دانیشتنەی ئەو رۆژەم لەگەڵ هاوسەرەکەتدا، تەواو خۆشم ویست و هۆگری بووم. دڵ لە دڵ دەڕوانێ و من بێگومانم، کە ئەویش هەمان هەستونەستی بەرامبەر بە من لە لا بزواوە. تەنانەت دڵنیای کردم کە خەمی رازیبوونی تۆم نەبێ. بگرە.. بگرە.. ئەگەرچی کردنی ئەم قسەیەم هەندێ رووهەڵماڵراویشی تێدایە. بەڵام بەو پێیەی کە لە نێوان خۆشەویستاندا ئەو بایەخەی نامێنێ، هەر دەیکەم.. هاوسەرەکەت وتی: لە ڕازیبوونی ئەو بێ خەم بە!.. من دەزانم چۆنی رازی دەکەم!..

ئیتر ئەوەتا هاتووم و دەستەودامێنتم. هیوادارم رازیبووبیت یاخۆ کرابیت و، دەست بەڕوومەوە نەنێی!. ئەو کە لەسەر قسەکردن بینی گرتبوو بێدەنگ بوو. منیش کە لەسەر گوێگرتن بینم گرتبوو، هەر بەخامۆشی مامەوە و هیچم بۆ نەوترا. تا کاتێ هێزی پرسیاری لێ خستمە کار و وتی:

– چیت فەرمووی؟!.

ئەوسا خۆم لە دەریای بینگرتن بەگوێگرتنەوە دەرکێشایە دەرەوە و وتم:

– ئەوەی دەبوو ئەم هەقایەتەی بۆ بکەیت من نیم و کاکمە و وا دەچم بۆتی دەنێرم.

بەغدا – ١٩٧٥/٧/١١

# شەفەق

## ١

هێشتا شەفەقی نەدابوو. تاریکی و خامۆشییەکی هێجگار کپ بوو. شەپۆلی کزەبایەکی سارد، بەبێ شنە دەیدا بەڕوویدا و تێ دەپەڕی. ئەم ئەو ساتە، تازە خەبەری بووبووەوە و چاوی هەڵهێنابوو. هەستی بەسەرما دەکرد. بەتانییەکەی بەسەر خۆیدا راکێشا و ئەملا و ئەولای خۆی ئاخنی. تەقەلای دا بنوێتەوە و بێ سوود بوو. تاسەیەك لە قووڵاییی ناخیدا برووسکەی دا. بەتانییەکەی لەسەرخۆی لادایەوە. رووی بەلای راستیدا وەرگێڕا. تاسە بوو بەئارەزوو..

(چوار شەوە لە یەکتر دابڕاوین. ئەمەش سەربارى ماندووبوونی چوار رۆژ رێگەبڕین، بەناو شاخ و کێو و دۆڵ و دەشتدا. ئەویان وا.. ئەی ئەمیان لەپای چی؟!. دنیا هێشتا تاریکە. کەسیش بەخەبەر نییە. هەستە بچۆ خۆت بئاخنە ژێر لێفەکەیەوە..).

هەڵسا و ئانیشکی دادایە سەر سەرینەکەی. کەمێ بەملا و بەولادا هەڵی ڕوانی. بۆ ماوەی چەند ساتێ گوێی هەڵخست. ئەوسا سەرنجی شوێنی ژنەکەی دا. لەلای هەردوو منداڵەکەیانەوە، لەسەر تەنیشت خەوتبوو. دوودڵ بوو. کەمێ بیری لێ کردەوە. دوا جار تینی دایە بەرخۆی و بەچرپە وتی

– خاوەر..

خاوەر لەشیرین خەودابوو. بۆی نەهاتە وەرام. ئەوسا دەستی لێ خستە کار. بەسەر و قژیدا هێنا. ئینجا بەسنگ و مەکی و ئینجا.. وتیشییەوە:

– خاوەر.. خاوەر..

هێشتا شەفەقی نەدابوو. تاریکی و خامۆشییەکی هێجگار کپ و، شەپۆلی کزەبایەکی ساردی بێ شنە و.. خاوەر لە خەو راچەنی. هیچی نەوت. تەنیا خۆی ئاخنییە باوەشی (ئەولا)وە و بەپەرۆشەوە، خۆی پێوە نووساند.

## ٢

شەفەقی دا. لێڵە ڕووناکییەك لەودیو کێوەکەی بەرامبەریانەوە دیاری دا. دڕی بەتاریکیی ئەمدیویش دەدا. وڵاخ و بار و جەستەی راکشاوی کۆچکەرەکانی، دەکردە کۆمەڵێك تارمایی تێکەڵوپێکەڵی خامۆش. ئەو ساتە تەنانەت، تارماییی هەردوو جەستەی تێکئالاوی ئەولا و خاوەریش، خامۆش بووبوونەوە.

زیرەی گریانی کۆرپەیەك لە ناکاو، لەناو جەرگەی ئەو خامۆشییەوە بەرز بووەوە. زیرەی گریانەکە چەند هەنگاوێك لەولای ئەولا و خاوەرەوە بوو. خاوەر راچەنی. بەبێدەنگ ئەولاشی راچەناند. ئەولا سەری بەرز کردەوە بکشێتەوە سەر جێگەکەی، کەچی خێرا خۆی ئاخنییەوە پاڵ خاوەر. (گوڵچین)ی بینی دانیشتبوو، کۆرپەکەی نابووە باوەشییەوە و لەوەدابوو مەمکی بداتێ. بەچرپە بە خاوەروی وت:

– ئەوە چییە؟!.. خۆ شەفەقی داوە!. وا دیارە خەومان لێ کەوتبووەوە!.

خاوەر وتی:

– خەتای تۆ بوو. ئەوسا پێم وتیت، هەڵسە بچۆرەوە سەر جێگەکەت و نەچوویت.

– ئێستا چی بکەین؟!.

– خۆت مت بکە. چاوی لێمان نییە. چاوەڕێ بە تا دەنوێتەوە.

گوڵچین کۆرپەی ژێر کردەوە و پاڵ کەوتەوە بنوێ. خاوەر سەرێکی بەرز کردەوە و هەڵی ڕوانی. وتی:

– نووستەوە.. هەڵسە دەی.

ئەولا نەبزوا. باوەشی پێدا کرد و بەخۆیەوە نووساند. خاوەر دووبارە وتی:

– دە هەڵسە.. وا خەریکە دنیا رووناك دەبێتەوە.

ئەولا ماچی کرد و وتی:

– حەزم لێتە.

٣

خۆر لە کێوەکەی بەرامبەریان بەدەرکەوت. ڕووناکییەکی گەشی بەناو دۆڵەکە دەدا. ئەوسا کۆرپە و ساواکان نەبن. سەرجەم کۆچکردووەکانی تر، لە خەو هەڵسابوون. وەکو شارە مێرووڵە بەیەکدا دەهاتن. سەرلەنوێ کۆڵ و باریان دەپێچایەوە و لە ولاخەکانیان بار دەکردن. حاجی مەحموودی مامی ئەولا، بەسەر و ڕیشە سپییەکەیەوە، بەسەریانەوە دەسووڕایەوە و دەیوت:

– دەی بەقوربانتان بم.. دەی ئازاکەن. تەنیا ئەمڕۆمان ماوە. ئێوارە لەگەڵ بانگی شێواندا، دەگەینە جێ و ڕزگارمان دەبێ.

ئەولا لە زووەوە لەگەڵ خاوەردا، کۆڵ و باریان پێچابووەوە و لە کەر و بارگیرەکەی خۆیان بار کردبوون. بگرە یاریدەی ماڵی خەزووریشی دابوو. ئەم بوو چوو قالەی ژنبرای خەبەر کردەوە. پێکەوە کەلوپەلەکانی ئەوانیشیان، پێچایەوە و باریان کردن.

ڕۆژ هێشتا ڕمێك سەروو دەمکەل نەکەوتبوو، کە حاجی فەرمانی دا:

– دەی..بکەونەڕێ.

٤

کاروانی کۆچکردووەکان کەوتە ڕێ. زۆر دوورنەکەوتنەوە و گوڵچین، خۆی گەیاندە خاوەر و بە گوێیدا چرپاند.

– بەخیلیت پێ دەبەم.

خاوەر ویستی خۆی گێل بکا. لێی پرسی:

– بۆچی؟!.

گوڵچین وتی:

– خۆتم لێ گێل مەکە.. دیمن.. کاك ئەولا لە قالە ئازاترە.

خاوەر پێکەنی. لای کردەوە بەلای چەپیدا. ئەولای بینی ئەویش پێدەکەنی.

١٩٧٥/ ٩/٢

## خۆڵ و باران و پایز

تنۆکە ئاوێك بەسەر پۆپەی لووتیدا تریەی کرد. لە دەریای بیرکردنەوەدا بوو... ( تا دەگەمە جێ، دنیا تاریك دادێ. هیچ منداڵێکی ناو کۆڵانەکە، بەدەرەوە نامێنێ رابکا و مژدەی بداتێ. خۆم مژدەی دەدەمێ. لە دەرگە دەدەم. بەکەمتەرخەمییەکەوە دێت بیکاتەوە. وا دەزانێ گوایە یەکێکە لە دراوسێکان. بەخاوخلیچکییەوە لە دوورەوە هاوار دەکا:

– کێیە؟!.

من هەوڵ دەدەم دەنگی خۆمی لێ بگۆڕم. دەڵێم:

– خۆمانین.

بەڵام زەحمەتە لێی بگۆڕدرێ. دەنگم هەر دەناسێتەوە. دڵی خورپەیەك دەکا ئەوسا بەهەڵەداوان دێ. لە پەلەپەلیدا دەستی تەتەڵە دەکا. دەرگەکەی بەئاسانی بۆ ناکرێتەوە. من...).

تنۆکە ئاوەکە رایچەناند. ئانوسات تنۆکێکی تر لە روومەتی. یەکێکی تر لە ناوچەوانی و ئیتر، ریزیان بەسەرروپۆتەلاکییەوە گرت و وتی: بارانە!..

سەری بەرز کردەوە بڕوانێتە ئاسمان. دوو سێ تنۆك خۆیان بەپێڵووەکانی چاویدا کوتا. پێڵوو بەپەلە هاتنەوەیەك و تەنیا، درزێکیان لەخۆیاندا هێشتەوە. لە درزەکەوە ئاسمانی بینی. پەڵە هەورێکی سپیی خاو، بەژوور سەرییەوە چەقی بوو. نمەبارانی پایزێکی زووی، لە خۆی دەتەکاند. چاوی بۆ پێشدەمی داگرتەوە. ئەو کاتە بەڕێگەیەکی خۆڵیندا هەنگاوی دەنا، کە بەتەنیشت وەردێکدا رادەبورد. تنۆکەکانی نمەبارانەکە، کە تریەترپ خۆیان بەخۆڵەکەدا دەدا، سووکە تەپوتۆزێکی خاویان لێ بەرز دەبووەوە. لەگەڵیدا بۆنوبەرامە تەلیسماوییەکەی دەکەوتە بەرلووت.. بۆنوبەرامەی خۆڵ و باران و پایز.. (هەموو ساڵێك دوویات دەبێتەوە. بەڵام تەنیا یەك جار و بۆ ماوەی چەند ساتێکە و ئیتر، تا پایزێکی تر تووشی نابینەوە!..).

دەمی نووقاند و لە هەردوو کونە لووتییەوە، پڕ بەسییەکانی هەوا خۆڵاوییەکەی هەڵمژی. لەگەڵیدا بۆنوبەرامە تەلیسماوییەکە، تەوژمی بردە لووتییەوە و لەودیو، بەقووڵاییی هەست و بیر و هۆشیدا تەشەنەی سەند. گەشکە گرتی و خنایەوە.. (بەهار

بوو. بەڵام هاوینەکەمان لە بەهارەکە و پایزەکەمان، لە هاوینەکە خۆشتر بوو. ئەو خۆش خۆش بەمنی دەوت:

– دڵم وام پێ دەڵێ، کە زستانمان، لە هەرسێکیان  خۆشتر دەبێ. من باوەڕم وا نەبوو. هەر بەپێی ڕەبەنییەکەی زستانەکانی لەوەبەرم، دەمڕوانییە باسەکە. بەڕۆژ لەگەڵ بەستەڵەکدا زۆرانبازیم بێ و بە شەویش، لە باوەشی بەستەڵەکدا خامۆش ببم!. بەڵام کە پایزەکە بەسەر چوو، زستانەکە داهات و نەگەیشتم حاڵی ببم!)

ئەو ساتە سیمای تاڵ دەینواند. ناوچەوانی سێ لۆچی باریکیان تێ کەوتبوو. هەردوو لێوی توند، بەسەر یەکتردا نووقابوون. ڕێگە خۆڵینەکە لەژێر پێیدا، بەخێرایی هەڵدەخزا و بینایی بەسەریدا، گێژوویژ دەبوو. لە ناخدا دەکوڵا. وەك گڕی ناو کوانوویەك،  کڵپەی دەسەند و هەردوو قاچیان، لێ دەکردە دوو پێچکە و بەخێرایی، تەکانیان بەجەستەی دەدا. کاتێ گیرسانەوە، نمە بارانە پایزییەکە نەمابوو. ڕوانییەوە ئاسمان. پەڵە هەورە سپییە خاوەکە، لە ئاستی سەری کەلا کەوتبوو. حەزی کرد بزانێ، ماوەی تەکاندانی بەو شێوەیە چەند بووە. بۆی ساغ نەبووەوە و وازی هێنا. ڕوانییە پێشدەمی. ئینجا دەوروپشتی و دوا جار بەری ئەوبەر.

بەبەری ئەوبەرەوە، خڕۆڵەی ڕۆژ تازە داخزابووە ئەودیو کەلەوە. هەندێ وردە هەوری پەشمەکی، ڕمێ سەروو هێڵی ئاسۆ، بەتەختی ئاسماندا بڵاو بووبوونەوە. هێشتا تیشکێکی لاوازی ڕۆژ لەودیو کەلەوە، هەڵدەکشایەوە و خۆی دەگەیاندێ. ڕەنگێکی ئاگرینی خاوی، بەوان و بەسەراپای ئاسۆ دەدا. لە ئاسۆدا لووتکەی چیاکانی دوور و نزیك، ورشەیەکی پەمەییان لێ وەردەگرت و بەوە هەریەکەیان بە بەرچاوانەوە، دەبووە پشکۆیەکی هێجگار زەبەلاح.

دیمەنەکە گەشکەکەی کەمێ لەوەبەری، سەرلەنوێ لە دەروونداا لێ دەتەقاندەوە. دەتوت فریشتە ختووکەی دڵی دەدەن. زەردەخەنەیەکی شادمانی، نیشتە سەراپای سەروسیمای. لە دڵی خۆیدا وتی:

(کە دەرگەکە دەکاتەوە و دەمبینێ، وەك گوڵ دەگەشێتەوە. باوەش بەملمدا دەکا. منیش باوەشی پێدا دەکەم. توند بەخۆمییەوە دەگوشم.  من دەمەوێ هەردووکمان ببین بەیەکێك.. ببین بەیەك لەش و یەك گیان. بەڵام.. بۆچی  ناتوانین ببین؟!.)

١٩٧٦

## ورتەورتێك و تۆزێ وتە

– دوو دینار و نیو.. دەکاتە.. شەش پەنجایی تریش.. ئا باش بوو.. ئێ.. ئەو..

(مەسەلە چی بێ؟. سەروسەکوتی لە شێت ناچی!. هیچ.. دیارە حسابێکی خۆیەتی و دەیکا).

– ئەوە ورتەورتی چییتە؟!. (هەقی چییە بەسەریەوە؟!).

– ئا.. بیرم کەوتەوە.. ئەی چوار پەنجاییەکەی..

– لەگەڵ تۆمە.. ورتەورتی چیتە؟!.

– ها؟!.. لەگەڵ منتە؟!.

– ئا.. خۆ کەڕ نیت. دەڵێم منجەمنجی چیتە؟.

(ئێستا دەیکەنە هەرا. لە خوتوخۆڕاییش دەیکەنە هەرا. ئێ باشە کابرا، تۆ چیتە بەسەریەوە؟!. چ زەرەرێکت لێ دەدا؟).

– کاکە منجەمنجی چی!.. حسابێکی خۆمە و دەیکەم.

– حسابی چی؟.

– حسابی مەسرەفی ئۆتۆمۆبێلەکە.

(ئەمەیان لە قسەی شێت دەچێ.. کابراش پێ دەکەنێ).

– کام ئۆتۆمۆبێل؟.

– هی ئامۆزاکەم. دە دیناری دامێ بچم ئۆتۆمۆبێلەکەی بۆ بهێنمەوە. مەرسیدسە.. هەژدە نەفەری. تایەیەکی پەنچەر بووبوو. سوپێرەکەی لە جێگەی بەستبوو. کەچی دوای پێنج کیلۆمەتر، ئەویشی پەنچەر بووبوو. ڕێککەوتێکی سەیرە. ناچار هات تایەیەکی لە برادەرێکی خواست و من چووم لێم بەست و هێنامەوە.

– جا ئەوە مەسرەفی چی تێ دەچێ؟.

(ڕاست دەکا.. مەسرەفی چی؟).

– چۆن!.. لە چووندا کرێم دا و لە گەڕانەوەدا، لە چاخانەیەك لام دا و نانم خوارد. کە هێناشمەوە، تایە پەنچەرەکانم چاك کردەوە و..

(خۆ راست دەکا.. مەسرەفی بووە)

– باشە راست دەکەیت. مەسرەفت بووە. بەڵام ئامۆزاتە. هەق نییە مەسرەفەکەی لێ وەربگریتەوە.

(قسەیەکی بێ سەروپێیە!. نوکتەیە!).

– کاکە تۆ قسەی سەیر دەکەیت. خۆ من لۆرد نیم. من بابایەکی هەژارم. سایەقی بلدۆزەرم لە دایەرەی ئەشغال. مانگانەکەم چل و پێنج دینارە. چل و پێنج دینار بۆ ئەم رۆژگارە چییە؟. پێی ناژیم. جارجار ئەو یارمەتیی من دەدا. ئەویش لۆرد نییە. تەنیا...

– بەڵام من لۆردم. تۆ نامناسیت. رۆژێك لە رۆژان، رێت دەکەوێتە لام. دەمناسیت؟.

(حەی!.. بۆ کوێ چوو؟).

– نەوەڵڵا.. جەنابت ئیشت چییە؟.

(سایەقەکە پێ دەکەنێ. ئەوەی تەنیشتی پەست دیارە. منیش پێکەنینم دێ. بەڵام باشتر وایە پێ نەکەنم. تاقەتی قسەکردنم نییە. تەنیا گوێگرتنەکە باشە).

– پێت ناڵێم!.

– بەراستتە کە رێم دەکەوێتە لات؟.

– ئەگەر وا نەبوو، قبووڵی مەکە.

– دەیسا دەبێ ئیشت چی بێ؟. (سایەقەکە هەر پێ دەکەنێ. دەیەوێ قسە بکا و بواری نادەن. ئەوەی تەنیشتی هەستی پێ دەکا. لا دەکاتەوە بەلایدا. دەموچاوی لەسەر لا دەبینم. ئێستا پەست نییە. ئەویش بزەیەك گرتوێتی).

– پێت ناڵێم.

– بۆچی پێم ناڵێی؟!.. گاڵتە دەکەیت؟.

– بۆچی گاڵتە دەکەم!.. ئەوە کاکی سایەقمان لێی بپرسە و بزانە وایە یا نا؟.

– ئا وایە.. گاڵتە ناکا. منیش رێم کەوتووەتە لای.

– دەفەرموو.. ئێستاش هەر باوەڕ ناکەیت؟.

– با.. دە وا بڵێ.. یانی فیتەریت.

– ئافەرم.. هەڵت هێنا.

– بەڵام تۆ هەڵەیت. من ڕێم ناکەوێتە لات. ئێمە فیتەری خۆمان هەیە.

– ئەی مەرسیدسەکەی ئامۆزاکەت؟.

(ئەوی لای ڕاستم، بەدووکەڵ قانگی داوین. بێقەزابێ.. خۆمنیش جگەرەکێشم. یەك بە قنگی یەکەوە!.. بوو بە چی؟).

– براکەی فیتەرە.

– براکەی فڕی بەسەر فیتەرییەوە نییە.

– چووزانیت؟!.. دەیناسیت؟.

– نەء. بەڵام دیارە کە هیچی لێ نازانێ.

(خۆشە.. ئەم کابرایە قسەی خۆش دەکا. نازانم بۆ گاڵتەوگەپە یا.. بەڵام.. زیاتر لەوە دەچێ لە دڵەوە بێ..).

– وا نییە.. لە تۆ وەستاترە.

(خۆ جگەرەکەی تازە کردەوە.!.. تۆ ئێستا یەکێکت داگیرساند، کوێرا تەواوت کرد؟!. لەوە دەچێ دوو سێ نەفەس و فڕێی بدەیت!).

– لە من وەستاترە؟!.. وتت لە من وەستاترە؟.

– ئا بەڵێ.

– گوێتان لێ بوو جەماعەت؟!. گوێتان لێ بوو چ جنێوێکی پێ دام؟!. ئێوە بەشایەت بن. (خوا رەحم کا.. خراپ ئاڵۆزا.. ئێستا پێکدا هەڵدەگژێن!. ئەمیش جەنابی بەتووڕەییەوە، سووتووی جگەرەکەی دەوەرێنێ. چییەتی؟!. لەوە دەچێ گوڕ ببەستێتەوە و خۆی تێ بهاوێ!. من سەیری ناکەم. بەڵام وا هەست دەکەم، کە چاوی ئاگری لێ دەبارێ!).

– ئەسڵەن من دەیانگرم بەشایەت. تۆ تەعەدا دەکەیت.

– من؟!.. من تەعەدا دەکەم؟!. بابە برادەرینە ئێوە حوکم بدەن. من هیچ تەعەدایەکم لەم کوڕە کردووە؟.

( هەر باشە.. مەسەلە هاتە سەر شایەتیی ئێمە. سایەقەکە پێی خۆشە. هەر پێ دەکەنێ. ئەوەی تەنیشتیشی. دەموچاوی لەسەر لای ڕاست دەبینم..).

– برا گاڵتەت لەگەڵ دەکا. حەزی لە قسەی خۆشە.

– راست دەکا کاکە. من دەیناسم ئەو هەروا قسەی خۆشە. لەگەڵ هەموو کەسێکدا وایە.

(ئەوان ئاویان بە ئاگرەکەدا کرد. ئەمیش سووتووی جگەرەکەی هەڵدەوەرێنێ. سەر بادەدا. وا دیارە توورەییيەکەی نیشتووەتەوە. بگرە وا هەست دەکەم، زەردەخە بیگرێ).

– ئێ ئاخر خۆ ئێوە ئاگاتان لێ بوو. ویستی گاڵتەم پێ بکا.

– نەء کاکی برا.. ویستم گاڵتەت لەگەڵدا بکەم، نەك گاڵتەت پێ بکەم.

– جیاوازییان چییە؟.

– ها؟!.. جاوازییان ئەوەیە.. کە.. من.. کە ئاخۆ من هیچ دوژمنایەتییەکم لەگەڵتدا هەیە، تا گاڵتەت پێ بکەم؟!.

– نەء.

– ئێ ئیتر چی؟!.

(جگەرەکەی لەژێر پێیدا دەپلیشێنێتەوە. ورتەورتێکی سووکم دێتە بەرگوێ. وا بزانم پێ دەکەنێ. با ئاورێکی لێ بدەمەوە).

– سەیرە!.

– دەڵێی چی!.. ئیتر ئەمە ژیانە!..

( من رووم لێ وەرگێڕاوەتەوە. ئەو شانی وەرچەرخاندووە و تێم دەڕوانی. پێم خۆش نییە. وای دەبینم کە چاوی، لە چاوی پشیلە دەچێ. دەبرسکێنەوە).

– تۆ حەز لە فەلسەفە دەکەیت؟!.

( لەرەی دەنگی ناسازە. حەز ناکەم بمدوێنێ. با لە کورتی بیبڕمەوە).

– نەء.

– بۆچی؟!. (هەیهوو!..).

– مێشکی مرۆڤ جەنجاڵ دەکا.

– بەپێچەوانەوە.. مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە.

– رەنگە.

– مەسەلە ڕەنگە نییە. بگرە ڕاست و دروست وەهایە. بۆ نموونە قسەکەی خۆت. ئەمە ژیانە.. دەزانیت ئەگەر وردی بکەیتەوە، چی لێ دەردەچێ؟.

– چی؟!.

– فەلسەفە.. خۆ گوێت لێ بوو قسەوباسیان، چۆن هات و چۆن چوو؟!. ئەوانیش و منیش و تۆش، هەرچییان وت و هەرچی دەڵێین فەلسەفەیە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: فەلسەفە دەچێتە بنجوبناوانی ژیانەوە و وردی دەکاتەوە. وا نییە؟.

– دەشێ.

– مەسەلە دەشێ نییە کاکی خۆم. مەسەلە فەلسەفەیە. ئەو برادەرە حسابی مەسرەفی هێنانەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی کرد. ئەم برادەرەش خۆی بەلۆرد دادەنێ، کە دەبێ لەوەوە هاتبێ گوایە، شارەزاترین فیتەرە. ئەو...

– نەکاکە نە.. نێوانمان تێك مەدەرەوە. من فیتەری باش دەزانم. بەڵام خۆم بەشارەزاترین نازانم. ئامۆزاکەی ئەو برایەش فیتەری چاکە.

– خۆ تۆ نایناسیت. چۆن دەزانیت؟!.

(چاکە ڕزگارم بوو. لە من لای دا. نزیکیش بوومەوە).

– مادام فیتەرە، دەبێ فیتەری چاك بێ.

(نوکتەیەکی ترە!).

– جا ئەمە قسەیە تۆ دەیکەیت؟.

– بۆچی قسە نییە؟!. زۆر ڕاست دەکا. ئەگەرچی ئەو نایناسێ ، بەڵام من ئامۆزای خۆمە و باشی دەناسم. نەك تەنیا من، هەموو خەڵك دەڵێن فیتەری چاکە.

– تۆ بۆچی لە خۆتەوە هەڵدەدەیتێ؟!. کەی من مەبەستم ئەوەیە؟!.. من دەمەوێ بزانم، ئەمێك کە نەدەیناسێ و نەدیوێتی و نەبیستوێتی، ئیتر چۆن دەزانێ کە فیتەری چاکە؟.

– ئەی لە منی نەبیست؟. من کەمێ لەمەوپێش پێم نەوت؟.

– ئەی لە وەڵامی قسەکەی تۆدا، نەیوت هیچی لێ نازانێ؟!. من دەمەوێ بچمە بنجوبناوانی مەسەلەکەوە.

– کاکە گوایە تۆ دەتەوێ، هەر بەزۆر بەشەڕیان بدەیت؟!. بنجوبناوانی چی و مەسەلەی چی؟!. تۆ هەقت چییە بەسەرمانەوە؟.

(هەمدیس ئاڵۆزایەوە!. بەڵام باشە.. من وا گەیشتم.. وا دادەبەزم. ئەمشەویشمان وەها. ناخۆش نەبوو..).

١٩٧٦/١٢/٢٢

# مەرگی نابینێ

## ١

گەیشتە بەردەرگەکە. خۆی بە ژووردا کرد. تەواو تەنگەنەفەس بووبوو..

(دەبوو نەتهێشتایە وەها بەگیرت بێنێ. قسەت پێ ببڕیایە. ڕەپوڕاست بتوتایە: بابە من درەنگمە و دەڕۆمەوە)

ناو دالآنەکە ڕووناك نەبوو. تیشکێکی خاوی گڵۆپی ژوورەکەی بەرامبەری، دەیگەیشتێ. (چی لێ بکەم!.. دە جار ئیشارەتم دایە، کە درەنگمە و دەمەوێ بڕۆم. کەچی هەر گوێی خۆی لێ خەفاند.. هەر دەیپرست!. کە وتت چەنەباز دەبڕێتەوە). لەسەرخۆ دەرگەی پێوەدایەوە. سەرکلۆمی کرد. وەرچەخا و ڕوانییە پەنجەرەی ژوورەکە.. (هەشت مانگە.. هەشت مانگی ڕەبەق و جەخار. ئا.. بەلآم تۆ چیت لەدەست دێ؟!. چی بکەیت؟!. مەگەر ڕۆژی دوو سێ سەعاتێ بەجێی بێڵیت. دەنا بەدرێژاییی ڕۆژ لەگەڵیدایت. ئەو خۆی زۆرت لێ دەکات، کە بچیتە دەرەوە و باڵی خۆت بدەیت. تۆ دڵت نایە. بەلآم چیت دەسەلآتە؟!).

هەنگاوی نا. حەوشەکە تەلەبەردرێژ بوو. زۆربەیان لەژێر پێیدا دەلەقین. بەهێواشی قاچی دەنانە سەر و هەنگاوی دەنا. بێ سوود بوو. دەنگی لەقەلەقیان بەرز دەبووەوە. شەپۆڵی دەدا. دەرگەی ژوورەکەی دەسمی و ئاودیوی دەبوو. لەوێ دەبووە ئاوازێکی پڕ لە ئارامی و ئاسودەیی..

– ئاه.. وا هاتەوە..

## ٢

بەپەرۆشەوە گوێی بۆ هەنگاوەکانی هەڵخستبوو. زانیی کەوا گەیشتە ئاستی دەرگەکە. هەستی کرد کە زۆر بەئەسپایی پاڵی پێوە دەنێ. جیرەی بەئاستەمێ هاتە بەرگوێی. تەواو نەیخستووەتە سەر پشت. تەنیا هێندەی لێ کردووەتەوە، کە بتوانێ پێیدا بچێتە ژوورەوە. وا هاتە ژوورەوە. لەسەرخۆ پێوەی دەداتەوە. دێتە بەرەوە. دەڵێی بەسەر هێلکەدا دەڕوا!. گەیشتووەتە ئاستم. ڕاوەستاوەو سەیرم دەکا. دەیەوێ بزانێ نووستووم یان نا. دەزانم پێت خۆش دەبێ نووستبم. بۆیە چاوم نووقاندووەو ورتە و

جووڵەم لە خۆم بڕیوە. دەتۆش خۆت بگۆڕە و بنوو. خەمی منت نەبێ. ئەوە چییە؟!. خۆی نەگۆڕی. وا لە تەنیشتمەوە دانیشت!. قوتووە جگەرەکەی دەکاتەوە. جگەرە دادەگیرسێنێ!. ئا.. وا قاچیشی راکێشا!.. پاڵی دا بەدیوارەوە. ئای!.. بۆچی وا خێرا خێرا نەفەسی قەڵەوی لێ دەدا؟!. چ خێرێتی؟!.

خۆی پێڕانەگیرا. تینی دایە بەرخۆی. جەستەی نەخۆش و بەئازاری، بەلادا وەرچەرخاند و رووی بۆ وەرگێڕا.

## ٣

– نەنوستبوویت؟!.

وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. ئەم بەدەنگێکی تێکەڵ لە سۆز و ئازاری لەش بەبارێکەوە، لەوی پرسی:

– بۆچی نانوویت؟.

ئەویش هەر وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە و وتی:

– تووشم بوو بەتووشی چەنەبازێکەوە. ئەو دوای خستم.. برسیت نییە؟!.

وتی:

– نەء.. نەسرین لێرە بوو. کەمێ پێش پێی تۆ رۆیشتەوە.

– ئەی شێرۆ نەهات؟!.

– نەء.. نەسرین وتی: شەماڵیان بردەوە بۆ لای دوکتۆر.

– شەماڵ؟!. من دوێنێ لایان بووم. ساغوسەلیم بوو!.

بەیانی لەپڕ بووراوەتەوە. نیوەڕۆش جارێکی تر تووش بووە.

جگەرەکەی دەستی  تەواو بووبوو. گەیشتبووە سەر ئاغزەکەی. بەبێ ئاگا بردی بۆ دەمی و مژی لێ گیر کرد. لە بریی دووکەڵ، پڕیشکی ئاگر هوروژمی برد. چزەی لە دەم و لێوی هەڵسان. دەستی لە دەمی هەڵپرووسکاند و ئاغزەکەی هەڵدایە پشت دەرگەکە. ئنجا دەموپلی خۆی هەڵگوشی و سەرێکی باد.

٤

کە گڵۆپەکەی کوژاندەوە و لەسەر جێگەکەی بەگازیپشتدا ڕاکشا، ژوورەکەی لە بەرچاو بووە تاریکستانێك. تەوژمی هەستێکی دڵتەنگی، وەك گەردەلوولێك لە دەروونیدا هەڵی کرد:

(داخ کە تەمەن کورتە!.. شەست و دوو ساڵ!.. چاوترووکانێکە!. کەی بوو؟!. ئەمڕۆ بەیانی؟!. داخ.. پێش سەعاتێك بوو.. بڕایەوە.. دەبڕێتەوە؟!. جەخارە.. ناشێ).

تیشکێکی کز لە گڵۆپی دار ئەلەتریکێکی کۆڵانەکەوە، دەیدا لەناو ژوورەکە. تاریکستانە ساتەوەختییەکەی، لە پێش چاو دەڕواندەوە. بە تیلە بەڕوخساریدا هەڵڕوانی. سەرنجی بەرەو خوار بەسەردا داکشاند. گەردنی، سنگ و مەمکی، کەمەری و هەتا کەڵەموستی پێی، تێی ورد بووەوە. تیلەی لێ لادا. دەستی درێژ کرد و قووتووە جگەرەکەی گرتە ناو مشتی. هەڵسا پاڵی بەدیوارەوە دا و دانیشت. دووبارەی نەکردەوە. چاوی بەسەر دیوارەکەی بەرامبەریدا ڕوا و خامۆش بوو!.

٥

(بۆچی نانوێ؟!. چییەتی؟!. دەبێ خەفەتێکی هەبێ؟).

– بۆچی نانوویت؟.

لەرەی دەنگی، پوختەی سۆزی چل و پێنج ساڵەی، پێکەوەژیانیانی ڕادەگەیاند. ڕایچڵەکاند و بەئاگای دەهێنایەوە. تیلەی بەلادا وەرچەرخاندەوە. چاوەکانی بریسکەیەکی کزیان، بەرروویدا دەدا. بریسکە کزەکە خۆی دەڕژاندە ناخییەوە. لە قووڵاییی دەروونیدا چڕ دەبووەوە و تا دەهات دەدرەوشایەوە. ئەوسا بووە خۆرێکی سەرتەختی ئاسمان..

(مەرگت نەبینم!.. خۆزگە مەرگتم نەدەبینی!. نەء.. خۆزگە من!.. چەند جارت لێ بیستووە؟!. تۆ بەرپەرچت دەدایەوە. ستەمە.. کارێکی ستەمە!).

نەفەسی تری لە جگەرەکەی نەدا. تووڕی هەڵدایە پشت دەرگەکە. خۆی خستە سەر لا و رووی تێ کرد. لە تەنیشییەوە ڕاکشایەوە. هەردوو دەستی گرتنە ناو مشتی. هەڵی گوشین. ئەو بەلەرەی تەمەن چل و پێنج ساڵییەوە پێی وت:

– سەد شوکر.. ئاواتەکەم بەدی دێ.. مەرگت نابینم.

ئەم کسپەیەك دای لە هەناوی و هەڵی قرچاند. دوو دەستە رەقە شلەکانی ناو مشتی، نووساندن بەسنگییەوە و هەڵی گوشین.

٦

کە چاویان لێکنا بنوون، تیشکە کزەکەی گڵۆپی دارئەلەتریکی کۆڵانەکە هێشتا هەر خۆی دەگەیاندە ناو ژوورەکە و تاریکستانە ساتەوەختییەکەی تەواو دەرەواندەوە.

١٩٧٦

## بەیەکدا چوونی شتەکان

ژوورەکە پڕ لە ڕووناکییەکی دەستکرد. هەموو کەلوقوژبنێکی دەگرێتەوە. گڵۆپەکە بەدیوارەکەیەوە. بەژوور سەرمەوەیە. ئاوڕ دەدەمەوە و سەیری دەکەم. ئەڵقەیەك تیشکی گەشی، بەدەوری خۆیدا دروست کردووە. تەلەکان لەناویدا بوونەتە، ئاگرێکی بریسکەتیژ. بریسکەکە دەبێتە کلافەیەك تیشك و، ڕاست خۆی دەدا بەناو چاومدا. خۆی تێ دەئاخنێ. پێڵووەکانم بەسەر یەکتردا گرژ دەکەم. تیشکەکان گرژتر دەبنەوە. توندتر خۆیان دەئاخنە چاومەوە. شلیان دەکەمەوە. دەکشێنەوە ناو گڵۆپەکە. هەست دەکەم چاوم ماندوو دەبێ. سووکە ئازارێك بەئاستەم لەناویاندا، سەر و بڕۆم سەر هەڵدەدا. دەزانم ئەگەر گڵۆپەکە بگوژێنمەوە، ناو ژوورەکە دەبێتە تاریکستان. دەزانم ئەوسا چاوم دەحەوێتەوە. دەشزانم سویچەکە بەپشت سەرمەوەیە. چاوم هەر ئاراستەی گڵۆپەکەیە. دەست درێژ دەکەم. پەنجە دەگەیەنمە سەر دوگمەکە. پەنجەی پێدا دەنێم. ئانوسات شوێنی بریسکە تیژەکە، دەبێتە تاریکستانێکی لەرزۆك. ساتێك و دووان و سیان و تاریکستانەکە هەر دەلەرزێ. چاو لا دەدەم. دەڕوانمە بەرامبەر. تاریکستانەکە لە لەرزین دەکەوێ. مت و خامۆش دەبێ. پەنجە بەدوگمەدا دەنێمەوە. ڕووناکییە دەسکردەکە، ناو ژوورکە پڕ دەکاتەوە. دیوارەکەی بەرامبەرم، دەکەوێتە بەر دیدەم. خوار بنیمچەکە بەدوو بست، ئەسپ سوارێك رمێك ئاراستەی جانەوەرێك دەکا. ئەسپەکەی پاشکۆی قرتاوە. سوارەکە کەللەی سەری، لەچاو لەشیدا زۆر بچکۆلەیە. رمەکە ڕێکوپێکە. توند چەقیوەتە گەرووی جانەوەرەکە. جانەوەرەکە تێکەڵە. شاخێکی هەیە و سێ چاو. گوێچکەی نییە. کلکی قرتاوە. سمت و ڕانی، لە هیی ئافرەت دەچن. لە ئەژنۆ بەرەوخوار، دەبێتە قاچی پڵنگ. سەیرە!.. دەبێ ڕاست بێ کە سوریالییەکان، ئیلهامیان لەم تابلۆیانەوە وەرگرتبێ؟. تابلۆکەی ئەو، سێ مانگە بەدیوارەکەوەیە. ڕۆژانە هەرچەند بەلایدا ڕەت دەبم. دەیبینم. جارەها بەرامبەری ڕاوەستاوم و تێی ورد بوومەتەوە . کە دایە دەستم وتی: ئەمە ژوورەکەتە، بەخۆت و هەموو شتەکانییەوە. کە پرسیم: کامە خۆمم و کامە شتەکانە؟!. پێکەنی. چاوێکی بەدیوارەکاندا گێڕا. سەرنجی بۆ ئەسپسوار و جانەوەرەکە ڕاکێشا. ئینجا بۆ ئەوەکەی خۆی و وتی: باش تێی وردبەرەوە. باش تێی ورددەبمەوە. لە تابلۆی سەر دیواری ئەشکەوتێك دەچێ. ڕۆژ

هەڵهاتووە. بەسەر سنگی ئاسمانەوەیە. تیشکە گەشەکەی، ئەشکەوتەکە پڕ لە رووناکی دەکا. یەکێ لەولاوە دانیشتووە. بەشتێکەوە خەریکە کە نازانم چییە. منداڵێکیش خۆی بەمەمکیدا هەڵواسیوە و دەیمژێ. یەکێکی تر بەردێکی نووکتیژی قاوەیی بەدەستەوەیە خەریکی نەخشاندنی تابلۆکەیە، بەسەر دیواری ئەشکەوتەکەوە. لە تەواوبووندا. ئاژەڵێك کە لە بەرانەکێوی دەچێ، یەکێك کوتەکێکی بەردینی لێ بەرز کردووەتەوە. لەوەدایە دای وەشێنێ. لە تابلۆی سەر دیوارەکەی بەرامبەرمدا دای وەشاندەوە. رمەکەی چەقاندووەتە دەمی جانەوەرەکە. ئەمیان کەس دروستی نەکردووە. لە خۆیەوە دروست بووە. ئەوەکەی ناو چوارچێوەکە. برادەرەکەم نەخشەی کێشاوە. لێم پرسی: ئەم شەش هێڵە تێهەڵکێشە چین؟!. بەقسە وەڵامی نەدامەوە. بەپەنجە ئیشارەتی کرد: پەنجەرە!. لاکێشێکی لە دیوارەکەی لای چەپمدا نیشان دام. قوماشێکی سووری تێرە. عەشاماتێکی زۆر لە هۆڵەکەدا چاوەڕوانن. غەڵبەغەڵبیان دێ. هەست دەکەم پەشۆکاوم. شانۆ قوتابخانەی گەلە– دەترسم وەها دەرنەچێ. ساڵێکە بەنووسینییەوە خەریکم. لەشم داگیرساوە. گەرمایە.– درجة الحرارة الكبرى لهذا اليوم، كانت (٣٧) درجة مئوية. – زۆر نییە. ژوورەکە خۆی گەرمە. هەڵدەستمە سەرپێ. دەچمە بەرپەنجەرەکە. دوودڵم. کەمێ رادەمێنم. تا بەتەکانێك پەردەکە رادەماڵم. هاڕەی چەپڵەیەکم دێتە بەرگوێ. ئاوڕ نادەمەوە. نابێ ئاوڕ بدەمەوە. دوو تای ئەمسەر و ئەوسەری پەنجەرەکە دەکەمەوە. شەماڵێك خۆی بەژووردا دەکا. فێنك نییە. بەڵام لەشی داگیرساوم سارد دەکاتەوە و رادەبوورێ. تەقەی کەوتنی شتێکم دێتە بەرگوێ. زوو دەزانم شەماڵەکە بووە. گوڵدانی سەر مێزەکەی بەلادا خست. واز لە پەردە و پەنجەرەکە دێنم. وەردەچەرخێم و دەچم بەلایەوە. سێ چڵ گوڵەباخی دەستکردن. تا دەستیان لێ نەدەیت، نازانیت کە دەستکردن. رەسوول شەش مانگ لەمەوبەر، بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵی نۆبەرەمانەوە، پێشکێشی کردین. من بەگاڵتەوە پێم وت: ئەی گوڵدانەکەی؟!. ئەو کردی بەڕاست و بۆ رۆژی دوایی هێنای. بەلامەوە گەلێ جوانە. لە وەرشاو دروست کراوە. بەڵام بەدیوی دەرەوەدا، لە زیو دەچێ. بەیاقووت و زمرووت نەخشێنراوە. نەخشەکان گوڵ و گەڵان. لەژێر تیشکی گڵۆپەکەدا ورشەیان دێ. بریقوباقیان بەشەوارەم دەخا. دەست دەبەم و ڕاستی دەکەمەوە. چڵە گوڵەباخەکانی دەنێمە ناو. رێکیان دەخەم. لەو و لە گوڵدانەکە ورد دەبمەوە. تەزوویەکی خۆشی بەدڵمدا رادەبوورێ. گەلێ جوان و شیرینە. – چۆنە ڕاستەقینە بوونایە؟!.. – گوڵەکان؟!. – نەء..

یاقووت و زمرووتەکان. – بۆ چیتن؟!. – ها؟!. ئەریێ بەڕاست بۆ چیتانن؟!. سەیرە!.. بەڵام ئاخر.. نازانم.. قێزم دێتەوە. رقم هەڵدەستێ. هەردوو وێنەکەم بەتەنیشت یەکەوە هەڵواسیون. لە کۆوارێکدا دیمن. پێکەوە نەبوون. هەر یەکەیان لە لاپەڕەیەکدا بوو. من کۆوارەکەم دەرهێنان و بەتەنیشت یەکەوە هەڵم واسین. رووبەڕووی دەرگەکە. تا هەموو رۆژێ هەرچەند بێم و بچم، بچەقنە چاوم و چاوی هەر کەسێکی تر، کە دێت و دەچێ. وێنەکەی لای چەپ، ژمارەیەك منداڵ و ژنن. ناو شەش بۆریی گەورەیان، بۆ خۆیان کردووەتە خانوو. نازانم بۆرییەکان هی چین؟. زۆر گەورەن. رەنگە هی نەوت بن و هێشتا نەبەسترابن. یا زیاد لەپێویست بووبن و فڕێ درابنە ئەو قەراغ جادەیە. ژمارەیان شەشە. سیانیان لەسەر زەوین. دووانیان لەسەر سیانەکە و شەشەم لەسەر دووانەکەیە. باڵەخانەیە. منداڵەکان زۆرن. لە بەردەم بۆرییەکاندا گەمە دەکەن. دووانی وردیان لەناو بۆرییەکانی ژێرەوەدا، راکشاون و خەوتوون. ژنەکان چوارن. سانیان سێقۆڵی، دانیشتوون و لەگەڵ یەکتردا دەدوێن. چوارەم لە یەکێ لە دوو بۆرییەکەی قاتی دووەمدا، دەستی ناوەتە ژێرچەناگەی و مت و خامۆشی پەژارە و خەفەتە. وێنەی لای راست، بیناکەی (پەنتاگۆن)ە. سەری لە کەشکەلانی فەلەك توند کردووە. بەشێوەیەکی تایبەتیی ئەوتۆ دروست کراوە، کە لە جیهاندا وێنەی نەبێ. لەم رووەوە لە کۆوارەکەدا، وتارێکی دوور و درێژم لەبارەیەوە خوێندەوە. شێوەیەکی گەلێ تایبەتییە. بەهەموو بارێکدا سێ سووچە. سێ سووچی پڕ نەك تەخت. وەکو.. وەکو.. ئا.. ئەو بنمیچە. سێ خەت بەیەك دەگەن. درێژ دەبنەوە. هەر یەکەیان بەدووانی تر دەگا. دەکوژێنەوە و هەمدیس درێژ دەبنەوە. هێڵەکان سووچەکان دروست دەکەن. سووچەکان هێڵەکانیان لێ دەبێتەوە. هێڵەکان سووچەکان دروست دەکەنەوە. هەشت سووچ.. دووازدە هێڵ. بەیەکدا دێن و دەچن. بەناو یەکتردا دەخولێنەوە. ئەوەی دەبێتە سەرەتا، دەبێتەوە کۆتایی. ئەوەی دەبێتە کۆتایی، دەبێتەوە سەرەتا– کۆتایی– سەرەتا. هەموو شت لەم ژوورەدا، سەرەتا و کۆتایی هەیە. هیچ شتێکیش لەم ژوورەدا، سەرەتا و کۆتایی نییە. لێرە دەست پێ دەکا و لەوێ کۆتایی دێ، ئانوسات سەرەتایەکی تری دەست پێ دەکاتەوە. سەرەتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا. کە سەرئەنجام لەم ژوورەدا وەها بێ. دەبێ لە دەرەوەیشدا وەها بێ. دەبێ لە هەموو سەرزەمیندا وەها بێ. کە لە هەموو سەرزەمیندا وەها بێ، دەبێ لە دەرەوەشیدا وەها بێ. دەبێ لە هەموو گەردووندا وەهابێ. سەرەتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا یانی چی؟!. ناشێ. ئەقڵ نایگرێ. سەیرە!. بۆچی سەیرە!.

دەوەرە منیش خۆم بەچییەوە خەریك دەکەم!. چیت داوە لە کەینوبەینی سەرەتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا؟!. بڕوانە بیناکەی پەنتاگۆن. بڕوانە شەش بۆرییەکە. بڕوانە چوارەم ژن. دەستی ناوەتە بن چەناگەی. مت و خامۆشی پەژارەو خەمە. تۆ باش بڕوانە.. ئا.. باش دەڕوانم. هەستێکی تێکەڵ لە ڕقوکینە و خەفەت، لە ناخمدا سەر هەڵدەدا.. سەر هەڵدەدا و تەشەنە دەسێنێ...

١٩٧٦

## سمۆره

دانیشت. هەردوو قاچی درێژ کردن. بەنووکی پێ، پێڵاوەکانی یەك لە یەکتر پێ داکەندن و ئارامی پێ گرتن. هەگبەکەی خستە پشتییەوە. پاڵی دایەوە و هەردوو دەفەی شانی، نووساندن بەقەدی دارگوێزەکەوە. سەریشی نیشاندە سەری. دەیویست لە کەڵەموستەوە تا تەوقی سەر، ئارام بەسەراپای لەشی بگرێ و بیحەوێنێتەوە.

خۆی خامۆش کرد. ساتێك و دووان و سیان و.. (گرنجگرنج و رەقە.. سووکە ئازارێك بەپێستی سەری دەگەیەنێ). دەستی برد بۆ گیرفانی. دەستەسرەکەی دەرهێنا و خستییە ژێر پشتی سەری. (سەر دەبزوێنێ و تاقی دەکاتەوە. ئا.. ئێستا باشە. ئازاری نادا). هەردوو دەستی نانە سەر سنگی و لە یەکتری تێهەڵکێش کردن. خۆی خامۆش کردەوە. ساتێك و دووان و سیان و.. نەء!.. «شتێکی تیژ سەروو کلێنچکە، دەچەقێتە بڕبڕەی پشتم. دەبێ ئاوزەنگیی هەگبەکە بێ». دەستی برد هەگبەکەی، کەمێ لە شوێنێ خۆی بزواند. پشتی لێ توند کردەوە. «ئا.. چاکە.. نەماوە».

دەستی گەڕاندەوە سەر سنگی. لە جووڵە کەوت. چاوی ئاڕاستەی بەرامبەرە و هەست بە بینین ناکا. وا هەست دەکا جەستەی، خاوبوونەوەیەکی خۆش خاو دەبێتەوە. ماسولکە گرژ و ماندووەکانی لەشی، دەزوولەی حەوانەوە مەستیان دەکا. «ساتە تەلیسماوییەکەیە. داخ کە بۆم راگیر ناکرێ!. تەنیا ساتەوەختێکە و رادەبوورێ!». جەستەی تەواو خامۆشە. پێڵووەکانی بەسەر چاویدا دەترووکێن. بینایی ئاراستەی هەزار بەهەزارێکە. سەر ناجوولێنێ. سەری لە جێی خۆی متە. چاو دەبزوێنێ. بەهێواشی سەریان دەخا. «دوو کامێرا و بەخاوی وێنەیان پێ دەگرم. رەنگ سەوز و قاوەییە. بەناویەکدا تێکەڵن. ئەها شینێکی کاڵیان دێتە پاڵ. تێکەڵایان نابێ. سەرووی ئەوانە. تا بێ زیاتر بەری بینایيم داگیر دەکا. وا بووە شینێکی تێر. وا سەراپای بەری بینایی لێ داگیر کردم. سەرووتر سەردەکەوم. پەڵەپەڵەی سەوز پەیدا دەبنەوە. لە نێوانیانەوە شین دەبینم. سەرووتر سەوز، تەواو بەری بینایيم داگیر دەکا و لە نێوانییەوە، پەڵەپەڵەی شین دەبینم. تەقەلای سەرووتر دەدەم. بەلام..». ناتوانێ. چوار لۆچ کەوتوونەتە ناوچەوانی. لۆچی تر هەڵناگرێ. هەردوو پێڵووی سەرەوەی، تا ئەوپەڕیان لۆچن. دووانەکەی خوارەوە، تا ئەوپەڕیان کشاون. «لەوە زیاتر بڕناکەن.

دایان بگرەوە خوارەوە». دای گرتن. نیشتنە ئاستی سەرچاوەی کانییەکە. قوڵپەقوڵپێکی نەرم و ناسکی دێتە بەرگوێ. ئاوەکەی وەك چاوی قرژاڵ روونە. وردە شەپۆلەکانی دەبریسکێنەوە. زیخەکان لەژێریاندا سەما دەکەن. «ئا.. کانییەکی روونی بەتریفەی مانگەشەو– لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو– .. دڵم لە خۆشیدا هەڵدەپەڕێ». گەشکەیەکی شاهانە لە ناخیدا برووسکەیدا. لە نیگایدا بووە بزەیەکی بریقەدار. لەگەڵ بریقەی ئاوی جۆگەلەی کانییەکەدا، یەکدگیربوو. بزەیەکی بریقەدار. لەگەڵ بریقەی ئاوی جۆگەلەی کانییەکەدا. یەکدگیر بوون. دووقۆڵی بەرەوخوار بوونەوە. لە دووریی دە پازدە هەنگاوێکدا، خۆیان بەتاشە بەردێکی زەبەلاحدادا. لەوێدا ئیتر لەیەکتری دابڕان. جۆگەلەکە بەلای چەپدا، بەتەنیشت تاشەبەردەکەدا، رۆدەچووە خوارەوە و ون دەبوو. ئەم بەسەریدا هەڵدەزنا.. «چەند زەبەلاحە!.. کێوێکی گچکەیە!.. ئاخۆ لە کەیەوە لێرەدا بێ؟!. هەزار.. دە هەزار.. سەد هەزار.. ساڵ بێ؟!. رەنگە زۆر زیاتریش. بەڕاستی دنیا کۆنە. بەڵام تۆ پێم بڵێ.. ئەی لەوەبەری؟!. دیارە پارچەیەك بووە لە لووتکەی شاخەکەو بەربووەتەوە. جاوەرە بیهێنەوە بەرخەیاڵت، کە دەبێ چ شریخە و ناڵەیەکی، بەردابێتە ئەم دەوروبەرە؟!. رەنگە بوومەلەرزەیەکی لێ کەوتبێتەوە!».

بینایی بەسەریدا روا. بیر و هۆشی تێی ئالا. بەبێ ئاگا بینایی لێ لادا و سەرووی خست. چاوی لێ نووقاند و وازی لێ هێنا بۆ بیر و هۆش. بەبیر و هۆش تەقەلای زۆر دا و، نەگەیشتە بنجوبناوان. ماندوو بوو. «بێ سوودە.. لێ گەڕێ». لێ گەڕا و چاوی کردنەوە. ئاستی لقێکی شۆڕی دارگوێزەکە بوو. راستەوخۆ کەوتە بەر دیدەی. لە نێوان دوو گەڵاوە، سەری هێناوەتە دەرەوە و لەشی، لەناو تۆپەڵە گەڵایەکدا ونە. لەودیوەوە کەمێکی کلکە بژەکەی دیارە. حەپەسا.. «چاوەکانی چەندە رەش و گەورەن!. سەیرە!.. پێکەنینم دێ. بەڵام تاقەتم نییە دەم و لێو و روومەت بجووڵێنم. بەناخ پێ دەکەنم. ئا.. ئاوەها وەك ئەو. نابزوێ و چاو ناترووکێنێ. تەنیا سمێڵ بادەدا. منیش چاو ناتروکێنم. راست دەیانبڕمە ناو چاوی ئەو. ئا.. بۆڕبۆڕێنە. دەبزانم کێ کێ دەبەزێنێ؟!. نەخێر من تۆ دەبەزێنم. من.. دەتۆ بەس سمێڵم لێ هەڵتەکێنە. تۆ گزیم لێ دەکەیت. من بەوە لەنگەری بیناییم تێك دەچێ. دەزانم لەوسەری هاتوویتەوە. لەنگەری بیناییم تێك دەدەیت، تا پێڵووم ببزوێنم. کە پێڵووم بزواند، سەرم لێ تێك دەچێ و ناچار چاو دەترووکێنم. بەڵام بەتەما مەبە. نابینی و من تۆ دەبەزێنم. رەنگە دڵت بەوە خۆش بکەیت، کە هیلاك بووم و سووکە تەمێك، کەوتووەتە سەر چاوم. نا.. دڵ خۆش

مەکە. کۆڵم پێ نادەیت. تۆ.. ها؟!.. کوایت؟!.. بەزیت؟!. ئا.. بەزاندم و هەڵات. ئای!.. نەوەڵا.. خۆ ئەوەتا.. خۆ هێشتا هەر لەوێیە. تارماییەکی لێ دەبینم. ئەو تەمومژە چی بوو؟!. چی بکەم باشە؟!. ئەوە چییە؟!. خۆ نابینم. دوو گەڵاکەش دیار نین. حەی.. گەڵاکانی تریش!. بگرە درەختەکە هەمووی ڕووتە!. بۆچی؟!. ئاها.. زانیم. سەیر نییە. کوا لە پایزدا گەڵا بەدارەوە دەمێنێ؟!. وردەوردە زەرد هەڵدەگەڕێن و دەوەرێنە بنی درەختەکان. تەحا کە دیمەنێکی جوان و دڵگیری هەیە. دەبنە فەرشێکی شێوە خڕی، ڕەنگ ئاڵتوونی و لەبن هەر درەختەدا رادەخرێن. بەڕاستی دیمەنێکی جوان و دڵگیرە. کەچی خەڵکی چونکە تەنیا، بەفەرشی رەنگاوڕەنگی چوارگۆشە و لاکێشی راهاتوون، ئەم فەرشە ڕەنگزێڕینە خڕەیان لاپەسەند نییە. بگرە پایزەکە خۆیشیان لەلا ڕەزاگرانە و بەوەرزی خەم و پەژارەی دادەنێن. من ئەمەم بەلاوە سەیرە. لای من لە هەرسێ وەرزەکەی تر، خۆشەویستترە. چونکە نهێنییەکانی ژیانی بەڕووتی تێدا دەبینم. بەفری زستان و گژوگیا و گەڵای بەهار و پووشوپەڵاشی هاوینیان، لەسەر لادەچێ و رووت دەبنەوە. لێم نزیکتر دەبنەوە. چاکتر دەیانبینم و لێیان حاڵی دەبم. ژیان خۆیشی بەلای منەوە، تەنیا ئەوەی تێدایە مرۆڤانە بێ، کە تۆ بتوانیت زۆرترین ژمارە لە نهێنییەکانی دەرك پێ بکەیت و لە کردار و گفتارتدا لێیان بەئاگا بیت. دەنا ئەوەکەی تری ئاژەڵانەیە. ئاژەڵیش دەخوا و دەنوێ و هەڵدەسووڕێ و لە هەموو شتێکی سروشتیدا وەك مرۆڤە. ڕەنگە لە زۆر شتدا بۆڕیشی بدا. بۆ نموونە ئەوە.. ئای!.. خۆ!..».

ئا.. لە دەمێکەوە بۆڕدراو و دۆڕاو بووبوو. لە دەمێکەوە کەوتبووەوە چاوترووکاندن. سەری نەبزوا بوو. بینایی لە ئاراستەی خۆی لانەچووبوو. هێشتا هەر رووەو سمۆرەکە بوو. کە سەری لە نێوان دوو گەڵاوە هێنابووە دەرەوە. لەشی ونی ناو تۆپەگەڵایەك بوو. لەودیوییەوە تۆزێکی کلکە بژەکەی دیاربوو. چاوە ڕەشە گەشەکانی هەر بڕیبوونە ناو چاوی ئەم. مووەکانی سمێڵی لێ هەڵدەتەکاندن. ئەم گەشکە تەلیسماوییەکە، لە ناخیدا برووسکەی دایەوە. لەناو چاویدا بەسەراپای سەر و ڕوویەوە، بووەوە زەردەخەنەیەکی ورشەدار.

١٩٧٧/٢/٢

# ئەستێرە

١

ژاوەژاوێك لە ناكاوێكدا داكەوت. ئەم ڕاچەنی. خێرا سەری لە كۆشی دایكی دەركێشا و قوت بووەوە. سەرنجێكی بەپەلەی دایە ڕووی. ترس و سامی تێدا، تێكەڵ بە شڵەژاوی بووبوو. بینی لێوی بزواند و وتی:

– ڕاكە باوكت خەبەر بكەرەوە.

ئەم مووچڕكەیەك دای لە هەناوی و لەشی كەوتە لەرزین. حەپەسا و لە جێی خۆی نەبزوا. دایكی ڕاپەڕییە سەرپێ و وتییەوە:

– ڕاكە باوكت خەبەر بكەرەوە.. خێراكە..

كە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە بانیژەكە، باوكی لە ژاوەژاوەكە بەئاگا هاتبوو. ئەویش ڕاپەڕیبووە سەرپێ و بەشڵەژاوییەوە هەڵی دەڕوانی.

٢

(پێش ژاوەژاوەكە بەماوەیەكی كەم.. هەروا نیو سەعات.. نەء چارەكە سەعاتێك، یەكەم كەڵەشێر خوێندی. ئەوانی تر هەموو، بەرەودوا بۆیان سەندەوە. تۆ ختووكەیەكی تەلیسماوی، دای لە هەناوت..

– ئاهـ.. كۆتایی هات؟!.

بەڵێ كۆتایی هات. خۆت وەڵامی خۆتت دایەوە و ئەوە، نیمچە حەوانەوەیەكی پێ دایت. بەدوایدا پڕ بەسییەكانت، هەوای نەشئەدەری ئەو بەرەبەیانەت هەڵمژی. ئەو ساتە لەسەر گازی پشت ڕاكشابوویت. چاوت بەقووڵاییی ئاسماندا ڕوابوو. خامۆشی دڵتی دەپڕواند. پێشتر سەرنجت، لە گەشترین ئەستێرەی ئاسمان گیر كردبوو:

– ئاهـ ئەستێرە گەشەكەم.. ئاهـ.!.

لەو وەختەوەی ڕاكشابوویت بنوویت، چاوت تێ بڕیبوو. بەسات بینابیت لێ كەلا نەدەخست. بیرەوەرییەكەت لەگەڵیدا، دەدرەوشایەوە و لە ناخدا دەیجریواند. پێی وتم:

– بڕوانەرە سەراپای تەختی ئاسمان ئەستێرەیەك بۆ خۆم و خۆت هەڵببژێرە.

چاوم گێڕا و دۆزیمەوە. پەنجەم بۆ ڕاکێشا و وتم:

– ئەوە.

سەیری کرد و گەشکە گرتی. دەستی کردە ملم. ماچی کردم و وتی:

– منیش.

ئەستێرەکەتان وردەوردە، بەرەو ئاوابوون داخزا. کەوتە دەم کەلەکەی پشتتانەوە. داخلیسکایە ئەودیوەوە و لە بەرچاوت ون بوو. بەدوایدا ئیتر تۆ، خامۆشی دڵتی دەپرواند. بەڵام کە یەکەم کەڵەشێر خوێندی و ئەوەکانی تر بۆیان سەندەوە، تۆ ختووکە تەلیسماوییەکە دای لە هەناوت و ئاهی حەوانەوەکەت هەڵکێشا).

٣

(سەیرە!.. دەبوو بەدوایدا خەو بتباتەوە و بنوویت. کەچی نەء.. وریا بوویتەوە!. قوت بوویتەوە و دانیشتیت. لەسەر ئەو بارە کەمێ ڕامایت. لەو ساتانەدا نەتدەزانی چیت دەوێ!. تا لە ناکاوێکدا، بەپرتاو ڕاچەنیتە سەرپێ. بەسەر پێوە هیچ ڕانەمایت. هەنگاوت ناو چوویتە خوارەوە. کەسی تر هێشتا بەئاگا نەهاتبوو. گەماڵە پیرەکەتان نەبێ، کە خێرا هات بەپیرتەوە. سەری بۆ نایتە سەرزەوی و کلکی بۆ لەقاندیت. تۆ گوێت نەدایە. یەکسەر ملت بۆ ژوورەوە نا. چوویت بەلای باوڵە تەنەکەکەتەوە. سەرت هەڵدایەوە و هەڵت ڕوانی.. ئا.. پێم وت:

– ئەم جارە کە چوویت بۆ شار، بەشی کراسێك لەم قوماشەم بۆ بێنە.

بەدەممەوە خنایەوە. نموونەی قوماشەکەی نایە بان چاوی و ڕۆیشت. تا بانگی شێوان.. تا کاتی خەوتنان.. تا دواییتریش چاوەڕێم کرد و هەر دیار نەبوو. ویستم بنووم و خەو نەچووە چاوم).

٤

(سەری باوڵەکەت نایەوە. شانت دادایە سەری. هەناسەیەکی بۆ کرووزاویت هەڵکێشا. چاوت بڕییە پەنجەرەکەی بەرامبەرت و هەڵت ڕوانی. لووتکەی شاخێك و خشت، وەك بەمشار بڕدرابێتەوە وایە. بینراییت بەسەریدا ڕوا و خامۆش بوویت..

– کچەکەم چ خێرتە؟!.

دایکت ڕایچڵەکاندیت. تێت ڕوانی و لە بریی لووتکەی شاخەکە، دیدەت بەسەر ڕووی ئەودا ڕوا. بەڵام دەروونت خرۆشابوو. لە پڕێکدا داتە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ و سەرت ئاخنییە کۆشییەوە..).

٥

کاتێ ژاوەژاوەکە ڕێچکەی بەستە قەدپاڵی یاڵەکەی پشت ئاوایی، ئەم چاوی بڕیووە باوڵە تەنەکەکەی، کە بەسەر پشتی گوێدرێژەکەوە تەکەتەکی بوو. بەڵام کە لەژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریقایەوە، ئەستێرە گەشەکەیانی دەختەوە بەر دیدە و گەشکەیەکی تەلیسماویی بەنهێنی، لە دەروونیدا دەبزواند.

١٩٧٧

# دوو چیرۆك و عەشقێك

چیرۆکی یەکەم

بەپلیکانەکاندا سەرکەوتەوە. قاچەکانی دەلەرزین. دەترسا لەوەی لەنگەری تێك بچێ و بەربێتەوە. هەموو جار جێپێی خۆی قایم دەکرد، ئینجا هەنگاوی سەردەخست. لە دڵیشدا حەزی وەها لێ بوو، کە قەت نەگاتە سەرەوە. بەدەستی بووایە، پلیکانەیەك سەردەکەوت و دوو دادەبەزی..

«ئۆف خوایە.. ئۆف..».

ترس و رق لە دەروونیدا، بەناو یەکتردا جۆشیان دەخوارد. دانیان بەسەریەکتردا، پێ جیڕ دەکردەوە. لێویان پێ دەکرۆشت. لەشی داهێزراویان، پێ دەنیشاندە سەر ئارەقێکی گەرمی خەست. هەستی دەکرد تنۆکەکانی، بەناوچەوان و لاجانگیدا، دادەخزێنە سەر شانوملی و بەپشت و سنگ و مەمکانیدا، رۆدەچنە خوارەوە..

«ئۆف خوایە.. ئۆف..».

چیرۆکی دووەم

نابزوێ. ورتەی لێوە نایە. پێڵووەکانی وەك چاوی خەواڵوویەکی ماندوو، بەهێواشی دەنیشنە سەر یەکتر و لە یەکتری جودا دەبنەوە. بینایی بەسەر دەرگەی چاخانەکەدا رواوە. دەڕوانێتە شەقامەکە و هیچ نابینێ. هیچ هەست پێ ناکا. ساتێکی خامۆشی ئەفساناوییە. تەنیا بەلەش هەیە، دەنا بەهەست و نەست و بیر و هۆش، لە بوون کەوتووە.

– چ چیتە؟!.

– ....

– لەگەڵ تۆمە.. چ چیتە؟!.

برادەرەکەی شانی رادەوەشاند. کە هاتە ژوورەوە و سڵاوی کرد و لە تەنیشتییەوە دانیشت و تا پرسیارەکەشی کرد، هەر لێی بێ ئاگا بوو. کە شانی راوەشاند، ئینجا بەئاگا هات. ئەوساش تەنیا بەسستییەکەوە، ئاوڕی لێ دایەوە. سەرنجێکی

خامۆشاویی دایە. بۆ ماوەی ساتەوەختێك، چاوی حەپەساوی بەسەریدا راگیر کرد. بەدوایدا هەر بەو سستییەوە، رووی لێ وەرگێڕایەوە. دەستی برد جگەرەیەکی ئاگر دا. لەسەرخۆ مژێکی قووڵی لێ دا و بینایی بەسەر دەرگەی چاخانەکەدا روایەوە..).

چیرۆکی یەکەم

کاتێ پلیکانەکانی بڕی و گەیشتە سەرەوە، تریەترپی دڵی وەك دەنگی دەهۆڵێکی دوور، دەکەوتە بەرگوێی. قاچەکانی توندتر کەوتبوونە لەرزین. وای هەست دەکرد کە گڕەیەك، لە سەراپای جەستەیەوە بۆ دەرەوە تەوژم دەدا.

سەرنجێکی شڵەژاوی خێرای، بەسەروسیمایاندا خشاند. برووسکەیەك دای لە هەناوی. شەش چاوی ئەفساناویی سامناك!.. شەش چاوی ئاگرینی سێ ئەژدیهای، لێ دەرپۆقیون و کڵپەبارانی دەکەن. ترس و رق لە ناخیدا، بەناو یەکتردا پتر جۆشیان خوارد. قاچیان بەزەویدا، وەك بزمار پێ داکوتا. لە هەنگاونانیان خست. چرپەچرپیانی دەبیست. لێی حاڵی دەبوو. زۆربەی قسەکانیانی بەڕوونی دەکەوتە بەرگوێ. وەك پشکۆ بەدڵ و جەرگیدا دەچزان. لە عۆیەیدا حەزی دەکرد، تا دەستی دەیگرێ سینییەکە، بەسەروسەکوتیاندا توورِ هەڵدا... «دەی قیروسیا.. وای لێ بکە و چی دەبێ با ببێ..»».

– شیلان!..

دەنگی دایك رایچڵەکاند. قاچە لەرزۆکەکانی پێ خستەوە هەنگاونان. چووە بەرەوە. نزیك بووەوە گەیشتە ئاستیان. خۆی چەماندەوە و هەردوو دەستی، بەسینییەکەوە درێژکردن. بینی دەستێکی ڕەگڕەگاوی و دووانی خڕین، بەرەو سەر سینییەکە دێن. روانی سێ پەرداخە شەربەتەکە دەگرنە ناو مشت و دەکشێنەوە. هەستیشی کرد کە بەدەمییەوە، شەش چاوە ئەفساناوییە ئاگرینەکان، تەقەلا دەدەن تۆزقاڵ بە تۆزقاڵی سەراپای لەشی بپشکنن. چاوی لە چاویان نەدا و کشایەوە. چوو بەرامبەریان دانیشت و سینییەکەی لەسەر کۆشی دانا. نیگای بڕییە تەختی سینییەکە. بینایی بەسەر وێنەی خۆی لەناویدا روا...

چیرۆکی دووەم

بەسەرزاری هێشتا خامۆشە. لە برادەرەکەی و ناو چاخانەکە و سەر شەقامەکە،

هێشتا هەر بێ ئاگایە. بەڵام بەناخ گینگڵ دەدا. دەتلێتەوە و هەڵدەقرچێ. برادەرەکەی دەگاتە تینی بەهەردوو دەستی، هەردوو شانی دەگرێ و بەلای خۆیدا رووی وەردەگێڕێ.

– پێم ناڵێی چ خێرتە؟.

– ....

– بۆچی پێم ناڵێیت؟.

زەردەیەکی تاڵی پڕ لە نائومێدی، کەوتە سەر لێوی. وتی:

– سوودی چییە؟.

بەڵکو بتوانم یاریدەت بدەم.

هەردوو دەستی بەرز کردنەوە، بۆ سەر هەردوو شانی خۆی. هەردوو دەستی برادەرەکەی، لە هەردوو شانی بەردان. تەنیا وتی:

– ناتوانیت!.

بەدوایدا چووەوە سەر باری پێشووی. کپی و خامۆشی لوولی دایەوە.

## چیرۆکی یەکەم

«بۆچی وا تێم ئالاون؟!. لەم مانگەدا ئەوە سێ دەستە!..».

سەری هەڵبڕی و سەیری کردن. شەش چاوە ئاگراوییەکە، هێشتا هەر کڵپەبارانیان دەکرد. سێ زمان گوێزانییەکە، هێشتا هەر جەرگ و دڵیان دەجنی..

– بەخێر تەمەنی چەندە؟!.

–دوو مانگی تر شازدە تەواو دەکا.

– دەبێ لە خوێندندا دواکەوتبێ!.

– دوو ساڵێك.

– شیلان خان.. وا دیارە حەزت لە خوێندن نییە!.

– ....

– حەزت لێیەتی؟!.

ئارەزووی وەڵامدانەوەی نەبوو. متەقی لە خۆی بڕی.

– شیلان!..

دەنگە بەگلەییەیەکەی دایکی، سەرلەنوێ رایچڵەکاندەوە. لای کردەوە بەلایدا. بەحەپەساوییەوە تێی ڕوانی. بەحەپەساویشەوە وتی:

– بەڵێ!..

شەش چاوەکە، بینایییان لەسەر ئەم لادا. نیشتنە سەر یەکتر. بەسەرسوڕمانەوە کەوتنە ڕوانین بەیەکتردا. دەست ڕەگڕەگاوییەکە لچێکی هەڵقورتاند. دووانەکەی تر بۆیان سەندەوە. ئەو هەڵسایە سەرپێ. دووانەکەش بەدوایدا. هەرسێکیان تێکەڵاو وتیان:

– ماڵتان ئاوابێ!.

بەرەو پلیکانەکان هەنگاویان نا. بەبەردەمی ئەمدا رابووردن. بەرەو خوارەوە. داخزان. ئەم هەستی کرد، قاچەکانی لە لەرزین دەکەون. گەیشتنە ئاستی دەرگەی حەوشە. ئەم لە خۆی بەئاگا بوو، کە ترپەترپی دڵی روو لە نیشتنەوەیە. لە دەرگە چوون بەودیودا و ئەم، دڵنیابوو کە ناخی تەواو هێمن دەبێتەوە. سیمای گەشکەی تێ دەکەوێتەوە. روانییەوە سەر تەختی سینییەکەی کۆشی. دڵنیابوو کە خەو نابینێ.

## چیرۆکی دووەم

(.. خەو دەبینێ.. سەیری کرد دەبێتە هەڵۆیەك. لەسەر کورسییەکەی بەرز دەبێتەوە. بەرەو دەرگەی چاخانەکە هەڵدەفڕێ. دەگاتە سەر شەقامەکە. هەڵدەکشێ بۆ ئاسمان. لە شەقەی باڵ دەدا و دەڕوا. دەگاتە جێ. دوو سێ سووڕی بەسەردا دەخوا. بەدیی دەکا کە ئەوەتا، بەسەر هەورەبانەکەوە لە چاوەڕواندایە. بۆی دەنیشێتەوە. هەردوو باسکی دەگرێ و لە ملی خۆیانی توند دەکا. دەداتەوە لە شەقەی باڵ و هەڵدەفڕێتەوە. دەیبا و هەر دەیبا، تا دەیگەیەنێتە سەر لووتکەی چیایەکی هێندە بڵند و سەخت، کە دەستی هیچ کەس نەتوانێ بیگاتێ.

١٩٧٧/١/ ٧

## جەستە چکۆلانەکە

عارەبانەی تراکتۆرەکە بێ وچان هەڵی دەتەکاندن. بێ ئامان دەیکوتان. بەسات بواری نەدەدان هەست بەحەوانەوە بکەن. لەناو عارەبانەکەدا، سێ زەلامی تریان لەگەڵدا بوون. دووانی تریش و هەریەکەیان، هەڵنیشتبووە سەر چاملغی یەکێ لە دوو تایە قەبەکانی. سێ زەلامەکە لە بەختی خۆیان بەگلەیی بوون. لەوە دەدوان کە ئەگەر دە– دوازدەیەك بوونایە، هێندەی تاسە نەدەکرد. یەکێکیان خۆشخۆش دەیوت:

– با داوا لەو دوو برادەرە بکەین، بێنە ناو عارەبانەکەوە. هەر باشە!.

دووانەکەی تر دەیانوت:

– نایکەن.. دیارە ئەوێیان باشترە. قسەی خۆمان بۆچی لەبەرد بدەین؟!.

ئەم مەیلی قسەکردنی نەبوو. ملیوانی پاڵتۆکەی بەری جەستە چکۆلانەکەی باوەشی، بەشانوملیدا هەڵدایەوە. لێواری لەچکەکەی، بەسەر و ڕوویدا زیاتر داکشاند. زیاتر ئاخنییە باوەشییەوە و توندتر نووساندی بەسنگییەوە. خامۆشییەکە لوولی دایەوە..

«ئا.. نزیك بەرەبەیان بوو، کە خەو زەفەری پێ بردم و چاومی پێ لێکنام. دەبێ یەکسەر کەوتبمە بینینی خەوەکە.. چۆن بوو؟!.. ئا.. من لەناو دۆڵێکی قووڵدا بووم. بینیم چاو بەناو دۆڵەکەدا دەگێڕێ. هەستم کرد دەمبینێ و پڕ بەدەم هاوارم لێ دەکا. روانیم دێ و بەپەرۆشەوە، بەرەوڕووم خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. وام هاتە بەرچاو، کە وەك پەپوولەیەك بەهێواشی بەردەبێتەوە. گەشکەیەکی تەلیسماوی دای لە هەناوم. باوەشم بۆ گرتەوە. بەڵام ئەوە تەنیا ساتەوەختێکی خایاند. دیم پەپوولەکە بووەوە بەجەستە چکۆلانەکە و تیژ، بەسەر سەردا بەردەبێتەوە. کسپەیەکی جەرگبڕ، چووە جێگەی گەشکەکە. هەستم کرد هەناوم تێدا نامێنێ. هێزی ئەژنۆم دەشکێ و بەلادا دێم. بەری بیناییم تاریك دەبێ و جەستە چکۆلانەکەم لێ ون دەبێ. هەستم کرد دەمرێ و منیش لەگەڵیدا دەمرم!.. زارەترەك بووم. لەشی مردووم راچەناند و خۆم راپسکاند. لە خەو بەئاگا هاتمەوە. هەموو ئەندامانی لەشم، دەلەرزین و نوقمی ئارەقێکی گەرمی لینج بووبووم».

تراکتۆرەکە ئەوساتە، بەناو وەردێکدا تێ دەپەڕی. ڕێگەکە بووبووە قوڕولیتەیەکی خەست. تایە کەتەکانی دواوەی، قوڕبارانی دەکردن. زۆرتر بەپنتکی ورد و بەیناوبەین، تۆپەڵی گەورە گەورە، سەروگوێلاکی سواغ دەدان. ئەم جەستە چکۆلانە لاوازەکەی، هەر ئاخنیبووە باوەشییەوە. خۆی بۆ کردبووە چەپەرێك و هەوڵی دەدا، نەیەڵێ تۆزقاڵێك قوڕی بەر بکەوێ. سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە و سەرنجێکی دایە. چاوە ڕەشەکانی کە لەژێر لەچکەکەوە دەبریسکانەوە، نیشانەی پرسیارێکی پڕ لە سەرسامییان دەنواند!. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، وەرامی پرسیارەکەی بداتەوە و بۆی باس بکا. بەڵام چۆنی بۆ باس بکا؟.

«.. کە هەنگاوت نا و لە ژوورەکە چوویتە دەرەوە، لە هەیوانەکەدا کەمێ ڕامایت. چاوێکی خێرات بە پێشدەمی خۆتدا گێڕا و هەڵت ڕوانی.. خانووەکانی ئاوایی.. کەژەکەی بەرامبەر.. باخە چڕەکانی دامێن.. پیرە داربەڕووەکانی گردەکەی تەنیشت.. هەموو بەڕوونی دەبینران. هەنگاوت نا و چوویتە پێشترەوە. گەیشتیتە ئاستی لێواری هەیوانەکە. راوەستایت. قەدەرێکی تر هەڵت ڕوانی. ئینجا هەروا بە چیچکانەوە دانیشتیت. جگەرەیەکت ئاگر دا. بە پەرۆشەوە کەوتیتە مژلێدانی.. ئێستا دەبێ کەوتبنە ڕێ و پێش ئەوەی بگەنە ناو شاخ، ڕۆژیان لێ دەبێتەوە. ناو شاخوداخ بەشەو بۆ منداڵ سامناکە. چاك بوو حیسابی ئەوەشم کرد. تا دنیایان تەواو لێ ڕووناك دەبێتەوە، دەشتایی دەبڕن و ترووسکەی گڵۆپەکانی شاریان، هەر لێ دیار دەبێ. دوای ئەوە ئیتر ئاسانە».

لە خۆت ڕازی بوویت. ئەو جگەرەیەت تەواو کرد و یەکێکی ترت داگیرساند. بەپەرۆشترەوە کەوتیتە مژلێدانی.. ئەگەر هەموو شت کۆك هاتبێتە پێشەوە، لە دوو سەعات و نیو زیاتریان پێ ناچێ. ئا.. دوو سەعات و نیوی تر و دەگەنە جێ. کەرێك و هێسترێك و منداڵێك، بەسەر پشتی یەکێکیانەوە. زەلامێکیش بەدوایانەوە..

جگەرەیەك و دووان و سیانی ترت ئاگر دان. کات زۆر بەسستی تێدەپەڕی. تاقەتت چوو. کەوتیتە سەرپێ. هەنگاوت هەڵهێنا. بەپلیکانەکاندا چوویتە خوارەوە. گەیشتیتە کۆڵان و گەماڵێك سووکە حەپەیەکی لێ بەرز بووەوە. وەك بتناسێتەوە، زوو خامۆش بووەوە. ڕۆیشتیت. ڕێگەی ناو ئاوایت نەگرتە بەر. ڕاستەوخۆ بەلاڕێدا، بەدەم پیاسەکردنەوە، بەرەو گەرووی دەربەندەکە ملت نا...».

تراکتۆرەکە هێشتا، بێ وچان دەیشڵەقاندن. دوو تایە کەتەکەش هەر قوڕبارانی دەکردن و سەروگوێلاکی سواغ دەدان. جارێکی تر دەستی راستی درێژ کرد و بەپشتی ملی خۆیدا هێنا. مشتێ پنتکە قوڕی بەدەستەوە هات. بە کەمتەرخەمییەوە بەلێواری عارەبانەکەیدا سوو. ئینجا لەپی دەستی بەلاڕانیدا هێنا و بە شرواڵەکەی پاکی کردەوە.

سێ زەلامەکە خامۆش بووبوون. دووانەکەی سەر چاملغەکان و شوفێرەکەش. کەس نەدەدوا. کەس تاقەتی قسەکردنی نەمابوو. تەنانەت مەکینەی تراکتۆرەکەش، کە ئەوساتە لەناو قوڕێکی خەستی سرێشیدا بەتەناشی دەکرد، کوژایەوە و لە گرمە و نەڕە کەوت. تا کاتێ شوفێرەکە خستییەوە گەڕ و پێی لێ توند کرد، ئەگزۆزەکەی دوو سێ گوللەتۆپی تەقاند. جەستە چکۆلانەکە لە باوەشیدا راچەنی. ملی قووت کردەوە هەڵڕوانی و، لێزمەیەکی پنتکە قوڕ شالاوی بەڕوویدا برد. خێرا خۆی ئاخنییەوە باوەشی و بێ پرسیارکردن مت بوو. ئەم سەری بەسەردا دانەواند. بەدەم بزەیەکی خاوەوە لێی پرسی:

– ترسایت؟!..

جەستە چکۆلانەکە نەبزوا. تەنیا وتی:

– نەء.

ئەم هەستێکی پڕ لە شانازی، هوروژمی بۆ هێنا و گەشکە گرتی: هەردوو مشتی لەسەری توندکردن و نووساندی بەسنگییەوە. ئەو هاواری لێ هەڵسا:

– ئاخ!..

خێرا مشتی لێ شل کردنەوە و بیری کەوتەوە:

«.. رۆژ لە دەمی کەلەوە سەری دەرهێنابوو. رێگە پێچاوپێچەکەی ناو دەربەندەکە، بەڕوونی دەبینرا. لە دەمێکەوە چووبوومە سەر تاشە بەردێك و چوارمەشقی دانیشتبووم. جگەرە لە دوای جگەرەم ئاگر دەدا. چاوم لە رێگە خافڵ نەدەکرد.

دەرکەوتن.. کەرێك و هێسترێك و زەلامێك: بەدوایانەوە. ورد هەڵم ڕوانی. هێسترەکە جەستەیەکی چکۆلانەی بەسەر پشتەوە بوو. برووسکەی دڵنیایی و شادمانی، بەهەناومدا تێسکەی کرد. دەروونی ئارام لەبەربڕاوم، حەوایەوە و گەشامەوە، لە دڵدا وتم: خۆزگە دەمتوانی هەر ئێستا، مژدەم بدایەتە دایکت. هاتنە بەرەوە. لە تاشە بەردەکە دابەزیم و چوومە سەر رێگەکە. کە گەیشتنە ئاستم، هێسترەکەم راگرت. باوەشم بۆ

جەستە چکۆلانەکە گرتەوە. کەنەفتی ڕێگەبوو. لە یەکەم ساتدا نەیناسیمەوە. هەروا بە حەپەساوییەوە، تێمی ڕوانی و نەبزوا. بەڵام دوای ساتەوەختەکە، چاوە ڕەشەکانی بروسکەیان دا و خۆی بۆ سەر سنگم شۆڕ کردەوە. دەستە باریکەکانی لە ملم توند کردن و هیچی نەوت.

کەوتینەوە ڕێ. گەیشتینە هەورازێك. لە نیوەیدا هەستم بە ماندووبوون کرد. خستمەوە سەر پشتی هێسترەکە. هەورازەکەمان بڕی. گەیشتینە بەردەڵانێك. ئەو ساتە من شان بەشانی هێسترەکە دەڕۆیشتم. لە دڵدا دەموت: لەسەری ناوەستم. دەمەدەمی نیوەڕۆ، تراکتۆرەکە دەکەوێتە ڕێ. چاوەڕێی جێبەکە ناکەم. دەڵێن عەسرەکەی دەگاتە ئاوایی و شەو دەگەڕێتەوە. ئەی ئەگەر نەهات؟!. نا نەء.. چاکتر وایە لەگەڵ تراکتۆرەکەدا بڕۆین. نزیکی عەسر دەگەینە جێ. ئیتر لەوێوە ئۆتۆمۆبێل زۆرن. دەتوانین سبەینێ ئێوارە...

– ئاخ!..

کە لە ئاخەکەی بەئاگا هاتم، هێسترەکە بەسەر هەردوو دەستیدا نووچی دابوو. جەستە چکۆلانەکەمی بەسەر سەردا، خستبووە سەرزەوی. بە پەشۆکاوییەوە پەلامارم دا و لە باوەشم گرت. نەدەگریا. تەنیا دەستی چەپی نابووە سەر ناوچەوانی. کە دەستیم لادا و سەیرم کرد، بینیم هێندەی هەڵماتێك هەڵتۆقیوە!».

کاتێ نزیك بوونەوە و لەوەدابوو بگەنە جێ، عارەبانەی تراکتۆرەکە هێشتا بێ وچان، هەڵی دەتەکاندن و دەیکوتان. بەڵام تایە کەتەکان ئەو وەختە، لە بریی قوڕولیتە، زیخبارانی دەکردن.

١٩٧٧

# بەفر

- باوکە...

- باوکەکەم.. کوڕەکەم...

کە تینی دایە بەرخۆی و سەری لە سەرینەکە بەرز کردەوە، تەنیا بۆ ساتەوەختێك بۆی راگیر کرا و بەدوایدا، نیشتەوە سەر سەرینەکە و مت بووەوە. بەڵام چاوی هەر ئاراستەی سەروسیمای باوکی بوو. هێشتا تارماییەکی لێ دەبینی. تەقەلای دەدا بەڕوونی بیبینێ و بۆی نەدەکرا. بۆی بە بیر و هۆشیش لە گوماندابوو. ئاخۆ هەر خەونەکەیە یا بەڕاستییە؟. بۆی ساغ نەدەبووەوە و کۆڵی دا. پێڵووە شینداگەڕاوەکانی نیشتنە سەریەك. چاوە پواوەکانی لە بینین کەوتنەوە و لە نووکەوە پێدا چووەوە...

(... سەرلەبایەنی کە بەڕێ کەوتیت، ئاسمان سایەقەیەکی ساماڵ بوو. تۆزقاڵ هەوری پێوە نەمابوو. بەدڵێکی پڕ لە شادی و کامەرانییەوە، دڕت بە بەفرەکە دەدا و هەنگاوی گورجت دەنا. هەنگاوە گورجەکانت دوای ساتەوەختێك، گەیاندیانیتە سەر لووتکەی چیا. هەستت نە بەسەرما و نە بەهیچ ماندووبوونێك دەکرد. تەنوورێك لە دەروونتدا، گەرمی دەکردیتەوە. شادییەك لە دڵتدا، هێزێکی تەلیسماویی پێ دەدایت. حەزی هەڵڕوانینێك لەو بەرزاییەوە بەدیمەنی شاردا، لای دایتە پاڵ تاشەبەردێکی کەنار ڕێگەکە. هەروا بەسەر پێوە جگەرەیەکت داگیرساند. بەدەم مژلێدانییەوە هەڵت ڕوانی. دیمەنێکی گەلێ دڵگیر بوو. لەناو خانووەکاندا، ماڵی مامتت بەئاسانی بەدی کرد. زەردەخەنەیەك دای گرتیت. پێکەنینت بەقسەکەی مامت دەهات کە وتبووی: گەز و نیوێکی تێ کردووە.. دەرناچیت. بەدەم زەردەخەنەکەوە، بینایت بۆ شوێن هەنگاوەکانت گواستەوە. لە قەراغ شارەوە تا بەردەمت بەدوایاندا هێناتن. پێی خۆشحاڵ بوویت. تاکە شوێنپێ بوون، لە شارەوە دەردەچوون. هەستت بەشانازی کرد. بۆ ماوەی چەند ساتێك، کەیلی کردیت و ئینجا، وەك فیشەکە شێتەیەك تەقاندتییەوە. رووی پێ وەرچەرخاندیت و خستیتییە تەکاندان. هەردوو قاچی پێ کردیتە پەروانە. بەخێرایی دڕیان بە بەفرەکە دەدا. جەستەتیان رادەفڕاند. دەتوت گەمەیەکە و دەیکەیت. لەگەڵیدا بەڕووی خۆتدا دەخنایتەوە. بەخۆت دەوت: وا رۆ دەچیتە خوارەوە بۆ ناو دۆڵ. ناو دۆڵ خۆشڕەوە.. زۆری پێ ناچێ دەتگەیەنێتە دەشت. ئەگەر بەفر نەبێ، بۆ تۆ قەت

له سێ چارەکە سەعات زیاتری پێ نەچووە. بەڵام کە بەفر تا کەمەرتی گرتووە، بڕۆ سەعاتێکی بۆ دابنێ. تا ئەوێت زۆر ئاسانە. زەحمەت لەوێ بەولاوەیە. لەوێ بەولاوە کێوە ڕووتەیە. ئای کێوە رووتە!.. چاك لێم بوویت بە بەڵا!. دەڵێی خوا بەتایبەتی، بۆ منی دروست کردوویت!. تۆ بەڕووتی پیاو لە پەلوپۆ دەخەیت، جا وەرە بەفریش تا کەمەر هاتبێ!. ئەم گفتوگۆیەت لە خنانەوەی خستیت. تارماییی سووکە هەستێکی سڵکرنەوە، لە قووڵاییی دەروونتەوە سەری لێ هەڵدایت و جێگەی گرتەوە. بەڵام دانت پێدا نەدەنا. لە خۆتت حەشار دەدا. تەنانەت کە زانیت وا خەریکە بەدزییەوە هەنگاوت پێ خاو دەکاتەوە، کەللەیی بوویت. رقێکی ئەستوور دای گرتیت و کڵپەی بەئەندامانی لەشت سەند. کردنییە تۆپەڵە گرێکی لوولخواردوو. تۆپەڵە گرت بەرەو خوار گلۆر کردەوە. گەیاندتە ناو دۆڵ. بەناو دۆڵیشدا تەکانت پێ دا و ملت پێوەنا. بە کەشکەئەژنۆ دڕت بە بەفرەکە دەدا و هەنگاوت دەنا. دۆڵت کۆتایی پێ هێنا. پێت نایە ناو دەشت. ئەوە سەرتی لەسەر سنگت پێ بەرز کردیتەوە. روانیتە پێش دەمی خۆت و بە ئاگا هاتیتەوە. خیزەی سنگ و ترپەترپی دڵت، ژاوەژاوێکیان لە گوێتدا پێك دەهێنا. زمانت لە دەمتدا، بووبووە تەلاشێك. قورگت دەتووت، لەتە گوێزانێکی تێدا عاسی بووە. ئازارێك لە کلاوەی ئەژنۆتدا، برووسکەی دەدا. بەخۆت زانی کە دەبێ وچانێك بگریت.. دەبێ کەمێك بحەوێیتەوە. بەڵام تۆپەڵە گڕەکەت بۆ دابین نەدەکرا. ئەوسا ئەو تەکانی بەتۆ دەدا. بەو ئازارانەوە هەیپێی پێ لێ کردیت، تا دەشتت پێ بڕی و گەیاندتییە بناری کێوە ڕووتە. بگرە چل پەنجا هەنگاوێکیش، بەرەوژوور هەڵی کشاندیت و لەوێدا ئیتر، هەستت کرد هەناسەت بۆ نادرێ. هەستت کرد خەریکە دەخنکێی. بەئاگا هاتیت کە قاچیشت لەدووت نایەت و لە جێی خۆت چەقاندوویتیان. ئنجا بیرو هۆشت کەوتۆتەوە گەڕ. بڕیاری پێ دایت چاو بگێڕیت. چاوتی لە ئاستی ئەشکەوتی گورگەدەردا پێ ڕاگرتیت. فەرمانی پێدایت و بۆ بەجێهێنانی ، قاچتی بزواند. لەدووت نەدەهاتن و بەزۆر بزواندتن. ئەشکەوتت زۆر لێوە دوور نەبوو. بەهەر زەحمەتێك بوو گەیاندنیت. لەوێ دارمایتە سەر زەوی. پاڵت دایەوە و قاچت لێ ڕاکێشا. ماندووێتی سرەوتی پێ دایت و ئازار، ئارامی لەبەر هەڵگرتیت. ماوەیەك هێنایانیت و بردیانیت و بردیانیت. تا لە ئەنجامدا مت و خامۆش بوویت. نەتدەزانی ئاخۆ خەو دەتباتەوە، یا لە هۆش خۆت دەچیت. تەنیا هێندەت ئاگا لێ بوو، کە دنیات لە بەرچاو تاریك دەبێ. کاتێکیش چاوت هەڵهێنایەوە سەرسام بوویت. بینیت دنیا لێڵە. باوەڕت نەدەکرد. کەمێ چاوی خۆت هەڵگلۆفت. دیمەنەکە نەگۆڕا. راپەڕیتە سەرپێ. ئازارێکی تیژ بە سەرتاپای

لەشتدا، تێسکەی کرد. گوێت نەدایە. تەکانت بەجەستەت دا و دەرپەڕیتە دەرەوە. کە هەڵت ڕوانی، خورپەیەك دای لە دڵت. تۆزقاڵ شینایی لە ئاسماندا نەمابوو بۆ شوێنی خڕۆڵکەی خۆر گەڕایت و دۆزیتەوە. لەوە دابوو داخزێتە دامێنی ئاسمان. لە دڵدا وتت: دەمەدەمی عەسرە. کاتێ گەیشتمە ئێرە، نزیکی نیوەڕۆ بوو. یانی خەوم لێ کەوتبێ؟!. ناشێ.. خەوی چی؟!.. بە چ حاڵێکمەوە؟!. بۆت ساغ نەبووەوە. دۆخەکەش لەوە نەبوو، لەسەری بوەستیت و ساغی بکەیتەوە. تۆزقاڵ شینایی لە ئاسماندا نییە. بگرە پڕووشەش دەکا. شڵەژایت. تەنگەتاو بوویت . تویژاڵێك ژەنگوژار، نیشتە سەر بیر و هۆشت. گەڕایتەوە ناو ئەشکەوت و دانیشتیتەوە. لەگەڵ خۆتدا کەوتیتە راوێژکردن. بەفر تا کەمەرە. هێشتا سەرکەوتنی کێوەڕووتەو دابەزینیت لەبەرە. لەوە بەدواش پێدەشت و ئینجا، پەڕینەوە لە چەمی گەورە. کات دەمەدەمی عەسرە. هەور ئاسمانی داگرتووەتەوە. پڕووشە دەکاو دەیەوێ تێی بکاتەوە. تەواو شڵەژایت. لەدووتوێی شڵەژانەکەتەوە، رقە ئەستوورەکەت لێ زایەوە. ڕاپەڕیتە سەرپێ. لە ئەشکەوت بەدەرکەوتیتەوە. راستەوخۆ تەکانت بەجەستەت دایەوە و بەرەو ژوور شاڵاوت برد. زۆر سەرنەکەوتیت و پڕووشە، بوو بەورده کلوو. وردەکلوو بەدرشت و دەتوت، ملیۆنەها هێلکە بارۆکەن و لە قووڵاییی ئاسمانەوە بەردەبنەوە. زۆری تر سەرنەکەوتیت و لە خۆت بە ئاگا هاتیت، کە چینێك بەفر نیشتووەتە سەر شانوملت. راوەستایت و تەکاندت. کەوتیتەوە هەنگاونان و بەزەحمەت بۆت سەر دەخران. کسپەی ئازارەکەی ئەژنۆ، سەری لێ هەڵدایەوە. زمانت لە دەمتدا، بووەوە بە تەڵاش. دەمە گوێزانەکە کەوتەوە شەقارکردنی قوڕگت. چینێك بەفر جارێکی تر، نیشتەوە سەر شانوملت. راوەستایتەوە و تەکاندتەوە. ئاوڕێکت بۆ دواوە دایەوە و چاوت گێڕا. هیچت نەدەدی. تەنیا چڕستانێکی ریزەکلووە بەفر و لە زەوییەوە هەتا قووڵایی ئاسمانی تەنیوە. وەرچەرخایتەوە و ڕوانیتە بەرەوژوور. دەتویست لووتکەی کێوەڕووتە ببینیت و نە دەکەوتە بەر دیدەت. هەستێکی تفتوتاڵ لە هەناوتدا، چەکەرەی کرد و پەلی هاویشت. سەرانسەر دەروونتی داگیر کرد. زۆری بۆ هێنایت و لێت بووە سووکە سامێك. سووکە سام باوکتی بەبیر هێنایتەوە. قسەکانی لە گوێتدا زرنگانەوە: ئەوەی لەناو بەفردا رەق دەبێتەوە، وەك نێچیرێکە و بکەوێتە داوێکەوە. تا ئەو ساتەی تێی دەکەوێ، بەخۆی نازانێ. کە کەوتیش، ئیتر مەگەر ڕێکەوتێك بەفریای بکەوێ، دەنا رزگاربوونی ستەمە. سووکەسامەکە لە ناختدا کنەی دەکرد. دەیخستیتە بەر پرسیارکردن لە خۆ: تۆ بڵێی بەداوەکەوە بووبم؟!. پرسیارەکە دڵتەنگی کردیت و ئنجا گرژ. لە خۆت تووڕە بوویت. پێت وت: چ خێرتە؟ خەریکیت ورە

بەردەدەیت!. ڕاستە تەواو ماندوویت و حاڵت خراپە. بەڵام خۆ ئەمە یەکەم جارت نییە!. کێوە ڕووتەکەی جارانە و وا ئەم جاریش، دەستەویەخەی بوویتەتەوە. لەوەبەر هەر تۆ ئەوت بەزاندووە و بەسەریدا زاڵ بوویت. هێشتا بەجەستە بەرەوژوور هەر تەکانت دەدا. بەڵام بەبیر و هۆش، بێ ئارام بوویت و قسەکانت دەجوونەوە: نێچیر.. داو.. ڕێکەوت.. کام ڕێکەوت؟!. ڕێبوار؟!. ستەمە. مەگەر دەستێکی قوورەتی.!. سووکەسامەکە زیاتر زۆری بۆ هێنایت. لەگەڵیدا هەستت کرد، جومگەکانی لەشت ڕوو لە شلبوون دەکەن. ماسوولکەکانی لە بزووتن دەکەون. بەقسەیەکی تری باوکتدا چوویتەوە: ئەوەی لەناو بەفردا ڕەق دەبێتەوە، وەك ئەو کەسەی لێ دێ کە مۆتەکە، لە خەودا سواری سنگی دەبێ. خۆی جیڕ دەکاتەوە. پەل دەهاوێ و هاوار دەکا و دەقیژێنێ. کەچی چەندە دەکۆشێ، ورتە و جووڵەی بۆ ناکرێ. ئینجا لە خەوەکەیدا وەك شیرینخەوێك بیباتەوە، مت و خامۆش دەبێ. تا وردەوردە هەناسەشی لەبەر دەبڕێ و ئیتر کۆتاییەتی. خورپەیەك بەهەناوتدا تێسکەی کرد. لەدڵدا وتت: ئا.. داوەکەیە. ئینجا مەگەر ڕێکەوتەکە. بەڵام کام ڕێکەوت؟!. هیچ.. بەتەما مەبە. ڕێکەوتەکە خۆت بە.. خۆت فریای خۆت بکەوە. ورە بەرمەدە. بەردەوام بە و بەزۆر تەکان بەجەستەت بدە. تەنیا سەرکەوتنەکەت زەحمەتە. لەوەلا دەتوانیت، خۆت بەرەو دامێن گل بکەیتەوە. دەتوانیت بەسنگەخشکێش بێ، خۆت بگەیەنیتە سەرچەم. ئیتر لەوێدا، لە ئاواییەوە دەتبینن. ورە بەرمەدە. دەتوانیت.. دەتوانیت. هەستت کرد لەشت دادەگیرسێ. ئاگات لێ بوو دەنیشێتە سەر ئارەقێکی گەرمی خەست. جلەکانت بەدیوی ناوەوەدا تەڕ دەکا. بەدوایدا هەستت کرد، تەڕییەکە وردەوردە دەیبەستێ. جلەکانت لێ دەکاتە توێژاڵێك سەهۆڵ و بەسەر پشتی لەشتیدا دادەکشێنێ. بگرە سەهۆڵ دەبێتە بەرگێکی چەسپی جەستەت. ئاگات لە خۆت بوو، کە خەریکیت ڕەق ڕادەوەستیت. سەهۆڵ وەهات ڕادەوەستێنێ. خەریکیت بەپێش دەمدا، دەچەمێیتەوە و نووچ دەدەیت. دەکەویت و گرمۆڵە دەبیت. ئەو ساتە ئەوەندەت گوڕ تێدا مابوو. کە بەقسەیەکی تری باوکتدا بچیتەوە: ساتی کوشندە بۆ ئەو کەسەی لە بەفردا ڕەق دەبێتەوە، ئەوەیە کە سەهۆڵ خۆی دەگەیەنێتە ناو کاسەی سەرییەوە و چلوورەی خۆی بەمێشکیدا شۆڕ دەکاتەوە. ئەمە زارەترەکی کردیت. لە دڵدا وتت: ئەوەتا هەستی پێ دەکەم.. ئەوەتا دەیەوێ هەردوو گزگلاگەی گوێم کون بکا و لەوێوە خۆی بئاخنێتە ناو کاسەی سەرمەوە. ئەی ئەگینا ئەو دوو شیشە سوورەوەکراوە چین تێیان دەچەقن؟!. بەوە تەوژمێکی وریابوونەوەی تر، لە قووڵاییی بیر و هۆشتەوە هوروژمی هێنایەوە. تەوژمەکە شەش حەوت هەنگاوی تر، جەستەتی بەرەوژوور پێ

سەر خستیت. کەچی لەگەڵ هەر هەنگاونانێکدا، وات دەزانی هێزێکی سامناك، پەلی کوتاوەتە هەناوتەوە و جەرگ و دڵت رادەکێشێتە دەرەوە. بەدوایدا سەرلەنوێ هەنگاوت چەقییەوە. جەستەت بەپێش دەمدا نوشتایەوە و گرمۆڵە بوویتەوە. ئازاری دوو شیشە سوورەوەکراوەکە، هەموو ئازارەکانی ترتی بەژێرەوە کردن. تا وات زەن کرد کە ئەوەتا، هەردوو گزگلاگەی گوێت کون دەبن و سەهۆڵ خۆی دەکوتێتە کاسەی سەرتەوە. سەهۆڵ دەبێتە چلوورە و بەناو مێشکتدا شۆڕ دەبێتەوە. مێشك و بیر و هۆش دەبنە سەهۆڵبەندان. لە خۆت بەئاگایت کە حەزێکی تەلیسماوی، لە ناکاوێکدا ئامبازت دەبێ. باوەشت پێدا دەکا و بەخۆیەوەت دەگوشێ. لەشت خاو دەکاتەوە. دەیحەوێنێتەوە. تا خامۆشی دەکا و ئینجا، دای دەخزێنێتە کۆشی شیرینخەوێکەوە. لە شیرینخەوەکەدا خەونێکت دەدی. لە خەونەکەدا جەستەی خۆتت دەبینی، چەسپێنراوەتە ناو قاڵبێك سەهۆڵی شووشەییەوە و لەسەر پشت پاڵ خراوە جەستە چاوانی وەك دوو هەڵمات، بەڕاست و چەپدا دەگێڕێ. دەبینێ وا دوو تارمایی، لەولاوە هاتن و بەسەر سەرییەوە راوەستان. تەقەلا دەدا بزانێ کێن و ناتوانێ. سەروسیما و لەشیان بەڕوونی نابینێ. دەست و بازوویان نەبێ، کە بەهێواشی بەرەوڕووی درێژ دەبن. دەگەنە ئاستی و لێی دەنەون. وەك سندووقێك بەرزی دەکەنەوە و بەرەو ئاسمان هەڵی دەفڕێنن. دەیبەن تا دەیگەیەننە سەر لووتکە. لەوێ وچانێکی پێ دەگرن. نازانێ بۆچی و دەبینێ، هەر زوو هەڵی دەگرنەوە. بەرەو ئاوایی هەڵی دەفڕێننەوە و راستەوخۆ، بەماڵەوەیدا دەکەن. دەیخەنە پێخەفێکی گەرمەوە و دای دەپۆشن. دەبینی قاڵبە سەهۆڵەکە وردەوردە، دەتوێتەوە و ناو پێخەفەکەی لێ تەڕ دەکا. خۆیشی هێدی هێدی شل دەبێتەوە. ئەندامانی خاو دەبنەوە و دەنیشن. چاوە هەڵماتییەکانی بەڕاست و چەپدا، دەکەونە گەڕ. تارماییی قەڵەباڵغییەك بەدی دەکەن، کە وەك پوورەی هەنگ بەیەکدا دێن. دەیانەوێ بزانن چین و کێن؟. تەقەلای تەقەلا دەدەن. لە بازنەی تارماییییە گەورەکەدا، تارماییییەکی بچووك بەدی دەکەن لەسەری راگیر دەبن.. بۆ ماوەیەك لەسەری راگیر دەبن و لە پڕێکدا، ترووسکەی گەشکەیەکیان تێدا هەڵدەگیرسێ. ترووسکەکە کزە رووناکییەکیش بەرز دەکاتەوە. نووزەیەك لە نێوان لێوە هەلائاوساوەکانییەوە، دێتە دەرێ و دڵێ:

– باوکە...

– ...

١٩٧٨/١١/١٥

## کانییه ڕەحمان

دوو تـاشە بـەرد و سەریـان بـەیـەکـەوە نـاوە. یـەك یـەکـتـری ڕاگـیـر دەکـەن. بـنـجـیـان داکـوتـاوەتـە بـێـخـی، دوو دامـێـنـە گـردی شان بـەشانـەوە. لـە نـێوانـیـانـدا دەلاقـەیـەك لـە زەوییەکەدایە. لەناو دەلاقەکەدا، ئەڵقەیەك دەرووەقوڵپ، لە یەکبینا هەڵدەقونێنەوە. وەك ڕستێك گۆی مەمك، بێ وچان دەفری کانییەکە شیر دەدەن. دەفرەکە لێودارە. لێوەکە چۆڕاوگە بەدەرووەقوڵپەکان دەبەستێ. بەرەوخوار بەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا، دەیخاتە نەرمە قەڵبەزە. دەیگەیەنێتە ژێر پیرە داربەڕوویەك و دەیرژێنێتە دەفرێکی فراوانترەوە. لەوێدا سێبەری پیرە داربەڕووەکە، تریفەی مانگی لێ قەدەغە دەکا. ڕوونـاکییەکی کز لە دوو تەلەبەردی سپییەوە وەردەگرێ، کە لەمبەرەوە ڕاخراون. لەوێش تێ دەپەڕێ. سەرلەنوێ بەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا، دەکەوێتەوە نەرمە قەڵبەزە. دەکشێ و دەگاتە ئاستی کوختەکەڵەکێك. شۆڕەبییەك پڕ بەپڕ، بەسەریدا چەماوەتەوە. خۆی پێدا دەکا و لە چاو ون دەبێ. بەڵام هەرزوو لەودیوییەوە، سەر دەردێنێتەوە. لەوێوە ئیتر هەروا بۆ ماوەی سی چل هەنگاوێك، بەرەوخوارتر دەڕوا و خۆی بەمزگەوتدا دەکا.. لە نێوان گونجێکەوە، دەقڵپێتە حەوزێکی کۆنکرێتیی، سێ بەچوار مەترییەوە. حەوزەکە لە پێش دەمی هەیوانی مزگەوتەکەدایە. تریفەی مانگەشەوەکە دەیگرێتەوە و، بریسکەبریسکی پێ دەخا. تریفە خۆی بۆ ناگەیەنرێتە، بنەوەی هەیوانەکە. بەوە نوقمی تاریکییە. لە قووڵاییی تاریکییەکەدا، ترووسکەیەك بەینـاوبـەین، خۆش دەبێ و کز دەبێتەوە. ترووسکەی ئاگری جگەرەی، نێوان دوو پەنجەیەکە. خاوەنی دوو پەنجەکە، پاڵی داوەتەوە و قاچی لێ ڕاکێشاوە و دەڕوانێتە حەوزەکە و چاوی بەسەریدا ڕواوە.. بەسەر سکی ماسییە گەورەدا ڕواوە!. ماسییە گەورە دیاریی دەستی خۆی بوو. خۆی هێنای و خستییە ناو حەوزەکەوە...

– باپیرە ئەها.. باپیرە تۆ سەیرکە.. ئەها!..

حەمە بەگیری هێنابوو. هێندەی پەنجەتووتەیەك بوو. لەناو جامەکەدا هەڵدەبلۆوقایەوە. تۆ بۆی پێکەنیت. پێت وت:

– بابە گیان گوناحە.. بیخەرەوە ئاوەکەوە.

ئەو وتی:

– نا باپیره.. بەخێوی دەکەم.

تۆ بەناچاری هەڵسایت، جامەکەت پڕ کردەوە لە ئاو. ماسییە پەنجە تووتە، لەناویدا کەوتەوە پێچوخول. کاتێ گەڕانەوەماڵەوە، بۆت خستە مەنجەڵێك ئاوەوە. خۆشی چوو تۆزێ نانەوردەی تێ فڕێ دا. شەو کە نووستیت، خەونێکی سەیرت بینی. بەیانییەکەی بە حەمەدت وت:

– تۆ حەز دەکەیت ماسییەکەت بمرێ؟!.

حەمەد وتی:

– نەء.

ئنجا پێت وت:

– دە کەوابێ با پێکەوە بیبەین، بیخەینە حەوزەکەی مزگەوتەکەوە. چونکە لەوێدا ئیتر بۆ خۆی، گەورە دەبێ و هەموو ڕۆژێکیش، دەچین سەیری دەکەین.

حەمەد قایل بوو. چوون خستتانە حەوزەکەوە. بەدوایدا حەمەد لەسەر قەولەکەی خۆت، هەموو رۆژێك یەخەتی دەگرت و دەیبردیت بۆ سەیرکردنی. سەرنجت دەدا رۆژ لە دوای رۆژ، بەخۆدادێ و گەورە دەبێ و تۆش تابێت زیاتر هۆگری دەبیت و بەتەنگییەوە دێی. تا وای لێ هات ئینجا تۆ، یەخەی حەمەدت دەگرت کە بچن بۆ سەیرکردنی. ئەوسا بڕیاریشت دا هاوەڵی بۆ پەیدا بکەیت. هەر لەگەڵ حەمەددا پێکەوە چوون، سێ ماسییە پەنجە تووتەی ترتان گرت و هێناتانن کردتانن بە هاوەڵی.

ڕۆژ هات و رۆژ تێپەڕی . ماسی گەورە بوون. کەوتنە زاووزێ و زۆر بوون. لێیان تەلەف و لێیان پەڕەوازە بوون. بەدزییەوە لێشیان راوکرا و خورا. بەڵام ماسییە گەورە هەر مایەوە. خۆی مەیلی لەوە نەبوو، حەوزەکە جێ بێڵێ و روو لە چەم بکا. تۆ لەوە دڵنیابوویت و لەم رووەوە ترست نەبوو. لەوەش نەدەترسایت لەخۆیەوە تەلەف ببێ. دەتبینی بووەتە چ کەڵانتەرێکی ناو حەوزەکە و بەوەدا، لە تەمەنی درێژی بێباك بوویت تەنیا لە ترسی غەدری ئادەمیزاد، دڵت بۆی دەکەوتە غایلەوە. تەنانەت لەمەشدا تەواو دڵنیابوویت، کە شتی وەها قەت لە خەڵکی ئاوایی خۆیان ناوەشێتەوە. دەتزانی هەموو بەگەورە و بچووکەوە، وەك تۆ خۆشیان دەوێ و وەك تۆ، هۆگرین و هێندەی تۆش بەتەنگەوەن بمێنێ. ئا.. تاقە ترست لەوەبوو کە غەریبەیەك، لەوانەی رێیان دەکەوێتە ئاوایی و شەو لە مزگەوت بەسەر دەبەن، تەماع بیگرێ و دەستی تێی بچێ لەبەرئەوە

هەموو جار بەسۆفی رەحمانت دەوت:

– سۆفی دەستم دامێنت.. ئاگاداری بە.. لێی غافڵ مەبە.

بگرە جارەها رووی دەدا کە هەر لە خۆتەوە، بەرامبەر بەیەکێك لەوانە، دڵت ختوورەی دەکرد. خۆت پێ ڕانەدەگیرا. دەچوویت ئەو شەوەت لە مزگەوت بەسەر دەبرد.

ئای ماسییە گەورە!.. چارەنووست بە چی شکایەوە!. وای لێ هات؟!.. ها؟!.. وای لێ هات کە ئاوەها زایە ببیت؟!. کە بەم دەردە لەناوبچیت؟!. حەمەد.. وەرە بڕوانە.. وەرە سەیرکە.. حەمەد.. حەمەدەکە وەرە!..).

لە دەنگی خۆی راچەنی و بە ئاگا هاتەوە. هەڵسایە سەرپێ و چووەوە بەلای ماسییە گەورەوە. جەستەی ماسییە گەورە، بەگازی پشتدا سەرئاو کەوتبوو. بەدیارییەوە هەڵترووشکایەوە. هەردوو دەستی بۆ درێژکردن. وەك جەستەی مەلۆتکەیەکی پشتی خۆی بێ، لە ئاوەکەی دەرهێنا و بۆ جاری دووەم هەڵی سەنگاندەوە. بۆ جاری دووەمیش وتی:

– هێندەی پەنجەتووتەیەك بوویت.. پەنجەتووتەیەك!.

شەپۆلی خەمێکی قووڵ، لە ناخییەوە قوڵپی دا. هەستی کرد هەناسەی سوار دەبێ و دڵی دەگوشرێ.. پەنجە و دەست و مەچەکی شل دەبن و جەستەی ماسییە گەورە بەردەدەن. بینی بەردەبێتەوە ناو حەوزەکە. سەرنجی دا بە قووڵاییی ئاوەکەدا رۆدەچێتە خوارەوە و ئینجا وردە وردە هەڵدەکشێتەوە. سکە سپییەکەی دەکەوێتەوە، بەرتریفەی مانگەشەوەکە. پوولەکەکانی وەك وردە شووشە دەبریسکێنەوە.

– حەمەد.. بەرخەکەم.. وەرە ببینە.. وەرە بڕوانە!.

دوو دڵۆپ فرمێسکی قەتیس، بەری بینایییان لە چاوانی تەنی. دیمەنی جەستەی ماسییە گەورەیان، لێ لێڵ کرد. خۆی خستەوە سەرپێ. رووی وەرگێڕا و پشتی لە حەوزەکە کرد. چووە پێش هەیوانەکە. سەری هەڵبڕی و روانییە خڕۆڵکەی مانگ. دوو دڵۆپ فرمێسکەکە، بەری بینایییان هێشتا هەر لێ دەتەنی. دەستی راستی بەرز کردەوە. پشتی پەنجەی شایەتمانی، بە هەردوو چاویدا هێنا. ئەوسا بەری بینایی لێ ڕوون بووەوە. مانگ بەدەوری خۆیدا خەرمانەی دابوو. دیمەنێکی دڵگیری دەخستە پێش چاوی. ئەوە سووکە هەستێکی حەوانەوەی پێ دا. بەڵام زۆری نەخایاند و خێرا، چاوی لێ داگرتەوە. هەنگاوی نا و لە هەیوان بەدەرکەوت. بەلای دەستە چەپدا سووڕا

و بەرەوژوور هەنگاوی سەر خست. گەیشتە ئاستی کوختەکەڵکەکە و راوەستا. سەرێکی کێشایە ناوەوە. شۆڕەبییەکە بەسەریدا، بووبووە چەترێك و رووناکیی مانگەکەی، لێ قەدەخە دەکرد. ویستی وەرچەرخێ و بکەوێتەوە هەنگاونان و غەڵبەغەڵبێکی ناسکی کپ گیری دا. وای هاتە بەرگوێ، کە لە گونجەکەوە دێ. حەزی کرد حاڵی ببی و بەپەرۆشەوە، گوێی رادێرا. وردەوردە لەلای روون دەبووەوە. دەنگەکانی لێ ئاشکرا دەبوون..

(.. ئەوە مەنیج نییە؟!.. ها؟!.. بەرێ وەڵڵا خۆیەتی..

– مەنیج

– بەڵێ مامە.. فەرموو

– کوا؟!.. ها؟!.. وا لە ژوورەوە

– خەرامان.. هۆ خەرامان..

– بەڵێ باپیرە..

– بەرخەکانت.

– باشە باپیرە.. هەر ئێستا.

– مەنیج.. کچەکەم..

– ...

– مەنیج.. هۆ مەنیجە..).

ئەم جاریش لە دەنگی خۆی بە ئاگا هاتەوە. سەرێکی پڕ لە داخ و خەفەتی بادا. جەستەی بەرەوژوور بەکێش کردەوە. جەستەی هێشتا بەخۆوە بوو. شەست و شەش ساڵ و ماسوولکەکانی هێشتا توندوتۆڵییان تێدا ماوە. بەم بارەدا هەستی بەلاوازی و شەکەتبوون نەدەکرد. بگرە بەدڵ و دەروون، لەژێر باری گرانیاندا دەیناڵاند. گەیشتە ژێر داربەڕووەکە. لە ئاستی یەکێ لە تەلەبەردەکاندا، راوەستا و سەرنجێکی دایە. تا ئەو ساتە، نیازی لادانی لە دڵدا نەبوو. ئانوسات سەری لێ هەڵدا. کڵاشەکانی داکەندن و دانیشت. هەردوو قاچی درێژ کردن و رایهێشتنە ئاوەکەوە. کتوپڕ وای هەست کرد، کە تەزووی حەوانەوەیەکی تەلیسماوی، لە کەڵەموستی پێیەوە بە قاچ و پووزیدا،

بەرەوژوور هەڵدەکشێ و بەدەمارەکانی سەراپای لەشیدا، تەشەنە دەسێنێ، تا دەگاتە وردە دەمارەکانی هەردوو پێڵووی. ئینجا پێڵوو شل دەبن و بەسەر یەکتریدا دادەکشێن و چاو لە بینین دەخەن و.. بەهۆش پێدا دەچێتەوە.. (ئارام و ئۆقرەم لەبەر بڕابوو. تەواو تەنگەتاو بووبووم. جێم بەخۆم نەدەگرت. ڕۆژانی لەوەبەر هێجگار وانەبووم. ئەمڕۆ زەیفی لێ سەندم. کە لە خەو هەڵسام، وام هەست کرد کە سەری دنیام لێ هاتووەتەوە یەك. نەمدەزانی چی بڵێم.. چی بکەم.. کوێ بچم؟!. بێ پەروا بەناومالّدا، دەهاتم و دەچووم. لە ژوورەوە بۆ هەیوان. لە هەیوانەوە بۆ حەوشە. لە حەوشەوە بۆ ژوورەوە. جگەرەم بەجگەرە دادەگیرساند. نانی بەیانیم بۆ نەخورا. تەنیا یەك پیاڵە چام هەڵقوڕاند. ڕەشۆ پێمی زانی. ویستم خۆم هێمن بکەمەوە و نەمتوانی. ئاگام لێ بوو چوو مەنیجی ئاگەدار کرد. مەنیج حەمەد و خەرامانی ناردە گیانم. پێم خۆش نەبوو. وەڕس بووم و لە ماڵ بەدەرکەوتم. ڕەشۆ گەیشتە سەرم. لەبەر دەرگەکەدا گرتمی و وتی:

– بابە چ خێرتە؟!.

لەرەی دەنگی نائاسایی بوو. سەرنجم دایە. سەربەری دەردی گرانی دڵی خۆم، بۆ حاڵی ئەویش کسپە لە هەناوم هەڵسا. هەر ئەوە بوو نەدەگریا. وەڵامیم بۆ نەدرایەوە. لەسەری نەوەستام و بەخێرایی، هەنگاوم نا و دوورکەوتمەوە. ماوەیەکی زۆر سووڕامەوە. زۆر دۆست و ناسیاوم بەسەر کردنەوە. بۆ نیوەڕۆ گەڕامەوە ماڵەوە. ڕەشۆ و مەنیج، بەچەشنی حەمەد و خەرامان مامەڵەیان لەگەڵمدا دەکرد. تەقەلایان دەدا سەبووری بە دڵم بدەن. نانی نیوەڕۆشم بۆ نەخورا. بەدوامدا ڕەشۆ و مەنیجیش، دەستیان کێشایەوە. حەمەد لێمان بەئاگا هات. چاوێکی بەپرسیاری، بە ڕووی هەرسێکیماندا گێڕا و ئەویش، دەستی هەڵگرت. هات خۆی کوتایە باوەشمەوە و دەستی کردە ملم. دەمی نا بەڕوومەتمەوە و ماچی کردم. وتی:

– باپیرە بۆچی نانت نەخوارد؟.

پرسیارەکەی پەشۆکاندمی. بەڵام دانم بەخۆمدا گرت و وتم:

– بابە گیان برسیم نەبوو.

ئاگام لێ بوو ڕەشۆ، بەچاو هێمایەکی بۆ مەنیج کرد. مەنیج هات حەمەدی لە کۆڵ کردمەوە. خەرامانیشی برد و دەوریان چۆڵ کردم. ئەوسا ڕەشۆ دیسان لێمی پرسی:

– بابە گیان.. چ.. خێرتە؟.

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وەڵامی بدەمەوە و نەمبوو. تەنیا سەرنجێکی قووڵم دایە و ئیتر ئـەویش، هـیـچـی تـری نـەوت. هـەڵسا و جـێی هـێشتـم. مـامـەوە خـۆم و خـۆم.. خـۆم و ئاگردانی جگەرە بەدوای جگەرەدا و پیشخواردنەوەی دڵئاوسێن و مێشکتەقێن!. لە دەمەدەمی عەسردا، توانای خۆڕاگرتنم لەبەربڕا. ئەو کاتە رەشۆ لە ماڵ چووبووە دەر. مەنیج بە جلشتنەوە خەریك بوو. خەرامان بەدەوریدا دەخولایەوە. حەمەد لە کۆڵان یاری دەکرد و فرسەتم هێنا. راپەڕیمە سەرپێ و پشتێنم بەست. کلاشەکانم لە پێم هەڵکێشان. بەهێواشی لە ژوور بەدەرکەوتم. پێم نایە حەوشەو بەرەو دەرەوە هەنگاوم نا. حەوشە کەوتە پشتمەوە و دەنگی مەنیج بەگوێمدا چزا:

– مامە ئۆغر بێ؟!.

لەرەی دەنگی وەك ئەوەکەی بەیانیی رەشۆ بوو. هەر بەدەم رۆیشتنەوە، نیمچە ئاوڕێکم لێدایەوە و وتم:

– دەچم سەرێك لە سمایل دەدەم.

ئیتر هەر هێندەی کەمێك دوور کەوتمەوە، ملم پێوەنا. هەتا لە ئاوایی بەدەرهاتم، هیچ ئاوڕێکم نەدایەوە. هەنگاو لە دوای هەنگاو، بەئاشکرا هەستم بەخۆم دەکرد، کە بارە گرانەکە لەسەر شانم سووك دەبێ.. کە روو لەوە دەکەم بتوانم ئاسایی هەناسە بدەم. ئەوسا وچانێکم گرت. وەرچەرخام و هەڵم روانی. بەچاوی دڵ، حەمەد و خەرامان و رەشۆ و مەنیجم دەبینی. دڵم گوشرا و ترسی ئەوەم لێ نیشت، مۆتەکەکە چۆك دابداتەوە سەر سنگم. راچەنیم و تینم دایەوە بەرخۆم. وەرگەڕام و ملم پێوەنایەوە. گڕ و تینی لاوێتیم بەبەردا هاتبووەوە. وەك سوێسکە هەنگاوم دەنا. هاتم.. بەبێ هیچ پشوودانێك هاتم. رۆژم لێ ئاوابوو. دنیا تاریك داهات. مانگ هەڵهات و دنیای رووناك کردەوە. وەختێ ئەو گەیشتبووە سەرسنگی ئاسمان، منیش خۆم گەیاندبووە مەڵبەند. ئەملا و ئەولام نەدەکرد و یەکسەر بۆ مزگەوت.. بۆ سەر حەوزەکە و دیدەنیی ماسییە گەورە. بەڵام ماسییە گەورە.. داخ.. ماسییە گەورە کسپەی لە جەرگم هەڵساند. بریسکەی سنگ و سکە سپییەکەی، راستەوخۆ تێسکەی کردە ناو چاومەوە. ئەوەی لێی دەترسام دیم. ئەوەی جارەها لە خەودا دەمدی، بەڕاستی دیم. لێی نزیك بوومەوە. بۆی نیشتمە سەر چینچکان. هەردوو دەستم بۆ درێژ کردن. وەك جەستەی جگەر گۆشەیەکم، لە ئاوەکەم دەرهێنا. گرتم بەسەر دەستمەوە و بەسۆزی باوکێکەوە، ئەمدیو و ئەودیوم

پێ کرد. ماوەیەك پێیدا هەڵم ڕاونی. ئەوسا بەئەسپایی خستمەوە ئاوەکە. سەر گازی پشت و سنگ و سکە سپییەکەی لەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا، دایەوە بریسکە بریسك. دەمویست چاوی لێ لانەدەم و نەمتوانی. چاوم ماندوو بوو. بینابیم لێ کەلا خست و...».

کاتێ خۆی خستەوە سەرپێ، لە مانگ بەئاگا هات، کە بەدامێنی ئاسماندا داگەڕابووەوە خوارەوە، ڕووناکییەکی ڕاستەوخۆی، دەگەیاندە سەر کانیاوەکە. وەك ڕووی ئاوێنەیەك، ورشەی لێ هەڵدەستاند و دەیدا لەناو چاوی ئەو و وریای دەکردەوە. کلاشەکانی لە پێ کردنەوە. کەمێك راما و بەدەوری خۆیدا ورد بووەوە. ئەوسا هەنگاوی ناو ژێر داربەڕووەکەی جێ هێشت. بەرەوژوور کەوتە ڕێ. بەپاڵ جۆگەلەکەدا ڕۆیشت. بروسکوهووڕی دەیدا لە چاوی و بەشەوارەی دەخست. حەزی دەکرد ئەو چاوەی تێی دەبڕێ، بەسات لێی لانەدا و نەیدەتوانی.

گەیشتە شوێن مەقسەد. جووتە تاشەبەردی لێ دەرکەوتن. ڕاوەستا و ورد بووەوە. سەرنجی دانێ. دەتوت تەمەنێکە لێیان دوور کەوتووەتەوە و لەوپەڕی دنیاوە، بۆ بینینەوەیان هاتووەتەوە. گەشکەیەك دای لە هەناوی. زەردەخەنەیەك بەسەر لێوییەوە برووسکەی دا. چووە پێشترەوە. تەواوی دیمەنی کانییەکەی کەوتەوە بەرچاو.. دیمەنی کانییە ڕەحمانەکەی. بەدیارییەوە ڕاوەستاوە. هەردوو دەستی خستنە بەر پشتێنەکەی. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە. چاوی بڕییە دوورەقوڵپەکان، کە لە یەکبینا لەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا هەڵدەبڵووقانەوە. بەبینایی لە ئاگا کەوت. بەبیر و هۆش پێدا چووە...

(.. لە پێش تۆدا زۆر کەسی تر بەلایدا رابوون. بێ ئەوەی سەرنج و بیریانی بۆ بچێ. تەنانەت تۆ خۆشت، بەدرێژایی نۆزدە ساڵەکەی تەمەنت، سەدان جار بەلایدا تێپەڕیبوویت و خەیاڵت بۆی نەچووبوو. بەلام چ ئەوان چ تۆ، تا ئەو کاتە ناهەقتان نەبوو. تەنیا دوو گابەرد بوون بەتەنیشت یەکەوە و یەکی هەروا سێ چوار بستێکیان لێ بەدەرەوە بوو. تەڕاییەك گڵەکەی دەوروپشتی، لێ کردبوونە قوڕ و لیتەیەکی ڕەشداگەڕاو. قوڕ و لیتەکە بە قامیشەلانێکی چڕ داپۆشرابوو. قامیشەلانەکە ئەو سێ چوار بستەشیانی، لە چاوی ڕێبواری ئاسایی ون دەکردن. تۆ ئەو ئێوارەیە، وەك ڕێبوارێکی ئاسایی ڕانەبوردیت. دوو سێ دەزوولەی ئاودز، کە لە خوارووی قامیشەلانەکەوە بریسکەبریسکیان بوو، سەرنجتیان ڕاکێشا. هێزێکی نهێنییان لە

ناختدا بزواند و هانی دایت بچیت بەلایانەوە. پێت پەتی کردن و چوویت. چنگوپەنجەت تێنان. هەستت کرد لەوە دەچێ، کە بەری ئاوێکی پەنگخواردوو بەربدەیت. وازت لەوان هێنا و سەرکەوتیتە سەرەوە. هەڵت ڕوانی و وردبوویتەوە. هاتیتەوە خوارەوە و هەنگاوت نایە قامیشەڵانەکەوە. تا قولاپێت دەچەقییە قوڕ و لیتەکە. چوویت بەلای دوو گابەردەکەوە و دەستت لێ کوتان. بە قوڕ و لیتەکەدا قاچت بەپاڵیاندا ڕۆبردە خوارەوە. هێزە نهێنییەکە، گەرای نیازێکی لە دڵتدا دادەنا. هاتیتەوە دەرەوە. چوویت لەسەر بەرزاییەك دانیشتیت و کەوتیتە سەرنجدان و وردبوونەوە. نەگەیشتیتە ئەنجام بەجێت هێشت و ڕۆیشتیتە ماڵەوە. شەو خەو نەدەچووە چاوت. هەر دەتهێناو دەتبرد و بیرت لێ دەکردەوە. تا لە درەنگوەختێکدا بڕیارت دا و دڵنیا نووستیت. بۆ بەیانی لەگەڵ تاریکوڕووندا، لە خەو ڕاپەڕیت و ملت پێوەنا. بەربوویتە گیانی قامیشەڵان و پاکۆت دا. ئینجا پاچ و خاکەنازت، لە قوڕ و لیتە و گڵ و خۆڵ خستە کار. خەڵکی ئاوایی لەم کارەت سەرسام بوون و بەر لە هەموویان باوکت. کە خەبەری بیست هات بۆ لات. وتی:

– کوڕەکەم بەتەمای چیت؟!.

تۆ وتت:

– بابە.. شتێکە و لە دڵم گەڕا و تەقەلایەکە و دەیدەم.

ماوەیەك بەدیارتەوە دانیشت. بێئەوەی هیچ قسەیەکی تری تێدا بکا، جێی هێشتیت و تۆش بەردەوام بوویت. لە ڕۆژی یەکەمدا، جێ قامیشەڵانت بەبن گاشە بەردەکەدا، کردە چاڵە لیتەڵانێکی خەست. لە ڕۆژی دووەمدا، لیتەڵانێکی شل و خاو. لە ڕۆژی سێیەمدا، چۆڕاوگەی لێڵاوێکت بەرەوخوار لێ خستە ڕێ. چۆڕاوگەی لێڵاو ئاوایی خرۆشاند. کوڕگەڵ هاتن و لە دەورت خڕبوونەوە. باوکیشت هات و بەشانازییەوە، دەستی بەپشتتدا دا.

ئەو شەوە لە ئاواییدا، باس هەر باسی تۆ و کانییەکەی تۆ بوو. بۆ بەیانی کوڕگەلی ئاوایی، بڕیاری هەرەوەزییان بۆ دابوویت. هاتن پێ بەپێی تۆ، شانیان دایە بەری. لە دەمەدەمی عەسردا، قامیشەڵان بوو بە کانی.. بوو بەکانییە ڕەحمان. کوڕگەڵ خۆیان وەهایان ناو لێ نا. بەدەم پاچ و بێڵ وەشاندنەوە، ناویان بەکانییە ڕەحمان دەبرد. تۆش گەزگەز باڵات پێ دەکرد. لە خۆشییاندا هەر ئەوە بوو خۆت نەدەپڕووکاند.

دەتویست ساتێ زووتر کانییە ڕەحمانەکەت، بکەوێتە سەر هەوای خۆی و ئەم ئاوە روونە بێ گەردەی، بەرەو ئاوایی جۆگەلە ببەستێ.

ئای کانییە ڕەحمان ئای!.. مەگەر تەنیا خۆم و خۆت، بەنهێنییەکانی ئەو عشقە بزانن کە کەوتە نێوانمانەوە. مەگەر هەر خۆم و خۆت، لە هەموو کەینوبەینێکی ئاگەدار بین. خەڵکەکە تەنیا هێندەیان پێ دەزانی و دەوت، کە ڕەحمان عاشقی کانییە ڕەحمان بووە. دەیانبینیم هەموو ڕۆژێك، وەك عاشقێکی دێوانە دێمە دیدەنیت. بەدەورتدا دێم و دەستت پێدا دینم و بەدیارتەوە، بەچەشنی عاشقێك دادەنیشم. ئا.. خەڵکەکە تەنیا هێندەیان پێ دەزانی و بەوەدا، ناومیان بەڕەحمانی عاشقی کانییە ڕەحمان برد. بەڵام خۆم و خۆت  زۆر شتی تر پێ دەزانین. زۆر شتی تر کانییە ڕەحمانەکەم.. کانییە ڕەحمانەکەی خۆم).

مام ڕەحمانی پیری تەمەن شەست و شەش ساڵە، ئەم جاریش لە دەنگی خۆی وریا بووەوە. ڕووەو ئەڵقەی دەرووەقوڵپەکان، بەچۆکدا هاتبوو. بۆ کانییە ڕەحمانەکەی، چووبووە سوژدەیەکی عابیدانە. لەسەرخۆ بینایی لەوان لادا و سەرنجی بەرەوژووریان سەر خست. بەسۆزەوە بە بالآی، هەردوو تاشە بەردیدا هەڵڕوانی. تەزووی حەوانەوەیەکی تەلیسماوی، لە قووڵاییی ناخییەوە سەری لێ هەڵدا و بەسەرانسەری دڵ و دەروونیدا تەشەنەی سەند. هەستی کرد لەشی، خاوبوونەوەیەکی خۆش خاو دەبێتەوە و حەزی ڕاکشان لەسەر گازی پشت، تەوژمی بۆ دێنێ.

هەڵسا چووە سەر کەناری کانییەکەو بەشێنەیی دانیشت. کڵاشەکانی داکەندن و قاچی درێژ کردن. بە ئەسپایی خستنییە ئاوەکەوە و زۆریش لەسەرخۆ، پشتی نیشاندە سەر زەوییەکە و لێی ڕاکشا. پێڵووەکانی وردە وردە نیشتنە سەریەك. بەدوایدا وردەوردەش، داخزایە باوەشی شیرین خەوی، دوای ماندووبوونی سەفەرێکی سەختەوە.

١٩٧٨/١٢/١٣

## سەفەرێکی ئەفسووناوی

لە راستە شەقامەکە لایان دا. خۆیان بەکۆڵانەکەدا کرد. ئەم دوودڵ بوو. حەزی لێ نەبوو. دەبوو بچێ بەلای کاری خۆیەوە. زۆر لە دوورەوە بۆی هاتبوو. شەشسەد و پەنجا کیلۆمەتر ڕێگەی بۆ بڕیبوو. بەڵام ئەو نەیهێشت. وەك شەیتان چووبووە بن کلێشەیەوە. خۆی خرۆشابوو دەیویست ئەمیش بخرۆشێنێ. پێش ئەوەی بگەنە سەری کۆڵانەکە، لەگەڵ هەنگاو بەهەنگاودا دەیهێنا و دەیبرد. هانی دەدا و دەیهەژاند . تا وەختێ گەیشتن، بەناچاری بۆی شل بوو. بەنابەدڵییەوە خۆیان بەکۆڵانەکەدا کرد. ئەو پێی گەشکەدار بوو. وتی:

– سەفەرێکی ئەفسووناویت پێ دەکەم.

ئەم دەنگی نەکرد و دوای کەوت. وەك دەستەمۆ کرابێ. هەنگاو بەهەنگاو شوێنپێی هەڵگرت. لەگەڵیدا ڕێگەی سەفەرێکی ئەفسووناویی دەگرتە بەر!..

کەندڕێکە و خواروخێچ بەرەوخوار دەبێتەوە. کە پێی تێ دەنێی، دەبێ بەردەوام چاوێکت لە بەرپێی خۆت بێ، نەوەکو لە قۆقزییەك هەڵنووتێی، یا ڕەت بەریتە چاڵاییەکەوە. دەبێ چاوەکەی تریشت بەرز بڕوانێ، نەوەکو خۆت بەدیوارێکدا بدەیت و رۆبچیتە ئەودیو دەرگەیەکەوە. هەم کەندڕە و هەم کۆڵان!. بەڵام لەلای ئەم، کەندڕ نەبوو کۆڵان بوو. نەپێویستی بەوە هەبوو چاوێکی بڕوانێتە بەرپێ و نە ئەوی تریان بڕوانێتە بەرزایی. چونکە بە چاوی ئەو دەیبینی و دەیزانی، کە پێویستی پێی نییە..

[.. هەر دوای شەش حەوت هەنگاو، بەدەستەچەپدا وەرچەرخێم. کۆڵان خۆی وەرم دەچەرخێنێ. دەگەمە ئاستی. تەنەکەی خۆڵی بەردەرگەکە دێنم. قلْپی دەکەمەوە و دەچمە سەری. لە دەلاقەکەوە دەست درێژ دەکەم. کلۆمەکە لادەدەم. دەرگەکە دەکەمەوە و دەچمە ژوورەوە. ئامە لەبەر بەلووعەکەدا، قاپوقاجاغ دەشوا. کە دەمبینی بۆم پێ دەکەنێ و دەڵێ:

– ئافەرم.. ئەئاوا.. ئیتر بۆ دەبێ هەموو جارێ، من بێم دەرگەت لێ بکەمەوە؟. لەوەبەر کە دەچووم، لە دەرگەم دەدا و ئامە لێی دەکردمەوە. جارێکیان گەیشتە تینی و وتی:

– ئۆی.. خۆت دەستت شکاوە؟.

کە بەدەم تەریقبوونەوەوە وتم:

– ئاخر دەستم نایگاتێ.

هات تەنەکەی خۆڵەکەی قلْپ کردەوە. بۆمی دانا و وتی:

– سەرکەوە.

ئینجا دەرگەکەی داخستەوە و وتی:

– دەستت درێژکە.

دەستم درێژ کرد و دەرگەم کردەوە. لەو وەختەوە ئیتر کە دەچووم، لە دەرگەم نەدەدا. بەڵام ئێستا دەبێ لە دەرگە بدەم..].

ئەو وریای کردەوە. لێی پرسی:

– چی دەکەیت؟!.

ئەم دەتوت بەدەم خەوەوە وەرام دەداتەوە و وتی:

– لە دەرگە دەدەم.

ئەو وەك تێی بخورێ وتی:

– مەکە.. پێشم کەوە بابڕۆین.

بەقسەی کرد. پێشی کەوت و رۆیشتن..

[.. ماڵی وەستا حەمەکەریم.. ماڵی مام قادر.. ماڵی سالە سنەیی.. پێرار بوو. حەمەومینی کوڕیم لە بەغدا بینی. من نەمناسییەوە. ئەو دەستی پێش خست و وتی:

– شێوەت دەکەم.. لەوە دەچێ بتناسم.

سەرنجم لێ گیر کرد. بیری خۆمم هەڵگوشی و بێ سوود بوو. وتم:

– بمبەخشە.. جەنابت کێیت؟.

وەرامەکەم گومانی پێ پەیدا کرد. لەوەدابوو وازبێنێ و من وتم:

– ئەگەر راستت دەوێ. من زەینم بۆ ناسینەوە کوێرە.. لۆمەم مەکە.

ئەوسا وتی:

– من حەمەومینی کوڕی سالە سنەییم. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، کوڕی گەڕەکێکین. بگرە کوڕی کووچە و کۆڵانێکیشین.

حەمەومین.. مام ساڵح .. فەیمەخانی ژنی و سەباوی کچیان. دایکم چووە خوازبێنی سەباو بۆ کاکم دایکی وتبووی گوایە، باوکی بۆ کوڕە مامێکی داناوە. بەڵام دوایی لای دراوسێیەکمان وتبووی، کە کچەکەیان نادەن بە لەبرسامردوویەك. لەوەوە دایکم لەگەڵ دایکیدا و باوکم لەگەڵ باوکیدا، نێوانیان تێك چوو. تا ئەو ڕۆژەی گەڕەکمان جێ هێشت، ئیتر یەکتریان نەدواند. کاتێ لەسەر داوەتی ئەو، چووین دانیشتین و من ئەم باسەم بەبیری هێنایەوە، ئەو شان بەشانی من دای لە قاقای پێکەنین و وتی:

– چاکم دێتەوە یاد.. منیش دایکم هەموو جار، هەڕەشەی لێ دەکردم کە نابێ قسەت لەگەڵدا بکەم. دەموت باشە و قسەی خۆمان بێ، بڕیارم دەدا کە قسەت لەگەڵدا نەکەم. کەچی کە دەکەوتینەوە راکەڕاکەی یاریکردن، بەڵێنەکەم هەر لە بیریش نەدەما.

بەدرێژاییی ماوەی دانیشتنەکە، باسمان هەر لە باسی گەڕەك بوو. کاتێ لەبارەی دواهەواڵییەوە پرسیارم لێ کرد، دەرکەوت لە منی زیاتر لێ نازانێ و وتی:

– منیش ئەوە حەڤدە ساڵە، لەوێ و لە شاریش دابڕاوم. منیش هەروا بەیناوبەینێکی دوور، یەکێکی وەك تۆ بەرێککەوت دەبینم و من داوای دواهەواڵی لێ دەکەم.

کە لێم پرسی:

– بەدرێژاییی ئەو حەڤدە ساڵە، ڕێت تێی نەکەوتووەتەوە؟.

وتی:

– نەخێر.. بەداخەوە.

وتم:

– چۆنە دووقۆڵی، سەفەرێکی تایبەتیی بۆ بکەین و بۆی بچینەوە؟!. بەکۆڵانەکانیدا دەست بکەینە راکەڕاکە و لە کەلاوەکەی بەرماڵی خومساردا، تێر خۆمان بگەوزێنین؟.

وەك لە باسێکی زۆر گرینگ بدوێین و لەسەری ڕێك بکەوین، دەستی درێژ کرد و وتی:

– بێنە دەستت.. وەڵلاهی دێم و وەهاش دەکەم وەك وتت.

دەستم خستە ناو دەستییەوە و بەڵێنمان بەیەکتر دا. گەڕاینەوە ئوتێل و خەوتین. کەچی بۆ بەیانی کە لە خەو هەڵساین، هیچمان لە باسەکە نەدواینەوە و هەریەکەمان

چوو بەلای کاری خۆیەوە. بۆ نیوەڕۆش کە یەکترمان بینییەوە، هەر نەهێنرایەوە کایەوە. تا لە دەمەدەمی عەسردا، ئەو بانگ کرا بۆ سەر تەلەفۆن و کە هاتەوە وتی:

– من دەبێ بڕۆم.

بەپەلە جانتای پێچایەوە و ڕۆیشت. منیش ئیتر باسەکەم فەرامۆش کرد. تا ئەم بەیانییە شەیتانەکە، هاتە بن کلێشەمەوە و وتی:

– تۆ ساڵەهایە بە ئاواتی هەلێکی وەهاوەیت. تۆ پێرار لەگەڵ حەمەوەمیندا، ڕێککەوتیت کە سەفەرێکی تایبەتیی بۆ بکەیت. ئێستا ئەوە هەلەکەیەو بەئاسانی بۆت هەڵکەوتووە. لە دەست خۆتی مەدە.

چەندە ئیلحاحم کرد و وتم:

– ئاخر من بۆ کارێکی تر هاتووم.

ئەو وازی نەهێنا و وتی:

– فریای جێبەجێکردنی کارەکەشت دەکەویت. هەلێکەو بۆت هەڵکەوتووە. لە کیس خۆتی مەدە. بچۆ بەکۆڵانەکانیدا، بکەوەرەوە راکەڕاکە. یەکەیەکە لە دەرگەی ماڵەکان بدە. بێ ترس خۆت بەژووردا بکەو وەرەوە دەرەوە. دوا جار بچۆ خۆت لە خۆڵی، کەلاوەکەی بەرماڵی خومساردا بگەوزێنە. هەلێکە و هەڵکەوتووە و لە دەستی مەدە..].

ئەو وەختە منداڵێك، لە دەرگەی ماڵی سالە سنەییەوە هاتبووە دەرەوە. ماوەیەك بوو راوەستابوو سەیری دەکردن. کە لێی بە ئاگا هات، لەوەدابوو دەم هەڵبێنێتەوە و پرسیاری لێ بکا. ئەو بەپەلە وریای کردەوە و وتی:

– بڵێ بۆ ماڵی حاجی مەحمووی عەلاف دەگەڕێم.

ئەم وەهای نیاز نەبوو. بەڵام بەقسەی کرد. چۆنی راسپارد وەهای وت: منداڵەکە وتی:

– کەسێ لەم کۆڵانەدا بەو ناوەوە نییە.

ئەم لە دڵدا شڵەژابوو. سوپاسی منداڵەکەی کرد و کەوتەوە هەنگاونان. ئەو سەرزەنشتی کرد وتی:

– وا بڕۆیت تووشی گێچەڵمان دەکەیت.

ئەم وتی:

– تۆیت منت تووشی گێچەڵ کردووە. من وتم نایەم و بە زۆر بەکێشت کردم.

ئەم درێژەی پێ نەدا. دەیزانی راست دەکا. دوای کەوت و هەنگاوی نا..

[.. دەڵێی دەرووی توونێلێکە. جاران وا نەبوو. هەزار جاری پێدا هاتووم و چووم. بەڵام نا.. هەموو شت وەکو خۆیەتی. لەوە ناچێ پەنجەی تێوە درابێ. ئەوە ژوورە گەچکارییەکەی سەرەوەی، ماڵی سەمەد ئاغایە. تەنیا هێندەی لێ گۆڕاوە، کە ئەوسا دەتوت چوڕی شیرە و ئێستا بۆرودێز. رۆژانی دروستکردنیم چاك لە بیرە. ژوورێکی رێکوپێکی سپی وەك چوڕی شیر و پەنجەرەلی. چاکیش دێتەوە یادم کە بە باوکمم وت:

– بابە.. بۆچی تۆش ژوورێکی، سپی و پاکوتەمیزی وامان بۆ دروست ناکەیت؟!.

باوکم لە وەرامدا، تەنیا دەستێکی سۆزی وەهای بەسەرمدا هێنا، کە مەگەر ئێستا بتوانم ماناکەی لێك بدەمەوە. دەنا ئەو ساتە دڵتەنگی کردم. بگرە دوایی کە پرسیارەکەم لە دایکم دووبارە کردەوە، ئەو دەستەکەشی بەسەرمدا هێنا. ئیتر تەواو خەفەتبار بووم و هەموو جار کە دەگەیشتمە ئاستی، پرسیارەکە لە مێشکمدا دەژیایەوە. ئەرێ بەڕاست بۆچی؟!. ئاخۆ بەغیلیم پێ دەبردن؟!. حەزی چاولێکەری هانی دەدام؟!. لە دڵ و دەروون پیسیمەوە بوو؟!. من قەت لەو بابەتە نەبووم. نە لە منداڵیمدا و نە ئێستاش بەگەورەیی. نا نەوەڵڵا.. من خۆم دەناسم. بەڵام ژوورێکی رێکوپێك و جوان و سپی وەك چوڕی شیر بوو. هۆگری بووبووم و حەزم دەکرد، ئێمەش ژوورێکی وەهامان هەبووایە. ئەها سەیرکە ئێستاش چەند خۆشە. تەنیا گەچکارییەکەی دێز و بۆر بووە. دەنا..].

– چی دەکەیت؟.

– ها؟.. دەنا..

راوەستابوو بەژوورەکەیدا هەڵدەڕوانی و، سەرنجی لێ گیر کردبوو. سەرنجی لێ لادا و بینایی داگرتە خوارەوە. بەلای دەستەچەپیدا وەرچەرخا. دیوارێکی خواروخێچ و بڵند، بەرەوژوور هەڵکشابوو. دەگەیشتە ئاستی دەمی کۆڵانەکە و راست بەلای چەپدا لای دەدا. ژوورەکەی سەرەوەی ئەوبەر، سووچی دیوارە خواروخێچەکەی ئەمبەری، شێوەی دەرووە توونێڵەکەیان بەکۆڵانەکە دەدا. رۆیشتن. چوون بەودیودا. پێیان نایە سنوورەوە. سنووری ناوچەرگەی کەلاوەیەکە. کەس خاوەنی نییە و هەمووش خاوەنین..

[.. هێشتا وەك خۆیەتی. مەیدانێکی بەرین و چوارسەرە کۆڵان، ئەو وەختە پێنج بوون. ئاگەدارم پێنجەمیان چۆن کوژایەوە.. چۆن خڕ لێمان داخرا. ژمارەی هاتوچۆم بەو کۆڵانەدا، کەمتر نەبوو لەم کۆڵان. ئەوێ دەرگەی راستەوخۆمان بوو، بۆ سەرجادەی تازە. ئینجا لەوێشەوە، بۆ باخی گشتی و بۆ وەیس. هەروەکو لە شەڕە گەڕەکیشماندا، ئەوێمان دەکردە دەرگەی سەرەکیی قەڵا. دەرگە بریتی بوو لە تەنیا درزێکی، نێوان دوو سووچە دیوار. پانییەکەی لە مەترێك تێپەڕی نەدەکرد. بەودیویدا سەرجادە بوو. بەمدیویدا سووچێکی سێگۆشەی بۆشاییەکەش پڕکرایەوە. دیواری بەسەر مەیداندا تێدا بەرز کرایەوە. زۆرم پێ ناخۆش بوو. لە حەمە جەزام پرسی:

– ئەوە بۆچی وایان لێ کرد؟.

ئەویش هیچی لێ نەدەزانی. شانێکی بۆ هەڵتەکاندم و هیچی نەوت. کۆڵانەکانی تر وەك خۆیانن. ئەوەی بەرامبەرم، رێگەی هاتوچۆی رۆژانەی قوتابخانەم بوو. ئەوەی بە شاقووڵی لەگەڵیدا، لەسەری ئەوسەری مەیدانەکەوە لەیەك دەدەن، رێگەی هاتوچۆی ناوجەرگەی شارم بوو. لەوێوە دەگەیشتمە بەر ئاشەگواوی.. مەیدانی ماست فرۆشەکان.. مەیدانی کافرۆشەکان.. کووچەی خومخانەکان.. سەڕاج و مزگەرەکان.. لای حەوزەکەی بازاڕ و قەیسەریی وەسمان پاشا. تا کوڕی دایکم بووم، بەو کۆڵانەدا تا لای حەمامی سوورەت بەولاوە نەدەچووم. بەڵام کە بووم بەکوڕی باوکم، بەدیوی حەمامی سوورەتدا، هەڵدەکشامە سەر مەیدانی کافرۆشەکان و تا بەر ئەسحابە سپی بۆی دەرۆیشتم. بەدیوی ئاشەگواویشدا، تا بەردەرکی سەرام دەگەیاند. لە کاتێکدا ئەوەی لای دەستە چەپم، تەنیا کۆڵانی راکەڕاکەی رۆژانەم بوو. لەشێوەی کەوانەیەکدایە. ئەمسەری لە مەیدانەکە گیرە و ئەوسەری، لەو کۆڵانەی شاقووڵی دێتە ناو مەیدان.

هەموو وەك خۆیانن. هیچیان لێ نەگۆڕاوە. ئەوەتا دەیانبینم. ئەوەتا مەیدانی رمبازێنە دێرێنەکەشم دەبینم. بەڵام بۆچی وا چۆڵوهۆڵە؟. بۆچی وا کپ و خامۆشە؟. ها.. تۆ چی دەڵێی؟.

– من دەڵێم لە قوتابخانەن.. بڕوانە سەعاتەکەت.. ئێستا کات نۆ و نیوی بەیانییە.

– نەخێر.. ناڕوانمە سەعاتەکەم. ئێستا کات دەمەدەمی عەسرە و مەیدان جمەی دێ. هەموو ورووژاوین. ئێمە مووشین. بەگم– قرەیت– پاش بەگ– تیل کە– قرچ– گزییە–

هەلوکێن؟- نایکەم- مەیکە- سافسافێن- فیکانکۆ- خۆم یەکەم- فێڵت کرد- دیش کەم.. من نایکەم- چش- چاڵچاڵێن- بەگوێز؟- نا.. بەقەیسی- شیرین؟- شیرین- پێنجی بەگوێزێك- نا حەوت- باشە- تۆ- نا تۆ- نایکەم- هابگرە قەیسییەکانت و گوێزەکانم بدەرەوە- نایدەمەوە- شەڕە- بەعز- چەرخوفەلەك- پوور خومسار- شەقێکی لە کەشکەئەژنۆی ئەحە کەللە هەڵدا و لە جێی خۆی گرمۆڵەی کرد. دایکی ئەحە ئاگر بەربووە جگەری. بۆ پوور خومسار هاتە دەرەوە. دایکم بەری لێ گرت و نەیهێشت بچێتە بەر مەیدانی. لەگەڵ ژنانی تردا، کردیانەوە بە ماڵدا. کاکیشم دەستی دایە بنباڵی ئەحە و لەگەڵ حەمە سەلیم و دوو سێیەکی تردا، بەشەلەشەل کردیانە ژوورەوە. پوور خومسار چووەوە بەلای چەرخوفەلەکی خۆیەوە. ئێمەش چووینەوە بەلای راکەڕاکەی خۆمانەوە. کاکم دەبینم هاتووەتەوە دەرەوە. لەبەر دەرگەکەدا راوەستاوە. بانگم لێ دەکا و دەڵێ وەرەوە. دەڵێ بەسە وەرە نانەکەت بخۆ. دەبێ بەقسەی بکەم. راستیش دەکا و برسیمە.. دەڕۆمەوە..

- نیازی چیت هەیە؟.

- دەڕۆمەوە.. دەچم نانەکەم دەخۆم و دێمەوە.

- رۆیشتنەوەی چی و نانخواردنی چی؟.. هۆشت بەخۆتەوە بێ].

راوەستا. سێ چوار هەنگاوی مابوو بیگاتێ. سەرنجێکی خێرای دایە دەورو پشتی. کەسی نەدی. روانییەوە پێش دەمی.. چاوی بەسەر دەرگەکەدا روا..

[.. ئەمیش هێشتا وەك خۆیەتی. بەڵام زۆر زیاتر لە جاران، پەرپووتیی پێوە دیارە. جاران هێجگار وا خواروخێچ نەبوو. هێجگار وەهاش گرنج گرنج و دێز دانەگەڕابوو. ئەی ئەودیوی؟. هیچ گۆڕانێکی تێدا نابینم. ئا.. حەوشەیەکی بچووکی خواروخێچ. بەدەستەچەپدا هەیوانێکە. هەیوان پشت هەیوان و کەلەگییەکی لەسەرە. لە بنەوەی کەلەگییەکەدا گەنجینەیەکە. بەرامبەر هەیوانەکە، هەیوانێکی تری بەربەرەڵایە. سەرتەنوورە.. چێشتخانەیە.. حەمامە.. ئاودەستە.. بێ ئەوەی هیچ تەیمانێکیان لە نێوانیدا هەبێ. تەنیا ئاودەستەکە نەبێ، کە تەنیشتێکی بەجنفاس گیراوە. دەمەدەمی عەسرێکە. لە دەوامی دوای نیوەڕوانی قوتابخانە گەڕاومەتەوە. من پەلەمە. بەپرتاو خۆم بەماڵدا دەکەم و بەفڕکان دەچمە ژوورەوە. کتێبەکانم دەخەمە ناو تاقەکەی خۆمەوە و دەردەپەڕمەوە دەرەوە. دایکم بەگیرم دێنی. بە ناچاری ملی بۆ دەدەم.

دەمباتە سەر تەنوورەکە. ئەو ڕۆژە نان کراوە و تەنوور هێشتا پڕ لە ژیلەمۆیە. پارچە لە دوای پارچە، جلەکانم دادەکەندم. دایکم یەکەیەکە، دایان دەوەشێنێتە تەنوورەکەوە. چەند قرچەیەکم دێنێتە بەرگوێ. پێیان خۆشحاڵ دەبم. چونکە بۆ ڕۆژی دوایی، بەدڵنیاییەوە بۆ قوتابخانە دەچم. ترسی شیروانم لە دڵدا نامێنێ. تا مردن لە بیرم ناچێتەوە. من ئاگا و خەبەرم لە هیچ نەبوو. کپ و خامۆش و بە دڵ و دەروون، گوێم بۆ مامۆستا رایەڵ کردبوو. ئەو لەناکاوێکدا هاواری کرد:

– ئای مامۆستا.. ئەها .. ئەسپێ..

کە لێی بەئاگا هاتم و سەیرم کرد، بینیم پەنجەی بۆ یەخەی کراسەکەی من درێژ کردووە. من لەو ساتەدا حەزم کرد، ببم بەدڵۆپێك ئاو و بەناخی زەویدا بچمە خوارەوە. کەچی مامۆستا شێخ عەبدوڵا، کە تامردن ئەویشم لە بیر ناچێتەوە، زۆر لەسەرخۆ هات بەلامەوە. ڕوانیم بەئەنقەست، شیروان کەلا دەخا و خۆی بەلای مندا دەنوشتێنێتەوە. هەستم کرد بە هەردوو پەنجەی ڕاستی، ئەسپێکە دەگرێ و حەشاری دەدا. بەدەمیشییەوە لەگەڵ ڕاستبوونەوەیدا، دەستی چەپی بەسەروملمدا دێنێ و بە شیروانیش دەڵێ:

– کوڕم ئەوە مێشوولە بوو نەك ئەسپێ.

من ئەگەرچی لەوەبەریش، مامۆستا شێخ عەبدوڵام زۆر خۆش دەویست و لەناو مامۆستاکاندا دەستەگوڵم بوو، بەڵام لەو ڕۆژەوە لەلام بووە مرۆڤێکی پیرۆز. بۆیە کاتێك ڕۆژێکیان لە ناکاو دیارنەما و بیستم گیراوە، بەدزییەوە چووم لە پەنایەکی حەوشەی قوتابخانەدا، بەکوڵ بۆی گریام. بەڵام خۆزگە..

– ئاگەدار بە.. ئەوە سێیەم ڕێبوارە بەلاتدا ڕەت دەبێ و بە سەرسوڕمانەوە تێت دەڕوانێ.. بجووڵێ..].

ئەو ساتە هێشتا، ڕووەو دەرگەکە بووبووە بت. کە لە خۆی بەئاگا هاتەوە پەشۆکا. سەیرێکی ئەملاوئەولای کرد.. ڕێبوارێك کە چەند هەنگاوێك لێی ڕەت بووبوو، هەر دەڕۆیشت و ئاوڕی لێ دەدایەوە. ئافرەتێکیشی بینی، هاتووەتە بەردەرگە و بە سەرسامییەوە، سەرنجی دەداتێ. خۆی لێ گێل کرد و لەسەرخۆ، بەلای چەپدا وەرچەرخا و کەوتەوە هەنگاونان. دەرگە و مەیدان کەوتنە پشتییەوە. دەمی کۆڵانێکی بەرین دەیگرتە خۆ.. دەمی ئەو کۆڵانەی بەرەو ناوجەرگەی شاری دەبرد. دواي سێ

چوار هەنگاوێك، ئەو پێی وت:

– ئافرەتەکە چوو خۆی کرد بەماڵی ئێوەدا.

ئەم وتی:

– دەزانم..

[.. دەچێتە ژوورەوە. دایکم دەبینێ لە هەیوانەکەدا، بەدیار لەیلێی خوشکمەوە، زۆر بەکەساسییەوە دانیشتووە. لەیلێ چوار قامیشە و راکشاوە. بەئاستەم نووزەی لێوە دێ. لە ڕێوە لە دایکم دەپرسێ:

– لەیلێ چۆنە؟!.

دایکم بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە، وەرامی دەداتەوە:

– ئەوەتا دەیبینیت.

من ئانوساتە لە قوتابخانە گەڕاومەتەوە. لە ژوورەوەم و کتێبەکانم، خستوونەتە تاقەکەمەوە. بەدوای ئەو قسانەدا، کپە گریانێکی دایکم دێتە بەرگوێ. هەست دەکەم کپە گریانەکەی ئەو، گەرووی منیش دێنێتە سوێ. دەزانم لەیلێ ئەوە مانگ و نیوێکە، لە جێگەدا کەوتووە. بەڵام ئەوە یەکەم جارە، گریانی لە دایکم بۆ دەبیستم. لە ژوور دێمە دەر و، لە هەیوانەکەدا دەوەستم. دەبینم دایکم سەری خستووەتە کۆشییەوە و دەکڕووزێتەوە. دەڕوانمە پوورە خەیری. فرمێسك چۆڕاوگەی بەستووەتە چاوی. سەیری لەیلێ دەکەم و سەرنجی دەدەمێ. خەریکم بدەمە پڕمەی گریان و لە ناکاوێکدا، هەڵدەبلۆوقێمەوە و رادەکەمە دەرەوە. لەگەڵیدا لووتم دەبێ بەلووتی رەوە ژنێکەوە. ئەوان خۆیان بەژووردا دەکەن و من، خۆم دەگەیەنمە ناو کۆڕی ئاسایی یاریکردنی ئێوارانەوە. کاتێ دەگەڕێمەوە، قەڵەباڵغییەك دەبینم. نازانم مەسەلە چییە. تەنیا هێندە تێ دەگەم، کە دایکم بەکۆڵتر دەگری و ژنان دەوریان داوە. باوکیشم دەبینم کشوماتە. سێ چوار پیاو لێی کۆبوونەتەوە و بێدەنگ دانیشتوون. خوشکە بچکۆلەکەم وەك تەواو بێ خەبەر بێ، حۆلحۆل بەماڵەکەدا دەسووڕێتەوە. من نازانم چی بکەم و دۆش دادەمێنم. لە قوڕنەیەکی حەوشەکەدا دادەنیشم و خۆم کزۆڵە دەکەم. لەپڕ زریکەو هاواری دایکمم دێتە بەرگوێ و بەدوایدا قیژە و هاواری ژنان. ئینجا دەبینم باوکم و کاکم و پیاوەکان، رادەپەڕنە سەرپێ. دەشڵەژێن و بەیەکدا دێن. خوشکە بچکۆلەکەم هێشتا، هەر حۆڵحۆل دەسووڕێتەوە. بەڵام ئێستا بەکۆڵ دەگری. باوکم و کاکیشم،

یەکی دەستەسڕێکیان بە چاوەوە گرتووە و بەبێدەنگ دەگرین. ئێستا منیش زیرەی گریانم، گوێ کەڕ دەکا. ناو حەوشەکە تەواو قەڵەباڵغ بووە. باجی ئەجێ دەبینم، پەلی خوشکەکەمی گرتووە و بۆ لای من دێ. کە دەگاتە ئاستم، پەلی منیش دەگرێ و لە ماڵ دەمانباتە دەرەوە. دەمانکا بەماڵی خۆیاندا، بەنەزیری کچیمان دەسپێرێ. نەزیریش دەگری. دەستەخوشکی لەیلێیە..

– ئەوەتا ئافرەتەکە، لەگەڵ پیرێژنێك و لاوێکی هەرزەکاردا، هاتوونەتە بەر دەرگەکە و تێت ورد دەبنەوە!].

ئەو ئەم ئاگەدارییەی دایە. کەچی ئەم تەنیا ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و هیچ وەرامێکی نەبوو..

[.. شەوان کە لەیلێ دەچوو بۆ لای نەزیر، منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. ئەوان خەریکی کڵاودروونی خۆیان دەبوون و منیش، لەگەڵ حەمەجەزادا تا سەعیمان دەکرد سەعی و ئینجا کە باوکی دەهاتەوە هەمووومان بەدەوریدا، بۆ گوێگرتن لە پاشماوەی هەقایەتەکەی شەوی پێشوو، یا بەشی یەکەم لە هەقایەتێکی تازەی دادەنیشتن.

خاڵە مەجی!.. دیمەنی سەروسیمای هەر کەسێکم، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار لە بیر بچێتەوە، هیی ئەو هەرگیز نا. دوو برۆی زۆر رەش و زۆر چڕ و لە شێوەی ژمارە چوارێکدا، لەسەربەری ئاسۆیی چەسپێنرابێتە دامێنێ ناوچەوانییەوە. دوو چاوی گەورەی زەق لە نێوانیاندا. چوار چرچی ئەستوور بەسەررووویانەوە. دوو لێوی هەڵتۆقیو و چەناگەیەکی پان. لووتێکی قنج و لە نێوان، دوو رووومەتی گووپندا هەڵواسرابێ. ئینجا ئەمانە هەموو، بەسەرێکی قژنەوە بن و سەرەکە، بەسەر ملێکی کورتەوە ڕاگیر کرابێ و ملەکەش، داکوترابێتە نێوان دوو شانی پانەوە. ئا.. دیمەنەکە لە بەرچاو، سامناك و ترسێنەر بوو .. دیمەنی پیاوکوژێکی دڵڕەقی جەربەزە!. بەڵێ.. بۆ ئەو کەسەی لە نزیکەوە نەیناسیایە و یەکەم جاری بووایە ببیینێ، بێ سێ و دوو وەهای تێ دەگەیشت. بگرە ئەو خۆیشی لە ئەنجامیدا، تووشی زۆر کارەساتی پڕ سەیروسەمەرە بووبوو. خۆی باسی نەدەکردن. خەڵکەکە دەیانگێڕایەوە. منیش لە باوکم و کاکم دەبیستن. یا لە دایکم و دایکی حەمەجەزا، کە لە قسە و باسیاندا دەیانهێنایە کایەوە. بەڵام من سەرم لێیان سوڕ دەما. لە دڵدا دەموت: کوا وایە؟!. من خاڵە مەجیم وەکو خۆم و حەمەجەزا دەبینی. برادەرمان بوو. وەك لە تەمەنی خۆماندابێ وەها بوو.

جیاوازیمان تەنیا هێندە بوو، کە ئەو لە ئێمە زیرەکتر و قسەزانتر و دنیادیدەتر بوو. هەقایەتی خۆشخۆشی زۆر دەزانی. هەر کە پێی دەنایە ماڵەوە، ئێمە شاگەشکە دەبووین. خێرا دەفتەر و کتێبمان دەپێچانەوە و دەکەوتینە دەوروخولدانی. تا ئەو ساتەی دەهات دادەنیشت، بەدوایەوە دەبووین و ئەوسا، ئەملا و ئەولامان لێ دەگرت. بەدواماندا نەزیر و لەیلێ، بەخۆیان و کڵاوەکانی بەردەستیانەوە، دەهاتن و هەموو دەورمان دەدا. ئینجا ئەو دوای خواردنەوەی چایەك، یا خواردنی تۆزە میوە یا کەمەکێ مێوژو گوێز، رووی تێ دەکردین و دەیپرسی:

– ئادەی بزانم دەزانن، دوێنێ لە کوێدا کۆتاییمان پێ هێنا؟.

ئێمەش خێرا وەرامەمان دەدایەوە. قەت لێمان تێك نەدەچوو. ئەوسا بەدەنگێکی فریشتەیی و بەهەست و نەست و سۆزی فریشتەیەکەوە، دەکەوتەوە گێڕانەوەی پاشماوەی هەقایەتەکە و ئێمەش، بۆی کڕوکاس دەبووین. ئای خاڵە مەجی!.. من پێرارەکە هەواڵی مردنەکەتم بیست. ئەو کاتە شەش ساڵ بوو، تۆ ئەم دنیای فانییەت جێ هێشتبوو. حەمەجەزا پێی ڕاگەیاندم و ئەویشم، بەڕێکەوتێکی سەیر بینی. بۆ ئیشێکی فەرمانگەکەم، رێم کەوتە دیوانی وەزارەت. بەڕاڕەوی بەردەمی بەشی بەڕێوەبردندا هاتوچۆم دەکرد، کاتێ رووبەڕووم بووەوە. هەر لە دوورەوە شێوەیم کرد و بەڵام دوودڵ بووم. شازدە ساڵی رەبەق بوو، یەکترمان نەدیبوو. دەرکەوت بیری ئەو لە من تیژتر بوو. هەر هێندەی بینیمی، باوەشی بۆ کردمەوە. ئینجا منیش دڵنیابووم کە خۆیەتی. یەکەم پرسیارم لەبارەی باوکییەوە بوو کە وتم:

– لە چیدایە؟!.

ئەو زۆر ئاسایی وتی:

– شەش ساڵە فەرمایشتی خوای بەجێ هێناوە.

مـن بەدەروون شڵەژام. دەتوت هەواڵی مردنی، کەسێکی زۆر نزیك و زۆر خۆشەویستمم پێ ڕاگەیەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا وتم:

– زۆر بەداخەوە.. ئێستا لە تۆی دەبیستم.

حەمەجەزا باسەکەی لەلا کۆن بووبوو. دیسان ئاسایی وتی:

– ئەوە چارەنووسی هەموانە.

بەڵام من..

– راوەستانەکەت سەرسامی کردوون. گومانت لێ دەکەم.. بەسە و بکەوەرەوە رێ].

ئەو وەهای ئاگەدار کردەوە. ئەم پێی پەست بوو، وتی:

– باشە.. باشە.. تۆ خەریکیت ناخۆشی دەکەیت.

ئەو وتی:

– من بۆ خۆتمە. تۆ بڕوانە.. ئەوەتا پیرەمێردێکیش، هاتووەتە بەردەرگەکە.

راوەستاوە و سەرنجت دەداتێ. فەرموو ئەوەتا لە ماڵی خاڵە مەجیشەوە، دوو منداڵ هاتوونەتە دەرەوە و تێت ورد دەبنەوە.

ئەم هێشتا تووڕە بوو وتی:

– بۆ خۆمت نەبێ. من چ کردەوەیەکی ناشیرین دەکەم؟. گەڕەکی خۆمە و بەسەری دەکەمەوە.

ئەو لەسەرخۆ وتی:

– من ئەوە دەزانم. بەڵام ئەوان نایزانن. دەفەرموو.. من وا هەست دەکەم، کوڕە لاوەکە لێوت لێ دەکرۆژێ. ئەوە دوو منداڵەکەش چوون، دایکیان هێناوەتە بەردەرگە. ئابڵووقە دراویت. چۆنی لێ دەردەچیت؟!. چ وەرامێك دەدەیتەوە؟.

ئەم پەستی و تووڕەیییەکەی نیشتەوە و شڵەژا. ویستی هەنگاو بنێ و بکەوێتەوە ڕێ و هەستی کرد کار لە کار ترازاوە. لە جێی خۆی چەقی...

[.. دەچم بەفڕکان خۆم بەماڵدا دەکەم. هەموو لەشم نیشتووەتە سەر ئارەق. دەچم دەم بە بەلووعەی حەوشەوە دەنێم. تێرتێر ئاو دەخۆمەوە. دایکم و لەیلێ لە هەیوان دانیشتوون. بەلایاندا قەڵەمبازد دەدەم و دەچمە دەرەوە. هەڵماتەکانم لە تاقەکەدان. لە کیسەیەکی خامدا و لەژێر کتێبەکانمدا حەشارم داون. پڕی پێدا دەکەم و دەیخەمە گیرفانمەوە. بەلایاندا قەڵەمبازد دەدەمەوە و دەردەفرتێمە دەرەوە. دێتە بەرگوێم دایکم هاوارم لێ دەکا. تێ ناگەم چی دەڵێ و چیی لێم دەوێ. بەپرتاو لە دەرگەی حەوشە بەدەردەکەوم. نەنە عەتێ و حەمیدەخان، هاتوون بۆ لای دایکم بچن. خۆم بەبەر ورگی نەنە عەتێدا دەدەم. بەگازی پشتدا دەکەوێ و دەبووڕێتەوە. حەمیدەخان دەیکاتە هاتوهاوار. دایکم و لەیلێ بەدەنگەوە دێن. دراوسێکانیش بەدوایاندا و من هەڵدێم...

* هاوینە و چیغ و سەربان.. من و کاکم و لەیلێ لەم چیغدا دەنووین و، باوکم و دایکم و نەسرینی خوشکە بچووکمان لەو چیغدا. بەیانییە. هەموو لە خەو هەڵساون و چوونەتە خوارەوە. منیش تازە خەبەرم بووەتەوە و چاوم هەڵهێناوە. دەبینم کاکم باوەشی بەنەزیرەدا کردووە و ماچی دەکا. من خێرا چاو دەنووقێنمەوە. نابینم و نابیستم. دەنگیان زۆر نزمە و نازانم چی دەڵێن. نازانم باسی چی دەکەن. وا هەست دەکەم کە نەزیر توورەیە. چاو دەکەمەوە بزانم چییە و دەبینم، نەزیر دەیەوێ بڕوا و کاکم نایەڵێ. چاوم نووقاندووە. تەپەتەپی پێی نەزیرم دێتە بەرگوێ دەڕوا. ئەوسا خۆم دەبزوێنم و هەندێ جووڵە دەکەم. دەڵێم با کاکم نەزانێ کە لێی بەئاگا بووم. خۆم وا نیشان دەدەم کە ئانوساتە خەبەرم بووەتەوە. کەچی ئەو هەر لە بنەڕەتەوە لێم بێ ئاگایە. دەڕوانم هەڵساوەتە سەرپێ و لەگەڵ چیغەکەی ماڵی نەزیردا فەلەمە دەکا.

* زستانێکی سارد و تووشە. بەفرێکی زۆر باریوە. باوکم بیست و پێنج ڕۆژە، لە جێگەدا کەوتووە. کاکم بێ ئیشە. لەیلێ لەژێر خاکدایە. نەسرین لە کلاو دروونەکەدا، جێگەی گرتووەتەوە. دایکم دوو برالەیەکی بەبەر مەمکانەوەیە. زستانێکە و یادی لە دڵ و لە قووڵایی بیر و هۆشدا، هێجگار سارد و تووشترە.. هێجگار سەخت و ستەمترە. باوك بەردەوام دەناڵێنێ.. دووسەرە دەناڵێنێ. کاك بەردەوام دەڵێی، خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە. نەسرین ڕۆژی دە جار، دڵۆپە خوێنی ئاڵ، لە نووکی پەنجە گەورە و پەنجەی شایەتمانی دەستی چەپییەوە، هەڵدەقوڵێ و ناڵێ ئۆف. جووتە کۆرپە بەردەوام دەکرووزێنەوە. دایکم بەگریانێکی کپ، بۆیانی دەسێنێتەوە. منیش .. ئای زستانە ساردە تووشەکە!.. منیش بە کەساسییەکی دڵپڕوێنەوە، هێشتا هەر بەیانییان لە خەو هەڵدەستم. پاکپاك دەست و دەموچاوم دەشۆم. سەرم دادێنم و قژم ڕێك دەخەم. سەیری پشتی دەستم و نینۆکەکانم دەکەم و دڵنیا دەبم. پارچە متیلە سپییەکەم لە گیرفاندایە. پاك و تەمیز و سپییە وەك چوڕی شیر. دەچم بەلای تاقەکەمەوە. سەرنج لە خشتەی دەرسەکان گیر دەکەم، کە بەسرێش بەدیواری تاقەکەوەم هەڵواسیوە. پەنجەی دەخەمە سەر. یەکەیەکە کتێبەکان و دەفتەرەکانیان جیا دەکەمەوە. قەڵەم و قەڵەمدادان و لاستیکی خەتکوژانەوەکەش. لەولاوە دایان دەنێم. دایکیشم بەرامبەر چاو وشکەنانە ڕۆژانەکە دانیشتووە. هیچ ناڵێ و ورتەی لە دەم دەرنایە. پیاڵەیەك چام بۆ تێ دەکا و دەمداتێ. من بەتام و کامەوە پاروو

دەگلێنم. ئەو بەچاوێکی پڕ لە پەژارە و خەفەتەوە، تێم دەڕوانی و هیچ نالێ. ورتەی لە دەم دەرنایە. من هەڵدەستم و دەچمەوە بەلای کتێبەکانمەوە. دەیانخەمە ناو جانتا تەنەکەکەمەوە. دەیخەمە بندەستم و بەرەو کۆڵانی، پڕ لە بەفری تا سەرئەژنۆ هەنگاو دەنێم.

* لە ناکاوێکدا کاکم لەگەڵ باوکمدا، لێیان بوو بەشەڕی مەغلووبە. بەدوایدا کاکم لە ماڵ چووە دەرەوە و هاتنەوەی نەبوو. بۆ ماوەی دوو مانگ، کەس نەیزانی کوێ چووە و لە کوێیە! . تەنیا زانرا کە لە شاردا نەماوە. چونکە ماڵە خزم و کەسوکار و ناسیاو نەما، بۆی نەگەڕێن و بێ سوود بوو. سەروسۆراخی دیار نەما. ئەوسا جەنگی مەغلووبەکە، کەوتە نێوان دایکم و باوکمەوە. ئەو رۆژانە ماڵەوەمان، لێ بووبوو بە دۆزەخ. دایکم تۆرا. هاتەوە و تۆرایەوە هاتەوە. باوکم لە نێوان دوو ئاگردا دەسووتا. تا ئاگری جگەر بەسەریدا زاڵ بوو. چوو بۆ پێنجوێن و قەڵادزێ و رانییە و قەراخ و هەر بێ سوود بوو. کەساسی و پەژارەیەکی سەخت روویان تێ کرد.. خەو و خۆراکی لەبەر هەڵگیرا. لەولاشەوە دایکم، بەردەوام دەیبوغزاند و نەیدەدواند. بەردەوامیش بۆ خۆی، دەکڕووزایەوە و دەیلاواندەوە. تا رۆژێکیان پوورم بەهەڵەداوان پەیدا بوو. هەر لە ڕێوە بەدایکمی وت:

– مژدە.. مژدە..

دایکم راپەڕییە سەرپێ و زمانی لاڵ بوو. پوورم خێرا وتی:

– لە کەرکووکە.

دایکم هێندەی بڵێی یەك و دوو ، خۆی پێچایەوە. پەلی منی گرت و دوای خۆی خستم. سواری پاسێکی تەختە بووین. دەمەدەمی عەسر گەیشتین و راستەوخۆ، لەبەر ماڵەکە دابەزین. دایکم وەك شێت خۆی بەماڵدا کرد. سەلامی نەکرد و حاڵوئەحواڵی خێزانەکەی نەپرسی. تەنیا پەیتا پەیتا دەیوت:

– کوا؟!.. کوا؟!..

پیرەژنێك و ژنێکی سەرە هاتن بەدەنگەوە. حەپەسابوون. رەوەیەك منداڵی سەرسوڕماویش دەوریان داین. دیم پیرەژنەکە باوەشی بەدایکمدا کرد و ئەملا و ئەولای ماچ کردو ژنە سەرەکەش. کەچی دیم دایکم هەر بەپەرۆشەوە دەڵێ:

– کوا؟!.. کوا؟!..

گوێم لێ بوو دایکم سەرلەنوێ، بەوپەڕی پەرێشانییەوە وتی:

– کوڕەکەم.. کوا کوڕەکەم؟!.

گوێم لێ بوو پیرەژن، وەك لە نهێنیی باسەکە تێگەیشتبێ، خێرا وتی:

– لە دووکانە.. لە دووکان.. لەسەر هاتنەوەن.

ئەوسا دایکم بەلادا هات و بوورایەوە. پیرەژنەکە بۆی دانیشت و سەری خستە کۆشی خۆیەوە. ژنە سەرەکە چوو، پارچە پەڕۆیەکی هێنا. سووتاندی و لە لووتی نزیك کردەوە. دایکم بە ئاگا هاتەوە و ئانوسات، کاکم پەیدا بوو. یەکەم جار منی بینی و حەپەسا. دوا جار کە دایکمی بینی، راچەنی و بەرەوڕووی رای کرد. باوەشی پێدا کرد و بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە وتی:

– دایکە!..

دایکە سەرلەنوێ بوورایەوە و سەرلەنوێ، بەبۆنسۆ بەئاگا هێنرایەوە. ئەم جارەیان وردەوردە، تا دەهات دەبووژایەوە. تا دەهاتیش دەگەشایەوە و رووی لە خنانەوە دەکرد. بۆ بەیانی بەرێوە بووین بچین، سواری پاسە تەختەکە ببینەوە و بەرەو شار بگەڕێینەوە، کاکم لەبەر دووکانێکدا رای گرتین و بەمنی وت:

– کام جانتات بۆ کتێبەکانت پێ جوانە، تا بۆتی بکرم؟!.

* رۆژی عارفەیە.. هەموو شتێکم تەواوە. تەنیا لە پێلاوم کەمە. باوکم بەدایکمی وت:

– پێلاوەکانی زۆر شڕ نین.. نییە.. ببوایە بۆم دەکڕی.

پێلاوەکانم شڕ نەبوون، بەڵام کۆن بوون. لە قسەکەی باوکم زۆر دڵتەنگ بووم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچم نەوت. چووم لەولاوە بەکزۆڵەیی دانیشتم. باوکم رۆیشتە دەرەوە. دایکم هات بەلامەوە. ماچی کردم و وتی:

– دڵگران مەبە.. خۆت دەزانیت، ئەگەر لە توانایدا هەبووایە بۆتی دەکڕی.

کاکم بەسەردا هاتەوە. کە پێی زانی، دەستی بەگیرفانیدا کرد و هەرچییەکی پێ بوو دەری هێنا. ژماردی و وتی:

– تێیدا دەبێ و بەشی خۆشمی لێ دەمێنێتەوە. هەڵسە بابرۆین بۆ بازاڕ.

* جەژنە.. خاڵە مەجی بەیانی زوو هات و پەنجا فلسی دامێ. باوکیشم دوو پەنجایی. ئەی نەچم سەرێکی ماڵی پوورم بدەم؟!. چووم و دەستیانم ماچ کرد مامە سالەش

پەنجاییيەكی دامێ و گەڕامەوە ماڵەوە. چوار پەنجاییم پێیە. لەگەڵ حەمەجەزادا دەچین، سواری عارەبانە دەبین. دەگەڕێینەوە ماڵەوە، بۆ لای چەرخ و فەلەكەكەی پوور خومسار. ئاخۆ پوور خومسار چی بەسەر هاتبێ؟!. عەجەب شەقێكی لە كەشكەئەژنۆی ئەحە هەڵدا. ئەحە چوختی بوو. لە ناكاودا گزیی دەكرد. بەردەوام شەقی دەخوارد و كەچی عاری نەدەنا. خولەی براشی وێنەیەكی دەقاودەقی ئەو بوو، ئەمیان لە تەمەنی ئێمەدا بوو. بەڵام گاڵەی پێ دەكردین. بەتایبەتی لە شروبشكاندندا. دەمویست جارێك، تەنیا جارێك پشتی لە زەوی بدەم بەمەرام نەدەگەیشتم، بە ئاشكرا من حەوتم دەشكاند و ئەو چوار و كەچی من دۆڕاو دەبووم و ئەو براوە!. ئا.. ئەشەمبیلا حەمەجەزا باش لە عۆیەی دەهات. سمە سووریش. دوو قۆڵی باشیان بیراز دەكرد. بەڕاست ئاخۆ سمە سوور چی بەسەرهاتبێ؟. سەیرە!.. ئێستا و ئەوسا، نە دیمەوە و نە هیچ هەواڵێكیم بەرگوێ كەوت!. ئەی باوكی؟!.. تاقانە بوو. بەدوای سێ كچدا هاتبوو. ئەی خوشكەكانی؟!. ئەو وەختە عازەب بوون. نا.. ئا.. گەورەكەیان تازە شووی كردبوو. بە.. بە.. نازانم.. ناوەكەیم نایەتەوە بیر. شاییيەكەیانم لە بیرە. بۆ ماوەی سێ رۆژ گەڕەكیان خرۆشاند. من و حەمەجەزا و سمە، بەدرێژاییی سێ رۆژەكە، پیشەمان ئەوە بوو بچین لەكاتی هەڵپەڕیندا، لكی دەسماڵی ژنەكان بەیەكەوە گرێ بدەین. ئینجا كە یەكێكیان دەستی بەردەدا و خەڵكەكە، بەو حاڵە دەیاندایە قاقای پێكەنین، ئێمە پێی گەشكەدار دەبووین. من لە سەیرانەكەی ئەوساڵەی مشیراوادا، وام لە كاكم و نەزیر كرد. كاكم دەستێ رانكوچۆغە و كراسێكی فەقیانەداری لەبەردا بوو. ئەو سەرچۆپی گرتبوو. نەزیریش لە دەستی چەپیدا بوو. دیمەنەكەی ناو چیغەكە، هانی دام بەیەكیانەوە ببەستم. پڕ بەدڵیش حەزم دەكرد، بۆ هەتاهەتایە بەیەكەوە ببەسترێن. كەچی ئاواتەكەم نەهاتە دی. داخ.. خۆزگە دەهاتە دی.

* پاسێكی تەختەی شەقوشڕ. سەرەوەی قەڵاپەچن لە كەلوپەلێكی پەرپووت و شەتەك دراوە. ناوەوەی شوفێرێكەو حەوت ئادەمیزادی سەر هەڵگرتوو، كە بەرەو ئاوارەبوون دەچن. چەندان دەشتودەر و دۆڵ و چیا و لێرەوار دەبڕن. دەڕۆن.. دەگەنە ئاستی شاخێكی سەخت و بڵند و پێچاو پێچ و سەردەكەون. پاسە تەختەكە لە پێچێكیاندا، لە تین و توانای سەركەوتن دەكەوێ. شوفێرەكە پێ بە ستۆپدا دەنێ و هاواری لێ هەڵدەستێ:

– خێراکەن.. بەردێك بخەنە بەر تایەکەی دواوە.

کاکم و باوکم بەپرتاو، خۆیان دەهاونە خوارەوە. هەر یەکەیان پڕ دەکا بەگاشە بەردێکدا و دەیانخەنە بەر دوو تایەکەی دواوە. من لە جێی خۆم دانیشتووم و دەڕوانمە شوفێرەکە. لە سەرەتادا خراپ پەشۆکابوو. ئێستا دەبینم لەسەرخۆیە. ئەوەتا دادەبەزێ و دەچێ، لەگەڵ باوکم و کاکمدا قسە دەکا. گوێم لێ نییە چی دەڵێن. دەبینم باوکم ئیشارەت بۆ ئێمە دەکا و ئینجا بۆ سەرەوە. وا تێ دەگەم کە دەبێ ئێمە دابەزین و بەپێ سەربکەوین و شوفێرەکەش ئۆتۆمۆبێلەکە سەربخا. کاکیشم هەروا دەڵێ. باوکم و شوفێرەکە راوەستاون دەدوێن و کاکم بۆ لای ئێمە دێ. من پیشم خواردووەتەوە. چاوەڕوان بووم باوکم و کاکم، دەست بدەنە یەخەی شوفێرەکە و بڵێن:

–ئەگەر تۆ و ئەم ئۆتۆمۆبێلە لەعنەتییەی تۆ نەبوونایە، چی ئێمەی هەڵدەفریواند؟!. چی ئێمەی لەو مەڵبەندە هەڵدەکەند و ئەم ڕێگەی هاتونەهاتەی پێ دەگرتینە بەر؟.

ئینجا بڵێن:

– دەی لە کوێوەت هێناوین، بمانبەرەوە ئەو شوێنە. دەی چۆنت هێناوین، وەهاش بمانگەڕێنەوە.

من وەهام چاوەڕوان دەکرد. کەچی ئەوەتا کاکم دێ و دەڵێ:

– دابەزن.. ئێمە بەپێ سەردەکەوین.

من لە ناکاوێکدا تەقیمەوە و هەڵمەتم برد. هێندەی بڵێی یەك و دوو، خۆم گەیاندە پشت سووکانەکە. ئۆتۆمۆبێلم خستە کار. ئۆتۆمۆبێلم لەسەر بەرەوژوورەوە، وەرچەرخاندە سەربەرەوخوار. دەستی چەپم درێژ کردە دەرەوەی. باوکم و ئینجا کاکمم سەرخستنە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەوە. بە هەموو هێزێکمەوە پێم بەبەنزیندا نا. ئۆتۆمۆبێل لە زەوییە و نیشتە ئاسمان. دەشتودەر و شاخ و دۆڵ و لێرەوار، کەوتنە ژێرمانەوە. تیژ بەسەریاندا تێپەڕین. لە کفلەیکوونێکدا دەگەینەوە بەر ماڵەوە و دادەبەزینەوە. بەتەنیا خۆم لە ماوەی جگەرە کێشانێکدا، هەموو کەلوپەلەکان دەبەمە ژوورەوە. هەر یەکەیان لە جێی خۆیدا دادەنێمەوە. هەر کەسەشمان دەکەوێتەوە سەر هەوای لەوەبەری. هەوای لەوەبەری من، راکەڕاکەی ناو کۆڵانە. لە ماڵ دەردەفرتێمە دەرەوە. حەمەجەزا دەبینم و بەرەوڕووی رادەکەم. بانگی لێ دەکەم:

– حەمەجەزا!...

– تۆ وڕێنە دەکەیت!.. حەمەجەزای چی؟!. هۆشت بێنەرەوە بەرخۆت!].

ئەو بوو رایچڵەکاند و وای پێ وت. ئەمیش کە هۆشی هێنایەوە. بەرخۆی و هەڵی ڕوانی، سەیری کرد لاوە هەرزەکارەکە گەیشتووەتە ئاستی و دەڵێ:

– مامۆستا بمبەخشە.. لەوە دەچێ بۆ ماڵێك بگەڕێی و نەچیتەوە سەری. من ئامادەم یارمەتیت بدەم.

ئەو دڵی حەوایەوە و خۆی خامۆش کرد. ئەم شڵەژا. نەیدەزانی چ وەرامێکی بداتەوە. کەمێ راما. سەیرێکی ئەملا و ئەولای کرد. پیرەمێردەکە، ئافرەت و پیرەژنەکە، دوو منداڵەکە و دایکیان، هەموو سەیریان دەکرد و لە چاوەڕواندا بوون. ئەوسا روانییەوە لاوەکە و بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– کاکی برا.. من لەم گەڕەکەدا.. لەم کۆڵانەدا.. ئا لەو ماڵەدا لەدایك بووم، سالانی منداڵیمم تێدا بەسەر بردوون. ئێستا دوای بیست و پێنج ساڵ، رێم تێی دەکەوێتەوە و پێیدا رادەبوورم. مەسەلە تەنیا ئەوەندەیە. من سوپاست دەکەم. نازانم تێم دەگەیت دەڵێم چی یان نا؟!.

لاوەکە وەرامی ئەوی نەدایەوە . وەرچەرخا و رووی کردە پیرەمێردەکە. دەستێکی بۆ هەڵتەکاند و بانگی لێ کرد:

– بابەلە.. وەرە.

کاتێ پیرەمێرد گەیشتە ئاستیان، لاوەکە قسەکەی ئەمی بۆ دووپات کردەوە. پیرەمێرد لەگەڵ بیستنیدا، هەنگاوێك لێی کشایە دواوە. سەرنجێکی وردی بەسەر و ڕوویدا گێڕا. ئینجا وتی:

– تۆ حەمە عەلیی حاجی قادر نیت؟.

ئەم سەرسام بوو. بیست و پێنج ساڵە. چۆنی ناسییەوە؟. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– بەڵێ ئەوم.

ئەوسا پیرەمێر لێی هاتەوە پێشەوە. باوەشی بەسەروملیدا کرد. دووبارە و سێ بارە، ئەملا و ئەولای ماچ کرد. بەدوایدا پەلی گرت و وتی:

– وەرە!.

ئەم نەیدەزانی چی بکا و چی بڵێ. ئەو پەردەی خامۆشیی خۆی دڕی و وتی:

– بچۆ.. فرسەتە و بۆت هەڵکەوتووە. تۆ خەریك بوو بێ فەرموو لێکردنیش، خۆت بەژووردا بکەیت.

بەقسەی کرد و بەدوای پیرەمێرددا، هەنگاوی نا. ئافرەت و پیرەژنەکە سەریان سوڕمابوو. کە گەیشتنە ئاستیان، پیرەمێرد بە پیرەژنی وت:

– حەمە عەلیی کوڕی حاجی قادر.

پیرەژن وتی:

– کام؟!.

– حاجی قادری شەربەت.

پیرەژنیش گەشایەوە. هەموو پێکەوە چوونە ژوورەوە و دانیشتن. پێرەمێرد هێمایەکی بۆ ناو خانووەکە کرد و وتی:

– هێشتا وەکو خۆیەتی. چۆنم لە باوکت کڕی، وەهام هێشتووەتەوە. تەنیا ئەوبەر نەبێ، کە وەك دەبینیت گۆڕاوە.

دەیبینی.. سەر تەنوورەکە کرابووە، مەدبەق و حەمام و ئاودەستێکی رێکوپێك. سەیری کرد بەر بەلووعەکەش، دەسکارییەك کراوە. وتی:

– بەر بەلووعەکەش.. جاران بەردرێژ بوو. ئێستا حەوزێکی کۆنکرێتییە.. ئاوەڕۆکەشی.

پیرەمێرد بۆی پێکەنی. وتی:

– بیرت تیژە.. باوکیشت وەهابوو. کە دادەنیشین و باسمان دەبردە سەر باسی سالآنی منداڵیمان، دەتوت دەفتەرێکی لە سینەدایە و دەیخوێنێتەوە.

ئەوی راستی بێ پیرەمێرد خۆیشی، دەفتەرێکی لە سینەدا بوو. وەك فرسەتێکی دەگمەنی بۆ هەڵکەوتبێ، کەوتە خوێندنەوەی لاپەڕە بەلاپەڕەی بۆ ئەم. ئەمیش ئەو کارەی پشتگوێ خست، کە لەو رێگە دوورەوە بۆی هاتبوو. بەدەستووری ئەو، کەوتە گوێ لێگرتنی.

١٩٨٠

# تەتەر

## ١

[.. کەس نازانێ چۆن دەکەوێتەوە!. بەهەر بارێکیدا دەخەیت، هەر چۆنێکی لێك دەدەیتەوە، هەر خۆی بەدەستەوە نادا. هەزار و یەك سەری هەیە. لەملا دەیبڕێنێتەوە، لەولا سەر هەڵدەداتەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانەوەشیدا، دەتەقێتەوە. خۆزگە پیاو بیری ئەوەندە تیژ دەبوو، کە تەنانەت یادگاریی رۆژانی سەر پشتی بێشکەشی لە بیر دەما. ئاخۆ چیم کردبێ.. چۆن گریابم.. چۆن خنابمەوە.. چۆن گڕوگاڵم کردبێ؟. ئاخۆ قسە و هەڵسوکەوتە تایبەتییەکانم چی بووبن؟!. نایەتە یادم دایکم هیچی بۆ گێڕابمەوە. بەڵام من (ئالان)م لەبەرچاوە، کە چۆن خۆی ناشیرین دەکرد؟!.. بەچی پێی گرت؟. بە پێوە رامان گرتبوو هەنگاوی پێ بنێین و لەو ساتەدا قاڵۆنچەیەکی بەدی کرد و کەوتە راکردن بەدوایدا. سەیر بوو!.. ئای.. ئالان کوڕەکەم.. ئاخۆ.. نا نا.. بڕوا ناکەم. پشتیان پێ دەبەسترێ. خەزوور و خەسوویەکی نموونەییم هەن. لەوەدا بەختەوەرم. لە زۆر شتدا بەختم رەش بووە– چی؟!. بەخت؟!. یانی باوەڕت پێیەتی؟!. – ها؟!.. وەڵا چووزانم!. کورە ئیتر قسەیە و دەکرێ. دەنا بەخت کوا هەیە. بەخت نییە. رێککەوت هەیە. – ئێ ئاخر رێککەوت بەختە. – نا.. رێککەوت بەخت نییە. – چۆن؟. – با بۆتی باس بکەم. من دەبووایە کەی بکەوتمایەتە رێ؟. سەعات نۆ وا نییە؟. ئێ چاکە.. خۆ کەوتیشمە رێ؟. هەر چاکە.. کەچی حەمەسەلیم بەهەڵەداوان هات و وتی: مەڕۆ.. وەرە ئیشیان پێتە. ئەوە بوو گەڕامەوە، دوای سێ چارەکە سەعات، ئینجا کەوتمەوە رێ. وا نەبوو؟. دەباشە.. دوای سەعاتە وەختێك رێکردن، بەسەر چیدا چووم و لە چ وەختێکیشدا رووی دابوو؟. بینیت؟. تەنانەت خەریك بوو خۆم لە بیر بکەم. حیرسێکی سەیر گرتمی. چاك بوو زوو لە خۆم بەئاگا هاتمەوە. بەڕاستی ئادەمیزاد زۆر دڵڕەقە. وا بزانم چاکم نەکرد. دڵڕەقیم نواند. دەتوت باسەکە هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە. دەتوت تەنیا بازرگانێکی مەڕوماڵاتم و بەلای قەسابخانەیەکدا رادەبوورم. وتی: کوڕەکەم.. ئادەمی بە بەزەیی و سۆزی ئاقڵانەی، لە ئاژەڵ جیا دەکرێتەوە. ئاژەڵیش لە بەزەیی و سۆز بێ بەش نییە. بەڵام لای ئادەمیزاد دەبێ ئاقڵانە بێ. دەنا هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نامێنێ. سۆفی رەحمان.. تۆ پیاو سەرسام دەکەیت. یا بەلایەنی کەمەوە منت سەرسام

کرد. هەر هێندەی من وتم: سەلام مامە سۆفی. تۆ وتت: سەر ئەم چاوانەم هاتیت و فەرموو کوڕی کاکی مامە سۆفی. کوڕی کاکت هێجگار ماندووبوو. زۆر بەزەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا. بەنقەنق جەستەی بۆ بەکێش دەکرا. مەسەلە لەوە نەبوو کابرایەکی تەپۆ بووبێ و بۆ یەکەم جار ڕێگەیەکی وەها دووری بەپێ گرتبێتە بەر. نا.. مەسەلە لەوە بوو کە ئادەمیزادە و لە خوێن و گۆشت و ئێسقانە. تۆ دەسپێکەریت کرد و وتت: دەتبینم خراپ کەنەفت کەوتوویت. دەتبینم لەوەدایت لە جێی خۆت، بەلادا بێی و جوولەت لێ ببڕێ. دڵ لە دڵ مەدە و تەریق مەبەرەوە. ئادەمیزاد لە خوێن و گۆشت و ئێسقانە. ئەوە جێگە و ڕاکشێ و جوولە لە خۆت بیڕە. تا دەتوانیت جەستەت بحەوێنەرەوە. دەزانم دەبێ سبەینێ زوو بکەویتە ڕێ. سۆفی ڕەحمان تۆ کێی؟!. پرسیارێکی بایەخدارە و دەبێ بکرێ. ئەوا تۆ پێش ئەوەی دەم هەڵبێنمەوە و بدوێم، منت ناسی. بەلا م تۆ کێی؟!. خۆت وتت: عەبدێکی خوام و لە دێر زەمانەوە، بڕیارم داوە تا مردن خزمەتکاری ماڵی خوابم. – بۆچی؟. لە وەرامدا وتت: هەقایەتەکە دوور و درێژە. من لەسەری نەڕۆیشتم. زۆر ماندوو بووم. بەڵام لە گەڕانەوەدا پەلەم نابێ. دەتوانم شەوێك و دووان بمێنمەوە و گوێت لێ بگرم. دەزانم مجێورێکی ئاسایی نیت و قسەت زۆر پێیە. دەزانم و دنیات زۆر دیوە. تۆ باوکمم لێ دێنیتەوە یاد. باوکە.. یادت بەخێر. باوکە تۆ عەجەب باوکێك بوویت. من دوای مردنت ئینجا پێم زانی. دوای مردنت ئینجا پێدا چوومەوە. بەکردار و ڕەفتارتدا، بە قسە و باسەکانتدا، بە ئارەقڕشتن و کۆششی مەردانەتدا لە پێناوی ئێمەدا چوومەوە. ئا.. باوکێکی نموونەیی بوو. هەر کات دەهاتەوە یادم، کسپەی داخێکی لە ناخمدا شریخە پێ دەدا. ناخۆشە کوڕ بەرامبەر بەباوکێکی نموونەیی، هەست بەقەرزاری بکا. بەتایبەتی کە لە ژیاندا نەمابێ و ببڕای ببڕ، ڕێگەی قەرزدانەوەکەی لێ ببەسترێ. تا ئەو ساڵانی دواییەش، هەر کە هەستەکەم لێ دەهاتە سوێ، سکاڵای حاڵی خۆم لای دایکم دەکرد. دایکم لە هەموو جارێکدا دەیوت کوڕەکەم.. تۆ ئەمە چییە داوێتی لە کەللەت.. کەی شتی وەها ڕووی داوە؟. من تا دواهەناسەی ژیانی، لێم نەبیست هیچ گلەییەکی لە تۆ هەبووبێ. بگرە بەپێچەوانەوە، سەد جارم لێ بیستووە کە دەیوت: لەبەرئەوەی سەردارتان هەیە، من هیچ خەمم نییە. جا بەڕاستی سەردار، دایکت ڕاستی دەکرد. تۆ ئەو وەختەی باوکت مرد، تەمەنت حەڤدە ساڵان بوو. زوو تێ گەیشتیت کە چیتان لێ قەوماوە و خێرا شانت دایەبەر. خۆت و دایکت و سێ خوشك و برایەکی ساوا. هەستکردن بەقەرزدانەوەی باوك

لە ژیانیدا ناخۆشە. بەڵام گەشکەی چوونە ژێر ئەو بارەی جێی هێشتووە، پارسەنگی دەداتەوە. خوا هەڵناگریٚ دایکم زوو، ئەم راستییەی پیٚ سەلماندم. لەو وەختەوە رزگارم بوو. بگرە خۆم وا دەبینی، کە بوومەتە باوکم. دایکیشم لەلای خۆیەوە ئەوەندەی دەوتەوە، تا وای لیٚ هات سەروەر پێم بڵیٚ بابە. سەیرە!.. تا ئەو رۆژەی بردیشم لە قوتابخانە ناونووسی بکەم، هەروەهای پیٚ دەوتم. سەیرم کرد بەڕێوەبەری قوتابخانەکە سەرسام بووە. ناچار مەسەلەکەم تیٚ گەیاند. کە هاتینە دەرەوە، بۆ سەروەریشم روون کردەوە. لەگەڵ دایکمدا بەزەحمەت توانیمان، بابەی لەلا بکەین بەکاکە. لە دوا نامەیدا نووسیبووی بابە –کاکە سەردار گیان. تۆش بەدەستووری قسەکەی باوکت، کە جێت هێشتن بەدایکتت وت: سەروەرتان هەیە.. هیچ خەمم نییە. ئا.. هیچ خەمت نەبیٚ. خەزوور و خەسوویەکی مەردانە و برایەکی باوکانە. برۆ.. هەنگاو بنیٚ و تیژ رێگە ببڕە. تیژ بەتوولەڕێی قەد پاڵی شاخدا هەڵزنیٚ. خێرا خۆت بگەیەنەرە جیٚ. پێشوەخت خۆتی بگەیەنەریٚ. دوو رۆژ و شەوێك.. ئەمڕۆ تا ئێوارەیەکی درەنگ، وەختت لە بەردەمدایە. دەبیٚ بگەیتە (لانجیٚ). لەویٚ شەو لە مزگەوتەکەیدا بەسەر دەبەیت. دەبیتە میوانی سۆفی رەحمان. پشت بەسۆفی رەحمان ببەستە. لە هەر شوێنێك بووبیٚ، دەستی بەڕوومانەوە نەناوە و پشتی هیچ کەسێکمانی لە زەوی نەداوە. دەبیٚ بۆ بەیانی تاریکوڕوون بکەویتەوە ڕیٚ. دەبیٚ ئەو رۆژە پێش بانگی خەوتنان، بگەیتە شوێنمەقسەد. لە یادت نەچیٚ. ئەگەر گەیشتیتە سەرەمەرگیش، ئەم فەرمانە هەر دەبیٚ بەجیٚ بێنی. ئا بەڵیٚ.. ئەو (دەبیٚ)یە باڵی پیٚ گرتیت و هاتیت. بەسەر کارەساتێکی دڵپڕوێندا کەوتیت و خۆت نەکرد بەخاوەنی. هاتیت.. تووشی کۆچوبارێك بوویت، کە لایان دابووە سەر کانی و ئاوێك. کۆچوبار هەم دەحەسانەوە و هەم گۆڕێکیان هەڵدەکەند. لاتدایە لایان. پرسیت: چی بووە؟!. وتیان: هەچی وا نییە. منداڵێکەو قەزاوبەلای تۆی بردووە. لەوە زیاتر رانەوەستایت و هاتیت. شان بەشانی زیٚ رێگەت دەبڕی. ئەو بەرەوخوار ملی دەنا و تۆ بەرەوژوور. زۆر ماندوو بووبوویت. قۆناخی یەکەمتە و دەبیٚ بیگەیتیٚ. بەهەر نرخێك بیٚ بیگەیتیٚ. تۆ وای بۆ دەچوویت کە ناگەیت. پەست دەبوویت. پەستبوونەکەت شێتگیری دەکردیت. لە دڵدا دەتوت: دەست دەکەمە راکردن. دەدەمە چوارناڵە و نایەڵم بکەومە شەو. رێکردن بەشەو، بەتایبەتی ئەگەر تاریکەشەو بیٚ، کارێکی ستەمە. بەچ رێگەیەکیشدا؟!. قەت مەپرسە!. من مارانگازم. مانگ و نیوێکی رەبەق، قاچم لە گەچدا بوو. هەر بەدەستووری ئەم جارە،

لەبەرئەوەی تاریکەشەو بوو، ئامۆژگارییان کردم کە نابێ بە شەو ڕێ بکەم. ئامۆژگارییەکەم نەگرتە گوێ و بەو دەردە چووم کە چووم. جگە لەوەی کە ئەرکەکەی سەر شانیشم بەجێ نەهێنا و وەختابوو ببمە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی گەورە. سۆفی ڕەحمان وتی: سەرکێشیکردن بۆ ئێوەومانان خراپە. دەبێ هەم شتێکتان بەپێوانەبێ و، لە هەموو کردارێکیشدا ئەقڵ بەکار دبێنن. ئینجا دوای ئەوە خواتان لە پشت دەبێ. ویستم بەرپەرچی بدەمەوە و نەیهێشت. وتی: خوا پشتی مرۆڤێك ناگرێ، کە ئەو ئەقڵەی پێی بەخشراوە، ئیشی پێ نەکا و کاروباری ژیانی خۆی، بەڕێکوپێکی پێ مەیسەر نەکا. کە پێم وت: من ئەمە یەکەم جارمە بەم ڕێگەیەدا دێم و، حەز دەکەم بزانم ئامۆژگاریت بۆ سبەینێم چییە. وتی: بۆ سبەینێت زیاتر پێویستت بەبەکارهێنانی ئەقڵ دەبێ وەك لە ئەمڕۆت. بۆ سبەینێ دەبێ زۆر زوو بکەویتە ڕێ. (مارانێ) بەقسە دوور نییە و ئائەوەتا لەودیو ئەو شاخەوە. بەڵام لەڕاستیدا زۆر دوورە. چونکە شاخێکی گەلێ سەختی بۆ دەبڕیت. ئەگەر سەختیی شاخەکەش بخەینە لاوە، گرفتی ڕێگەکە یەخەت دەگرێ. ڕێگە نییە و پێی دەوترێ ڕێگە. لە ساڵێکدا مەگەر چەندانێکی وەك تۆ بیگرنە بەر. دەنا بەڕێگە لە قەڵەم نادرێ. من بەشبەحاڵی خۆم تەنیا یەك جار پیایدا هاتووم و، ئیتر ڕێم تێی نەکەوتووەتەوە. سۆفی ڕەحمان ترساندمی. هێجگار وا نییە. ئەو وتی: ڕاستە ورچەڕییەکە و لە هەندێ شوێندا، بەئاستەم شوێنەواری دەمێنێ. بەڵام فەرموو.. ئەوەتا وا نزیکی چێشتەنگاوە و خەریکم دامێن کۆتایی پێ دێنم. کەچی زۆر ئاساییە. قسەی خۆمان بێ پیرەمێردەکەش، سەرسامیی پێوە دیاربوو. وتی: زەلام کێیت؟!. وتم: خۆمانین. وتی: کێن؟!. وتم: دەتۆ ئەو گەماڵەم لە کۆڵ بکەرەوە. کە وتی: دەتۆ پێم بڵێ خۆتان کێن و کە وتم: میوانی سۆفی و ڕەحمان بووم و بەرەو ئەودیو شاخ دەچم. ئەوسا گەماڵەکەی لێ دوورخستمەوە و لێم هاتە پێش. بەسەرسامییەوە لێی پرسیم: بەرەو ئەودیو شاخ دەچیت؟!. کە وتم: بڵێ. وتی: سۆفی ڕەحمان ئاگەدارە؟!. وتم: بەڵێ. ئەوسا دوای کەمێ ڕامان وتی: فەرموو.. بڕۆ خوات لە پشت بێ. بەڵام وریابە.. سۆفی ئاگەداری کردیت کە وریابیت؟. ئەمجاریش کە وتم: بەڵێ. وتییەوە: بڕۆ خوات لە پشت بێ. ئیتر تۆ پشت بەخوا و ئامۆژگاریی سۆفی و بوارپێدانی پێرەمێرد هاتیت. لە ئاوایی دەرچوویت و ڕێگەت گرتەبەر. تازە سپێدەی دەدا. گەیشتیتە سەر یاڵێك. دەتزانی یاڵەکە بەسەر ئاواییدا دەڕوانێ. ڕاوەستایت وەرچەرخایت و هەڵتڕوانی. دیمەنێکی دڵگیربوو. هەستت کرد گەشکەیەك لەناختدا برووسکە دەدا و بەهەناوتدا دەگەڕێ. ئاوایی لە

بەردەمتدایە و بە باخاتێکی چڕ دەورە دراوە. خوارتر زێیە و بەخوڕ بەرەوخوار دەبێتەوە. تۆ تەنیا پێچێکی لێ بەدی دەکەیت. لە پشت چیایەکی بڵندەوە سەر هەڵدەدا و خێرا خۆی بەودیو چیایەکی بڵندتردا دەکا. سەر بەرز دەکەیتەوە. بەلای راست و بەلای چەپدا، دەبینیت هەر لووتکەی شاخە و قووچ بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. هێشتا سپێدەیە. هێشتا پەردەیەکی تەنکی لێڵاییيان بەسەرەوە ماوە و تا زیاتریش بینایی بەرەوخوار دابگریت، پەردەکە ئەستوورتر دەبێ. گەشکەکە زۆر خۆش بوو. حەزت دەکرد چوارمەشقی، بۆی دابنیشیت و درێژەی پێ بدەیت. کەچی نەتکرد. ماوەت بەخۆت نەدا و وەرچەرخایتەوە. ویستت هەنگاو هەڵبنێی و بکەویتەوە ڕێ. لە ناکاو بە ئاگا هاتیت. وتت: بۆ بەوردی سەرنجێکی نادەیتێ؟. ئێوارە کە گەیشتیت، تاریك داهاتبوو. هیچت لێ بەدی نەدەکرد. بەیانیش کە کەوتیتە ڕێ، تا گەیشتیتە سەر یاڵ هیچی وات لێ نەکەوتە بەرچاو. ئادەی.. سەیرێکی بکە. کە سەرم بۆ هەڵبڕی، بە تەواوی بەژنوباڵایەوە کەوتە پێش چاوم. ناڵێم دڵم داخورپا. بەڵام قسەی خۆمان بێ حەپەسام. ئەوە چییە؟!. من بەکوێیدا سەردەکەوم؟. ئەگەرچی شاخم لەمە بڵندتر نەدیوە، بەڵام حەپەسانەکەم لە بڵندییەکەی نییە. بگرە لە سەختییەکەیەتی. دیوارێکە و بەرەو قووڵاییی ئاسمان هەڵچووە. دیوارێکە و نەکۆتایی ئەملای بەدی دەکەم نەئەولای. لەگەڵ ئەوەشدا نەمهێشت هەستی حەپەسانەکەم، زۆرم بۆ بێنێ و گیرم بدا. لە دڵدا وتم: مامۆستا خدر زوو پێشم کەوت و ئاگەداری کردم، کە شتێکی وەهام دێتە ڕێ هەروەکو وتی: تۆ سۆفی رەحمانت هەیە. چۆنت بۆ باس دەکا وەها بڕۆ و ئیتر ئاسانە. دەیسا ئیتر حەپەسانی بۆ چییە؟. سۆفی وتی: کە لە ئاوایی دەردەچیت، دوای کەمێ ڕێگە دەبێ بە سێ. ئەوەی لای ڕاست بۆ گوندی (زێکەڵە) دەچێ. ئەوی لای چەپ پۆ (بنارە)و تۆ ناوەڕاستیان بگرە، کە لەو ساتەوە دەبێتە توولەڕێیەك و ئیتر لەوەبەدوا، توولەڕێ نابێتەوە بەدوو. تەنیا هێندە هەیە کە دەبێ وریا بیت. دەبێ هەنگاو بەهەنگاو لێی بە ئاگا بیت. چونکە لەوانەیە شوێنەواری ون ببێ. بەتایبەتی کە وەرز بەهارەو زستانێکیشی بەسەردا رابوردووە. هەروەها وتی: تەنیا سەرکەوتنی ئەمدیوت زەحمەتە. دەنا شۆڕبوونەوە بەودیوادا ئاسانە. دەی چاکە.. ئامۆژگارییەکانی سۆفی لەسەر سەرم. راستە کە شوێنەواری توولەڕێم، دوو جار لە بەرچاو کزبوو. بەڵام تووشی زەحمەتی نەبووم و بەئاسانی شوێنپێم دەدییەوە، بەتایبەتی شوێنسمی وڵاخ. ئاخۆ ئێستا سەعات چەندبێ؟. ئێ باشە.. هەقی خۆیەتی. بناری دیوارەکەیە. کانی و ئاوێکی کێویش

دایکوتە. بەمەرجێ تەنیا بۆ یەك چارەکە سەعات بێ. دەسکاریی قوتووەکان مەکە. با بمێنن. چارۆکەکەی سۆفی بکەرەوە. دوو هێلکە، سەلکێ پیاز، تۆزێ خوێ لە پارچە کاغەزێکدا و تۆپەڵێکیش خورمای خەستاوی. سۆفی تۆ چ جۆرە مرۆڤێکیت؟!.. چ مەردێکیت؟!. هاتیت وەك باوکێك بەخەبەرت هێنام. هاتیت وتت: کوڕەکەم هەڵسە.. شەوێ پێش ئەوەی بخەویت، داوات کرد زوو لە خەوت هەڵبستێنم. سۆفی.. ئەم قسەیەت وای لێ کردم، وەك کێچ راپەڕمە سەرپێ. لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا، خۆم ئامادەی کەوتنەڕێ کرد. پێش خواحافیزی لێ کردنت، چارۆکەیەکی گچکەت هێنا و وتت: ئەوە بەرچاییەکەی ئێرەتە. لەکوێدا هەستت بەبرسێتی کرد، دانیشە بیخۆ و بەبیرت بێتەوە، کە دەستی ئەم عەبدەی خوات لەسەر شانە.. کە لە خوات بۆ دەپاڕێتەوە، بگەیتە جێ و ئەرکی سەرشانت بەجێ بێنیت سۆفی.. کانی و ئاوێکی کێویی جوانە . تۆ هیچت لەبارەیەوە بۆ باس نەکردم. هیچ هێمایەکت پێ نەدا. تۆ بڵێی لە رۆژانی پێدا ڕابوردنەکەی تۆدا نەبووبێ؟!. ناشێ.. کۆنەکانییە، ئەگەرچی کێوییە. با نانەکەم بخۆم دەسکارییەکی دەکەم. گوناحە. خۆ هیچ نەبێ جارناجارێ، یەکێکی وەك من رێی تێی دەکەوێ. بەچەشنی سەرداراوای لێ دەکەم. کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، ببێ بەوەی کە بوو. حەوزێکی کۆنکرێتی لە بەردەمیدا و لە سێ جوڕنەوە ئاوێکی ساردی سازگار، فڕێ بداتە  دەرەوە. ئەویش کانی و ئاوێکی کێوی بوو. بە سێ کیسە چیمەنتۆ و بەردی مەعافی دەوروپشتی خۆی و پاچ و خاکەنازێکی دەستی من، کردمە سەرداراوا. من نا، برادەران ئەم ناوەیان لێ نا. ساڵ وەرنەگەڕایەوە، بامێ و تەماتە و باینجان و خەیار و شووتی و کاڵەکم، بۆ لێ مسۆگەر کردن. گەلێ نەمامیشم بەدەوردا ناشتن. جووتیار نەبووم و ئەو جووتیارییەم زۆر پێ خۆش بوو، باخەوان نەبووم و ئەو باخەو انییەم زۆر حەز لێ بوو. راستە حەزەکەم لە زووووە لە دڵدا هەبوو. بەڵام قەت فرسەتی بەدیهێنانیم، بەخۆمەوە نەدیبوو. نەچووبووینە هیچ خانوویەکەوە باخچەی تێدا بووبێ، هەتا خۆمی پێوە خەریك بکەم. یا حەوشەیەکی گەورەی هەبووبێ و بیکەمە باخچە. هەردەم خانووە کونەگورگەکانی کۆنە گەڕەکەکان، بەشم بووە. حەوشەیەکی قنگەجنۆکە و هەیوان و پشتهەیوان و کەلەگییەك. سەر تەنوور و ئاودەستیش بەو بەرەوە. ئەوپەڕەکەی دارتوویەك و، لەبەر بەلووعەی حەوشەکەدابێ و زل و زەبەلاح ئاسمانی داپۆشیبێ. تەنیا جارێك فرسەتم بۆ هەڵکەوت، ئەویش لە خانوویەکی قەراغ شاردا بوو. خانووەکەی پوورە عەتێم. تازە تەواو بووبوو. دروستی کرد خۆی بچێتە

ناوی و نەیوێرا. وتی: منێکی بێوەژنی تەنیاباڵ، بچمە ئەو چۆڵەوانییە چی بکەم؟. دایکم ئەگەرچی حەزی نەدەکرد لێی جیا ببمەوە، بەڵام پوورمی خۆش دەویست. بەتایبەتی کە چاکەی زۆر بەسەرمانەوە هەبوو. دوای مردنی باوکم یارمەتیی زۆر دابووین. بڕیاری دا من بەماڵ و منداڵمەوە بچم و لەگەڵیدا دانیشم. ئەو وەختە تەنیا ئالانمان هەبوو، کە بەرمەمکانە بوو. چووین. خانووەکە لەسەر تەرزی لای خۆمان دروست کرابوو. تەنیا جگە لەدەستەی ئاسایی بەرەوژووری، هۆدە و هەیوانێکیشی لە خوارەوە هەبوو. هەر زوو بیرم بۆ ئەوە چوو، کە دەشێ حسابێکی بۆ ئێمە کردبێ. ئەویش من و دایکی ئالانی زۆر خۆش دەویست. جارێکیان ئەمەم لەلا درکاند. کەچی پێکەنی و وتی: جا چاکم نەکرد؟. من دەمویست ئێمە لە هۆدە و هەیوانەکەدا بین و ئەو لە سەرەوە. رازی نەبوو وتی: شتی وا نابێ. ئێوە لە سەرەوە دەبن و من لە خوارەوە. ساڵ و نیوێکی تێدا مامەوە. شتێکم لە حەزەکەی ناخم تێدا بەدی هێنا. باخچەیەکی قەشەنگم لە حەوشەکەیدا رازاندەوە. زیاتر چیمەن و گوڵ و گوڵزار بوو. چەند نەمامێکیشم تێدا ناشتن، کە ئێستا چوار جار و پێنج جار، لە بالای خۆم بەرزترن. بەڵام من تا لە تەکیاندا بووم، نەگەییم بیانبینم لە ناوقەدم تێپەڕ بکەن. پوورم شووی کردەوە. دایکم لەبەر مەسڵەحەتی من، گلەیی لە شووکردنەکەی هەبوو. من گلەییم نەبوو . هێشتا گەنج بوو. بەلامەوە ئاسایی بوو، ئەگەرچی دەمزانی کە من دەبێ بگەڕێمەوە ، ناو کونە گورگەکەی لەمەڕ دایکم. خوا هەڵناگرێ ئەو ئێستا و ئەوسا هیچی نەوت. مێردەی لە هۆدە و هەیوانەکەی خوارەوەدا، خستە تەك خۆی. بەڵام هەر دوای دوو سێ مانگ، هەستم کرد جارجارە لێیان دەبێتە دەمەقاڵە. سەرنجم دا پوورم دەرگەکە لەسەر خۆیان دادەخا و دەمەقاڵەکە دەئاخنێتە ژوورەوە. من قەت نە گەمژەبووم و نە مفتخۆر. کە زانیم مەسەلە چییە، خێرا بڕیارم دا. کەلوپەلمان پێچایەوە. پوورم بەهەڵەداوان هات. وتی: ئەوە چییە؟!. وتم: پوورێ گیان ... دڵ لە دڵ مەدە. هەر پوورە خۆشەویستەکەی جارانمیت. چاکتر وایە بگوێزینەوە. پوور دایە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ و هەڵات. سەیرە!.. ئادەمیزاد شتێکی سەیرە!. دوای سێ رۆژ هات بۆ لای دایکم. بە پەرۆشەوە پەلاماری منی دا و ماچی کردم. بەپەرۆشەوە ئالانی گرتە باوەشی و نووساندی بەسنگییەوە. زۆری پێ نەچوو رووی قسەی کردە دایکم و وتی: حەمە ساڵح دەڵێ حەزدەکەم سەرداربکەم بەشەریکی خۆم. دایکم دڵی لێی شکابوو. خۆی لە قسەکەی گێل کرد و ئەوسا دایکم وتی: ئەوە سەردار و لە خۆی بپرسە

بزانە چی دەڵێ. من زانیم دایکم لێی پەستە و حەز ناکا. بەڵام بەزەییشم بەپوورمدا دەهاتەوە. وتم: پووریێ.. من سوپاسی تۆ و کاک حەمە ساڵحیش دەکەم. ئیشەکەی خۆم باشە و نامەوێ دەستی لێ هەڵبگرم. پوورم ئیتر لەسەری نەڕۆیشت. تەنیا وتی: تۆ بیرێکیشی لێ بکەرەوە. بیرم لێ کردەوە. ئاوی کانییەکە زۆر سارد نییە. پێم سەیرە! نازانم. من تەنیا هێندە دەزانم، کە دەبێ مەتارەکەمی لێ پڕ بکەمەوە. زۆرم لێ نەخواردووەتەوە. راستە. دوو سێ جار و هەر جارەی قومێك و دەم و قوڕگمم پێ تەڕ کرد. هەر راستە. بەڵام ئامۆژگارییەکەی مامۆستا خدرە و، جارێکی تر فەرامۆشی ناکەم. دەیوت: تەنانەت ئەگەر یەك قومیشت لێ خواردبووەوە، یا نینەیەکی لێ بەتاڵ بووبووەوە، هەر کاتێ ئاوت هاتە ڕێ، لە بیرت نەچێ پڕی بکەیتەوە. چونکە ئەو قومە و ئەو نینەیە لە کاتی خۆیدا، بایەخی پڕاوپڕی مەتارەکەی هەیە. لەمیشیاندا مارانگازم، راستە لە تینواندا نەخنکام. کەس لە رێگەوبانی ناو شاخوداخدا، لە تینواندا ناخنکێ. بەڵام ئازارێکی جەرگبڕم بەدەستییەوە چەشت. لە چاویدا مردنم بە ئاوات دەخواست. تۆ وەرە کێوێکی رووتەنی سەخت و پیایدا هەڵزنێ و بەودیویشیدا بەبێ ئاو رۆبچۆرە خوارێ. بۆچی؟. چونکە ئامۆژگارییەکەم فەرامۆش کردبوو. سۆفی و مامۆستا خدر، لە زۆر شتدا لەیەك دەچن. سۆفیش وتی: رێگەکەت بێ ئاو نییە. بەڵام لە هەر شوێنێکدا ئاوت دی، مەتارەکەتی لێ پڕ بکەرەوە. لە وەختی خۆیدا بەکەڵکت دێ. ئا.. با بەڵێنەکەم بەجێ بێنم. یەکێ کە بەڵێنی دا دەبێ بەجێی بێنێ، با بەسەر زمانی ناخیشدا هاتبێ. شکاندنی ئەم بەڵێنیان ستەمترە، لەوەکەی سەر زمانی ناو دەم. ئەویان لە ڕووە و راستەوخۆ سزای دەنۆشرێ و دەبڕێتەوە. لە کاتێکدا ئەمیان شاراوەیە و سزاکەی لە قووڵاییی دەرووندا یەق دەداتەوە. من ئەمەم لە تاقیکردنەوەی خۆمەوە بۆ دەرکەوتووە. بە ئاسانی دەتوانم بەو حاڵەتانەدا بچمەوە، کە بەسەرم هاتوون. لە دڵی خۆمدا بەڵێنم دا، هەروا بەسەرپێوە لابدەمە لای حەمەسەعی و ئاگەداری بکەم کە بەدەستەوەیە بیکوژن. هاوڕێی منداڵیم بوو. ئەگەرچی چەند ساڵێك بوو لە یەکتر دابڕابووین، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەچووە ئەقڵەوە ئەو تۆمەتەی دابوویانە پاڵی راست بێ. بۆ ئاقیبەتیش، کەس نەیدەزانی. کەچی بەلای قەلەندەرخانەکەیدا تێپەڕیم و لام نەدا. رۆژی دوایی هەواڵەکەم بیست. لە سەرەتادا سست بووم و وام هەست کرد کە ئیفلیج بووم. دەبوو بۆ ناشتنەکەی بچم بۆ سەرقەبران و نەمتوانی لە جێی خۆم ببزوێم. حەمەومین هات بۆ لام و بەتەوسەوە وتی: نایەیت بۆ ناشتنی هاوڕێکەی منداڵیمان؟.

وەرامم بۆ نەدرایەوە. تەنیا دوو چاوی پڕ لە فرمێسکم، بۆ هەڵبڕی و خێراش شۆڕم کردنەوە. هەستم کرد ئەو پاشەوپاش دەکشێتەوە. هەستم کرد لە دەرگەکردنەوە و رۆیشتنیدا، بۆ بەشداربوون لە ناشتنی حەمەسەعیددا، دەرگەی دۆزەخ لە من دەخاتە سەرپشت. شەو خەو نەچووە چاوم. رادەکشام بنووم و هەر هێندەم زانی هێڵنجێك لە ناکاوێکدا، وەك بۆمبایەك لە هەناومدا دەتەقێتەوە. شەپۆل بەرەو سنگ و قورگ و ناو دەمم دێنێ و بەدەم یۆعێکی پووتی خنکێنەرەوە، رام دەپەڕێنێتە سەرپێ. بەدوایدا لە ژوور دەردەفرتێمە دەرەوە بۆ حەوشە. لە هەموو جارێکیشدا، دایکی ئالان بەدوامدا رادەکا. راهاتبوو بەدەنگی بەرز نەگری. بەدیارمەوە کپ دەگریا و دەکڕووزانەوە نەیدەزانی باس چ باسە! من خۆم دەمزانی. هەموو جار بەدەم کڕووزانەوە دڵپروێنەکەیەوە دەیپرسی: چی بووە؟!. حەزم دەکرد وەرامی بدەمەوە و بڵێم: قێزم لە خۆم دێتەوە. لە خۆم دەرشێمەوە حەزم دەکرد بڵێم: من کوشتم.. ئا من کوشتم و نەمدەتوانی. لە بەرەبەیاندا کار گەیشتە، پەنابردنە بەر دوکتۆر و دوکتۆرکاری. دوکتۆر وتی: دەبێ بحەوێیتەوە. حەوامەوە. ئاسایی بوومەوە و مانگێکی پێ نەچوو وتیان: بەبێگوناه کوشتمان. شالآ نەیانوتایە. خراپتر. هەستەکە تیژتر لێم هاتەوە سوێ. کەوابێ هەر بەڕاستی من کوشتم. دەردێکی گرانە. زۆر کەس لەلایەن زۆر کەسانی ترەوە، چرای ژیانیان دەکوژێنرێتەوە، بێ ئەوەی هێندەی نووکی دەرزییەك، خراپەیان کردبێ!.. وا تێ دەگەم ئێستا باشە. با ئاوەکەی روون ببێتەوە، ئەوسا دەکەومەوە رێ. ئەگەرچی دوای ماوەیەك تێك دەچێتەوە، بەڵام من حەزێکی خۆمە و بەجێم هێنا. پێم ناخۆشە کانی و ئاو ببینم و دەستی پێدا نەهێنرابێ. هەرچەندە بینینیشی دەگمەنە. مەگەر کانییەکی تەریکی وەك ئەمە، کە هاتوچۆی بەسەرەوە زۆر کەمە. دەنا کانی و ئاو بەبێ دەست پێداهێنان نامێنێتەوە. ئەگەر لای من تەنیا حەزێك بێ، لای خەڵکی لادێ ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانە. مام فەتاح بۆی گێڕامەوە وتی: ساڵێکیان شەڕێکی گەورە لە نێوان دوو ئاواییدا، لەسەر ئەم مەسەلەیە قەوما. زەلامێکی تێدا کوژرا و دووی تێدا بریندار بوون. دوایی باش بوو مەلا و ریشسپیانی ئاوایییەکی تەنیشتیان، کەوتنە بەینەوە و هەراکەیان کۆتایی پێ هێنا. پێم وایە بەدەست پێداهێنانەکە، ئاوەکەشی زیاد کرد. وای دەبینم. وتم چارەکە سەعاتێك و وا بووە بەبیست دەقیقە. پێنج دەقیقە زیادە. چاکت نەکرد. باس لە پێنج دەقیقەکە نییە. ماوەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بایەخ لە مەغزاکەیدایە. ئەگەر بتوتایە بیست.. بتوتایە نیو سەعات، ئاسایی بوو. بەڵام

چارەکە سەعاتێك.. بینیت؟.. دەبینیت؟.. تەواو بندەستی. لە ئێستەوە ئیتر هەنگاو بەپیلکانەدا سەردەخەیت. دامێن تەواو. حسابەکەی سۆفی زۆر راست دەرچوو، وتی: برینی دامێن بۆ رێبواری ئاسایی هەتا چێشتەنگاوە. لە کاتێکدا بۆ تۆ کە پیشەتە و بەپەلەیت، زووتر دەگەیت. راست بوو. ئەی شاخ خۆی؟. وتی: ئەویش بۆ تۆ تا دەمەدەمی عەسری پێ دەوێ. – بەبێ ڕاوەستان؟. – بێگومان نا.. ئەوە لە توانای هیچ ئادەمییەکدا نییە. سێ حەوانەوەی سێ چارەکە سەعاتیم بۆ داناویت. تۆ بڵێی ئەم سۆفییە، تەنیا مجێورێکی خواپەرستی ئاسایی بێ؟. قەت لەوە ناچێ. سێ حەوانەوەی سێ چارەکە سەعاتیی بۆ داناوم. سەیرە!. هەست دەکەم بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، ئەوەی وتویێتی بیبەمە سەر. چۆنی ئامۆژگاری کردووم، وەها بکەم. بۆچی؟. هەر سەیرە!. بەیانی کە هاتم بکەومە رێ و خواحافیزیی لێ بکەم، بەسۆزێکی بێ وێنەوە ئەملا و ئەولای ماچ کردم و بەڕێی کردم. سۆزێکی بەجۆشتر لەوەکەی مامۆستا خدر. لەبەرماڵی پیرەمێردەکەشدا وەختێ وتم: میوانی سۆفی رەحمان بووم و بەدەمییەوە ئاورێکم بۆ خوارەوە دایەوە، وام هاتە بەرچاو کە دەیبینم، لەسەربانی مزگەوتەکە راوەستاوە و رووەو من دەڕوانێ!.. گەماڵەکە تەنگەتاوی کردبووم. بەمنداڵی زۆر لە سەگ دەترسام. تا ئێستاش ئەو ترسەم لە کۆڵ نەبووەتەوە. هەرهێندەی لە ئاوایییەك نزیك دەبمەوە، لە ناخمدا سەرهەڵدەداتەوە و دان بەخۆمدا دەگرم. وەها هەنگاو دەنێم، وەك سەربازێك بم و بەرەو ناوجەرگەی شەڕێك بچم. قیروسیای لێ دەکەم و ملی پێوە دەنێم. زۆری پێ ناچێ دەدرێمە بەر شێلگەی حەپەحەپ. دەڵێی تۆپباران دەکرێم. لە ئەنجامیشدا سەلامەت دەردەچم. خۆ من نە لە منداڵیمدا و نەبەگەورەیی، هیچ سەگێك نەیگەستووم. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر دەترسم. دەزانم دەبێ لە گەستنی سەگ نەترسم. دەزانم دەبێ لە گستنی سەگی دووپێی وەك، ئەحەی گوڵناز بترسم. تۆ ئەوەت لە بیر چووبووەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، لە کۆڕێکی برادەراندا بەدرۆت خستووەتەوە و تەریقت کردووەتەوە. کەچی ئەو لە عۆیەیدا، وەختابوو وەك مار پێتەوە بدا. تۆمەتێکی وەهای دایتەپاڵ، کە ئەگەر مامۆستا خدر بەفریات نەکەوتایە و پووچی نەکردایتەوە، خراپ تووش دەبوویت. ئەو سەلماندی کە بوختانە و ئینجا بوختانکاریشی بەسزای خۆی گەیاند. ویستیان سزایەکی قورسی بدەن. من خۆم شەفاعەتم بۆ کرد. حەز ناکەم ببمە هۆی ئازاردانی هیچ کەسێك، تەنانەت ئەگەر بووبێتە هۆی ئازاردانیشم. دەزانم ئەمە سیفەتێکی باش نییە. چونکە زۆرم لەسەر

کەوتووە و زۆریشم لەسەر دەکەوێ. تووشی گەلێ گێچەڵ و گرفتی کردووم. بۆم بووەتە هۆی زۆر ئەرك و ئازار و بەدەست خۆم نییە وەها خولْقاوم. دەزانم ئەگەر بەزیرەك و وریا و کارامە نەناسرامایە، ئەم سیفەتەم لە باتی دڵپاکی، وەك گەلحۆیی دەدرایە پاڵ. ئەمەش قسەی خۆم نییە. جارێکیان ئازادی مام برایم گەیشتە تینی و بەگوێمیدادا. وتم: دەتەوێ وا نەبم؟. وتی وا تێ دەگەم. وتم: دەبێ بچمەوە سکی دایکم و جارێکی تر لەدایك ببمەوە. دەکرێ؟. وتی: هیچمیان لە هیچ. چۆنیت هەروەها بەو گرنگ ئەوەیە کە گەلحۆ نیت. تۆ بڵێی گەلحۆ نەبم؟!. خوا هەڵناگرێ سۆفی وەهای نەوت. سۆفی وتی کە دەبێ وریای رێگەکەبم و بزری نەکەم. بزرم نەکردووە. شوێنەواری ئاشکرا و روون دیارە. بەرەکەتم لە سمی وڵاخە. دەنا تووڵەڕێ بەئاستەم تووڵەڕێیە. هێندەم نەماوە دامێن بنبڕ بکەم. ئەی لە کوێوە سەردەکەوم؟. دەشێ لەو ئاودڕەوە بێ؟. لەوە ناچێ. ئاودڕ وا رووەو لای شانی راستمە و رێگە بەرەوپێش دەڕوا. ئێ ئاخر بەرەو پێش دیوارێکە رووەو ئاسمان هەڵکشاوە. بەکوێیدا سەردەکەوم؟. ئا.. دەرسەگەی منداڵیت.. ئەویان بەپێچەوانەی ئەمیانەوە بوو. لەگەڵ مامە سالەتدا لە سەگرمە، رێگەتان لێ بزر بوو. وەرز بەهار بوو وەك ئێستا. بۆ کرپچنە دەچوون. نزیك لووتکە بووبوونەوە. ئەو بڕیاری دا بگەڕێنەوە دواوە و لەگەڵ شارەزایەکدا رێگە بگرنەوە بەر. تۆ سەرت سوڕما. وتت: ئەوەتا ئێمە نزیکی لووتکەی شاخین. بۆچی سەرنەکەوین و لەوێوە، دانەبەزینە خوارەوە؟!. ئەو بۆت پێکەنی و وتی: ئاخر بابە گیان.. کێ دەڵێ بەودیودا وەك دیوارێك نییە؟. من لە دڵدا باوەڕم بەقسەکەی نەبوو. گەڕاینەوە خوارەوە. بۆ بەیانی لەگەڵ کەروبارێکدا کەوتینەوە رێ. کە گەیشتینەجێ، مامم وتی: بڕوانە.. ئەگەر دوێنێ بەقسەی تۆ بهاتینایە، دەبوو بەو دیوارەدا شۆڕ ببینە خوارەوە کە دەیبینیت. دەمانتوانی؟. ئێستاش وا رێگە روو لە دیوار دەکا. من دەبێ جڵەوی خۆم بدەمە دەست رێگە. کێ دەڵێ بەپلیکانەیەکدا بەدیوارەکەدا سەرم ناخا؟!. گرینگ ئەوەیە رێگە ون نەکەم. لە رێگە لانەدەم. لەناو شاخوداخدا، ئەنجامی لە رێگە لادان خراپ دەشکێتەوە. باوکم جارێکیان بۆی باس کردم وتی: ئەوەی بۆتی دەگێڕمەوە لە باوکمی رووداوە و لە زاری خۆیم بیستووە. وتی: وەختێ بەخۆدا هاتم و فامم کردەوە، روانیم بەشێوەیەکی سەیر شێت و شەیدای شاخم. روانیم هەر هێندەی رۆژم لێ دەبێتەوە، لە ماڵ دەردەفرتێمە دەرەوە و دەکەومە هەڵزنان بەکێوەکانی چوار دەوری ئاواییدا. تا وای لێ هات ئەوە بووە پیشەی شەوانیشم، بەتایبەتی شەوانی مانگەشەو. کە زیاتر فامم

کردەوە لە خۆم کەوتمە گومانەوە. رووی پرسیارم لە دایکم کرد وتم: دایکە.. من بۆچی وەهام؟. دایکم بۆم پێکەنی. وتی: بۆچی کەس لەسەر ئەم کردەوەیەت تانووتی لێ داویت؟ وتم: نا... بەڵام خۆم سەرم لە خۆم سوڕماوە کە بۆچی وەها شەیدای شاخ و کێوم!. ئەوسا دەستێکی سۆزی بەسەرمدا هێنا و بەزەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: کوڕە شیرینەکەم.. باوکیشت.. باپیریشت.. باپیرە گەورەشت هەر وەك تۆ بوون. ئەم شەیداییەت لە باو و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. کوڕی شاخیت. دەزانیت یەکەم جار لە کوێدا چاوت بەژیاندا هەڵێنا؟. ئا لەسەر ئەو لووتکەی پیرەمووژەیە. لەژێر کانییەکەی ژێر داربەڕووەکەدا. مامە کەریمت ژنی دەهێنا. باوکت زۆری لێ کردم کە منیش دەبێ لەگەڵیاندا بچم. وتم: من مانگی خۆمە و چاکتر وایە نەیەم. بێ سوود بوو. بردمی. لەوێدا ژان گرتمی و تۆم بوویت. من هەقایەتەکەم زۆرجار دەهاتەوە بیر. بەتایبەتی کە بۆ سەفەر یا بۆ سەیران رێم دەکەوێتەوە ناو شاخوداخ. ئەوسا ئەو گەرایەی لەباپیرانمەوە بۆم مابووەوە، لە دڵمدا چرۆی دەکردەوە. حەزم دەکرد بەرەڵای دامێن و قەدپاڵ و ترۆپکەکانیان ببم و بست بەبستیان بەپێ تەی بکەم. بەڵام بۆم نەدەلوا. تا رۆژان هاتن و رۆژان تێپەڕین و خوا کردی ئەوەی حەزم لێ دەکردو بۆم نەدەلوا، بووە ئەرکێکی سەرشانم و بووە پیشەم. خۆشە مرۆڤ ئەرکێکی وەهای بخرێتە ئەستۆ، کە عەشقێکی لە دڵدا بەرامبەری هەبووبێ. ئا.. ئەوەشم فەرامۆش نەکرد، کە لەگەڵ هەڵکەوتنی یەکەم فرسەتدا، لابدەمە سەر ترۆپکی پیرەمووژە و ماوەیەك لەسەر ئەو کانی و ئاوە دابنیشم، کە باپیرم لە تەنیشتییەوە بۆ یەکەم جار چاوی بە دنیادا هەڵێنابوو. یەکێك بوو لە ساتە هەرە شیرینەکانی ژیانم. وەختێ هاتمەوە خوارەوە بۆ ناو ئاوایی، ویستم بچمە سەر گۆڕەکەی و مزگێنیی بدەمێ، کە وەجاخی روونە و شوێنی حەزەکەی کوێر نەبووەتەوە. بێ سوود بوو. باوکم هەر لە هەرزەکارییەوە، خۆی و سەرجەمی خێزانە بچووکەکەی کردبووە شاری. دوو سێ خزمی دایکمم دۆزینەوە. ئەگەرچی بەناسینم زۆر پێخۆشحاڵ بوون، بەڵام لە ناسینەوەی گۆڕی باپیرمدا بێ خەبەر بوون. زیاد لە پەنجا ساڵ بەسەر مردنیدا رابردبوو. تا ئێستا هەر کە رێم دەکەوێتە ئەوێ، تەقەلا دەدەم سەرێك لە پیرەمووژە و لە کانییەکەی ژێر داربەڕووەکەی بدەم. هەر کە دەیگەمێ و دادەنیشم، ساتە هەرە شیرینەکەم لەلا دووپات دەبێتەوە مەست دەبم. گەشکەیەکی ئەفسانەیی سەراپای دڵ و دەروونم داگیر دەکا. ئەوە لە ساتی حەوانەوەدا روو دەدا. دەنا من قسەی خۆمان بێ، شاخ زۆر ماندووم دەکا. بگرە زۆرجار

راز و گلەییشمان دەکەوێتە بەینەوە. هیچ دوور نەڕۆین، ئێستا ئەوەتا فەرمووو.. خۆ خۆت چاك دەزانیت من چەندم پەلەیە. خۆ کفر نابێ تۆزێ خۆتم بۆ نزم بکەیتەوە و ئەوەندە ماندووم نەکەیت!. کەچی نایکەیت. ئێ باشە بۆچی؟. ها؟.. چۆن؟!.. مەراییت بۆ بکەم و لەبەرت بپاڕێمەوە؟!. ئینجا چییە!.. زۆر باش دەیکەم. چونکە دەزانم خۆم پێی سەربەرز دەبم. فەرموو گوێ بگرە... (دلۆلۆ.. ئەمان دلۆلۆ.. ئەمان ئەم چیایەم گەلەك سەخت و بڵندە. ئەمن ئەوڕۆ لە سبیانێوە نواڵە بەنواڵە لێم گرتیتە بەر ڕێی کەشکەلانێ. لێم لەبن نایە خەرەند و ڕژد و ڕەوەز و هەڵەمووتانێ. ئەمان چیایۆ لە منت نەکەوێ. ئەمن عیشقی تۆ لە سەرمی دایە ، لەبۆ سەربڵندیی تۆ گرتیمە بەر ڕێی هاتونەهاتێ. ئەمن تەنێ گورێکم لە باخێ و لە درمدایە ئاخێ. کەنگی چیایۆ کەنگێ دەمکەیە تاجی سەری خۆ. ئەمان لە منت نەکەوێ. دەبرێ بەو ترۆپکی سەر لە کەشکەلانەی.. دەبرێ بەو عاشیقەی بەم دەرە بوارەی هاتیتە بەر دەرکی مە.. دەبرێ...)... دەبڵێ.. ئای!.. ڕێگە!.. کوا ڕێگەکە؟!.. کوا؟!..

٢

که بە ئاگا هات، لە جێی خۆی قاچی بەزەوییەکەدا داکوترابوو. حەپەسانەکەی لە ڕادەی وڕبووندا بوو. وڕبوونی مرۆڤێك و لەشیرین خەودا، بەسەر کارەساتێکی سامناکدا ڕاچڵەکێنرابێ. هەستی دەکرد تەمێك کەوتووەتە سەر چاوی و بەری بینایی لێ لێڵ دەکا. لێڵاییەکەی زۆر بەزەحمەت و بەهێواشی، لێ ڕوون دەبووەوە. لای ستەم بوو باوەڕ بەچاوی خۆی بکا. ئاواتێ لە دڵیدا دەبریسکایەوە و ئەو هیوایەی پێ دەدا کە ئەوەی بەچاوی دەیبینێ ڕاست نەبێ و بێ سوود بوو. لەو ساتەدا بینایی ئاڕاستەی بەرپێی بوو. زۆر بەڕوونی دەیبینی. هیچ شوێنەوارێکی ڕێگەی پێوە دیار نەبوو. بست بەبست بەشێنەیی بینایی بەرەوپێش خستە ڕێ. هەنگاوێك و دووان و دە و هیچ دیار نەبوو. بەدوایدا بەخێرایی تێپەڕاند. هەر زوو لەگەڵ دیوارەکەدا یەکدگیر بوونەوە. وازی هێنا و بەپەلە بۆ دواوە وەرچەرخا. بەوردی لە بەرپێیەوە بۆ بەرەوخوار هەڵی ڕوانی. تا ماوەی بیست سی هەنگاوێکیش، هیچ شوێنەوارێکی بەدی نەکرد. لەوێ بەولاوە ئیتر، شانی ڕەوەزێك بەرچاوی دەگرت و ئینجا بەودیویدا، بەقەدپاڵی هەورازێکەوە، جەمسەری بەدی دەکردەوە. لە دڵدا بەمەزەنە وردی کردەوە وتی: (زۆر دوور نەکەوتوومەتەوە، ئەودیو ڕەوەزەکە ئەنجامم دەداتێ.. دەمخاتەوە سەر ڕێگە).

وەك بڵێی حەپەساوە ورەکەی ساتەکانی پێشوو، ئانوسات مزگێنیی ناڕاستیی کارەساتەکەی درابێتێ، بەرەوخوار تەکانی بەجەستەی دا. بە چەند قەڵەمبازێك خۆی گەیاندەوە ئەودیو رەوەز. هەروا دەپازدە هەنگاوێك بەولاترەوە، شوێنەواری توولەڕێی بەدی کردەوە. بەبینینەوەی گەشکەیەك دای لە هەناوی. گەشکەکە هەستی شڵەژانەکەی، لە دەروونەدا رەواندەوە. لەو ساتەدا لە گرتنەوەی جەمسەر بەولاوە. هیچ باسێکی تری لە بیر و هۆشدا نەبوو. بەدوو سێ قەڵەمبازی تر، گەیشتەوە سەری. هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. دەتوت سەری خۆی ون کردووە و پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ، سەرلەنوێ دۆزیوێتییەوە. بۆی دانیشت. هەناسەیەکی پڕ لە حەوانەوەی دا. تەواو خۆی هێمن کردەوە. کە هەستی کرد چووەتەوە دۆخی ئاسایی، راپەڕییەوە سەرپێ. لە دڵدا وتی: (لەم ساتەوە بیر و هۆشم لە هەسان دەدەم. هەر چاوێکم دەکەم بەهەزار. هەنگاو بەهەنگاو ئامۆژگارییەکەی سۆفی رەحمان، لە مێشکمدا دەجوومەوە. دەبێ زۆر.. هێجگار زۆر ئاگەداربم).

کەوتەوەڕێ. بەڵام وەها هەنگاوی دەنا، کە دەتوت بۆ دەرزی دەگەڕێ. چاوی بەزەوییەکەدا دادەچەقاند. چاك تێی ورد دەبووەوە. تەواو دڵنیا دەبوو، ئینجا قاچی بەرز دەکردەوە و هەنگاوی دەنا. لەم وریاییەی خۆی دڵخۆش دەبوو.

تا لە ناکاو بەخۆی وت: (جا ئەگەر وەها بڕۆیت، بۆ سبەینێ ناگەیتە جێ!). لەوەدابوو تەکان بەهەنگاوی بدا و نەیهێشت. خێرا جڵەوی خۆی گرتەوە. وتی: ( نەکەیت.. با لە چورتمەکە رزگارت ببێ، ئەوسا هەیپێی لێ بکە).

رۆیشت. چواردە پازدە هەنگاوێك رۆیشت و لە جێی خۆی چەقییەوە. شوێنەوار دیسان دەکوژایەوە. خورپەیەك دای لە دڵی. باش ورد بووەوە. بست بەبست دەیگرت و چاوی پێدا دادەچەقاند. نەبوو. سەری بەرز کردەوە و روانییە ئەولاتر و ئەولاتریش. بێ سوود بوو. هیچی بەدی نەکرد. بەلای شانی چەپ و شانی راستیشدا تا چاوی بڕی دەکرد، هەڵی ڕوانی و ورد بووەوە. هەر نەبوو. تەوژمێکی پەژارە و خەفەت، لە هەناویدا قوڵپی دا و رژایە دەروونییەوە. بەدەمییەوە بەدەوری خۆیدا، کەوتە سووڕانەوە و هەڵڕوانین و وردبوونەوەیەکی بێهوودە. دوو جار گەڕایەوە دواوە و پێداچووەوە و هەر بەهەمان ئەنجام گەیشت. بەدوایدا لە جێی خۆی داڕمایە سەر زەوی. چوارمەشقی دانیشت و دەستی خستە ژێر چەناگەی. تەواو ورەی بەردا. لەدڵدا دەیوت: (ئێستا من چی بکەم؟!.. ها؟!.. چی بکەم باشە؟). بۆ ماوەیەك بەو جۆرە راما. جارێك و دە و سەد،

پرسیارە بێ وەرامەکەی لە خۆی کردەوە. تا لە ناکاو لە تەپەتەپی دڵی بەئاگا هاتەوە. ئەوسا تینی دایە بەرخۆی و وتی: (نامەردت نەکەن!.. خۆ ئەمە یەکەم جارت نییە، تووشی گرفت دەبیت. دەبێ چارەسەرێکی هەر بۆ بدۆزیتەوە. هیچ گرفتێك نییە چارەسەری نەبێ). بزەیەکی خاوی کەوتە سەر لێو و ڕاپەڕییە سەرپێ. چاوێکی تری بەدەوروپشتیدا گێڕا و وتی: (ئێ خۆ لە بیاباندا نیم!.. ئەو تاشە بەردە.. ). بەدەم پێکەنینێکی متەوە هەنگاوی نا و هەمدیس وتی: (هەر دەیدۆزمەوە. ماوەیەك دوا دەکەوم با دوا بکەوم. ناچارییە. گرینگ ئەوەیە پێش بانگی خەوتنان بگەمە جێ و راسپاردەکە رابگەیەنم).

شێتانە بەرەو پێش هەنگاوی نا. سەد و پەنجا شەقاوێك ڕۆیشت و بەهیچ ئەنجامێکیان نەگەیاند. بەلای چەپدا بەرەو خوار داگەڕا. بەدەمییەوە تا چاوی بڕی دەکرد، بەڕاست و چەپدا هەڵی ڕوانی. پتر لە دوو سەد شەقاو ڕۆچووە خوارەوە و هیچ شوێنەوارێکی تووڵەڕێی نەدییەوە. لەوێوە جارێکی تر بەرەوژوور هەڵگەڕایەوە. گەیشتەوە هەمان شوێنی پێشووی. شەپۆلێکی تری ورەبەردان زۆری بۆ هێنایەوە. تەمێکی خەستی پەژارەواری سەر و ڕووی داگرتەوە. بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا. دەیزانی پتر تەنگەنەفەسی شڵەژان و پەشۆکانە، نەك ماندووبوون. ماوەیەك بە وڕوکاسی لە جێی خۆی راما. دوو چاوی گێژوویژی بەبێهوودە بەچواردەوری خۆیدا دەگێڕا. ئارەقێکی گەرمی لینج، چۆڕاوگەی بەستبووە ناوچەوان و لاملی و بەپشت و سنگیدا ڕۆدەچووە خوارەوە. لە ناخدا زۆر تەنگەتاو بووبوو. روو لەوەبوو داڕمێتە سەر زەوی و چوارمشقی بۆی دابنیشێ. نەیکرد. سەرنجی راکێشا. خۆی بۆ بەکێش کرد. سەرکەوتە سەری.

وەهای لە دڵدا نەبوو بچێ لەوێوە هەڵبڕوانێ و بۆ شوێنەواری ڕێگە بگەڕێ. بۆ ئەوە چوو لەوێ دابنیشێ، کەمێ بحەوێتەوە و بیرێك لە وەزعی خۆی بکاتەوە. بەڵام بەبێ ئاگا، هەر چاوێکی کردەوە بەهەزار و سووڕێك بەوردی بەدەوری خۆیدا گێڕاینییەوە. هەمدیس هیچی لێ هەڵنەکڕاند. تەنانەت کە رووەو ئاوایی راوەستا و تەقەلای دا بەبینینی ئاهێکی پێدا بێتەوە و بۆی ببێتە تروسکەی ڕێنوێنییەك، هەر بێ سوود بوو. چونکە نەك تەنیا ئاوایی، بگرە هیچ شوێنەوارێکی ئاوەدانیشی بۆ بەدی نەدەکرا.

ئەوسا تەوژمی شڵەژان و پەشۆکانە دەروونییەکەی لێ خاو بووبووەوە. چۆڕاوگەی ئارەقە گەرمە لینجەکە گیرسابووەوە و بەسەراپای جەستەیدا، رووی لە ساردبوونەوە و

مەیین کردبوو. بووبووە بەڵغێك بەسەر پێستی لەشیدا و هەستی دەکرد پێستی گرژ بووە. ئەمەی بەلاوە ئاسایی بوو. گوێی نەدایە. دانیشت هەگبەکەی لە پشتی داماڵی و لە تەنیشت خۆیەوە داینا. دەستی برد بۆ کەمەری و مەتارەکەی لێ کردەوە. نای بەدەمییەوە و تێر ئاوی خواردەوە. مەتارەی خستەوە لاوە و بەتام و کامەوە دەمی مڵچاند. بەدوایدا دەستی برد بۆ بەرباخەڵی. پاکەت و شقارتەکەی دەرهێنا. جگەرەیەکی داگیرساند و بەپەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. بەدەمیەوە تاس بردییەوە. بۆ خۆی و خوای خۆی دەدوا. دەیوت: (ئێستا من چی بکەم؟.. من دەبێ چی بکەم؟!. تا ئێرە سێ سەعات و نیو ڕێگەم بڕیوە. ئاخۆ بگەڕێمەوە ئاوایی و لە نووکەوە پێدا بچمەوە؟. ستەمە!.. سێ و نیو گەڕانەوە و سێ و نیوی تر هاتنەوە!. واتە حەوت  سەعات. یانی لە دەوروبەری عەسردا دەگەڕێمەوە ئێرە!. باشە ئەی کەی دەگەمە جێمەقسەد؟!. نزیکی نیوەشەو؟!. مامۆستا خدر وتی: پێش بانگی خەوتنان.. من دەبێ پێش بانگی خەوتنان بگەم. بەڵام بەم پێیە ئەگەر خۆشم بپڕووکێنم هەر ناگەم. کەواتە دەبێ گەڕانەوەم بۆ ناو گوند تەواو لەحساب دەربکەم. ئەمەیان هیچ).

بۆ ماوەی چەند ساتێك مێشکی لە کار کەوت. هیچ بیروڕایەکی تێدا نەدەبزوا. وشك هەڵاتبوو. کە کەوتەوە کار، لێوی مڵچاندو سەرێکی لەخۆی بادا.. (ئەرێ چی بکەم؟!).. چەند ساتێك لە پرسیارەکە راما و لە ناکاو، سەری بەرز کردەوە و قیت رای وەستاند... (بەڵکو شوانێك، جووتیارێك، ڕێبوارێك بەدی بکەم. چەندە دووریش بێ بەڕاکردن خۆمی دەگەیەنمێ. با سەعاتێك.. با دووسەعاتی پێ بچێ، باشترە لە گەڕانەوە بۆ ئاوایی).

بەدڵی بوو. ڕاپەڕییە سەرپێ. هەر چاوێکی کردەوە بەهەزار و لەسەرخۆ، وردورد بە چواردەوری خۆیدا کەوتە سووڕانەوە و هەڵڕوانین. هێندە بەپەرۆشەوە بوو کە جارناجار چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. تارماییی هەر شتێکی لە دوور بەدی بکردایە، لەسەری دەوەستا و سروەی هیوا دەیدا لە ناخی. چاوی بۆ دادەپچڕی و دەیویست هیوای لێ بێنێتە دی. کەچی سروەکە خێرا رادەبورد و بەدوایدا وتەی (نییە!..) کسپەی لە دەروونی هەڵدەستاندەوە. دوای دوو جار سووڕانەوە بەدەوری خۆیدا، بەکەساسییەکەوە لە جێی خۆی دادەنیشتەوە. سەرێکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە. بێ ئەوەی بزانێ سەعات چەندە، دەستی دانەواندەوە. ئانیشکی دەستی راستی نیشاندە سەر

رانی. چەناگەی لێنایە ناو لەپ. بەجەستە متوخامۆش بوو. بەڵام بەناخ دەقرچا.. (گەڕانەوە بۆ گوند بێ سوودە. شوان و جووتیار و رێبواریش هیوایەکی پووچە!... ئەی چار چییە؟!..). چەناگەی لەناو لەپ لادا. ناو دەم و قوڕگی وشك هەڵاتبوون. دەستی بردەوە بۆ مەتارە و نای بەسەرییەوە. قومێکی لێ خواردەوە و قومێکی بچووکیشی لە دەمیدا هێشتەوە. بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست غەرغەرەی پێ کرد. ئەوسا بەرقەوە پفی کردەوە بەردەمی و بەدەنگی بەرز وتی:

– چار چییە؟.

چاوی بەشاخەکەی بەرامبەریدا روا. چاوی لە بینین کەوت و مێشکی لە کاردا بوو... (دەبێ چارەیەك هەر بدۆزمەوە. دەبێ ئەگەر باڵم بەخۆم گرتووە، لە وەختی خۆیدا بگەمە جێ. ئا... چۆنە باڵ بەخۆم بگرم؟.!). بەدوایدا سەری بەلای چەپدا وەرچەرخاند و لەگەڵیدا چاوی کەوتەوە بینین. ئاراستەی ئاودڕەکە بووبوو. چاوی زۆر لەسەر رانەگرت. زوو رووی لێ وەرگێڕایەوە. حەزی نەدەکرد بیری بەلایدا بچێ. لە دڵدا وتی: (کێ دەڵێ سەرم دەخاتە سەرەوە!. یا وا سەریشی خستم، کێ دەڵێ بەودیویدا رێگەی چوونە خوارەوەم دەبێ!. نایکەم.. دەبێ چارەسەرێك بدۆزمەوە کە گەیشتنم مسۆگەر بکا).

دۆش داما. مێشکی خۆی زۆر هەڵووشی و گرفتەکەی بەگەلێ باردا هێناوبرد. نەگەیشتە ئەنجام. بایدایەوە سەر رێکەوتی بینینی شوان و جووتیار و رێبوارەکە. هەڵسایە سەرپێ. سەرلەنوێ بەدەوری خۆیدا، جارێك و دووان و سیان خولایەوە و ورد هەڵی ڕوانی. هەر بێ سوود بوو. وازی لەوە هێنا. بەلای راستیدا وەرچەرخا و کەوتە چاوگێڕان بەدوای شوێنەواردا.

ئەم تەقەلایەشی ئەنجامی نەبوو. ئەوسا هەستی کرد مێشکی خەریکە دەتەقێ. چوارمشقی لە جێی خۆی دانیشتەوە. بەدانیشتنەوە ئۆقرەی نەگرت. قاچی لێ ڕاکێشا و لەسەر گازی پشت پاڵ کەوت. هەستی کرد حەز دەکا بچێتە شیرین خەوێکەوە و لەو ئازارە دەروونییە رزگاری ببێ. بەڵام بۆی نەلوا. لە دڵدا هەر دەکوڵا. مێشکی دەجەنگا و بۆ چارەسەر دەگەڕا...

– (چار نییە؟!.. چی بکەم؟!..).

پرسیارەکەی لێ بووبووە پەپکوڵێك و دەچەقییە گوڵمی مێشکی . هەستی کرد سەری

بەسەر ملییەوە هەڵدەئاوسێ و قورس دەبێ. هەستی کرد لەوەدایە شریخە بدا وەك بۆمبایەك بتەقێتەوە. لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا. هەڵسایەوە و دانیشت. لای کردەوە بەلای چەپدا و سەرنجی دایە ئاودڕەکە. ئەم جارە سەرنجی لەسەر ڕاگرت. بۆی شل بووبوو. بیر و هۆشی روو لەوە بوو لەنگەر وەها بگرێ، کە چارەسەر تەنیا لای ئەو بێ. وەك بیەوێ ڕێگەی دۆستایەتیبەستن لەگەڵ حووجێکدا بگرێتە بەر، بۆی ڕاپەڕییە سەرپێ و ڕووبەڕووی ڕاوەستا. بە سەرتاپایدا بەوردی هەڵی ڕوانی. لە دڵدا وتی: ( بەسەرزاری پشتی پێدەبەستری. جەستەی لە رووە. حووجێکە و بێوەی. بەڵام بۆ ناوەوە، چارم ناچارە. دەبێ بیدەمە دەست ئانوساتی خۆی. ئەگەرچی باوەڕیش ناکەم هیچی تێدا شاردبێتەوە. بەچاوی قودرەتیم دەبینم).

ئەوسا تەواو هێور بووبووەوە. چاوی گەش دەیڕاونی. مێشك و بیر و هۆشی روون فەرمانیان دەدا... (تاقە چارەسەرێکە. چاکتر وایە لەوە زیاتر لەسەری نەوەستیت و کات بەفیڕۆ نەدەیت). سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. هەگبەکەی لە پشتی چەسپاندەوە. مەتارەکەی لە کەمەری توندکردەوە و ملی پێوەنا.

٣

[.. هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو بۆ دواوە!. دیارە لەوەی لێ ڕووداوم. کە ئەم پێ دادەنێم، تا ئەویان هەڵدەگرم و پێشی دەخەم، ئەمیان ڕۆدەچێتەوە شوێنی ئەویان. هەقایەتی مێشە. بابە خوام بەهەقە و ڕزگارم بکە. دەڵێی بەتایبەتی و بەهەڵبژاردە، کۆکراونەتەوە و بەسەدان گەلابە هێنراون و لێرەدا هەڵڕێژراون، ئاخۆ بەمەزنە ژمارەیان چەندبێ؟. – دە ملیۆن دەبێ. – چەند؟. – دە. – دەیکەمە گرەو سەد دەبێ و زیاتریش. تۆ بڕوانە.. سێ کوچکەیەك و بەدەمی ئاودڕەکەدا شۆڕبووەتەوە. دەی باشە.. دوو سەد هەنگاو بەملادا و دووسەد بەو.. ئەی ئەرێ بەڕاست، تۆ بۆچی خۆت خستە داوییەوە؟. خۆ دەتتوانی پێچێکی پێدا بدەیت و لەو تەرتە لەعنەتییە خۆت لابدەیت. چاوت لێیە تەماع چۆن تووشی کردیت؟. وتت چارەکە سەعاتێك کاتم بۆ گل دەداتەوە. کەچی ئەوەتا دوو چارەکە سەعاتت لە کیس دەدا. ئەمە هێشتا سەرەتاتە. خوا دەزانێ تووشی چیی تریش دەبیت. – یانی مەبەستت چییە؟. دەتەوێ ورەم پێ بەربدەیت و پاشگەز ببمەوە؟. نابمەوە. بڕیارێکە و داومە. بەناچارییش داومە و لێی پاشگەز نابمەوە. هەر لێی دەردەچم و کۆتایی پێ دێنم. بۆ کوێ دەچێ؟. خۆ سیحر نییە تەرتە

و تاتەبەرد. وا رۆیشتنم بەمیشدا تاقی کردەوە. تاقیکردنەوە ئەگەر ئەقڵی لەگەڵدا بەکار هێنرا، دەبێتە مامانی داهێنان. داهێنانیش خستنەکاری هەرچوار پەلە. ئا.. ئەئاوا.. من سەر لەو تێك دەدەم. دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێك بۆ دواوە. قاچ گیر نابێ راستە. بەڵام خۆ چنگ و نینۆك گیر دەبن. برۆ.. گرەوت بردەوە. خۆت گەیاندووەتە ناودەمی ئاودڕەکە. تەواو ماندوویت، دەزانم. سەراپای جەستەت نیشتووەتە سەر ئارەقێکی گەرمی لینج، دەزانم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گوێ مەدەرێ. لەم ساتەوە ئیتر بە ئاودڕەکەدا هەڵدەزنێی. ستەم لێرەوە دەست پێ دەکا. تۆ بەلاڕێدا سەردەکەویت. سەرکەوتنیش بەلاڕێدا، لە بابەتی شکاندنی تەلیسمێکی، رۆژگاری تەلیسم و تەلیسمکارییە. مام برایم وەهای تێ گەیاندیت. پیاوێکی سەیرە!. نەخوێندەوارێکی بلیمەتە. بلیمەتییەکەی لە دنیادیدەییەکەیدایە. ژیانێکی هێندە پڕوچڕ لە کارەسات و بەسەرهات ژیاوە، کە مرۆڤ سەرسام دەکا. من ئەوە دوو ساڵ و نیوە دەیناسم و پێکەوە تەتەرین. دوو ساڵ و نیوە بەزنجیرە بۆمی دەگێڕێتەوە و هێشتا لەبن نەهاتووە. دەستێکی باڵاشی لە هەقایەتخوانیدا هەیە. دەیخاتە قالبی هەقایەتە کۆنەکانی گوێ ئاگردانەوە. سەرنجیشم داوە کە تەنیا بۆ منی دەگێڕێتەوە. هەرهێندەی لە ژوورەکەی بارەگادا یەکدگیر دەبینەوە و شەو دادێ، ریزی پێوە دەگرێتەوە. هەموو جار مەلا سمایلم دێنێتەوە یاد. چاخانەیەکی تەنگەبەری سەر جادەی سابوونکەران. کورسی و مێزێك لە بنەوەیدا دانراوە. کتێبێکی گەورەی قەبارەی ئەستوور لەسەر مێزەکەیە. ناو چاخانە سیخناخە لە خەڵك و بەڕیز دانیشتوون. منداڵانی گەڕەك بەر دەرگەکەیان تەنیوە. من لە ڕیزی پێشەوەیاندا جێی خۆم گرتووە. هەموو بەپەرۆشەوە چاوەڕوانین. مەلا لە وەخت و سەعاتی خۆیدا سەردەکەوێتە سەرەوە. هەموو دەزانین لە کوێدا راوەستابوو. ئەویش هەر دەزانێ و لەوێوە دەست پێ دەکاتەوە . لە سەرەتاوە لەسەرخۆ. بەدوایدا وردەوردە دەنگی لێ هەڵدەبڕێ. تا لە ناکاو دەگاتە پۆپەی دیمەنێکی کاریگەر. مشتەکۆڵەیەکی توند بەمێزەکەدا دەدا و دانیشتووان هەموو رادەچڵەکێنێ. منیش رادەچڵەکێم. ئینجا بۆ رۆژی دوایی، منیش مشتەکۆڵە بەتەنەکە خۆڵەکەی بەردەممدا دەدەم و هاوەڵەکانی کۆڵانەکەی خۆمان رادەچڵەکێنم. رۆژانێکی خۆش بوون. مەلا سمایلێك بووم بۆ خۆم. ئەو لە کتێبدا دەیخوێندەوە و من لەبەر دەموتەوە. دواییش بەکردار پێم دوویات دەکردنەوە. قالەی مام رەسووڵ دەبوو بە رۆستەمی زاڵ. ئاخۆ ئیستا کوێ کەوتبێ؟!. لە رۆستەمییەوە بۆ پۆلیسی و ئیتر نەمزانی چی بەسەرهات. جارجار کە بەلای

دووکانەکەی باوکیدا رادەبوردم، هەواڵیم لێ دەپرسی. کە ئەو مرد، ئیتر هیچم لە بارەیەوە نەبیستەوە. فەتەی وەستا رەحیم دەبوو بە زۆراب. زۆراب دوایی بوو بە پیاوێکی زۆر زل!. بکوژ و ببڕ هەر خۆی بوو. کەچی دوایی تر، لە تەنیا یەك گوللەی هێندەی ناوکە خورمایەك، کۆتایی بەژیانی هات. ئەم دنیایە زۆر سەیرە!.. مچەکۆڵ هەردەم پەرپەدەکرا. زۆر لەڕ و لاتولاواز بوو. زۆریش رووتەڵە و شڕووڕ بوو. جاشکەوشەکانی زیاتر لە هەر شتێکی تر، سەرنجمانی رادەکێشا و دەبووە مایەی گاڵتە پێکردنی. بەڵام دوایی هەر ئەو مچەیە، بوو بەڕابەر و رێنیشاندەر بۆ من. لە پڕێکدا لە گەڕەکدا گۆڕی گوم بوو. کەسمان مەبەستی نەبوو بزانێ بۆچی و چۆن؟!. تەنیا هێندەمان بیست، کە بە خاووخێزانەوە باریان کردووە و لە گەڕەکدا نەماون. ساڵان هاتن و تێپەڕین. چۆن لە پڕێکدا لە یەکتری دابڕاین، ئاوەهاش لە ناکاودا یەکدگیر بووینەوە. لە نۆبەتی پاسەوانیکردنی بەردەرگەی بەندیخانەکەدا بووم، کە بە کەلەپچەکراوی هێنایان. لە سەرەتادا سەرنجم نەدایە سەروسیمای. لەلام بووبووە پیشە. نێچیرێکی ترە و کەوتووەتە داویانەوە. چیمە بەسەرەوە. من کارم ئەوەیە دەرگە واڵا بکەم و ئاودیوی ببێ و خڕ دای بخەمەوە. ماوەی سەربازییەکەم ساڵێك و نۆ مانگە. من ساڵێك و چوار مانگم لێ بەسەر بردووە. چیمە بەسەرەوە. پێنج مانگ ماوە و خواحافیز. دەرگەم کردەوە و وەرچەرخام. ئەوساتە پشتی لێم بوو. رووی کردبووە سەربازەکەی تەکی و کەلەپچەکەی لە دەست دادەماڵی. هەر ئەو ساتە لایەکی کردەوە بەلامدا و سەرنجی دامێ. کە روخساریم کەوتە بەرچاو، خورپەیەك بەهەناومدا تێسکەی کرد. لەگەڵیشیدا ناوەکەی وەك برووسکە لەمێشکمدا شریخەی دا.. مچەکۆڵ!. ئەو بزەیەکی کپوخاوی پێ نیشان دام و رووی وەرگێڕایەوە. من بزەکەم لە ناخدا لێ تەقییەوە. وتم: ئەوەش بەڵگە. کەلەپچەی لەدەست داماڵرا. بەرەوڕووی دەرگە وەرچەرخا. روخساریم لێ کەوتبووە سەرلا. هەستم. کرد تیلەی چاوی لەلای منە و بزەکەشی رووی لە دەرگەیە. مچە کۆڵ دەبوو هەنگاو بەرەو دەرگە بنێ و بچێ بەودیوا. کەچی نەینا و لە چاوەڕواندا مایەوە. ئەوسا ئانوسات بڕیارم دا. شانی چەپیم گرت و بەلای خۆمدا وەرم چەرخاند. ئەو هیچی نەوت. تەنیا بزەکەی هەر بەسەر لێوەوە بوو . منیش هیچم نەوت. تەنیا بزەیەکی گەشم بەڕووی دادا و دەستم لێ بەردا. ئیتر ئەویش وەرگەڕایەوە و ئاودیوی دەرگەبوو. ئەو دوو مانگ و نیو مایەوە و بەربوو. تۆمەتەکەیان لەسەری بۆ نەکرا بە ماڵ. لە یەکەم  رۆژانی بەندییەکەیەوە، هەستم کرد مچە ئەو

مچەیەی تەمەنی منداڵی نییە. وای پێ سەلماندم کە بڵێم. جیاوازییەکە بەینی ئاسمان و ڕێسمانە. وەختێکیش بەربوو، بووینە دوو برادەری گیانیبەگیانی. بەدوایدا پێوەندی لە نێوانماندا سەرباری برادەرێتییەکە، بووە پێوەندیی نێوان سەرکردە و سەربازێك. ئێستاش هەرچەندە مامۆستا خدر هیچی لەو کەمتر نییە، حەزم دەکرد لەگەڵ ئەودا بوومایە. بەڵام حەزکردن شتێکە بەدیهێنانی شتێکی تر. ئێستا من حەزم دەکرد ڕێگەکەم لێ بزر نەبووایە و ئەم لاڕێیەم نەگرتایەتە بەر. دەڵێی چی!.. ناچارییە و وا کەوتەوە. ئەوەتا بوومەتە بزن. ئەوەتا هەرچوار پەلم خستوونەتە کار و ئینجا دەتوانم بەرەوژوور هەنگاو بنێم. ئەرێ خۆ بەڕاست، کە لە خوارەوە لێی وردبوومەوە، وەهام نەهاتە پێش چاو. تۆ بڕوانە.. دەڵێی بەپلیکانەیەکی داڕووخاوی کووڕدا سەردەکەوم. کە سەرکەوتمە سەر ئەو تاشەبەردە، پشوویەکی بۆ دەدەم. هەناسەم بۆ نادرێ. زمانم لە دەممدا لێ بووەتە مشار. سەرباری هەمووی ئەم ئارەقە لینجەش . ئارەق نییە و سرێشە. کراس و دەرپێکەمی لێ کردوم بەلەزگەی جۆنسۆن. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، لەملاوە دەدرێ بەسەر پێستی لەشمدا و لەولاوە لێی هەڵدەکەنرێتەوە. بەوەی باشە موو لەگەڵ خۆیدا هەڵناکەنێ. هەر باشە. دەنا وەکو مریشکێکم لێ دەهات کە بەزیندوویی ئاوەڕووت بکرێ. ڕەنگە زۆر ناخۆش بێ، بەتایبەتی شوێنمووی ئەستوور. کاکە مچە بۆی باس کردم وتی: لەگەڵ راکێشانی هەر دەسکەنەیەکی مووی سمێڵمدا، دۆزەخم بە چاوی خۆم دەدی. لەگەڵدا پارچەیەك لە پێستی لێوم هەڵدەپچڕێنرا و خوێن چۆڕاوگەی دەبەستە ناو دەممەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە ئازاردانە لە چاو ئازاردانی راستەقینەدا، پێی دەوترێ بەرکوڵ. ئا.. من خۆم نەبەرکوڵ و نەڕاستینەم نەچەشتووە. بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەوانەی تا دواهەناسە خۆ ڕادەگرن، مرۆڤی ئاسایی نین. چونکە مردنەکەیان ئاسایی نییە. مام برایم بۆی گێڕامەوە وتی: لە بەندیخانە کوڕێکی گەنجی زۆر ئازا و بەجەرگمان لەگەڵدا بوو. کە کردیان بەژووردا سەیرمان کرد، گوللەیەك داوێتی لەلای راستی سنگی و لە پشتییەوە دەرچووە. برین بەجامانەکەی سەری پێچرابوو. بەدەستی خۆی پێچابووی. تەنیا رۆژی یەکەم و دووەم لە جێگەدا بۆی کەوت. لە رۆژی سێیەمەوە کەوتەوە سەرپێ و دەتوت هەر برینداریش نەبووە. ورەی هێندە بەرز بوو، کە ئێمە لێی سەرسام دەبووین. کەچی دوای سێ هەفتە کە بردیان بۆ لێکۆڵینەوە، دوای نیو سەعات بەڕووخاوی گەڕایەوە. لە سووچێکەوە دانیشت. سەری نایە کۆشییەوە و دایە گریانێکی بەکوڵ. من زۆرم بەزەیی پێیدا هاتەوە. چوومە

تەنیشتییەوە و دڵیم دایەوە. ئەو بەدەم کوڵی گریانەوە وتی: وازم لێ بێنە مام برایم.. خۆزگە گوللـەکە دەیکوشتم.. بۆ نـەیکوشتم.. و بۆ؟!. ئـا.. دیارە خۆڕاگرتن لەژێر ئەشکەنجەداندا تا دواهەناسە، بەهەموو کەس ناکرێ. بەتایبەتی ئەگەر پشووی نەدرێ. من پشوویەکی باشم دا و چارەکە سەعاتێکە دانیشتووم. بەسە. چاکتر وایە. بکەومەوە ڕێ. هێندەی لە بەرچاومەوە دەیبینم، سەرکەوتنی ئاسانە. تەنیا هێندە هەیە کە دەبێ، چنگ و پەلیشمی لێ بخەمە کار. قەیچێکە.. گرینگ ئەوەیە بگەمە سەرەوە. بەدوو سەعات. بەدوو سەعات و نیوی تریش بێ هەر باشە. بڕوا ناکەم لەوە زیاتری مابێ. ئیتر بۆی ناوەستم. لەوێ.. لە سەرەوە پشوویەکی باشی بۆ دەدەم و لە دابەزیندا، باڵ بەخۆم دەگرم. سەرکەوتن سنگ و قوڕگ دەپچڕێنێ. بەڵام دابەزین ئەژنۆ دەشکێنێ. ئاسانە. گرینگ ئەوەیە من لە وەختی خۆیدا بگەمە جێ. جارەهای جار سنگ و قوڕگ و ئەژنۆم، کەوتوونەتە بەر ئەم تاقیکردنەوەیەوە. ئەمە بووە بەپیشەم. تەنیا یەکەم جارم.. تاقیکردنەوەم زۆر ستەم بوو. کە ئالان و دایکیم جێ هێشت و لە ماڵ هاتمە دەر، من.. ها؟!.. بەڵام ئالان.. شەونم.. ئاخۆ ئێستا ئێوە چی دەکەن؟. من ئەوەتا بەلاڕێدا، بەشاخێکی سەختدا هەڵدەزنێم. ئەی ئێوە؟.. ئێوە چی دەکەن؟!. شەونم.. دەتبینم سەری مەنجەڵەکە هەڵدەدەیتەوە و خوێی دەچێژیت. ئەوە چیت لێناوە؟. سویجگەر بەترش؟. ئای چەندی حەز لێ دەکەم. ئالان.. ئەوە خەریکی چیت؟. وەرە.. وەرە لای بابە.. وەرە باوەشی بابە.. من؟.. نا .. وای لێ هات؟!. باشە باشە.. شەونم درەنگمە دەڕۆم. پێ نەگەیشت؟.

– جا تۆ کەی درەنگت نەبووە؟.

– ئاخر پەلەمە و ئیشم هەیە.

– تۆزێکی تر سەبر بگرە.

سەبر دەگرم. هێشتا بەدەمییەوە ماوە. مەسەلە نەریمانە و پەلەپەلە بەتاڵ و بێ مانـاکـەی. هەموو کات لە خۆڕایی سەری خۆی و ئێمەشی قاڵ دەکرد. دەتوت جەنەراڵێکە و لە کۆڕی شەڕدا، فەرمان بەسەربازەکانی دەدا. دواییش کە کەمێ هەوا گۆڕا، دەرکەوت هەمانەیەکی بەتاڵە. ئێ.. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئازادی عەلییەفەنی باشتر بوو. ئەویان پاشەکشەی لێ کرد و گۆشەگیر دانیشت. ئەمیان بووە ئاگرێك و هاتە گیانمان. بەڕاستی ئادەمیزاد شتێکی سەیرە!. باشە خۆ ئەمیش دەیتوانی وەکو ئەو بکا.

نەگوڵ بێ و نە درِك. کەچی وای نەکرد و بوو بەدرِك. بۆچی بوو بەدرِك؟!. سەیرە!. ماموّستا خدر دەبوو برِیار بدا عەزەی حاجی بکوژرێ. لەبەر کەم تەمەنییەکەی نەیدا و تەنیا وتی: برِۆ بەر لەعنەت بکەویت. عەزە بەرلەعنەت کەوت و خۆی لەبەردا رانەگرت. هاتەوە و چوو شێرانە خۆی بەکوشت دا. من زۆرجار لە خۆم دەپرسم: دەشێ رۆژێك لە رۆژان تووش ببم؟. وەرام.. هەرگیز نا. بۆم نایەتە بەرچاوم. دیمەنەکەم بۆ نایەتە ناو بیر و هۆشمەوە. باشە کەوابێ ئەوانە چۆنی دەکەن؟. چۆنی تووش دەبن؟!. سۆفی وتی: هەر کەسێك دەتوانێ چاکەش بکا و خراپەش. بگرە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە، لە ژیاندا وەها کردار دەکەن. لە کاتێکدا ئەوانەی بەدرێژاییی ژیانیان، تەنیا چاکە دەکەن و خراپە ناکەن، زۆر کەمن. بگرە هەر تەواو دەگمەنن. ئاخۆ من کامیانم؟!. با بیر بکەمەوە.. بیر مەکەرەوە. باسەکە ئاڵۆزە. کەس بەدۆی خۆی نالێ ترشە. هەر سۆفی خۆی وتی: زۆربە خۆی بەکەمە تەواو دەگمەنەکە دەداتە قەڵەم. لە کاتێکدا ناسینی کەمە تەواو دەگمەنە رەسەنەکە، کارێکی هێندە ستەم و ئاڵۆزە، کە مەگەر هێزە ستەم و ئاڵۆزە نادیارەکە خۆی بیزانێ. چۆن؟!. هێزە ستەم و ئاڵۆزە نادیارەکە؟!. وەهای وت؟!. ئا.. ئا دڵنیام.. ئێستا دێتەوە بیرم. ئا دڵنیام وەهای وت. لە ساتی خۆیدا ویستم بەگیری بهێنم و پرسیاری لێ بکەم و قسەی بەسەردا هات و پشتگوێ کەوت. ئەو قسەی بەسەردا هێنا و، وای لێ کردم لە بیری بکەم. ئێستا چاکم دێتەوە یاد. هۆهۆ سۆفی.. لە گەرِانەوەمدا ئەمە یەکەم پرسیارم دەبێ و لەسەری بەگیرت دێنم. یەکەم باسم دەبێ لەگەڵتدا لێی دەدوێم. سۆفی.. تۆ مجێورێکی ئاسایی نیت. زۆر لەوە دەچێ تۆش خواپەرستێك بیت لەبابەتی باپیرم. باوکم کە باسی ئەوی بۆ دەکردم، وێنەیەکی وەك ئەمەی تۆی دەخستە پێش چاوم. سەرلەنوێ زمانم لە ناودەممدا، بووەتەوە پەلاس. گەرووم هاتووەتەوە یەك و بواری هاتوچۆی هەوای بۆ ناو سییەکانم لێ تەنیوم. هەناسەم تەواو سوار بووە. هەست بەئازارێکی تیژ لە قەفەزی سنگمدا دەکەم. ئارەقە لینجە سرێشییەکەش، وەرِس و بێزاری کردوومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پشوو نادەم. برِیارێکە و داومە و پاشگەز نابمەوە. هەروا بەسەرِیێوە، بۆ ماوەی چەند ساتێك بۆی دەوەستم. قومێك ئاو لە دەمم وەردەدەم. دوو قومیش دەخۆمەوە و بەری گەروومی پێ بەردەدەم. ئەوسا دەکەومە رِێ و تا سەر لووتکە بۆی ناوەستم. ئەمیان خۆیەتی. هەر چۆنێکی تێ دەرِوانم، دڵنیا دەبم کە ئەمیان دوا لووتکەیە.. سەرەوەیە و بەدوایدا، بەودیودا شۆرِ دەبمەوە. کەوابێ چاکم کرد. ماندووی کردم.. خراپ ماندووی کردم. لە

خوارەوە وەهام نەدەهاتە بەرچاو. بەڵام خۆ من زاڵ دەبم. خۆ بەئەنجام دەگەم. ماندووبوون شتێك نییە بۆ من نا ئاسایی بێ. پێوەندیمان لەگەڵ یەكتردا كۆنە.. زۆر كۆنە. ناسیاویمان لەگەڵ یەكتردا ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی، بەردی بناخەی بوونم دانرا. بۆ من ئاساییە. هەر هێندەی گەیشتمە جێ و راسپاردەكەم راگەیاند، دەچم لێی ڕادەكشێم و دەحەوێمەوە. من ئەگەر لە گیانەڵاشدابم، بۆ بەیانی كە راست بوومەوە، وەكو گوێزی ساغم لێ دێتەوە. كاكە مچە یەكەم كەس بوو، ئەم سیفەتەی تێدا ئاشكرا كردم. خۆم لێی بێ ئاگابووم. ئەو رۆژێكیان لە ناكاو وتی: ئەرێ تۆ لە گۆشت و ئێسقان دروست كراویت، یا لە پۆڵا و ئاسن؟!. سەرم سوڕما. پرسیم: بۆچی؟. وتی: تۆ قەت ماندوو نابیت؟!. وتم: با.. چۆن!. وتی: كوا؟!.. پێتییەوە نابینم. بەدوایدا كەوتمە سەرنجدانی خۆم و ئینجا ئەو راستییەم بۆ ئاشكرا بوو. ئاخر خۆ سیفەتێكی خراپیش نییە. لە سەرەتادا جۆرە گومانێكم لە دڵدا لەلا پەیدا بوو. وتم: تۆ بڵێی ئەمە كەموكووڕییەك نەبێ لە مندا؟!. كە ئەمەم بەكاكە مچە وت، بۆم پێكەنی وتی: هەرگیز نا.. ئەمە سیفەتێكی دەگمەنە و زیاتر لە ئێمەومانانداا دەردەكەوێ. بۆیە دەبێ وەك چۆن جێگەی شانازی پێوەكردنی ئێمەیە، جێگەی پێخۆشحاڵی خۆشت بێ. ئێستا تەواو ماندووم. بەڵام مەگەر لە پەلوپۆ بكەوم و بەلادا بێم، دەنا حیسابم لەگەڵ راوەستاندا نییە. ئەو رێگە نەگریسە بۆچی خۆی لێ ون كردم. هێجگار وا ماندوو نەدەبووم. ئازارەكەی قەفەسەی سنگم تیژتر بووە. بەلامەوە سەیر نییە. لەوەبەر بەسەرم هاتووە. ئەنجامی هەناسەبڕكێكەیە. ئەی ئەمیان چۆن؟!. دیارە دەبێ بەچنگەكڕێ پێیدا هەڵزنێم. قەیناكە... ئەگەر بەریش ببمەوە بەرەوخوار تلۆر نابمەوە. ئا ئەو تاشەبەردە گلم دەداتەوە. هەر قاچ شكاندنەكەی جاری پێشووی تێدا نەبێ. من باشتربووم لە نەجمەدین ئەو ئێستا و ئەوسا نەبووەوە بە نەجمەدینەكەی جاران. یاهوو عەبدوول عەجەب كەرپیاوێكە. لە دەمەقاڵەیەكدا لەگەڵیدا پێی وت: ئەگەر لە كۆڕی شەوێكدا وەهات لێ بهاتایە دەتخواردین. نەجمەدین لە خەفەتدا قوڕگی پڕ بوو لە گریان. من چاوم پەڕییە پشتی سەرم. دەستم لێدایە دارشەقەكەی نەجمەدین و وتم روح لەدەستم دەرناكەیت. نەیانهێشت. مامۆستا خدر بەسزای خۆی گەیاند. سووكە ترسێكم هەبوو. بەڵام چنگ و نینۆك و نووكی پێی بە ئاسانی لێ گیر دەبێ ئەم كۆسپەشمان فت. لەوە دەچێ زۆرم نەمابێ. ئەوەشی ماوە وا دێتە پێش چاو بێ كۆسپ بێ. دەم تەڕكردن و خواردنەوەی قومە ئاوێكی تر پێویستە. هێشتا مەتارەكە ئاوی زۆر تێدا ماوە. دوو قاپ

ئاو دەگریٚ. سەروەر بەتایبەتی بۆی پەیدا کردبووم. سەروەر.. پشتم پێت ئەستوورە. دەزانم ئەگەر بە ئاگری من نەتسووتێنن و وازت لیٚ بێنن، پیاوانە بەرێیانەوە دەبەیت. کە گەڕامەوە نامەیەکیان بۆ دەنووسم. دەمێکە نامەم بۆ نەناردوون. بەهۆی مەلا رەسوولەوە دەینێرم. ئا.. ئەوەیان باشترە. عەبەکەڕ جێگەی گومانە. خۆ هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە. تەنیا شێوە گومانێکی لیٚ دەکەم و نازانم بۆچی!. وا تیٚ دەگەم زوڵمی لیٚ دەکەم. لە دڵدا خۆشم ناویٚ. رەنگە هەر لەوەوە هاتبیٚ. باشە بۆچی خۆشم ناویٚ؟. وەڵا سەیرە!.. ناشزانم بۆچی خۆشم ناویٚ. ئیٚ دەڵێی چی!.. وا وایە!.. بەرامبەر بەو وەها و کەچی هەر لە خۆمەوە، بلەی دەروێش کەریمم چوو بەدڵدا. زۆرم خۆش ویست و دواییش مرۆڤێکی بڵح دەرچوو. خۆ نەك تەنیا من، مامۆستا خدریش رێزێکی تایبەتی لیٚ دەنا. بگرە تا ماوەیەکیش بڕوای نەدەکرد. تا کاتیٚ هەواڵەکەی لەلا بوو بەڕاست، زۆر پەست بوو. ئاخۆ سەعاتمان بەچەند کردبیٚ؟.. خراپ نییە.. چاك هاتووم.. ئەوەش لووتکە. ئەم جارەیان گومانی تێدا نییە و خۆیەتی. ئەمیان وەك لووتکە ساختەکانی پێشوو نییە. بەهەردوو شانمدا ئاسمانم تەواو لیٚ بەرفراوان بووە. پێویستیم بە بەکارهێنانی چنگ و دەستیش نەماوە. ئەوەتا کەوتوومەتەوە سەر هەر دوو پیٚ. دەڵێی بەتەختانیدا هەنگاو دەنێم. تەختانی نییە. سووکە هەورازە. بەڵام سوور دڵنیام، کە رووەو تەختانی هەنگاو سەردەخەم. ئەوەتا دەبینم. لە چل پەنجا هەنگاوی تر زیاتر نییە. تەواو. ترس رەوییەوە. ناو دەروونی ئادەمیزاد جیهانێکی سەیرە!. لە خوارەوە وەها لێم هاتبووە ژەنگوژار، کە دەتوت تەنوورێکی تێدا داخراوە. کەچی ئێستا دەڵێیت، بووەتە شوێنی نێرگزەجاڕێك، لەویٚ خۆم لە بۆتەی خاکەساریدا دەبینی. لێرە دەڵێیت ها ئێستا ها ساتێکی تر، دەچمە سەر تەختی پاشایی. ئا بەڵیٚ.. تەختی پاشایی.. ئەی بۆنا: ئەوەتا بەلاڕێدا، دەستم دایە یەخەی شاخێکی سەرتونکردوو لە کەشکەلانی فەلەك و پێیدا هەڵزنام. ئەوەتا خۆم گەیاندووەتە سەر تەوقی سەری. ئەوەتا گومانم لە دڵدا نەماوە، کە لە وەختی خۆیدا دەگەمە جیٚ و ئەرکە پیرۆزەکەی سەرشانم بەجیٚ دێنم. ئەی ئەریٚ بەڕاست.. ئێستا با دوو قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین. من گلەییم هەیە. زۆرت ماندوو کردم. بۆچی وەهات لەگەڵدا کردم؟!.. ها؟!... بۆچی؟!. دەی گویٚ مەدەریٚ. من لە باتی تۆ وەرام دەدەمەوە. بۆ ئەوەی ماندووبوونەکە حەڵاڵ بیٚ . بۆ ئەوەی جێی خۆی بگریٚ و قەتوقەت دەستت لیٚ بەرنەدەم. کەوابیٚ تۆش ئێستا پێخۆشحاڵیت، کە بەسەر تەوقی سەرتەوەم. کە لەسەر تەوقی سەرت دانیشتووم و دوای ئەو ماندووبوونە

گورچکبڕە دەحەوێمەوە. دەی باشە.. گونجاین. ڕێك کەوتین. بمبەخشە. کەمێ لێت پەست بووبووم و هەندێ قسەشم لە دڵدا پێ وتیت. بەڵام لێم ببوورە. لێم دەبووریت؟.. ئێ.. سوپاس. ئاخۆ بەتەواوی سەعات چەندبێ؟. با بزانم.. زۆر باشە.. زۆر کۆکە. پێنج دەقیقە.. یا ئەو پەڕەکەی دە دەقیقە، لەسەر گازی پشت بۆی پاڵ دەکەوم. بوارم دەدەیت؟.. چۆن؟.. دوا دەکەوم؟. نانا.. ترست نەبێ. تۆ خۆش بیت پێش وەخت دەگەمە جێ. ئەودیوت ئاسانە. ئەوەتا دەبینم. ترسی ئەوەم هەبوو ڕێگەی چوونە خوارەوەم نەدەیت و وا ئەو ترسەم لە دڵدا نەما. سوپاست دەکەم. وا نەبووایە خراپ لێت زویر دەبووم. بمبەخشە کە وەها دەڵێم. چونکە ناچار دەبووم بڵێم: وەرە بۆ بۆرەپیاو.. ئای!.. بەڕاست من ئەم قسانە لە خۆڕایی دەکەم. تکایە لێمی مەگرە بەدڵەوە. وەرە با ماچت بکەم. چۆن؟.. چیت فەرموو؟.. هەڵسم بکەومەوە ڕێ؟. بەسەرچاو. فەرمایشتت بەجێیە. هەر ئێستا. هەڵسە کورە.. هەڵسە دەی بکەوەرەوە ڕێ. شاخ.. شاخە دڵ و گیانەکەت وەهات فەرمان پێ دەدا. خێراکە دەی.. بەسەرچاو. وا دەکەومە ڕێ... کوا!. ئەو هەنگاوە کورت کورتانە چین؟!. ئێ ئاخر دەبێ ئاگام لە خۆم بێ. دەترسم هەڵدێرێم.. دەترسم ریسەکەم لێ ببێتەوە بە خوری. مەترسە.. ریسەکەت لێ نابێتەوە بەخوری. بڕوانە.. تۆ بڕوانە ورد بەرەوە. تۆ باش سەرنج بدە. ئای!.. چی دەبینم؟!.. ڕێگەکەیە.. ڕێگەکە!!. خۆیەتی.. چوومەتەوە سەر ڕێگەکە.

١٩٨٠-١٠-٢٨

## حەیوان

[ئەمڕۆ رووی خۆشە. زەردەخەنەی لە لێو هەڵدەوەرێ. فرسەتە. لە کیس خۆتی مەدە. رەنگە تا هەفتەیەکی تر ئەم فرسەتەت بۆ هەڵنەکەوێتەوە. لە دەستی مەدە]

خۆی گورج کردەوە. قۆپچەی چاکەتەکەی داخست. بە ئەحم ئەحمێك قورگی بۆ قسەکردن ساز کرد. زۆر بەنەزاکەتەوە لێی چووە بەرەوە. لە دووری دوو– سێ هەنگاوەوە راوەستا، بڕیارەکەی دابوو، هەنگاویشی بۆنا. بەڵام هەنگاوەکەی چەقی. «چۆنی پێ بڵێم؟!. بەچی دەس پێ بکەم؟.

هەر یەکسەر؟!. زەحمەتە!. نابێ! چاکتر وایە پێشەکی تۆزێ ڕاووڕێوی بۆ بێنمەوە. ئا یەعنی هەندێ مۆم و بوغوردی بۆ بسووتێنم.. کەمێ گوڵاوی بەسەردا بپرژێنم.. سێ– چوار چەپك گوڵی پێشکێش بکەم. ئەوساش ئینجا وردەوردە داخوازییەکەمی لێ ئاشکرا بکەم. ئەوەڵ جار وای نیشان دەدەم کە من هیچ داخوازییەکم نییە. ئەو هەموو قسانەشم هەر بۆ دەربڕینی رەزامەندی و خۆشحاڵیی خۆمە، هەر بۆ ئەوەیە پێی رابگەیەنم کە من چەندە بەختەوەر و شادمانم. چەندە سەربەرز و دڵ پڕ لە ئارامم، دوایی ئینجا دێمە سەر ئەوەی یەك– دوو قسەی بەمانای بۆ فڕێ بدەم، بەڵام دەبێ نەیەڵم قسە بەماناکانم زەق و ناقۆڵا بن. دەبێ زۆر ناسك؛ بن. دەبێ لە شەکر شیرینتر بن. ئەگەر وانەکەم ریسەکەم لێ دەبێتەوە بە خوری، خۆ دەیناسم چ ماڵێکە. شارەزای نەك شا، بگرە دەمارە هەرە وردەکانیشیم. دەزانم هەر وردە دەمارە و چ جۆرە میکرۆبێ، چ جۆرە نەخۆشییەك کردوێتییە لانەی خۆی، دەزانم هەر شادەمارەو بە بەچکەی چ بابەتە ئەژدیهایەك ئاوسە، دەیزانم.. چاکی دەزانم، بۆیە دەبێ پێش ئەوەی دەم هەڵبێنمەوە، هەزار و یەك حساب بۆ هەر وشەیەك بکەم کە لە دەمی دەردەچێ. چی بکەم!.. کە ئەو وابێ، ناچار دەبێ منیش وابم. چی بکەم!.. وام لە چارە نووسراوە. هەر لە ئەزەلەوە وام بە نەسیب کراوە. لە لەوحی وجودایەو من هیچم لە دەستدا نییە. پێم خۆش بوو مرۆڤێکی ئاسایی بووایە، پێم خۆش بوو ئەو دەسپێشکەری بکردایە و بیوتایە: ئەرێ برا... ئەرێ کابرا.. چیت لە دڵدایە دەری برە.. چیت گەرەکە بیڵێ. پێم خۆش بوو ئەو لەلای خۆیەوە هەر زوو قورتمی بگرتمایە و بیوتایە!

شتێك لە روخسارتدا.. لە سەروسەکوتتدا دەخوێنمەوە. زووکە بیڵێ بزانم چییە؟!.

بەڵام چی بکەم.. وا نییە.. ئەوە دوو مانگە من بەو مەسەلەیەوە دەتلێمەوە. دوو مانگە ئەم فرسەت بەو فرسەتمە لە گەڵیدا. لە هەموو فرسەتێکیشدا خۆمی لە بەردەمدا دەکەم بە سواڵکەر.. بە نۆکەر.. سەرکز، ملکەچ، خەمناك لە بەردەمیدا دەوەستم. خۆم دەخەمە سەرپێ کە هەر هێندەی بڵێ: چ خێرتە؟!.. چیت دەوێ؟. کەچی خوا نەکا شتی وای لە دەم دەرچێ. دیارە لە دەمی دەرناچێ. چۆنی لە دەم دەرچێ؟!. مەگەر نەیناسم چ ماڵێکە.. مەگەر نەیناسم دەمارەکانی چییان تێدایە!. بەڕاست دەبێ چییان تێدابێ؟!. بڵێم چی!.. لەوە زیاتر نییە. هەر ئەوەیە. . وردە دەمارەکان میکرۆبی جۆرەها نەخۆشی!. شادەمارەکان بەچکەی چەندەها ئەژدیها!. دەنا فەرمووە ئەوەتا من لە دەقیقەیەك زیاتر دەبێ وەك عەبدێك لە حزووریدا راوەستاوم، بێ ئەوەی هەر سەرێك هەڵبڕێ و سەیرێکم بکا!..

بپرسێ و بڵێ: ئەرێ کابرا چیت دەوێ؟!. گوایە هەست بە وجودم ناکا؟!.. بۆچی؟!. خۆ ئەوەش نییە بڵێی وەڵڵا بە جەستە زۆر بچووك و سسیسەلەم و سەرنجی ڕاناکێشم!.

وەزنم نەوەد و دوو کیلۆیە. درێژاییی باڵام سەد و هەشتا و سێ سەنتیمە. یەعنی هەم پانوپۆڕم و هەم درێژ، کەچی هەستم پێ ناکا. کابرایەکی سەیرە!. ئەگەر حساب بۆ سەر و هەیکەل دەکا، ئەوە سەرو هەیکەل. ئەگەر شارەزایی لە ئیشەکەدا، خۆ بەخوا حەوت سەد ئەوەندەی ئەوی لێ دەزانم. ئەگەر وەکو دڵسۆزی و خۆماندووکردنیش، ئەوا هێستریکم و کام بار قورسە لێمی بنێن سەری دەخەمە سەر کام شاخ کە زۆر سەختە و ناڵێم نەء.. قەتیش نەموتووە نەء!. بەڕاستی کابرایەکی سەیرە!.. نازانم حساب بۆ چی دەکا؟.. نازانم گا بە چیدا دەناسێتەوە؟!. نازانم چۆنی تێ بگەیەنم کە من گام!.. من ئا گام!.. من گام.!..».

هێندە حیرس گرتبووی ئاگای لە خۆی بڕابوو، دوا رستەی بە دەنگی بەرز وت. هەر ئان و سانیش لە کەتنەکەی خۆی بە ئاگا هات، بەڵام لە پاش چی؟!. کار لە کار ترازابوو، بەگ سەری سێ لێ هەڵبڕیبوو. دوو چاوی ئەبڵەقی ئاراستە کردبوون. نیشانەی پرسیارێکی سامناکیان دەدا بە روویدا. دڵی خورپەیەکی کرد. بە دوایدا دایە ترپەترپێکی بێ ئامان. لەناو قەفەزی سنگیدا وەك مریشکی سەربڕاو هەڵدەپەڕی..

«چیت کرد خوا گرتوو!.. بۆ ریش هاتیت و سمێڵیشت بە بانی، چی پێ دەڵێی؟!. چۆن خۆت دەرباز دەکەیت؟!. هەر لە هیچی نەبوو وەك فیشەکە شێتە دەتەقییەوە. لە هیچی

نەبوو داك و بابی لە گۆڕ دەردەهێنایت. نایناسیت؟!.. ئێستا چی دەکەیت؟.»

جارێ وا حەپەساوە، بڕوانە چۆن چاوی ئەبڵەق بووە جارێ هێشتا سڕە. کارەساتەکە سڕی کردووە. بەڵام هاکا تەقییەوە، کە تەقیشەوە دەزانیت چی دەکا؟. دەزانیت چی لە دەم هەڵدەوەرێ؟!. چ دوڕ و گەوهەرێك؟!. خۆ بۆی بکرێ پەلاماریشت دەدا و دەتداتە بەر تەکان. بەڵام بۆی ناکرێ. باشە لەو جارەوە تەمێ خواردوو بوو. ئەو تۆی دایە بەر تەکان و کەچی خۆی بەپشتدا کەوت، ئەو فیرنەگولەیەك و تۆ نەدێویك، هەر باشە. لەم رووەوە ترست نییە، دەتوانێ دەمەکەت لێ بخاتە کار. با بیخا، پێی راهاتوویت، دوڕ و گەوهەرە و هەڵیان دەوەرێنێ، با هێندە هەڵیان وەرێنێ تا عەرش و قورش پڕ دەکا، چ دەربەسم، تەڕتەڕ نەباشەت. لێ بکەم. من دوو مانگە دەمەوێ بۆی باس بکەم. ئێستا و ئەوسا فرسەتێکی هەر نەدامێ. لە دڵمدا بوو بە سەرەتان، چی لێ بکەم، خەتای خۆیەتی، خۆی خستمییە ئەم حاڵەتە، قسە بکا قیروسیای لێ دەکەم و دەیدەم بە روویدا، قیروسیای لێ دەکەم و لێی ناخۆمەوە. هەرچیم لە دڵدایە بۆی هەڵدەڕێژم، ئینجا پێشی دەڵێم: تۆ ئادەمیزادنیت.. تۆ جانەوەریت، پێی دەڵێم: تۆ مار و دووپشکیت.. جاڵجاڵۆکەیت.. تۆ قالۆنچەی ئاودەستخانەیت.. چی دەکا.. ها.. یەعنی چی دەکا؟! ئەو فیرنەگولەیەك و من نەدێویك. دەتوانم هەروا دەس بەرم بیگرمە ناو هەردوو دەستم و وەك.. چیلکەیەکی وشك پشتی لە ئەژنۆم گیر بکەم و بیکەم بە دوو کەرتەوە. ئا قیروسای لێ دەکەم و هەر هێندەی پیسەکەی هەڵهێنایەوە بەو دەردەی دەبەم. خۆ من...

– حە... یوا... ن

ئەم قیژەیەی بەگ دەرگە و پەنجەرەکانی ژوورەکەی کردەوە، ئەمیشی وەك کێچ هەڵبڵوقاندەوە، کە بینایی بە بەگدا روون بووەوە ، روانی بەگ لێی هەڵساوەتەوە هەردوو چاوی بوونەتە دوو کڵپەی ئاگر، دەمی کەف، دانی بەسەر یەکدا جیرە دەکەن، لەشیشی وەك بینی ئاو دەلەرزێ، ئەو دیمەنە، لەشی ئەمیشی وەك خستە لەرزین، چاوی بەسەردا پێ ئەبڵەق کردن. ئەبڵەقەکان بینییان وا لەشە لەرزیوەکەی بەگ بەر دەبزوێ. بیری کردەوە..

«ئاخۆ چی دەکا؟!. نیازی چی هەیە؟!.. بە تەکان؟!.. بڕوا ناکەم. نایکا. جارەکەی پێشوو. ئەی زللە؟!. رەنگە، بەڵام بەئاسانی دەستی ناگاتە سەرم دەترسم تفم لێ بکا،

ئەمەم زۆر پێ ناخۆشە. ئێمانم لەلانا هێڵێ، ئەو جارە وەختابوو بیقەومێنم. وەختابوو. ئەم قالۆنچەی ئاودەستخانەیەوە چاك گیرم خوارد نازانم چی بكەم؟!. چارەڕەشم بەدبەختم، كلۆڵم بكەم. ئەمە چارەنووسمە. بە میراتی بۆم ماوەتەوە دەتوانم ئێستا دەست بەرم وەك ئەسپێیەك هەڵی فلیقێنم بەڵام بۆم ناكرێ، ئەو بەگ و من مسكێن. ئەو دەسەڵاتدار من بێ دەسەڵات. ئەو دەتوانێ بڵێ بیبەن بە زیندوویی بینێژن.. بیبەن ریشەكێشی بكەن.. بیبەن پارچەیەك گۆشت لە گیانی داتاشن.. كورە دەتوانێ بڵێ لە مەیدانێكی ناوەڕاستی شاردا رووتی بكەنەوەو تێڵایەكی...

– حە... یوا... ن

قیژە ئەم جارە پەڕەی گوێی ئەمی دەدڕاند.. كە هەر لە خۆی بەئاگا هاتەوە، بینی بەگ لە تەنیشتییەوە و دەمی ناوەتە بەر كونی گوێی، سەرسام بوو. واقی وڕما.

«ئای!.. بەگ درێژ بووە!.. بەگ باڵای بەرز بووە بەگ دەستی نەدەگەیشتە سەرم زللەم لێ بدا!. كەچی بەگ دەمی ناوە بە گوێمەوە!»

هەموو شتێكی تری لە بیر چووەوە. ئەو مەسەلە سەراپای بیر و هۆشی داگیر كرد. دەیویست بە پەلە نهێنییەكە تێ بگا. هەنگاوێك كشایە دواوە. هەڵی ڕوانی، ساتێ حەپەسا، چاوی بەسەر دیمەنەكەدا روا، بەگ كورسی هێنابووە تەنیشتییەوە و چووبووە سەری، بەگ بەوەی گەیاندبووە ئاستی گوێچكەی و قیژەكەی خۆی راست تێ دەئاخنی. ئەم هەموو شتێكی تری لە بیر چووبووەوە. لە دڵدا پێكەنینی بە دیمەنەكە دەهات. دەشیوت: «دەك داوەشێیت بۆ خۆتو ئەتوارت» تۆ چۆن بەگێكیت بەگ چۆن وا خۆی دەكا بە مەسخەرە؟!. فەرموو ئێستا یەكێك بەو شێوەیە بتبینێ چی دەڵێ؟!. نالێ بەگ تێك چووە؟!. با هەر هیچ نەبێ نالێ بەگ هێندە سیسەڵەو نابووتە كە تا نەچێتە سەر كورسییەك ناتوانێ بەگوێی بەردەستەكەیدا بقیژێنێ؟. بەخوا برا بەگێكی قۆڕ و بێ نموودە. وەڵڵا دەڵێی شەقێك لە كورسییەكە هەڵدەم و وەك بووكە سەماكەرەیەك بەری بدەمە خوارەوە.. دەڵێی..

– حە... یوا... ن

بەگ لەسەر كورسییەكە هاتبووە خوارەوە، بەڵام هاتبووەوە بن دەستی، خۆی خستبووە سەر نووكی پێ و بە گوێیدا دەیقیژاند، هێشتا لەشیشی هەر وەكو بینی ئاو دەلەرزی، چاوی هەر دوو كڵپەی ئاگر بوون، دەمی هەر كەفی دەچاند و دانی

بەسەریەکدا جیڕ دەکردنەوە. ئەم هەنگاوێکی تر کشایە دواوە . ئەو بە دوایدا هات. هەنگاوێکی تریش و هەر بە دوایدا هات. بیری لێ کردەوە. لە دڵی خۆیدا وتی! «دەترسم بیقەومێنێ و تفەکەم لێ بکاتەوە. ئەم جارە لێی ناخۆمەوە. دەس دەنێمە بینی و تا نەیخنکێنم بەری نادەم. جا بۆ!.. هەروا دەست بەرز دەکەمەوە و یەك مشت دەدەم بە تەوقی سەریدا و بەسەر زەوییەکەدا دەیکەم بە توێژاڵێك ئاو و زوڵزوڵە!. بەڵام نایکا.. دەزانم زات ناکا تفم لێ بکاتەوە. جاری پێشوو روخساری خۆم وەها لێ گرژ کرد کە بۆ حەوت پشتیم ئاقڵ کرد. ئەو کشانەوەیەی کشایە دواوە ئیتر هاتنەپێشەوە نەبوو. بگرە چووە بەر پەنجەرەکە و ئەو پشتەی تێی کردم ئیتر ئاوڕلێدانەوەی بۆ نەبوو..

منیش خیسەیەکی ئاگراویی پڕ رق و کینەم لە پشتی کرد و هەر یەکسەر سنگم دەرپەڕاند و چوومە دەرەوە، ناتوانێ تفم لێ بکاتەوە. نەء ناتوانێ.. زات ناکا. لەو جارەوە بۆی دەرکەوت من چەندە بە تف لێکردن قارس دەبم. چی تر دەکا بابیکا، بەڵام هەر ئەمەیان نەبێ، هەر ئەمەیان..

– تفوو... حەیوان..

بەگ قەوماندی. تفەکەی لێ کردەوە، ئەم یەکەم سات لە جێی خۆی سست بوو، دووەم سات هەستی بە تفەکەی بەگ کرد کە بە تەختی ناوچەوانیدا وەك دڵۆپە سریشێك بەرەو خوار دادەچۆڕێ. سێیەم سات گڕی ئاگرێك لە سەرو روخساریدا کڵپەی سەند و بە خێرایی بە سەراپای جەستەیدا تا کەڵەموستی پێی تەشەنەی سەند. لە چوارەم ساتدا گڕەکەی ناو سەراپای جەستەی کشایەوە ناو دەمی و پەنگی تێدا خواردەوە. لە پێنجەم ساتدا لێی بووە تۆپەڵێك تف و لەودیو هەردوو لێوییەوە بۆ تووڕهەڵدان کەوتە سەرڕێ. لە شەشەم ساتدا تووڕهەڵدرا:

– تفوو لە خۆت و خۆت حەیوان هەی حەیوان.

***

## سالار و سەمیر

پ. م سەردار بۆی گێڕامەوە وتی:

شەڕەکەی ئەو ڕۆژەمان، یەکێك بوو لە شەڕە هەرە سەخت و ستەمەکانی جەبهەی لای ئێمە.

دوژمن لە شەو و ڕۆژێك لەو بەریەوە، بە تۆپ و تەیارە بەردەوام ناوچەی سەنگەرەکانی ئێمەی دادەبێژا.

بەسات بواریان نەئەداین، یەك بەدەم یەکەوە، نیو سەعات سەعاتێك... دوو سەعات بە تۆپ و چارەکێك تا نیو سەعات بە تەیارە.

ئێمە هەر زوو لە نیازی دوژمن حاڵی بووین و پشتمان لێ کردەوە، چیی تر پێویستی بە ملە قوتێ و بە پێش دەمدا هەڵڕوانین نەدەکرد، بەتاقیکردنەوە لەوە شارەزا بووبووین، کە هەر وەختێك ئەم دابێژانەمان بۆ ماوەیەك وەستێنرا و کپ بووەوە، مانای دەسپێکردنی هێرشی سەربازەکانێتی و دەستە و یەخە راوەستانمان لە رووی یەکتردا، کە ئەوسا ئیتر تۆپ و تەیارەکانیان، نە بەفریای ئەوان دەکەون و نە دەتوانن هیچ کارێك بکەنە ئێمە.

کە دنیا تاریك بوو، لە ئاگر بارانی فرۆکەکانیان رزگارمان بوو، بەڵام تۆپەکانیان تا رۆژ بووەوە. بەردەوام و بێ پشوودان هەر گوللەبارانیان دەکردین.

سەرکردەی جەبهەکەمان بە ناچاری بڕیاری دا، بەهەر نرخێك بێ برینداراکانمان لە کۆڕی شەڕ دەرباز بکرێن و بگوێزرێنەوە.

من یەکێك بووم لەوانەی ئەم ئەرکەم پێ سپێردرا، لە سەنگەرەکانمان هاتینە دەرەوە و بە گورجی کەوتینە خۆمان.

لە لقەکەی ئێمە سێ بریندارمان هەبوون، ئەوەی بە من سپێردرا، لاوێکی لاوازکار بوو، تەڵەزمی گوللەتۆپێك دابووی لە شانی راستی، ئێسقانی چیخ کردبوو، قۆڵ و قەبرخەی لای راستی، خەڵتانی خوێنێکی وشکەوەبوو بوو، نرکە و ناڵەم لێ نەدەبیست، تەنیا بەینا و بەین، بەدەنگێکی ماندووی پڕ لە ئازار پێی دەوتم:

– تکایە یاریدەم بدە ئەو شانەم قورسایی نەکەوێتە سەر و نە جوولێ.. ئازارێکی

دڵپڕوێن تێیدا کسپە لە جەرگم هەڵدەسێنێ. بریندارەکانمان گەیاندە جێ، ژووری مزگەوتی ئاواییەکی چۆڵی نزیك جەبهەکەمان بوو، پێش ئێمە چەند برینداریکی تریش گەیەنرابوونە ئەوێ، دوکتۆرێك خەریکی تیمارکردنیان بوو.

هەر لەو ساتەدا کە دوکتۆر و برینداەکانی ترم بەدی کرد، لە ناکاو دڵم خورپەیەکی کرد و ناوی سالاری برام لە قووڵاییی بیر و هۆشمەوە برووسکەی دا، پێشمەرگەی لقی دووی بە تالیۆنەکەی خۆمان بوو کە لووتکەی شاخێکی تەنیشتمانیان تەنیبوو، بەپەشۆکاوییەوە هەنگاوم هەڵهێنا و کەوتمە هەڵڕوانین، بەخێرایی و بە پەرۆشەوە چاوم دەگێڕا، تا لە پڕ کسپەیەك لە ناخی دەروونمەوە سەری هەڵدا و بەسەرتاپای لەشما برووسکەی کرد.

قەڵەمبازم دایە تەنیشتی و بە چۆکدا هاتم.. هاوارم لێ کرد:

– سالار.. سالار..

بێ ورتە و جوولە لەسەر گازی پشت کەوتبوو، لەگەڵ بیستنی هاوارەکەمدا، تەقەلای دا سەری بجوولێنێ و بۆی نەبزوا، دەستم خستە ژێر سەری و بەرزم کردەوە، رانم نایە ژێر پشتی و سەریم گرتە باوەشم، گەشی و بریقە لە چاویا نەمابوو.

سرنجێکی کزی ماندووی لە ڕووم گیر کرد و ئیتر چاوی لە چاوم لانەدا، بە ئاستەمێك لێوی بزواند بدوێ، نەیتوانی. دەقیقەیەك و دووان سیان و ئەو چاوە بێ بریقە و ماندووانەی نابوونیە ناو چاومەوە، لای نەدات، هەستم دەکرد پێڵووەکانی دەیانەوێ وەك لەوحی ئاسن بەسەر چاوەکانیا داکشێن و بەڵام ئەو دوا تۆز قاڵ تین و توانای خۆی دەخاتە کار نەیەڵێت، تا لە ئەنجامدا ئەو دوا تۆزقاڵەش توایەوە، لەوحە ئاسنەکان بەسەر چاوەکانیا داکشان و بۆ هەتا هەتایە لە هەڵاتنەوە کەوتن.

سەریم نووساند بە سنگمەوە، بۆ ماوەیەك فرمێسکی گەرمم بەسەر قژ و سەر و ڕوویا رشت تا دوو پێشمەرگەکەی پەلەکەی خۆمان، سەری سالاریان لە باوەشم دەرهێنا. دەستیان دایە بن باڵم و خستیانمە سەرپێ، یەکەمیان وتی:

– بڕیارمان وایە، من بگەڕێمەوە جەبهە و لق ئاگەدار کەم، حەمە عەلیش لەگەڵ تۆدا لێرە بمێنێتەوە.

– پێویست بە مانەوەمان ناکا.. با بڕۆین.

تەقەلایان دا گلم بدەنەوە. رازی نەبووم، دانەویمەوە ناوچەوانی سالارم ماچ کرد و پێشیان کەوتم.

***

لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا، دوژمن هێرشەکەی دەس پێ کرد، زریانێکی گوللەبارانیان، کوێرانە دەدا بەڕووماندا و خۆشیان بەدوایا بەرەو پێش تەکانیان دەدا.

لەوەبەر بەشداریی زۆر شەڕی سەخت و ستەمی ترم کردبوو، بەڵام لە هیچیاندا دوژمنم هێندە سەرسەخت و بەهەڵمەت نەدیبوو، دەتوت بڕیاری داوە، هەرچی تین و توانا و رق و کینە و هێز و دەسەڵاتێکی هەیە، بۆ ئەم شەڕەی تەرخان بکا و بیخاتە کارەوە، وەك گەڵای دار لێیان دەخرا و وەك دروێنە قەلاچۆ دەکران، کەچی هەر تەکانیان دەدا بۆ پێشەوە.

دەتوت: دەستێکی سامناکتری مردن لە پشتەوە، سامناکتر لە دەستەکەی بەردەمیان، بەرەو پێشەوە رایان دەماڵێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای نزیکەی سەعاتە وەختێك، ئەم هێرشە هەرە سەختەی دوژمنمان دایە دواوە و زاڵ بووین.

ئەوان بەرەو دواوە هەڵاتن و نۆرەی هێرشی ئێمە هات... نۆرەی راونان و جەزرەبە لێدانیان.

گێڕانەوەی یەك بەیەکی ئەو کارەساتە ستەمانەی من لەو شەڕەدا دیمن، کارێکی زەحمەتە و زمان لە عۆیەیان نایە. بەڵام با ئەوەیانت بۆ بگێڕمەوە کە بۆ من بەتایبەتی، بووە شای کارەساتەکانی ئەو شەڕە و هەرگیز لە یادم دەرناچێ.

وەك چۆن ئەوان شەو و ڕۆژێك بوو بواری پشوودانیان بە ئێمە نەدەدا و بە دواشیا درِندانە هەڵمەتیان هێنایە سەرمان، ئێمە هەر یەکسەر کە هێرشەکەیانمان دایە دواوە و کەوتینە راونانیان، یەك سات بواری خۆگرتنەوە و پشوودانمان نەدان و رامان دەماڵین.

من سەربـاری هەموو هۆیەکانی تر، رق و کینەی تۆڵەسەندنەوەیەکی گەرماوگەرمیش، هەست و بیر و هۆشمی ئاگر دەدا و تاڕادەی تەواو فەرامۆشکردنی مردن بۆی بە پەرۆش بووم.

مردووییەك چەند بیر لە مردن دەكاتەوە و دەیەوێ لە دەستیا هەڵبێ، منیش تەنیا هێندە بیرم لێ دەكردەوە و لێی دەترسام.

بەڕاكردن لەم بن بەرد بۆ ئەو بن بەرد بەرەو پێشەوە تەكانم دەدا، تەنیا بە غەریزە خۆم دەكوتایە پاڵ بەردەكان، ئەگینا ئیتر بەهیچ جۆرێكی تر بیر و هۆشم بەلای خۆپاراستندا نەدەچوون.. بەپێوە نیشانم دەگرتەوە و تەقەم دەكرد.

ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، هەموو كارەساتەكانی تری هەموو ساتەكانی تری ئەو شەڕەم لە بیر بچێتەوە (تەنانەت ساتی شەهیدبوونی سالاری براشم)، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز كارەسات و ساتی ڕووبەڕوو وەستانی خۆمم لەگەڵ (سەمیر)ی دیلدا بیر ناچێتەوە.

***

تاشە بەردێكی بچووكە و من خۆم دەگەیەنمە پاڵی.

شانی چەپمی دادەدەمە سەر و هەر بەپێوە نیشان دەگرمەوە، لە دووری پەنجا مەترێكەوە، دوو سەرباز بەدی دەكەم بە پرتاو هەڵدێن، لوولەی تفەنگەكەم ئاراستەی یەكەمیان دەكەم، نیشانی لێ ئەگرمەوە، رق و كینەی ئاگراویی ناو ناخم، بۆ چاوی راستم دەبێتە دووربینێك، كاسەی سەریم لێ ئەكاتە گوومەزێك، پەلە پیتكە دێنمەوە یەك و زامەی بڕنەوەكەم تێكەڵ بە هەزاران زرم و هووڕی تر دەبێ.

چاوی راستم لە مووی سەر لوولەی بڕنەوەكەم دا دەگرم و دەمەوێ بڕوانمە ئەنجام، فریا ناكەوم، هاوارێك بە دوای زرمەی بڕنەوەكەمدا، لەودیو تاشە بەردە بچووكەكەوە دێتە بەرگوێم:

– بۆ خاتری خوا مەمكوژە. خۆم دەدەم بە دەستەوە.

هەر بەغەریزە دڵم خورپەیەكی كرد و باشتر خۆم دایە پاڵ تاشە بەردەكە، سڵەمیمەوە.. بە غەریزە سڵەمیمەوە و خۆم مت كرد.

بەڵام ئەو، لەم سڵەمینەوە و خۆ متكردنەی من بێ ئاگا بوو، ئەو لە ساتی بە چۆكدا هاتنی خۆیدا بوو بۆ مردن و هاواری لە دوا ترووسكەی هیوای ژیان دەكرد بە فریای بكەوێ.. دەپاڕایەوە..

– بۆ خاتری خوا مەمكوژە.

هاواری پاڕانەوەی دووەمی ئەو بۆ ژیان، خورپە و سڵەمینەوە و خۆمتکردنی منی ڕەواندەوە، هاوارم لێ کرد:

– چەکەکەت فڕێ دە.. دەست هەڵبڕە و خۆت دەرخە، تفەنگێکی سمینۆفی فڕێ دایە نزیکمەوە، خۆشی بەدەم ترس و سامێکی کوشندەوە، لە پاڵ تاشە بەردەکە هاتە دەرەوە، هەموو گیانی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، چاوەکانی ئەوپەڕی زەلیلی و پاڕانەوەیان دەنواند، کە پەیتا پەیتا لە بەینی برنەوەکەی دەستم و ڕوخسار، ئەیهێنان و دەیبردن، ئەویش بەغەریزە دەیزانی، تەنیا ئان و ساتێکە. چاوترووکانێکە و بەدوایدا ئیتر گەردەلوولی ئازارێکی هێجگار توندوتیژ لوولی دەدا و بە بیخی نەبووندا لوولی دەداتە خوارەوە.. و ئیتر بۆ هەتا هەتایە ژیان بە خۆیەوە نابینێتەوە.

چەندە ئەو لەو ساتانەدا، ترس و سامێکی کوشندە وەك شیشێکی سوورەوەکراو دەچزا بە هەناویا و دەیبرژاند، منیش هێندە ئازاری زۆرانبازییەکی سەخت لەنێوان تەوژمی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و هەستی مرۆڤایەتیمدا دەروونی داخ دەکردم....

بیکوژە.. بەزەیی پێ ناشێ.. دڕندەیەکی ناو پیشە و دارستانە.. بەزەیی پێ ناشێ.. سالاری برات..

دەلاقەکەی ورگی.. سەرنجی چاوە بێ بریقە ماندووەکانی. چی پێ دەوتیت؟!.. چی لێ داوا دەکردیت؟!.. هەر وا زوو فەرامۆشی دەکەیت؟!.. هەر وا زوو لە بیرت دەچێتەوە؟!.. بەزەیی پێ ناشێ یەکێکە لە دڕندەکان.. بیکوژە. بۆ چاوەڕێ ئەکەی.. بیکوژە.. بیکوژە..

من ئاگا و هۆشم لەبەر بڕابوو، هەستم بەو بزووتنەوەیەی خۆم نەکرد، کە برنەوەکەی دەستم بەرز کردەوە قۆناخەکەیم نا بە شاخەوە، لوولەکەیم ئاراستەی سەر سنگی کرد، پەنجەم خستە سەر پەلەپیتکە و لەوەدا بووم پەنجە بێنمەوە یەك، هاوارە پڕ زەلیلی و پاڕانەوەکەیم لەبنی بیرێکەوە هاتەوە بەرگوێ:

– تکات لێ دەکەم مەمکوژە.. باوەڕم پێ بکە، تاقە یەك فیشەکم نەتەقاندووە، ئەوە تفەنگەکەم سەیری کە... ئەوە فیشەکدانەکەم گوللەکانی بژمێرە.

من هێشتا هەر لوولەی برنەوەکەمم ئاراستە کرد بوو.... بەوپەڕی ڕق و کینەوە لوولەی تفەنگەکەمم ئاراستەی کردبوو.

ئەو بەردەوام بوو لەسەر پاڕانەوە و دەیوت:

– ئەمساڵ لە قوتابخانەی مامۆستایان دەرچووم. هەر یەکسەر کردنیانم بە سەرباز

و راپێچی کۆڕی ئەم شەڕەیان کردم. تکات لێ دەکەم..

لەوە بەدواوە پێویستم بەوە نەبوو زیاتر گوێ لە قسەی ئەو بگرم، زۆرانبازییەکەی ناخی خۆم بەلایەکدا کەوتبوو، ئەم وت:

بەڵام دیلێکی دەستەووەستانە.. بێ چارەیە. لەو ساتەوەی تفەنگەکەی فڕێ دا و دەستی بەرز کردەوە لەوە کەوت بە شەڕکەرێکی دوژمن دابنرێ، لەو ساتەوە ئیتر ژیانی بووەتە ئەمانەتێك لە ئەستۆی منا، نا.. ناشێ.. بە هەر نرخێك بێ، دەبێ دان بە خۆما بگرم و خۆم لەم نامەردییە بپارێزم.

ئیتر نەمهێشت لەوە زیاتر لەسەری بڕوات، هیچم لەگەڵا نەوت، لوولەی بڕنەوەکەم داگرتە خوارەوە، چاوم بڕییە چاوی و دانەویمەوە، سمینۆفەکەیم لە زەوی هەڵگرت و پێم وت:

– مەترسە. دڵنیا بە ناتکوژم. پێشم کەوە، بەرەو دواوە دامە پێش خۆم، تا گەیشتینە جێ، هەر چەند هەنگاوێك و بە ترس و لەرزەوە ئاوڕێکی لێ دەدامەوە . تا بە تووڕەیییەوە پێم وت:

– پێم وتی مەترسە و دڵنیا بە.. ئیتر بەس ئاوڕ بدەرەوە.

***

پێش ئەوەی لەگەڵ دیلەکانی تردا بیگوێزنەوە بۆ بەندیخانە شەو و رۆژێك لە سەنگەرەکەماندا لەگەڵمانا مایەوە، هەرچەندە دڵنیا بووبوو، بەڵام هێشتا ترسی هەر لە دڵا مابوو، شەو بانگی کردمە لای خۆیەوە، بەدوور و درێژی باسی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە، دوای ئەوە کەوتینە قسە و باس و تا درەنگ وەختێك دانیشتین، منیش باسی کارەساتەکەی سالاری برامم بۆ گێڕایەوە، ئەو راچەنینێکی شێتانە راچەنی.

ئینجا بۆ ماوەی چەند ساتێك، چاوی بەسەر روخسارما ئەبڵەق بوو، دوایی سەری چەقاندە دیواری سەنگەرەکەمان و ڕووی خۆی تێدا ون کرد.

دوای ماوەیەك من پێم وت:

– شەو درەنگ بووە. باشتر وایە بخەویت.

سەری لە خۆڵ و گڵی دیواری سەنگەرەکەمان دەرکێشایە دەرەوە، مانگ هەڵاتبوو، تیشکێکی زیوینی بەسەر ناوچەکەماندا پەخش دەکرد، ڕووی (سمیر)ی دیلیشی

ڕووناك دەكردەوە.

بۆ یەكەم جار باش لە ڕووی ورد بوومەوە وەك سالاری برام تازە سمێڵی ڕەش دەكرد. تازە لەوەدا بوو هەڵی دا و ببێ بە پیاو.

دوودڵ بوو لە نووستن، وتی:

– نەء قەیناكە.. حەز دەكەم هەروا دانیشم.

وتم:

– بەڵێن لە من وەرگرە.. بەبێ ترس بنوو.

وتی:

– هەتا دەمرم ئەم مەردایەتییەتم لە بیر ناچێتەوە.

بەتانییەكی خۆمم دایە، ڕاكشا بنوێ، بەڵام خەو نەچووە چاوی، تا ڕۆژ بووەوە هەر گینگڵی دەدا.

كە بردیان زۆر بەگەرمەوە دەستی گوشیم و وتی:

– ژیانێكی نوێت پێ داوم.. هیوادارم لە دواڕۆژێكی زۆر نزیكدا و دوای سەركەوتنتان، بتبینمەوە و بە برادەرێكی هەرە دڵسۆزی خۆتم بزانیت.

دەستم درێژ كرد بۆ بەری لای دوژمن و وتم:

– ئەگەر لە ژیانا هێشتمیان.

سەرێكی خەفەتباری لەقاند، چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، ڕووی لێ وەرگێڕام، هەنگاوی هەڵهێنا و ڕۆیشت، كە دووركەوتەوە، هەستم پێ كرد بەسەر قۆڵی قەمسەڵە عەسكەرییەكەی فرمێسكەكانی چاوی دەسڕی.

مارت/ ١٩٧٥

# ڕۆژگار

دەمەوئێوارەی ڕۆژێکی پایز بوو کە هەریەکەیان لە قوڵێکەوە، بەرەو قەراخ شار ڕۆیشتن. دەمێکی دەمێك بوو یەکتریان نەدیبوو. داخوازیی یەکتر بینینەکە لەمەوە بوو. ئەم بەیانییەکەی داوای لە پووری کرد ئاگەداری بکا، کە بەپەرۆشەوە حەز بەبینینی دەکا. لەوەبەر زۆر جاری تر بیری لێ کردبووەوە. بڕیاری داو دەیوت: "بۆچی گوایە چی دەقەومێ؟! خۆ دەست نادەینە یەخەی یەکتر؟!.

یا وا داشمان!.. ئێ چاکتر. خۆ ئەو گرێکوێرەیە لە دڵمدا دەکرێتەوە و، بیر و هۆشم لە ئاستیدا ساف دەبێ؟. وەهای دەوت و بڕیاری دەدا کە لە نزیکترین فرسەتدا بیکا. کەچی کاتێ فرسەتەکە ڕێك دەکەوت، دوودڵی و ڕاڕایی لێی تێك دەدا و دەیخستە جاری داهاتوو. جاری داهاتووش وا بەئاسانی هەڵنەدەکەوت. ئەو لە بابەتی مرۆڤی جێ بەخۆ نەگر بوو. هەر لەو کاتەوەی ڕەوتی ژیانی خۆی لە گرێژەنە برد، ئیتر بووە گەڕیدەیەکی شاران و نەدەگیرسایەوە. دەڕۆیشت و ئەو بزربوونەی بزر دەبوو، کەس نەیدەزانی کوێ چووە و چی دەکا!. دەبینرا.. جاروبار هەواڵی دەماودەم دەگەیشت و دەوترا کە لە فلانە شار یا فیسارە شارۆچکە بینراوە. بەڵام قەت نەدەوترا کە جێگیر بووە. کەس نەیدەزانی وا بڵێ، چونکە هەر هێندەت دەزانی خۆی لە ناکاوێکدا پەیدا دەبووەوە. ئینجا ئەمیشیان لە چەند ڕۆژێك زیاتری نەدەخایاند و بزر دەبووەوە!. ئەم لە دوا جاری پەیدابوونەوە لە ناکاوەکانیدا بوو، کە بەسەر دوودڵی و ڕاڕاییەکەی خۆیدا زاڵ بوو. جاری داهاتووەکەی بەگیر هێنا و ئەم فرسەتەیانی لەدەست نەدا.

سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە کە پووری خۆی کرد بەماڵدا و دانیشت، ئەم هەروا ئاسایی لێی پرسی:

– هەواڵی گەڕیدەی شارانمان چییە؟.

کەچی پوور وتی:

– لە ماڵەوەیە.. ئەمڕۆ لە بەرەبەیاندا پەیدا بوو.

ئەم وەك حەزەکە لە پڕێکدا لە ناخیدا بتەقێتەوە، خورپەیەك بەهەناویدا کسپەی کرد. تەوژمێکی خوێن شاڵاوی بۆ سەرو ڕووی هێنا و هەردوو لاجانگی گەرم داهاتن،

چاوی بە بەرامبەریدا روا و هیچی بۆ نەوترا. پوور وەکو هەستی پێ کردبێ و سووکە ترسێکی لە ناخدا بزواندبێ، وتی:

– لەوە ناچێ زۆر گیر بخوا.. خۆت دەزانیت..

ئەم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. وەك لەبەر خۆیەوە قسە بکا وتی:

– حەز دەکەم بیبینم!. پوور باوەڕی بەگوێی خۆی نەدەکرد و حەپەسا. ئەم ئەم جارە بەڕوونی و بەدڵنیاییەوە وتی:

– پێی بڵێ: بەپەرۆشەوە حەز دەکەم بیبینم.

***

یەکتربینینەکە بۆ هەردووکیان، ساتێکی پڕ لە هەژانی ناخی دەروونم بوو. دەتوت بۆ رمبازێنێکی ئەوتۆ هاتوونەتە بەرمەیدانی یەکتر، کە هەرچی شیر و تیری ناخ هەیە لە یەکتری بخەنە کار. شوێنەکەش هەر ڕاست شوێنی ئەو جۆرە رمبازێنە بوو. ئەم بوو ئەوێی دەسنیشان کردبوو.. گردی سەیوان.. پاڵ گومەزەکەی شێخ مارف. بۆچی ئەوێ؟!. دەیزانی بۆچی و لە دڵدا زۆریشی لێ خۆش هات.. (.. ئا.. سەیوان و پاڵ گومەزەکە.. بەهاران و دەدەمەی هاوین.. ئەوێمان بۆ خۆمان قۆرغ دەکرد. نەماندەهێشت هیچ قوتابییەکی تر توخنی بکەوێ . تا سەعیمان دەکرد سەعی و تا یاریمان دەکرد یاری. ئینجا کە ڕووە و شار دانیشتین، راست بیناییمان ئاراستەی ماڵەوە دەبوو. باڵەخانەیەك و ڕووی لە سەیوانە. هەردووکمان دەبینین ئەوەتا هەردوو دایك دێن و دەچن و هەڵدەسووڕێن. دوو خوشکن و شوویان بەدوو برادەری گیانیبەگیانیی یەکتر کردووە. خانووەکە موڵکی باپیری منە. ماڵی باپیرم لە خوارەوەدان. سەرەوەشیان واز لێ هێناوە بۆ باوکم و برادەرەکەی. موو بە بەینماندا ناچێ. باپیر و نەنکم لەگەڵ باوکمدا. باوکم و دایکم لەگەڵ باوکی و دایکیدا. دوا جار من لەگەڵ ئەو و ئەو لەگەڵ مندا، وەکو باوکم و باوکی، دوو برادەری گیانیبەگیانیی یەکترین..).

ئەم ماوەیەك لەوێ دانیشتبوو کە ئەو گەیشتە جێ. ساتە پڕ لە هەژانەکە بوو. سڵاوکردن لەو گێژەنەدا کارێکی بێ جێ بوو. سڵاوی نەکرد و هات بەبێدەنگ بەژوور سەرییەوە راوەستا. ماوەیەك بەخامۆشی مانەوە. تا ئەو پەردەی بێدەنگییەکەی دڕی. بەهێمنییەوە وتی:

- دەبینیت؟.

ئەویش کە پێشتر شانبەشانی ئەم چاوی ئاراستەی دیمەنەکە کردبوو. وەك ئەم لەسەرخۆ وتی:

- دەبینم!.

- بە کام چاو؟!.. ئەوەکەی جاران یا ئێستا؟!.

- من دوو جۆر چاوم نییە.

- یانی هەر ئەوەکەی جارانتە؟!.

- واش ناڵێم.. بەڵام رۆژگار کاری خۆی دەکا.

- هەندێ شت هەن رۆژگار کاریان تێ ناکا.

لە یەکتری چاك تێ دەگەیشتن. هەریەکەیان ئەویتریان لە کوێوە قسە دەکا. ئەو کەتا هەر بەپێوە راوەستابوو، بەهێواشی لە تەنیشتییەوە دانیشت. پاڵی بەدیواری گومەزەکەوە دا و قاچی راکێشا. پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی بۆ خۆی لێ دەرکێشا. ئینجا بەبێ ڕووەوەرگێڕان، پاکەتەکەی بۆ لای ئەم درێژ کرد. ئەمیش بەبێ ئاوڕدانەوە بەلای ئەودا، جگەرەیەکی لێ دەرهێنا. هەریەکەیان بەشقارتەی خۆی، جگەرەکانیان ئاگر دا و کەوتنە مژلێدانیان. بەدوایدا ئەو کەوتەوە قسە و وتی:

- قسەکەت راستە.. بەمەرجێ هەندە شتەکە بزانرێ کامانەن!.

ئەم وەك لە وەرامەکەی سەرسام بووبێ، بۆ یەکەم جار ئاوڕی بەلایدا دایەوە سەرنجی دایە رووی. سەرنجلێدانەکەش زیاتر سەرسامی کرد!. لەو ساتانەدا گومانێك بەمێشکیدا برووسکەی کرد کە ئەو زەلامە ئەو خۆینێ!. راستە نۆ ساڵ بوو نەیدیبوو، بەڵام چۆن و بۆچی وای لێ بەسەرهات؟. بەدەم ئەو سەرنجلێدانەوە، دیمەنی لەوەبەری هاتەوە بەرچاوی: ( چاو و برۆیەکی رەشی گەش. ناوچەوانێکی پان و روومەت و چەناگەیەکی خڕی گۆشتن. قژێکی چڕی هەردەم داهێنراو و سمێڵێکی قەیتانیی رێك. بەڵێ.. سەر و ڕووی لاوێکی شۆخ.. تەواو شۆخ).

دیمەنەکەی لەوەبەری ئەو، دیمەنی (شەوبۆ)شی هێنایەوە پێش چاو. ئەوەکەی شەوبۆ، بۆ جاری هەزار جارە بەسەرهاتەکەی لە بیر و هۆشدا ژیاندەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: (.. راستە لە سەرەتادا لە گاڵتەیەکی منداڵانە بەولاترەوە نەبوو.

هەر دووکمان حەزمان لەو دەکرد و ئەویش حەزی لە هەردووکمان بوو. وامان دەزانی سێ منداڵی ساواین و یارییەکی ناو کۆڵان دەکەین. ئێمە لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا بووین و ئەو یازدە ساڵان. بەڵام خۆ ئەوە زۆری نەخایاند.. خۆ هەر زوو روون بووەوە کە ئەگەرچی من لە تۆ زۆر زیاتر ئەوم خۆش دەوێ، ئەویش زۆر زیاتر تۆی خۆش دەوێ و تۆیت دەستەگوڵی. خۆ من لەپێناوی تۆدا، ئەو یەکەم عەشق و دوا عەشقەی خۆمم خەفە کرد و دڵی خۆم مراند. هەروەکو شەوبۆش گاڵتەی منداڵانەکەی بۆ تۆ تێکەڵ بەخوێن و گۆشت و ئێسقانی خۆی کرد. کەچی تۆ.. تۆ دوایی ئەو هەموو نامەردایەتییەت لە کوێ هێنا؟!.. تۆ چۆن..).

– وەرامت نەبوو..!. بەمەرجێ هەندێ شتەکان بزانرێ کامانەن!.

ئەم لە خۆی بەئاگا هاتەوە. چاوی لە ڕووی لادا و روانییەوە بەرامبەری. روانییەوە مەڵبەندەکەی منداڵیی خۆیان و شەوبۆ. دوای کەمێ رامان وتی:

– مەردایەتی.

ئەویش بۆ یەکەم جار لای کردەوە بەلایدا و سەرنجی دایە. زەردەخەنەیەکی کاڵی بەقێزوبێز گرتی و وتی:

– مەردایەتی؟!.. بێ خەبەریت!. ئەوەی رۆژگار بەر لە هەر شتێکی تر کاری تێی دەکا، مەردایەتییەکەی لەمەڕ تۆیە.

– تۆ لە خۆتەوە دەڕوانیت.. بەگەزی خۆتی دەپێویت!.

– گەزی من گەزی رۆژگارەکەتە.

– دیوە گەندەڵ و رزیوەکەی.

– لە چاوی تۆوە وا دەکەوێتەوە.. لە چاوی منەوە نا.

– چاوی پاك و چاوی پیس هەیە.

– چۆن؟!.

ئەم پرسیارەکەی بەتەوسێکەوە کرد و کەمێ بێدەنگ بوو. هەر بە تەوسێکیشەوە سەرنجی دایە ئەو. ئەویش لەلای خۆیەوە روانییە ئەم. ئەوە یەکەم جار بوو چاو ببڕنە چاوی یەکتر. ئەم بێ ئەوەی سەرنجی لێ لابدا، هەربەدەم شێوە تەوسەکەوە وتی:

– تۆ شەوبۆ ناوێك دەناسیت؟.

ئەو بزەیەكی تێكەڵ لە توانج و گاڵتەپێكردن گرتی و وتی:

– ئەی تڵپەكەیم بۆ تۆ بەجێ نەهێشت؟!. پیرۆزە.. بەدایكی كوڕانت بێ!.

ئەم لە ئاستی قسەكەیدا چاوی پەڕییە پشتی سەری. لەشی بوو بە پارچەیە ئاگر. راپەڕییە سەرپێ. هەموو گیانی وەك بیی ناو ئاو دەلەرزی. ماوەیەك بەو چەشنە بەپێوە مایەوە . تا لە ئەنجامدا دانی بەخۆیدا گرت و وتی:

– تڵپەكەی؟!. هەڵسەوەرە!...

ئەو لە سەرەتادا لە جێی خۆی نەجوولا. ئەم هەشت نۆ هەنگاوێك دوور كەوتەوە و چوو لە ئاستی گۆڕێكی هەڵبەستراودا راوەستا. ئاوڕێكی لێ دایەوە و بانگی كرد:

– وەرە.. وەرە بڕوانە.

ئەو هەروا بۆ ئەوەی بزانێ مەبەستی چییە، هەڵسا و چوو بەفیزێكەوە لە تەنیشتییەوە راوەستا و هەڵی نەڕوانی!. گوێی بۆ قسە هەڵخست. ئا قسەكە كەوتە بەرگوێی.. لە شێوەی خوێندنەوەدا كەوتە بەرگوێی كە وتی: (ئەمە گۆڕی خوالێخۆشبوو شەوبۆی میرزا سەلیمی سابڵاخییە).

ئەوسا ئەو بڕووسكەیەك دای لە هەناوی. بڕووسكەكە شێوەی فیز و لووتبەرزییەكەی لە ڕووی داماڵی و لە جێگەی تەمێكی تێكەڵ لە ترس و سام و خەم و پەژارەی نیشاندە سەر. ملی لار كردەوە و روانییە كێلەكەی بەردەمی. ئینجا سەری وەرگێڕا و گێژوویژ روانییە ئەم. ئەم لای نەكردەوە بەلایدا. وتی:

– باش سەیری بكە. لە تەمەنی هەژدەساڵیدا خۆی كوشت.. باشی بخوێنەرەوە.

ئەو كاتە، رۆژ لە دوور و راست بەرەو ڕوویان، خەریك بوو ئاودیوی كێوەكانی بەرامبەریان دەبوو. تیشكێكی زێڕینی خاوی، ئاراستەی ڕوویان دەكرد و رەنگێكی زەردی ئەوتۆی پێ دەدان، كە گەرد بەگەردی داخ و خەفەتی ناخی هەردووكیانی دەخستە ڕوو.

ئەم لەوە زیاتر گیر نەبوو. تەنیا وتی:

– هێشتا ماوتە.. چەند دێرەكەی ئەملا و ئەولایشی بخوێنەرەوە، ئەوسا تێ دەگەیت هەندە شتەكە كامانەن!.

ئیتر بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەرەوخوار بووەوە. کە پێی لە گۆڕستان دەرهاوێشت و چووە ناو کۆڵانەکەی بەرامبەرییەوە، راوەستا و ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. سەیری کرد ئەو هێشتا بەدیار گۆڕەکەی شەوبۆوە چەقیوە.

١٩٨٨ /١٠/٨

# پەلاس

کلووە بەفرەکان وەك بیانەوێ، بەدەم سەمایەکی بەلارولەنجەی خەمناکەوە، سڵاوێکی پڕ لە ڕێز و ئەمەکی لێ بکەن، بەبەرچاویدا زۆر لەسەرخۆ دادەخزانە خوارەوە و لە ئاستی دامێنی پەنجەرەکەدا لێی بزر دەبوون. سپی سپی وەك چوڕی شیر.. خاوخاو وەك لۆکەی هەلاجیکراو.. هێمن هێمن وەك تولفە فریشتەی خەواڵووی ئەو ئاسمانە، لە کەشکەلانێکەوە دادەخزان و دەهاتن بە بەرچاویدا، ڕۆدەچوونە ئەودیو دامێنی پەنجەرەکەوە. دیمەنەکە هەستێکی ناسکی تەلیسماویی، لە ناخی دەروونە شەکەت و بڕست لێبڕاوەکەیدا دەبزواند. هەستێك لەو بابەتەی کە مرۆڤ بەدەگمەن لە درێژاییی ژیانیدا، وەك بەخششێکی خواوەندی، ڕەنگە دە.. ڕەنگە بیست.. ڕەنگە پەنجا جارێك بە نەسیبی ببێ، کە ئەویش بە پێوانەی کات، ڕەنگە لە ماوەی ترپەیەکی دڵ.. یا چاوقووچانێك و کردنەوەی.. یا ئەوپەڕەکەی و لە هەناسە هەڵکێشان و دانەوەیەکی سارد تێپەڕ نەکا.

سا هەستە تەلیسماوییەکە وەهای هەژاند، کە ئەگەر بەدەستی بووایە، ئانوسات جەستە پەلاس ئاساکەی خۆی، وەك شەیدایەك لەسەر کورسییەکە هەڵدەپچڕی. ڕای دەچەناندە سەرپێ و لەبەر پەنجەرەکەدا قیت ڕای دەوەستاند. پەنجەرەی پێ یەکالا دەکردەوە. دەستی پێ درێژ دەکردن بۆ دەرەوە. بۆ کلووە بەفرەکانی دەگرتنەوە. ڕای دەگرتن تا هەردوو ناولەپی پڕ دەبوون. ئینجا دەیهێنان لێوی پێوە دەنان. ماچی دەکردەوە. هێندەی ماچ دەکردن، تا لە کوانووی لێشاویدا دەیتواندنەوە. ئەوسا دەهات هەڵی دەلووشین و ئاگری کوانووەکەی پێ دادەمرکاندنەوە. بەڵام داخ و سەد داخ، کە جەستە ئەوەتا پەلاسێکی خڕی سەر کورسییەکی پێچکەدارە!.

بەیانییەکەی چراخان، وەك چۆن شەوێ دوا کەس بوو جێی هێشت و چوو نووست، لەمیشیاندا یەکەم کەس بوو، بەئەسپایی دەرگەی کردەوە و سەری لێ کێشایە ژوورەوە. بەدەنگە فریشتەییەکەی وتی:

– بابە گیان.. بەخەبەر هاتوویت؟.

باوکە بەپێچەوانەی شەوێوە، کە لە دوا سەردانیدا بۆ لای، خۆی بەخەوتوو نیشان دا، ئەم جارەیان تینی دایە بەرخۆی وتی:

– ئا بابە گیان.. بەخەبەرم.

ئیتر ئەو کشایەوە دواوە. جگەرەکێشانێکی پێ نەچوو، بەخۆی و تەدارەکە ئاساییەکەیەوە پەیدا بووەوە. سینییەك و هەردوو پێویستییەکەی ئەمی لەسەرن.. بەرچایی و دەرمانەکانی. بەدەستوورە پەپوولەییەکەی، کەوتە خولانەوە بەدەوریدا. راستی کردەوە و خستییە، سەر باری نیمچەدانیشتن. سینییەکەی نایە سەر کۆشی. ئەم پڕبەپڕی دڵە شەکەتەکەی تێی ڕوانی. دەیویست بۆی بخنێتەوە و لە نێوانییەوە، هەرچی خۆشەویستی و سۆزێکی باوك و فرزەندی لە دڵە ماندووەکەیدا هەیە، بۆی دەربېڕێ. کەچی هەرچەندی کرد و کۆشا، لە بزەیەکی کاڵی بێڕەنگ و بۆی زیاتر بۆ دەرنەبڕدرا. تەنانەت لە وزەیدا نەمابوو، دەستیش بۆ بەرچایی و دەرمانەکان درێژ بکا. تەنیا بەدەنگێکی کزی پڕ لە ئازارەوە وتی:

– سینییەکە لادە.. بۆم ناخورێن.

چراخان هەندێ تەقەلای لەگەڵدا دا. بەڵام کە ئەم هەر بەدەم بزە کاڵ و بێ ڕەنگ و بۆیەکەیەوە وتی:

– زۆرم لێ مەکە.

ئیتر ئەو سینییەکەی لەسەر کۆشی لادا. بەرامبەری دانیشت و دەم بەخەندە، کەوتە سەیرکردنی. دەتوت دەڕوانێتە باوکەکەی رۆژگاری جاران. دەتوت ئەمە بەلایەوە، قەت جەستەیەکی پەڵاس نییە و خپ، لەسەر قەرەوێڵەیەك کەوتبێ. بگرە هەر ئەو باوکە چوارشانە بەهێز و بازووەیە، کە لە رۆژانی ئیش پێکردنییەوە، مانگ بە مانگ و ساڵ بەساڵ، بەتەك یەکترەوە بوون و قەت لە یەکتر دانەبڕاون. تا هەروا چل رۆژێك لەوەبەر، لە ناکاوێکدا هاواری لێ هەڵسا و وتی:

– چراخان.. چراخان!.

تەنیا ئەوەندە و ئیتر ئەم بەسەر دنیاوە نەما. چراخانەکەی گەیاندبوویە خەستەخانە. شەوێك و دووان و سیان، نەچووبووە چاوی و ئێشکی گرتبوو. وەك پەپوولە بەدەوریدا خولابووەوە. وەك فریشتەیەکی ئاسمان، بەهەوای باڵی خواوەندییانەی، باوەشێنی گیان و جەستەی ئازارچەشتووی کردبوو، تا کاتێ گەڕابوونەوە ماڵەوە، ئەم بووبووە جەستە پەڵاسەکەی، نێوانی سەر قەرەوێڵەکە و کورسییە پێچکەدارەکە. چراخان کە دەم بەخەندە بەرامبەری دانیشت و کەوتە

سەرنجدانی، ئەم دیسان هەوڵی دا بۆی بخنێتەوە. کەچی هەستی کرد تەنانەت، وردە ماسوولکەکانی دەم و لێو و رووومەتیشی بۆی نایەنە ژێربار. گەلێ زۆری لە خۆی کرد و هەر بۆی نەهاتنە ژێربار. لە سەرەتاوە رق و کینە و بێزاری و دوایی شەپۆلی خەمناکییەکی قووڵ، دڵ و دەروونیانی داگیر کرد. لەبەر خۆیەوە بەنووزەیەکی پڕ لە جاڕسییەوە وتی:

– جەستەم بووەتە پەڵاس.. پەڵاس.. پەڵاس!..

چراخان ویستی دەست و پەنجە فریشتەیییەکانی بۆ بەرێ و پاڵی بخاتەوە. ئەم ملی بۆ نەدا و وتی:

– پەردەکان لادە!.

کە پەردەکان لادران، دیمەنەکەی کەوتە بەرچاو. هەروا لە جێوە کەمێ لێی ورد بووەوە. دەیزانی حاڵی پەرێشانە و دانیشتنی سەر کورسییەکەی بۆ ستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– کورسییەکەم بۆ بێنە.

چراخان لە مەبەستەکەی تێ گەیشت. سەری سوڕما و دوودڵ بوو. پێنج رۆژ بوو، تەنیا بۆ چوونە سەر پێشاو بەکاری دەهێنا. دەیزانی توانای ئەوەی نییە بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی لەسەری راگیر بکا. بەڵام بێدڵیی نەکرد و فەرمانی بەجێ هێنا.

گەلێ بەزەحمەت، خۆی لەسەر قەرەوێڵەکە بۆ هەڵپچڕا و بەیاریدەی چراخان لەسەری دانیشت. ئازار دەیپڕووکاند. لەتاودا لێوی خۆی دەکرۆشت. دەتوت دانیشێنراوەتە سەر ساجێکی سوورەوەکراو. ئەوسا بەدەم ئازارە دڵپڕوێنەکەیەوە وتی:

– بمبەرە بەر پەنجەرەکە.

چراخان بردییە بەر پەنجەرەکە و بەدیارییەوە راوەستا. لەگەڵ هەر گینگڵ خواردنێکیدا بەدەم ئازارەکەیەوە، دڵی بۆی دەقرچا. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– بابە گیان.. راکشانەکەت بۆ باشتر نەبوو؟!.

باب وەرامی تێبینییەکەی نەدایەوە. تەنیا وتی:

– بەتانییەکەم پێ دادە.

چراخان وەك هەڵەیەکی کردبێ و لێی بەئاگا هێنرابێ، چوو بەتانییەکەی هێنا و لە

شانوملییەوە پێچا. ئینجا بەپەلە چوو یەکێکی تری هێنا و بەسەر کۆش و قاچوقولیدادا. ئیتر کە لە کەنتارەوە لە حزووریدا راوەستایەوە، ئەم بێ ئاوڕدانەوە بەلایدا وتی:

– بچۆ بەلای منداڵەکانتەوە.. حەز دەکەم جێم بێڵی.

***

کلووە بەفرەکان هێشتا بەدەم سەما بە لارولەنجەکەیانەوە، سپی سپی وەك چوڕی شیر.. خاو خاو وەك لۆکەی هەلاجیکراو.. هێمن هیمن وەك تولفە فریشتەی خەواڵووی ئەو ئاسمانە، لە کەشکەلانەوە دادەخزان و دەهاتن بە بەرچاویدا، رۆدەچوونە ئەودیو دامێنی پەنجەرەکەوە. هەستە ناسکە تەلیسماوییەکەش، ئەگەرچی ماوە یەك و دوو ساتییەکەی بەسەر چووبوو، بەلاّم شوێنەواری هێشتا گەرموگوڕ بوو. دەتوت کوانوویەکی پڕ لە ژیلەمۆی لە پاش خۆی جێ هێشتووە و ئەمیش ئەوەتا لەو ناو بەستەڵەکەدا، رووبەڕووی دانیشتووە.

(ژیلەمۆ دەبێ هەر بەیناوبەینێك تێوەی بژەنیت، تا گەرماییەکی نوێت پێ بگەیەنێ). لە دڵدا وای وت و چاوی، بەسەر کلووە بەفرەکاندا روابوو. (هەست بە ئازار ناکەم!. بۆ؟!. جەستەم هەر پەلاّسەکەیە!. قاچم و لاقم و دەستم و بازووم نابزوێن.. بۆ؟!.. تۆ بڵێی..؟!).

دڵی بەرایی نەدا قسەکەی تەواو بکا. هەوڵی بزواندنیانی دا و بۆی نەبزوێنران. لەوان گەڕا و تەکانی دا، بەیاریدەی ناوقەدو سنگ و پشت و شان و باهوو، پاشووی بلەقێنێ. ئەمیشیانی هەر بۆ نەکرا. بیری بۆ چاو و بینایی چوو. ئاراستەی کلووە بەفرەکانی کردنەوە. کلووە بەفرەکان ئەوەتا هێشتا هەر، لە سەمای بەلارولەنجەی خۆیاندان. هێشتا هەر ریز لە دوای ریز، بەشاقووڵی بیگریت یا بە ستوونی، خرپن خرپن و بەهێمنی، لە کەشکەلانەکەوە دادەخزێنە خوارەوە و دێن، سلاّوی خۆیان دەکەن و بەودیو دامێنی پەنجەرەکەدا، رۆدەچن و بزر دەبن!. (سلاّوتان لەسەر سەرم). لە دڵدا وتی: (بەلاّم وەرن لێمی ئاشکرا بکەن!. لەگەڵ خۆتاندا دەمبەن یان نا.. ها.. دەمبەن یان نا؟!.).

بەدەست خۆی نەبوو. پرسیارەکە کسپەیەکی تیژی، بەهەناوی شەکەتیدا شریخە پێ دا. وەك درابێتە بەر شەپۆلێکی کارەبایی، جەستە پەلاّسەکەی لەگەڵیدا راچەنی کەوتە

لەرزین!. (دوا لەرزینە؟!). وتی: (جەستە پەڵاسەکە!.. ئەمە دوا لەرزینە؟!).

لەرزینەکە سەراپای لەشی، نوقمی ئارەقێکی لینجی گەرم کرد. دوو ریزە دڵۆپی، بەسەر هەردوو برۆیەوە لێ قەتیس مان. وای هەست دەکرد کە بوونەتە، قورقوشم و قورساییەکی لە ڕادەبەدەر، دەنیشێتە سەر پێڵووەکانی هەردوو چاوی. پێڵووش ئەوەتا لە ژێریدا، بەسەر یەکتریدا روو لە جووتبوون دەکەن. لە کاتێکدا کلووە بەفرەکان هێشتا، بەدەم سەما بەلارولەنجە خەمناکەکەیانەوە، سپی سپی وەك چوڕی شیر.. خاوخاو وەك لۆکەی هەلاجیکراو.. هێمن هێمن وەك تولفە فریشتەی خەواڵووی ئەو ئاسمانە، لە کەشکەلانەوە دادەخزان و دەهاتن و رۆدەچوونە ئەودیو دامێنی پەنجەرەکەوە.

هەولێر ١٩٨٩/٩/٩

## نهێنی

کابرا هەر جارەی کە دەهات، منی خراپ دەتۆقاند. دوو چاوە پڕ لە خوێنەکەی سرەوتی لەبەر دەبڕیم. هەردەم سوورسوور وەك دوو گۆمی خوێنم دەبینین. هەموو کات ترسێکی بێ ئامانیان لە دڵمدا دەبزواند. کە دوایی بەدایکمم دەوت:

– دایە!.. ئەو پیاوە چاوی پڕ لە خوێنن و من لێیان دەترسم!.

ئەو بەدەم بزەیەکی تیکەڵ لە سۆز و گاڵتەوە دەیوت:

– ئۆی کورە تۆش.. لە خۆتەوە قسەی هیچوپووچ دەکەیت. بێ ئەقڵ مەبە!. ئەو دەمە من تەمەنم، هەروا حەوت هەشت ساڵان دەبوو. دایکم بەردەوام گوێمی بەوە پڕ دەکرد، کە دوای نەمانی باوکم، من بوومەتە پیاوی ماڵەکە. بگرە بەڕێوەم ببمە سەری گەورەی خێزانەکە و فەرمانڕەواییشی لە ئەستۆ بگرم. هەرچەند باس لە خێزانەکەمان بووایە، سەری زمانی و بنی زمانی لە من دەگەڕا. ئەگەر نازی بدامایەتێ دەیوت: (تۆی سەرداری خێزانەکە!). ئەگەر لێشم تووڕە ببووایە دەیوت: (بەناخێری گیانت، دەبیتە سەرداری خێزانەکە!). نەك تەنیا ئەو، هەرسێ خوشکەکەشم، کە هەموو بەتەمەن سەروو خۆم بوون، وەك دایکمیان دەکرد و خۆش خۆش قسەی ئەویان دەجووەوە.

منی ئەو سەردار و سەروەری خێزانە ، هەر لە یەکەم جارەوە دوژمنی خۆمم ناسی. ئەی چۆن؟!. منێك کە ئەوەتا بەردەوام بەگوێمدا دەخوێنرێ، کە بەڕێوەم ببمە پیاوێکی یەکەپیاو.. ببمە سەرێکی گەورە.. ببمە هەڵسووڕێنەر و فەرمانڕەوای سەرجەم کاروباری ئەم خێزانە و کەچی، لە ناکاوێکدا کابرایەکی نەدیو و نەناسیاوم لێ پەیدا دەبێ. وەك کەڵەبابێکی غوباب لێم دێتە پێشەوە. بەلالووتێکەوە مەرحەبایەکم بەڕوودا دەدا و بە کەشوفشێکەوە بەلامدا ڕادەبوورێ. ئینجا دەچێ پان دەبێتەوە و بەرامبەر دایکم دادەنیشێ. دەست دەکاتە قسەی زلزل. دایکیشم خۆش خۆش دەچێ بەدەستی خۆی، بەسەرێك ئاو و ماستاوی بۆ دێنێ و بەسەرێکیش چای بۆ دەم دەکا و لە پیاڵەی سەر سینیدا، دەیهێنێ و دەیخاتە بەردەمی. سەرباری هەمموو ئەمانەش، کە لێی دەچمە پێشەوە و تێی دەڕوانم، دەبینم دوو چاوی سوورسووری پڕ لە خوێنی هەن!.. دوو چاوی وەك دوو گۆمی خوێنین!. دەی باشە ئیتر من چۆن، بەدوژمنی باوەکوشتەی نەزانم؟. چۆنی وا تێ نەگەم کە ئەوەتا، وەك بەڵایەکی ناگەهانی لابەلا، بۆم نازڵ بووە؟!.

کوڵەوەیبابێك و پێمەوە بدا؟.. ها!..؟!.. چۆن؟!.

ئا.. ئەریّ وەڵا.. هەرهێندەی ئەو پشتی پێی هەڵکرد و وەل بوو، من خۆم گەیاندە بندەستی دایکمەوە. خۆ من دایکمم ئەوەندە خۆش دەویست.. ئەوەندە بۆی دڵ پڕ لە ڕێز و سۆز بووم، کە قەت حەدم نەبوو بێئەدەبیی لە ڕوودا بنوێنم. ڕاستە.. من دڵم هێندەی هەمانەیەك لەو کابرایە ئاوسابوو. بەڵام لە سەرەتادا، تەنیا خۆم ئاخنییە تەنیشتی دایکمەوە و پاڵم بەپاڵییەوە دا. ئەویش وەك خەیاڵ و بیر و هۆشی لەلایەکی تر بیّ، بیّ ئاوڕدانەوە بەلامدا و بیّ ئەوەی هیچ بڵیّ، باڵی لە ملمەوە ئاڵاند و توند بەخۆیەوە نووساندم. من چەندە بەخۆوەنووساندنەکەی ئەو، ئاسوودەیی و دڵنیایی پیّ دام، هێندەش دیمەنی چاوە خوێنینەکانی کابرا، سرەوتی لەبەر هەڵدەگرتم. خۆم بۆ دابین نەکراوە بەشەرمێکەوە، وەك لەبەر خۆمەوە بدوێم وتم:

– دایە.. ئەو پیاوە چاوی پڕ لە خوێن بوون!..

ئەو دەتوت گوێی لە قسەکانم نەبووە. پتر بەخۆیەوە نووساندم و هیچی نەوت. تا کاتیّ بەدەنگێکی ئاشکرا و ڕوونتر لێم دووبارە کردەوە، ئەوسا دەستی لیّ بەردام. لە خۆی دوور خستمەوە و بەسەرسوڕمانێکی بیّ ئەندازەوە، کەوتە تیّ وردبوونەوەم. قەدەرێکی زۆر حەپەسا و ئینجا وتی:

– چی؟!.. وتت چی؟!.

لە وەرامیدا چاکتر دانم بەقسەکانمدا نا و وتم:

– چاوی دایە.. چاوی پڕبوون لە خوێن!.

ئەو وەك هێشتا باوەڕ بە گوێی خۆی نەکا، بینایی بەسەرمدا ڕوا و تاسێکی قووڵ بردییەوە. تا وردە وردە بزەیەکی گەش دایگرت و وتی:

– جا با وابیّ.. قەیدی چییە؟!.. تۆ بۆچی پێی تەنگاو دەبیت؟.

من وتم:

– ئاخر لێیان دەترسم.

ئیتر لەو جارەوە هەرچەند دەهات، من بەدزییەوە هەر سەرنجم دەدایە و لێکم دەدایەوە. لە دڵدا دەموت: هەبیّ و نەبیّ کابرایە، یەکێکی سەربڕیوە و لەو ساتەدا کە چەقۆکەی بەملیدا هێناوە، خوێنەکەی فیچقەی کردووەتە نا چاوییەوە و تێیاندا پەنگی

خواردووەتەوە. تەنانەت جارێکیان ئەم نهێنییەی ناخمم، بۆ دایکم دەربڕی و بەئاشکرا وتم:

– دایە.. دەترسم ئێمەش سەرببڕێ.

بەڵام دایکم لێم تووڕە بوو، وتی:

– گوایە دڵمان خۆشە جەنابت، دەبێتە سەردار و سەروەری خێزانەکە، کەچی قسەیەکی قۆڕت بەدەمەوە گرتووە و بەردەوام دەیڵێیتەوە. ئیتر بەسە.. جارێکی تر لێتی ببیستم زمانت دەبڕم.

دایکم جارجارێك لێم تووڕە دەبوو. بەڵام قەت نەیدەگەیاندە قسەی رەق و ناشیرین. یا هەڕەشەی توندوتیژی لە بابەتی زمانبڕین. کەچی ئەم جارە گەیاندی و زۆرم بەلاوە گران بوو. قورگم پڕ بوو لە گریان. هێندە پێی پەست بووم و پیشم خواردەوە، کە خۆم لە ئاستیدا پێ ڕانەگیرا. لە ناکاوێکدا وەرچەرخام و بەرەو دەرەوەی ماڵ فڕکەم کرد. ئەو هەڵاتنەی هەڵاتم، تا کونی ژوورەوەی ماڵی مامم نەوەستامەوە. ئەو ساتە مامم، چووبووە سەر بەرماڵ و نوێژی دابەستبوو. ئامۆژنم لەبەر پەنجەرەکەدا، دانیشتبوو دروومانی دەکرد. کە بە فڕکان هەڵمەتم بردە ژوورەوە چووم بەرامبەر مامم ترووشکەم کرد و ئەوان هەریەکە لە جێی خۆیەوە راچەنینێك راچەنی، کە دەتوت لە سەربانێکەوە بەریان دەدەیتە خوارەوە. بەدوایدا مامم بەتیلەی چاو، خێراخێرا تێمی دەڕوانی و نوێژەکەی نەدەبڕی. ئامۆژنم راپەڕی و هات بەلامەوە. لە ئامێزی گرتم و بە سەرسوڕمانێکی لە رادەبەدەرەوە وتی:

– عەزیز گیان.. بەرخەکەم.. چیتە؟!.. چی قەوماوە؟!.

ئامۆژنم لە دایکمی کەمتر خۆش نەدەویستم. مامم برا گەورەی باوکم بوو. پێش ئەویش ژنی هێنابوو. دوای باوکم خۆی بەخاوەنمان دەزانی. بەتایبەتیش کە منی کردبووە دەستەگوڵی. کەچی دایکم بواری نەدەدا. لەبەرئەوە لەگەڵ خۆیدا نەبووایە، نەیدەهێشت هاتوچۆیان بکەم. تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا، بەیناوبەینێکی دوور دەچووین. من لە وەرامی ئامۆژنمدا، بەقورگێکی پڕ لە گریانەوە وتم:

– دایکم لێی دام.

دایکم لێی نەدابووم. درۆیەك بوو بەناچاری کردم. ئامۆژنم وتی:

– ئەیەڕۆ!.. لەسەر چی؟!.

رقوکینەم بەرامبەر کابرا چاوبەخوێنەکە، هانی دام نەیشارمەوە و وتم:

– من وتم دایە دەترسم ئێمەش سەرببڕێ. کەچی ئەو لێم تووڕە بوو.

ئەم جارەیان درۆکەم بۆ نەکرا و راستییەکەیم وت. ئیتر قسە تۆقێنەرەکەم، ئامۆژنمی لە درۆ و راستییەکە خەڵافاند. سامێکی وەهای لێ نیشت وەك ئەوەی بمانبینێ، ئەوەتا سەرمان لە لەشمان جودا کراونەتەوە!. وەك بیەوێ هاوار بەرێتە بەر مامم، ئاوڕێکی بەلایدا دایەوە. لەگەڵیدا بەدەنگێکی پڕ لە ترسوسامەوە بەمنی وت:

– کێ؟!.. کێ سەرتان دەبڕێ؟!.

کاتێ من لە وەرامیدا وتم:

– پیاوە چاوسوورە پڕ لە خوێنەکە.

مامم نوێژەکەی تەواو بووبوو. لای کردەوە بەلامدا و بەهێمنییەکی تێکەڵ لە تەنگەتاوییەکی. شاردراوەوە وتی:

– وازی لێ بێنە عەتێ!.. تۆ وازی لێ بێنە.

ئینجا بەمنی وت:

– وەرە.. وەرە باوکەکەم.. وەرە لامەوە بزانم.

کە چووم بەسۆزێکی باوکانەی باوکانەوە، هەردوو دەستمی خستنە ناو مشتییەوە. بە هێمنییەکەی لەوەبەرییەوە، داوای کرد هەقایەتەکەی لە نووکەوە بۆ بگێڕمەوە. کە بۆم گێڕایەوە، راما و بۆ ماوەیەك کڕوکاس بوو. دیاربوو کە نازانێ چی بڵێ و چۆنم لێ بێتە وەرام. دوایی کاتێ کەوتە قسە، سەرمی بەسنگییەوە نووساند و وتی:

– ترست نەبێ کوڕە شیرینەکەم.. هیچ ترست نەبێ. منتان هەم و لەناو چاوانمدا دەتانپارێزم.

***

ئەو وەختەی هەڵاتم و خۆم گەیاندەماڵی مامم، کات ئێوارەیەکی درەنگ بوو. تا ئێمە لەو کەینوبەین و گفتوگۆیە بووینەوە، تاریکی رووی لە داهاتن کرد. ئامۆژنم خوانی لە هەیوان سازاند. تازە لە ریزکردنی تەدارەکی خواردنەکە بووبووەوە و

لەوەدابووین، دەست بۆ خواردن بەرین و لە دەرگە درا. من خورپەیەك دای لە دڵم. مامم و ئامۆژنم راچەنین و ملیان قوت کردەوە، لە جێی خۆیان وشك بوون و نەبزوان. تا کاتێ لە دەرگە درایەوە، مامم بەنابەدڵییەوە بە ئامۆژنمی وت:

– بچۆ بەدەنگەوە.

کە چوو بەدەنگەوە و دەرگەی کردەوە، دایکم بوو بەپرتاو خۆی بەماڵدا کرد. بەدەمیشییەوە بەرە و ڕووی من هات. پەلاماری دام و بەپەرۆشەوە لە باوەشی گرتم و توندتوند، نووساندمی بەسنگ و بەرۆکییەوە. من هێندەهێندەم خۆش دەویست کە لەو ساتەدا، هیچ هەر هیچ کەدەرێکم لە دڵدا نەما. بگرە هەستم بەدڵنیاییەکی بێ ئەندازە کرد و خۆم لە باوەشیدا متوخامۆش کرد.

من ئیتر چاوم تێوە نەبوو، کێی بەدوادا هاتە ماڵەکەوە. سەرمی وەها ئاخنیبووە سنگ و مەمکییەوە، هیچم نەدەدی و ئاگام لە هیچ جموجووڵێك لە ماڵەکەدا نەمابوو. بەڵام بەگوێ بیستم و زانیم ئەوەتا، دەنگی کابرای چاو پڕ لە خوێنە و سڵاو لە مامم و ئامۆژنم دەکا. ئانوسات لە باوەشی دایکمدا راچڵەکیم و ملم بۆ قوت کردووە. کەچی روانیم وا مامم، باوەشی بەملیدا کردووە و ئەملا و ئەولای ماچ دەکا. وا پەیتا پەیتاش دەڵێ:

– حەمە عەلی!.. ئەوە تۆیت باوکەکەم!.. شوکر ئەوە تۆیت؟!. باوەڕ بە چاوی خۆم بکەم، یا خەو دەبینم؟.

ئینجا ئامۆژنمم بینی، وەك ئازیزێکی زۆر ئازیزی، بەخێرهاتنی لێ دەکاو لە یەکبیناش دەڵێ:

– ئۆخەی حەمە عەلی گیان!.. ئۆخەی ئەوە تۆیت و بەسەلامەتی دەتبینمەوە؟.

من واقم ورماو لە باوەشی دایکمدا، هەر ملەقوتێم بوو. ئەوان لە گەرمەی پێشوازیکردنەکەیاندا لە چاو بەخوێنەکە، منیان لە بیر چووەوە. تا مامم لە ناکاوێکدا لێم بەئاگا هاتەوە. سەرنجێکی دامێ و کەمێ راما. ئینجا چاوی لە من لادا و روانییە کابرا، کە ئەو کاتە بەرامبەری دانیشتبوو. تۆزێکیش لەو راما و تەنانەت وەك بیەوێ لە چاوەکانی وردبێتەوە، سەریشی هەندێك لێ بردە پێشەوە. ئەوسا رووی لە من کردەوە و بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– عەزیز.. باوکەکەم.. ئەو پیاوەی لێی دەترسایت خاڵتە!. برای ئەو دایکەتە کە لە باوەشی دایت.

بەدوای قسەکەی مامەمدا، دایکم لەلای خۆیەوە، توندتر بەخۆیەوە نووساندم. سەریشی بۆ بنگوێم شۆڕ کردەوە و بەدەنگی نزم وتی:

– بەڵام لای کەس نەیدرکێنیت.

سلێمانی ١٩٨٩/٩/٢٩

# باران و بەڵێن

بارانەکە خۆشی نەدەکردەوە. دەتوت ئاسمان کونەیەکی زەبەلاحی سەربەرەوخوار کردووەتەوە، بێ لەبنهاتن لێی دادەچۆڕێنێ. سەرلەبەیانی سایەقەیەکی ساماڵی گەش گەشی ئەوتۆ بوو، کە بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات، لە چێشتەنگاوەکەیدا بیکا بەو شەستورەهێڵەیە.

– لە کوێوە؟!.. ئاخر لە کوێوە ئەو هەورە ڕەشە گەڕ و چڵکنە، ئاوەها سەرانسەری ئاسمانی گرتەوە و ئەم غەزەبەی داباراند؟.

لە دڵدا وای وت و بەبن گوێسوانە و پنا پاسارەکاندا، رووەو شوێنمەبەست ڕێگەی گرتە بەر. بەیانییەکەی کە لە ماڵ بەدەرکەوت، تۆزقاڵ هەور بەئاسمانەوە نەبوو. خۆرێکی درەوشاوەی زێڕین لە دەم کەلی گوێژەوە، لە ئانوساتی سەر دەرهێنانیدا بوو. تیشکێکی بەبریقوباقی بە ئاسمان و بەسەر زەویدا پەخش دەکرد. شار جموجووڵی رۆژێکی نوێی پڕ لە گورجوگۆڵیی تێ کەوتبووەوە. روو لەوە بوو ببێتەوە کوورە هەنگە ئاساییەکەی رۆژانی تری. هەر زەلام بوو بەپرتاو، بەرەو سەر کار و فەرمانی خۆی هەنگاوی دەنا. ئەمیش یەکێك بوو وەك ئەوان و بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵیاندا لەوەدابوو، کە ئەم نەك هەر بۆی بەپرتاو نەبوو، بگرە ماوەی مەیسەرکردنەکەشی لە جگەرەکێشانێك زیاتری نەدەخایاند.

شەوەکەی بەسات خەو نەچووبووە چاوی. تا ڕۆژ لە کەلی گوێژەوە سەری دەرهێنا، بەدەم لێکدانەوەی ئەو کارەوەی لەو ماوە کورتەی پتر نەدەخایاند، هەر تلایەوە و گینگڵی دا. دەیهێنا و دەیبرد و تاو و توێی پێ دەکرد. جارێك و دە و سەد شێلای، ترشاندی، گونکی لێ گرت و بەبارێکی ئەوتۆدای بۆ سەقامگیر نەکرا، کە لێی دڵنیا و ئاسوودە ببێ.. کە ئیتر ئۆخەیشی لێ بکا و بتوانێ، دەستی لێ بەربدا. هەموو جار گومانێکی هەر تێ دەکەوت.. گومانێك کە بەسەد و یەك شێوە، خۆی نیشان دەدا و ریسەکەی لێ دەکردەوە بەخوری. کە ریسیشی دەبووەوە بە خوری، وەك ماری جەزرەبەلێدراو پێچی دەخوارد و تا تەواو شەکەت دەبوو گینگڵی دەدا. ئەوسا بە ناچاری رادەکشا. تەقەلای دەدا قیروسیای لێ بکا و بخەوێ. بەڵام کام خەوتن؟!. هەویرەکە هێشتا لە کوێیەتی!. هێشتا گەلێك و گەلێك، شێلان و ترشاندن و گونك

لێگرتنی دەوێ!. ئیتر تا هەڵاتنی خۆر، شەوگاری ئاوەها بەسەر دەبرد. کاتێکیش خۆر هەڵهات، وەك لە چورتمێکی سەخت و ستەم دەرباز بووبێ، بەپرتاو خۆی گۆڕی و لە ماڵ بەدەرکەوت.

ئا بۆ خۆگۆڕین و لە ماڵ بەدەرکەوتن بەپەلە بوو. بەڵام بۆ چوونی بەلای کارەکەیەوە وەها نەبوو. هێشتا بۆ داهاتنی کاتی جگەرەکێشانەکە، زۆری بەبەرەوە مابوو. بەرەو کوێ بچم و لە کوێی بەسەربەرم؟!. لە دڵدا وای وت و بێ خوێندنەوە، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. بەدوایدا وتی: برسیمە.. دەچم سێ چوار شیش جگەر دەخۆم .

بە هەنگاوی خاووخلیچك، رووی لە سویجگەرخانەیەکی دوور کرد. جگەری خوارد. ئەی ئێستا بەرەو کوێ؟!. لە دڵدا وای وتەوە و لەبەر دووکانەکەدا راما. ئەم جاریش بێ خوێندنەوە، روانییەوە سەعاتەکەی. قەدەرێ ئاوا بێ پەروا راوەستا. بۆ خۆخەریککردن، نووکی دەنکە شقارتەیەکی تیژ کرد و کەوتە پاککردنەوەی نێوان ددانەکانی. بەردەوامیش بەملا و بەولایدای هەڵدەڕوانی. دەیویست بگاتە بڕیارێك.

ئامانجی بەهیچ لایەکدا بۆ دەستنیشان نەدەکرا. پەست و بێزار بوو. چکەیەکی ناڕەزایی لە دەم دەرپەڕی و سەرێکی بادا. ئەوسا بەنابەدڵییەوە، رێگەی لای شانی راستی گرتە بەر. دایە دەست رێککەوت. ئەم رێگەیە بەرەو ناو بازاڕی دەبرد. ملی بۆ دا و خاوخاو هەنگاوی نا. لەوێ هەنگاوە خاوەکانی، گەلێ دووکانداریان هان دەدا، فەرمووی شتکڕینی لێ بکەن. ئەم لە سەرەتادا، گوێی نەدەدانێ و رەت دەبوو. بەڵام لە پڕێکدا، بیرێك لە مێشکیدا برووسکەی دا. لە دڵدا وتی: ئێ!.. ئەی من چیم دەوێ؟. لەوەبەدوا ئیتر، کە خاوەن دووکانێك فەرمووی لێ دەکرد، بۆی رادەوەستا. سووکە چاك و چۆنییەکی لەگەڵدا دەکرد و چاوێکی بە کەلوپەلەکاندا دەگێڕا. دەستی بۆ یەك دوو شت دەبرد و ئەمدی و ئەودیوی پێ دەکردن. هەندێ جار سەوا و مامەڵەیەکی سارد یا گەرمیشی، لەسەر هەڵدەگیرساندن. دوا جار دای دەنانەوە و بەر دووکانەکەی جێ دەهێشت.

ئەم فێڵەی بۆ خۆخلافاندن هێندە پێ خۆش بوو، کە دەتوت هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە. ناهەقیشی نەبوو. وەختێکی باشی پێوە بەسەر برد. ئینجا لەمە بەولاترەوە.. کاتێ لەوان لای دا گەیشتە بەردەرگەی قەیسەریی نەقیب، وەك وەحییەکی

لە ئاسمانەوە بۆ بێت وتی: ئەرێ وەڵا!.. خۆ عوسمانیشم هەیە!. لە کەیەوە پێم دەڵێ: بۆ نایەیت سەرێکم لێ بدەیت و دووکانە تازەکەم ببینیت؟!. ئەم جاریش دەتوت کوورە هەنگی دۆزیوەتەوە. ملی پێوەنا و زۆری پێ نەچوو، لەبەر دووکانەکەیدا قوت بووەوە. عوسمان پێشوازییەکی لە رادەبەدەر گەرمی لێ کرد. پێوەی دیاربوو کە ئەم سەردانەی ئەمی، گەلێ پێ خۆش بووە. سەردان بەدەم قسەوباسی هەمەچەشنەوە، درێژەی کێشا. عوسمان بینی گرتبوو. ئەوەی دەیوت نەیدەوتەوە. ئەمیش وەك بەڕاستی هەنگەکەی لە کلۆرە دارەکەدا دۆزیبێتەوە، خۆش خۆش دانی بۆ ڕۆ دەکرد و هانی دەدا. ئەم نەك تەنیا قسەی پێ نەدەبڕی، بگرە هەر کە دەیزانی وا ئەو باسێکی هێناوەتە کۆتایی، خێرا سەری باسێکی تری بۆ دادەمەزراند. ئیتر پێشبڕکێ عاجباتییەکەیان درێژەی کێشا، تا تەقەوڕەقەیەکی قەبەی لە ناکاو، بەربووە سەربانی قەیسەرییەکە و هەردووکیانی خامۆش کرد. بەدوایدا دەنگەدەنگی خەڵکەکەیان بەرگوێ کەوت کە دەیانوت:

– بارانە.. بارانە!.

ئەم وەك قسەکە بەلایەوە قەت جێگەی باوەڕ نەبێ، لەبەر خۆوە وتی:

– باران؟!.. بارانی چی؟!.

ئەو نەك بارانەکە، بگرە قسەکەی ئەمی پێ سەیر بوو. وتی:

– بۆ؟!.. بارانەو باریوە!.

– ئاخر بەیانی سایەقەیەکی ساماڵ بوو.

–جا چییە؟!. بەیانی وا و ئێستاش وا.

ئەم لە وشەی (ئێستا)کە، ڕاچەنی و خورپەیەك دای لە دڵی. بەپرتاو دەستی چەپی ڕافڕاندە پێش چاوی. ئەم جارە بەپەرۆشەوە سەعاتەکەی خوێندەوە. میلەکان کاتێکی نزیکیان، بۆ ساتی بەڵێنەکەی نیشان دەدا. خورپەیەکی تیژتر دڵی ئاگر دا. بەجۆرێك ڕاپەڕییە سەرپێ و بەشێوەیەك خواحافیزی و هەنگاونان و هەیپێ لێکرنی دانە دەم یەك، کە عوسمان لە بەرامبەریدا واقی وڕما و سەرسام بوو.

بارانەکە خۆشی نەدەکردەوە. وەرز هێشتا لە پایزی تێ نەپەڕاندبوو، کەچی بارانم باران، بەدەستووری شەستوڕەهێڵەی چلەی زستان دادەچۆڕا!.. تنۆکەکانی دەتوت، دڵۆپەی بنمیچێکی دارینن و قەڵەو قەڵەو، بەدەم یەکەوە دادەڕژێنە خوارەوە. ئەوەی تەنیا بۆ ماوەی ڕەتبوونێك، لەم بەرەوە بۆ ئەوبەری شەقامێك بکەوتایەتە بەر

لێزمەیان، سەرتاپای لە ئاو هەڵدەکێشرا . بۆیە ئەمیش تا گەیشتە جێ مەبەست.، نەك تەنیا جلوبەرگ، بگرە سەراپای لەشی چوڕاوگەی باراناوی نیشتبووە سەر. ئینجا سەرباری ئەو حاڵەی، وەرە بڕوانە جێمەبەستیش!. پاڵ دیوارێکی بەرینی بێگوێسوانە و رووبەڕووی لێزمەی بارانەکەیە. دەکەوێتە سەر شەقامێکی، لە خۆی پانوبەرینتری دوو لای. لە بەرمبەریدا بەدرێژاییی چەند جارەی دیوارەکە، چۆڵەوانییەکی رووتوقووتە.

ئەگەر رەهێڵەی بارانە لەعنەتییەکەش لە ئارادا نەبووایە، قەت ئەمە جێگەیەکی لەبار نەبوو، بکرێتە شوێنبەڵێن و بەتایبەتی، بۆ ئەمێك کە لە ئەنجامیدا رەوتی ژیانی، لە بنەڕەتەوە پێ دەگۆڕێ. ئەم دوێنێ ئێوارە کاتێ قاسید هات و شوێنەکەی بۆ دیاری کرد، نارەزایی خۆی دەربڕی. بەڵام کە ئەو وتی:

– چاوەڕوانکردنت لە ساتەوەختێکی زیاتر پێ ناچێ. ئیتر ئەم ملی بۆ دا. بگرە لە دڵدا وەهای شکاندەوە، کە رێك لە کاتوساتی خۆیدا دەچێ و رادەوەستێ. پاڵ دیوارێکی رووتوقووتە. لە ساتەوەختێکی پتر پێ ناچێ و قەمەرەیەك پەیدا دەبێ. لە ئاستی ئەمدا هۆپ دەچەقێ و لە کلفەیکوونێکدا، خۆی لەناویدا دەبینێتەوە. ئیتر لێخوڕە و کار بە ئاسانی مەیسەر بووە. کەچی کارەکە بە ئاسانی مەیسەر نەبوو. رەهێڵە لەعنەتییەکە کەوتە نێوانەوە. جارێ تا گەیشتە شوێنمەقسەد، بەدەستییەوە بەو دەردە چوو کە چوو. کە گەیشتیش، دەتوت لەژێر پلووسکی سەربانێکدا راوەستاوە.. پلوسکێك و خۆلێلادانی بۆ نەبێ. روانییەوە سەعاتەکەی دەستی. رێك کاتوساتی سەرەتای ماوەی ساتەوەختەکە بوو. بەبیریدا رابورد جگەرەیەك دابگیرسێنێ و سەرومڕ وەختەکەی پێ بپێوێ. بەڵام ئانوسات کەلای خست. لەژێر لێشاوی ئەو غەزەبەدا، جگەرەی چی و پێوانی چی؟. وازی هێنا و رێگەی بەسەرچوونی ماوەکەی، بەمەزەنە گرتەبەر. ئەوە نەفەسێك.. ئەوە دوو.. ئەوە سێ.. ئەوە.. وەها.. وا ئۆتۆمۆبێلێك هات. قاسید وتی:

– دەبێ باش ئاگەداربیت. کات رۆژی رووناکە و ئەو، دوو جار گڵۆپەکانیت بۆ دادەگیرسێنێ و دەیانکوژێنێتەوە. یەکەمیان لە دووریی چل پەنجا مەترێکەوە. دووەمیان دە پازدە مەترێك.

ئۆتۆمبێلەکە هات. گڵۆپە کزەکانی لە دوورەوە داگیرساندبوون. بێ هیچ کوژاندنەوە و داگیرساندنەوەیەك، بەخێرایی تێپەڕی و رۆیشت. لە دڵدا وتی: ئەوە پێنج و وەك لە

ناکاوێکدا، بۆ یەکەم جار لە ژمارەی نەفەسەکانی جگەرەیەك بە ئاگابێ وتی: ئەرێ بەڕاست چەند دەبن؟. لەوەبوو لێکی بداتەوە و ئۆتۆمۆبێلێکی بینی، لە دوورەوە گڵۆپی داگیرساندبوو. وازی لە لێکدانەوەکە هێنا و زەینی دایە. کەچی ئۆتۆمۆبێل هەر بەگڵۆپە داگیرساوەکانییەوە، وەك تێسکەی تفەنگ رابورد و تەنانەت، لێزمە لیتاوێکیشی بەڕووی ئەمدا پرژاند. هیچ پێی پەست نەبوو. لە دڵدا وتی: ئێ جا چییە؟.. با ئەمەشی لەسەربێ.

ئەو کاتە ماوەی ساتەوەختەکە، بەزیادەوە بەسەرچووبوو. دەستی بەرز کردەوە بڕوانێتە سەعاتەکەی و سەعات، کەوتە بەر چۆڕاوگەی پلووسکەکە. نە بۆی خوێنرایەوە و نە مەیلیشی لە خوێندنەوەی هەبوو. لە دڵدا خۆی بەهیوابڕاو لە قەڵەم دا. کەچی دەستیشی بۆ لێ بەرنەدەدرا و هەر لە چاوەڕواندا مایەوە!. چاوی لەسەری ئەوسەری شەقامەکە غافڵ نەدەکرد. ئەو تاکوتەرا ئۆتۆمۆبێلانەی دەهاتن و رادەبوردن، هەر یەکە بە جۆرێك گڵۆپی دادەگیرساند و دەیکوژاندەوە. هیچ کامیان دەردی ئەمی تیمار نەدەکرد. تەوژمی هەستی هیوابڕانەکە، تا دەهات زۆری بۆ دەهێنا. پڕاوپڕ دەروونی لە ورەبەردان دەئاخنی. حەزێکی بێ ئامان بۆ خۆ تووناکردن، لە ناخیدا سەری هەڵدا. خۆی دەبینی لەگەڵ پێچکەکانی یەکێك لەو ئۆتۆمۆبێلانەی، دێن و ئاوەها کەمتەرخەمانە بەلایدا رادەبوورن، لوولی خواردەوە و شێلراوە. خۆی دەکەوتە پێش چاو، بووەتە تۆپەڵێك گۆشت و ئێسقانی تێکهاڕدراو.

دیمەکەی وەها سامناك هێنایە بەر زەین، کە لە ئاستیدا خۆی بۆ راگیر نەکرا. وەرچەرخا و رووی لە دیوارە باڵا و بەرینەکە کرد. هەردوو دەستی گرتن بەهەردوو چاوییەوە و سەری پێوە نووساندن. دەتوت ئەوەتا جەستەی لەولاوە دەهاڕدرێ و گیانی لەملاوە بۆی دەکرووزێتەوە. لە کاتێکدا بارانەکەش هەر خۆشی نەدەکردەوە.

سلێمانی– ١٩٨٩/١٠/٢٩

## چیرۆکێك

کچە بۆ جوانی جوان نییە. لووتدرێژێکی.. نانا.. ئێوە راوەستن. کچ نییە و ژنە. ئەوەتا دیارە. بەئارایشتە خەستوخۆڵەکەیدا بەلایەك و بەڕووکراوەیی و دەمگەرمییەکەشیدا بەلایەکی تر، دیارە کە کچ نییە و ژنە. کچ کەموزۆر گیرۆدەی جۆرە شەرمنییەکە، کە بەئاشکرا جاڕی کچێتیی لێ دەدا. لە کاتێکدا ئەم ئەوەتا تەنانەت، توێژاڵێکی تەنکیشی لەو جۆرە شەرمنییەی پێوە نەماوە. ئەم ئەوەتا بەلەسە بووە و بەگژدا دەچێ و زمانیشی، بڵێسەی ئاگرێکە بۆ خۆی و شاڵاو دەبا.

ئا.. ژنە بۆ جوانی جوان نییە. لووتدرێژێکی دەموچاو درێژکۆڵەی کۆتاییهاتوو، بە چەناگەیەکی تیژی چوکڵەدار. لە پەنایاندا دوو روومەتی پووت و بەسەرووی هەر یەکەیانەوە، چاوێکی رەشی گەورەی پڕ لە کل. بەسەر ئەوانیشەوە دوو برۆی قەڵەمکراوی باریك و سەروو ئەوانیش، ناوچەوانێکی داپۆشراو بەدەسکەنەیەك لە قژێکی زەردی چڕ، کە لە پشتەوە لەسەر شێوەی کلکە ئەسپ هەڵپێچراوە.

من ئەو ساتەی پێڕاگەیشتم و لە دەنگەدەنگەکە بە ئاگا هاتم، کچەم.. نانا.. ژنەم ئاواهی کەوتە بەرچاو، من لەشولاریم ئێستا و ئەوسا نەبینی. لەشولاری کەوتبووە ئەودیو چەپەرێکەوە و خۆی تێ ئاخنیبوو. لەمدیو چەپەرەکەوە دوو زەلام، پەیتاپەیتا پەلوپۆیان بۆ دەهاویێشت و هەوڵیان دەدا، دەستویەنجە لە شوێنێکی ئەو سەروسەکوتەی.. لە تیتکێکی قژە کلکە ئەسپییەکەی.. لە لووتە درێژەکەی یا چەناگە تیژەکەی گیر بکەن و، لەودیو چەپەرەکەی دەربکێشنە دەرەوە، بۆیان بەگیر نەدەهات. ژنەم ژنە وەها خۆی خزاندبووە ئەودیوەوە، کە ئەگەر هەردوو لەسەر ئەو بارودۆخە بمانایەتەوە دوو زەلامەکە قەت ئامانجیان بۆ بەدی نەدەهێنرا.

ئا بەڵێ.. ئەو ساتەی من پێڕاگەیشتم، ژنەم ئاواهی کەوتە بەرچاو . دەنگیشم وەك پڵنگێکی ئابلۆوقەدار دەهاتە بەرگوێ، کە دەیزیراند و دەیوت:

– هەلاهەلا و ئەنجن ئەنجنم بکەن.. لە دەسکەواندا بمکوتن.. بەدەستاڕ بمهاڕن.. بمکەن بە تۆز و گەرد و هەر تۆزقاڵێکم، بدەن بەدەم رەشەبایەکەوە.. نەمویستووە و نامەوێ.

دوو زەلامەکە ژنێکی سەرەیان لە تەکدا بوو. ژنە چووبووە بن دەستیانەوە و

خۆشخۆش سیخورمەی تێ دەسرەواندن. پەیتاپەیتاش دەیوت:

– کورە دەداڕزێن.. دەدەستێکی بگەیەننێ و دەری بکێشنە دەرەوە. دەك داوەشێن و حەیاتان چێ. دوو زرتەبۆزن و کەچی دێڵەسەگێکتان بۆ زەوت ناکرێ؟.

دوو زەلامەکەش خۆشخۆش لە وەرامدا دەیانوت:

– دە تۆ راوەستە دایە.. دەتۆ چوارچاومان مەکە.

لە کاتێکدا پڵنگە ئابڵووقەدارەکە لەولاوە، لەناو سەنگەرەکەیەوە یەك لەسەر یەك، هەر دەیوت و دەیووتەوە:

– نەمویستووە و نەمویستووە و نامەوێ.

من یەکەم کەس بووم، بەسەرداچووم و لێیان بە ئاگاهاتم. دیمەنەکەم لە ناکاو کەوتە بەرچاو. من بەرێوەبووم بچم بۆ جێبەجێکردنی کارێکی خۆم و بیر و هۆشمی سەروبەر پێوە خەریك بووبوو. بەبێئاگا لەدەوروبەرم هەنگاوم دەنا. تا کاتێ لە پێچێکی ڕاڕەوەکەدا بەلای چەپدا لامدا، دیمەنەکەم راستەوخۆ، بەگشت ئەو هەیتوهووتەوە بینی. من هیچ مەیلێکم لەسەر راوەستان و سەیرکردن و گوێ لێگرتنیان نەبوو. دیمەنەکە بۆ یەکێکی وەك من، کە بینینیان پیشەی ڕۆژانەمە، ژمارەیەکی تر بوو دەچووە سەر سەدانی لەوەبەر کە دیومن و سەدانی تریش کە بەرێوەن بیانبینم. بۆیە لەوەدابوو هەنگاو گورجتر بکەمەوە و بەخێرایی لێی ڕەت ببم، کەچی هێندەم نەزانی پڵنگەم پڵنگ، لە جێی خۆیەوە بە دەنگێکی سیخناخ لە پاڕانەوە و کڕووزانەوە وە زریکاندی:

– ئەی هاوار کاکی پارێزەر ئەی هاوار. دەستم دامێنت بەفریام بکەوە. ئەگەر راستە ئێوە پارێزگاری لە هەق و لە دادوەری دەکەن، وەرە لەم جانەوەرانەم بپارێزە. دەستم دامێنت وەرە بمپارێزە. بانگەوازەکەی ئامانجی پێکا و منی لە جێی خۆی چەقاند. راستە من نەهیچم کرد و نەهیچم وت، بەڵام خۆ دوو زەلامەکە و ژنە سەرەکە، با بۆ چەند ساتێکیش بێ، روویان بەلای مندا وەرگێڕا و لەو غافڵ بوون. بگرە سووکە سڵێکیشیان کردەوە و جڵەوی شاڵاوەکەیان کەمەکێ بەدەستەوە شل بووەوە. تا ئەوساتە هێشتا رێکەوتی نەکردبوو، لە من بەولاوە کەسێکی تر بەسەردا هاتبێ. هێشتا تەنیا من و ئەوان بووین. دیمەنەکە ئێستا ئەئاوا کەوتبووەوە.. پڵنگەکە لەولاوە لە کونەکەیدایە و من لە بەرامبەریدا، لە جێی خۆم چەقیوم. دوو زەلامەکە دەست و

چنگیان هەر بۆی درێژە و روویان بەلای مندا وەرگێڕاوە. ژنەکە وەرچەرخاوە و تێم دەڕوانی. هیچیشمان ورتە و جووڵەمان لێوە نایەت. راست لەوە دەچێ، کەسانی هەقایەتێکی ئەفسانەیی بین و بەتەلیسمێك کرابین بە بەرد.

ژنە سەرەکە یەکەممان بوو تەلیسمەکەی لێ بەتاڵ بووەوە. وەك خێرا هەستی کردبێ، کە من با ئەفەندی و جانتا بەدەست و پارێزەریش بم، بەڵام ئەو دەسەڵاتدارە نیم ترسی راستەوخۆیان لێی هەبێ، لچێکی بەقێزوبێزی لێ هەڵقورتاندم. بە کەمتەرخەمییەوە وەرچەرخایەوە بەلای دوو زەلامەکەدا. یەکی سیخورمەیەکی تێ سرەواندن و وتی:

– دەك غیرەت سەگ بتخوا!.. یانی بەدوو زرتەبۆز، ئەو دێڵەسەگەتان بۆ دەرناکێشرێتە دەرەوە؟!. ئێوە لە کن خۆتان، سەری حەوت حەوتتان بۆ دەبڕیم. دەتانوت دەچین هەلاهەلای دەکەین و پارچەکانیت بۆ دێنینەوە!. ئەی کوا؟!.. پێم بڵێن کوا؟!.

دوو زەلامەکە وەك بەکردنی قسەکانی لە حزووری مندا تەریق بووبنەوە، شڵەژان و تەنگەتاو بوون. ژنە هەستی پێکردن. ئاوڕێکی پڕ لە بێزهاتنەوەی بەلای مندا دایەوە. ئەم جارەیش لچێکی وەك ئەوەکەی پێشووی لێ هەڵقورتاندم. بەدەمییەوە وردورد لەسەرەخۆ لێم هاتە پێشەوە تاگەیشتە ئاستم. ئەوسا وەك بووبمە یەکێك لە دوو زەلامەکەی لەمەڕ خۆی، سیخورمەیەکی سرەواندە کەلەکەم و رووی قسەی کردەوە ئەوان و وتی:

– ئەوە ئێوە چیتانە؟!.. دەڵێی لێی تۆقیون؟!. گوایە ئێوە بەچیی تێ دەگەن؟!.

ئینجا وەرن بڕواننە ئەو مەخسەرەیەی کە رووی دا!. ئەگەر دوو زەلامەکە بەقسەیان بکردایە و منیان پشتگوێ بخستایە، ئەگەر وایان دابنایە کە من لە ریزی نەبووانم و ئەگەر لەسەر شاڵاوبردنەکەی خۆیان بەردەوام بوونایە، ئەوا من بەو دەردە نەدەچووم کە چووم. ئێتر قەت مەپرسن چ کارەساتێکی پڕ سەیرو سەمەرە رووی دا!. خۆ من بە هیچ کڵۆجێ ورتەم لەدەم دەرنەهات. کەچی ژنەم ژنە نەعوزوبیللا.. بەدوای قسەکەیدا، هێندەم نەزانی وەك پشیلە کێوییەك هەڵیکوتایە سەرم. هەر راست بە دەستووری پشیلەش هێندەی بڵێی یەك و دوو، نینۆکەکانی هەر پێنج پەنجەی هەردوو دەستی، بە هەردوو روومەتمدا داکشاند و روخسارمی کردە شەمامەیەکی نەخشین. بۆ نەگبەتیشم ئا لەو ساتەدا، کاك سامانی هاوڕێ و هاوپیشەم، بێ خەبەر لە سەروبنی

کارەساتەکە بەسەردا هات. بەبینینی من بەو حاڵەوە، کردییە هاتوهاوار. ئانوسات چەند کەسێکمان لێ گردبوونەوە. لەوانە پۆلیسێکی ناو دائیرەکە، کە دەستوبرد قوت بووەوە لە سامانی پرسی:

– چییە مامۆستا؟!... چی بووە؟!.

سامان وتی:

– ئەو ژنە بگرە.. خێرا!.

ژنە هەندێ خۆی راپسکاندو هەر زوو دەستەمۆ بوو. دەتوت دەیەوێ بڵێ: دەی باشە من بووم.. فەرموون چی دەکەن بیکەن!. هاورێکەم کە ئاگای لە سەر وبنی کارەساتەکە نەبوو، گەلێ بۆم تەنگەتاو بووبوو. من هێشتا هەر ورِ و حەپەساو، لە کەنارێکەوە راوەستابووم و حۆلحۆل دەمروانییە ئەوان. بەڵام ئەو وەها پەشۆکابوو کە ئۆقرەی نەدەگرت. بەپرتاو دەهات بەلای منەوە، سرنجێکی پرِ لە داخ و خەفەتی دەدامێ. دەیویست بمدوێنێ و هیچ نەبێ پرسیارە ئاساییەکەم لێ بکا و بلێ: بۆچی و چۆن و لەسەر چی؟!. کەچی کە منی لەوبارە ناهەموارەدا دەدی، پاشگەز دەبووەوە دەچووەوە بۆ لای ژنە و پۆلیسەکەوە. تا لە دوا جاردا من کە ئیتر روو لەوە بووم وریا ببمەوە و زمانم بەرەڵا ببێ، چاوێکی بەپەلەم بەملا و بەولادا گێرا. وەك لەبەرخۆمەوە بدوێم وتم:

– دوو زەلامەکە و ژنەکەی تر کوان؟.

هاورێکەم بە دوای قسەکەدا، خولێکی بەدەوری خۆیدا خوارد و بەبێ پەروا چاوی گێرا. کاتێ بە ئاگا هات نازانێ چاو بۆ کام دوو زەلام و ژنە دەگێرِی، رووی تێ کردمەوە و بەسەرسورِمانەوە وتی:

– وتت دوو زەلام و ژنێکی تر؟.

وتم:

– ئا بەڵێ.. لەگەڵ ئەم ژنەدا بوون.

هاورێکەم هێندەی تر پەشۆکا. بەقەڵەمبازدێك خۆی گەیاندە، لای ژنە و پۆلیسەکە. بە جۆرێك هەڵمەتی بردە سەر ژنە و دەستی نایە بینی، کە ترسی خنکاندنیم لێ نیشت. لە دڵدا وتم: عوزر لە قەباعەت خراپتر. بۆیە وەك تەواو لە خۆم بە ئاگا هاتبمەوە، تەکانم دا و گەیشتمە سەری. دەستیم لە قورتمی ژنە پێ بەردا و وتم:

– وازی لێ بێنه.. کوێ دەچن؟!. خۆ نه ئاسمان هەڵی کێشاون و نەزەوی قووتی داون. هەر دەبینرێنەوە.

قسەکەمی پەسەند کرد. بێ هیچ وەرامدانەوەیەکی من، دەستی لێ بەردا. بەڵام رووی دەمی کردە پۆلیسەکە و وتی:

– تۆ دەستی لێ بەر نەدەیت.. ئەمە دیارە عەجەب دەعەجانییەکە!. بگرە عەجەب جانەوەرێکە!. بەرەڵا ببێ کورە ها، دەستمان لە بنی هەمانەکەوە دەردەچێ!. پۆلیسەکەش وەك سەری لە کارەکە سوڕمابێ، سەرنجێکی پڕ لە پرسیاری لە نێوان هەردوو لادا هێنا و برد. وەك بیەوێ قسەیەك بکا، کەمێ گیری خوارد. بەڵام قسەکەی قووت دایەوە. ئیتر ئەو ژنەکەی پەلکێش کرد و بردی. ئەو خەڵکەشی لێمان گرد بووبوونەوە، دەوریان چۆڵ کردین و چوونەوە بەلای کاری خۆیانەوە. ماینەوە من و هاوڕێکەم... هاوڕێکەم کە ماوەیەك بوو لە تەنیشت یەکترەوە، بەبێدەنگ لە قوڕنەیەکی ژوورەکەماندا– ژووری پارێزەران– دانیشتبووین، سووکە ئانیشکێکی دڵسۆزانەی تێوەژەندم و وریای کردمەوە. بەدەم بزەیەکی شیرینەوە وتی:

خراپ چوویتەتە ژێری!.. بیرت لە چی دەکردەوە؟.

لە وەرامیدا وتم:

– چیرۆکێك و کە ئەگەر شەوم لێ داهات و مام، دابنیشم بینووسم.

سلێمانی– ١٩٨٩/١١/٧

## تەلیسم

کە لە تەلەفۆنەکەدا وتی: (دەتخەمە بەهەشتێکەوە)، من لە ئاستیدا زمانم چووە کلیلە و نەمدەزانی چ وەرامێکی بدەمەوە. چ تەلەفۆن کردنەکەی و چ وتەکەی، ئەوەندە لە ناکاو بوون کە وڕوکاسیان کردم و هەست و نەستیان لێ شڵەژاندم. خۆ بەتایبەتیش وتەکەی، ئەوەندە بەپرتاو بوو کە من هیچ.. هەر هیچ وەرامدانەوەیەکی ئاساییم، لە بەرامبەریدا بۆ نەهاتە سەر زار. من کاتێ تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و وتم:

– هەلاو....

ئەو تەنانەت بۆ دڵنیابوونیش کە ئاخۆ خۆمم، نەپرسیاری کرد کێم و کێ نیم و نە چاکوچۆنیشی کرد. بگرە راستەوخۆ وتی:

– دەتخەمە بەهەشتێکەوە!.

منیش لەلای خۆمەوە، پێویستی نەدەکرد بپرسم: تۆ کێیت؟. ئانوسات دەنگیم ناسییەوە. چۆنی ناناسمەوە!. ئەوە دەنگێکە لەلای من نەناس بێ؟!. ئەوە قەت ناشێ و قەت رەوای هەق نییە. دەنگێك و چوار ساڵی رەبەق بووبێ، هەردەم وەك زەنگێکی ناسکی بەئاگاهێنانەوە.. وەك ئاوازێکی کاریگەری دەروون بەجۆشهێن.. وەك لەبزێکی پڕ مژدەی لە مێژەوە چاوەڕوانکراو لە گوێمدا زرنگابێتەوە، چۆن ئەگەر گوێی سەریش سەربکا، بەگوێی هەست و نەست نایناسمەوە؟!. ئەو چوار ساڵی رەبەقە ئاوازی ئەو دەنگەی، بەردەوام وەها دەدا لە پەڕەی دڵم کە هەر ئەوەتا گوڵمی دڵمی لەگەڵدا ناتوێتەوە!. هەر پێرێ.. ئا هەر پێرێ بوو کە هات بەرامبەرم دانیشت. وەك هەموو جارەکانی درێژاییی چوار ساڵەکە، هات سڵاوێك و تەوقەیەك و چاکوچۆنییەکی ئاسایی کرد و دانیشت. جگەرەیەکی ئاگر دا و کەوتە مژلێدانی. بێ ئەوەی سەیرم بکا وتی: تینوومە. دەستوبرد وەك فەرمانی پێ کردبم، هەڵسام بەدەستی خۆم پەرداخێك ئاوم بۆ هێنا و دامێ. هەر خۆشم پێش ئەوەی ئەو داوا بکا، یا بەردەستەکەمان بێت بەدەنگەوە، چووم پیاڵەیەك چام تێ کرد و بەدەستی خۆم بۆم هێنا. ئیتر کە رووبەڕووی دانیشتمەوە، لە کەڵەموستی پێمەوە تا تەوقی سەرم، بۆی بوومە گوێ و بەپەرۆشی بیستنی قسەیەوە بووم. ئەو کەم دەدوا.

کەمدووییەکەی هەراسانی دەکردم. لەگەڵیدا دەموت: ئەگەر زۆردوو– ناڵێم زۆر

بلـێ– بـووایە، ڕەنگبـوو ئـاسانتر مـەرامـی منـی بـەدەستـەوە بدایـە. دەشیـا لـە نێوانـی زۆردوویییەکەیەوە، مەرامەکەی منی لە زار دەرپەڕیایە و هەردووکمانی، لەو ئازاری جـەڕیـویـیـە ڕزگـار بـکـردایـە. ئـا.. چـوار سالّـی ڕەبـەق بـوو ئـێمـە جـەڕیـبـوویـن و بەدەستیشییەوە زەلالەتمان بوو. ئەو لە هەر جارێکدا کە دەهات، لە دوورەوە بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو، وا هاتووە باوەشکردنێك باوەشم پێدا بکا کە لەگەڵ جەستەی خۆیدا، هەڵم بشێلێ و یەك جەستەیان لێ پێك بێنێتەوە. لە دوورەوە کە دەمبینی چۆن چاوانی پڕ لە گەشکەدارین.. لێوانی بەخەندە تەنراون.. ڕوخساری خەنینەوەی شادمانیی لێ دەبارێ.. چۆن هەردوو دەستوبازووی بەجۆرێك بەحەواوەن، کە ئامادەن لە جەستەم بئاڵێن و توند لە جەستەی خۆیم چەسپ بکەن.. کەچی کە دەهاتە بەرەوە و ڕووبەڕووم دەبووەوە، دەتوت لە ماوەی ئەو چەند هەنگاوەدا، تەلیسمێکی لێ دەکرێ و گشت ئەو گڕوکفەی لە چاوترووکانێکدا دادەمرێنێتەوە.

(بۆ؟!.. ئاخر بۆ؟!.. توخوا دەبۆچی و لەبەر چی؟!). لەو ساتانەدا، پڕبەپڕی دەم و زمانی ناخ، وەهام هاوار دەکرد و دەمناڵاند. حەزم دەکرد.. حەزێکی بورکانیی بێ ئامان کە من بتەقمەوە و شالاو ببەم. کە من دەستوبرد لەگەڵ دەرکەوتنیدا، بچم بەپیرییەوە و خۆم بهاوێژمە باوەشییەوە. ئائا.. پێش ئەوەی تەلیسمەکە سەری لێ هەڵبدا، من بەقەڵەمبازدێك خۆمی بگەیەنمێ و تا هێشتا دەستوبازووی بەحەواوەن. تا هێشتا چاوان و لێوان و سیمای پڕ لە گەشکە و خەندە و خەنینەوەن.. جەستەی خۆم بهاومە نێوانیانەوە و تەلیسمە لەعنەتییەکەی لێ بەتاڵ بکەمەوە. کەچی وەك منیش هەمان تەلیسم و لە هەمان کاتوساتدا، کاری نەخشەبۆکێشراوی خۆیم تێ بکا، تەنیا هێندەم لەدەست دەهات کە بەبینینی، بەرزەپێ بۆی ڕابپەڕم و ئامادەی پێشوازیکردنی ببم. ئیتر لەوەبەدوا لە جێی خۆم دەچەقیم. چاوم بەسەریدا دەڕوا تا دەهاتە بەرەوە. کە دەگەیشتە ئاستم، کار بەسڵاوەکە و تەوقەکە و چاکوچۆنییە ئاساییەکە دەشکایەوە. بـەدوایـدا جگـەرەکـە و چـایـەکـە و ئـینـجـا، هـەمـەچـەشنـە قسـەوبـاس و دەمـەتـەقـێ. لە قسەوباس و دەمەتەقێدا، کۆمان لە هیچ بابەتێك نەدەکردەوە. لە هەموو بارەیەکی ئەم ژیانە جەنجاڵە دەدواین، زۆرجار قسە قسەی ڕادەکێشا و پێمان دەنایە ناو مەملەکەتی باسوخوازە قەدەغەکانیشەوە. سەرمان دەکرد بە ژوورە کلۆمکراوەکانیدا. ناسکترین و نهێنیترین باسی حەشاردراو تێیدا کامەیە؟. پێوەندیی نێوان نێر و مێ؟!. لێی دەدواین.. ئا زۆر ئاسایی لێی دەدواین و وەك دوو مرۆڤی بێلایەنی بێخەبەر لە هەر مەرامێکی

تایبەتی شیمان دەکردەوە. دەتوت هیچمان فڕی بەسەر خۆیەوە نەماوە. نە ئەو نێرێکە و بۆ مێیەك دەدوێ. نەمنیش مێیەکم و بۆ نێرێك لەو باسە دەدوێم.

بەڵام لەو پیرێیەدا، بۆ یەکەم جار لەوەدابوو بیبینەوە بەنێر و مێیە ئاساییەکە. بەرێوەبووین پێ بنێینە ناو دەرگەی مەرامەوە و ببڕای ببڕ تەلیسمە لەعەنەتییەکە بشکێنین. کەچی من خۆم بەدەستی خۆم- پاڵم نەگەڕێ- لەقەم لێ دا و ریسەکەم کردەوە بە خوری. ئەو کاتە باسمان هێنابووە سەر پێوەندیی ژن و مێردایەتی و کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی. ئەو وتی:

– نێر و مێیەکە، هەرە بنەڕەتییەکەیە. بگرە بۆ هەردووکیان بەهەشتەکەیەتی.

من لە وەرامدا وتم:

– وا نییە.. بۆ پیاو ئا.. بەڵام بۆ ژن لە دۆزەخێك بەولاوە نییە.

ئەو زەردەخەنەیەکی گەشی بەڕوو دادام، بەدەمییەوە بۆ ماوەیەك چاوی بەسەر روخسارمدا روا. لە بریی تررووکەی چاو، بریسکەبریسکێکی ئەفسووناویم تێیاندا بەدی دەکرد. بریسکەبریسکەکە لە سەرەتادا، سووکە ترسێکی خستە دڵمەوە. بەڵام هەستم کرد وردەوردە ترسەکەم لێ دەرەوێنێتەوە. دوایی تر هەستم کرد نەخێر خەریکە، پەلکێشم دەکا و هانم دەدا، بچم باوەش بەملیدا بکەم.. بچم روومەت بنووسێنم بەرووومەتییەوە و سنگ بەسنگییەوە و بشڵێم:

– نانا.. تۆ راست دەکەیت.. بەهەشتە.. بۆ هەردووکیان بەهەشتە.. تاقە بەهەشتەکەی ئەم دنیای فانییە.

کەچی ئەو لە ناکاوێکدا، بزە گەشەکەی لە ڕوودا کوژایەوە. بریسکە ئەفسووناوییەکەی لە چاودا دامردەوە. تەمێکی ئەستووری پەژارە و خەمی بەسەر و سیمادا لێ داکشا. وەك بڵێیت پاشەکشەی لەو نیازە کردبێ، کە لە ئان و ساتدا بوو دەری ببڕێ، پاڵی دایەوە و خزایە ناو کورسییەکەوە. سەری بەپشتدا چەماندەوە و چاوی بڕییە بنمیچەکە. ماوەیەکی کورت زۆر کورت کە لەلای من دەهەرێك بوو، لەسەر ئەو بارە مایەوە. تا لە ناکاوێکدا ڕاپەڕییە سەرپێ. بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەك بەلامدا و، تەنانەت بەبێ خواحافیزیکردنیش، بەرەو دەرگە هەنگاوی نا و لە چاوم ون بوو!.

ئا.. پێری وەهای لێ ڕوودام. ئەو هەلە زێڕینەم وەها لەدەست خۆمدا. ئا.. پێری لە دڵدا گەلێك سەرزەنشتی خۆمم کرد. وتم: «ئێ ئاخر بەدبەخت.. ئەو لە ئان و ساتدا بوو،

بەمەرامە دێرینەکەتت بگەیەنێ و، بتخاتە بەهەشتێکەوە. دەیسا تۆ ئەو نوتقە نالەبارە پڕ لە درۆودەلەسەیە چی بوو دات؟!. دەبڕۆ بخۆ.. دەبڕۆ بەئاواتی هەلێکی وەهای ترەوە، تا ماویت هەر بتلێرەوە و بتلێرەوە!).

ئا بەڵێ تلامەوە و زۆریش تلامەوە. بەڵام قەیناکا.. سزای هەقیانەتی خۆم بوو چەشتم و بەسەرچوو. ئێستا گرینگ ئەوەیە، کە ئەوەتا بەئاواتەکەم دەگەمەوە. ئەوەتا لەبزە شیرینەکەی ئەوسای، بەگوێمدا دەداتەوە و دەڵێ: «دەتخەمە بەهەشتێکەوە».

– هەلاو.. خەڵات.. بۆ بێدەنگیت؟!.

ئا.. بەخوا.. بەپێغەمبەر.. بەقورئان.. بەچیتان باوەڕە سوێند دەخۆم، کە دەمویست و بەعەزرەتەوە بووم دەم هەڵبێنمەوە و وەرام بدەمەوە، کەچی زمانم ئەو چوونەکلیلەیەی چووبوو، هەر بۆم بەرەڵا نەکرا و نەکرا!. دیسان تەلیسمە لەعنەتییەکە کاری خۆی کردبووەوە!. بگرە لەمەش زۆر قەباعەتتر.. کاتێ ئەو بەدەنگێکی پڕ لە ئەوپەڕی پەرۆشی و تەنگەتاوییەوە وتی:

– خەڵات.. کچێ خەڵات گیان بۆ وەرامم نادەیتەوە.. ئاخر بۆ؟!.

من تەلیسمە لەعنەتییەکەم وەها لێ هاتە دەست، کە زمانمی لێ کردمە خەنجەرێکی دەبان و، لە کالان دەرکێشرابێ. لە ناکاوێکدا جوان جوان هاتە گۆ و وتی:

– وا نییە.. بۆ پیاو ئا.. بەڵام بۆ ژن لە دۆزەخێك بەولاوە نییە.

تەنانەت تەلەفۆنەکەشی بەڕوویدا پێ داخستم!!!.

سلێمانی – ١٩٨٩/١١/١٥

# بێبەخت

قەت جەختم نەهێناوە. دەستم بۆ زێڕ بردبێ بووە بە خۆڵ. گوڕم بەستبێتەوە لە شەقەی باڵ بدەم، وەك زەڕنەقووتەیەکی بنگوێسوانان بەربوومەتەوە. ڕێگەی هاتم گرتبێتە بەر، لێم بووەتە ڕێگەی نەهات. هەمیشە بێبەختی و بێبەختی و هەر بێبەختی.. بۆچی؟! ئاخر بۆچی؟!. خۆ منیش وەك ئەو عالەمی خوایە.. وەك ئەو ئۆمەتی محەمەدە ئادەمیم و بە ئەقڵ بێ، بەشی خۆمم هەیە و بەکاری دێنم. بەپەلوپۆش بێ، خۆ بەخوا دەیانهاوم و چنگ و نینۆکیش گیر دەکەم. هەردەم هەوڵم داوە، لە بەردی ڕەق نان پەیدا بکەم. زۆر جاران بۆی چوومەتە قوڕگی شێرەوە. جەزرەبەم وەشاندووە و لێم وەشێنراوە. ئەی نەبوو ئەو جارە، لە بلەکوللە هاتمە دەست. سرەواندمە دەم و قەپۆزی و دوو ددانیم شکاندن. ئەوە بوو ئەویش نەیکردە نامەردی، فرسەتی لێ هێنام و بەچەقۆکەی بەرباخەڵی، لایەکی گوێچکەمی بۆ داماڵیم. ئا.. ئەی لەوساوە ناوم بەئەحە گوێبڕاو، ناوبانگی دەرنەکرد؟!.

بەڵێ جەنابی ئەحە گوێبڕاو.. تۆ کوا و کەی جارێك.. تەنیا جارێك لە جاران جەختت هێناوە.. ها!.. کوا و کەی جەختت هێناوە. تۆ هەردەم بێبەخت بوویت. هەردەم چوویتە سەر سیروان وشکی کردووە. خەلە و خەرمانت هاتبێتە شەنوکەوکردن، ئاگری تێبەر بووە. لە بیرتە ئەو ساڵە خۆشی خۆشی، چوویت شکارتەت کرد. شکارتە هاتە بەر و بوو بەخەرمان. کەچی خەرمان بێ ئەوەی ئێستا و ئەوسا کەس بزانێ چۆن، لە ماوەی سەعاتەوەختێکدا بوو بەتەپۆلکەیەك خۆڵەمێش بۆ؟!. ئاخر بۆ؟!. خۆ تۆش وەك ئەو خەڵکە سەربەرزقە، مرۆیەکی نەوەی بابە ئادەم و دایە حەوایت. خۆ سەری تۆش هێشتا لەسەر خاکە و، دەبێ بە ڕزق بێ. کەچی هەرچەند دەکەیت و دەکۆشیت، هەر بەلای سەری ژێر خاکدا دەشکێتەوە. ئاخر توخوا ئەمە سەیروسەمەرە نییە؟!. ئەمە عاجباتی نییە؟!. ئەگەر نا ئەی بۆچی ئەحە گوێبڕاو، قەت لە ژیاندا جەختی نەهێناوە؟!.

ئا.. ئەحە گوێبڕاو، با هەروا کەمێ ورد ببیتەوە.. ئاخۆ ئەحە گوێبڕاو لە بیری ماوە، هاها ئەو جارەی سەری کردە سەری ژنەکەی؟!. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ تێیدا کوللوکافر بوو، تا رازیی کرد خشڵەکانی بداتێ؟!. ئەحە خشڵەکانی نەنایە پریاسکەیەکەوە و نەچوو بە پارەیەکی مۆڵ فرۆشتی؟!. پارەکەی نەخستە تەنکەی

باخەڵ و خۆی نەگەیاندە ئەودیو؟!. باری سێ هێستری کەلوپەلی قاچاخ، پێ نەدایە پێش خۆی؟!. خۆ ئەوە بوو ئەحە لە خۆشییاندا، پێی سەر زەوی نەدەکەوت. لە دڵدا دەیوت: ئەرێ وەڵڵا.. ئەوەتا بارەکەیم دۆزییەوە. کەچی.. کەچی ئای ئەحەی نەگبەت چاکت نەدۆزییەوە!.. قازانجت سەری مایەی خوارد و دەستت لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو. ئاتەش لەو وەختەوە لەسەر خشڵە بەزایەچووەکانی، لێت بەخوتە و بۆڵەیە و لێتی نابڕێتەوە.

دەسا بۆچی؟!.. ئێ ئاخر بۆچی؟!. خۆ باوکم کفری نەکرد لەو شەوە شوومەدا، چووە پاڵ دایکم و ئەم ئەحە گوێبڕاوە چارەڕەشەی لێ هاتە بەرهەم. کفری کرد.. ها.. کفری کرد؟!. گوایە لەو شەوەدا بەتەنیا دایك و باوکی من، چوونەتە پاڵ یەکتر و کەسێکی تر ئەم ناماقووڵییەی نەکرد؟!. با کردیان  و هیچ دوور نارۆم، ئەوە قالەقاژووی مامە ڕەحیمم. یەك مامان و لە یەك ڕۆژدا، ناوکی هەردووکمانی بڕی. ئەو سەرلەبەیانی و من دەمەدەمی عەسر. دەفەرموو سەیری تەنتەنە و عەنعەنەی بکە. فەرموو سەرنج بدەرە کرداری. دەست بۆ خۆڵ دەبا، دەبێتە زێڕ. گاڵ دەچێنێ و دەبێتە پەموو. وەك گای عەلی خۆی دەلێسێتەوە و ئالیکی بەشەڵتە دەخرێتە بەردەم. ئێ ئاخر بۆ؟!. بۆچی ئەو وەها و منیش وەها؟!. خوا پێم نەگرێ.. خۆ من کابرایەکی بەغیل و حەسوود نیم. خوایە گیان.. خوای بەخشندە و میهرەبان بیدەرێ.. سەد ئەوەندەی بدەرێ. عافێتی بێ و نۆشی گیانی، خۆی و ماڵ و منداڵی بێ. ئەی ئاخر بۆ من بۆچی وەها؟!.. ها.. بۆچی وەها؟!. ئێ خۆ من نەهاتووم بڵێم وەڵا تۆ.. وەڵا گوایە تۆ..

مەکە.. ئەحە گوێبڕاو مەکە.. بەولایەدا گوزەر مەکەو بڵێ ئەستەغفیروڵڵا. بڵێ خوایە تۆم بەهەقە. بڵێ بەبەشت رازیم و خێراش، بەملکەچییەوە پێی بڵێ: تۆ تا کێو نەبینیت بەفری تێ ناکەیت. ئا وایە. ئەو تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا. خۆ گۆترە نییە. گوایە تۆ وا دەزانیت گۆترەیە ئەحە گوێبڕاو؟!.. ها.. تۆ وا دەزانیت گۆترەیە؟!.. وەڵا  چووزانم!.. گۆترەیە و گۆترەش نییە. گۆترەیە چونکە ئەوەتەی من هەم، هەر دەبینم کەر دەیکا و گا دەیخوا. فەرموو ئەوە قاژووەکەی ئامۆزام. گایەکە ئاو لێڵ ناکا. ئەوەتەی هەیە بە ئارەزووی خۆی دەخوا. کێوێکە و قەت نەمدی، تۆێژاڵە بەفرێك بنیشێنرێتە سەر شاخەکانی. کەچی منی کەر.. منی کەری ژێر باری بیست و چوار سەعات، بەژێر باری شەوانەی ئاتەشەوە، ساڵ دوازدەی مانگە، بەفر و بگرە بەستەڵەکی بەفر، سەر هەردوو گوێچکە ڕەبەکانم و سەر تەوێڵم و تەنانەت، لەمسەر و تا ئەوسەری بڕبڕەی پشتیشمی

تەنیوە!. بۆچی؟!.. ئاخر بۆچی؟!. ئاخر خۆ منیش مرۆیەکی نەوەی بابە ئادەم و دایە حەوام. خۆ باوکم و مامە رەحیمم، لە یەك شەودا چوونە پاڵ ژنەکانیان. لە ژنەکەی باوکم من هاتمە بەرهەم، لە ژنەکەی مامم قالە قاژوو. کەچی ئەوەتا من ئەم بێبەختەم لێ دەرچووە و قالەش ئەو بەختەوەرە. ئێ ئاخر بۆچی؟!.. بۆچی ئەو بوو بە گا و من بە کەر؟!.. ها؟!.. چۆن؟!.. گوایە قالەقاژوو.

– ئەحە.. کورە ئەحە گوێبڕاو!..

لەپێك و پێنج پەنجەی دەستێك، چەسپیبوونە بازنەی قۆڵی راستی و رایان دەوەشاند. سەرەتا هەروا لەسەر باری دانیشتنەکەی، ئاوڕێکی کەمتەرخەمانەی، بەلای خاوەن دەستەکەدا دایەوە. هەر لەسەر ئەو بینەشی کە گرتبووی، لە وەرامدا وتی:

– بەڵێ قالەقاژوو.. چیت دەوێ؟!.

بەڵام کاتێ قالە دەستی لە قۆڵی بەردا و هەنگاوێك لێی چووە دواوە و نەڕاندی بەسەریدا:

– چۆن؟!.. وتت چی؟!..

ئەوسا وەك کێچ راپەڕی. خۆی خستە سەرپێ و بەدەنگێکی پڕ لە رێز و ملکەچییەوە وتی:

– بەڵێ قوربان.. بەڵێ کاك قادر. چی دەفەرموویت؟..

سلێمانی – ١٩٩٢/٣/١

## قسەیەك

ئەو ساتەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و قسەکەی بەگوێدا درا، سەرەتا زمانی لە ئاستیدا چووە کلیلە و ورتەی لە دەم بۆ نەهێنرایە دەرەوە. دەتوت لە ناکاوێکدا، کوتەکێك دراوە لە گزگلاگەی گوێ و وڕوکاسی کردووە. کابرا هیچ پێشەکییەك ... هیچ پێچوپەنایەك ... هیچ ڕاووڕێوییەکی بۆ نەهێنایەوە. کابرا وەك بارێکی گران لە سەرشانی، تورهەڵداتە خوارەوە و لە کۆڵ خۆی بکاتەوە راستەوخۆ قسەکەی کرد. بۆیە ئەمیش راستەوخۆ کەوتە ژێر قورسایی بارەکەوە و ئاوەها لە ئاستیدا وڕوکاس بوو. تا کاتێ دەنگەکە وەك گومانی کردبێ، کە ئەم لێی حاڵی نەبووە و بۆی دووبارە کردەوە، ئەوسا زمانی بزوا. بە لەرەیەکی پڕ لە پەشۆکاوییەوە، تێکەڵوپێکەڵ وتی:

– ها؟!.. وتت!.. چۆن؟!.. کێ وتی و تۆ چۆنت زانی؟!.. تۆ کێیت؟!.

کەچی دەنگەکە، تەنیا ئەو قسەیەی بەڕوونی لێ بیسترا. ئیتر وەك لە بنی بیرێکەوە بێتە دەرێ و تێکەڵ بەژاوەژاوێکیش ببێ، چووە شێوەی بڵمەبڵمێکەوە و هیچی لێ تێ نەگەیشت. بگرە کە ئەم ڕوونتر و بەپەرۆشترەوە پرسیارەکانی دووبارە کردنەوە، دەنگی کابرا بەتەواوی نوقمی ژاوەژاوەکە بوو، کە بەدوایدا ئیتر هەر هیچی لێ نەبیسترا. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفۆنەکەی تا ماوەیەك، بەگوێیەوە هێشتەوە. بە هیوابوو ژاوەژاوەکە ببڕێتەوە، دەنگەکە سەرهەڵبداتەوە. کە بێ سوودبوو، بەدەستێکی لەرزۆکەوە داینایەوە. بەترسوسامێکی ئەوتۆوە چاوی بەسەریدا داچەقاند، کە دەتوت دڕندەیەکەو ئامبازی بووە.

بەدرێژاییی ئەو ساتانە، شەش گوێ لەو گفتوگۆ بەتەمومژە بە ئاگا هاتبوون و قوت بووبوونەوە. شەش چاویش زیت ڕووبەڕووی دەیانڕاونی و وردودرشتی نیشانەکانی سەروسیمایان دەخوێندەوە. سێ بیر و هۆشی تر، لە بەرامبەریدا هەژابوون و سێ هەست و نەست خرۆشابوون. کە ئەم هەر تاس بردییەوە و هیچی نەوت، سەلمای هاوسەری رای چڵەکاند:

– چی بوو؟!.

ئەم وەك لە گرفتێکی لە قسەکە ستەمتر وریا بکرێتەوە، بینایی لەسەر تەلەفۆنەکە لادا و بەلاچاوێك تێی ڕوانی. بەدەمییەوە ئانوسات هۆشی خستە کار. زنجیرەیەك

پرسیار تیژ بەزەینیدا گوزەریان کرد. (پێیان بڵێم یان نا؟. ئەگەر ئا چۆنی بڵێم؟!. ئەنجامی چی دەبێ؟. ئەگەرنا بڵێم نا چی؟. باوەڕ دەکەن؟.. یاخۆ!..). هەوڵی دا هێور ببێتەوە. دەیزانی ماوەیەکی پێ دەوێ، تا بتوانێ زمانی بەگۆ بێنێ و ئاسایی بدوێ. پرسیارەکەی فەرامۆش کرد و دەستی دایەوە تەلەفۆنەکە. تەنیا بۆ خۆخەریککردن نایەوە بەگوێیەوە. دوو سێ جار هەڕەمەیی ژمارەی بادا. وای نیشان دەدا کە بەمەرام نەگەیشتووە و دەستی بەدوگمەکەیدا دەنایەوە. بەردەوامیش بیر و هۆشی، وێڵی دوای وەڵام بوو. کاتێ پرسیارەکەی بەگوێدا درایەوە، بەئەنجام گەیشتبوو. وتی:

– کابرایەك بوو قسەیەکی کرد و خەتەکە شێوا. هیچی تری لێ حاڵی نەبووم. نەشمزانی کێ بوو!.

– قسەکە چی بوو؟.

– ها!.. قسەکە؟!..

هەستی کرد بەڕستەی (هیچی تر)ە کە، کەوتووەتە داوەوە. دەبوو خۆی دەرباز بکا. لە پاشگەزبوونەوە زیاتر، هیچی تری بەخەیاڵدا نەهات و وتی:

– ئەویش هەر روون نەبوو، تێ نەگەیشتم مەبەستی چی بوو!.

– ئاخر چۆن؟!.. هەر هیچ؟!.

– هەر هیچ!.

کەمێ راما و ئینجا وتی:

– بەڵکو تەلەفۆن بکاتەوە و تێ بگەم.

ئەشکەنجەی لێ بوو بە دووسەرە. ستەمی قسەکە و شاردنەوەی لە هاوسەر و دوو کچەکەی. بە سەراسیمەییەوە لە پاڵ تەلەفۆنەکەدا دانیشت. دەتوت لەسەر ساجێکی سوورەوەکراو دانیشێنراوە. دەتوت دەستێکی ئاسنین رۆچووەتە ناو سینەیەوە و دڵی هەڵدەگلۆفێ.. جگەری دەپروێنی.. سییەکانی هەڵدەگوشێ و هەناسەی لەبەر دەبڕێ. ئۆقرەی لەبەر هەڵدەگیرا و بەزۆر ئۆقرەی بەخۆی دەگرت. حەزی دەکرد هەڵسێتە سەرپێ و بەبێ پەروا، بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە.. بەژوورەکەدا بێت و بچێ.. بەدیوارەکانیدا هەڵزنێ.. بەبنمیچەکەیدا ئەمسەر و ئەوسەر بکا و بەوە، کەمێ لەو گێژەڵووکەیەی ئازاری دەروونی برەوێنێتەوە. بەڵام دانی بە خۆیدا دەگرت. تەقەلای دەدا بەهەر نرخێك بێ، لەوانی حەشار بدا و نەیەڵێ لە ئەنجامیدا قسەکەی پێ بدرکێنن.

بەدەمییەوە بەردەوام بەقسەکەدا دەچووەوە. سەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستی تێ ئاڵاندبوو. بە سەد و یەك باردا تاووتوێی دەکرد. تەنانەت بەو بارەشدا، کە لە بنەڕەتەوە را ست نەبێ: (دەشێ درۆیەکی هەڵبەستراوی ناحەزێك بێ. ئا دەشێ.. بەڵام ئاخر ئێمە کێ ناحەزمانە؟!. ئێمە خراپەمان بۆ کێ هەبووە؟!. نا ئەمەیان ناشێ. رەنگە هەڵەیەك لەکایەدا بێ. ئا رەنگە.. باشە ئەو قسەکەی چۆن دەست پێ کرد!. ها!.. ئا.. ئەو سەرەتا پرسیاری کرد: ماڵی عومەری حاجی حەمە ساڵحە!. هەر هێندەی من وتم بەڵێ، ئەو یەکسەر بێ پێشەکی.. بێ پێچوپەنا.. بێ ئەملا و ئەولا قسەکەی کرد!. بەڵام ئاخر هەڵە لە چەند رووەوە؟!. ژمارەی تەلەفۆنەکە یەك. ناوەکەی من دوو. ناوەکەی ئەو سێ!.. هەڵە لە یەکێکیان و لە دووانیاندا.. لە یەکچوون لە یەکێکیان و لە دووانیاندا دەشێ. ئاخر لە هەرسێکیاندا؟!..). ئەم لای خۆیەوە، دەتوت لەسەر ئاگر دانیشێنراوە. شەش چاوەکەش لەولاوە، بەردەوام بینایییان بەسەر روخساریدا ئەبڵەق بووبوو. شاراوەترین جووڵەیان تێدا دابووە بەر وردترین چاودێری. هەستیان کردبوو نهێنییەك لە ئارادایە و وێڵی دوای تروسکەیەکی بوون، کە لە روخساریدا بەدیی بکەن. زەنگی تەلەفۆنەکە هەمووانی راچەناندەوە. ئەم بەهەڵپە پەلاماری دا:

– بەڵێ.. فەرموو.. ئا..

تەنیا بە سەر هێمایەکی بۆ چراخانی کچی کرد کە بۆ ئەوە. ئیتر نقومی دەریای خەم و پەژارەی قسەکە بووەوە. بۆ جاری جارەها کەوتەوە تاوتوێکردنی. تا دەهات خێراتر وەك ژەهرێکی کوشندە، بەشانە بەشانەی مێشکی.. بە قووڵاییی دڵ و دەروونی.. بە پانتاییی هەست و نەستیدا بڵاو دەبووەوە و سرەوتی لەبەر هەڵدەگرت. چراخان تەلەفۆنەکەی دانایەوە. دایك دیسان هەڵیدایە:

– لەوە ناچێ تەلەفۆن بکاتەوە!.

ئەم وەك بۆ خۆی بدوێ، بەدەنگی نزم وتی:

– لەوە ناچێ!.

بەدوایدا وەك لەش بەبارێك. لەش بەباری نەخۆشییەکی کوشندە، راست بووەوە سەر پێ. ماوەیەك بەژوورەکەدا هات و چوو. دوو سێ جار لە بەرامبەر تەلەفۆنەکەدا، راوەستا و پێیدا هەڵڕوانی. ئیتر بێئەوەی ورتەی لە دەم بێتەدەر، لە ژوور بەدەرکەوت. نەیدەزانی چی بکا و هەنگاو بەرەو کوێ بنێ. لە حەوشەکەدا راما و بەبێ مەرام، سەری

هەڵبڕی بۆ ئاسمان. ڕۆژ ڕووەو خۆرئاوا داخزابوو. بریقوباقی تیشکەکەی، لە نێوان گەڵاکانی دارتووی ناو حەوشەکەوە، لابەلا دەیدا لە چاوی. دەتوت ئاوێنە بەدەستێك، لە کەنارێکەوە بەڕوویدا دەیلەرزێنێ. هەستی کرد هەردوو کچەکەی و دایکیان، لە پشتییەوە ڕاوەستاون و تێی دەڕوانن. خەمی سەرلەنوێ بەگیرهێنانی بە پرسیار دایگرتەوە. خۆی لێ نەبان کردن و بەرەو دەرگای حەوشە هەنگاوی نا.

زۆر دوور نەکەوتەوە و ئاوڕێکی دایەوە. ئاهێکی حەوانەوەی پێدا هات کە دوای نەکەوتبوون.. کە لە ئازاری سەرنجە تیژەکانی ئەوان.. لە پرسیارە پەنگخواردووەکانیان.. لە سەرسامی و تەنگەتاوییان ڕزگاری بوو. ئێستا وا تەنیا باری قژقژاویی قسە ستەمەکەی بە کۆڵەوەیە.

چەند هەنگاوێکی تر و کۆڵانی ماڵی خۆیانی کۆتایی پێ هێنا. پێی نایە قەراغ شەقامی سەرەکی. بەلای چەپییەوە ڕیزە دووکانێك بوو، دەکەوتنە سەر شەقامەکە. لای دایە لای ناسیاوێکی و کزە سڵاوێکی کپی لێ کرد و ئەو بەگەرمەوە فەرمووی لێ کرد و ئەم بەتەنیا بڵەبڵمێك وەڵامی دایەوە. پشتی کردە ئەو و ڕووەو لای ڕاستی شەقامەکە ڕاوەستا. هێندەی لێی دەکەوتە بەرچاوی، بینایی بۆ درێژ کردەوە.. (ئەگەر وا بێ، ئا لەوێوە!..).

کسپەیەك بەهەناویدا برووسکەی دا و پاشماوەی وتەکەی پێ قووت دایەوە. بەمانای سەرزار پێی قووت دایەوە، دەنا لە قووڵاییی هۆشدا، ئاسایی چۆڕاوگەی خۆی بەست.. (ئا لەوێوە ها ئێستا ها ساتێکی تر، ئۆتۆمۆبێلێك دەردەکەوێ. ئۆتۆمۆبێلەکە..).

ناسیاوە دووکاندارەکەی فەرمووی لێکردەوە. ئەم کە چاوی هەر بە ئەوسەری شەقامەکەدا ڕاوابوو، بێ ئاوڕدانەوە بەلایدا، بەدەنگە خەماوییەکەی تەنیا وتی:

– سوپاس.. دانانیشم.

ئیتر کاتێك ئەو بە سەرسامییەوە لێی پرسی:

– کاك عومەر چ خێرتە؟!.

ئەم تەنانەت بێ خواحافیزی لێکردنیش، بەسەر شەقامەکەدا بەرەوخوار ملی نا. بەدەم هەنگاونانەوە وەك لە دڵدا وڕێنە بکا، بەردەوام دەیوت و دەیوتەوە: ( ها ئێستا ها ساتێکی تر، ئۆتۆمۆبێلێك لەوێوە دەردەکەوێ.. ها ئێستا ها ساتێکی تر، ئۆتۆمۆبێلێك لەوێوە دەردەکەوێ.. ها ئێستا ها!!..).

وڕێنەکە تا دەهات زۆری بۆ دەهێنا. تا دەهات وەك ژەهرێکی کوشندە، سات لە دوای سات بەسەراپای بیر و هۆش و هەست و نەستیدا بڵاو دەبووەوە. مێشکی دەپرواند.. دڵی دەتەقاند.. دەروونی ئاگر دەدا.. دوا جار هێز و توانای لە جەستەدا، وەك مۆمێك دەتواندەوە و بەرەو داڕمانی دەبرد. راوەستا و بەو حاڵەیەوە، قەدەرێکی تر و بۆ دوور. بۆ ئەوسەری شەقامەکە هەڵی ڕوانی. دیمەنەکە بەسات بەرچاوی بەرنەدەدا. لە کۆڵ بیرو هۆش و هەست و نەستی نەدەبووەوە.. (ها ئێستا ها ساتێکی تر.. ئۆتۆمۆبێلێك.. لەوێوە.. دەردەکەوێ.. ئۆتۆمۆبێلەکە!..).

هەستی کرد هەردوو لاقی روو لە شلبوونێکی وەهان، کە لەوە زیاتر جەستەی بە پێوە بۆ راگیر ناکەن و ها ئێستا ها ساتێکی تر، بە لادا دێ و دادەڕمێتە سەرزەوی. خۆی گەیاندە پاڵ دیوارێکی قەراغ شەقامەکە و هەڵترووشکا. هەردوو ئانیشکی نانە سەر هەردوو ئەژنۆی. سەری نایە هەردوو لەپی دەستییەوە و تاسێکی قووڵ بردییەوە.

***

– بابە!!..

بە بیستنی وشەکە، دەتوت دەستێکی تەلیسماوی، لە غەیبەوە بەفریای دەکەوێ و مێردەزمەیەکی بەزەبروزەندی لە کۆڵ هەڵدەپچڕێ. سەری لە نێوان هەردوو لەپی راچەناند. روانییە خاوەن دەنگەکەو راپەرییە سەرپێ. سەرەتا دیمەنەکەی بەڵێڵی بینی. بەڵام خێرا لە بەرچاوی روون بووەوە. ئەوەتا کتومت خۆیەتی. چۆن رۆیشت وەهای دەبینێتەوە. تەنیا هێندەی لێ جیاوازە، کە تەپوتۆزی ناو سەنگەرێکی خۆڵین، نیشتووەتە سەر و قژ و روخسار و سەراپای لەشی. ئەم بەچەشنی ئەو ساتەی کە قسە نەگریسەکەی بەگوێدا درا، حەپەسا و زمانی بۆ نەدەهاتە گۆ. رووبەڕووی راوەستا و چاوی بەسەریدا ئەبڵەق بوو. ئەویش لێی سەرسام بوو. وتی:

– بابە!.. چی بووە؟!.. لەسەرخۆ نیت.. بۆچی؟!.

ئەوسا زمانی بەربوو. خەریك بوو دەم هەڵبێنێتەوە و کارەساتەکەی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام هەر زوو پاشگەز بووەوە. تەنیا وتی:

– هیچ کوڕەکەم.. هیچ نەبووە!.

ئیتر دوو قۆڵی، بەرەو ماڵەوە هەنگاویان نا.

سلێمانی – ١٩٩٧/٤/١٢

# لەچك

لەچکەکەی بە لقی دار قەیسییەوەکە کردبوو. لەچکێکی ئاوریشمینی گوڵگوڵی بوو. لەگەڵ گوڵە وردە پەمەیییەکانی دار قەیسییەکەدا، هاوئاهەنگ بوون. چمکێکی توند پێوە گرێ دابوو. بیری وردی بۆ ئەوە چووبوو کە دەشێ بایەك، رەشەبایەك، گێژەڵووکەیەك هەڵبکا و زەفەری پێ بەرێ. لە لقەکەی بکاتەوە و بیبا، لە کەلێنێکدا لە چاوانی بزر بکا. کە بزریش بوو، ئیتر کێ دەزانێ لە کوێیە؟.

شەوەکەی هەموو بەپەرۆشەوە، سەیری بەرنامەی (مەتەڵ و وەڵام) یان دەکرد. کشومات لە چاوەڕوانی مەتەڵەکەدا بوون. بەدوای تایتلدا، وێنەی مەتەڵبێژ شاشەی داگیر کرد. پێش ئەوەی دەم هەڵبێنێتەوە، شیلان لە دڵدا وتی: (دەیزانم). هەر هێندەشی مەتەڵبێژ وتی:

– ئەوە چییە هەر دەڕۆیت و...

شیلان بێ چاوەڕوانکردن، یەکسەر بەدەنگی بەرز وتی:

– مردنە!...

خێزان هەندێکیان، خۆیان لە قسەکەی بێ ئاگا کرد. هەندێکیشیان ئاوڕێکی کەمتەرخەمییان بەلادا دایەوە و خێرا روانییانەوە شاشەکە. تەنیا باوکی کە ئەم هەردەم خۆی دەخزاندە پاڵییەوە، وازی لە سەیرکردنی بەرنامەکە هێنا. لاونیو بەلایدا وەرچەرخا. سەرنجێکی پڕ لە سۆزی باوکانەی دایە. دەستێکی پڕ لە خۆشەویستی بە سەروقژیدا هێنا و بەبێ قسە نووساندی بەسنگییەوە. بەدەستووری جارانی تری، بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ، بەلەرەی ئاوازێکی ناسکی ئارامگەیێن، چرپاندییەوە بە گوێیدا:

– کچە شیرینەکەم.. کچە نازدارەکەم. کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

شیلانیش وەك هەر جارێکی لەوەبەری، بەم لەبزە شیرینە تەلیسماوییەی باوکی هێمن بووەوە. سەری بە ئارامی لەسەر سنگی راگرت و خامۆش بوو. بەڵام خامۆشییەکی بەسەرزاری. دەنا ئەگەرچی نەیدەڕوانییە شاشەکە و بگرە پێڵووی بەسەر یەکتریدا داکشابوون، دەنگەکە بەردەوام لە گوێیدا دەزرنگایەوە کە دەیوت: (ئەوە چییە

هەر...) و بەردەوامیش، نەیدەهێشت قسەکە تەواو ببێ و دەیوت: (دەیزانم.. مردنە!).

چەندە ئەو دوو وشەیەی دەوتنەوە، پتر وردەوردە روویان لەوە دەکرد، ببنە ئاوازێکی کپی ناسك و بپرژێتە دەروونییەوە. ئاوازەکە سەری لەسەر سنگی پێ هەڵپچڕی. لەسەرخۆ راست بووەوە و بە هێمنی بەرەو ژوورەکەی هەنگاوی نا. لە جێگەکەیدا لەسەر گازی پشت راکشا. بەدەم ئاوازەکەوە، سەرنجی لە بنمیچەکە گیر کرد. رەنگی بنمیچ سپییەکی وەك چوری شیربوو. رەنگ لە بەرچاوی وردەوردە، بووە شینێکی گەشی ئاسمانێکی بەهاری. ئاسمانی شینی گەش، وەك لە ناکاوێکدا بەری تیشکی خۆری لێ بگیرێ، بووە ئاسمانی شەوێکی هاوینەی، سیخناخ لە ئەستێرەی پرشنگدار.

(مانگ هێشتا هەڵنەهاتووە!.. مانگ تۆ بۆچی هێشتا هەڵنەهاتوویت؟!).

مانگی لە دەم کەلەوە هەڵهێنا. گواستییەوە بۆ تەختی ئاسمان. خەرمانەیەکی ئەڵقەداری دڵفرێنی، بەدەوردا بۆ کێشا. سەرنجی دا ئەستێرە پرشنگدارەکانی نزیکی، لە ورشە کەوتوون، بەدڵی نەبوو. مانگ یەکێکە و ئەستێرە هەزاران. مانگی ئاخنییەوە ئەودیو کەل و ئەستێرەکانی سەرلەنوێ درەوشاندنەوە. بینایی یەك بەیەکیاندا گێڕا. ئەم بۆیان دەخنایەوە و ئەوان بەئەمەکدارییەوە، پرشنگی سۆزیان دەپرژاندە چاوانییەوە. بەگلێنەیدا رۆدەچوون و دەرژانە، پانتایی دەروونییەوە. قووڵ بەناخیدا پەرش دەبوون و دەیانکردە چراخانێك. دەیانکردە ئەستێرەیەکی ورشەداری وەك خۆیان و بەڵام تەریك و دابڕاو لێیان و زیندانیکراوی ناو چوار دیوارێکی تەنگەبەر.

(ئەستێرە چۆن زیندانی دەکرێ؟!.. وا هاتم!).

راست بووەوە و لە ژوور بەدەرکەوت. بەپێی پەتی و بێ خشپە، بەپیلکانەکاندا سەرکەوتە سەربان. لە پاڵ دیواری هەورەبانەکەدا چیچکەی کرد. بە گەشکەدارییەوە و پڕبەپڕی ئارەزووی هەردەم تامەزرۆی، کەوتە هەڵڕوانین بە سەرانسەری ئاسمانە سیخناخەکەدا لە ئەستێرەی پرشنگدار..

(ئەوەتا.. ئەوەیان منم.. نانا ئەوە نیم.. ئەمەیانم.. ئائەمەیان!).

پێڵووی سەرتاسەر بۆ هەریەکەیان دەخستە سەرپشت. دەرگەی گلێنەی ئەمپەڕاوئەوپەڕ لێ واڵا دەکردن. چەندە پرشنگیان بۆ دادەچۆڕاند، بەرەو هەناوی کلافەی پێ دەبەستن. هەناو لێوالێو دەبوو لە پرشنگ و دانەدەسەکنا. دەیویست تامی پرشنگی یەك بەیەکیان بکا. چێژی یەك بەیەکیان تاقی بکاتەوە و هیچ کامیان

نەبوێرێ. بۆچی بیانبوێری؟!. ئەم بەکامیان نامۆیە و ئەوانیش کامیان بەم نامۆ؟.

(کامتان مۆڵکی من نین. ها.. کامتان؟!. کێتان دەستەمۆم نییە و لێم یاخییە؟!. هێی تۆ.. ئائا دەڵێم تۆ!.. وەرە دابەزە!.. وەرە ناو مشتمەوە!.. وەرە وەك پەپوولەیەك، لەسەر ئەم لەپی دەستەم بنیشەرەوە.. وەرە با!...).

– کچە شیرینەکەم.. کچە نازادارەکەم.. کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

باوکی بوو بەرامبەری هەڵترووشکابوو. هەردوو لەپەدەستی خۆی، نیشاندبووە سەر هەردوو لەپەدەستی ئەم و هەر چواریان بەسەریەکتریدا دەنووقاندن و هەڵی دەگلۆفتن..

(هەمدیس؟!..).

لە دڵدا بەبێزارییەوە وای وت. بەڵام بەسەرزاری، هەر لەبزە شیرینە تەلیسماوییەکە بوو کە بیستی و لەو جیهانەوە تووڕدرایەوە ئەو جیهان.. جیهانی دەستە پڕ لە سۆزەکەی باوکی، کە هەڵی ساندە سەرپێ. بۆ ماوەیەك سەری نووساند بەسنگییەوە و دەستە پڕ لە خۆشەویستییەکەی بەسەروقژیدا هێنا. ئەوسا وەك بەرخۆڵەیەك، بەپیلکانەکاندا دای بەزاندەوە خوارەوە. بردییەوە سەر جێگەکەی و رای کشاند. ماوەیەك بەدیارییەوە دانیشت و بەدەم دەستهێنانە پڕ لە سۆزەکەیەوە بەسەر قژیدا، بە لەرەی ئاوازە ئارامگەێنەکەیەوە بەگوێیدا دەچرپاند:

– کچە شیرینەکەم.. کچە نازدارەکەم.. کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

ئەم جەستەی رووەو دیوارەکە وەرچەرخاند و وای نیشان دا، کە خەوی دێ و بەڕاستی دەیەوێ بنوێ. باوك لەوەزیاتر بەدیارییەوە دانەنیشت و جێی هێشت. ئەم لەگەڵ بیستنی پێوەدانی دەرگەکەدا، خۆی خستەوە سەر پشت. بنمیچ سەرنجی راکێشایەوە. رەنگی سپی بوو وەك چوڕی شیر. بووە شینێکی گەش. وردە وردە بووە شینێکی تەڵخی ڕەشباو و تاقە یەك ئەستێرەی گەشگەشی پڕشنگدار، بەناوەڕاستییەوە دەدرەوشایەوە. لەگەڵ هەر ورشەیەکیدا، خەندەیەکی ناسکۆڵەی تێدا بەدی دەکرد و دەدرا بەڕوویدا. خەندە ناسکۆڵەکانی ژیلان بوون و بەڕوویدا دەدران. بێ دیدە لادان لە ئەستێرە گەش گەشەکە، بە هێواشی دەستی بۆ لای راستی کوتا..

(ژیلان وەك ئەم قومات کراوە و لە پاڵیدا دانراوە. دوو مەلۆتکەن و ئانوسات، لەبەر دایك کەوتوونەتە خوارەوە. ئەوەتا لە دوو بێشکەدان. بەتەنیشت یەکەوەن و بۆ یەکتر

دەخنێنەوە. لەسەر دوو ڕانن و دوو مەمك دەمژن و بەتیلەی چاو یەكتری دەدوێنن. دوو ڕەوڕەوە و پێگرتن. پێكەوە گەمە و ڕاكەڕاكەی، ناو ماڵ و كۆڵان. هەردووك..).

دەستێك دەسكی دەرگەكەی بزواند. چووەوە سەر باری پێشووی و، ورتە و جووڵەی لە خۆی بڕی. دەستەكە دەرگەی كردەوە و بەژووركەوت. دوای قەدەرێ دەرگەی پێوەدایەوە. شیلان كەوتەوە سەر پشت. ژیلان هێشتا لەگەڵیدابوو.. هێشتا خەندە ناسكۆڵانەكانی. هەر بەڕوویدا دەدا.

(هەردووك.. هەردووك وەك خونچە دەگەشێنەوە. بەرامبەری یەكتر دادەنیشن و لە یەكتر ورد دەبنەوە.. ئای!.. خۆ من تۆیت و تۆ من!.. ئەمە كە یەكەم جار ئەو قسەیەی بەسەردەمدا دێ.. ئەرێ بەڕاست شیلان خۆ وایە!.. من تۆم و تۆ من!.. بەڕووی یەكتریدا دەتریقێنەوە. دەكەونە تەشقەڵەكردن بەباوكیان.. بە خوشك و براكانیان.. بەكەسوكار و بەدەرودراوسێ. تەنیا زەفەر بەدایكیان نابەن. دایك هەموو جار گرەویان لێ دەباتەوە. جاروبار بۆ گاڵتەوگەپ، بەخۆشیانی دەكەن.. ژیلان من نیم تۆیت.. نەخێر من نیم تۆیت.. نەخێر تۆیت.. دەباشە هەردووكمانین.. من هەردووكیانین و تۆش!.. بەڕووی یەكتریدا دەتریقێنەوە).

شیلان لەوەدابوو بتریقێتەوە و فریاكەوت. بەپرتاو دەستەكەی لای ڕاستی كشاندەوە و لەپی نیشاندە سەر دەمی. چاوێكی لە ژیلان داگرت و وتی: ئاخر هەی منەی هاروهاج.. نابێ ئاگات لە خۆم.. ئاگام لە خۆت بێ!.. خەریك بوو بیقەومێنم. تۆ من زۆر پێ دەكەنیت.. دەكەنین!. ژیلان بۆی دایەوە لە ورشەورشی پێكەنین و وتی: دەخنێیتەوە دەخنێمەوە. دەتریقێیتەوە دەتریقێمەوە. دەدەیتە قاقا دەدەمە قاقا. ئەی من تۆ نیم و تۆ من؟!.. ئەی!..).

دوو گوڵەباخی پۆپەی لقێكن و سەریان بەیەكەوە ناوە. گوڵە ژیلان ڕوو لە ژاكاوییە. لێواری پەڕە قیتە نییانەكانی لوول دەخۆن. بریسكەی سەر گۆنایان تا بێ كز دەبێ. ئاورنگ لە خۆ ناگرن. گوڵە شیلانی سەر بە تەك سەرەوە، سەرسام دەبێ!.

– گوڵە ژیلان چ خێرتە؟!.

– گوڵە شیلان هەست دەكەم، لە بنوبێخ هەڵدەكەنرێم!.

– گوڵە ژیلان هەرچی دەڵێیت، دەستم دامێنت ئەوەیان مەڵێ. گوڵەژیلان بنوبێخمان یەكە. من تۆم و تۆ من. ئەی من تۆ نیم و تۆ من؟!.

– گوڵە شیلان با. بەڵام نازانم بۆچی.. نازانم لەبەرچی لەم بنوبێخەمان هەڵدەکەنرێم؟!. تەنیا هێندە دەزانم کە ئەوەتا دەستێك.. دەستێکی زەبەللاحی دێو ئاسا، لە بنوبێخم نەویوە و بەنیازی هەڵکەندن، پەیتاپەیتا رایدەتەکێنێ. بۆچی شیلان بۆچی؟!. تۆ بچۆ لێی بپرسە، بەڵکو وەڵامی تۆ بداتەوە.. وەڵامی تۆی من!).

شیلان هاوار دەباتە بەر باوك.. دایك.. خوشك و برا، هەموو بۆنی مردن وڕی کردوون. هەموو چاو پڕ لە فرمێسك، مات و خەمگینن، خوشك و برا پەرتوبڵاو، لەم سووچ و لەو قوڕنەی ژوورەکەدا دانیشتبوون. دایك و باوك بەژوور سەرییەوەن. ئەم باوەشی پێدا کردەوە و نیگای لە نیگای گیرە. ئەو نیگای تابێ کز و کزتر دەبێ. لە ئانوساتدایە دوا ترووسکەی، لێ بتکێنێتە نیگای ئەمەوە. ئەم بینایی لێ لادەدا و بەسەروسیمای، باوك و دایك و خوشك و برایدا دەگێڕێ. هەموو فرمێسك و پەژارەیان لێ دەچۆڕێ. بینایی هەڵدەکشێنێ بۆ ئاسمان. ئاسمانێکی تەڵخی رەشباوە و تاقە ئەستێرەیەکی گەش گەش، بەناوەڕاستییەوە دەدرەوشێتەوە. ئەسێرە گەش گەشەکە کز دەبێ.. کزتر و کزترین و لە ناکاوێکدا دەکشێ. لە ناوەڕاستی ئاسمانە تەڵخە رەشباوەکەوە، بەرەو خوار بەبریقوباق، بۆ دوورێکی بێ بن دەکشێ و ئاودیو دەبێ. ئەم نەعرەتەیەك لە قووڵاییی هەناویدا دەگرمێنێ:

(نا.. ژیلان.. نا!. ژیلان چۆن بەجێم دێڵیت؟!. دێم.. منیش دێم.. ژیلان وا منیش هاتم!).

وەك سەفەرەکەی تەنیا رەتبوونێك بێ بەکورتە توونێلێکدا، لەم سەرەوە هەنگاوی تێ بنێ و لەو سەرەوە، دەست لەناو دەستی ژیلاندا بێتە دەرەوە، پێویستی بەهیچ خۆ کۆکردنەوەیەك نەبوو. تەنیا دوو سەرینی بەباری درێژی، لەسەر جێگەکەی دانان و بەتانییەکی بەسەردا کشاندن. ئەو لەچکەی لە ملی ئاڵاند، کە لە شەوێوە ئامادەی کردبوو. دەسکی دەرگەی بە هێواشی بادا و لە ژوور بەدەرکەوت. دەستی دایە جووتێ نەعل و بەپێی پەتی، بە ڕاڕەوەکەدا هەنگاوی نا. بێ خشپە دەرگەی سەر حەوشە و ئینجا دەرگەی حەوشەشی کردنەوە و هەنگاوی نایە دەرەوەی ماڵ. ئاوڕێکی خێرای دایەوە. کەسی لێ بەئاگا نەهاتبوو. جووتە نەعلی بەسەر پێیەوە کردن و ملی پێوەنا.

کاتێ گەیشتە رۆخی رووبارەکە، تازە شەبەقی دەدا. رووبەڕووی راوەستا و تاوێ پێیدا هەڵڕوانی. رووباری بەهاژە و کەفوکوڵی، راست وەك کورتە توونێلەکە هاتە

بەرچاو. لەم سەرەوە هەنگاوی تێ دەنێ و لەوسەرەوە لەگەڵ ژیلاندا، دەست لە ملان دێنە دەرەوە.. ئاودامان نوقمی پڕشنگی ئەستێرە دێنە دەرەوە.

چاوی لەسەر رووبار لادا و وەرچەرخا. چوو لەچکەکەی کرد بەلقی دارقەیسییەکەوە. لەچکێکی ئاوریشمینی گوڵگوڵی بوو . لەگەڵ گوڵە وردە پەمەیییەکانی دار قەیسییەکەدا، هاوئاهەنگ بوون. چمکێکی توند پێوە گرێ دا. بیری بۆ ئەوە چووبوو کە دەشێ بایەك، رەشەبایەك، گێژەڵووکەیەك هەڵبکا و زەفەری پێ بەرێ. لە لقەکەی بکاتەوە و بیبا، لە کەلێنێکدا لە بەرچاوانی بزر بکا. کە بزریش بوو، ئیتر کێ دەزانێ ئەم لە کوێیە؟!.

سلێمانی- ١٩٩٧/٤/٢٩

## مریەم

دەزانم.. ئا.. دەزانم.. ئەوەتان بەژوور سەرمەوە راوەستاون. نە ئەوان دەجوولێن و نەمن. نە ئەوان هیچ دەڵێن و نە من. هەموومان خامۆش خامۆشین . بەلام من لە ناخدا هەژاوم دەزانم کە ئێستا تەمەنم سیازدەساڵ و حەوت مانگ و نۆ ڕۆژە. هەشت مانگە سەروعوزر شۆرم و، لە کەین و بەینی سەروعوزرشۆری ئاگەدارم. چ بەسەروسیماو چ بە بەژنوبالا، لە ڕادەبەدەر جوانم. بەقسەی خۆم و کەسانی نزیکم نا، بگرە بەقسەی ئەوانەشی کە بۆ یەکەم جار دەکەومە بەرچاویان، لە ئاستی جوانییەکەمدا هۆش لەدەست دەدەن و شێتانە هەستی سەرسامییان دەردەبڕن. بۆ نموونە ئەو کابرایەی لە ناکاوێکدا لێم هەڵتۆقی و لە عەزرەتدا وەختابوو هەڵم بلووشێ.

ئا... دەمە دەمی ئێوارە بوو کە پێم نایەوە ناو ماڵەوە. چووبووم بۆ ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی بەنازی دەستە خوشکم. ئاهەنگێکی خۆشبوو. بەدڵێکی خۆشەوە گەڕابوومەوە، بەدیمەنی کیژباشەوە کە خۆی بۆ چوونە ئاهەنگێك لە تەل دابێ.. ئا.. بەنیازم بەرەو ژوورەکەم هەنگاو بنێم و دایکم بانگم لێ دەکا:

– وەرە مریەم گیان.. وەرە بۆ ئێرە.

دەچم و ئەو کابرایە دەبینم، کە لەگەڵ دایکم و باوکمدا دانیشتووە! لەگەڵ چوونە ژوورەوەمدا باوکم وتی:

– ئەوەتا.. ئەوە مریەمەکەمانە.

ئیتر هەر هێندە و کابراکەم بینی هەڵسایە سەرپێ و وەك بیەوێ بفڕێ، هەردوو باڵی یەکالا کردنەوە و بەرەو رووم شالاوی هێنا! لە کاتێکدا منی بێ ئاگا لە هەر کەینوبەینێك، کە پێشتر سەبارەت بەمن لە نێوانیاندا هەبووبێ، سلم کردەوە بۆ خۆ پاراستن لە شالاوەکەی، دوو سێ هەنگاو کشامە دواوە. ئەویش لەلای خۆیەوە، وەك ئانوسات هەستی بەنابەجێیی کردەوەکەی کردبێ، خێرا لە جێی خۆی چەقی و ئاوڕێکی فریاخوازیی بەلای باوکم و دایکمدا دایەوە . ئەوسا دایکم دەستی پێش خست و هات بەلامەوە و وتی:

– مریەم گیان.. ئەوە مامە سوارەیە.. مامە سوارەت.

ئەم قسەیەی دایکم رای چلەکاندم و زەینمی لێ بەگەڕ خستم و زانیم لە حزووری کەسێکدام کە هیچ نەبێ بەناوەکەی ئاشنام. بەڵام لە ناکاویی زانینەکەم وەهای حەپەساندم، کە وەك گێژووێژێك لە جێی خۆم بێ جووڵە راوەستام. ئەوسا ئەویش لەلای خۆیەوە، لەسەرخۆ لێم هاتە پێشەوە. دەستی راستمی خستە ناو هەردوو لەپە دەستییەوە و بە پەرۆشەوە هەڵی گوشی . ئینجا دەستی چەپی نا بەپشتی سەرمەوە و لەگەڵیدا دەمی هێنا و بەسۆزەوە ناوچەوان و سەرمی ماچ کردن. بەدوایدا بەدەم خەندەیەکی گەشی ئەوتۆوە، کە دەتوت دەروونی پڕاوپڕە لە شادی وتی:

—ماشەڵڵا لەو هەموو جوانییە.. سەد ماشەڵڵا لەو هەموو جوانییە فریشتەیییە.

منیش ئیتر ئەو هەستە تێکەڵەم لە وڕی و پەشۆکاوی لە بەرامبەر ناکاوییەکەدا، وای لێ کردم کە هەر هێندەی دەستی لێ بەردام، یەکسەر بکشێمەوەو خۆم بگەیەنمە ژوورەکەم. ژوورەکەم ژووری کچێکی قوتابیی پۆلی سێیەمی ناوەندییە، کە هەشت مانگە سەروعوزرشۆرە و لە کەینوبەینی سەروعوزرشۆری ئاگەدارە. ژوورەکە و منی تاقانەی تاقانەی دایك و باوکم، لە هیچمان کەم نییە. ئەگەرچی باری داراییمان ئەو باشە نییە کە بێدڵی نەکردنم کارێکی ئاسایی بێ. باوکم مووچەخۆرێکی بچووکی میرییە و دایکم کەیبانوو. بەڵام هەر بەیناو بەینێك لە نێوان قسە و باسیاندا بەرگوێم دەکەوت؛ کە پارەیەکیان بۆ دێ یا بۆ هاتووە!. ئا جار جار لەگەڵیدا ناوی ئەم مامە سوارەیەشم دەبیست و تێ دەگەیشتم کە لەوەوە بۆیان نێردراوە.

من هەندێ جار بەسەردا دەچووم دەمبیست، کە دایکم و باوکم باسیان لە مامە سوارەیە . بەڵام هێندەم زەین نەدەدانێ، کە بزانم چی لەبارەیەوە دەڵێن. تەنیا ئەوەی لەبارەیەوە دەمزانی و ئەویش وەك زانیارییەکی رووکەشی ئەوە بوو، کە ئەم مامە سوارەیە کاتی خۆی لەگەڵ باوکمدا پێکەوە سەرباز بوون و بوونەتە دوو برادەری گیانیبەگیانی. ئینجا دوای سەربازییەکە، کە باوکم پێشتر خاوەنی ماڵوحاڵی خۆی بووە، هێناوێتییە لای خۆی و، وەك دوو برا پێکەوە لە ماڵێکدا ژیاون و دواتر مامە سوارە چووە بۆ هەندەران.

(کەوا بوو ئەمە ئەوە کە ئەوەتا ئێستا هاتووەتەوە!). لە ژوورەکەم وەهام وت و ئیتر لەوە زیاتر مێشکی خۆمم پێوە خەریك نەکرد. وەکو هەموو رۆژانی تر خۆم گۆڕی و دەبوو بەدەستووری رۆژانی تریش، بچم بەلای دایکم و باوکمەوە. بەڵام دایکم و باوکم

ئەم ئێوارەیە میوانێکیان لەگەڵدایە، کە دەشیناسم و ناشیناسم! کە بە ناوەکەی ئاشنام و، بەخودی خۆی نائاشنا!. دەی لەم حاڵە ئەوا من چی بکەم باشە؟! نەچوومەوە بۆ لایان و خۆم بە ژوورەکەمەوە خەریك کرد. ژوورەکەم زۆر شتی تێدابوو. خۆمی پێوە خەریك بکەم. ژووری کچە تاقانە تاقانەکەیە، کە لە هیچی کەم نییە. من نیازی چوونەوەم بۆ لای ئەوان لە هۆڵەکە لە دڵدا نەبوو. مامە سوارەیە و هاتووەتەوە و ئەوانن کە هاتنەوە و میواندارییکردنیان بەلاوە مەبەستە نەك من. کەچی دوای ماوەیك دایکم هات و بە گلەییەوە وتی:

– ئەوە کوایت؟!.. بۆچی نەهاتیتەوە؟!.

من سەرم لە گلەییەکەی سوڕما و وتم:

– بۆچی بێمەوە؟!.

– وتی:

– ئەی نازانیت کە ئەو بەتایبەتی، بۆ سەردان ئێمە هاتووەتەوە؟!.

کاتێ لە وەڵامیدا وتم:

– نەء نازانم.. لە کوێوە بزانم؟!. ئێوە هیچتان لە بارەیەوە بەمن وتووە؟.

ئەوسا دوای کەمێ رامان وتی:

– ئا راست دەکەیت ئەگەرچی ئێمەش، هەتا پێی نەنایە ناومال نەماندەزانی، بەڵام دەبوو کاتێ هاتیتەوە ئاگەدارت بکەم. بەهەرحاڵ ئێستا هەڵسە وەرە، ئەو دیارییەی لێ وەربگرە کە بۆی هێناویت. هەڵسام و دوای دایکم کەوتم و چووم. لەوێ هەر کە چاوی پێم کەوت وتی:

– وەرە..هیچ نەبێ وەرە بندەستمەوە.

کە چووم وتی:

– حەزم دەکرد وەك شەوانی منداڵیت، لە باوەشم بگرتیتایە و بمخەوانیتایە. بەڵام ماشەڵات لێ بێ!...

تەواوی نەکرد و رووی قسەکەی بەلای دایکمدا وەرگێڕا و وتی:

– بۆت باس کردووە؟!. دایکم وتی:

–ئائا.. ئەی چۆن!. ئا.. بۆی باس کردبووم کە هەتا رۆیشتنەکەی بۆ هەندەران ، زۆربەی شەوان لەباوەشی ئەودا خەوم لێ کەوتووە و ئینجا بردوومێتییە سەر جێگەکەم و داپۆشیوم. ئیتر کاتێ لە تەنیشتییەوە دانیشتم، دەستێکی پڕ لە سۆزی بەسەرمدا هێنا و نووساندی بەسنگییەوە و ماچی کرد و بەدوایدا بەدایکمی وت:

– دیارییەکانمی بۆ بێنە.

سەری منیشی لە سنگی دوور خستەوە و وتی:

– چاوت بنووقێنە.

چۆنی وت وام کرد و هەستم کرد دایکم هاتە نزیکمانەوە و شتێکی دایە دەست و بەتەقەی کردنەوەیدا زانیم قوتو یا پاکەتێکە. ئانوسات زەینم بۆ ئەوە چوو، کە دەبێ پارچە خشڵێك بێ و هەر واشبوو ملوانکەیەکی کردە ملم و وتی:

– چاوت بکەرەوە.

لەگەڵ کردنەوەیدا، دایکم ئاوێنەیەکی دامەدەست و بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی:

– بڕوانە.. مامت دەزانی چ جۆرە دیارییەکت بۆ دێنێ. هەر قابیل بەو سنگ و گەردنەتە.

کە لە ئاوێنەکەدا سەرنجم دایە، وەك ملوانکەیەکی گرانبەهای ئەوتۆ هاتە بەرچاوم، کە جۆرە گومانێك لەبارەیەوە لە دڵمدا بزوا.

دایکم خێرا گومانەکەی لە ڕوومدا خوێندەوە و وتی:

– مامت پارەیەکی زۆری بۆ پێداویت. دەبێ ئاگات لێی بێ و باش بیپارێزیت.

بەدوایدا ئیتر من نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم. دایکم وتی:

– بۆچی وەها خامۆشیت؟!. دەی هیچ نەبێ بڵێ: مامە گیان سوپاس!. ئەوسا لە خۆم بەئاگا هاتم و بڕیارم دا ببزوێم و سوپاسگوزاریی خۆم بەگەرمی دەرببڕم. ئاوێنەکەم بەلاوە ناو، پەلاماری دەستی مامم دا ماچم کرد و بەدەمییەوە وتم:

– سوپاس مامە گیان.. زۆرسوپاست دەکەم.

ئەویش بەدەم بزەیەکی گەشەوە، هەردوو رووومەتمی خستە ناو هەردوو لەپەدەستییەوە و سەرمی بەرز کردەوە و بۆ ماوەی ساتەوەختێك رووبەڕووی خۆی رای گرت و ئینجا ناوچاوانمی ماچ کرد. ئیتر لە ماوەی ئەو ساتەوەختەدا بوو، کە بۆ یەکەم

جار ڕووی مامە سوارەم لە نزیکەوە. بینی و، بەشێوەیەك سەرسام بووم و بینابیم بەسەریدا ڕووا، کە ئەویش لەلای خۆیەوە، بزە گەشەکەی کوژایەوە و حەپەسا !. حەپەسانەکەی زۆری نەخایاند و دەستی لێ بەردام. بەدوایدا دایکم دوو سێ کیسە و پاکەتی دایە دەستم و وتی:

–ها بگرە مریەم گیان.. ئەمانەش جلوبەرگن بۆتی هێناون. بچۆ لە ژوورەکەی خۆت تاقییان بکەرەوە بزانە چۆنن.

ئەوە هەلێکی باش بوو، کە لە حاڵەتی سەرسامییەکە دەرباز ببم و بچم بەشێنەیی وردی بکەمەوە. کەلوپەلەکانم لە دایکم وەرگرتن و خۆم گەیاندەوە ژوورەکەم. لەوێ کەلوپەلەکەم بەلاوەنان و چوومە بەر ئاوێنە و وەك یەکەمین جارم بێ لە ئاوێنەدا بەڕووی خۆمدا هەڵبڕوانم، هەڵم ڕوانی و وردبوومەوە و بەدەمییەوە هەستم کرد، کە بەراوردێك بەرۆك بەبیر و هۆش و هەست و نەستم دەگرێ!. بەراوردەکە سەرسامییەکەمی، توندتر لێ دەبزواندمەوە و تیژتر هەراسانی دەکردم! سەرەتا هەوڵم دەدا گومان لە چاو و بینایم بکەم، بەو پێیەی کە ڕادەی ڕووناکیی کاتی خۆرئاوابوون لە هۆڵەکەدا، هێندە نەبووە کە مایەی دڵنیابوون بووبێ لە دڵدا دەموت: (نا. خۆمن تەنیا وەك تارماییەك کەوتە بەرچاوم. خۆ من بەڕوونی.. لەبەر ڕووناکییەکی ئاساییدا نەمبینی. نانا لێڵ بوو.. لێڵ و تەم و قوڕاوی بوو. ئەگەر گڵۆپەکان داگیرسابوونایە، بەڕوونی دەمبینی. بەڵام دایکم داینەگیرساندبوون، چونکە هێشتا کاتی داگیرساندنیان نەهاتبوو).

ئا.. سەرەتا هەوڵم دەدا ئاوها پاساو بۆ ئەو بەراوردە بێنمەوە، کە لە ساتەوەختێکدا لە ناخی بیر و هۆشمدا برووسکەی دا و دواتر هەستم کرد کە هەراسانم دەکا. گومانکردنەکە دادی نەدام. لە بەرامبەریدا دڵنیایی لە بیر و هۆشمییەوە دەژەند و دەیووت: «نا.. خۆت مەخەڵەتێنە. هەوڵدان بۆ خۆخەڵەتاندن، هیچ شتێك لە باسەکە ناگۆڕێ. ئەوەی بینیت دروست وەهایە. ئەوەش بینیت لە بنی دنیا نییە و هێشتا ئەوەتا لەوێ لە دووریی چەند هەنگاوێك لێتەوە. ئێستا خۆرئاوابووە و گڵۆپ داگیرساون و ئەوێ ڕووناك ڕووناکە).

هەڵسە بچۆرەوە بندەستییەوە.. نا .نا .. بچۆ بەرامبەری ڕاوەستە یا دابنیشە و وردورد و جوانجوان سەرنجی بدەرێ و دڵنیابە هەڵسە دەی!».

پڕ بە ئارەزووم حەزم دەکرد و هەڵسم و بچم . پڕ بە بیر و هۆشم دەمزانی، کە ئەوە

گرفتەکەم پێیەکاڵا دەکاتەوە. کەچی وەك تروسامێك لەو یەکاڵاکردنەوەیە شاڵاوم بۆ بێنێ و بێزارترم بکا، جووڵەم لە جێی خۆم بۆ نەکراو، بگرە هەستم کرد کە بەناو خۆمدا لوول دەخۆم و گرمۆڵە دەبم، گرمۆڵەبوونی کەسێك کە ئازارێکی لە ناکاو لە هەناویدا سەر هەڵبدا و لوولی بدا.

من لەم گێژەنەدا بووم دایکم بەسەردا هات. کە بینیمی لەبەر ئاوێنەکەدام وتی:

– دیارە ملوانکەکەت زۆر بەدڵە. ناهەقت نییە. تا بڵێی جوانە، بەتایبەت بەو سنگ و گەردنەی تۆوە. ئەی جلەکان؟!.. هاتم لەبەردا بیانبینم. وەرە دەی بزانم.

من گێژەنەکە ئەو ئارەزووەی لەلا خەفە کردبووم و بەنیاز نەبووم تاقییان بکەمەوە، بەڵام بەدڵی دایکم کرد و لەبەرم کردن. لە چاوی ئەوەوە نەك من، زۆر رازاوە و شیکبوون و گەلێ پێیان دڵخۆش بوو. منیش لەبەر خاتری ئەو، شادمانی و خۆشحاڵیم لە ئاستیاندا دەربڕی و سوپاسکردنێکی دووبارەی مامە سوارەشم خستە پاڵیان، پێش ئەوەی دایکم سەرنجمی بۆ رابکێشێ.

دواتر کاتێ دایکم وتی:

– بە پێویستی دەزانم، کە بێیت لەگەڵماندا دابنیشیت. مامە سوارە دڵی بەبینینت دەکرێتەوە.

لە وەڵامیدا وتم:

– دایە گیان منیش حەزدەکەم. بەڵام سبەینێ لە دەرسێکدا تاقیکردنەوەم هەیە و دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم. داوای لێبووردنم بۆ بکە.

وتی:

– وەرە ماوەیەکی کورت دابنیشە.

وتم:

– هەوڵ دەدەم.

ئیتر کە ڕۆیشت، من ئەمەشم لێ بوو بە مەراق. لە دڵدا وتم: (مامە سوارە لە ڕادەبەدەر بەتەنگمەوەیە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەوروخولم دەدا.. بۆچی؟!) ئەمە بیر و هۆشمی بەلایەکی تردا داخزاند: (ناشێ بیەوێ بمخوازێ و دایکم و باوکیشمی قاییل کردبێ؟!)

بەڵام ئانوسات ئەم بۆچوونەم، زۆر بەدوور و هێجگار بەنابەجێ دانا و خواستنم بۆ کەسێکی خستە جێی، کە مەبەستێتی بمکا بەهاوسەری. ئەمەیانم بەدوور نەزانی و لەسەری گیرسامەوە و کەوتمە لێدوانی و وردکردنەوەی و بەر لە هەر شتێکیش، هەستێکی ناڕەزایی بەرامبەر بەدایکم و باوکم لە دەروونمدا بزوا.. دایك و باوکێك کە دەیانناسم لەو بابەتە نین دەستم پێوە بنێن و، منیش لەو بابەتە نیم، بەو شێوە دەستپێوەنانە رازی ببم.

ئەم ئەگەرە وەك دڕکودالێك، ئالایە بیر و هۆش و هەست و نەستم و، بەشێوەیەك دەیهەژاندم و کەللەیی دەکردم، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێهوودە بە ژوورەکەمدا دەخولامەوە. تەنانەت کاتێ دایکم بەخۆی و سینییەك بەسەر دەستییەوە خۆی بەژوورەکەمدا کرد، لەوەدا بووم بەڕوویدا بتەقمەوە و کردار و گفتاری نابەجێم لێ بیوەشێتەوە، بەڵام لە دوا ساتدا بەئاگا هاتم و خۆمم دامرکاندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ سینییەکەی دانا و وتی:

– مامە سوارە چاوەڕێ بوو بێیت لەگەڵمدا شێو بکەیت، بەڵام کە هەر دیار نەبوویت وتی: قەیناکا با خەریکی سەعیکردنەکەی بێ.

پڕیشکێکی توورەییەکەی ناو دەروونمم بەڕووی دا کە وتم:

– ئەرێ دایکە ئەم مامەسوارە مامەسوارەیە بەس نەبوو!

بەڵام کە ڕوانیم وا دایکم بەشێوەیەك لە قسەکەم سەرسام و حەپەساوە، کە بەدووچاوی زەق و دەمێکی داچەقاوەوە وەك پەیکەرێکی بەردین بەرامبەرم راوەستاوە، ئانوسات هەستێکی پەشیمانیی ئەوتۆ هوروژمی بۆ هێنام، کە هانی دام بچم دەست لە ملی بکەم و بڵێم:

– ببوورە دایە گیان ببوورە.. بەشێوەیەکی نابەجێ مەبەستەکەمم دەربڕی. ویستم بڵێم: وازم لێ بێنن سەعییەکەم بکەم و، بەڵام خراپم بەسەر دەمدا هات. ئەوسا ئەویش وەك ئەوەی تا ڕادەیەك باوەڕی بەقسەکەم کردبێ، یا هیچ نەبێ پێی خۆش بووبێ، رەنگوڕووی کرایەوە و وتی:

– دەباشە باش!

ئیتر کاتێ جێی هێشتم و رۆیشت، گەلێکم سەرزەنشتی خۆم کرد و لە دڵدا وتم: (ئاخر تۆ دەبێ بزانیت کە مامە سوارە بەلای ئەوانەوە، ئەو نەدیو و نەناسیاوەی لای

تۆ نییە و لە دڵ و دەروونی ئەواندا، کەسێکی خاوەن پلە و پایە و جێگە و ڕێگەیەکی تایبەتییە. بۆیە تۆش هیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەوان، دەبێ لە ئاستیدا وەك هەر مامێکی ڕاستینە هەڵسوکەوت بکەیت). ئا.. ئاوام بەخۆم وت و بڕیاریشم دا وەها کردار بکەم . تەنانەت ئەوەشم وەك ئەگەرێك لە دڵ گرت، کە دوای نانخواردنەکەم بچم لەلایان و بگرە لە تەنیشت مامە سوارەوە دابنیشم، چونکە دەمهێنایە بەرچاوم، کە بەتایبەتی دایکم، بەو دیمەنەم دڵخۆش دەبێ و ساتە پەیکەرییەکەشی بەتەواوی لە زەیندا دەسڕدرێتەوە.

ئا.. وام بڕیار دا و کەچی بۆم نەچووەسەر. کاتێ خواردنەکەم خوارد و سینییەکەم هەڵگرت بیبەم بۆ مووبەق و بەلای دەرگەی هۆڵەکەدا ڕابوردم، تریقانەوەیەکی ئەوتۆی دایکم کەوتە بەرگوێ، کە بەدرێژاییی ژیانم لێم نەبیستبوو!. تریقانەوەیەك وا بگەینێ، کە لە ساتەوەختێکی لە ڕادەبەدەری شادمانیدایە و هەڵکەوتنی دەگمەنە !. ئەوە بەبێ ئاگا لە هۆیەکەی، وای لێ کردم کە لە بڕیاری چوونەکەم بۆ لایان پاشگەز ببمەوە، دوای بردنی سینییەکە بۆ مووبەق، گەڕامەوە ژوورەکەم و، بەسەر خەم و خولیاکەی ناو بیرو هۆشمدا، کڕ کەوتمەوە!. خەم و خولیاکە تا دەهات، زیاتر هەراسانی دەکردم و بەرۆکی بیر و هۆشمی بەرنەدەدا ! مەراقێ بوو لێم دەبووە گێژەڵووکەیەك و ڕای دەفڕاندم و پڕبەدڵ هەوڵی خۆ لێ دەرهاویشتنم دەدا و لێی دەرباز نەدەبووم!. بەردەوام ڕای دەفڕاندمەوە بۆ ئاستی ساتەوەختەکە و سەرسامییەکەمی لێ دەورووژاندمەوە.. سەرسامییە خەم و خولیا خولقێنەرەکە.. سەرسامییە مەراق بزوێنەرەکە!. خۆمم زۆر بەزەبوون و دەستەوستان دەبینی و، بەڵام لە بەرامبەریدا دەموت: ئاخر باشە بۆچی و لە پای چی؟. ئەوە هانی دام بەڕووی خۆمدا ڕابپەڕم و بڵێم: دەهەڵسە ئەو مەراقە پڕوپووچە لە مێشکت دەرهاوێژەو، خەریکی دەرسودەورەکەت بە.. هەڵسە دەی. وام کرد و وەك بڵێی ترسی جێبەجێنەکردنم لە دڵدا بێ، کردنەکەم خستە شێوەی شاڵاوبردنەوە!. بەپرتاو هەڵسام و کتێبەکانم هێنانە بەردەست و، بەپەرۆشەوە کەوتمە جیاکردنەوەی ئەوانەی بۆ دەرسەکانی ڕۆژی دوایی پێویستن و سەعیکردن تێیاندا.

ڕاپەڕینەکەم سەری گرت و ئیتر هەتا ئەو کاتەی سەرم کردە سەر سەرین و خەوخەوی کردم، بیر و هۆشم گوزەری بەلای ئەو باسەدا نەکردەوە. تەنانەت بۆ بەیانییەکەشی، لە کاتوساتی خەبەربوونەوە و لە جێگە دەرهاتنمدا، هیچ شوێنەوارێکی لە زەینمدا نەبوو. وەك ئەوە بوو هیچ.. هەر هیچ شتێك لەو بابەتە ڕووی نەدابێ. کەچی

کاتێ دەرگەی ژوورم کردەوە بچمە پێشاو و دەموچاو شوشتن، کە دەبوو دایکم لە هاتوچۆی ئامادەکردنی بەرچاییدابێ و باوکیشم دەنگی رادیۆکەی لە ژووری نووستنەکەیانەوە بگاتە بەرگوێم، کە دوایین هەواڵەکانی بۆ دەخوێنێتەوە، هەست دەکەم ناو ماڵ بەشێوەیەك کشوماتە، کە دەڵێی لە من بەولاوە کەسێکی تری تێدا نییە!. ماوەیەك لەبەردەرگەکەدا گیرم خوارد و گوێم هەڵخست و هیچ ورتە و سرتەیەکم نەبیست. نەمدەزانی چۆنی لێك بدەمەوە. وازم هێنا و چووم دەست و دەموچاوم شۆردن و لە گەڕانەوەدا مامە سوارەم بینی لە هۆڵەکەوە دەهاتە دەرەوە و دیاربوو کە بۆ سەر پێشاو دەچێ. بەدەم بزەیەکی گەشەوە بەیانی باشی لێ کردم و بەلامدا رابورد. لەگەڵ رابوردنەکەیدا دیسان روخساریم بۆ ماوەی ساتەوەختێك لە نزیکەوە کەوتەوە بەرچاو و، خورپەی سەرساممییەکە دایەوە لە دڵم و کاتێکیش گەڕامەوە ژوورەکەم، دیسان لێم بووەوە دڕکوداڵەکە و ئالایەوە بیر و هۆش و هەست و نەستم!. دەی باشە ئێستا من چی بکەم؟. وام لە خۆم پرسی و لە وەڵامیدا وتم: لە دایکم دەپرسم.

من و دایکم هۆگرییەکی تایبەتیمان. لە نێواندا هەبوو، بەپێچەوانەی باوکمەوە کە ناتوانم بڵێم: خۆشم نەدەویست، بەڵام تایبەتمەندییەکی ئەوتۆم تێدا بەدی نەدەکرد، کە بمگەیەنێتە رادەی هۆگرییەکەم بۆ دایکم. ئەو وەکو باوکێك، ئەرکی سەرشانی خۆی لە بەرامبەرمدا بەجێ دەهێنا. بەڵام وەك پیاوێك، چالاك و کارامە نەدەهاتە بەرچاوم. تای تەرازووی زیاتر بەلای سستی و تەپۆییدا دەشکایەوە. کەمدوو بوو. بزەی بەدەگمەن بەسەر لێوەوە دەبینرا و خەنین بەدەگمەنتر! لە حاڵەتی ناچاری و زۆر پێویست نەبووایە، تێکەڵ خەڵکی نەدەبوو. هاوڕێ هەمیشەییەکەی رادیۆکەی بوو، کە بەردەوام لە بندەست و بنگوێیەوە بوو. لە هەموو ئەمانەش بەولاترەوە، لە بەرامبەر دایکمدا ئەو پیاوە نەبوو کە دەبوو هەبێ. مەبەستم لاوازی ئەم بەرامبەر ئەودا، یا زاڵیی ئەو بەسەر ئەمدا نییە. بگرە روونبوونی ئەڵقەیەکە، لە زنجیرەی پێوەندیی ژن و مێردایەتییاندا.

ئا.. من دەبێ لە دایکم بپرسم. ئەو هۆگرییەی نێوانمان، هەردەم هانی داوم پرسیاری لەمە قورس و قەبەتریشی لێ بکەم. لێی ناخۆمەوە و یەکسەر لێی دەپرسم: ئەرێ دایە گیان!... بەڵام تۆ راوەستە!.. من بۆم ساغ نەبووەوە، کە بۆچی لە خەو بەئاگا نەهاتوون؟!. نابێ.. قەت ئەم حاڵەتەم لە دایکم نەدیوە، مەگەر ناساغ بوبێ و نەیتوانیبێ لە جێگە بێتە دەر. دەبێ بچم بزانم بۆچی؟.

دەچم و هەرهێندەی هەنگاو دەنێمە دەرەوەی ژوور، دایکم دەبینم لە دەرگەی هۆڵەکەوە دێتە دەرەوە و ئینجا باوکم بەدوایدا!. ئەمەش بۆ چییەکی ترا: لەجێی خۆم دەچەقم و تێیان دەڕوانم. دایکم دێ بەلامەوە و دەڵێ:

– شەو زۆر درەنگ خەوتین، بۆیە وا درەنگ بەخەبەر هاتووین. خەمت نەبێ هەر ئێستا بەرچاییەکەت بۆ ئامادە دەکەم.

بۆچییەکەی پێشووم فەرامۆش کرد و ویستم ئەمیانی بەڕوودا بدەم، خۆی دەستی پێش خست و وتی:

– باوکت و مامە سوارەت تا بەرەبەیان دانیشتن و منیش بەدیاریانەوە، ئیتر هەریەکە لە جێی خۆی خەو بردنییەوە.

کە گەڕامەوە ژوورەکەم، بۆ ماوەیەك وڕ و کاس بووم و تاس بردمییەوە. وەڵامە ناڕاستەوخۆکە، بۆچییەکەی نیوە و نیوەچڵ لێ دەسڕیمەوە. لە نێوان ئەرێ و نەرێدا دەیهێنام و دەیبردم. گا دەیخستمە کۆڵانێکەوە کە سووك و ئاسان لێی دەردەچووم و گا لوولی دەدامە ناو یەکێکەوە کە لێدەرچوونم بۆ نەبوو !. تا لە ناکاوێکدا هەستێك لە قووڵاییی ناخمەوە، سەری لێ هەڵدام و وریای کردمەوە، کە ئەمە مێشك کرۆشتنێکی بێهوودەیە و دەبێ خۆمی لێ دەرباز بکەم. کردم و هەڵسام خۆم گۆڕی و چووم بۆ لای دایکم لە مووبەق بەرچاییەکەی ئامادە کردبوو. بەدەم دانانییەوە لەبەردەممدا وتی:

– شەو کەی نووستیت؟!. وتم:

– زوو.

– وتی:

– ئەی بۆچی وا درەنگ بە ئاگا هاتوویت؟!.

وتم:

– نا.. من لە کاتی خۆمدا بەئاگا هاتم. بەڵام کە سەیرم کرد ئێوە هەڵنەستاون، منیش چووم لەسەر جێگەکەم راکشامەوە.

ئیتر ئەو هیچی تری نەوت و منیش دوای بەرچاییکردن چووم بۆ قوتابخانە. لەوێ هەتا ئەو کاتەی گەڕامەوە ماڵەوە، گێچەڵەکە توخنی بیر و هۆشم نەکەوتەوە. خەریکبوونم بە دەرسودەورەوە، لێمی خەفە کردبوو. بەڵام هەرهێندەی پێم نایەوە ناو

ماڵەوە، بەشێوەیەك لێم وروووژایەوە، كە ئیتر لە وزەمدا نەما لە پەنهاندا بیهێڵمەوە. كاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بوو. دایكم هەموو شتێكی بڕاندبووەوە. وەك ئەوە بوو كە هەرهێندەی من پێ بنێمە ناو ماڵ، یەكسەر دەست بەخواردن بكرێ. هەروەهاش بوو. زۆری نەخایاند و خۆم لەسەر مێزی نانخواردن، ڕاست بەرامبەر مامە سوارە بینییەوە. ڕاست ڕووبەڕووی، كە لەگەڵ هەر سەر بەرزكردنەوەیەكدا، روخساری بەڕوونی و، بەڕۆژی رووناك و لە نزیكییەكی زۆر نزیكەوە بكەوێتە بەرچاوم. جارێك و دووان و سیان و بەوردی سەرنجم دایە. وردییەك كە ئیتر گومانم سەبارەت بەو بەراوردەی دەیكەم، لە دڵدا پێ نەهێڵێ. ئەوە چاو و برۆ.. ئەوە لووت.. ئەوە دەمولێو و چەناگە.. ئەوە ڕەنگی قژ و پێست.. ئەوە هەموو ئەو و ئەمەش هەموو من!. روخساری ئەو روخسار نییە و ئاوێنەیە.. ئاوێنەیەك و روخساری خۆمی تێدا دەبینم. ئەو مامە سوارە نییە. ئەو منە.. منی مریەم و بەڵام نێر! خۆ منی مێ كچێكی گێژ و گەلحۆ نیم. هەرچی دەمناسێ، بەزیت و زیرەك و وریام دەداتە قەڵەم. جگە لەوەی هەشت مانگیشە سەروعوزرشۆرم و، لە كەینوبەینی سەروعوزرشۆری ئاگەدارم. ئیتر چۆن ئەو بەراوردكردنە، نامهاوێژێتە ناو دەریای سەرسامییەوە و چۆن لوولم ناداتە ناو گێژەنی گومانێكی بێ ئامانەوە؟.

ئا.. هاوێژتمی و لوولی دام و خستمییە ناو گەرووی رەشەبای بۆچی و چۆنییەكی ئەوتۆوە، كە خۆ لێ دەربازكردنیم لێ ببێتە كارێكی لە توانابەدەر!. كە ئیتر لە وزەمدا نەبێ، چی تر سەرسامییەكەی یەكەم ساتەكەم، تەنیا لە سنووری سەرسامیدا بهێڵمەوە. ئەوەی هەست و نەستمی لێ وروووژاندم خەفەی بكەم و ئەوەی لە بیر و هۆشمدا چەكەرەی كرد، لە پەنهاندا حەشاری بدەم!. نا.. ئەو سەوسیمایە و ئەم سەروسیمایە یەكێكن. قژی زەردە و قژم زەرد. چاوی شینە و چاوم شین. لووتی قنجە و لووتم قنج. لێوی باریكەو لێوم باریك. تەنانەت هەردووكمان چاڵێكی گچكە كە بە ئاستەم دەبینرێ، بەسەر چەناگەمانەوەیە. ئەمە جگە لە شێوەی بەژنوباڵا و شانوباهوومان، یا دەست و پەنجەكانمان.. (ئەها بڕوانە.. تۆ جوان بڕوانە پەنجەكانی.. باریك و درێژن!. ساف و گەش و رەونەقدار!. لە پەنجەی پیاو ناچن!. دروست لە پەنجەكانی من.. منی كچێكی!.. ).

دایكم كە لە تەنیشتی لای راستمەوە، بەدزییەوە دەستی هێنا و تێوەی ژەندم و وریای كردمەوە بەخۆمم زانی كە بینایيم ئاراستەی دەست و پەنجەكانی مامە سوارە كردووە و لە هێنان و بردنیاندا لە نێوان قاپەكان و دەمیدا، بەوردنی سەرنجم داونەتێ، كە

ئەوەش دیارە کردەوەیەکی نارەوایە و دایکم لێی بەئاگا هێناوم، نەك گوایە ناخمی خوێندبێتەوە، وازم لە سەرنجدانی مامە سوارە هێنا و داخزامە ناو دەریای هەژاوی هەست و نەستی خۆمەوە و رووی بەراوردکردنەکەم وەرگێڕا.

سالانێکە دایکم و باوکم لە بەرچاون. پێویست ناکا بەچەشنی مامە سوارە سەرنجیان بدەمێ. ئەوان بەدفەسالّ و ناشیرین نین، هەتا بلێم: بۆچی ئەوان وەها و من ئەوەندە جوان؟!. نا نەخێر.. بەراوردەکە لەوەدایە، کە من هیچم لە هیچیان ناچێ، لە کاتێکدا هەموو شتێکم لە هەموو شتێکی مامە سوارە دەچێ!. بۆچی.. ئاخر بۆچی هیچ شتێکم لەوانی دایك و باوکم ناچێ و هەموو شتێکم لە هیی مامی نامامم دەچێ؟!. ئاخر خۆ!...

دایکم دیسان تێوەی ژەندمەوە و زانیم کە وەك خەولێکەوتوویەك، لە خواردن کەوتووم و سەرم بەسەر قاپەکەمدا شۆڕ بووەتەوە!. ئەوسا بەناچاری دەستم لە خواردن هەڵگرت هەڵسام و کشامەوە ژوورەکەم. لەوێ ئیتر ئەم بۆچییە، نەك تەنیا وەك تۆپەڵە پەیکۆڵێك لە مێشکم ئالان و هەر تێی دەچەقین و تێی دەچەقینەوە، بگرە بەردەوام زاووزێی دەکرد و لە بیر و هۆشمدا لێ قوت دەکردمەوە!. بۆچیی تەنانەت لەو بابەتەی، کە زۆر دەمێك بووبێ لە قووڵاییی تاریکستانێکی ئەموستە چاودا حەشاری خواردبێ و ئەم ئێستا تیشکی تیژی خۆی دەگەیەنێتێ و لەو بنی تاریکستانەوە بەکێشی دەکا و لە پاشکۆی خۆیدا لێمی بزر دەکا.

ئەم بۆچییە بەوەشەوە نەدەوەستا و بۆچی لە بۆچییەکانی لێ دەتاشیم. بواری نەدەدام بۆ ساتەوەختێك سرەوت بدەم و بحەوێمەوە. وەك ئەوە بوو چووبمە توونێکی لە بابەتی توونی باباوە هەر دەڕۆم و هەر بۆچییە و هەر بۆچی، کە خۆشم لە بۆچییەکانی تریان دادەتاشم و، لە خۆمیان قوت دەکەمەوە!. بەدەست خۆم نەبوو. دایکە بۆچی لوولی دابوومە ناو گێژەنی بۆچی و چییەکی ئەوتۆوە، کە خۆگیرساندنەوەم کارێکی تەواو لە توانا بەدەربێ. بەدەستووری رۆژانی پێشوو راکشام، بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنم. بەڵام سەرخەوشکاندن، لەناو گێژەنێکی بێ ئامانی لەو بابەتەدا چۆن بەدی دێ!. بگرە بەپێچەوانەوە، گێژەن هانی دەدام هەڵسم بچم خۆمیان لێ مەڵاس بدەم و گوێ بۆ سرتە و پرتەیان هەڵبخەم، تا بزانم چۆن هەڵسوکەوت دەکەن!. خۆ من باش دەمزانی کە ئەوە کردەوەیەکی ناشیرین و پڕ شەرمەزارییە، دایك و باوکم لەم رووانەوە جوانیان پەروەردە کردبووم، کەچی بێ هیچ

رامـان و سڵـکردنـەوەیـەك، راچـەنـیـم و چـوومـە پشت دەرگـەی ژوورەکـەمـەوە و خـۆم گوێقوڵاغ کرد. ماوەیەك خۆم مات دا و هیچم نەبیست وەك ئەوە بوو لە ماڵەکەدا نەمابن. هیچ سرتە و پرتەیەکیان لێوە نەدەهات. بێزار بووم و لەوەدا بووم پشت دەرگەکە جێ بێڵم و دەنگی دایکمم بەرگوێ کەوت کە وتی:

– نانا.. لە هۆڵەکە!.

دوای ئەوە دیسان خامۆشی و ئینجا دوای ماوەیەك دەنگی باوکمم بیست کە وتی:

– سەرخەوێك دەشکێنم!.

دایکم وتی:

– لێرەیا!...

ئیتر بەدوایدا، دەنگی دەرگەی هۆڵەکەم کەوتە بەرگوێ کە پێوەدرا و ئینجا دیسان بێدەنگی و خامۆشی!. کە ماوەیەکی تر راوەستام و هیچی ترم نەبیست، کشامەوە سەرجێگەکەم و راکشام و پێداچوومەوە. پێداچوونەوەکە کنەی وردکردنەوەیان لە بیر و هـۆشمدا دەکرد.. (نـانـا.. لـە هـۆڵـەکـە!) جـێ لـە هـۆڵـەکـە؟!. بـچـن لـەوێ دانیشن و بحەوێنەوە؟. ئەی باوکم وتی: (سەرخەوێك دەشکێنم!). لە کوێ؟! لە هۆڵەکە؟!. نا.. لەوێ بووایە پێویستی بە وتن نەدەکرد. مەبەستی ژووری نووستنەکەی خۆیانە. قسەکەی دایکیشم هەروا دەگەیەنێ. ئەی مامە سوارە؟!. ئەو هیچی نەوت، یا من هیچم لێ نەبیست.. تۆ بڵێی چووبێتە دەرەوە؟!. نا ناشێ.. بەم نیوەڕۆیە بۆ کوێ دەچێ؟!.

ئا.. ئاوەهام ورد دەکردەوە و ئەنجام بە هەڵتوقینی رستێك بۆ چیی تر لە مێشکمدا دەشکایەوە، کە گێژەنەکەیان هێندەی تر لێ تیژ دەکردم و قووڵتر دایان دەخزاندمە ناو دەریای گومانەوە. سەعاتێك و دووان و سیان و، هەوڵم دەدا خۆم لە گێژەن و لە دەریاکە دەرهـاوێژمـە دەرەوە و هـەمـوو هـەوڵـەکـانـم دەپـووکـانـەوە. تـەنـیـا کـورتـە پشوویـەکم بـەدوایـانـدا لـێ دەستـگـیـر دەخستـن و ئـیـتـر لـێم پـووچ دەبـوونـەوە و ئـەوسا گـێژەن بەتەوژمێکی تیژتر و دەریا بەقووڵاییەکی قووڵترەوە ئاوبازم دەبوونەوە، تا وردە وردە هەستم کرد، کە بەجەستەش روو لە ماندووبوون و شەکەتی دەکەم لەشم گەرم دادێ و هەناسەم سوار دەبێ. رادەکشام هێور ببمەوە و بحەوێمەوە و دادی نەدەدام و جێگەم بەخۆم نەدەگرت. دەکەوتمەوە سەرپێ و، بە ژوورەکەدا دەستم دەکردەوە بەهاتن و چوون و، بـەدەمـیـیـەوە لای ئـەوانـیشم هـەر بـۆ فـەرامـۆش نـەدەکرا. هـەمـوو جـار کـە

دەگەیشتمە ئاستی دەرگەکە، ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بووبێ گوێیەکم پێوە دەنا. دەتوت لێم بووەتە کارێك و بەبێ ئاگا لەخۆ دەیکەم!.

کە جارێك لەو جارانە ڕاکشابووم، دایکمم لێ پەیدابوو، بەڵام بواری هاتنە ژوورەوەم لێی بڕی. هەر هێندەی دەسکی دەرگەکەی لێ بزواند، من دەستوبرد جەستەم رووەو دیوار وەرچەرخاند و خۆم بەنووستوو نیشان دا. حەزم نەدەکرد بێت و، بەو شێواوییەوە، بمبینێ و بمدوێنێ. ئیتر جیرەی دەرگەکەم بیست کە کردییەوە و کە بەدوایدا بەدەنگی نزم وتی:( نووستووە) و، کە بە ئەسپایی پێوەی دایەوە. گەڕانەوەکەیم پێ خۆشبوو. بەڵام وتەی: (نووستووە)کەیم لێ بوو بەگرفت و، چووە ریزی بۆچییەکان!.. (لەبەر خۆیەوە و بۆ خۆی وت، یا بۆ کەسێ بوو کە لەگەڵیدا بوو؟. ئەگەر وابێ، کەسەکە کێ بوو؟!. کەسان لە ماڵەکەدا تەنیا دووانن: باوکم و مامە سوارە. کامیان بووە و هەرکامیان بووبێ بۆچی؟!. ئا.. دیسان بۆچی؟!.

دەنگەدەنگێکم کەوتە بەرگوێ و وریای کردمەوە. خۆم خستە سەربەاری دانیشتن و گوێم هەڵخست. بەدوایدا تەپە تەپی پێیەك و، کردنەوەی دەرگای راڕەوەکە و پێوەدانەوەی و، زانیم کە کەسێك لە ماڵ چووە دەرەوە و، کە دەبێ یەکێك لەو سیانە بێ. بەڵام کامیانە؟!. خۆ دایکم نییە. دایکم ئیشی بەچوونە دەرەوە چییە؟!. ئەگەر بۆ بازاڕ و شتکڕین بێ باوکم دەچێ، وەك لەوەبەریش هەر ئەو چووە. ئەی ئاخر ئەگەر باوکم بێ!.. نا.. رەنگە مامە سوارەبێ و بەبۆنەی هاتنەوەکەیەوە، سەرقاڵی کار و فەرمانە. ئەی خۆ دەشێ !.. جا من بۆچی ساغی نەکەمەوە و سەری خۆم سووك نەکەم. دەچم بۆ ئاودەست و لەو چوون و هاتنەوەیەمدا یەکالای دەکەمەوە. خۆم خستە سەر پێ بەرەو دەرگە هەنگاو بنێم و روانیم دیوارەکانی ژوورەکە بەدەورمدا دەخولێنەوە. سەرم دانەواند بۆ بەرپێم و، بەرزم کردەوە بۆ بنمچ و هەر دەخولانەوە. هەستم کرد گێژ دەبم و، ئەگەر دانەنیشم بەردەبمەوە. دانیشتمەوە سەر جێگەکەم و، بەڵام خولانەوە هەر بەردەوام بوو. ناچار راکشامەوە سەرگازی پشت و چاوم نووقاندن و، ئەوساش ئینجا خولانەوە وردە وردە کۆتا پێ هات!.

نازانم بۆ ماوەی چەند لەسەر ئەو بارە بووم. نەمدەوێرا هەڵسمەوە و بگرە لە جێی خۆم ببزوێم. تا دیسان دایکمم لێ پەیدا بووەوە و لەگەڵ کردنەوەی دەرگەکەدا وتی:

– مریەم!.. ئەوە چییە کچەکەم؟!.. وا ئێوارەیە!.

که هیچ وەڵامێکم بۆ نەدرایەوە، گومانی کرد کە ئاسایی نیم و هات بەلامەوە. هەرهێندەی سەرنجی دایە سەروسیمام، بە تەنگەتاوییەوە وتی:

– مریەم گیان چیتە؟!..چ خێرتە؟!.. پێم بڵێ !.

لە وەڵامیدا دەنگی خۆمم گڕ و خنکاو هاتە بەرگوێ کە وتم:

– نازانم دایە. هەستام بێمە دەرەوە و هەستم کرد  سەرم گێژ دەخوا !. وەختابوو بەدەمدا بکەوم و، بەپەلە خۆم ڕاکشاندەوە !.

– کەی؟ !.

نازانم.. ماوەیەکە.

– ئەی بۆچی بانگت نەکرد؟!. ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟.

– لەشم داهێزراوە: هەناسەم توندە!. ئەوسا بە پەشۆکاوییەوە هەڵسا چووە دەرەوە و کە هاتەوە مامە سوارەی لەگەڵدا بوو. ئەمجارە ئەو بە پەرۆشەوە سەری بەسەرمدا شۆڕ کردەوە. پانتاییی دەستی ڕاستی نایە سەر ناوچەوانم و بەپەنجە گەورە و شایەتمانی دەستی چەپیشی، بۆ ژماردنی لێدانی دڵم مەچەکمی گرت.

من وەك بڵێی: هەلێکی ترم بۆ هەڵکەوتووە و نابێ لە دەستی بدەم، سەرباری ئەو حاڵەشم، بەوردی سەرنجم لە ڕووی دایەوە و یەك بەیەکی ئەندامەکانیم بەسەرکردنەوە لەگەڵیدا ئەوەشم فەرامۆش نەکرد بپرسم:

– کوا باوکم؟!.

دایکم وتی:

–چووە دەرەوە مریەم گیان.. هەر ئێستا دێتەوە.

مامە سوارەش دەستی لادا و وتی:

– گەرمە!.

هەر لەو ساتەدا باوکم بەسەردا هاتەوە. ئەو دوورە خزمێکی هەبوو، کە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا برینپێچ بوو، بەڵام بۆ خەڵکی گەڕەك بووبووە نیمچە دوکتۆرێك. ئیتر باوکم چوو هێنای و کاتێ سەیری کردم، دەرزییەکی لێ دام و چەند حەبێکی بۆ دانام و دڵنیای کردم کە من وەك نەخۆش نەخۆش نیم و تەنیا حاڵەتێکی لاوەکیی کاتییە و بەسەر دەچێ. ئینجا وتی:

– ئەگەر بەو دەرزییە و بەحەبەکان نەحەوایەوە، بیبەن بۆ خەستەخانە.

ئـا.. پـێیـان حـەوامـەوە و، پـێویستـی نـەکرد ببرێم بـۆ خـەستـەخـانـە هـەر دوای نـیو سەعاتێك دایکم ڕاستی کردمەوە و خستمییە سەرپێ و، هەستم بەهیچ گێژییەك نەکرد. چوومە پێشاو و دەموچاوم شوشت و چوومە مووبەق و، ئەو شیر و شۆربایەم خواردن، کە دایکم بۆمی ئامادە کردبوو. ئینجا گەڕامەوە ژوورەکەم و پاڵم دایەوە و ئەوسا دایکم جێی هێشتم چوو بەلای باوکم و مامە سوارەوە.

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد باسەکە لە بنەڕەتەوە وەلا بنێم و بواری سەرهەڵدانەوەی بەهیچ شێوەیەك پێ نەدەم. وەهاشم دانا کە خۆ خەریککردن، باشترین بەربەستە و هەر بەو نیازە کتێبەکانی قوتابخانەم هێنانە بەردەستم و، هەوڵم دا خۆم بۆ وانەکانی ڕۆژی دوایی ئامادە بکەم. بەڵام کە هەستم کرد ئەو توانایەم تێدا پەیدا نەبووەتەوە، چوومە وێزەی ئەو کۆوارانە، کە لەگەڵ دەستە خوشکەکانی قوتابخانەمدا دەمانکڕین و، بۆ خوێندنەوە لە نێوان خۆماندا ئاڵوگۆڕمان پێ دەکردن.

مـاوەیـەکـی بـاشم لـەگەڵدا بـەسەربـردن و، دایـکم بـۆ هـەواڵ پرسینم هـات و، پێش جێهێشتنەوەم

وتی:

– هیچت ناوێ؟!.

وتم:

– با.. رادیۆکەی باوکم!.

داواکەم نەك تەنیا بەلای ئەوەوە ، بگرە بەلای خۆشمەوە سەیر بوو !. باوکم و ڕادیۆکەی بەشێوەیەك پێکەوە نووسابوون، کە مەگەر تەنیا لە چوونە دەرەوەیدا لە ماڵ، لە یەکتریی جودا ببونایەوە دەنا تەنانەت لە کاتی دانیشتنیدا بەر امبەر تەلەفزیۆن و گوێگرتن لە هەواڵەکان بەبینینیشیەوە، ئەو بیستنی هەواڵەکانی لە ڕادیۆکەیەوە، هەر زیاتر بەلاوە مەبەست بوو.

سا لەبەرئەوە بوو کە دایکم لە ئاستی داواکەمدا حەپەسا و بە سەرسامییەوە تێی ڕوانیم و دوای رامانێکی ساتەوەختی وتی:

– بۆ چیتە؟!.

کەچی من بێئاگا لەخۆم، وەڵامێکی لە داواکە سەیرترم دایەوە کە وتم:

– ئەی ئێوە هۆڵەکە و تەلەفزیۆنەکەتان داگیر کردووە و منیش دەمەوێ گوێ لە گۆرانی بگرم!.

دایکم دوای حەپەسان و رامانێکی ساتەوەختیی تر وتی:

– باشە!.

ئیتر چوو رادیۆکەی بۆ هێنام و دایە دەستم و بێ ئەوەی هیچ بڵێ کشایەوە!. لە کاتێکدا من بەو داوایە، ریسەکەم لە خۆم کردەوە بەخوری و مۆتەکە سڕکراوەکەی کۆڵم بزواندەوە! بگرە ئەم جارە بە حاڵی حازرەوە نەوەستام و داخزام بۆ قووڵاییی رابردوو.. بۆ باسوخواسێك كە ساڵانێك بوو، تا رادەی بیرچوونەوە حەشاری خواردبوو.. باسوخواسی کۆنە بۆ چییەك، کە داواکردنە لە ناکاوەکەی رادیۆکە، وەك رەشماڵێك بەڕوومدا فیشکانی و وتی: ئا.. بۆچی لە من بەولاوە منداڵی تریان نەبوو؟!. ئا.. تا تەمەنی شەش حەوت ساڵی، هەر بەیناو بەینێك و، هەر جارەو بەجۆرێك لەبارەیەوە لە دایکمم دەپرسی. بەڵام کە هەراشتر بووم، لە دواین جاردا بۆمی روون کردەوە، کە لە دوای بوونی منەوە، باوکم بەهۆی نەخۆشییەکەوە تووشی نەزۆکی بووە و داواشی لێ کردم کە ئیتر ئەو باسەی لەگەڵدا نەکەمەوە، چونکە زۆری خەفەت پێ دەخوا.

بەدرێژاییی ساڵانی پێشوو، تا ساتەوەختی سەرسامییە لە ناکاوەکە و ئینجا فیشکاندنی رادیۆکە بەڕوومدا، من ئەوپەڕی رێزم لە داواکەی دایکم گرت و قەت لەگەڵیدا نەچوومەوە بەلای ئەو باسەدا. بەڵام ئێستا کە لەشکرێك لە (بۆچی) شاڵاویان بۆ هێناوم، ئەم بۆچییەش سەرم لێ هەڵدەداتەوە و کاریگەرتر لەوان مێشکم دەکرۆژێ و، ڕاپێچی ناو گێژەنەکەم دەکاتەوە!.

روانیمە رادیۆکە و بۆ ماوەیەك بینابیم بەسەریدا رووا. لەبەرچاوم بوو بەباوکم و، بەڵام تەنیا باوکە پەیکەرێك، کە لە بەردێکی وشکی رەقوتەق دروست کرابێ!. دەستم درێژ کرد و بەسۆزێکی لاقرتێئامێزەوە بەسەریمدا گێڕا و وتم: (بۆچی باوکە. بۆچی بەردێکی وشك و رەقوتەقیت؟!). بەدوایدا وەك هەڵەیەکم کردبێ و راستی بکەمەوە وتم: (بوویت؟!). لەو ساتەدا خۆزگەیەکی ئەفسانەیی لەناخمدا سەری هەڵدا، کە باوکە پەیکەر لێم بەزمان بێ و، وەڵامی دروستم بداتەوە!. تەنانەت دوو سێ جار بەئەسپایی پیامدا کێشا و وتم: (دەی باوکە پەیکەر.. دەی وەڵامم بدەرەوە!). بەڵام هەر کە خێرا لە

خۆم بەئاگا هاتمەوە کە ئاسنی ساردی لەگەڵدا دەکوتم وتم: (جا بۆچی ئەم بەردە وشك و رەقوتەقە؟!.. خۆ دەچم یەخەی خوێن و گۆشت و ئێسقانەکەی دەگرم!.). ئینجا وەك هەر زۆر بە ڕاستم بێ، ڕاچەنیم بچم و دایکمم لێ بە ژوورکەوت. کاتێ تێمی ڕوانی و سەرەنجێکی خێرای دایە ژوورەکە، بەسەرسامییەوە وتی:

– خەریکی چی بوویت؟.

وتم:

– سەعیم دەکرد.

روانییە کتێبەکان کە بەلاوەم نابوون و، نەیدایە رووم. سەرنجی بۆ رادیۆکە گواستەوە و وتی:

– خامۆشە!.

وتم:

– کەمێ لەمەوبەر کوژاندمەوە.

وەك گومانی ئەوەم لێ بکا شتێکم لەبن سەردایە، دیسان چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا و ئەوسا لە ناکاوێکدا بەرامبەرم راوەستا و چاوی بڕییە چاوم و وتی:

– مریەم راستم پێ بڵێ: ئەمڕۆ لە قوتابخانە، یا لە ڕێگەی چوون و هاتنەوەتدا، تووشی هیچ گرفتێك یا ناڕەحەتییەك نەبوویت؟!.

– نا دایە.. نەء.. بۆچی ئەم پرسیارە دەکەیت؟.

وتی:

– بەدرێژاییی ئەمڕۆ و تا ئێستاش، تۆ ئاسایی نەبوویت و نیت!. ئەگەر شتێك رووی داوە.. ئەگەر گرفتێك لە ئارادایە.. بڵێ تا یاریدەت بدەم. بێ سێ و دوو وتم:

– نا دایە.. نا هیچ شتێك لە ئارادا نییە.

وتی:

– دڵنیابم؟!.

وتم:

– دڵنیا بە.

ئەوسا باسەکەی گۆڕی و ئەوەی بۆی هاتبوو درکاندی و وتی:

– ئێمە لە هۆڵەکە دەخەوین. ئەگەر پێویستت بەمن بوو، وەرە ئاگەدارم بکە.

بێ ئاگا لەخۆ کە چ نهێنییەکی حەشاردراو لە ناخمدا دەخەمە ڕوو

وتم:

– تۆش؟!.

– کەچی دایکم (تۆشە)ە کەمی زۆر ئاسایی وەرگرت و لە وەڵاممدا وتی:

– ئەی چی بکەم ناچارم.. ئەوان قسە و باسیان نابڕێتەوە و منیش دەبێ بە دیاریانەوە دابنیشم !.

وەڵامەکەی سەرسامی کردم!. تەنانەت کاتێ بە دوایدا، زۆریش ئاسایی پشتی تێ کردم و ڕۆیشت، لەسەر جێگەکەم پاڵم دایەوە و تاسێکی قووڵ قووڵێکی لێوانلێو لە وڕ و کاسی بردمییەوە!. سەرەتا لە ئاستیدا تووشی جۆرێك سەرلێشێوان بووم و نەمدەزانی چۆنی لێك بدەمەوە!. قسەکەی هێندە راستگۆیانە کرد و وەڵامەکەشی هێندە ساکارانە بوو، کە دەشیا گومانەکەم پێ پەیدا بکا!. بۆ نەء؟!. دوو برادەری گیانیبەگیانین و، لەبرا براترن بۆ یەکتری و، ئێ خۆ دایکیشم ئەگەرچی هاوسەری یەکێکیانە، بەڵام شووبرای ئەوەی تریشیانە، کە تەنانەت ساڵانێك لەناو ئەم چوار دیوارانەدا، لووت بەلووتەوە پێکەوە ژیاون. دەیسا بۆچی نەشێ هەرسێکیان لەوێ لەهۆڵەکە بخەون؟!. دەشێ یا ناشێ؟.

– با دەشێ.. بەڵام ئاخر!..

– بەڵام ئاخر چی؟.

– ئاخر خۆ گرفتەکە تەنیا لێرەدا نییە.. گرفتەکە!..

گومانکردنم لە گومانەکەم زۆری نەخایاند و تەوژمی رقێك بەرامبەر دایکم جێگەی گرتەوە. وای بۆچووم ئەو بە گێل و گەمژەیەکی ئەوتۆم تێ دەگا، کە پێویستی بەهیچ چەواشەکردن و خۆشاردنەوەیەك لە بەرامبەرمدا نییە و ئەوەی روو دەدا لە ڕادەی زانینی من بەدەرە!. بەڵام کاتێ وردترم کردەوە وتم: نەء.. ئەو چاکم دەناسێ کە من گێل و گەمژە نیم و، لە ڕۆژی یەکەمیشمەوە لێم ئاگەدارە، کە بوومەتە کچێکی سەروعوزرشۆر. واتە دەزانێ کە دەزانم، خەوتنی ژنێك لەگەڵ دوو پیاودا لەناو چوار

دیوارێکدا، با لەبراش براتربن بۆ یەکتری، چی دەگەیەنێ.

ئا ئەو دەزانێ کە دەزانم و کەچی وەك قومە ئاوێك بخواتەوە، بێ پەردە بەڕوومیدا دەدا!!. ئەمە لەوە بەولاوە نییە، کە دایکم بەم هاتنەوەیەی مامە سوارە هار بووە.. ئا هار بووە و شەرموشۆی بەلاوە نەماوە.

ئەم ئەنجامە رقەکەمی لێ گەیاندمە پۆپە و هەراسانی کردم. دایکمم بەشێوەیەکی مێشکتەقێنی ئەوتۆ دەهێنایە بەرچاوم، کە خۆڕاگرتن لە ئاستیدا لە توانا بەدەر بێ. ئارامم لەبەر بڕا لەژوورەکەدا کەوتمە هاتوچۆکردن. ماوەیەك دادەنیشتم و ماوەیەك رادەکشام و ئینجا هەڵدەستام و دەکەوتمەوە هاتوچۆکردن. دیمەنەکەش بەردەوام بەبەر چاومەوە بوو. دەتوت هێزێکی ئەفسانەیی، روو لە هەرلا بکەم، زەق دەیهێنێتە پێش چاوم!. هەوڵم دەدا لای دەم و لانەدەچوو. چاوم دەنووقاند، خاولیم تێوە دەپێچا، بە لەچك شەتەکم دەدا، سەرم دەخستە ژێر سەرینەوە و دادی نەدەدا!. دیمەن خۆی کوتابووە ناو چاومەوە و تێی چەقیبوو.

تێچەقینەکە ئازاری بە دوادا هات. سەرەتا لەشێوەی گلکردنداببوو. وەك ئەوە بوو وردە لمی تێ چووبێ. پێم ناخۆش نەبوو. وتم: بەڵکو ئەم گلکردنە دادم بدا و هەر بەو نیازەش کەوتمە هەڵگلۆفتنی. کەچی هەڵگلۆفتن ئازارێکی هاوشانی دیمەنەکەی لێ ورووژاندم.. ئازارێك کە دەتوت، بەچنگاڵ خڕۆڵکەی چاوم لە چاڵەکەی دەردەکێشرێتە دەرەوە!. ئەمە لە کاتێکدا کە دیمەنەکەش هەر بەردەوامە و تەنانەت تەڵخییەك یا تەمومژێکیشی بەسەردا دانەکشاوە!. ئازار بەڕادەیەك زۆری بۆهێنام، کە ئیتر خۆم لە ئاستیدا بۆ ڕاگیر نەدەکرا. بەتایبەتی کە هەستم کرد ئازار بۆ گوێچکە و بۆ پشتی سەر و بۆ لامل و ناو شانم تەشەنە دەکا و روو لەوەیە پەکم بخا.. پەکخستن بەمانای لە پەلوپۆکەوتن و، وزەی جووڵە لەبەربڕان، کە دەکاتە نزیکبوونەوە لە مردن!.

مردن؟!.. ترسێکی بێ ئامان شاڵاوی بۆ هێنام. ئا.. ئەوەتا منێك کە هەتا.. ئا هەتا هەڵتۆقینی ئەم بەلای مامە سوارەیە، هێندەی شوێنی نووکە دەرزییەك ناساغی لە لەشمدا نەبووە، ئێستا وا بەهۆی ئەوەوە نەك تەنیا ناساغ دەبم، بگرە بەمردن دەمرم!!. هەستکردنەکە بەترسی مردن، هێندە لە قووڵاییی ناخەوە و هێندە بەتیژی هوروژمی هێنابوو، کە مردنەکەی لەلا کردمە کارەساتێکی ئانوساتی و، هائێستا ها ساتێکی تر روو دەدا، ئەوە زارەترەکی کردم!. ئیتر وەك بڵێیت ئەمە ئەو ساتەوەختەیە، کە بەملا یا

بەولادا دەکەویت و، دەبێ کاردانەوەیەکت لە ئاستیدا هەبێ و ببزوێیت، هەتا هێز لە گەرووەمدا بوو زریکاندم.. زریکەی ترس لە مردنێك، کە ئەوەتا ئامبازم بووە، لە ئانوساتدایە لوولم بداتە ناو گەرووی‌یەوە!. من ئیتر ترسە تۆقێنەرەکە، بەری بینایيمی بەشێوەیەك تاریك کرد، کە نەك تەنیا دیمەنەکەی لە بەرچاو بزر کردم، بگرە دایکم و باوکم و مامە سوارەشم وەك جەستە نەدەبینین، کە دەستوبرد رژابووبوونە ژوورەکەمەوە و لە باوەشیان گرتبووم. من بەبینین هیچم نەدەبینی. بەڵام بەگوێ دەمبیست کە ئەوەتا من هەر دەزریکێنم و ئەوانیش هەر بە ساقە و بەقوربانم دەبن و، بەلەشیش هەست دەکەم کە لە باوەش گیراوم و وەك ساوایەك رادەژێنرێم. دوای ئەوە ئیتر خامۆش خامۆشم و، نازانم چی روو دەدا!. کاتێ بەئاگا هاتمەوە و چاوم کردەوە، رووی دایکم بینی و، دەنگیشیم بەرگوێ کەوت کە وتی:

– ئۆخەیش مریەم گیان!.

ئینجا وتی:

– هاتەوە هۆش خۆی!.

بەدوایدا رووی باوکم و مامە سوارەشم بینی، کە بەسەرمدا شۆڕ بوونەوە. من هێشتا وام دەزانی هەر لە ژوورەکەم و لەسەر جێگەکەی خۆمم. بەڵام کە روانیم دەوروبەرم بەرەنگی سپی تەنراوە و بەتایبەتیش کە ئانوسات سیستەرێك بەدەنگەوە هات، تێگەیشتم کە لە نەخۆشخانەم، بێ ئەوەی بزانم لە کەیەوە و بۆچی؟!. هەوڵم دا مێشکم هەڵگوشی و بێ سوود بوو. وەك ئەوە بوو کوێرەخەونێکم بینیبێ و، دوای خەبەربوونەوە بمەوێ بیگێڕمەوە و بۆم بەگیرنەیەت!. ویستم لە دایکم بپرسم، بەڵام داباریني دوکتۆرو سیستەر بەسەرمدا، ئەو و باوکم و مامە سوارەشی لە بەرچاو بزر کردم. بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك لە من بکەن، لە نێوان خۆیاندا بەزمانی پزیشکی دەدوان. من ترسم لێ نیشت و کەوتمەوە هەڵگوشینی مێشکم و هەر بێ سوود بوو!. تا کاتێ ئەوان رۆیشتن و، دایکم و باوکم و مامە سوارە هاتنەوە بەلامەوە، لە ناکاوێکدا نەك تەنیا گرێی کوێرە خەونەکەم لێ کرایەوە، بگرە چوومەوە سەر بن و بنەچەی رووداوە راستینەکە و، سەراپاییم بەبیر هاتەوە. مامە سوارە یەکەمینیان بوو گەیشتەوە ئاستم و، دەستمی خستە ناو دەستییەوە و، سەری بەسەرمدا شۆڕ کردەوە مژدەم بداتێ کە سەلامەتم و، بەڵام مژدەکەی بۆ من، بووەوە بەژەهری سەرسامییە گورچکبڕەکە!. ئەو

سەرسامییەی کە ئەوەتا لێرە، بەم نەخۆشخانەیەی گەیاندووم و، بەچەشنێکیش کە پزیشکەکانی لە حاڵەتەکەم سەراسیمە بووبن !. بەبیر هاتنەوەکە بەجۆرێك رای چەناندم ، کە مامە سوارەش لەلای خۆیەوە سڵەمییەوە و دەستوبرد لێم کشایەوە. من سەر و سنگم بەرز کردوونەتەوەو، لەسەر هەردوو ئانیشکم راگیرم کردوون و، بەحەپەساوییەوە لەو دەڕوانم. ئەویش قووت بووەتەوەو، بەدووچاوی گێژوویژەوە سەیرم دەکا!. ئەوە لە ساتەوەختێك زیاتری نەخایاندو، دایکم و باوکم بەسەردا هاتن و، ئەویان لە بەرچاوم بزر کرد و، منیش چوومەوە دۆخی لەوەبەرم، بەڵام، چوونەوەیەك بەسەرزاری، دەنا لە ناخدا هەستم دەکرد کە بەرەو هەڵدێر دادەخزێمەوە!. دایکم کە ئەویش دوای رۆیشتنی پزیشکەکان هاتبوو مژدەم بداتێ، بەبینینم سەری سوڕماو، بەدیارمەوە زمانی چووە کلیلە!. لێی بەئاگا بووم کە دەیەوێ بدوێ و، دەمی بۆ هەڵناهێنرێتەوە!. بەرامبەرم دانیشت و، دەستمی خستە ناو دەستییەوە و، بەدەم چۆڕاوگەی فرمێسکەوە وتی:

– مریەم گیان.. کچەکەم.. چ خێرتە؟!.. پێم بڵێ!. دڵم خەریکە دەتەقێ!

باوکیشم وتی:

– مریەم گیان.. دوو شەو و دوو ڕۆژە ، ئێمە بۆ ساتێکیش خەو نەچووەتە چاومان. بەزەییت پێماندا بێتەوە. دوکتۆرەکان هیچ نەخۆشییەکت تێدا نابینن. چ خێرتە پێمان بڵێ و یارمەتیت بدەین.. بەدڵ و بە گیان یارمەتیت بدەین!. ئێمە تەنیا تۆمان هەیت مریەم!.

بەدوای ئەم قسانەدا، مامە سوارەم بینی هاتەوە پێشەوە و، لەگەڵیاندا بەرامبەرم راوەستا. وام هاتە بەر زەین کە ئەویش دەیەوێ قسە بکا. بەڵام من بە بزاوتێکی وا تێی گەیەنم، کە نامەوێ قسەی لێ ببیستم، پشتم تێکردن و وتم:

– هیچم نییە نا.. ساغوسەلیمم.. تکایە لێم گەڕێن.

ئیتر قسەم لێ نەبیستن. دوای ماوەیەك خامۆشی، هەستم کرد دەکشێنەوە. کردەوەکەیانم پێ سەیر بوو. کە کەمێ چاوەڕێم کرد و دەنگیان نەبوو، وەرچەرخامەوە و هەڵم روانی دیار نەمابوون!. دەتوت ئەرز قووتیداون یا ئاسمان هەڵی لووشیون!. سەرم سوڕما و نەم دەزانی چۆنی لێك بدەمەوە!: ترسی ئەوەم لێ نیشت کە تا رادەی وازلێهێنانم لێم بێزار بووبن. بەڵام هەر زوو لەو بۆچوونەم پاشگەز بوومەوە و،

تەنانەت گاڵتەم بەئەقڵی خۆم هات. هەر لەو ساتەشدا مامە سوارەم بینی، بەتەنیا بەرەولای من دەهاتەوە. پێش ئەوەی بگاتە ئاستم، رووم وەرگێڕایەوە. کەچی ئەوەتا ئەو دێت و بەسەرمدا دەنوشتێتەوە و، بەسۆزێکی خرۆشاو و باوکانەوە سەرم ماچ دەکاو، بە دەنگێکی سیخناخ لە خەم و پەژارەوە دەڵێ:

– مریەم گیان تێ گەیشتم و زانیم، کە گرفتەکەت منم، لە کاتێکدا من لە بەختیاری و ئاسوودەییت بەولاوە، هیچی ترم مەبەست نەبووە. سا لەبەرئەوە وا بڕیارم دا ، کە بڕۆم و کە ئیتر بۆ هەتا هەتایە نەتانبینمەوە. خۆشی و شادیت لە ژیاندا بۆ دەخوازم مریەمەکەم.

ئا.. ئەوەتا جارێکی تر بەسەرمدا دەنوشتێتەوە و، بەسۆزە خرۆشاوە باوکانەکەیەوە ماچم دەکاتەوە و ئیتر دەنگی هەنگاوەکانیم دێتە بەرگوێ، کە بە هێمنی دوور دەکەوێتەوە و کپ دەبێ. بەدوایدا دەنگی هەنگاوەکانی دایکم و باوکم دەبیستم، کە وردە وردە لێم نزیك دەبنەوە و زۆر پێ ناچێ لە ئاستمدا خامۆش دەبێ. دەزانم بەژوو سەرمەوە راوەستاون. نە ئەوان دەجووڵێن و نەمن. نە ئەوان هیچ دەڵێن و نەمن. هەموومان خامۆش خامۆشین. بەڵام من کە ماکی گرفتەکە دەستی لە یەخەم بەرداوە، وەك لەبەر خۆمەوە بدوێم، بەدەنگێکی نزمی پڕ لە ماندوێتییەوە دەڵێم:

– دایە.. با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە!.

٢٠٠٧/٩

## شالاوی دڵ

چەند تێبینییەك لەبارەی چیرۆكەكە

١- دارِشتنی یەكەم جاری ئەم چیرۆكە لە ساڵی (١٩٥٧)دا بووە كاتێ كە سەرباز بووم لە (شعیبة).

٢- لە سەرەتای ساڵی (١٩٦٥)دا ، دەسنووسەكەیم داوە بەبرادەرێكی ئەدەبدۆستم بۆ خوێندنەوەی. ئەویش هەر لەسەر لاپەڕەیەكی سپیی كۆتایی دەسنووسەكە، بە مێژووی (١٥/١٦/١/١٩٦٥) چەند دێڕێكی بۆ نووسیوم و بەپێی چێژبینینی خۆی لە چیرۆكەكە ئافەرینێكی كردووم.

بەڕای خۆم لەوە ناچێ ئەو دەسنووسە هەمان دەسنووسەكەی ساڵی (١٩٥٧ )بێ، چونكە لە دەفتەرێكی (١٠٠) پەڕەیی قوتابخانەدا نووسراوە، لە كاتێكدا چاك لە بیرمە كە لەوێ (شعیبة) بۆ ئاسانكردنی هەڵگرتن و شاردنەوەی نووسینەكانم، بە زۆری كاغەزی تەنك (رایز)م بەكار دەهێنا . بۆیە وای بۆ دەچم كە لە ڕۆژانێكی نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٤)دا جارێكی تر نووسیبێتمەوە و دەسنووسی یەكەمم فەوتاندبێ.

٣- ساڵی (١٩٧٠) جارێكی تر لە دەفتەرێكی پەڕە فولسكابدا نووسیومەتەوە و بە بەراورد لەگەڵ دەسنووسەكەی پێشوودا ، بەبێ هیچ گۆڕینێك لە ناوەڕۆكی بەسەرهات و درێژەی كارەساتەكاندا ، هەندێ دەستكاریم كردەوە و كەمێ زیاتر درێژەم پێ داوە و لەگەڵ كۆمەڵە چیرۆكی (كلافێك ژانی تووڕە)دا ، داومە بە (رەقابە) بۆ بلاوكردنەوەی و لاپەڕەكانیشی مۆری (رەقابە)یان پێوەیە. بەلام دیارە وەختێ كۆمەڵە چیرۆكەكەم بە چاپ گەیاندووە ، لە بلاو كردنەوەی ئەمیان لەگەڵیاندا پەشیمان بوومەتەوە .

٤- لەو ڕۆژانی دواییەدا ئاسایی بەو نووسینانەمدا چوومەوە كە هێشتا بلاوم نەكردوونەتەوە و سەرلەنوێ دەسنووسەكەی ئەم چیرۆكەم كەوتەوە بەرچاو . ئینجا دوای كەمێ لێرامان لە دڵی خۆمدا وتم : ئەرێ من بۆچی بیست و شەش ساڵی رەبەقە بەری ڕووناكی بینین لەم بەرهەمەم دەگرم؟. ئیتر ئەوە بوو بڕیاری ڕووناكی بینینم بۆ دا و ساخۆی و بەختی.

٥- نازانم ناوی چیرۆکەکە لە دەسنووسەکەیساڵی (١٩٥٧)دا چی بووە . بەڵام لە دووەمەکەیدا (شالاوی دڵ)ە . دوایی لە سێیەمیدا (١٩٧٠) بووە بە (یادێکی کۆن) . کەچی وا ئێستا لێرەدا دەیکەمەوە بە (شالاوی دڵ) .

٦- دوا جار هەر چۆنێك لەبارەی سەرلەنوێ دەسکاریکردنییەوە سەرم هێنا و سەرم برد، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە چاکتر وایە کتومت وەك خۆی بیهێڵمەوە و بەڵام تەنیا بەپێی شارەزاییی ئێستام، لە رووی رێنووس و پوختیی زمانەوە دەسکارییەکی بکەم .

ح.ع

١٩٨٣/٣/٣٠-٢٩

هەر مرۆڤێك، بەسەرهاتێکی کاریگەریی رابردووی ژیانی بەشێوەیەکی تایبەتی لە قووڵایی بیر و هۆشیدا ، بنج دادەکوتێ و لێی دەبێتە یادگارێکی چەسپیوی نەمری ئەوتۆ کە هەر هێندەی هەلێکی بۆ هەڵکەوت، لێی دێتەوە جۆش و خرۆش و کارەساتەکانی وەك فیلمی سینەما دێتەوە پێش چاوی. هەندێ کەس وەها لاف لێ دەدەن کە گوایە دەتوانن بە ئاسانی ئەو بەسەرهاتە لە بیر خۆیان بەرنەوە و وەهای فەرامۆش بکەن کە ئیتر قەت بە یادیان نەیەتەوە . بەڵام بەلای منەوە ئەوان یا دەبێ دڵ و دەروونیان لە پۆڵا بێ، یا دەبێ هەر لە بنچینەدا بێ دڵ و دەروون دروست بووبن کە ئەمەیان زیاتر بۆ ئاژەڵ دەگونجێ نەك بۆ ئادەمیزاد ! سا من بەشبەحاڵی خۆم لەو مرۆڤە ئاژەڵانە نیم و بەتایبەتیش ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت کە لەوان نیم .

ئەم بەیانییە کیژێکی تەمەن پازدە ساڵی دراوسێمانیان دا بە شوو بە پیاوێکی شەست ساڵە !. کیژە ماوەیەکی زۆر قوڕی رەشی پێوا و سەر و قژی خۆی رنییەوە . بەڵام بێ سوود بوو .. هیچ دادێکی نەدا . دوا جار هاواری هێنا بۆ من .. بەڵێ بۆ من کە بە شانازی نەبێ، بە پیاوی هەرە رێز لێگیراوی بەڕا و تەدبیری ناو کۆڵانەکەمان ناسراوم و خۆشەویستی هەمووانم. کیژەی بەسەزمان کەوت بەسەر دەست و پێمدا و بەدەم پاڕانەوەیەکی دڵپروێنەوە وتی:

- خاڵە گیان فریام کەوە .. رزگارم کە !. لە هەموو ئەم سەر زەمینەدا لە تۆ بەو لاوە، کەسێکی تر نییە هاواری بەرمە بەر !. مردنم هەزار جار لا خۆشترە وەك لەوەی ببمە ژنی ئەو پیاوەی بە باپیرم دەشێ . بۆ خوا یارمەتیم بدە و رزگارم کە.

من ئەوەی پێم کرا بەزیادیشەوە کردم . هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ کەسوکاریدا دا . هەرچی توانا و دەسەڵاتم هەبوو خستمە کار . کە هەر سوودی نەبوو ، خۆم پێ ڕانەگیرا و کەوتمە قسە پێ وتنیان . بەڵام دیاربوو من لە سنووری خۆم دەرچووبووم، بۆیە ئەوانیش پەتیان لە ڕوومدا پچڕاند و کەوتنە قسە پێ وتنم . بە درێژاییی بیست ساڵ لەو کۆلانەم ، ئەوە یەکەم جار بوو ئاوا لە ڕوودا قسەم پێ بوترێ .

کیژەی بەسەزمان کە ئەوەی دی ، فرسەتی هێنا و هات بەڕێز لێگرتنێکی قووڵەوە دەستمی ماچ کرد و وتی : خاڵە گیان.. تۆ ئەوەی لە تواناتدا بوو کردت. بمبەخشە.. تووشی دەردی سەرییەکی خۆڕاییم کردیت. سوپاست دەکەم. بەڵام من لەلای خۆمەوە وا بڕیارم دا کە زۆر بە پێخۆشحاڵییەوە بچم بە بەرەو پیری مەرگی خۆمەوە!.

کە لای منی جێ هێشت و ڕۆیشت، گەلێ هێمن و لەسەرخۆ بوو. بەهیچ شێوەیەك نیشانەی ئەوەی پێوە دیار نەبوو کە بەڕاستی بڕیاری داوە بچێ بەپیر مەرگی خۆیەوە. دوای ڕۆیشتنەکەی بە تەنیا سەعاتە وەختێك، قیژە و هاوار و شین و شەپۆڕ لە کەس و کارەکەیەوە بەرز بووەوە. کیژەی بە سەزمان هێمنی کردبوونەوە تا هەلی بۆ هەڵکەوتبوو. ئەوسا خۆی دزیبووەوە و چووبوو لە پەنایەکدا تەنەکەیەك نەوتی بەخۆیدا کردبوو. بەدوایدا هاتبووە ناوەڕاستی حەوشەکەوە و ئاگری لە خۆی بەردابوو. ئیتر وەختێك بەفریای کەوتبوون و کوژاندبوویانەوە، ئەو لەشی خۆی بۆ زاوای شەست ساڵە کردبووە تۆپەڵە خەڵووزێك.

***

ئەم کارەساتەی ئەمڕۆی ئەو کیژەی دراوسێیەمان کە منیشی لەلای لابەلاوە ڕاپێچ کردە ناو گێژاوی خۆیەوە، دەرفەتی لە بەسەرهاتێکی ڕۆژانی سەرەتای لاویم هێنا کە دوای خامۆشییەکی سی و پێنج ساڵی، ناخی دڵ و دەروونم بشڵەقێنێ و لێم بێتەوە جۆش و خرۆش.

من نووسەر نیم بەدرێژاییی ژیانی پەنجا ساڵەشم، قەت بیرم بەلای ئەوەدا نەچووە کە خوو بدەمە کارێکی پڕوپووچی وەها. بەڵام ئەوەتا ئێستا ئارەزوویەکی هێجگار بەجۆش هانم دەدا ئەو بەسەرهاتەم بخەمە سەرکاغەز. خۆ وەنەبێ من ئێستاش ئەمە بەو نیازە بکەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم و ئەو بیخوێننەوە. نەخێر.. بگرە تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکەی خۆمە.

***

## ١

مانگ و نیوێك بوو خانوویەکی تەنیشتمان چۆڵ بوو. لەو ماوەیەدا زۆر کەس هاتنە سەیرکردنی و ویستیان بێنە ناوی، بەڵام هەندێکیان پێی رازی نەدەبوون و هەندێکیشیان لەگەڵ خاوەنەکەیدا لەسەر کرێ رێك نەدەکەوتن.

من وەکو دایکم و باوکم گوێم نەدەدایە ئەو خێزانەی دێنە ناوی. من ئاواتی گەورەم ئەوە بوو کە ئەو خێزانە کوڕێکی لاوی وەك خۆمیان هەبێ و جێگەی هاوەڵە دڵسۆزەکەی پێشوومم بۆ بگرێتەوە کە گواستنەوەی خێزانەکەیان لەو خانووە و بارکردنیان بۆ شارێکی تر، لە یەکتری دوور خستینەوە. لەبەرئەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو کاتێ خانووەکە گیرا و ئەم ئاواتەم نەهاتە دی. بەڵام دایکم بەپێچەوانەی منەوە زۆر پێخۆشحاڵ و شادمان بوو. ئەو بۆی باس کردم کە تەنیا ژن و مێردێك و دوو منداڵی ساوان و وا دەردەکەوێ زۆر خانەدان و بەویڵ و وسووڵن!. لەگەڵ ئەوەشدا من لە دڵی خۆمدا وتم: «کە کەسێکیان نەبێ ببێتە هاوەڵم، بوون و نەبوونیان بۆ من وەك یەکە».

ئەو شەوە دایکم هەمان ستایشی دا بەگوێی باوکیشمدا و هەردووکیان لەم رووەوە رەزامەندییان نیشان دا. گوێم لێ بوو باوکم پێی وت:

– زۆر لەوە دەترسام تووشمان بێ بەتووشی رەوە خێزانێکی سەر بەگۆبەندەوە. بەڵام وا خوا کردی ئێمە چۆن بە ئاواتەوە بووین وەها دەرچوو.

دایکیشم لە وەرامیدا وتی :

– منیش وەك تۆ.. بەدرێژاییی ئەم مانگ و نیوە خەمی ئەوە دای گرتبووم. بەڵام لە خوا بەزیاد بێ وا ئەم خەمەم لە دڵ دەرچوو.

هەر بۆ ئێوارەی رۆژی دوایی، لەسەر کرداری باو و باپیران، میوانداریمان کردن بۆ نانخواردن. من ئەو شەوە تەنیا خاڵە (عەول)م دی و ناسی، چونکە ژنەکەی و منداڵەکانی لە خوارەوە لای دایکم بوون. بەڵام بە سەروسیمای ئەودا، هەر زوو وێنەیەکم لە خەیاڵی خۆمدا بۆ ژنەکەشی کێشا «دەبێ لە پەنجا یا چل و پێنج ساڵ کەمتر نەبێ». کەچی یەکسەر بەدوایدا پرسیارێك پەڕییە مێشکم : «ئەی یانی چی کە تەنیا دوو منداڵی ساوایان هەیە؟!».

ئەم پرسیارە هانی دام سەرنجێکی وردتر بدەمە خاڵە عەول. بۆم دەرکەوت کە تەمەنی ئەگەر لە شەست ساڵ زیاتر نەبێ کەمتر نییە. هەرچەندە هێشتا نیشانەی چست و چالاکی بە لەش و لار و شان و باهوویەوە دیاری دەدا و لەوە نەدەچوو وا زوو کەنەفت و پەککەوتە ببێ، بەڵام تاقە یەك مووی رەش لە سەر و سمێڵیدا نەمابوو. چەندان چرچ و لۆچ ریزیان بەستبووە ڕوو و لامل و ژێر چەنەی.

پێڵووەکانی بەسەر یەکتردا داکەوتبوون و چاوەکانی روویان لە کوژانەوە کردبوو. جگەرەی نەدەکێشا، کەچی زوو زوو کۆکەیەکی قرخن زۆری بۆ دەهێنا و هەناسەی سوار دەکرد.

«واتە ئەو ئێستا دەبوو کوڕ و کچی گەنجی هەبووایە و بگرە رەوەیەکیش کوڕەزا و کچەزای بخستایەتەوە. یا تۆ بڵێی لەوەپێش ژنی تری هێنابێ و مردبێ یا تەڵاقی دابێ و وەچەی تری لەو هەبێ و لەم جیابووبنەوە؟!». لە دڵی خۆمدا باسەکەم وەها ورد دەکردەوە، بێ ئەوەی بگەمە ئەنجام.

باوکم و خاڵە عەول تا درەنگ وەختێك بەقسە و باسی هەمەرەنگەوە کاتیان بەسەربرد. خۆشترین باس بە لایانەوە کە ماوەیەکی زۆریان پێوە بەسەر برد، گێڕانەوەی یادگاریی رۆژانی لاویی خۆیان بوو کە بەدەمییەوە گەلێ لە ڕووداو و کارەساتە مێژوویییەکانی شار و ناوچەکەیان بەسەر دەکردەوە و هێندەی پێوەندییان بە خۆیانەوە هەبووبێ، لێیان دەدوان. ئەمە وای لە من کرد بەدرێژاییی دانیشتنەکە تەنیا گوێگر بم و هیچ قسەیەکی ئەوتۆ نەبێ بیکەم.

من بە ئاواتەوە بووم خاڵە عەول لە نێوان قسەکانییەوە شتێك لە دیوی شاراوەی ژیانی تایبەتی خۆی بخاتە روو، وەك نەهێنی دوو منداڵە ساواکەی، بەڵام بێ سوود بوو، بەدرێژاییی ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەگەڵ باوکمدا، بەلای ئەوەدا نەچوو بە دوور و بەنزیك لەم ژن هێنانە درەنگ وەختەی بدوێت و شتێکی لەبارە بڵێ.

من لەو باوەڕەدا بووم کە باوکیشم لەم بارەیەوە هەر وەکو منی بۆ چووە و ئەویش هەمان پرسیاری لە مێشکیدا گێژ دەخوا و بە ئاشکراش پێوەی دیار بوو کە وەك من بەتەمایە خاڵە عەول خۆی لە نێوانی قسە و باسدا ئەمەی بۆ روون بکاتەوە.

بەڵام کە هەر نەیکرد، ئەوسا باوکم وەك پرسیارەکە ئارامی لەبەر بڕیبێ، بەبێ هیچ پێشەکییەك باسی هێنایە سەر ژن هێنانی خۆی و وتی:

– له ڕۆژگاری لاویێتی ئێمەدا کوڕ هەر هێندەی بلووق دەبوو، کەسوکاری گورج تەوقی ژن و منداڵیان دەکردە ملی و دەیانبەستەوە.

باوکم قسەکەی تەواو نەکرد و بێدەنگ بوو. من هەر زوو لە مەبەستی تێ گەیشتم کە بۆچی ئەو باسەی کردەوەو بۆچیش قرتاندی و بێدەنگ بوو. بەئاشکرا دیار بوو کە دەیویست خاڵە عەول رابکێشێتە ناو پرسیار و پرسیارکارییەوەو دوا جار مافی پرسیارکردن لە خۆشییەوە سەبارەت بەو، بکاتە قەرزێك بە سەرییەوە!. کەچی خاڵە عەول لە تەنیا سەر لەقاندنێك بەولاوە، هیچی تر وەڵام و قسەی نەبوو!. ئەوسا باوکم بە ناچاری قسەکەی خۆی تەواو کرد و وتی:

– جگە لەم کوڕەم کە تاقە کوڕمە، سێ کچیشم هەن کە هەموو بە شوون و گەورەکەیان ئێستا منداڵی شەش–حەوتساڵانی هەیە.

بەڵام ئەم جاریش خاڵە عەول تەنیا وتی:

– خوا تەمەنیان درێژ بکا و دەست بەباڵیانەوە بگرێ.

باوکم وەك ئەم وەڵامە ئارامی لەبەر هەڵگرتبێ، بە پرسیارێکی فێڵبازانەوە بەرەنگاری بووەوەو وتی:

– لام وایە منداڵی گەورەترت هەن و ئێستا لای خۆت نین!.

خاڵە عەول بەبێزارییەوە سەرنجێکی دایە باوکم و کەمێك بۆ وەڵامدانەوە گیری خوارد. ئینجا کوت و پڕ وتی:

– نەخێر.. تەنیا ئەو دووانەم هەن!.

باوکم وازی لێ نەهێنا و پرسیارێکی تری بە دوادا کرد و وتی:

– دەبێ لەم دواییەدا ژنت هێنابێ!.

ئەوسا وەك بیەوێ ماوەی پرسیاری تر لە باوکم ببڕێ، فراوانتر وەرامی دایەوە و وتی:

– بەڵێ.. بەڵێ.. تەنیا شەش ساڵە هێناومە. ئەوی ڕاستی بێ من نیازی ژن هێنانم هەر نەمابوو. بەڵام وا ئاخری ئەم ئافرەتەم بوو بە نەسیب.

وەك بۆ قسەیەکی کاریگەر بگەڕێ باسەکەی کۆتایی پێ بهێنێ، کەمێ بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

– چارەنووس.. خوا چی لە چارەمان نووسیبێ هەر ئەوەیە.

وەك هەر مرۆڤێکی خواناسی بەباوەڕ، ئەم گفتەی لە ناخی دەروونییەوە دەربڕی. بە دوایدا ئیتر گورج باسەکەی گۆڕی و ڕێگەی پرسیارکردنی تری لە باوکم گرت.

***

ڕۆژی دوایی کە لە قوتابخانە گەڕامەوە ماڵەوە، ئافرەتێکی منداڵکارم لای دایکم دی. ئاگام لێ بوو هەر من خۆم کرد بەژووردا، ئەو بەپەلە سەرپۆشەکەی پێچا لە سەر و ملییەوە و خۆی گرمۆڵە کرد. منیش لەلای خۆمەوە لە ئاستی ئەم کردەوەیەی ئەودا، پاشەوپاش کشامە دواوە کە سەر بکەومە سەرەوە بۆ ژووەرەکەی خۆم. لەگەڵ کشانەوەم گوێم لێ بوو دایکم پێی وت:

– کچێ وای تێ مەگە.. منداڵە.. شەرمی چی لێ دەکەیت؟!.

من ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ئافرەتە لای دایکم ببینم. لە دڵی خۆمدا وتم: «ئاخۆ کێ بێ؟!. نە لەو خزمانەیە کە من دەیانناسم و نە لە دراوسێکانە. ئەی ئاخۆ کێ بێ؟!. تۆ بڵێی کچی خاڵە عەول نەبێ؟. خاڵە عەول وتی کە تەنیا دوو منداڵی ساوای هەن. کەوابێ دوور نییە خزمێکی ئەوان بێ، هیی خۆی یا ژنەکەی بەڵام یانی چی دایکم دوێنێ هیچ باسێکی ئەوی نەکرد».

زۆری پێ نەچوو ڕۆیشت. هەر کە لە دەرگەی حەوشەی ماڵی ئێمە چووە دەرەوە، دەنگی کردنەوە و پێوەدانی دەرگەکەی ماڵی خاڵە عەولیشم هاتە بەرگوێ. بەوەدا گومانم نەما کە ئافرەتەکە لە ماڵی خاڵە عەولدایە، ئیتر سا خزمیان بێ یا هەر شتێکی تر. بۆیە لە دڵی خۆمدا پێکەنینم بە ئەقڵی دایکم هات و وتم: «دەبێ وای بۆ چووبێ کە گوایە هەر هێندەی ئەو وتی: کچێکی منداڵکاری جوانیشیان لەگەڵدایە، ئیتر من یەکسەر بە تیری عەشقی گرفتار دەبم و دەدەمە کێو!».

من وەهام لێکدایەوە و بەو نیازەشی گاڵتەی پێ بکەم وتم:

– خوا هەڵناگرێ ماڵی خاڵە عەول کچێکی جوانیشیان هەیە. کەچی گاڵتە پێکردنەکە رووی خۆمی گرتەوە و ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ و وتی :

– نەیخۆیت تاڵە!.. ئەو کچە جوانە ژنەکەی خاڵە عەولتە!.

لە سەرەتادا حەپەسام و تاس بردمییەوە. دوا جار سەرنجێکی پڕ مانام لە ڕووی

دایکم گیر کرد و وەك باوەڕ بە قسەکەی نەکەم، بەسەرسوڕمانەوە لێم پرسی:

– بەڕاستتە یا بەگاڵتە؟.

هەر بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– درۆت لەگەڵ ناکەم.

ئینجا تەوژمی پێکەنینەکەی کپ کردەوە و بەڵام هەر بە دەم گاڵتەوگەپەوە وتی:

– بۆ گوایە هیچ نیازێکت خستبووە دڵی خۆتەوە!؟. لە ئاستی پرسیارەکەیدا پەشۆکام و لە وەرامدا وتم:

– من؟.. نەء.. نەخێر.. نیازی چی!.

ئینجا زوو لە سەرسوڕمانەکەی خۆم بە ئاگا هاتمەوە و وتم:

– بەڵام!. بەڵام چۆن دەگونجێ ئافرەتێکی منداڵکاری وەها، ژنی پیاوێکی پیری وەك خاڵە عەول بێ.. چۆن دەگونجێ؟.

وەك دایکیشم هەر لەسەر ئەو باوەڕەی من بێ، کەمێ مات بوو. دوایی وتی:

– چارەنووس.. ڕۆڵە چارەنووس!.

منیش بەتەوسێکەوە لە وەرامیدا وتم:

– چارەنووس.. بەڵێ چارەنووس!.. خاڵە عەول خۆیشی دوێنێ شەو هەر ئەمە بەهانەی بوو. ئەرێ بەڕاست تێم ناگەیەنیت چارەنووس یانی چی؟.

هەر بە دەم ئەو ماتی و مەلوولییەوە لە وەرامدا وتی:

– دەزانیت چارەنووس یانی چی؟!. گوێ بگرە بۆتی ڕوون بکەمەوە.. گوڵچینی ژنەکەی ئەو خاڵە عەولەت، شەش ساڵ لەمەوبەر کە دایکی دەمرێ ئیتر لە هەموو ئەم دنیایەدا، نە لە باوکەوەو نە لە دایکەوە هیچ کەس و کارێکی وەهای نابێ کە پەنای بەرێتە بەر و داڵدەی بدا. بەڵام خاڵە عەول برادەرێکی گیانیبەگیانیی باوکی بووە و دوای مردنی باوکە، مەردانە هاتبووە دەست و نەیهێشتبوو ژنەکەی و کچەکەی برسی و دەربەدەر ببن و بکەونە سواڵ. بەم جۆرە بەدرێژاییی پێنج ساڵی ڕەبەق باڵی بەزەییيان بەسەردا دەکێشێ و بەخێویان دەکا، تا دایکەش دێتە سەر مردن.

ئەو وەختە گوڵچین تەمەنی پازدە ساڵان دەبێ. دایکە لە سەرەمەرگدا گەلێ لە خاڵە

عەول دەپارێتەوە کە گوڵچین مارە بکا و نەیەڵێ بێ کەس بمێنێتەوە. لە سەرەتادا ڕازی نابێ و بەڵێنی ئەوە بەدایکی دەدا کە بیسپێرێ بە ماڵە خزمێکی نزیکی خۆی. بەڵام دایکە کە هەر لێی دەپارێتەوە و زۆری لێ دەکا، ئینجا بەڕەزامەندیی گوڵچین خۆیشی مارەی دەکا و دەیباتە لای خۆی. من مەبەستم لە چارەنووسەکە ئەمە بوو.. تێم گەیشتیت؟.

لە کاتێکدا کە دایکم زۆر لە سەرخۆ و بە شێنەیی ئەم قسانەی بۆ دەکردم و ئەو کۆمەڵە نهێنییەی بۆ دەخستمە ڕوو، من وەك گوێم بۆ یەکێك لە سەرگوزشتە کاریگەرەکانی رایەڵ کردبێ، ئا وەها کڕوکاس بووبووم و وزەم لەبەر بڕابوو. ئەوی ڕاستی بێ من پێش بیستنی ئەم قسانەی دایکم، هیچ گومانێکم لەوە نەبوو کە زۆر و جەورێکی گەورە لەو ئافرەتە کراوە و مافێکی پیرۆزی خراوەتە ژێر پێی باوکێك یان برایەکی چاوچنۆکی زۆرداری بێ مێشکەوە و دوا جار ژێر رکێفی ئارەزووی چەپەڵی پیرێکی ئاخرشەڕەوە!. بەڵام ئەوەی لە دایکم بیست باسەکەی گەلێك لێ ئاڵۆزاندم. کەمێك مێشکی خۆم بۆ هەڵوشی. لە دڵی خۆمدا وتم: «ئەم کارە ئەگەرچی لە سەرێکەوە زۆر و جەورە، بەڵام وەکی تر چارەنووسەکە کاری خۆی کردووە!». کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە، ئیتر بە ناچاری لە وەڵامی دایکمدا وتم:

– بەڵێ دایە تێت گەیشتم.

دایکم ئیتر لەوە زیاتر لە سەری نەڕۆیشت و باسەکەی کپ کرد. بەڵام من زۆری پێ نەچوو پرسیارێکی تر لە مێشکمدا سەری هەڵدا و زۆری بۆ هێنام.

– ئەی ئاخۆ ئەو چارەنووسە وەك چۆن تووشی یەکتری کردوون، ئاوەهاش بەیەکەوە گونجاندوونی؟.

***

## ٢

ئافرەتانی ناو کۆڵانەکەمان، هەموو سوێندیان بەسەری دایکم دەخوارد و زۆریان خۆش دەویست، ئەمەش لە خۆیەوە نەهاتبوو، بەڵکو ئەنجامی کردار و رەفتاری جوان و بەرزی خۆی بوو کە بەدرێژاییی پازدە ساڵەی ژیانمان لەناو کۆڵانەکەدا، قەت ڕووی نەدابوو جارێك لە جاران لەگەڵ هیچ کامیاندا لێی بووبێتە ناخۆشی و دڵیانی ڕەنجاندبێ. تەنانەت شتێکیش لەم بابەتە لەناو ئەواندا ڕووی دەدا، گورج ئەو دەکەوتە

نێوانەوە و بەسەروزمانی شیرین ئاشتی دەکردنەوە. جگە لەمە هەموو کات لەسەر پێ بوو بۆ سەرلێدانی نەخۆشیان و بەدەنگەوە چوونیان لە هەر کارەسات و گرفتێکدا کە تووشی دەبوون. بەرامبەر بەم ڕەفتار و کردارە پڕ لە دڵسۆزییەی دایکم، ئەوانیش دەستیان بۆ بەسنگەوە دەگرت و گەلێك ڕێزیان لێ دەنا بۆیە بەردەوام سەریان لێ دەدا و زۆربەی کۆڕی قسە و باس و دەمەتەقێیان لای ئەم پێك دەهێنا. گوڵچین خانی ژنی خاڵە عەولی تازە دراوسێشمان، هەر زوو لەم بارەیەوە چووە ریزی ئافرەتەکانی ناو کۆڵانەکە. بگرە من هەر لە سەرەتاوە هەستم بەوە کرد کە دایکم زیاتر لە هەریەکێ لە ئافرەتەکانی تری ناو کۆڵانەکە هۆگری گوڵچین خان بووە و بەلایدا دادەشکێنێ. زۆرجار گوێم لێ دەبوو کە باسی ئەو و خاڵە عەول دەهاتە ئاراوە، بە باوکمی دەوت:

– من هێشتا ئافرەتی وا ڕەوشت و خووپاك و ژیر و وریام نەدیوە. فریشتەیەکە لە ئاسمان کەوتووەتە خوارەوە.

بەڵام ئاخۆ ئەم ستایشکردنە لەلایەن دایکمەوە چی بێ؟!. بۆم روون نەدەبووەوە. تەنیا هێندە نەبێ کە لە دڵی خۆمدا دەموت: «دەبێ یا دایکم بەزەیی بەودا بێتەوە، یاخۆ ئەو بەسەروزمانی شیرین دایکمی هۆگری خۆی کردبێ.».

من تا ئەو وەختە، جارەهای جار کە سەرم دەکرد بەماڵەوەدا، یەکێك یا دووان یا زیاترم لە کچان و ژنانی ناو کۆڵانەکە لەلای دایکم دەدی و بەڵام قەت خەیاڵ و هۆشم تەنانەت هەروا بە ئارەزووی ناسینەوەش بێ، بەلای ئەوەدا نەدەچوو سەرنجێکیان بدەمێ و کەمێ چاویان لەسەر ڕاگیر بکەم، بگرە هەر کە لە دەرگەی حەوشەوە هەستم پێ بکردنایە، یەکسەر بەرەو ژوورەکەی خۆم کە لەگەڵ هەیوانێکی بەردەمیدا قاتی سەرەوەی خانووەکەمانی پێك دەهێنا ملم دەنا. کەچی بەرامبەر بە گوڵچین خان لە هەموو ئەو جارانەدا کە هەستم دەکرد لەلای دایکمە، هێزێکی ئەفسانـاوی پاڵی پێوە دەنام چاوی بۆ بگێڕم و سەرنجێکی خێرای بدەمێ!..

تەنیا سەرنجێکی خێرا و ئینجا ئیتر لەسەر پیشەکەی خۆم، بەرەو ژوورەکەی خۆم بڕۆم. بەڵام سەیرتر لەمە ئەوە بوو کە لەوێ، لە ژوورەکەم وەك جاران بۆ بەسەربردنی کات و چاوەڕوانکردنی چۆڵبوونی لای دایکم، خۆم بە خوێندنەوە و نووسینی دەرسەکانی قوتابخانەمەوە خەریك دەکرد، بەڵکو وەك ئەو هێزە ئەفسانـاوییە سات لە دوای سات لە ناخی دڵ و دەروونمدا تەشەنە بسێنێ و ڕوو لە تەقینەوە بکا، ئارامی

لەبەر هەڵدەگرتم و کردەوەیەکی سەیری پێ دەکردم!.. کردەوەیەك کە بە درێژاییی تەمەنی شازدە ساڵیم ئەوە یەکەم جارم بێ بە خۆمییەوە ببینم!.

پەنجەرەی ژوورەکەم دەیڕوانی بەسەر حەوشەکەی خۆمان و هەروەها حەوشەی ماڵی گوڵچین خانیشدا. کە دەگەیشتمە ژوورەکەم، لە سەرەتا کەمێك خۆم بەکتێب و دەفتەرەکانمەوە خەریك دەکرد. بەڵام زۆری پێ نەدەچوو هێزە ئەفسوناوییەکە دەیهێنامە جۆش و خرۆش و زۆریی بۆ دەهێنام. بەدوایدا وازم لە کتێب و دەفتەرەکانم دەهێنا و تاسێك دەیبردمەوە. دوا جار لە ناکاوێکدا ڕاپەڕیمە سەرپێ و قەڵەمبازێك خۆم دەگەیاندە بەرپەنجەرەکە. لەوێدا دەچەقیم.چاوەڕوانم دەکرد تا ئەو لای دایکمی جێ دەهێشت. ئیتر بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی حەوشەی خۆمان و حەوشەکەی خۆیانی دەبڕی و خۆی دەکرد بەیەکێك لە ژوورەکانی ماڵەوەیاندا، من هەر تێم دەڕوانی!. بگرە ئەگەر لە حەوشەکەی خۆیاندا بمایەتەوە و بەکار و فەرمانێکەوە خەریك بووایە، ئەوا هەر بەرپەنجەرەکەم بەرنەدەدا و هەر سەیریم دەکرد!. دوا جار کە ئەوم لە بەرچاو نەدەما و هێزە ئەفسوناوییەکە لە کار دەکەوت و بەرۆکی هەست و هۆشمی بەردەدا، کۆمەڵە پرسیارێکی ڕەق و سەخت و ئازاردەرم لێ قوت دەبوونەوە.

لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئەمە لە پای چی و بۆچی؟!. بە چ نیاز و مەبەستێکە؟. من چیمە بەسەر گوڵچین خانەوە و چیم لێی دەوێ؟». دوایی کە تەقەلام دەدا وەرامی پرسیارەکانم بدەمەوە، وەرامی ڕاست و دروستم دەسگیر نەدەبوو نەمدەزانی چیم دەوێ. تەنیا هێندەم دەزانی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ئارەزووی سەرنج لێدانەیم لەلا توندوتیژتر دەبێ.

***

هەر دوای ماوەیەکی کورت، نزیکەی مانگ و نیوێك، هەستم بە خۆم کرد کە وەك چۆن دایکم گوڵچین خانی بە فریشتەیەك دادەنا و لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە، منیش ئاوەها دوو منداڵە ساواکەیم لا بوونەتە دوو فریشتەی نەشمیلە و جوان و هەروەها لە ئاسمان کەوتبنە خوارەوە. هۆگریی من بۆ ئەوان زۆر لە هۆگریی دایکم بۆ دایکیان بەجۆشتر بوو. کاتێ هەردووکیانم دەگرتە باوەش و بەزردەخەنە و پێکەنینە فریشتەییەکەیان بۆم دەخنانەوە، هەستم بە بەختیاری و شادمانییەکی هێجگار قووڵ دەکرد. تەمەنیان سێ ساڵان و پێنج ساڵان بوو. خرپن و جوانکەلە و ئێسکسووك.

بەچاوە ڕەشە گەشەکانیاندا دیار بوو کە ئەوانیش چەندە هۆگری من بوون و خۆشیان دەویێم. خۆ ئەگەر دایکیشیان نەیهێنانایە، خۆیان بە خنەخن دەهاتن بۆ لام. هەندێ جاریش من دەچووم بە دوایانداو تەنیا لە دەرگەی حەوشەوە بانگم لێ دەکردن و ئیتر دەهاتن.

ڕاستە منداڵەکان زۆر ئێسکسووك و زیتەڵە بوون، بەڵام ئاخۆ تەنیا هەر ئەمە بووبووە هۆی ئەو هۆگرییەم بۆیان؟. بە سەرزاری ئا.. هەروەهایشم لە دایکم و گوڵچین خان دەگەیاند. بەڵام لە ناخی دەروونda، لە خۆم دڵنیا بووم کە هۆیەکی گەلێ کاریگەرتر هەیە، هۆیەك لە بابەتی ئارەزووکردنی سەرنج لێدان و تێ وردبوونەوەکەی!. ئەی ئەگینا هەردوو خوشکەکەی خۆم، ئەمیان سیان و ئەویان دوو منداڵی تا بڵێی جوان و نەشمیلە و زرت و زیتیان هەبوو، کەچی بەرامبەریان تەنیا خاڵێکی ئاساییان بووم و خۆشەویستیم بۆیان قەت لە ڕادەی ئەم هۆگرییەمدا بۆ ئەمان نەبوو.

ئەوی ڕاستی بێ من لە ناخی دڵی خۆمدا هەر زوو ئەم هۆیە نهێنییەم دەسنیشان کرد. لەبەرئەوە جارەها زۆرم لە خۆم دەکرد، بەتایبەتی شەوان کە خەو لە چاومدا دەشکایەوە و تا درەنگ وەختێك لە جێگەکەمدا گینگڵم دەدا، بەبێ پێچوپەنا وەڵامی ڕاست و دروستی ئەم پرسیارە بدەمەوە کە ئاخۆ بۆچی مێشکی خۆمم بە گوڵچین خانەوە خەریك کردووە و لە پای چی وەها هەست و هۆشی خۆمم پێوە هێناوەتە ژەنگ و ژار؟!. کەچی لە هیچ جارێکدا وەڵامی ڕاست و دروستم نەدەدایە دەست خۆم. هەردەم پێچ و پەنام تێ دەخست و تەقەلای هەڵخەڵەتانی خۆمم دەدا. هەر بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەم بەزۆر باردا لێکدەدایەوە و دەموت: من لەوە دڵنیا نیم کە چارەنووس دەبێ پیرێکی وەك خاڵە عەول بکا بە هاوبەشی ژیانی ئافرەتێکی لاوی وەك گوڵچین خان. بەم پێیە لەوەش دڵنیا نیم کە ئەو گوڵچین خانە ئێستا بەختیارەو لەو ژیانەی خۆی ڕازییە. بگرە من گومانم لەوە نییە کە زۆر کەساس و دڵ پڕ لە ئەندێشە و ئازارە. سا کە وا بێ من بۆیە مێشکی خۆمم پێوە خەریك کردووە و سەرنجی دەدەمێ تابزانم ئاخۆ ئەو کەساسی و ئەندێشە و ئازارەی پێوە دیارە یان نا!. یا ئاخۆ هیچ ناڕەزایی لە ڕوویدا دەردەکەوێ یان نا!. ئینجا هەر خۆیشم وەرامی خۆمم دەدایەوە و دەموت:

ئا.. پێوەی دیارە و خەم و خەفەت و پەژارە بە ئاشکرا لە ڕوویدا دەخوێنرێتەوە. بەڵام فێڵبازە.. بە زەردەخەنەیەکی دروستکراوی هەمیشەیی سەر لێوەکانی، لە خەڵکەکەی

دەشارێتەوە و وایان تێ دەگەیەنێ کە ئاسوودە و شادمانە.

وەختێکیش دەگەیشتمە ئەم ئەنجامە، هەر لە دڵی خۆمدا دەموت: گوڵچین خان زۆرلێکراوە، بەش خوراوە، پێویستی بە بەزەیی هەیە، پێویستی بە دڵنەوایيکردن و یارمەتیدان هەیە بۆ سووککردنی باری ئەو زۆر و جەورەی لەژێریدا دەناڵێنێ. من بەزەییم پێیدا دێتەوە.. من دڵم پێی دەسووتێ.

بەم شێوەیە سووك و ئاسان باسەکەم لەگەڵ خۆمدا بەباری بەزەیی پیاهاتنەوەدا دەشکاندەوە و ئەم جاریش لە دڵی خۆمدا دەموت: دەبێ بیدوێنم.. دەبێ لەگەڵیدا بکەومە قسە و گفتوگۆ، بەڵکو بتوانم کەمێك لە ئازار و ئەندێشەی کەم بکەمەوە. ئای چەند حەز دەکەم بیدوێنم.

دواجار پێش ئەوەی خەو زەفەرم پێ بێنێ و بسرەوم، بڕیارێکی ببڕای ببرم دەدا کە لە بەیانییەوە تەقەلای دواندنی بدەم.

شەوەهای شەوم بەم جۆرە بەسەر دەبرد. تا درەنگ وەختێك ئاوەها لە گێژاوی باسەکەدا دەخولامەوە و مێشکمی تێوە دەئالاّ تا تەواو ماندوو دەبوو، ئینجا ئەوسا خەو بەسەر ئەو بڕیارەدا خەپی دەکردم. کەچی کە ڕۆژم لێ دەبووەوەو ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەبوومەوە، دەتوت ڕێگەی جێبەجێکردنی فەرمانێك دەگرمە بەر کە ڕێی هات و نەهات بێ!.. یا چاکتر وایە بڵێم ڕێگەی ڕوو سووربوون یا ڕوو ڕەشبوون بێ!. من دەمزانی کە خاڵە عەول هەر لە بەرەبەیانێکی زووەوە لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، یەکەم جار بۆ مزگەوت و ئینجا لەوێوە بۆ دووکانەکەی. بۆیە دەموت:

لەگەڵ چوونە دەرەوەمدا بۆ قوتابخانە، دەچم بە بیانووی منداڵەکانەوە سەرێك دەکێشمە ژوورەوە و دەیدوێنم. بەڵام کە دەهاتمە سەر جێبەجێکردنی، ماوەیەکی زۆر لە بەردەرگەکەی خۆماندا رادەوەستام، لێکم دەدایەوە و لە دڵی خۆمدا دەموت: چوونم بەم بەیانییە زووە بەهانەیەکی پووچە. بەدوایدا ڕێگەی قوتابخانەم دەگرتە بەر. لە ڕێگە مێشکم هەر بە باسەکەوە خەریك دەبوو. دەموت: نیوەڕۆ کە گەڕامەوە، ئەگەر لای دایکم بوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ دەکەم و ئەوسا لا دەدەمە ژوورەکەی خۆم. بەدرێژاییی ئەو ڕۆژەی قوتابخانەم ئەمە بڕیارم دەبوو. کەچی کە دەگەڕامەوە، ئەگەرچی زۆر لای دایکم ڕێکەوتیم دەکرد، بەڵام هەروەك جاری جاران ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەم ملم دەنا. لەوێش هێشتا هەر دەموت: ئێستا بەبیانووی شتێکەوە دەچمە خوارەوە بۆ لای

دایکم و بڕیارەکەم جێبەجێ دەکەم. کەچی کات تێ دەپەڕی و ئەو لای دایکمی جێ دەهێشت و دەڕۆیشتەوە ماڵەوە، بێ ئەوەی من لە جێی خۆم بجوولێم. دواجار دەموت: چی دەبێ ئەگەر هەر لێرەوە، لە پەنجەرەکەوە دەستێکی بۆ هەڵتەکێنم و سەرنجی رابکێشم؟. بەڵام هەر زوو لەمیشیان پەشیمان دەبوومەوە و دەموت: ئەمە کردەوەیەکی گەلێ ناشرین و نالەبارە و قەت نابێ لێمی بوەشێتەوە.

بەم پێیە شەو کۆتایی دەهات و شەو دادەهاتەوە. دەنگی دایکم و باوکم لە خوارەوە کپ دەبوو. لەولایشەوە چرای ژوورەکەی گوڵچین خان و خاڵە عەول دەکوژایەوە و وردە وردە تاریکی و خامۆشی باڵی بەسەر گشت کۆڵانەکەدا دەکێشا. بەڵام من لای دایکم و باوکم و گشت دانیشتوانی کۆڵانەکە وا دەزانرا سەرم بەسەر کتێب و دەفتەردا شۆڕ کردووەتەوە و خەریکی کۆششکردنم، لەسەر گازی پشت پاڵ دەکەوتم و باسەکەم بۆ جاری هەزار جارە تاووتوێ دەکردەوە و مێشکی خۆمم لەگەڵیدا دەکرۆشت، تا دەیخستمە گینگڵدان و تەپاوتلکردن. ئینجا بڕیاری بێ کۆتایی و بە دوایدا خۆ بە دەستەوەدانی هێزە ئەفساناوییەکەی خەو.

***

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامدا بە ئاواتەکەم هەر گەیشتم و دواندم.. ئا.. گوڵچین خانم دواند!. چۆن؟. دیارە هەر بەهۆی منداڵەکانەوە کە وەك بۆم دەرکەوت، ئەویش لەلای خۆیەوە هەر هەمان هۆی دەستنیشان کردبوو.

من لەسەر پیشەی خۆم چووم بەدوایاندا کە لە باوەشیان بگرم و بیانهێنم بۆ ماڵی خۆمان. کەچی لە باتیی ئەوان لووتم بوو بە لووتی دایکیانەوە کە درزێکی کردە دەرگەکەوە بە دەنگێکی نزم و بەلەرەیەکی ئەوتۆوە کە لە هەموو سەر زەمیندا مەگەر تەنیا من لە مانا و نهێنییەکەی تێ گەیشتبم، وتی:

– نووستوون.. ئەگەر حەز دەکەیت با خەبەریان بکەمەوە؟. ئەمە یەکەم جار بوو ئاوەها لە نزیکەوە رووبەڕووی یەکتر دەبووینەوە و چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوت. من لەو ساتانەدا پڕ بە دڵ حەزم دەکرد سەرنجێکی زۆر قووڵی بدەمێ و چاو لەسەر ڕووی لانەدەم. بەڵام حەزکردن شتێکە و بەدیهێنانی شتیکی تر. بۆیە هەر زوو چاوم کەنار خست و وتم:

– نەء.. نەء.. وازیان لێ بێنە با بنوون.

من رووم وەرگێڕا بکشێمە دواوە، بەڵام ئەو کەوتەوە قسە و وتی:

–کە هەڵسان دەیانهێنم بۆ لات.

لە وەرامدا تەنیا وتم:

– باشە.

ئیتر جێم هێشت و چوومەوەماڵەوە و خۆم گەیاندە ژوورەکەم. لەوێ گلەییەکی زۆرم لە خۆم کرد کە بۆچی ئەو هەلەم لە دەست دا و وا زوو کشامە دواوە!. لە دڵی خۆمدا دەموت: خۆ من بۆ هەلێکی وەها ئارامم لەبەر هەڵگیرابوو. کەچی کە ئاوەها سووك و ئاسان بۆم هەڵکەوت، زۆر بەبێ فەڕی لە دەست خۆمم دا. ئای کە بوودەڵە و بێ دەسەڵاتم.

ئینجا هیچم بۆ نەمایەوە کەوتمە چاوەڕوانکردن. ها ئێستا ها ساتێکی تر منداڵەکان دێنێ و دێت. بەردەوامیش یا لە ژوورەوە لەلای دایکم یا لە حەوشەکەدا خۆم خەریك دەکرد و بەتایبەتیش لە دالانەکەدا، بەو نیازەی کە هات لەویدا تووشی ببم و دوور لە چاوی دایکم، دوو قسەی لەگەڵدا بکەم. چاوەڕوانکردنەکەم زۆر درێژەی کێشا، بەڵام لە ئەنجامدا پەیدا بوو. ئەو ساتە من لە سووچێکی حەوشەکەدا خۆم بە ئینجانەیەکی گوڵەوە خەریك کردبوو. زۆر بە پەرۆشەوە سەرم بەرز کردەوەو بۆم روانی. وام هاتە پێش چاو کە زەردەخەنەیەکی پڕ مانای بەسەر لێوەوەیەو بەتایبەتی ئاراستەی منی دەکا. ئەوە ئان و سات تەزوویەکی بە ناخی دەروونمدا برووسکە پێ دا و شڵەژاندمی. ئیتر ئەویش وەك هەستی کردبێ، هەر خێرا زەردەخەنەکەی لەسەر لێوی خۆی کوژاندەوە و دەنگە ناسکەکەی وەك ئاوازێکی هێجگار بە سۆز گەیاندە بەرگوێم کە وتی:

–وا هێنامن.

من هیچم نەوت. تەنیا چووم بە پیریانەوە. ئەو بە ئەنقەست بە دەمییەوە وتی:

–خۆیان هەڵنەسان، من خەبەرم کردنەوە.

لە ناخی دڵەوە دەمویست و حەزم دەکرد، بە قسەیەکی بە مەغزای لە بابەتی ئەوەکەی ئەو وەرامی بدەمەوە، کەچی دەمم چووە کلیلە و هیچم بۆ نەوترا. من منداڵەکانم لە باوەش گرتن و ئەویش رووی کردە ژێرخانەکە بۆ لای دایکم.

***

## ٣

ئیتر لەو کاتەوە زۆر شت لە گوڵچین خان رووی لە گۆڕان کرد. زۆر نیشانەی لەوەبەری پێوە ون بوون و زۆری تازەیشی تێدا دەرکەوتن. هەستم بەوە کرد کە وەك جاران خۆیم لێ ناپارێزێ و سڵم لێ ناکاتەوە. جاران کە لە ماڵی خۆمان رێکەوتیم دەکرد، گورج سەرپۆشەکەی لە خۆی دەپێچا و پشتی تێ دەکردم. کەچی لەو وەختەوە، سەیرم دەکرد هیچ خۆی تێك نادا و هەر لەسەر ئەو باری دانیشتنەی خۆی دەمێنێتەوە. بگرە وردە وردە وای لێ هات کە ئەگەر پشتیشی لێم بووایە، هەوڵی دەدا رووم تێ بکا. منیش کە ئەمانەم لێ دەدی، وام لێ هات تا بێ پتر تین بدەمە بەر خۆم و لەو قاووغی شەرمنی سڵکردنەوەیە بچمە دەرەوە. کە دەهاتە ماڵمان بەخێرهاتنم لێ دەکرد و کە هەلیشم بۆ هەڵدەکەوت و لە هەر شوێنێکدا بە تەنیا بمدیایە، بەگەرمەوە چاك و چۆنیم لەگەڵ دەکرد و تەقەلام دەدا درێژە بەقسەکردن بدەم لەگەڵیدا.

زۆری پێ نەچوو لەوە بەولاتریشەوە چووین. سەروڕوومان وەها لەگەڵ یەکتردا کرایەوە کە زۆر ئاسایی و بەبێ شەرمکردن پێکەوە دەدواین و بگرە جارەهاش، کاتێ قسەیەکی خۆش بهاتایە ئاراوە، دەماندایە قاقای پێکەنین. تەنانەت جارێکیان وا رێککەوت کە من بە پرتاو خۆمم کرد بە ژووردا و ئەویش هەر لەو ساتەدا دەهاتە دەرەوە، ئەگەرچی هەریەکەمان تەقەلای دا لەوی تر کەنار بکەوێ، بەڵام بە ناچاری بە یەکماندادا!. ئەوی ڕاستی بێ من زۆر تەریق بوومەوە و پەشۆکام. ئەویش هەرچەندە لە سەرەتادا کەمێك حەپەسا، بەڵام لەپڕێکدا دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ و بەدەم توانجێکی تێکەڵ لە گاڵتەوگەپەوە وتی:

–ئای چەند فێڵبازیت؟.

من بەم قسەیەی هێندەی تر تەریق بوومەوە و زیاتر شڵەژام. بێ ئەوەی هاوبەشی بکەم لە پێکەنینەکەیدا یا هیچ وەڵامێکی بدەمەوە، بەخێرایی داڵان و حەوشەکەم بڕی و خۆم گەیاندە ژوورەکەم. بەدەمییەوە دەنگی دایکم هاتە بەرگوێ کە وتی:

–چییە ئەوە!.. راو نراویت؟!. ئیتر کە گەیشتمە ژوورەکەم و کەمێ هێور بوومەوە، چەندە سەرم هێناو سەرم برد، نەگەیشتمە ئەنجام کە ئاخۆ دایکم ئاگای لەو کەین و بەینە بووە یان نا؟!.

وەکی تر سەیرم کرد بەنهێنیش گەلێ کردەوەی ئەوتۆی لێ دەوەشێتەوە کە سەرسامم دەکا. هەستم کرد کە هەر هێندەی فرسەت بێنێ، بە دزییەوە سەرنجم لێ گیر دەکا و بە وردی تێم دەڕوانێ. ئینجا کە منیش سەرنجم دەدایە ئەو و چاومان یەکانگیر دەبوونەوە، دەشڵەژا گورج چاوی لێ کەنار دەخستم و بەدوایدا تاسێکی قووڵ دەیبردەوە و پەردەیەکی خەفەتباری بە ڕوویدا دادەکێشا. من لە سەرەتادا گوێم نەدەدایە و بە رێکەوتم دادەنا و لە دڵی خۆمدا دەموت: «گوایە چەند کەسێك لە ژوورێکدا دانیشتبن ئەگەر سەیری یەکتر نەکەن ئەی چی بکەن!. دەشێ هەموو سەر دابخەن، یا چاو ببڕنە بنمیچەکە و بەو شێوەیە لەگەڵ یەکتر بدوێن؟!». ئا.. لە سەرەتادا وەهام لێك دەدایەوە! بەڵام هەر زوو ئەوەم لا روون بووەوە کە هەموو سەیرکردنێك وەك یەك نییە و هەستیش بۆ مرۆڤ دروست کراوە کە ئەم جۆرە باس و خوازە وردانەی پێ لە یەکتر جیا بکاتەوە. بەڵێ.. سەرنجەکانی ئەو گەلێك لەوەکانی دایکم جیاوازن و ئەو تاسبردنەوە قووڵە پڕ ئەندێشەیەشی، بابەتێکی تایبەتییە و مەغزای خۆی دەدا. کە باسەکەم ئاوەها ورد دەکردەوە، دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە نهێنییەك لە ئارادایە و زەفەری پێ نابەم!. نهێنییەکی دوو سەرەی ئەوتۆ کە چەندی لە دەروونی گوڵچین خاندا لێ حەشار داوە، هێندەشی لە ناخی دەروونی مندا شاردراوە و بزرە!. شەوەهام لە خولیای دەسنیشانکردنی ئەو نهێنییەدا لەناو جێگەدا بە دەم گینگڵدانەوە رۆژ دەکردەوە، بێ ئەوەی بگەمە دوا ئەنجام.

***

هاتوچۆکردنی بۆ لای دایکم تا دەهات پەرەی دەسەند، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ کە وا دەبوو لە رۆژێکدا سێ جار و چوار جار دەهاتە لای. ئەمە بەسەرزاری شتێکی سەیر نەبوو. دایکم لە من زیاتر منداڵی تری لای خۆی نەمابوو. بە درێژاییی رۆژ لە ماڵەکەدا بە تەنیابوو، مەگەر خوشکەکانم و منداڵەکانیان بەیناوبەین سەریان لێ بدایە. لەبەرئەوە زۆری لێ خۆش دەهات کە هەردەم هاودەمێکی وەك گوڵچین خانی هەبێ کاتی لەگەڵدا بەسەر بەرێ. تەنانەت جارەها گوێم لێ دەبوو کە ئەم پێخۆشحاڵییەی خۆی بۆ باوکم باس دەکرد و سوپاس و ستایشی خودای دەکرد کە ئەو هاودەمەی بۆ رەخساندووە. ئا.. بەسەر زاری وەهابوو. بەڵام بەلای منەوە بەجۆرێکی تر بوو. بەلای منەوە نهێنییەك لە ئارادا بوو. «ئەگەر نهێنییەك لە ئارادا نەبێ، ئەی یانی چی کە هەر هێندەی من دەکەومە ماڵەوە ئەویش گورج لای دایکم قوت دەبێتەوە». لە دڵی خۆمدا

وەهای بۆ دەچووم و هەستم بەوە کردبوو کە ئەو نهێنییەی من وێڵی دەستنیشانکردنی بووم ئا لێرەدا بوو. بەڵام باوەڕم بەدڵی خۆم نەدەکرد. یا وەکی تر بڵێین: نەمدەویست باوەڕی پێ بکەم و زاتم نەدەکرد دانی پێدا بنێم، تا دایکم لەلای خۆیەوە زۆر لە روو درکاندی و بە دەم پێکەنینێکی پڕ لە گاڵتەوگەپەوە وتی:

– وای لێ دێ شەویش بێتە لای ئێمە و لە ژوورەکەی لای تۆ بنوێ.

ئەو قسەکەی وەها ئاسایی و بێ مەبەست کرد کە گوایە من هیچ حسابێکی بۆ نەکەم و تەنیا وەك گاڵتەیەکی وەربگرم. بەڵام لەلای خۆمەوە بۆماوەی چەند ساتێك حەپەسام و تاس بردمییەوە. من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە تا ئەم رادەیە وردبین و بە ئاگا بێ. بۆیە قسەکەی بەلامەوە چەندە چاوەڕوان نەکراو و لە ناکاو بوو، هێندەش راست و راست رای گەیاند کە تا چ رادەیەك ئاگەداری سەراپای کردار و رەفتاری گوڵچین خانە بەرامبەر بە من و دیارە دەبێ ئاگاداری ئەوەکانی منیش بێ بەرامبەر بەو. هەرچۆنێك بێ هەوڵم دا نەیەڵم بشڵەژێم و لە کانگای دڵەوە لە وەڵامدا وتم:

– قەت خوا نەکا دایە شتی وەهام لێ بوەشێتەوە. منێك شیری تۆم خواردبێ چۆن کردەوەی وا ناپەسند دەگرمە خۆم؟.

ئیتر ئەویش کە ئەم وەڵامەی لێ بیستم، زوو پەشیمان بووەوە و هەر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

– چەند خۆش بڕوایت!.. گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. من دڵنیا بووم کە ئەو گاڵتەم لەگەڵ دەکا. بەڵام ئەی خۆم؟!.. ئاخۆ لەو وەڵامەدا کە دامەوە راستگۆ بووم؟!. ئەوی راستی بێ لە خۆم دڵنیا نەبووم و گومانم هەبوو، ئەگەر چی وەڵامەکەشم لە ناخی دڵەوە بوو.

٤

ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار هاتە ژوورەکەم بۆ لام. وەها خۆی رازاندبووەوە کە دەتوت بووکێکە و بۆ زاوا دەکرێتە پەردە!. کراسێکی برنجۆکی وەك چوری شیر لەبەردا و بە ژێریدا ئاوەڵ کراسێکی خامەکی ئاڵ وەك خوێن. ئینجا بە سەریدا سوخمەیەکی گوروونیی گوڵ هۆقە کە دوگمەی هەرە خوارەوەی هێندە توند داخستبوو لەشی لە ناوقەددا کردبوو بە دوو کەرتەوە. من قسەی خۆمان بێ، هەر لە یەکەم ساتەوە کەرتی سەرەوەی تەواو سەرنجی ڕاکێشام و چاوم بەسەریدا روا. من لە گفتوگۆی هاوەڵەکانمدا و بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە من بەرەو ژوورتر بوو، زۆرم لەبارەی کوڵمی ئاڵ و

چاوی ڕەش و نیگای گەش و زۆریشم لەبارەی گەردنی ساف و سنگ و مەمانی قوت و ناوقەدی باریك بیستبوو.

هەروەها کەمێکیش لە ناوقەد بەرەو خوار. کەچی ئەوە تا ئێستا گشت ئەو شتانەی بە چاوی خۆم و زۆر لە نزیکەوە دەبینم. بەڵێ.. ئەو ڕۆژە کە بۆ یەکەم جار هاتە ژوورەکەم بۆ لام، ئەوەها هات و ئاوەها لە نزیکەوە خۆی نیشان دام و وەك لە خەوی حەوت شەو و ڕۆژە بەخەبەرم بێنێ، لە ماوەی چەند ساتێکدا لە قۆناخێکی تەمەنەوە گواستمیەوە بۆ قۆناخێکی تر!.. لە منداڵێکەوە کردمی بە پیاوێك!. ئەو شتانەی لەوەپێش بەبیستن دەمبیستن و بەلامەوە تەنیا بریتی بوو لە کۆمەڵێك وتەی بێ سەروشوێن و هیچیان لێ حاڵی نەدەبووم و وەك تووتییەك دەموتنەوە، ئێستا ئەوەتا لە نزیکەوە.. زۆر لە نزیکەوە دەیانبینم و هەستیان پێ دەکەم و بگرە تەزوویەکی گەلێ خۆشیش بەلەشمدا دێنن و بەشێوەیەکی سەیر مەستم دەکەن، ئەگەرچی ناشزانم ئەمە بۆچی و چۆن ڕوودەدا!.

من ئاگام لە خۆم بڕابوو. بێ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم زۆر بە پەرۆشەوە چاوم بە سەرتاپای لەشیدا دەگێڕاو تێی ورد دەبوومەوە. لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە کە نەمدەزانی چەند جارم دووپات کردووەتەوە و چەندی خایاندووە!. بەڵام ئەو لای خۆیەوە رای چەناندم و وریای کردمەوە کە بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ ماناوە وتی:

– بەسە!.. چاوت ڕوا!.. بۆ وا تێم دەڕوانیت؟. خۆ جنۆکە نیم.

بە دوایدا هەستم کرد خوێن هوروژمی هێنا بۆ سەر و ڕووم و گەرم داهات. لە تەریقیدا دەمم بەیەکدا هات و زمانم لاڵ بوو. نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. تەنیا ئەوەندەم پێ کرا بڵێم:

– تیتلە و بیبیلەکان کوان؟!.

منداڵەکانیم وەها ناو دەبردن. وتی:

– لە خوارەوەن.. لای دایکتن.

من بێدەنگ بووم، ئەگەرچی بە دوای باسێکدا دەگەڕام بیکەمە جەمسەری گفتوگۆ لە نێوانماندا. کەچی ئەو لە ناکاو لێی پرسیم:

– خۆزگە دەمزانی تۆ ئەو منداڵانەت بۆچی هێندە خۆش دەوێ؟!. لە وەرامدا وتم:

– چونکە زۆر جوانکەلەو ئێسکسووکن.

بەڵام بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە نازەوە وتی:

– وەکو دایکیان؟!. بەدوایدا سەرنجی بەسەر ڕوومدا رواند، لەگەڵ بەردەوامیی زەردەخەنەکەی سەر لێوی. پێوەی دیاربوو کە بۆ وەرگرتنی وەڵام زۆر بەپەرۆشە. کەچی من وەرامم هەر نەدایەوە، چونکە لە راستیدا نەمدەزانی چۆن وەرامی بدەمەوە.. ئاخۆ نەء؟!.. نەمدەزانی. ئیتر کە هەر چاوەڕوانی کرد و وەرام نەبوو، وازی هێنا و چوو خۆی بەکتێبەکانەوە خەریك کرد. ئینجا چاوێکی بەدیواری ژوورەکەدا گێڕا کە چەند وێنەیەکم پێوە هەڵواسیبوون و زۆربەیانی دیمەنی جوانی سروشت بوون لەگەڵیاندا وێنەی ئافرەتێك بوو کە لە کۆوارێکی رەنگاوڕەنگم دەرهێنابوو. کە چاوی پێ کەوت لێی نزیك بووەوە. ماوەیەك پیایدا هەڵڕوانی و بەدەمییەوە پەیتا پەیتا دەیوت:

– خوا هەڵناگرێ جوانە. تا لە پڕ رووی بەلامدا وەرگێرا و وتی:

– تو خوا کامەمان جوانترین من یا ئەو؟!.

دووبارە تەنگەتاوی کردمەوە. ئەم جارە پێم نا بە جەرگی خۆمدا و تینم دایە بەرخۆم. بەپەرۆشەوە وتم:

– تۆ!.

هەستم کرد وەرامەکەم گەشکەیەکی وەها پێ دەدا، کە دەتوت خۆشترین مژدەی لە ژیانیدا دراوەتێ. ساتێك لێم راماو بزەیەکی گەشتری خستە سەر لێوی خۆی و لە وەرامی ئەو وەرامەمدا وتی:

– دەکەوابێ وێنەیەکی من هەڵواسە لە باتی ئەو. لەو کاتەدا دەنگی (نەسرین)ی دراوسێمانمان هاتە بەرگوێ کە لەگەڵ دایکمدا دەدوا. نەسرین منداڵترین کچی ناو کۆڵانەکەمان بوو. لە تەمەندا دوو ساڵ لە خۆم منداڵتر بوو. ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر هاتوچۆی لای دایکمی دەکرد و بگرە لە ئیش و کاری ناوماڵیشدا زۆر یارمەتیی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە چاکوچۆنیی سەرپێیی بەولاوە، دەم و دوومان لەگەڵ یەکتردا نەبوو.

گوڵچین خان هەر کە دەنگی ئەوی بیست، یەکسەر گەشکەکەی ڕووی کوژایەوە و پەردەیەکی پەژارەواریی پێدا داکیشا. بەدەنگێکی نزم وەك لەبەرخۆیەوە بدوێ وتی:

– نەسرین هاتوچۆتان زۆر دەکا.

من نەمدەزانی لە کوێوە قسە دەکا، ساوێلکانە لە وەرامیدا وتم:

– دایکمی زۆر خۆش دەوێ.

کەچی ئەو بەتەوسێکەوە وتی:

– دایکت یا تۆ؟!.

ئەوەندەی وت و بەدوایدا بەخێرایی لە ژوورەکەم چووە دەرەوە و بەجێی هێشتم.

***

ئەو شەوە تادرەنگ وەختێك خەو نەچووە چاوم و لەناو جێگەکەمدا هەر تەپاو تلم بوو. بیر و هەست و هۆشم ئالآبووە کلافەیەك باس و خوازی ئەوتۆوە کە هەرچەندەم دەکرد لێیان دەرباز نەدەبووم. جارەها جار بەقسەکانی ئەو رۆژەی گوڵچین خان چوومەوە و لە دڵی خۆمدا وتمنەوە: «خۆزگە دەمزانی تۆ ئەو منداڵانەت بۆ هێندە خۆش دەوێ؟... وەکو دایکیان؟.. کاممان جوانترین؟!.. وێنەیەکی من هەڵواسە.. دایکت یا تۆ؟».

ئەم دوایین قسەیەیم ورد کردەوە. ئاخۆ ئەو چۆنی تێ دەگا؟!. بێگومان وەهای تێ دەگا کە نەسرین حەزی لێ کردووم و ئەو هاتوچۆکردنەی لەبەر منە. سەیریش ئەوەیە کە ئەم کارەی لێ خۆش نایەت!. شێوەی قسەکردنی و پەژارەی سەر ڕووی وەهای دەنواند. بەڵام بۆچی؟!. تۆ بڵێی گوڵچین خان هێندە شێت و شیدام بووبێ کە نەسرین بەدوژمنێکی خۆی بزانێ؟!. ئا.. گومانی تێدا نییە وایە. من تا ئەمڕۆش ئەگەرچی جار جارێك لە دڵی خۆمدا شتێکم لەم بابەتە دەوت، بەڵام لێی دوودڵ دەبووم. کەچی وا قسەکانی ئەمڕۆی هیچ گومانێکی لە دڵمدا نەهێشت. گوایە من ئەوەندە گێژ و حۆلم هەست بەوە نەکەم کە ئەو قسانەی ئەمڕۆی چی دەگەیەنن و چ مەبەستێك بەدەستەوە دەدەن؟!. دیارە.. زۆر بە ئاشکرا دیارە کە حەزی لێ کردووم و شێت و شەیدام بووە.

کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە. هەستم کرد شەماڵێکی ئەفساناویی سەیر ختووکەی دڵ و دەروونم دەدا و وەك باڵندەیەك بە ئاسماندا هەڵم دەفڕێنێ. «حەزی لێ کردووم شێت و شەیدام بووە!». وتەکەم بە تام و کام دووبارە و سێ بارە و سەد بارە لە دڵی خۆمدا دەوت و دەوتەوە. ئەوسا جڵەوم شل کرد بۆ خەیاڵ. « گوڵچین خۆی لە تەل داوە، کت و مت وەك ئەمڕۆی. بەلەنجە و لار و بەدەم زەردەخەنەیەکی دڵفڕێنەوە لێم نزیك دەبێتەوە.. زیاتر لێم نزیك دەبێتەوە تا تەواو ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستین. دەست

دەکاتە ملم. دەم دەنێ بە دەممەوە. ماچم دەکا. منیش باڵم درێژ دەکەم و دەیانئاڵێنمە ناو قەدی و دەینووسێنم بە خۆمەوە. منیش ماچی دەکەم. ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارە دەمێنینەوە و ئیتر دەست و دەم و لێو لە یەکتر بەردەدەینەوە!...» خەیاڵەکەم تەنیا هێندە بڕی دەکرد. ئەوسا ئیتر بە ئاگا دەهاتمەوە و لەناو جێگەکەمدا بۆ سەر بارێکی تر تلم دەدا.

لە گەرمەی تەوژمی خەیاڵێکی ئاوەها خۆشدا بووم کاتێ لە ناکاو خورپەیەکی تیژ وەك برووسکە دای لە هەناوم و دڵمی گوشی!.. «ئەی گوڵچین خان ئافرەتێکی بەشووە؟!.. ئەی خۆ مێردی هەیە و دوو منداڵیش؟!» ئەمە تەواو دڵتەنگی کردم و بوو بە ئازارێکی دەروونیی کوشندە. بەتایبەتی کە هەر زووش ئەو گفتوگۆیەی هێنایەوە بیرم کە سێ چوار شەو لەوەبەر لە نێوان باوکم و خاڵە عەولدا رووی دا و کە من لەولاوە بە دڵێکی ساف و هەست و بیر و هۆشێکی بێ گەردەوە، لە لاپەڕەیەکی سپیی نوێی مێشکمدا تۆمارم دەکرد و بڕیارم وابوو وەك دەروێشێك کرداری پێ بکەم و لێی لانەدەم.

قسەیان لەسەر پیاوی رەوشتخراپ و داوێنپیس بوو. هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە سەر و پۆتەلاکی مرۆڤی داوێنپیسی دەکوتایە و بە لێشاو تف و لەعنەت و جنێویان بەسەردا هەڵدەڕشت. بڕوایان وابوو کە ئەو جۆرە مرۆڤە نەك تەنیا مۆریانەی گیانی خۆیانن، بگرە گیانی دەیەهای تریش دەکرۆژن و ژیانیان لێ دەکەنە دۆزەخ. هەروەکو بڕواشیان وابوو کە گوناهی داوێنپیسی  بە هیچ جۆر ئاوێك ناشۆردرێتەوە و هیچ سزایەك بە تۆڵەیدا ناگا. بەم شێوەیە لە باسەکە دەدوان و زۆر بەپەرۆشەوە یەك بەدوای یەکدا بیروڕای خۆیان لەسەر دەردەبڕی. تا هاتە سەر ئەوەی کە لە کۆتاییدا خاڵە عەول سووکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و من واهاتە پێش چاوم کە لە نیوەیدا قرتاندی و وتی:

– میرزا.. ئەوەش بزانە کە داوێنپیس قەت بۆی ناچێتە سەر. ئەگەر ساڵەهاش لە باوەشی نەرمونۆڵی ئەو داوێنپیسیيەیدا بە خۆشی و دڵنیاییيەوە بەسەر بەرێ، ساڵەهاش بتوانێ چاو لەو گوناهە گەورەیەی خۆی بخەفێنێ و خۆی لێ هەڵە بکا، لە ئەنجامدا لووتی هەر دەچزێ بە ساجی ئاگرینی ئەو داوێنپیسییەیدا. ئینجا ئەوسا بە درێژایی ژیانی پەنجەی پەشیمانی دەکرۆژێ و داد دەباتە بەر خوا و سوژدەی تۆبەکردن دەیپڕووکێنێ. ئەوسا تا مردن ئەندێشەی ئەو رابردووە چڵکنە و ژەهراوی ئەو داوێنپیسییەی دەنۆشێ.

ئەو شەوە ئەم قسانە کارێکی قووڵیان لێ کردم و بۆم بوونە مشتێکی تر لە پەند و ئامۆژگاری و چووە سەر ئەو پەند و ئامۆژگارییانەی کە هەر لە منداڵیمەوە لەلایەن دایکم و باوکمەوە بەنیازی پاراستن و دوورخستنەوەم لە خراپەکاری، بەردەوام دەدران بەگوێمدا و دەچەسپێنرانە مێشکمەوە. لەبەرئەوە هەر کە گفتوگۆکەی ئەو شەوەم هاتەوە یاد قسەکانی خاڵە عەولم بیرکەوتنەوە، لە دڵی خۆمدا بەراوردێکی گەلێ سامناکم خستە پێش چاوی خۆم و وتم: ئاخۆ بەستنی پێوەندییەك لەو بابەتەی کە بە سەرزاری خۆمی لێ دەپارێزم و بەڵام لە ناخی دڵ و دەروونمدا حەزی پێ دەکەم و ئەوەتا شەوگارێکی دوور و درێژ خۆمی پێوە خەریك دەکەم و بیرو هۆشی خۆمی بۆ هەڵدەووشم، ئاخۆ ئەوە ئەو داوێنپیسی و بەدڕەوشتییە نییە کە ئەوان لێی دەدوان و تف و لەعنەتیان دەکرد؟.

ماوەیەکی زۆر گیرم خوارد پێش ئەوەی بتوانم وەرامی ئەم پرسیارە سەخت و ستەمە بدەمەوە. ئەوی راستی بێ هۆی گیرخواردنەکەم لەوەوە هاتبوو کە زاتم نەدەکرد وەرام بدەمەوە خۆمم لێ دەدزییەوە. چونکە کە جڵەوی حەزو ئارەزووەکەی ناو ناخی دڵم لە دەست بەرەڵلا دەبوو، مەیلم بەلای ئەوەدا کز دەبوو کە لە وەرامدا بڵێم: «با!». بەڵام کە ئەوەشم دەهێنا پێش چاوی خۆم چۆن ئاشکرا دەبین و پێمان دەزانرێ و چۆن باسەکە وەك ئاگر و پووشوو لەناو کۆڵانەکەدا و دوا جار لە سەرتاپای گەڕەك و بگرە شارەکەشدا بڵاودەبێتەوە، چۆن خاڵە عەول و دایکم و باوکم هەر یەکە لەلای خۆیانەوە شێت و هار دەبن و دەمدەنە بەر لێشاوی قسەی ناشیرین و جنێوو فەزیعەت و بگرە دەشێ باوکم لە ماڵ دەرم بکا و دەربەدەر ببم و ببمە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی دۆست و برادەر و ناسیاوان، کە گشت ئەمانەم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، ترس و سامێکی دڵپڕوێن دای دەگرتم و ئازارێکی تیژی وەك دەمی گوێزان جەرگمی پارە دەکرد. بە دوایدا هەموو گیانم دەنیشتە سەر ئارەقێکی گەرم و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو بارەم سست دەبووم. ئینجا ئەوسا لە کانگای دڵەوە لە وەڵامدا دەموت: «بەڵێ.. ئا.. داوێنپیسییە.. بەدڕەوشتییە.. بگرە کار و کردەی ئاژەڵە نەك ئادەمیزاد».

ئەو کاتەی گەیشتمە ئەم ئەنجامە، رووەو پەنجەرەی ژوورەکەم راکشابووم. سەرنجم دا سپێدەی داوە. خۆم خستە سەرپێ و چوومە بەرپەنجەرەکە. رووبەڕووی شاخی ( گۆیژە) بوومەوە کە ئاسۆ بەودیویدا سپی باو دەینواند.

هەر لەو ساتەدا دەنگی بانگ و سەڵای مەلای مزگەوتەکەی نزیکمانم هاتە بەر گوێ

کە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم، ئارام و سرەوتێکی ئەفسانـاویی بە هەست و بیر و هۆشم دا.

بە دوایدا کە گەڕامەوە سەر جێگەکەم و ڕاکشامەوە، هەر خێرا خپ بووم چوومە باوەشی شیرین خەوێکی خۆشەوە.

٥

تاریکیی شەو هێشتا بە تەواوی نەڕەویبووەوە و ورتە و جووڵە لە هیچ کووچەیەکی شارەوە نەدەبیسترا، کاتێ ناو کۆڵانەکەی ئێمە ورووژا و لەو ناوەختەدا هەرا و ئاژاوەی تێ کەوت.

هەموو ساڵێك کردبوومانە پیشە کە گشت دانیشتووانی کۆڵانەکە لە ناوەڕاستی بەهاردا سەیرانێکی بە کۆمەڵمان دەکرد و ئەو ڕۆژەمان دەبووە زەماوەندێکی ئەوتۆ کە تا ساڵی داهاتوو تام و لەزەتەکەی لەژێر دانماندا بمێنێتەوە. ئیتر سەیرانێك بێ و ماوەی ساڵێکی رەبەق چاوەڕوانی بکرێ، دەبێ چۆن سەیرانێك بێ!.. هەر مەپرسن.

ئەو ڕۆژە وەك ساڵانی پێشوو، گەورە و بچووکی ناو کۆڵانەکە بەو ناوەختە کەوتبووینە هەڵەکەسەما و فڕکان فڕکان. هەر خێزانە و لەلای خۆیەوە بە پەلەپڕووزێ کەلوپەلی خۆی ئامادە دەکرد و دەیپێچایەوە. ئیتر لە ماوەی تەنیا نیو سەعاتدا هەموو کەوتنە سەرپێ و زۆری پێ نەچوو بەرەو سەیرانگاکەمان کەوتینە رێ.

هەموو شت کامەرانی لێ دەباری و بە ناخی دڵدا دەتکایە خوارەوە. ئەو ڕۆژە گەشەی تازە لە دەم کەلەوە سەری دەردەهێناو پرشنگە زێڕینەکانی بە گشت لایەکدا پەرش دەکرد. ئەو شاخ و کێوە بڵندانەی کە بەفری زیوینی لووتکەکانیان لەژێر تیشکی ڕۆژەکەدا دەبریسکایەوە. ئەو کانی و جۆگەلە ئاوانەی بە قەدپاڵەکاندا بەرەو خوار دەبوونەوە و ورشەی قەڵبەزەیان لەگەڵ پرشنگی ڕۆژدا بەربەرەکانێی دەکرد. دار و درەخت و دەغڵ و دان و گژوگیای سەوز.. پەڵە گوڵزاری هەمەڕەنگەی پانایی دەشت و وەردەکان.. سەرباری ئەمانە هەموو، شەماڵێکی ناسکی هێمن کە دەبووە هەناسەی بۆن خۆشی سروشتە دڵگیرەکە. بەڵێ... هەموو شت کامەرانی و شادومانی لێ دەتکاو بە ناخی دڵدا دەچووە خوارەوە، بەتایبەتی ئەو دڵانەی چووبوون ڕۆژێك لە تەمەن لە باوەشی نەرمونۆڵ و بەسۆزی ئەو سروشتە رەنگینەدا بە بەختیاری و ئاسوودەگی بەسەر بەرن.

خۆ نەك تەنیا سروشت پڕشنگی کامەرانیی دەهاویشتە ناو ناخی دڵی سەیرانکەرانەوە، بگرە ئەوانیش لە بەرگی ئاڵوواڵایاندا، لە هەڵسان و دانیشتن و قاقای پێکەنینیاندا، لە چاوی رەش و گۆنای گەش و لێوی ئاڵیاندا و لە هەر جووڵە و ورتەیەکیاندا، ئەوپەڕی ئاسوودەییان دەنواند و شەپۆلی شادمانییان تێکەڵ بەو سروشتە رەنگینە دەبوو.

ئەمە تاقە رۆژێك بوو لە ساڵدا کە گرژی و مۆنی و پەژارەواری لە ڕووی هیچ کام لەوانەدا بەدی نەدەکرا. هەموو ئەگەر تەنیا بۆ ئەو تاقە رۆژەش بووبێ، خەم و خەفەت و دەردەسەری ژیانیان دەخستە لاوەو زۆر بە جۆش و خرۆشەوە رووەو سەیرانگا دەچوون و بە ئاواتەوە دەبوون ساتێك زووتر بگەنە جێ و کۆڕی شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ گەرم بکەن.

دڵی منیش وەکو هەموو ئەو دڵانە، سواری باڵی کامەرانی بووبوو. بە بینینی ئەو سروشتە رەنگینە گەشکە دەیگرت و بە دەم خۆشی و شادمانیی ئەو دڵانەی دەوروپشتییەوە دەخنایەوە و شان بەشانی قاقا و تریقەی پێکەنینی ئەوان دەتریقایەوە، چونکە کتومت وەك ئەوان، ئەو نەختە ئەرك و خەفەتەی تەمەنی شازدە ساڵەی خۆی خستبووە لاوە و فەرامۆشی کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دڵی من ئەو رۆژە تا سەر ئەمەی بۆ نەچووە سەر، بگرە هەر زوو ڕووبەڕووی نەختە ئەرك و خەفەتەکەی ئەو تەمەنەی بووەوە و زۆر زەق و تیژ و کاریگەر، لە دووریی تەنیا چەند بستێکەوە بەدیی کردەوە.

لە رێگە، لە ئاستی کانیاو و مێرگوزارێکی گەلێك دڵگیر و جواندا راوەستاین و لەسەر داخوازیی هەمووان، بۆ کورتە حەسانەوەیەك لامان دا. هەندێك هەر لەگەڵ دابەزینماندا ئارەزووی ژەمێك هەڵپەڕکێ دایگرتن و ماوەیەکی کورتیان بەوشکی پێوە بەسەر برد. ئینجا سەرکەوتینەوە بۆ ناو ئوتۆمۆبێلەکە تا بەرەو سەیرانگاکەمان بکەوینە رێ. بەڵام چیم دی؟!. گوڵچین خان!.. ئا گوڵچین خان هات و یەکسەر خۆی کوتایە تەنیشتمەوە.

وەهاش بەدڵنیاییيەوە لەو شوێنەدا دانیشت کە هێز نەبێ بتوانێ لەوێی هەڵبکەنێ!. من لەلای خۆمەوە هێشتا سوور بووم لەسەر بڕیارەکەی ئەو شەوەی لەوەبەرم. بۆیە هەر کە بینیم تەقەلام دا چارەسەرێکی خێرای ئەم گرفتەم بکەم و دەرفەت بۆ خۆ لێ

رزگارکردنی بدۆزمەوە. تەقەلام دا.. ئا بەڵێ زۆر بەدڵسۆزییەوە تەقەلام دا. بەڵام بێ سوود بوو. هەر کەسەو بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی جێگەی خۆی گرتبوو. خۆ نەشدەکرا بە ئاشکرا هاوار بکەم و بڵێم: «خەڵکینە فریام بکەون... من نامەوێ لەم جێگەیەدا دابنیشم! نامەوێ ئەم گوڵچین خانە ئاوەها لە تەنیشتمەوە دابنیشێ و ران بنێ بە رانمەوە!.. خەڵکینە بۆ خوا فریام بکەون».

ئوتۆمۆبێل کەوتەوە رێ و کەوتەوە هەڵتەکاندن و بەیەکدادانمان. بەڵام هەرزوو هەستم کرد کە ئوتۆمۆبێل گوڵچین خان لە هەر یەکێکی تر زیاتر هەڵدەتەکێنێ و بە توندی جەستەی دەهێنێ و دەبا و بە زۆریش هەر بەلای مندای دەهێنێ و دەبا!. لەو ساتانەدا هێشتا بڕیارەکە لە بیرو هۆش و هەست و نەستمدا لێی کەل نەبووبوو. هێشتا هەر بەتوندی لە دەرگای مێشکی خۆم دەدا و دەموت: داوێنپیسی و خراپەکارییە. ئا داوێنپیسی و خراپەکارییە!. بۆیە چەندە خۆی بەلامدا دەشکاندەوە و شان و ران و پووزی لە شان و ران و پووزی من گیر دەکرد، منیش هێندە خۆم بەودیوی تردا دەشکاندەوە و جەستەمم لە جەستەی بەدوور دەگرت. هەستم کرد وەك هەندێ جار بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئاسنی سار دەکوتێ، بۆ ماوەیەك سارد دەبووەوە و خامۆش دەبوو! بەڵام زۆری پێ نەدەچوو بە پەرۆشتر و بە جۆش و خرۆشترەوە دەستی پێ دەکردەوە کە ئەمە وردە وردە وای لێ کردم ئینجا یەخەی هەست و نەست و بیر و هۆشی خۆم بگرم و بەلای ئەودا دابشکێنم کە تۆمەتی دڵڕەقییان بدەمە پاڵ، بەتایبەتی کاتێ کە خێرا خێرا دیمەنی باجی ئامین و بەهێ خان و نازدار خانم دەکەوتە بەرچاو و دەمدی کە هەر یەکەیان مێردێکی گەنجی شۆخی لە تەنیشتەوەیە و هەموو دەم بە زەردە و پێکەنینن. دیمەنی ئەوان هانی دەدام هەستی بەزەییم لە دڵدا ببزوێ و تەوژمێکی داخ و خەفەت لە دەروونمدا بورووژێ.

لە سەیرانەکەدا، لە پیاوانی ناو کۆڵانەکە، تەنیا باوکم و خاڵە عەول هاوبەشییان نەکردبوو. ئەوان وایان دانابوو کە گوایە لە تەمەنی سەیرانکردندا نەماون. لەبەرئەوە لە ئافرەتە بەشووەکانی ناو کۆڵانەکە، تەنیا دایکم و گوڵچین خان مێردیان لە تەکدا نەبوو کە دیارە بۆ ئەو ئەگەر بهاتایە و مێردەکەی لە تەکدا بووایە، خراپتر بۆی دەبووە مایەی بزواندنی هەستی بەزەیی و داخ و خەفەت لە دڵی یەکێکی وەکو مندا!.

لە رێگا، لەوە بەولاوە کە لە کاتی تاسە و هەڵتەکاندندا قاچی لە قاچم توند دەکرد و هەر زووش، وەك بڵێی بەئەنقەست نەبوو، دەیکشاندەوە دواوە، ئیتر هیچ کردەوەیەکی

ترم پێوە هەست پێ نەکرد کە شتێك بگەیەنێ. بەڵام وەکی تر دەمدی بەیناو بەینێك بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، بە تیلەی چاو سەرنجێکی خێرا دەداتە دایکم، تا بزانێ ئاخۆ تێمان دەڕوانێ یان نا.

***

هەر کە گەیشتینە شوێن سەیرانەکەمان، بێ ئەوەێ هیچ پشوویەك بۆ حەسانەوە بدرێ، یەکسەر کۆڕی زەماوەند و هەڵپەڕکێ گەرم کرا. ئافرەتەکان دەسپێشکەرییان کرد و هەروەکو بیانەوێ هەرچی جۆشوخرۆشێکی پەستێوتراوی ناو دڵ و دەروونیان هەیە لەو ڕۆژەدا بە یەك ژەم دەریبرن، ئاوەها کەوتنە هەڵپەڕین. هەمووش بە دەم هەڵپەڕینەوە دەتریقانەوە و بە ئاشکرا پێیانەوە دیار بوو کە هێجگار بەختیار و شادمانن و لەوپەڕی گەشکەداریدان، لەبەرئەوە زۆری پێ نەچوو کرا بە ڕەشبەڵەك. ژن و پیاو شان بەشانی یەکەوە و دەست لە ناو دەستی یەکتردا دەشەکانەوە. منیش ئەو دیمەنە دڵگیرە کاری خۆی تێ کردم و وەك ئەوان خۆم هاویشتە کۆڕەوە. بەڵام من وەکو کوڕانی ترم پێ نەکرا کە جوانترین کچ هەڵبژێرم بچمە دەستییەوە.. چەند تینم دایە بەر خۆم ئەوەم پێ نەکرا، بگرە چووم دایکم خستە دەستی ڕاستمەوە و پیاوێکیش کەوتە دەستی چەپمەوە. ئیتر بەجۆشوخرۆش کەوتمە هەڵپەڕین.

زۆری پێ نەچوو یەکێك لە پشتەوە خۆی دا بەینی دەستی لای چەپمدا. کە ئاوڕم دایەوە و بینیم، تەزوویەك وەك برووسکە بە سەرتاپای لەشمدا ڕابورد. لەگەڵیدا بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ئاوڕێکی خێرام بە لای دایکمدا دایەوە. شێوەی ڕووی هیچی وەهای نەدەگەیاند کە لەو کارەساتە گرنگەی لای تەنیشتی چەپم بەئاگا بێ. ئاسای رووم وەرگێڕایەوە بە لای کارەساتە گرینگەکەدا.. گوڵچین خان بە پشتبەستن بە یاسای (ڕەشبەڵەك)، جێگەی خۆی کردبووەوە.. دەستی خستبووە ناو دەستمەوە و شانی نووساندبوو بە شانمەوە. بە دەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە شادمانی و گەشکەداریشەوە، بە تیلەی چاو سەرنجی دەدامێ و دوا جار بە تروووکەیەکی خێرا، چاوی ڕاستی گەلێك بەنازەوە لێ داگرتم و ئیتر بە دڵنیاییەوە خۆی خستە سەر هەوای هەڵپەڕینێکی بەجۆش.

من بە دەم هەڵپەڕینەکەمەوە تاسێکی قووڵ بردمییەوە. تا ئەو وەختەی ئەوەی لە نێوانماندا بوو تەنیا دوور بەدوور بوو. سەرنج لێکدان و گفتوگۆیەکی سەرپێیی و جار

جارێکیش لەناو جێگەدا خەیاڵ. کەچی ئەوەتا کار بەوە گەیشتووە کە بەر یەکتر بکەوین و دەستمان لەناو دەستی یەکتر و شانمان بە شانی یەکەوە بێ!. بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی چاوەڕێم لێ دەکرد کە لە ئان و ساتدا بێ شتێکی لێ بوەشێتەوە، هەرزوو هەستم کرد کە زۆر بە هێواشی دەستم دەگوشێ و قۆڵ لە قۆڵم گیر دەکا و شان لە شانم دەسوێ. منیش ئەگەرچی بەو کردەوەیەی تەنگەتاو دەبووم و بە سەرزاری پێی وەڕس دەبووم، بەڵام لە دڵدا حەزم بۆی دەبزوا و دەمویست خۆمی بۆ شل بکەم.. ئەو چەند جارێك ئەمەی لێ دووبارە کردمەوە. بەڵام کە من هەر بۆم نەکرا جڵەو بۆ حەزەکەی ناو دڵم بەربدەم، ئیتر ئەو لای خۆیەوە بۆ دوا جار بە هەموو هێزێکییەوە دەستمی گوشی و بە تووڕەیییەوە شان و قۆڵی لە شان و قۆڵم گیر کرد و بگرە نوقورچێکی ژنانەی ئازار گەیێنیشی لە لاڕانم گرت و دەستی لە دەستم بەردا و ریزی هەڵپەڕکێی جێ هێشت. هەروەها منیش بەو کردەوەیەی زۆر پەشۆکام، هەرخێرا دەستم بەردا و کشامە دواوە. بێ ئەوەی بە خۆم بزانم چی دەکەم، چاوم بۆ گێڕا. بینیم وا چووە لە کەنارێکەوە منداڵەکانی لە باوەشی خۆی ئاخنیوە و کزۆڵە و خەمبار دانیشتووە.

دیمەنی ئەو دانیشتنەی وا بە کەساسی و پەژارەواری، کسپەی لە دڵم هەڵساند و هەستکردنێکی بە گوناهباریشی لە دڵمدا بزواند. خۆم زۆر بە دڵڕەق و بێ بەزەیی هاتە پێش چاو. لەبەرئەوە وەك زۆر حەز بکەم کە خۆم بەرامبەر بەو کردەوەیەم گوناهبار بکەم، خۆمم وا قایل کرد کە ئەوەی کردم کارێکی زۆر چەوت و ناپەسند بوو. ئینجا کە لە خۆمم پرسی: «باشە ئێستا چی بکەم باشە؟!... بچم داوای لێبووردنی لێ بکەم و ئاشتی بکەمەوە؟!»‌. سەیرم کرد هێزێکی ئەفسانـاوی لە ناخمدا پاڵم پێوە دەنێ لە وەڵامدا بڵێم: «ئا بچۆ.. ئا بچۆ!». هەر کە گەیشتمە ئەم ئەنجامە، ئیتر هیچ سێ و دووم لێ نەکرد بەرەو ڕووی چووم و لێی نزیك بوومەوە. بە دەممدا نەهات راست و راست هەستی خۆمی بۆ دەرببڕم. پێچ و پەنام تێ خست و وتم:

– ئەوە بۆچی وا کەنارت گرتووە و خۆت دوور خستووەتەوە؟!. ئەو تەنیا سەرێکی هەڵبڕی و خێسەیەکی پڕ لە گلەیی و تووڕەییی لێ کردم و بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکم بداتەوە، بە کەساسییەکەوە سەری داختەوە و خۆی بەمنداڵەکانییەوە خەریك کرد. ئەم رەفتارەی، ئارەزووی مەرایی بۆکردن و ئاشتکرنەوەی زیاتر لەلا جۆش پێ دام. دووبارە وتم:

– خۆ نەهاتوویت بۆ پرسە.. بۆ ناچیت هەڵپەڕیت؟.

قسەکەم بەسەر سەرزاری بۆ دڵخۆشی دانەوەی بوو. بەڵام لە دڵدا مەبەستم بوو بڵێم: « بچۆ هەڵپەڕە ئەم جارە دڵت ناشکێنم». کەچی ئەو وەك ڕقێکی ئەستوورم لە دڵدا تەقاندبێتەوە کە ئەم قسانە لە وزەیاندا نەبێ دای بمرکێننەوە.، ئەم جارە بێ ئەوەی سەرم بۆ هەڵبڕێ، بەدەنگێکی ژاکاوی پڕ لە ژەنگ و ژار و بە قورگێکی پڕ لە هەنسکی گریانەوە وتی:

– هەڵپڕین بۆ من نەهاتووە.. بەشی من لە ژیاندا دەبێ هەر دەرد و سزا بێ.

بەم قسانەی شەپۆلێکی پەژارە و خەفەت دای گرتم. وشەکانی دەتوت تنۆکی قوڕقوشمی تواوەن و دەڕژێنە ناو دەروونمەوە. لەو ساتانەدا زۆرم ڕق لە خۆم بووەوە.. زۆریش پەشیمان بوومەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: «با چەند حەزی پێ دەکرد دەستمی بگوشیایە.. با تا لە پەلوپۆ دەکەوت شان و قۆڵی تێ هەڵسوومایە.. چ زەرەرێکی بە من دەدا؟!». لە گەرمەی ئەم شاڵاوی پەشیمانییەمدا، بەوەشەوە نەوەستاوم و لە دڵی خۆمدا وتم: «بۆ دەبێ بەر لە خۆشەویستی بگیرێ؟!. بۆ دەبێ کۆت و زنجیر بکرێ و ئەو جۆرە کۆسپانەی بخرێتە بەردەم؟!. ڕەوشت و خووی پاك و پیس.. کرداری چاك و خراپ.. داوێنپاکی و داوێنپیسی.. کێ ئەم وتە پڕوپووچانەی دروست کردووە؟!. کێ ئەوها سنووری بۆ دانان و لە پۆڵا دایڕشتن؟!. گوایە کە گوڵچین خان منی خۆش دەوێ.، ئەوە داوێنپیسییە و کە منیش ئەو خۆشەویستییەی پێشێل دەکەم دەبێ داوێن پاکی بێ؟!. سەیرە!.. بۆ .. بۆ وەهایە و بۆ دەبێ وەهابێ؟!».

ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر بەدیاریەوە ڕاوەستم و بیدوێنم. لێی کشامە دواوە و خۆم لەبەرچاوی ون کرد. من لەلای خۆمەوە تا سەیران کۆتایی هات و گەڕاینەوە ماڵەوە، بەردەوام ئەو جۆرە پرسیارانەم لە خۆم دەکرد و هەست و بیر و هۆشی خۆمم ئاڵاندبووە وەرامدانەوەیان. ئەویش بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ئیتر نەمدی هەڵپەڕێ.. نەمدی وەك ئەوانی تر بچێ بۆ گەڕان و گەشتی ناو ئەو سروشتە ڕەنگینە.. تەنانەت هێندەی من ئاگام لێی بووبێ، نەمبیست ورتەشی لە دەم بێتە دەرەوە.

## ٦

هەر دوای سەیرانەکە بە دوو ڕۆژ، دایکم بە دەم قسە و باسەوە پێی وتم:

– کەی بێ بەو ڕۆژە شاد بم کە خوێندنەکەت تەواو بکەیت و کیژۆڵەیەکی جوان و نەشمیلەی وەك نەسرینیشت بکەمە باخەڵ؟.

ئەمە یەکەم جاری بوو ئەم قسەیەی وەها بەزەقی لێ ببیسم. راستە لەوەبەر بەدەم گاڵتەوگەپەوە لەم بابەتە قسانەی لەگەڵدا دەکردم، بەڵام ئەمەی ئەم جارەیم وەها هاتە زەینەوە کە لە کانگای دڵییەوە دەری دەبڕێ و لە گاڵتەوگەپ بەدوورە، جگە لەوەی کە کیژۆڵە جوان و نەشمیلەکەشی بۆ دەسنیشان کردووم!. ئەمە چی دەگەیەنێ؟!. هەر زوو ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد. بەڵام من وەرامی پرسیارەکەی خۆمم پشتگوێ خست و لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەوا وتم:

– یەکەم بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم هێشتا زۆرم ماوە. دووەمیش بۆ کیژۆڵە جوان و نەشمیلەکەش، هێشتا بە خەیاڵمدا نەهاتووە و بیر و هۆشم بە لایدا نەچووە. کەچی ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ و پەنجەی نزیك کردەوە لە دەمم و وتی:

– گەزە گەزە!.. ئەها کوڕەم هێشتا دانی دەرنەکردووە !. ئەرێ تەمەنت چەندە؟!... دەزانیت؟!.

ئاسایی وتم:

– شازدە ساڵ.

ئەو بە تەوسێکەوە وتی:

– شازدە ساڵ و چوار مانگ.. کۆن باو و باپیرانمان لەم تەمەنەدا، ژنیشیان دەهێنا و دەشبوونە خاوەنی ماڵ و منداڵ. کەمێك بێدەنگ بوو. کەمێکیش تێم وردبووەوە. ئینجا وتی:

– حەز دەکەم راستم پێ بڵێی.. خەیاڵت بەلای ئافرەتدا ناچێ؟. یا با بڵێین قەت خەیاڵت بە لای نەسریندا نەچووەو بیرت لێ نەکردووەتەوە؟!.

لە دڵم چەسپی کە ئەم لێکۆڵینەوە و پرسیار و وەڵامانەی بێ مەڵامەت نییە. هەستم کرد لە کوێوە قسە دەکا و مەبەست و نیازی چییە. دەیەوێ بزانێ ئاخۆ خاتوو شەیتان هاتووەتە دیدەنیم یانا!.. هاتنەکەشی چۆنە و لە چ شێوەیەکدایە!. دەشمزانی ئەمەی لە دڵسۆزی و خۆشەویستییە هێجگار قووڵەکەیەوەیەتی بەرامبەر بە من. کوڕی تاقانەیم و دەیەوێ بەهەموو شتێکم بزانێ و لە هیچ شتێکم غافڵ نەبێ. بۆیە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وەڵامی راست بدەمە دەست و بڵێم: «ئا.. ئا خاتوو شەیتان هاتووەتە دیدەنیم!.. کتومت لە شێوەی گوڵچین خانشیدا نەك نەسرین!. بیریش لەو دەکەمەوە نەك نەسرین!».
بەڵام لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا گومانم لە دڵ پەیدا بووبوو کە ئەویش لە ناخی دڵی

خۆیدا با بە ئاستەمێکیش بێ، هەر بەلای ئەم وەرامەدا دادەشکێنێ نەك جۆرە وەرامێکی تر، بڕیارم دا خۆمی لێ گێل بکەم و وتم:

– من لەم قسانەت تێ ناگەم.. نازانم مەبەستت چییە؟. ئیتر وەك ئان و سات گومانی لە بۆچوونەکەی خۆی لەلا پەیدا بووبێ و خۆی وا ببینێ کە چاکتر وایە پاشەکشەی لێ بکا، گورج باسەکەی خستە قاڵبێکی ترەوە و لەگەڵمدا کەوتە پێکەنین و گاڵتەگەپ وەك هێشتا منداڵێکی ساوا بم، سەرمی خستە ناو هەدوو لەپی دەستییەوە و بە پەرۆشەوە کەوتە ماچکردنی سەرو روخسارم. دوا جار بە دەنگێکی پڕ لە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە سەرلەنوێ وتی:

– کوڕە شرینەکەم... بەعەیبی تێ مەگە... من دایکتم و تۆش تاقە کوڕمیت. من هەر تۆم هەیت و ناچارم وەك گلێنەی چاوم بتپارێزم و گیانم بکەمە فیدای بەختیاری و شادمانیی تۆ. هەر ساتێك لە ئاسوودەگیی ژیانی تۆ، تەمەنێکی پڕ لە شادمانی بە من دەدا.

کەمێك بێ دەنگ بوو. بێدەنگییەکی پڕوچڕ لە کۆششی بیرکردنەوە و وردبوونەوەی بتپەرستێك لە بتەکەی. ئینجا رووی قسەی تێ کردمەوە و وتی:

– خۆ من هیچی خراپم نەوتووە.. تەنیا ئەوە نەبێ کە دەمەوێ بڵێم.. بڵێم...

هەستم کرد دوودڵە لە دەربڕینی ئەوەی دەیەوێ بیڵێ. من هانم دا. وتم:

– بیڵێ دایە گیان.. فەرموو بیڵێ.. دڵم لەلاتە.

هەستم بەوەش کرد قسەی بەبارێکی تردا دەربڕی و وتی:

– گوایە تۆ تا ئێستا هیچت لە نەسریندا هەست پێ نەکردووە؟.

وتم:

– وەکو چی؟.

– وەك ئەوەی زۆر هاتوچۆی لای من دەکا و بە دەوروپشتمدا دێ و تەنانەت لە ئیش و کاردا گەلێکیش یارمەتیم دەدا؟.

با ئاگام لێیە.. چی تریش؟.

– زۆرجاریش باسی تۆم لێ دەپرسێ و کە تۆ لە ماڵ نابیت و ژوورەکەت بۆ رێك دەخا. ئەوی راستی بێ ئەرکی ژوورەکەی تۆ بەسەرشانی ئەوەوەیە.

من بێدەنگ بووم و حەپەسام. ئەو لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– نەسرین تۆی خۆشدەوێ، دیارە منیشی هەر بەهۆی تۆوە خۆش دەوێ. خێزانەکەشیان زۆر خانەدانن و چەند ساڵێکە دەیانناسین و دەزانین چەندە باشن. خۆ مرۆڤی خانەدانیش حەز بەخزمایەتی خانەدان دەکا.

قسەکانی هێجگار بەسۆز و کاریگەر بوون. هەستم بەو داوە نەکرد کە تێی کەوتم کاتێ وتم:

– ئەو هێشتا منداڵە!.

بە پێکەنینەوە لە وەرامدا وتی:

– منداڵە؟!.. منداڵی چییە؟!... تەنیا دوو ساڵ لە تۆ بچووکترە!.

ئیتر من هیچی ترم بۆ نەوترا و ئەویش درێژەی نەدایە و باسەکەی گۆڕی.

***

ئەم قسانەی دایکم بۆیان ئاشکرا کردم کە تەقەلا دەدا زۆر زوو نەسرین بخاتە سەر ڕێگەم. لەوەپێش هەستم بەوە کردبوو کە پێوەندییە توندەکەی نێوانیان، هۆیەکەی تەنیا لەبەر دراوسێیەتییەکە نییە. دایکم باسی خۆی بۆ گێڕابوومەوە چۆن هێشتا تەمەنی یازدە ساڵان بووە داخوازییان کردووە بۆ باوکم کە ئەمیش لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بووە. ئینجا ئیتر هەر هێندەی کەوتووەتە سەروعوزرشتن، خێرا کراونەتە باخەڵی یەکتر. بۆیە وام هاتە پێش چاو کە ئەویش من و نەسرین بە هەمان ڕێگەدا دەبا.

«بەڵام ئاخۆ بۆچی بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا لەو کاری خێرییە بە پەلەیە؟!. تۆ بڵێی بۆنی شتێکی کردبێ و ئاگەدار بێ لەوەی لە نێوانی من و گوڵچین خاندا روو دەدا و ئەمە هانی بدا بۆ پەلەکردن؟!. ئا.. لەوە دەچێ ئاگەدار بێ و بیەوێ بە تیرێك دوو نیشان بشکێنێ!». کە زۆرم بیر لە قسەکانی دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا لێی دەکۆڵیمەوە، دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لێمان ئاگەدارە و دەیەوێ بە نەسرین لە داوی گوڵچین خان بمپارێزێ. بەڵام لەبەرئەوەی گەیشتن بەم ئەنجامە پەست و بێزاری دەکردم، هەر زوو خۆمم لێ پاشگەز دەکردەوەو لە دڵی خۆمدا دەموت: « من بۆچی لە خۆڕایی خۆم بتۆقێنم؟!. کەی ئەو تا ئێستا قسەیەکی وەهای کردووە بۆنی ئەمەی لێ بێ؟!. ئەو تەنیا نەسرینی مەبەستە و بیکاتە باخەڵم و هیچی تر».

بیر و هۆشم بەم بارەیاندا سرەوتی دەدا و دڵم دەحەوایەوە. زەردەخەنەیەکی گاڵتە پێ هاتنیش بە ئەقڵی ساویلکەی دایکم دەکەوتە سەر لێوم و ئیتر باسەکەم فەرامۆش دەکرد.. بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت.

لەملاوە وەها.. لەولای تریشەوە گوڵچین خان خراپ خۆی لێ زویر کردبووم. ڕۆژی دوای سەیرانەکە لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو، نە لەلای دایکم، نە لە کۆڵانەکە و نە لەبەر دەرگەی خۆیان، تەنانەت نە لە حەوشە و هەیوانەکەی خۆیشیاندا کە لە ژوورەکەی خۆمەوە چاوم بۆ گێڕا و هەر نەمبینی!. بەڵام لە دەمەدەمی عەسردا ئاگام لێ بوو دایکم چوو بۆ لای. من لەلای خۆمەوە لە ژوورەکەمدا ئارامم لەبەر بڕا و کەوتمە سەرەتاتکێکردن بۆ ناو حەوشە و هەیوانەکەیان. ماوەی سەعاتە وەختێکی ڕەبەق من بەسەر پێوە بووم و ئەوە پیشەم بوو، تا لە ئەنجامدا دایکمم بەدی کرد لە دەرگەی ژووری نوستنەکەیان هاتە دەرەوە و گەڕایەوە ماڵەوە. بەڵام زۆر سەرم سوڕما کە گوڵچین خانم نەدی لەگەڵیدا بێتە دەرەوە و بەڕێی بکا. لە دڵم چەسپی کە دەبێ نەخۆش بێ و لە جێگەدا کەوتبێ. هەستی خۆ بە گوناهبارزانینەکەی ڕۆژی پێشووم شاڵاوی بۆ هێنامەوە و تەوژمی پەژارە و خەفەتەکە دایگرتمەوە. خۆم پێ ڕانەگیرا. چوومە خوارەوە بۆ لای دایکم. ماوەیەکی زۆر خۆم خەریك کرد و هاتم و چووم، بەو نیازەی شتێکی لێ ببیستم، کەچی هیچی هەر نەوت. بەڵام کاتێ ڕووەو پلیکانەکە چووم و ویستم سەرکەومەوە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. بە کەمتەرخەمییەکەوە ڕووی قسەی تێ کردم و وتی:

– تۆ دەزانی گوڵچین خان نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە؟.

بێ ئەوەی هۆشم بە خۆمەوە بێ، لەسەر پیلکانەی یەکەم ڕەق ڕاوەستام، بەخێرایی ئاوڕم دایەوە بە لایدا و پرسیم:

– بۆچی؟!.. چییەتی!.

لە وەرامدا، بێ ئەوەی بە هیچ کلۆجێ شێوەی دەمودووی خۆی بگۆڕێ، وتی:

– سەرمای بووە.. دوێنێ لە سەیرانەکە سەرمای بووە! دووبارە بێ ئەوەی لە خۆم بە ئاگا بم، لێم پرسی:

– ئەی ئێستا چۆنە؟!. ئەم جارەیان سەرێکی بۆ بەرز کردمەوە و سەرنجێکی خێرای دامێ و بەڵام دیسان بە کەمتەرخەمییەوە وتی:

– تایەکی قورس دایگرتووە و سەری زۆر دێشێ. بە دوایدا ئیتر لەسەری نەڕۆیشتم. وەك بڵێی لە ناخدا هەستم کردبێ کە زیاد ڕۆیشتووم، پشتم تێ کرد و سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. لەوێ کە پێدا چوومەوە، بەخۆم زانی کە کارم لە کار ترازاندەوە و بەشێکی زۆرم لە هەست و نەستی خۆم بەرامبەر بەو نەخۆشکەوتنەی گوڵچین بۆ دایکم دەربڕیوە.

بە هەر حاڵ ئەو نەخۆشکەوتنەی زۆری نەخایاند و هەر بۆ ڕۆژی دوایی کەوتەوە سەرپێ و دەستی کردەوە بە هاتوچۆکردنەکەی جارانی بۆ لای دایکم و بەڵام تەنیا بۆ لای دایکم!.

لە کاتێکدا دەمدی بە دەستووری ڕۆژانی یەکەمی هاتنیان، تەواو من پشتگوێ دەخا و وەها خۆی نیشان دەدا کە لە بوون و نەبوونم بێ ئاگا بێ!. نە سەری دەدا لە ژوورەکەم نە دەیدواندم، نە سەرنجی دەدامێ، تەنیا هێندە نەبێ کە وەك شتەکە ناچاری بێ، لە پێش چاوی دایکم خۆش و چۆنییەکی ساردی لەگەڵدا دەکردم و هیچی تر!.

لەو ڕۆژانەدا کە لە دڵی خۆمدا لەم بارە نوێیەی باسەکە دەدوام، هەست و نەستی خۆمم بە تەواوی بۆ یەکالا نەدەکرایەوە. نەمدەزانی ئاخۆ ئەم گۆڕانەم لە گوڵچین خاندا پێ خۆش بێ یان نا؟!. یا ئاخۆ منیش وەك ئەو ڕەفتار بکەم یاخۆ بە پێچەوانەوە؟.

لەو ڕۆژانەدا کە بە چاوی ترس و سام و پاشەڕۆژی ڕەش دەمڕوانییە ئەو پێوەندییەی نێوانمان، ئەو وەزعەیم لێ خۆش دەهات و بڕیارم دەدا منیش وەك ئەو بکەم. بەڵام وەکی تر کە بە چاوی حەز و ئارەزووم و خەیاڵی بە تام و کام تێم دەڕوانی، ئەوا بەپێچەوانەوە زۆر پەست و خەفەتبار دەبووم و بەلای ئەوەدا دام دەشکاند کە من خۆمی تێ هەڵسووم. ئینجا لەبەرئەوەی هەرچەندە تینم دەدایە بەر خۆم و لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی کاریگەرم بۆ نەدەنرا، باسەکە وەك خۆی دەمایەوە کە بریتی بێ لە زویربوون لەلای گوڵچین خانەوە و ئەندێشە و ئازارچەشتنیش لەلای منەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، ترسیش لە دایکم دڵمی تەنیبوو. لەو کاتەوەی ئەو قسانەی بۆ کردم، ئیتر دەبوو بە وردی ئاگەداری لای ئەویش بم و وریا بم. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بێ سوود بوو.

ئەو گۆڕانەی گوڵچین و هەر لە هەمان کاتدا ئەو پەژارەوارییەی منیش، لەوە نەبوو

هەروا بە ئاسانی لە مرۆڤێکی وردبینی وەك دایکم بشاردرێتەوە. ڕۆژێکیان زۆر لە ڕوو نایە مشتمەوە و وتی:

– ئەم ڕۆژانە زۆر خەفەتبار و بێ تاقەت دەتبینم!.. خۆ خوانەخواستە ناساغ نیت؟!. گورج لێی هاتمە وەرام و وتم:

– نەخێر.. زۆر سەعی دەکەم. تەنیا مانگ و نیوێکمان ماوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتاییی ساڵ دەمەوێ چاك خۆمی بۆ ئامادە بکەم.

بەڵام ئەوە لەوە نەدەچوو بەم دووعایە بڵێ ئامین!. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– زۆر خۆت ماندوو مەکە.. کە نەخۆش کەوتیت سمێڵیشی دەنێیتە بان!.

بە دوایدا کەمێ بێدەنگ بوو. دیار بوو گەلێ قسەی تری پێیە و بەڵام دەیەوێ پێش دەربڕینیان هەڵیان بسەنگێنێ. بۆیە کە کەوتەوە قسە، زۆر هێمنانە و بێ ئەوەی سەیرم بکا وتی:

– بەینتان لەگەڵ گوڵچین خاندا وەك جاران خۆش نییە!. ئەو قسەکەی وەها کرد کە زۆر سادە و ساکار بێ. بەڵام من وەهام وەرگرت کە کوتەکێك بێ بسرەوێنرێتە گزگلاگەی گوێم. قسەکەی زۆری دەگەیاند و لە بنی هەمانەکەی دەدا . لە دڵی خۆمدا وتم: «من بزانم زویربوونەکەی شتەکەی زیاتر لەلا ڕوون کردووەتەوە». لەبەرئەوە لەو ساتەدا ڕقم زۆر لە گوڵچین خان هەڵسا. هەر لە دڵی خۆمدا وتم «خەتاکە لەوەوەیە». ئیتر هەر بە دەم تەوژمی ڕق و کینەکەی ناو دەروونمەوە، بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە لە وەرامیدا وتم:

– من تێ ناگەم تۆ بۆچی ئەوەندە لەبارەی گوڵچین خانەوە دەمدوێنی؟!.

بە خۆم نەزانی بەم وەرامە خۆم خستە چ هەڵەیەکی گەورەوە. ئەو لە لای خۆیەوە سەیرێکی پڕ سەرسوڕمانی لێ بەرز کردمەوە و کەمێك تێم وردبووەوە. ئینجا وتی:

– کەی من لەبارەی گوڵچین خان تۆم دواندووە؟!. ئەوەشی ئێستا وتم، پرسیارێکی بێ بایەخ بوو کردم یا نەمکرد!.

خەریك بوو لە داخ و پەشیمانیدا پەنجەی خۆم بگەزم. دایکم ڕاستی دەکرد من هەر سەرم لێ شێوابوو. من وەها چەسپیبووە مێشکم کە لەوەبەر هەرچەند دواندوومی، هەر لەبارەی گوڵچین خان بووە . دڵی خۆم بە ترس و سامێکی وەها قانگ دابوو کە هەر

هێندە ئەو ناوی گوڵچین خان بێنێ، یا تەنانەت ناوی ژن هێنان و شووکردن و ئافرەتیشم لابهێنێ، ئیتر من وەهای تێ بگەم کە دەیەوێ پەنجە بکا بە ناو چاومدا و بڵێ: « نەکەی!..».

من حەپەسام!.. هیچ قسەیەکی ترم پێ نەکرا و کڕوکاس بووم. زۆریش پەشۆکام و شڵەژام. بۆیە ئەو لەسەر پیشەی خۆی، باوەشی کرد بەسەرمدا و بەپەرۆشەوە کەوتە ماچکردنم. تا بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– ماوەیەکە دڵت زۆر ناسك بووە!.. زوو تووڕە دەبیت و هەڵدەچیت.

ئیتر وەختێك بەتەنیا مامەوە، کەوتمە پێداچوونەوەی ئەوەی وترا و رووی دا. جارێك و دووان و سیان پێداچوومەوە و لە هەموو جارێکدا دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەڵەیەکی گەورەم کرد و بەڵگەیەکی گەورەم دا بەدەستەوە.

***

هەر لەو رۆژانەدا، نەسرین بەشێوەیەکی سەیر پەتی پچڕی و کەوتە جموجووڵ!. بە ئاسانی هەستم دەکرد کە دایکم هانی دەدا و رێگەی بۆ خۆش دەکا. لە سەرەوە لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم و خەریکی سەعیکردن بووم کاتێ بەدەستووری هاتنەکەی گوڵچین خان، هات بۆ لام و بۆ یەکەم جار بە تەنیا رووبەڕووی یەکتری بووینەوە. ئەو زۆر شڵەژابوو. لە شەرمدا خوێن هوروژمی بردبووە سەر و روخساری. دەلەرزی دەمی گۆی نەدەکرد قسە بکا. بۆ ماوەی چەند ساتێك لەودیو دەرگەکەوە لەسەر ئەو بارەی بەبێ ورتە و جووڵە دۆش داما. تا لە ئەنجامدا تینی دایە بەر خۆی و پچڕپچڕ وتی:

– هاتووم.. ژوورەکەت.. بۆ پاك بکەمەوە.

ئەو بەم شێوەیە هات و ئەوە حاڵی بوو. بەڵام من بەهیچ جۆرێ دەربەسی ئەم هاتنەی ئەو نەبووم و لام مەبەست نەبوو، بەرامبەری ساردو سڕ بووم و هیچ هەست و نەستێکی لە دڵمدا نەبزواند. لەبەرئەوە بە تەوسێکەوە پێم وت:

– بچمە خوارەوە تا پاکی دەکەیتەوە؟.

من قسەکەم وەها کرد کە گوایە وەڵامەکەی بۆ ئەو چ بە «ئا» و چ بە «نەء» کارێکی گەلێ زەحمەت و ستەم دەبێ کەچی هێجگار سەرم سوڕما لەوەی کە سەرەڕای ئەو وەزعە ناهەموارەشی، وەرامێکی هۆشمەندانەی بۆ خۆی دۆزییەوە و وتی:

– ئارەزووی خۆتە.

بێگومان ئەمە لەگەڵ وەڵامی «نەء»دا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە وەڵامی راستەوخۆی «نەء» پێ رزگار کرد لە حاڵەتی وەهادا هەرگیز لە زاری هیچ کیژێك نایەتە دەرەوە.

ئیتر ئەوی راستی بێ لەو ساتەدا لە دڵدا سوور نەبووم لەسەر هەڵاتن لە دەستی. بۆچی لێی هەڵبێم؟!. چی لە منە!.. کیژۆڵەیەکی نەشمیلەی خڕوخەپانی جوان و بەپێی خۆی هاتووەتە لام. چی تێدایە!.. قسەیەکی خۆش، زەردەخەنەیەکی شیرین، سەیرکردنێکی ئارەزوومەندانە، چی تێدایە!. ئا... هەروا سووك و ئاسان رێگەم بۆ خۆم خۆش کردو ئەم دەرگەیەشم لەسەر خۆم خستە سەرپشت. زۆر بە پەرۆشەوە کەوتمە سەرنجدانی سەرتاپای سەر و روخسار و بەژن و باڵای. وەك ئەمە یەکەم جارم بێ بیبینم و وەك کیژێکی هێجگار ناسك و نازدار و شۆخ و شەنگ بکەوێتە بەرچاوم، پەیتا پەیتا لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئەم هەموو جوانییەی تا ئێستا لە کوێ لێ شاردبوومەوە؟!.. ئەم هەموو شۆخ و شەنگییەی چۆن لێ حەشار دابووم؟!».

ئارەزووی دواندنیم لێ هاتە جۆش. مێشکی خۆمم زۆر هەڵوشی تا قسەیەکی لەبارم دۆزییەوە و سەردەقم پێ شکاند. لێم پرسی:

– بۆچی نەچوویتە قوتابخانە؟.

– ئەو کاتە ئەویش هێور بووبوەوە. ئاسایی وتی:

– من زۆرم حەز دەکرد.. باوکم نەیهێشت. دەیوت کچ نابێ بچێتە قوتابخانە، چونکە حەرامە.

– من لە جێی تۆ بوومایە هەر بە زۆر دەچووم.

– چۆن دەبێ!.. یانی تۆ لە جێی من بوویتایە قسەی باوکتت دەشکاند؟.

– لەبەر ئەوەی بە لایەنی چاکەدایە.. ئا..

– تۆ کوڕیت.. شتی وا بە کوڕ دەکرێ.. بەڵام لە دەس کچ نایەت.

کەمێك مات بوو. ئینجا وتی:

– ئەی ئێستا ناتوانم بخوێنم؟.

لە وەرامدا سەرێکم لێ بادا و وتم:

– تـازە تـێپـەڕی.. مـاوەی خـوێندنـی قـوتـابـخـانـەت نـەمـاوە. بـەڵام ئـەگـەر مـەبـەست خوێندەواری بێ، لە هـەر وەختێکدا بێ دەتوانیت فێری ببیت.

گەشکەیەك کەوتە سەر ڕووی و هـەر خێرا وتی:

– بە مـەرجێ یـەکێك هـەبێ فێرم بکا.

بـەسـەرزاری وەهـای وت. بـەڵام ئـاشکرا بوو کە لە دڵدا دەیوت: «بە مـەرجێ بکەومـە لای تۆ فێرم بکەیت!». من لە وەرامیدا دەم بە دەمییەوە و وتم:

– ئەگەر خۆت ئـارەزوو بکەیت، ئەو یەکە هـەر دەبێ.

ئەویش گورج زەردەخەنەیەکی فراوانی بـە ڕووم دا و وتی:

– من پڕ بە دڵ حـەز دەکەم کە تۆ فێرم بکەیت.

بۆ وەرامدانـەوەی گیرم خوارد. بڵێم چی!.. ئـا یـا نـەء!.. دوا جار وتم:

– لە ئێستـادا نـەء.. خۆت دەزانیت تـاقیکردنـەوەی نیوەی سـاڵـمـان نزیك بووەتـەوە و دەبێ سەعی بکەم. بـەڵام لە هـاویندا ئـامـادەم.

ئـەو سـاتـە دەمـێك بـوو لـە پـاککـردنـەوەی ژوورەکـە بـووبـووەوە. بـەڵام هـەر هـێنـدەی گەیشتینە ئەم ئـەنجامـە، ئیتر وەك هـەموو شت بڕابێتەوە هیچ نـەمـابێ پێویست بکا بۆی بمێنێتەوە، جێی هێشتم و چووە خوارەوە، هـەر یـەکسـەریش تریقـەی پێکـەنینیم لـەگـەڵ دایکمدا هـاتە بـەرگوێ. هـەستم کرد تریقـەی پێکـەنینی سـەرکـەوتنیـانـە و لە زاریـانـەوە دەردەپـەڕێ و بـەرز دەبێتـەوە و دەگـاتـە بـەرگوێم.

کە نـەسرین ڕۆیشت، دایکم سـەرکـەوتـە سـەرەوە بۆ لام و بـە دەم زەردەخـەنـەیـەکی پڕ مـانـاوە وتی:

– نـەسرین دەڵێ بڕیـاری داوە فێری خوێندەواریی بکەیت. ڕاست دەکا؟!.

وتم:

– ئـا بـەڵێ.. ڕاست دەکا. بـەڵام ئێستـا نـا.. لە هـاویندا.

ئینجا هـەر بە دەم وەرامـەکەمەوە، من لـەوم پرسی:

– چاك نـاکـەم؟!.

لە وەرامدا وتی :

– نـەك هـەر چاك دەکەیت، بگرە خێریشت دەگـا.

## ٧

زویربوونەکەی گوڵچین خان درێژەی کێشا. تەنانەت چوومە سەر ئەو باوەڕەی کە کار لە زویربوونیش تێپەڕی کردووە، چووەتەوە دۆخی جارانی و دەقی ڕۆژانی سەرەتای هاتنیانی گرتووەتەوە. هەرچەند ڕێکەوتیم دەکرد، وەك بتێك دەکەوتە بەرچاوم و هیچ جۆرە هەست و نەستێکم لە ڕوویدا نەدەخوێندەوە، هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆشی نەدەدا بەدەستەوە کە تەنیا ترووسکاییەکی باسەکەی لەمەڕ خۆمانی تێدا تیشك بداتەوە. بگرە هاتوچۆکردنیشی بۆ لای دایکم هێجگار کەم کردبووەوە و لە سێ چوار ڕۆژدا جارێك سەری لێ دەدا و ئەویش هەروا بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك بەڵام تاقە کرداری کە هێشتا لە ئاستی مندا لە سەری دەڕۆیشت، وشکە خۆش و چۆنییەکی سەرپێیی بوو کە لەگەڵیدا دەکردم و ئیتر خێرا پشتی تێ دەکردم و خۆی لێ لادەدام. ئەمە لە کاتێکدا کە بەئاشکرا هەستم دەکرد ئەو وشکە خۆش و چۆنییەشم تەنیا لە پێش چاوی دایکم لەگەڵدا دەکا، دەنا کە بەتەنیا دەیدیم ئەوەشی نەدەکرد. من لە سەرەتادا لەم هەڵگەڕانەوەیەی و ئا بەم شێوەیە سەرسام بووم و لام ستەم بوو. لە دڵی خۆمدا دەموت: «تۆ بڵێی بەڕاستی بێ، یا نەخشەیەکی تایبەتییە و خۆ ئامادەکردنە بۆ شاڵاوێکی تر؟!. یا تۆ بڵێی مەبەستی نازکردن و گرتێبەردانی دڵ و دەروونی من نەبێ؟!». دوا جار لە وەڵامی خۆمدا دەموت: «بەڵێ.. گومانم نییە کە ئەمە نەخشەیەکی تایبەتییە.. کە ئەمە پیلانە.. کە ئەمە ناز و نووزی خۆشیرین کردنە!. کەوابوو بەڕاستی نییە..».

بەڵێ.. لە سەرەتادا وەهای بۆ دەچووم و وەهام لێك دەدایەوە. بەڵام کە هەر درێژەی کێشا، وردە وردە کەوتمە گومانەوە و لە دڵی خۆمدا دەمپرسی: «بەڵام بۆچی؟!.. بۆ ڕاستی نەبێ و بۆ وەها نەگەیەنێ کە هۆشی هاتبێتەوە بەر خۆی و لای ڕوون بووبێتەوە کە یاری بە ئاگر دەکا؟!». ئیتر وام لێ هات کە هەر کاتێ باسەکەم بەم لایەدا دەشکاندەوە، ئارەزوویەکی بەجۆش لەناو دەروونمەوە و حەزێکی بێ ئەندازە لە ناخی دڵمەوە دەبزوا بۆ ئەوەی کە گوڵچین خان بەڕاستی نەبێ.. بۆ ئەوەی ناز و نووزی خۆ شیرینکردن بێ.. کە هێمنیی پێش شاڵاوێکی تر بێ و بە زووترین کات ڕوو بداتەوە.

کەچی ڕۆژ هات و ڕۆژ تێپەڕی و گوڵچین خان هیچ بەڵگەیەکی نەدا بە دەستەوە وا بگەیەنێ کە کار بە پێی ئەو حەز و ئارەزووەی من هەڵبسووڕێ، بگرە بەپێچەوانەوە، تا

دەهات تەوژمی ئەو حەز و ئارەزووەی کز و بێ هێز دەکرد و تا دەهاتیش ئەو باوەڕەی پتر لا پتەو دەکردم کە کار لە زویربووندا نەماوەو چووەتەوە دۆخی جارانی.. دۆخی ڕۆژانی سەرەتای هاتنیان، وەك هیچ رووی نەدابێ و هیچ نەقەوماہی.

ئەم کەینوبەینە پتر لە سێ هەفتەی پێ چوو. لەو ماوەیەدا من بەردەوام مێشکی خۆمم دەکرۆشت و هەموو کات پرسیارێك وەك دەرزی دەچەقییە بیر و هۆشم، وەك کوتەك دەیدا بە کەللەی سەرمدا.. چیم دەوێ لە گوڵچین خان؟!. کە بەراوردێکی خۆمم لەگەڵ تەنیا سێ مانگ و نیو لەوەبەرمدا دەکرد، خۆمم بەشێوەیەکی تر دەدی.. شێوەیەکی زۆر جیاواز لەو وەختەم. دەتوت تێکدراومەتەوە و مرۆڤێکی نوێم لێ دروست کراوەتەوە. زۆر تەقەلام دەدا پەنجە بخەمە سەر ئەو جیاوازییە و شێوە تازەکەم دەستنیشان بکەم. هەموو جارێکیش ئەم تەقەلادانەم دەیبردمەوە سەر پرسیاری: چیم لە گوڵچین خان دەوێ؟.

من دەزانم ئەگەر وەڵامی راست و دروستی پرسیارەکەم لە خۆم حەشار نەدایە، هەر زوو دەگەیشتمە ئەنجام و جیاوازییەکە و شێوەی تازەکەی خۆمم بەدی دەکرد. بەڵام گوڵچین خان بەو هەڵگەڕانەوەیەی و بەو بەردەوامییەی لەسەر باری ساردو سڕی و کەمتەرخەمییەکەی، تا دەهات وەرامە راست و دروستەکەی پرسیارەکەی لە ناخی دڵمدا دەپووکاندەوە. تا دەهات ئەو بیر و ڕایەی لە مێشکمدا کپ دەکرد کە گوایە دەتوانم ئەو جیاوازییەو ئەو شێوە تازەیەم، لەناو جۆش و خرۆشی هەست و نەستی ئەو و دواجار لەسەر تەختی شانۆی لەشی ئەودا بەدی بکەم. بەم جۆرە، دوای ئەندێشەو ئازارێکی دەروونیی توندوتیژ، منیش بەناچاری ملم دا بۆ ئەو ئەنجامەی کە گوڵچین خان چووەتەوە دۆخی جارانی.. کە ئەوەی رووی دا گڕو کفێك بوو کوژایەوەو شوێنەواری نەما!. بە دوایدا ئیتر وردە وردە سرەوت و ئارام پەلی هاوێشت بۆ ناو دڵ و دەروونم و ئەو تەمومژەی جارانی تێدا رەواندەوە. تا وام لێ هات لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئەو چاتر کە باسەکە بەم بارەدا شکایەوە و وەها کۆتایی هات.. کە لە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی رزگار بووم و بە پاکی و بێگەردییەکەی خۆم مامەوە. بەس نەبوو هەڵنەخلیسکامە ناو ئەو زەلکاوەوە!.. بەس نەبوو!.. من دەبێ زۆریش مەمنوونی گوڵچین خان بم کە زۆر زوو بە فریای خۆیشی و منیش کەوت و نەیهێشت ئەو داوێنپیسییەمان لێ روو بدا».

***

هەر لەو ماوەیەدا نەسرین لەسەر پرۆگرامی خۆی بەردەوام بوو. لەوەبەر کە نیازی تەنیا یاریدەدانی دایکم بوو، ژوورەکەمی لە وەختێکدا بۆ ڕێك دەخستم کە من لەوێ نەبم. بەڵام لەو ڕۆژەوەی بۆ یەکەم جار هات و خۆم لەوێ بووم، ئیتر تا من لەوێ نەبوومایە قەت خۆی لە قەرەی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە نەدەدا. ئەوە بوو ئەو ڕۆژە من سەردەقی گفتوگۆکردنم لەگەڵدا شکاند، دەنا ئەو دەمی چووبووە کلیلە. کەچی لەوە بە دواوە هەر هێندەی پێی دەنایە ناو ژوورەکەمەوە، ئیتر بەجۆرێك زمانی لێ بەرەڵا دەکردم، نەعوزوبیللا!. قسەکانیشی هەمووی بێ سەروشوێن بوون و هیچیان بەسەر هیچیانەوە نەبوون.

من لە سەرەتاداو بەتایبەتی کە هێشتا لەگەڵ گوڵچین خان نەگەیشتبوومە ئەو ئەنجامە، نەمدەدا بە دەمییەوە و خۆم بۆ شل نەدەکرد، ئەگەرچی خۆیشم لێ لانەدەدا و کارێکی وەهام نەدەکرد لێم تەرە ببێ!.. بگرە دەتوانم بڵێم کە تا ڕادەیەك ئارەزوویشم بەلایدا دەچوو، جگە لەوەی کە لالووتییەکەی گوڵچین خان لەو ڕۆژانەدا دەبووە هاندەر بۆم، وەك بڵێی بۆ ژیانم بووبێتە بۆشاییەك و نەسرین بۆمی پڕ بکاتەوە!. زۆر سەیر بوو!.. کە لەم حاڵەی خۆمم وردبوومەوە پێکەنینم بە خۆم دەهات. لە دڵی خۆمدا دەموت: «ئای!.. گوایە وام لێ هات کە بەبێ ئافرەت هەڵنەکەم؟!.. ئەگەر ئەویان نەبێ ئەم؟!.».

بەڵام کە لەگەڵ گوڵچین خان گەیشتین بەو ئەنجامەی کە گەیشتین، ئیتر ڕووکردنم لە نەسرین و خۆبەدەستەوەدانم لە ئاستیدا، بووە کارێکی ئاسایی و لە بیر و هۆشمدا جێی خۆی کردەوە. هەروەکو ئەویش ئەو لەلای خۆیەوە هێندە چاوی کرایەوە و شارەزایی پەیدا کرد کە بتوانێت و بزانێت چۆن سوود لەم هەلە لەبارە وەربگرێت. تەنانەت وای لێ هات کە لە نێوانی قسە و باسەکەنییەوە، کەمەکێ هەست و نەستی دڵدارانەشم بۆ دەرببڕێ و تەقەلای بزواندنی حەز و ئارەزووە نێرینەییەکەشم بدا، چ بەنازکردن و چ بە نواندنی لەش و لاری. ئەمە جگە لەوەی هەوڵی دەدا لە کۆڕێکی تریشدا بجەنگێ و لەویشدا سەرکەوتن بەدی بێنێ!. جارێکیان بەدەم قسە و باسەوە هێرشێکی ئاشکرای کردە سەر گوڵچین خان وتی:

– چارەیم لا گرانە!.

ئەوی ڕاستی بێ من ئەگەرچی خۆم بەو ئەنجامە گەیاندبوو کە ئیتر هیچ دەربەسی

گوڵچین خان نەیەم، بەڵام لە دڵدا ئەم قسەیەم گەلێك پێ ناخۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دانم بە خۆمدا گرت و لێم پرسی:

– بۆچی؟!. بۆ وەڵامدانەوەم کەمێك سەری هێنا و برد ئینجا وتی:

– چونکە ئەو هەر لە خۆڕایی رقی لە من هەڵگرتووە!.

– چۆن؟.

ئاسایی لە وەرامدا وتی:

– بەوەدا کە لێم لالووتە و قسەم لەگەڵدا ناکا. لە هەر شوێنێکیشدا منی لێ بم ئەو لێی دانانیشێ، یاخۆ هەڵدەستێ و دەڕوا.

ئەم قسانە سەرسامیان کردم و سەرلەنوێ خستمیانەوە گێژاوی بیرکردنەوەوە لە گوڵچین خان و لە رەفتاری. هەر خێراش پرسیارێکی پڕ لە مەترسی لە مێشکمدا هەڵتۆقی و وتم: « ئاخۆ ئەم رەفتارەی بەرامبەر بە نەسرین چی دەگەیەنێ؟!». پرسیارەکەم بە پەرۆشییەکی کتوپڕ لە خۆم کرد. کەچی وەك حەز نەکەم، یا لەلام ستەم بێ، یا چاکتر وابێ کە خەفە بێ، هیچ تەقەلایەکم لەگەڵ خۆمدا بۆ وەڵامدانەوەی نەدا و بگرە هەر زوو رووی قسەم کردە نەسرین و وتم:

– تۆ وەهای تێ دەگەیت.. من بڕوا ناکەم وەهابێ. گوڵچین خان ئافرەتێکی دڵپاکە و رق لە کەس هەڵناگرێ.

ئیتر ئەو وەك بیەوێ لە تەقاندنەوەی ئەم باسە پاشگەز ببێتەوە و شوێنەواری بسڕێتەوە، وتی:

– خۆ من هیچ خراپەیەکم بۆی نەبووە و هیچ دوژمناتییەکیشم لەگەڵدا نییە. منیش هیچ رقێکم لەو نییە.

دوای ئەوە من هیچی ترم نەوت و ئەویش لەلای خۆیەوە، وەك ئەم بێدەنگییەی منی بۆ بووبێتە هەلێکی لەبار، گورج باسەکەی گۆڕی.

***

وەختێك دایکم دڵنیا بوو کە لەگەڵ نەسریندا بەتەواوی سەر و رووومان لەگەڵ یەکتردا کراوەتەوە و پەیوەندیمان روو لە پەرەسەندن و پتەوبوون دەکا، بۆ جاری دووەم باسەکەی هێنایەوە کایەوە وتی:

– دەتبینم لەگەڵ نەسریندا ڕێکیت!. من لە وەرامدا بە نیمچە تەوسێکەوە وتم:

– جا حەز ناکەیت؟!.

ئەو وەك بە چاکی  لە مەبەستم گەیشتبێ، وتی:

– حەزی من لە حەزی تۆیە!.

بە دوایدا کەمێ بێدەنگ بوو. لەوە دەچوو قسەیەکی ڕاستەوخۆی بێ پێچوپەنای لە دڵدا بێ و بیەوێ دەری ببڕێ و بەڵام نەزانێ چۆنی بخاتە ڕوو!. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامدا وتی:

– تۆ نەسرینت چۆن دێتە پێش چاو؟!. دەمەوێ بڵێم: چۆنی تێ دەگەیت!.

هەر بە ئەنقەست خۆم لە پرسیارەکەی گێل کردو وتم:

– دراوسێیەکی باشە.. دایکمی زۆر خۆش دەوێ.. لەبەر خاتری دایکم، جاروبار دێت دەستێك بە ژوورەکەی منیشدا دێنێ و بۆمی ڕێك دەخا. لەبەرئەوە بە لامەوە کچێکی چاکە و من دەبێ زۆر سوپاسی بکەم!. ئەو دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ.. پێکەنین بەم وەرامە ساکارەی من و هەر بەدەم کوڵی پێکەنینەکەیەوە وتی:

– من مەبەستم ئەوە نییە.

هیچ خۆم تێك نەدا. هەر بەو ساکارییەوە لێم پرسی:

– ئەی مەبەستت چییە؟.

ڕەفتارە ساکارەکەی دوای ئەم پرسیارەم سەرسامی کردم! قەت ئەوە دایکم نەبووە و قەت وەهام پێدا ڕانەدەپەرموو!. هات و هەر دوو ڕوومەتمی خستە ناو هەر دوو لەپی دەستییەوە. بەوپەڕی دڵسۆزیی دایکانەی خۆیەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکی هێجگار گەشەوە، ناوچەوانم و ئینجا ڕوومەتی لای ڕاستم و ئینجا ڕوومەتی لای چەپمی ماچ کرد و هەروەها بەوپەڕی گەشکەدارییەوە وتی:

– مەبەستم ئەوەیە کە ئاخۆ بە لاتەوە جوانە یاخۆ ناشیرینە؟!. زیرەك و وریایە یا تەمەڵ و گێژ و حۆلە؟!.. بە وێڵ و وسووڵە یاخۆ.. یاخۆ.. ئیتر ئاوا!.. مەبەستم لەم شتانەیە.. لەم شتانە!.

ئەوی ڕاستی بێ لێرەدا منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و دامە پێکەنین، پێکەنین بەم شێوە سەیرەی گفتوگۆکەمان. بە دەمیشییەوە وتم:

– کەوابێ، بەڵێ.. جوانە.. زیرەك و وریایە.. بە وێڵ و وسووڵە.. ئینجا قسەیەکی خۆیشمم خستە سەر و وتم:

– بەشی خۆیشی فێڵباز و جانانەیە!.

دایکم بەم قسەیەم هێندەی تر جۆشی سەند و پەیتاپەیتا دەیوت:

– هەموو هەر وەهان.. هەموو وەهان!.

ئیتر هەردووکمان بۆ ماوەیەکی کورت کشومات بووین تا ئەو لە ناکاو کەوتەوە قسە و راستەوخۆ وتی:

– باشە چۆنە بچم خوازبێنیی بکەم بۆت؟.

قسەی خۆمان بێ من هەر لە سەرەتای گفتوگۆکەمانەوە گومانم پەیدا کردبوو کە بۆ شتێك لەم بابەتە بچێ. بەڵام چاوەڕوانم نەدەکرد ئاوەها بە زەقی و راستەوخۆ پێمی بڵێ.

راستە من لەو رۆژانەدا رووم لەوە کردبوو بەلای نەسریندا بشکێمەوە، بەڵام من لەم باس و خوازەدا تازە خەریك بووم باڵەفرە دەبووم. بۆیە دوای کەمێ بیرکردنەوە وتم:

– دایە.. تۆ پێش ماوەیەك جارێکی تریش قسەیەکی لەم بابەتەت کرد و من پێم وتیت کە هێشتا قوتابیم و دەخوێنم و هێشتا زۆریشم ماوە خوێندن تەواو بکەم تۆ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. خێرا وتی:

– من وتم خوازبێنی بکەم، نەموت بۆتی بگوێزمەوە. ئێستا تەنیا نیشانەی دەکەین و دەیبەستینەوە تا خوێندنەکەت تەواو دەکەیت.

–تۆ دەزانیت چەندم ماوە خوێندن تەواو بکەم؟!.

– دەزانم.

– جا ئەم بەستنەوەیەمان بۆ ئەو هەموو ساڵانە لە پای چی؟!.

– ئێ چ زەرەرێکی هەیە؟!.

– بەڵکو لەو ماوەیەدا یەکێکمان پەشیمان بووەوە.

– ئەو حەدی نییە شتی وای لێ بوەشێتەوە. بۆ تۆش... قسەکەم پێ بڕی. وتم:

– بۆ منیش هەر حەدم نییە.. وانا؟!.

من بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، بەرەو تووڕەبوون چووبووم و دەنگم لێ هەڵبڕیبوو. بۆیە ئەو لەلای خۆیەوە، بە دوای ئەم قسەیەمدا راپەڕییە سەرپێ و بە دەم هەنگاونانەوە بەرەو دەرگەکە وتی:

– ئارەزووی خۆتە کوڕم.. ئارەزووی خۆتە.

بەڵام پێش ئەوەی پێ بنێتە دەرەوە، هەڵوێستێکی بۆ کرد و وەك گەیشتبێتە تینی و زۆر تەنگەتاو بووبێ، بە زەلیلییەکی تێکەڵ لە تەوسەوە وتی:

– دوێنێ وام لە ژنانی ناو کۆڵانەکە و لە گوڵچین خانیش گەیاند کە ئەمڕۆ دەچینە خوازبێنی نەسرین بۆ جەنابت!.. سا وا ئەم درۆیەشم بە خۆم کرد!.

ئەو ئیتر جێی هێشتم و چووە خوارەوە و منیش مێشك و بیر و هۆشم ئالآیە قسەکەی و بە تایبەتی ناو هێنانەکەی گوڵچین خان. بەڵام لەبەرئەوەی لە خۆم دڵنیا بووبووم کە ئەوەی لە نێوان من و گوڵچین خاندا رووی دا، شوێنەواری لە دڵمدا نەما و بەسەرچوو، زۆر لەسەر ئەو قسەی دایکم نەوەستام و زوو لە مێشکی خۆمم دەرپەڕاندە دەرەوە.

٨

هەر بۆ رۆژی دوایی، دەمەدەمی عەسر بوو دایکم وتی:

– سەرێکی ماڵی ئاسکۆڵی خوشکت دەدەم. ئەگەر چوویتە دەرەوە کلیلەکەم لای دایکی نەسرین بۆ دابنێ. بێ ئەوەی سەر لە کتێبەکەی بەردەمم هەڵبڕم وتم:

– باشە.

ئیتر زۆری پێ نەچوو دەنگی کردنەوەو پێوەدانەوەی دەرگەکەی حەوشەم هاتە بەرگوێ. بەڵام هەر دوای ماوەی جگەرەکێشانێك، سەرلەنوێ دەنگی کردنەوە و پێوەدانەوەی دەرگەکەم هاتەوە بەرگوێ. من وەهام دانا کە دەبێ دایکم بێ شتێکی لە بیر چووبێ و بۆی گەڕابێتەوە. لەبەرئەوە گوێم نەدایە و هەر لەسەر خوێندنەوەی خۆم بەردەوام بووم. تا هەستم بە تەپەی پێی یەکێك کرد کە بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێ و روو لە دەرگەی ژوورەکەم دەکا.

من لێی گوێ قوڵاغ بووم و هەرزوو لە دڵم چەسپی کە ئەو تەپەی پێ و بابەتی سەرکەوتن و هەنگاونانی دایکم نییە!. لەبەرئەوە سەرم هەڵبڕی و چاوم ئاراستەی

دەرگەکە کرد. من لەو ساتەدا یەکسەر بیرم بۆ نەسرین چوو. بەڵام کێم دی؟!. گوڵچین خان!.. ئا گوڵچین خان کە بەبێ هیچ ورتە و قسە و باسێك، هات و شانی نا بە دەرگەکەوە و راوەستا. وەك لەو ساتانەدا بەسەر دنیاوە نەمابێ، چاوی بەسەر روومدا روا و بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەك بکا، تاسێکی قووڵ بردییەوە. منیش لەلای خۆمەوە بەو بینینە لە ناکاوەی، خورپەیەکی تیژی ئەوتۆ دای لە دڵم کە وەك کارەبا لێی دابم، سەرتاپای لەشمی راتەکاند و هێنامییە لەرزین. لەگەڵیدا قسەکەی رۆژی پێشووی دایکم لە گوێمدا وەك هەزاران زەنگ زرنگایەوە و هێندەی تر پەشۆکاندمی.

ماوەیەکی زۆر ئەو لەسەر ئەو باری کشوماتییەی خۆی و من لەسەر ئەو باری پەشۆکاوییەی خۆمماینەوە، بێ ئەوەی هیچمان دەسپێشکەرییەکی بۆ کۆتایی هێنان بەو بێدەنگی و کشوماتییەی لێ بوەشێتەوە!. تا لە ئەنجامدا من تینم دایە بەر خۆم و سەر دەقم شکاند. هەوڵم دا رووم خۆش بێ لە ئاستیدا و وتم:

– دایکم زۆر نییە رۆیشت.. چوو بۆ ماڵی ئاسکۆڵی خوشکم.

کەچی ئەو ورتەی لە دەم هەر نەهاتە دەرەوە ترووکە نەکەوتە چاوی و جووڵەشی بۆ نەکرد!. ئەگەر بریسکەی دوو دڵۆپ فرمێسکم لە هەردوو چاویدا بەدی نەکردایە.. ئەگەر قوڵپی گریانێکی خنکاوی ناو قورگی سەرنجی رانەکێشامایە.. ئەگەر لە روخساری ژاکاویدا هەستم بە ئەندێشەیەکی دڵپڕۆین نەکردایە، لەوانە بوو دیمەنی ئەو راوەستانەی بەو شێوەیە، ترس و سامی بخستایەتە دڵمەوە و وام دابنایە کە رووبەڕووی شتێکی بێ ئامانی دەستوەشێن خۆم بەدی دەکەم!. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دیمەنەکە هێشتا هەر سەرسامی دەکرم. بۆیە ئەم جارە وتم:

– چیت دەوێ!.. فەرمووا!.

ئەم جاریش لە وەڵامدا بە قسە هەر هیچی نەوت. بەڵام بەکردەوە، لە ناکاوێکدا شاڵاوی هێنایە سەرم!.. بەشێوەیەکی شێتانەی زۆر سەیر شاڵاوی هێنایە سەرم! وەها باوەشی پێدا کردم و هەڵی وشیم بە خۆیەوە کە دەتوت دەیەوێ لەشی هەردووکمان بکا بەیەك لەش. هەر شوێنێکی سەر و روخسارمی بەر دەم بکەوتایە، بە هەموو هێزی دەم و لێوییەوە ماچی دەکرد و هەڵی دەمژی و دەتوانم بڵێم تا رادەیەکیش کە ئازاری پێ دەگەیاندم. بە دەم ئەم شاڵاو و پەلامارەشییەوە، بەشێوەیەکی دڵپڕۆێنانە هەنسکی هەڵدەدا و دەکرووزایەوە و سەرتاپای لەشیشی وەك فێ لێ هاتوویەك دەلەرزی. بە

دەنگ و دەم و پلیش، وەك بیەوێ شتێك بڵێ و قسەیەك بكا، تەنیا بڵمەبڵمێكیم دەهاتە بەرگوێ كە هیچی نەدەگەیاند و هیچی لێ حاڵی نەدەبووم. قوڵپی گریانی خنكاوی ناو قورگی، وشەكانیشی لە قورگیدا دەخنكاند. ئەوی راستی بێ من لە ئاستی ئەم شالاوە لە ناكاوەیدا واقم وڕما!. من لەوەبەر زۆرجار لەناو جێگەدا خەیاڵێكی لەم بابەتەم پێوە لێ دەدا... پەلاماری یەكتر بدەین.. باوەش بەیەكتردا بكەین و دەس لە ملان بە تەنیشت یەكترەوە ڕابكشێین. ئینجا بەدەمییەوە ماچ و مووچ و یەكتر بەخۆوە گوشین. ئا.. درۆ لەگەڵ خۆم ناكەم.. من زۆرجار بەم شێوەیە خەیاڵم لێ دەكردەوە. بەڵام ئاوەها بە هەڵمەت و بە شالاو؟!. ئاوەها توندوتیژو شێتانە؟!. . ئاوەهاش بێ پێشەكی و لە ناكاو؟!. نەء.. هەرگیز نەء.. هەرگیز بەم شێوەیەیان بە خەیاڵمدا نەدەهات و نەدەكەوتە بەرچاوم!.

ئەوی راستی بێ من لە ئاستی ئەو شالاوە بێ ئامانە لە ناكاوەیدا هێندە شڵەژاوم و پەشۆكام كە دەتوت خۆم لە كۆڕی شەڕێكی ئەوتۆدا دەبینم كە لە هەرچوار لاوە ئابڵووقە درابم و نەزانم چۆن و بە كوێدا دەرباز ببم. بەڵێ راستە كە من لەوەبەر جارەهای جار بە دەم خەیاڵی ناو جێگەوە، زۆر بە پەرۆشەوە ئاواتم بەم ساتەی ئێستا دەخواست. بەڵام ئاواتی بەدی هاتوو لێم بووەتە دەمی گوێزان و جەرگم پارەپارە دەكا. لێم بووەتە دەرزی و شووژن و دەچەقنە گوڵمی دڵم. لێم بووەتە ئەژدەهایەكی حەوت سەر و لە حەوت لاوە گڕی ئاگرم بە سەردا دەبارێنێ.

لە ئاستی ئەم بارە سەیر و ستەمەدا كە تێی كەوتم، هەست و نەست و بیر و هۆشم بە لای یاخیبووندا لە ئاواتە دێرینەكەم لایان دا و دوا جار هەڵشاخان بە رووی شالاوەكەی گوڵچین خاندا. بۆیە بە ڕقەوە خۆم لەژێر چنگی دەركێشا و بە تووڕەییەوە وتم:

– ئەوە چییە!.. شێت بوویت؟!.

ئەویش لەلای خۆیەوە بۆ ماوەی چەند ساتێك لە ئاستی ئەم كردەوەیە و ئەم قسەیەمدا حەپەسا و چاوی روایەوە بەسەر روخسارمدا. تا لە پڕێكدا دایە پڕمەی بەكوڵی جەرگ بڕ و لرفەلرف و هەنسك هەڵدانێكی دڵپڕوێن. بەدەمییەوە هەر لە جێی خۆی بە چۆكدا هات. سەری نایە ناو كۆشییەوە و بینی بەو گریانە بەكوڵەیەوە گرت. من نەمدەزانی چی بكەم و چی بڵێم. ئەو هەمدیس لە ناكاو سەری هەڵبڕی و

بەدەنگێکی پڕ لە ئەوپەڕی رق و کینە و تووڕەیییەوە وتی:

– ئا شێت بووم.. ئا شێتیش و هاریش بووم!

تەنیا هێندەی وت و سەری داخستەوە و بینی بە گریانە بە کوڵ و هەنسک هەڵدانە دڵپڕوێنەکەیەوە گرتەوە. ئەوسا من لە ئاستی ئەو دیمەنەیدا، هیچ رق و کینەیەکم لە دڵدا نەما و ئەو هەڵچوونەی هەست و نەست و بیر و هۆشم، تەواو رەوییەوەو کپ و خامۆش بوو. ئینجا ئەو لە لای خۆیەوە کە منی وەها بە خامۆشی و بێدەنگی دی، فرسەتی هێنا و یەکەم جار لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن و وتی:

– ئەی خوایە!.. خوایە!.. بۆ دەبێ بەشی من لە ژیاندا هەر سزا و دەرد و ئازارنۆشین بێ!. بۆ دەبێ لە چارەم نووسرا بێ کە قەت تامی خۆشی ژیان نەکەم. بۆچی وەها بێ بەشت کردم.. گوناهم چی بوو.. چی؟!.

بە دوایدا سەری بەرز کردەوە و ئەم جارە چاوی بڕییە چاوم. ماوەیەك تێم ورد بووەوە. تا لە ئەنجامدا بە دەنگێکی پڕ لە ژەنگ و ژارەوە وتی:

– ناهەقت ناگرم.. تۆ نازانیت من لە ژیانمدا چ ئازارێك دەنۆشم.. بە چ دەرد و مەینەتییەکەوە شەو و رۆژم بەسەر دەبەم!. تۆ نازانیت من لە چ دۆزەخێکدا دەژیم و چ مۆتەکەیەك سواری کۆڵم بووە!. ئەم جارەش سەری نایەوە ناو کۆشی و جڵەوی بۆ گریان و هەنسك هەڵدان شل کردەوە. ئەم جارەش لەبەر خۆیەوە وتی:

– بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا تروسکەی بەختیارییەکم لێ دەرکەوت و ئاهێکی شادمانی کەوتە دڵم. هیوایەك لە ئاسۆی ژیانمدا گەشایەوە و وتم وا تامێکی خۆشی و کامەرانی دەکەم.

لێرەدا قوڵپی گریان و لرفەلرفی هەنسك هەڵدانی خۆی کپ کرد. بە نیمچە رقێکەوە سەیرێکی کردم و وتی:

– تۆ بوویت.. ئەو تروسکەیە.. ئەو ئاهە.. ئەو هیوایە تۆ بوویت!.. کەچی تۆش!...

تەواوی نەکرد.. وەك دڵی بەرایی نەدا قسەکەی تەواو بکا، قووتی دایەوە و چاوی بەسەر روخسارمدا روا. منیش بەدرێژاییی ئەو ماوەیە لە جێی خۆم وشك هەڵاتبووم و چاوم بەسەریدا ئەبڵەق بووبوو. بە سەروسیما وەها بووم، دەنا لە دڵ دەروونندا جۆشم سەندبوو. قسەکانی کارێکی ئەفساناوییان تێ دەکردم و جۆرەها هەست و نەستیان لەلا دەبزواندم. بەزەیی، بەتەنگەوەهاتن، یارمەتیدان، دڵخۆشیدانەوە و لەگەڵیاندا حەز

و ئارەزووەکەش!.. ئا.. حەز و ئارەزووەکەو ئاواتە دێرینەکە.

ئەوەتا وا ئەو هیچی تێدا نەهێشتەوە و هەموو شتێکی بە ئاشکرا و لە ڕوو وت. کەوابێ ئیتر من تەنیا هێندەم لە سەرە بڵێم «ئا» و تەواو. بۆچی نەیڵێم؟!. ئا دەیڵێم!.

من لەم بیرکردنەوەیەدا بووم ئاگام لەو بڕا. وەختێ بە ئاگا هاتمەوە کە ئەو هاتبووە پاڵمەوە و لەوەدا بوو کە دەستی لە ملم دەئالاند. دڵم خورپەیەکی کرد و برووسکەیەك بە سەرتاپای لەشمدا رابورد. بەڵام لە جێی خۆم نەجووڵام و هیچیشم نەوت.

ئەو تەواو خۆی ئاخنییە پاڵمەوە و سەری بەسەر شانمدا خەواند. بە دەنگێکی پڕ لە سۆزی فریشتەیی بە چپە وتی:

– گیان و دڵەکەم.. جەرگ و هەناوم.. بە دەست خۆم نییە خۆم پێ ڕاناگیرێ. دەتپەرستم. ناتوانم لە بیر و هۆشی خۆمت دەربکەم و وازت لێ بێنم. تا ئێستا خۆشەویستیم بە خۆم نەدیوە ئەمە یەکەم جار و یەکەم کەسیت. ئۆخەی خوایە.. ئۆخەی نەمردم و تامی خۆشەویستی و دڵداریم کرد.

ئیتر من بە هیچ کلۆجێ توانای خۆڕاگرتن و یاخیبوونم لە جەستەدا نەمابوو. رانەچەنیم و خۆم لەژێر چنگی دەرنەکێشا. تووڕە نەبووم و هەوڵم نەدا لە خۆمی دوور بخەمەوە. بگرە تەواو بەپێچەوانەوە. ورتە و جووڵەم لە خۆم بڕی و تا دەهات زیاتر خۆم بۆ شل دەکرد. بەدەمییەوە هەستم دەکرد کە تەزوویەکی زۆر خۆش بە لەشمدا دێت و تا بێت تەشەنە دەسێنێ. بگرە چەندە ئەو زیاتر خۆی تێ هەڵبسوومایە و توندتر لەشی لەگەڵ لەشمدا جووت بکردایە و دەم و لێوی بنایەتە ناو دەم و لێومەوە، تەزووی خۆشییەکە پتر بە خوێن و گۆشت و ئێسقانمدا بڵاو دەبووەوە و سستی دەکردم. ئەوسا بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم، دەست و پەلم جم و جووڵیان تێ کەوت!.. کشان بۆ کەمەری!.. بۆ ناوقەدی و لە ئاستی پشتیدا هاتنەوە یەك!.. توند هاتنەوە یەك و تەقەلای بەخۆوەنووساندن بووە دوو قۆڵی. نازانم ئەو خامۆشییە ناخامۆشییەمان چەندی خایاندبوو. بەڵام هێندە دەزانم کە لە ناکاوێکدا زریکەیەك لە ناخی دەروونمەوە بە گرمە و ناڵە سەری هەڵدا و رای چڵەکاندم و لەو دنیای خامۆشییەی دەرهاوێشتمە ناو دنیایەکی پڕ لە هات و هاوارەوە. زریکەکە پەیتا پەیتا دەیقیژاند.

– داوێنپیسی.. خاڵە عەول.. داوێنپیسی.. خاڵە عەول!.

لەگەڵ ئەوەشدا گوڵچین خان دەسپێشکەری کرد و دەستی لە من بەردا

بەسەرسوڕمانەوە کەوتە سەیرکردنم. کاتێ منیش روانیمە ئەو، نیشانەی پرسیارێکی سەیر و ستەمم بە روخسارییەوە بەدی دەکرد و بە پەرۆشەوە داوای دەکرد وەلامی بدەمەوە. من هەر زوو زانیم ئەو هاوارەی ناو دەروونم سەری کردووە بۆ سەر زمانیشم!. بۆیە بە ناچاری رووی دەمم تێ کرد و وتم:

– ئا.. ئەوەیە مێشکم دەکرۆژێ و رێگەی خۆشویستنتم بە دڕك و داڵ لێ دەتەنێ!. ئەوەیە لە هەموو جارێکدا وەك گەردەلوولێك لێم هەڵدەکا و کڵپە و بڵێسەی خۆشویستنتم لە دڵدا دەکوژێنێتەوە!. بڵێم چی.. منیش وەك تۆ بەدەست خۆم نییە. کە تۆ بەو جۆرەیت، منیش بەم جۆرەم. نازانم چی بکەم.. نازانم.. نازانم!.

وەك بەم قسانەم تەریق ببێتەوە، سوور هەڵگەڕا و پەشۆکا. کە من بە دوایاندا بێدەنگ بووم و بۆ چاوەڕوانکردنی وەلام چاوم بڕییە چاوی، سەری داخست و تاسێکی قووڵ بردیەوە. کە چاك لێی وردبووومەوە، سەیرم کرد وەك گڕی ئاگرێك ناخی دڵ و دەروونی هەڵقرچێنێ، لێوی خۆی دەکرۆژێ و چنگ و نینۆك لە لەشی خۆی گیر دەکا. کاتێکیش سەری هەڵبڕییەوە، روانیم فرمێسك چۆڕاوگەی بەستووەتە چاوی. ماوەیەکی زۆر تێم ورد بووەوە، تا بەدەنگێکی پڕ لە داخ و خەفەتەوە وتی:

–ئا بەڵێ.. راست دەکەیت.. من وەهام و تۆش وەها!. بەڵێ.. خاڵە عەول مێشکت دەکرۆژێ و رێگەی حەزلێکردنی منت بەدڕك و داڵ لێ دەتەنێ و وەك گەردەلوول، کڵپە و بڵێسەی خۆشەویستیی منت لە دڵدا دەکوژێنێتەوە!. بەلام..

وەك دوودڵ بێ. کەمێ گیری خوارد.. کەمێکیش لێوی خۆی کرۆشت و خۆی خواردەوە!. ئینجا وەك دوا بڕیاری دابێ کە ئەوەی لە دڵیدایە دەری ببڕێ، کەوتەوە قسەو وتی:

– تۆ تاقە کەسێکیت ئەم نهێنییە پڕ لە مەخسەرە و کڵۆڵی و دەرد و مەینەتییەی ژیانی خۆمت لا ئاشکرا دەکەم. هێشتا لای هیچ مرۆڤێك باسم نەکردووە و لە تۆ بەولاوە لای هیچ کەسێکی تریش باسی ناکەم. بەڵێ هیچ کەسێ پێی نازانێ تەنیا خۆم و ئەو خاڵە عەولەت نەبێ کە تۆ هێندە بەتەنگییەوەیت و خەمی بۆ دەخۆیت.. کە تۆ وای لێك دەدەیتەوە داوێنپیسی لە ئاستیدا دەکەیت و لەو رووەوە مێشکی خۆتی بۆ دەکرۆژیت!.. حەزیش دەکەم دڵنیا بیت و سوێندت بۆ دەخۆم بە چیت بڕوایە کە هەر بە ئاستەمیش نیازی چەواشەکردن و لە خشتەبردنتم نییە. هەروەکو مەبەستیشم

بزواندنی رق و کینە نییە لە دڵتدا بەرامبەری.

من ئەو خاڵە عەولەیە درکی بنی نینۆکم و سات بە ساتی ژیانمی پڕ کردووە لە ئازار و ئەشکەنجە. وای تێ مەگە من رقی ئەوەم لێیەتی کە ئەو پیرێکی پەککەوتەیە و من لە هەرەتی گەنجیدام. نەء.. ئەگەر هەر ئەوە بووایە بە سەربردنی ژیانم ئاسان دەبوو. بەڵام باوەڕم پێ بکە ئەوەی باس دەکەم راست و دروستە و کەمی دەگێڕمەوە و زۆری هەر لە دڵی خۆمدا حەشار دەدەم.

ئەو خاڵە عەولە خواناسەت، من هێشتا منداڵ بووم، دەستی لەگەڵ دایکمدا تێکەڵ کرد. باوکم هیی ئەوە نەبوو وا زوو بمرێ. لە هەرەتی گەنجێتیدا بوو. دایکم و ئەو خاڵە عەولەت کوشتیان. دوای دەس تێکەڵاوکردنەکەیان بە دوو ساڵ مرد!. من ئەو وەختە تەمەنم شەش حەوت ساڵان بوو. لە دڵدا هەستم بەکەین و بەینەکەیان دەکرد، بەڵام منداڵ بووم هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. ناتوانم هەموو شتێکت بەدوور و درێژی بۆ بگێڕمەوە. دوای مردنی باوکم ئەوان بۆ ماوەی نۆ ساڵی رەبەق ئەمە پیشەیان بوو... من تەواو فامم کردەوە و چاك ئاگەداری ئەم رەفتارەیان بووم. بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ دەکرا پێوەی بتلێمەوە و ئازاری پێوە بچێژم. نەشی دەکرد مارەی بکا و کارەکە بەجۆرێکی تر بکەوێتەوە. نەمدەزانی بۆچی.

دوای نۆ ساڵە دایکیشم نەخۆش کەوت و هاتە سەر مردن. ئەو شەوەی بەسەریدا مرد، بانگی کردمە لای خۆیەوە و ماوەیەکی زۆر لەگەڵمدا خەریك بوو کە دوای مردنی ئەو من لە ژیاندا هیچ چارەیەکم نامێنێ شووکردن نەبێ بە خاڵە عەول. بەڵێ.. ئەو وەختە منیش وەك تۆ بە خاڵە عەول ناوم دەبرد.

پێشی راگەیاندم کە لەگەڵ ئەویشدا وەها رێك کەوتووە. ئیتر تا گیانی دەرچوو هەر دەیدایەوە بە گوێمدا و دەیوت: «با سەرگەردان و دەربەدەر نەبیت.. دوای من هەر ئەوە چارەتە!». منیش مەینەتییە هەرە گەورەکەم لەوەدا بوو کە نە لە باوك و نە لە دایکەوە، کەسێکی وەهام نەبوو هاواری ببەمە بەر و رزگارم بکا. ئیتر هەر دوای مردنی دایکم بە دوو سێ هەفتە مارەی کردم کە ئەو وەختە تەمەنم پازدە شازدە ساڵان بوو. سا ئەوەتا حەوت ساڵی رەبەقە من لە باخەڵی ئەو ئەژدیهایەدا دەنووم و شەو رۆژ دەکەمەوە!. حەوت ساڵە لەژێر کەڵبەی ئەو گورگەدام و گیرۆدەی چنگ و نینۆکیم!. کەچی تۆش خەمی ئەوە دای گرتوویت کە لە ئاستیدا داوێنپیسی دەکەیت. من لەوەبەر

لەم بابەتە قسەوباس و بەسەر هاتانەم بیستبوو، بەڵام یا بەسەر گوزشتەیەك كە دایكم بۆی دەگێڕامەوە، یا لە چیرۆكێكدا كە دەمخوێندەوە. وەهایشم دادەنا كە ئەوانە تەنیا هەڵبەستی خەیاڵن و لە راستییەوە دوورن.

كەچی ئەوەتا گوڵچین خان بەسەرهاتێكم بۆ دەگێڕێتەوە كە لەو بابەتەیە و بەسەر خۆیشی هاتووە! چۆن.. گوایە دەشێ شتی وەها روو بدا؟!. ئەی خۆ خاڵە عەول خۆی هێرشی دەبردە سەر داوێنپیسان و بەلەعنەتی دەكردن؟!. كەوابێ ئەو قسانەی هەموو درۆ و دەلەسە و چاوبەستن بوون و داوێنپیسییەكەی خۆی پێ دەشاردنەوە!.

بە دەست خۆم نەبوو، بەبیستنی ئەو قسانەی گوڵچین خان و بە وردكردنەوەكەی خۆم، تەوژمی رقێكی توندوتیژ بەرامبەر بە خاڵە عەول دای گرتم. منیش لێم بووە ئەژدیهایەك.. لێم بووە گورگێك و بەرگی ئادەمیزادی پۆشیێ. شان بەشانی ئەو رقەم، بەزەیی و سۆزێكی بە جۆش بەرامبەر بە گوڵچین خان لە دەروونمدا بزوا و سەری كرد كە ئەوە سەر لەنوێ رێگەی بۆ حەز و ئارەزووەكە خۆش كردەوە تاو بسێنێ و كۆسپەكەی لە رێگەدا تەخت بكا. لەو ساتانەدا هاتمە سەر ئەوەی ئەم جارەیان من شاڵاو بەرم.. من دەست بكەمە ملی و بەخۆمییەوە هەڵگوشم و بكەومە ماچكردنی!. بەڵام نەء!.. ئەم جاریش وەها نەكەوتەوە!.. ئەم جاریش هەر ئەو، وەك چاك هەستی كردبێ و زانیبێتی كە ئەوە ساتە هەرە لەبارەكەیە، شاڵاوەكەی هێنایەوە!.

شاڵاوەكەی ئەم جارەی ئەو هێمنانە بوو. . ئەوەكەی من شێتانە بوو!.. ئەوەكەی من كارێكی وای كرد ئاگامان لە خۆمان ببڕێ و بەسەر دنیاوە نەمێنین!!.

***

– گوڵچین خان ئاخری قەومانت؟.. ئاخری قەومانت؟.

دەنگی دایكم بوو وەك گوللەیەك تێسكەی كردە ناو گوێم و كسپەی لە جەرگم هەڵساند!.

كە بەپەلە دەستمان لە یەكتری بەردا و راپەڕینە سەر پێ و چاومان ئاراستەی دەرگەی ژوورەكە كرد، ئەو وەك جەللادێكی زۆر سامناك دەستی نابووە كەمەری و پڕ بەپڕی ناو دەرگەكەی داگیر كردبوو. دیم زۆر بە رق و تووڕەییییەوە لێوی خۆی دەكرۆژێ و دان لە یەكتر دەسوێ. دیم گڕ و كڵپەی ئاگر لە چاوەكانی دەردەپەڕێ و ئاراستەی ئێمەی دەكا. بیستم دووبارە قوڕقوشمە تواوەكە دەڕژێنێتەوە ناو گوێم و

دەڵێ:

– گوڵچین خان من هەر دەمزانی ئەمەت لەژێر سەردایە!.. دەمزانی کوێر و گەوج و گەلحۆ نەبووم!.

گوڵچین خان ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە. تەنیا دایە پرمەی گریانێکی هێجگار بەکوڵ و بەبەردەمی دایکمدا بە پرتاو خۆی کوتایە دەرەوە و بۆی دەرچوو. ئەوسا دایکم رووبەرووی من بووەوە و هەرچی لێشاوی قسەی سووك و ناشیرین و جنێوی لەلابوو بەسەر منیدا داباراند. بەدەمییەوە لێم هاتە پێشەوە و هەر ئەوە بوو هەردوو پەنجەی نەدەچەقاندە چاوم و وتی:

– من چەند جار بە مانا ئاگەدارم کردیت کە خۆت لەو ئافرەتە بێ حەیا و ناموسە لادەیت!.. من پشتم زۆر پێت ئەستوور بوو!.. دەموت کوڕێك شیری منی خواردبێ دوورە شتی وەهای لێ بوەشێتەوە!. کەچی ئا ئەمە ئەنجامت بوو هەی بێ ئابڕوو.. هەی نەگریسی چەپەڵی بێ شەرم.

هەریەکێ لە قسەکانی وەك شووژنێك دەچەقییە دڵم. وەك شیشێکی سوورەوەکراو دەچزا جەرگمدا. بە دەمیانەوە تاسێکی قووڵی تەریقبوونەوەی جەرگبڕ لە روویدا سستی کردم و لە ورتە و جووڵەی خستم. نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم.

تا لە ئەنجامدا تینم دایە بەرخۆم. بەڕاکردنێکی شێتانە بەرەو دەرەوە شاڵاوم برد. هەر بەڕاکردن بە پیلکانەکاندا رۆچوومە خوارەوە و بە قەڵەمبازد ماوەی حەوشەم کۆتایی پێ هێنا. ئیتر تا لە دەرگەی حەوشەش خۆم ئاودیوی کۆڵان کرد، دەنگی ئەو هەر دەهاتە بەرگوێم کە دەیوت:

– نەیەیتەوە بەمماڵەدا هەی بێ ئابڕوو.. تۆ گڵاویت.. تۆ کوڕی من نیت.. کوڕی من نیت.

## ٩

تا تاریکیی شەو پەردەی رەشی بە سەر گشت لایەکدا کێشا و ترووسکەی لە رووناکیی رۆژ بڕی، من بەدەشت و دەرو گرد و یاڵەکانی قەراغ شاردا سووڕامەوە. دەتوت بەدەم خەوێکی سامناکەوە بەبێ هۆش و بەبێ ئاگا مل دەنێم. تەقەی دەرگەکەی حەوشە و قسە و باسەکانی گوڵچین خان و گریان و کرووزانەوە و هەنسك

هەڵدانی، دیمەنە تۆقێنەرەکەی دایکم و قسە جەرگبڕەکانی و هاوارە دڵپڕوێنەکەی دوا ساتی کە جێم هێشت، ئەمانە هەموو وەك هاژەی رووباری ناو دۆڵێکی سەخت، وەك گرمە و ناڵەی زنجیرە هەورەتریشقەیەك بەردەوام لە گوێمدا دەنگیان دەدایەوە و لە بیر و هۆشمدا دەتەقییەوە. تەنانەت هێندێ جار وەها زۆری بۆ دەهێنام کە لە تاوا گوێچکەی خۆمم دەئاخنی و بەشێوەیەك خۆم دەدا بەزەویدا وەك بمەوێ سەرم بچەقێنمە ناو زەوییەکەوە. ماوەیەك بەو جۆرە دەتلامەوە و پەلەقاژەم دەکرد، تا وام لێ دەهات لە جێی خۆم شل دەبووم و لە پەلوپۆ دەکەوتم. ئەوسا وەك بووڕابێمەوە، ورتە و جووڵەم لەبەر دەبڕا و لە جێی خۆم خپ دەبووم.

کە تاریکییەکە داهات، سەرباری ئەو ئازارە کوشندەیەی ناو دەروونم، ترس و سامی تاریکی و چۆڵەوانییەکەش زۆری بۆ هێنام و هێندەی تر پەشۆکاندمی. بە درێژاییی ژیانم ئەوە یەکەم جارم بوو ئاوەها خۆم بەتەنیا لە چۆڵەوانی و تاریکیدا ببینم. بۆیە لەوە زیاتر خۆم بۆ پێڕانەگیرا و ملی ڕێگەی ناو شارم گرتەوەبەر. ئینجا لە ناو شاریشدا هەتا نزیکی نیوەشەو، بەسەر شەقام و ناو کۆڵانە چۆڵەکاندا سووڕامەوە. بەلای ماڵی گەلێ لە خزم و کەس و کاراندا رابوردم. ماڵی زۆر لە هاوەڵەکانی قوتابخانەمم کەوتە سەر ڕێ. زۆرجاریش بە سەرمدا دەهات لە دەرگەی یەکێکیان بدەم و پەنای ببەمە بەر. بەڵام کە دەهاتمە سەر وردکردنەوەی باسی ئەو پرسیار و وەڵامانەی لێمی دەکەن، مووچڕکەیەك بە لەشمدا دەهات و سامم لێ دەنیشت، تا وام لێ دەهات تەنانەت خۆشم لە نزیککەوتنەوەی ئەو جۆرە ماڵانە بپارێزم نەوەکو لە ناکا و تووشی یەکێکیان ببم و بکەومە داوەوە.

بەهەرحاڵ لە نیوەشەودا ئیتر ماوەی ئەوەشم لێ بڕا کە بتوانم بە سەربەستی بە شەقام و کۆڵانەکاندا بسووڕێمەوە. وای لێ هات حەسحەسەکان بەگیریان دەهێنام. بە سەرساميیەوە دەکەوتنە پرسیار لێکردنم کە ئاخۆ دەبێ چیم لێ قەومابێ وا بەو نیوەشەوە بەدەرەوەم!.

لە سەرەتادا بۆ هەر یەکەیان بەهانەیەکم دەهێنایەوە و خۆم پێ رزگار دەکرد. بەڵام ئەوانەی دووبارە تووشیان دەبوومەوە، لە ئاستیاندا دەمم دەچووە کلیلەو هیچ وەڵامێکم بۆ نەدەدرایەوە. ئیتر بەوەی باش بوو کە بە سەرو سیما و پەشۆکاوی و خەمناکیمدا دەیانزانی کە دەبێ لە ماڵ دەرکرابم، یا خۆم تۆرابم و هەڵاتبم. لەبەرئەوە بە زۆری دڵسۆزانە دڵیان دەدامەوە و ئامۆژگارییان دەکردم کە چاکتر وایە بگەڕێمەوە

ماڵەوە. منیش هەر بۆ خۆ رزگارکردنم، بەڵێنی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دەدانێ و بە خێرایی لەو ناوچەیە دوور دەکەوتمەوە.

لێرەدا ئیتر هیچ چارێکم نەما. بڕیارم دا بە هەر جۆرێك بێ پەنا بەرمە بەر ماڵی هاوەڵێکم. یەکێکیشم هەڵبژارد کە لەگەڵ ماڵی خۆماندا هیچ جۆرە ناسیاوییەکیان نەبێ. ئیتر کاتێ رووم تێ کرد، بیرم لەوەش کردبووەوە کە ئەگەر پرسیارم لێ کرا چ بەهانەیەك بدەم بەدەستەوە. بۆیە هەرهێندەی ئەو رووی پرسیارەکەی بە سەرسامییەوە تێ کردم:

– چ خێرتە.. چیت لێ قەوماوە؟.

یەکسەر وەك لەبەر نووسینێکی بۆ بخوێنمەوە وتم:

– خۆت دەزانیت دایکم و باوکم پەست و بێزاریان کردووم. نایەڵن لە پێستی خۆمدا بجووڵێمەوە و ماوەم نادەن بە هیچ لایەکدا بچم. هەر هێندەی دوو سێ سەعاتێك لە بەرچاویان ون دەبم، دنیام بەدوادا تەی دەکەن. ژیانیان لێ تاڵ کردووم. ئیتر ئەوەتا دەبینیت کە بڕیارم داوە گەڕێکیان پێ بکەم و بۆ ماوەی یەك دوو شەو خۆمیان لێ ون بکەم، بەڵکو بتوانم ئەو تەوقە بشکێنم و خۆمی لێ ئازاد بکەم؟. برادەرەکەم درێژەی نەدایە و هیچ پرسیارێکی تری نەکرد، بگرە بەگەرمەوە پشتگیریی لێ کردم و وتی:

– ئۆباڵ بە گەردنم چاك دەکەیت. کورە خۆ ئەو تەوقە ملی منیشی دابڕیوەتەوە. بڕیار بێ منیش لە فرسەتێکدا ئەم رێگەیەی تۆ بگرمە بەر.

***

ئەو شەوە و دواییشم لە ماڵی ئەو هاوەڵەم بردە سەر. بەڵام لە شەوی سێیەمدا خەریك بووین دەنووستین کاتێك لە دەرگەی حەوشە درا. من هەر زوو دەنگی دایکمم ناسییەوە کە زۆر بە پەرۆشەوە پەیتا پەیتا دەیوت:

– کوا.. بەقوربانتان بم کوا؟!. نیشانمی بدەن.. کوا؟!. ئیتر هەر هێندەی چاوی پێم کەوت، بە جۆرێك شاڵاوی بۆ هێنام و کەوتە ماچکردن و هەڵوشینم کە دەتوت ساڵەهایە لێی دوور کەوتوومەتەوە نەك تەنیا دوو شەو. منیش لەلای خۆمەوە شەپۆلێکی تەریقی دای گرتمەوە و رووم نەدەهات سەیری بکەم.

بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ دایکی هاوەڵەکەمدا پێکەوە دانیشتن و کەوتنە سکاڵاکردن بۆ یەکتر لە بارەی ئەرکی دایکێتی، تا باسیان هێنایە سەر من. من تا ئەو ساتە سەرم

سورمابوو كه دایكم چۆن شوێنەكەمی پێ زانیوە!. بەڵام گوێم لێ بوو دایكی هاوەڵەكەم پێی وت:

– لێم مەگرە كە درەنگ ئاگەدارم كردیت، كوڕە شەیتانەكەم چەواشەی كردم و لێمی دەشاردەوە كە تۆراوە. بەڵام كە ئەم ئێوارەیە نهێنییەكەم لێ دەرهێنا، بە باوكیم وت: دەڕۆیت نایەیتەوە تا ماڵەكەیان دەدۆزیتەوە و دایكی لەگەڵ خۆتدا دەهێنیت.

بە دوای قسەكەیدا دایكم سەرنجێكی پڕ مانای دامێ و بە دەم زەردەخەنەیەكەوە وتی:

– بەڵێ.. جەنابی لەبەرئەوە لێمان تۆراوە كە وتوومانە شەو مەچۆرە دەرەوە.

لەو ساتەدا هەستێكی خۆشەویستیی گەلێ قووڵتر لە جاران بەرامبەر بە دایكم، لە ناخی دەروونمدا وەك كانییەك تەقی و هەژاندمی. حەزم دەكرد خۆم بهاوێژمە باوەشییەوە و وەك بووبێتمەوە بە منداڵێكی ساوا، لەو باوەشەیدا ئۆقرە بگرم.

كە گەڕاینەوە ماڵەوە، ماڵ جمەی دەهات!.. خوشكەكانم و مێردەكانیان و چەندانێكیش لە خزم و كەسوكاری نزیك دەوری باوكمیان تەنیبوو. تینم دایە خۆم روو بكەمە لای ئەوان، بەڵام نەمتوانی. لە شەرم و تەریقیدا، لە دایكم جیا بوومەوە و یەكسەر سەركەوتمە سەرەوە بۆ ژوورەكەم. دەنگە دەنگی خوارەوەم وەك غەڵبە غەڵبێك دەهاتە بەرگوێ كە هیچی لێ تێ نەدەگەیشتم. تا هەستم كرد غەڵبە غەڵبەكە وردە وردە دەڕەوێتەوە و روو لە كەمبوون دەكا. كاتێ تەواو كپ بوو، هەستم كرد یەكێك بە پیلكانەكاندا سەر دەكەوێتە سەرەوە بۆ لام. زوو زانیم تەپە تەپی پێی باوكمە. دڵم بە توندی كەوتە لێدان و ترسی ئەوەم لێ نیشت كە لێشاوێك قسەی سووك و جنێوم بە سەردا داببارێنێ. نەمدەزانی چی بكەم و چۆن و لە كوێدا خۆم حەشار بدەم. بەڵام كە پێی نایە ناو ژوورەكەمەوە، دوای كەمێ بێدەنگی و رامان، بەسەر و زمانێكی ئاساییەوە، وەك بیەوێ وەهام پێڕا بگەیەنێ كە هیچ نەبووە و هیچ نەقەوماوە، وتی:

– ئەو دوو رۆژە سەعیت دەكرد؟.

من لە وەڵامدا (نەء)ێكی پڕ لە كەساسی و پەشیمانیم بە زۆر لە دەمی خۆم دەرپەڕاند. ئەویش ئیتر درێژەی نەدایە و چۆن هاتبوو وەها كشایەوە دواوە. تەنیا بە دەمییەوە وتی:

–حەز ناكەم خوێندنەكەت فەرامۆش بكەیت.

ئەم کردەوەیەی باوکم لەگەڵمدا، هێندە دڵمی حەواندەوە و هێندە بیر و هۆشی ماندووومی سرەوت پێ دا و هێندە هەست و نەستی هەژاومی هێور کردەوە کە هەر دوای ماوەیەکی کورت چوومە باوەشی شیرین خەوێکەوە و ئاگام لە خۆم و لە چەرمەسەرێی ئەو بەسەرهاتە سامناکە بڕا.

***

دوای ئەوە بە ماوەیەك، وەختێ باسەکە ئەو گەرموگوڕییەی نەما و کۆن بوو، دایکم خۆی ئاسایی پاشماوەی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی:

– ئەو ئێوارەیە هەر کە باوکت هاتەوە، کارەساتەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕاوە. ئەویش دوای تووڕەبوون و هەڕەشەیەکی زۆر لە تۆ و پێداهەڵشاخان و فەزیعەتێکی زۆر بە من، چوو بەدوای خاڵە عەولدا و هێنایە ماڵی خۆمان. ئەویش باسەکەی وەها لەو گەیاند کە گوایە تۆ خووت داوەتە گوڵچین و هەراسانت کردووە و گوایە ئێمە تۆمان لەسەر ئەوە زۆر ئازار داوە و ریسوا و شەرمەزارمان کردوویت و لە ئەنجامیدا تۆراویت و سەری خۆت هەڵگرتووە و ونیت. دوا جار وەهای بە گوێیدا دا کە چاکتر وایە ئەوان بگوێزنەوە بۆ گەڕەکێکی تر و گرفتەکە بەوە چارەسەر بکرێ. ئیتر دیار بوو خاڵە عەول هەر زوو لە فیکەی خۆی تێ گەیشت و بۆ رۆژی دوایی گواستییەوە، بێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ چ لایەك و چ گەڕەکێك.

بەڵام لە کاتی گواستنەوەکەیاندا، هەر مەگەر خوا بزانێ ئەو ئافرەتە چی کردووە!. تا دوا پرزۆڵی کەلوپەلیان بار کرد، پێیەکی لە ماڵ بوو پێیەکی لە کۆڵان!. ئەو نەیزانیبوو کە جەنایت تۆراویت و بەلەسە بوویت. هەر چاوە چاوی تۆی بوو بتبینێ پێش ئەوەی بۆ دواجار کۆڵانەکە جێ بهێڵێ.

ئەوی راستی بێ، ئەو ساتەی بە نائومێدی ملی رێگەی گرتە بەر و رۆیشت، تا بڵێی بەزەییم پێیدا دەهاتەوە و دڵم بۆی دەسووتا. من لە داڵانەکەدا دانیشتبووم و چاو و گوێی خۆم لێ خەفاندبوو، نەمدەویست خواحافیزی لێ بکەم. ئەو هاتە ژوورەوە بۆ لام و بە دەم قوڵپی گریانەوە دەستمی ماچ کرد، وتی

– دڵم رەنجاندیت.. گەردنم ئازاد کە!.

ئەوسا منیش خۆم پێڕانەگیرا، ئەوملا و ئەولایم ماچ کردو خواحافیزیم لێ کرد، بگرە هەردوو چاویشم بۆی پڕ بوون لە فرمێسك و بۆی گریام!.

ئیتر ئاگام لێ بوو بۆ دوا جار چاوێکی بە ناو ماڵەکەدا گێڕا!. دەمزانی و دڵنیا بووم کە چاو بۆ تۆ دەگێڕێ. نەیدەزانی کە جەنابت لە ماڵ نیت و هەڵاتوویت. کە هەر چاوی گێڕا و نەیبینیت، بەکەساسی و دڵشکاوییەوە چووە دەرەوە. گوێم لێ بوو یەکە یەکە ماڵئاوایی لە دراوسێکانی تریش کرد. بەڵام وەختێ من تەکانم دایە بەرخۆم و چوومە بەردەرگەی حەوشە، ئەو لە چاو ون بووبوو.

***

# گەلە گورگ

**زریان**

زۆپاکە جارێکی تریش سوور بووبووەوە و نێڵەنێڵی گەیشتەوە لووتکە. لەوەدا نەما خۆیانی لەبەردا رابگرن. بەرەودوا لێی کشانەوە و خۆیانیان لێ دوورخستەوە. ئایش چووەوە وێزەی دروومانەکەی. منداڵەکان کەوتنەوە یاریکردن. بارامیش چوو پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا.

زریان زریان نەبوو بەڵای خوا بوو. بەقسەی بارام نا، ئەوەیان هەر هیچ کە بارام بە درێژاییی تەمەنی بیست و شەش ساڵەی، بەبیری نەدەهات لە هیچ زستانێکی تردا زریانێکی وەهای دیبێ، بگرە بەقسەی پیرانی ئاوایی گوایە سی و پێنج ساڵ لەوەبەر، زریانێکی تری لەم بابەتە رووی داوە و بۆ ماوەی پازدە رۆژی رەبەق، نەیهێشتووە کەس سەر لە کون بباتە دەر.

– هەر چاکە!.. ئەمیان لە رۆژی هەشتەمیدا هێندەی بوار دا، کە بتوانم بۆ ماوەی ساتەوەختێك، سەر لە کون دەربێنم.

بارام لەو ساتەوەختەدا، فرسەتی هێنا و خۆی گەیاندە ئاوایی . پێش لە ماڵ بەدەرکەوتن بەئایشی وت:

– ئاگەداری منداڵەکان بە.. مەیەڵە پێ ببەنە هەیوانەکەوە. هەروەها خۆشت پێ لە هەیوان مەبەرە دەرەوە. کە کەوتە رێ، زۆر بەزەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا. ئەو تووڵەرێیەی لە ئەنجامی هاتوچۆی خۆیاندا، بۆ ئاوایی دروست بووبوو، بەباڵاپیاوێك بەفر داپۆشرابوو. بەڵام ئەو کە ئەمە رێگەی هاتوچۆی هەشت مانگی لەوەبەری بوو، لەوە بەدووربوو لە هەنگاونان و قاچدانان بەبست بەبستیدا، هەڵەی تێدا بکا. بۆیە زەحمەتیی هەنگاونانەکەی لێ نەدەبووە کۆسپێکی ئەوتۆ، کە گەیشتنە ئاوایی لەلا بکاتە کارێکی زۆر ستەم.

ئاوایی تەنیا بە دووکەڵی لوولەی زۆپاکانیدا دەزانرا کە ئاواییە، دەنا بە ورتە و جووڵە و بە دیمەن، هیچ نیشانەیەکی تری پێوە دیار نەبوو.

کە خۆی بە ماڵی مامیدا کرد، ئامۆژنی سەری لە ژوور بۆ دەرهێنا و بەپیرییەوە

هات. بەڵام کە سەیری کرد بەتەنیا خۆیەتی، بە  سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

– ئەی ئایش و منداڵەکان؟.

ئەم خۆی لە سەرسوڕمان و تەنگەتاوییەکەی گێل کرد و وتی:

– لە ماڵەوەن.

– ئەی بۆ نەتهێنانەوە؟.

– ئامۆژن تۆ قسەی سەیر دەکەیت!.. ئەمە ڕۆژی ئەوەیە؟.

– ئەی ئەمە ڕۆژی ئەوەیە ئێوە لەو چۆڵەوانییە بمێننەوە؟!. لەم ساتەدا مامیشی، کە دەنگەدەنگیانی کەوتبووە بەرگوێ، هاتە دەرەوە. ئەویش بە سەرسامییەوە پرسی:

– ئەوە چییە؟.. چی قەوماوە؟.

ئەم خێرا لەوەڵامیدا وتی:

– هیچ نییە مامە.. هیچ نەقەوماوە. تەنیا هێندەیە کە نەوتمان نەماوە. منیش فرسەتم هێناوە و هاتووم، کەمێ نەوت ببەم و بەپەلە بگەڕێمەوە. مامیشی وەك ئامۆژنی، بەڵام بێ تووڕەبوون و لەسەرخۆ وتی:

– ئێ ئاخر کوڕم.. وەك خۆت فرسەتت هێنا و هاتیت، دەبوو بەهەر کلۆجێك بوایە، منداڵەکانیشت بهێنایە و لێرە بوونایە، تا ئەم غەزەبە کۆتایی دەهات.

ئەم هیچ وەرامێکی تری نەدایەوە. تەنیا هەندێ خۆی تەکاند و لە چاوەڕوانیدا ڕاوەستا. ئەوسا مامی سەیرێکی کرد. ویستی قسەیەکی تر بکا و کە ڕوانی، ئەو ڕووی وەرگێڕاوە و گوێی بۆ بیستنی قسەی تر هەڵنەخستووە، وەرچەرخا و چووەوە ژوورەوە. بەدەمییەوە وتی:

– ماتەلی مەکە.. نەوتەکەی بدەرێ با بڕوا.

بە دوایدا ئامۆژنی بەبێدەنگ، چوو گالۆنێکی پڕ لە نەوتی بۆ هێنا و دایە دەستی. ئەم کە لەو ساتەدا سەرنجێکی خێرای ئاراستە کرد، گلەیی و ناڕەزاییەکی تێکەڵ لە خەفەتباریی لەڕوویدا خوێندەوە. بەڵام لەسەر پیشەی لەوەبەری، خۆی لێ گێل کرد. گالۆنە نەوتەکەی لێ وەرگرت. بەپەلە کشایەوە و بەرەو ماڵەوە، هەیپێی لێ کرد.

گەڕانەوەکەی ئاسانتربوو لە چوونەکەی. ڕاست بەشوێنی دڕپێدانەکەی ئەو سەری بە بەفرەکەدا و بەلۆقە ڕێگەکەی بڕی. کە گەیشتەوە ماڵەوە، بوارەکە هێشتا بەردەوام

بوو. ئایش وتی:

– فرسەتە.. بۆ ناچیت سەر بانەکەش بماڵیتەوە؟.

قسەکەی بەلاوە بەجێ بوو، هەشت رۆژی رەبەق بوو، رۆژێ سێ جار دەچوو بۆ سەربانماڵین و دەکەوتە زۆرانبازییەکی سەخت و ستەمەوە. بەڵام ئەم جارەیان فرسەتە. دوای کەمێ خۆ گەرمکردنەوە، دەچێ بەرەحەتوسەحەتی و بێ ئەو زۆرانبازییە، بەفرەکە دەماڵێ. وەهاشی دەماڵێ کە تۆزقاڵی پێوە نەهێڵێ و تەقەلا بدا، لە گوێسوانەکانیشی دوور بخاتەوە.

ساتەوەختەکە بۆی بەنرخ بوو. چوو گالۆنی نەوتی هێنا و چووە سەربانیشی پاك پاك وەك سەری بەگوێزانتاشرا ماڵی. ئەوسا ئیتر هەر هێندەی ئەم پێی نایەوە ژوورەوە و لەبەر زۆپاکە دانیشت خۆی گەرم بکاتەوە و بحەوێتەوە، زۆری نەبرد زریان وەك بیەوێ تۆڵەی ساتەوەختەکە سەدقات بکاتەوە، بەگەردەلوولێکی ئەوتۆ دەستی پێ کردەوە، کە دەتوت بەنیازە بەفر و بەستەڵەکی هەموو دنیا، دابرژێنێتە ئەو ناوچەیەوە!. ئایش کە ئەوەی دی، هاواری لێ هەڵسا و وتی:

– بارام.. کار وا بڕوا، دارەکەشمان بەزەحمەت بۆ دێتە ژوورەوە. چاکتروایەچەندمان پێ دەکرێ، لە ئێستەوە بیهێنینە ژوورەوە. بارام بەتەواوی نا، نیوە و نیوەچڵ ئەم قسەیەشی پەسند کرد. بێ ئەوەی هیچ بڵێ، چوو سێ باوەشی چاك داری لە هەیوانەوە هێنایە ژوورەوە. ئینجا لەبەرخۆوە وتی:

–تۆ بڵێیت وەها قوڕی پێدا بدا، کە نەتوانم بچم دارەکەش بهێنمە ژوورەوە؟!.. جارێ ئەوەندەمان بەسە.

ئایش زۆر قسەی لە قسەیدا نەدەکرد. دەستی برد چوار پێنج بڕی لێ خستنە زۆپاکەوە و کەوتە خۆشکردنی ئاگرەکەی. زۆپا زۆری پێ نەچوو، سەرلەنوێ سوور بووەوە و نێڵەنێڵی پێ کەوتەوە. لەوەدا نەما خۆیانی لەبەردا رابگرن. بەرودوا لێی کشانەوە و خۆیان دوورخستەوە. بارام چوو پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا. جگەرەیەکی ئاگر دا و بەپەرۆشەوە کەوتە مژلێدانی.

**بارام**

(.. من پەشیمان نیم.. قەت پەشیمان نیم. زریانە زریان نییە چش!. سەختە سەخت نییە چش!. چیمە بەسەریەوە. بۆ من نەزریانە و نەسەخت. من بەلامەوە زۆر ئاساییە.

گوایە لە زریانەکەی تر سەختترە؟!. هەرگیز نا.. قەت نا!. ئەمیان ئەوپەڕەکەی، ئەگەر هەر بەگیری هێنایت و کەنەفتی کردیت، بەبێ منەت دەتکوژێ و کۆتاییت پێ دێنێ. لە کاتێکدا ئەویان، دەتداتە دەم گەردەلوولێکی ئازار و هەر دەتبات و دەتبات، هەتا پڕ بەدەریایەك ئەشکەنجەت پێ دەنۆشێت و ناشتکوژێ!. من پەشیمان نیم. نەك سەختە زریان، بگرە سەختەمردنی دەم کەڵبەی زریانیش پەشیمانم ناکاتەوە. جا بۆچی بیرم بۆ مردن بچێ؟!. گوایە نیازی وایە چەند رۆژی تر دەوام بکا؟. سێ.. پێنج.. دەی تر؟!. خۆ لەوە زیاتر نابێ؟!. مەگەر بیەوێ تەواو قوڕی پێدا بدا و بۆی بڕوا بۆ بیست رۆژ و سی و چل رۆژی تر!. دەنا ئاردە هەمانە. برنج و ساوەر و نیسك و نۆك و رۆنە هەمانە. شەکر و چایە هەمانە و نەك بەشی دە رۆژ، بگرە کامیان زۆر کەممان ماوە کە شەکر و چایەکەیە، بەشی زیاتر لە سێ دە رۆژی دەکا. تەنیا نەوتەکەیە کە زۆر کەمە و ئەویش ئەگەر ئەوەی هەیە تەواو بوو، ئیتر چرا ناسووتێنین و بڕایەوە. خۆ دەتوانم فرسەت بێنم و بچم هەندێکی تر بێنم. بەڵام ناچم.. ئیتر ناچم. ئەگەرچی مامم و ئامۆژنم لە گورگە دووپێیەکان نین و، لە دەستەی تاك و تەراکەن. لەگەڵ ئەوەشدا روویان لێ نانێمەوە. یەك جار بەسە. دەترسم ئەگەر کردم بەدوو جار، گەرای گورگایەتییەکەیان تێدا ببزوێ و بچنەوە ریزیان. منیش بکەومەوە تفولەعنەتکردنی خۆم. تفولەعنەتێك کە هەشت مانگە خۆم لێ بەدوور گرتووە. من بۆ ئەو یەك جارەش نەدەچووم. ئایش زۆری بۆ هێنام. ئەوی راستی بێ زۆرنا. خوا هەڵناگرێ ئەو قەت تەقەلا نادا زۆرم بۆ بێنێ، ئەم شتەم پێ بکا و یا ئەوم پێ نەکا، بگرە دەمهێنێتە ژێر بار. قسەکەی بەجێ بوو. هەم فرسەتەکە هەڵکەوتبوو، هەم منداڵەکانیش بەتاریکییەکەی دوێنێ شەو، تەواو تەنگەتاو بووبوون. بگرە تا خەو بردنییەوە بۆمان بوونە دەردەسەری. لەگەڵ ئەوەشدا ئیتر ناچم. خەتا خەتای خۆمە و دەبێ شانی بدەمە بەر. نازانم چۆنم لە بیر چووبوو. خەتای ئایشیشی تێدا بوو. دەبوو ئاگەدارم بکا. ئەمە راستە. بەڵام خۆ منیش دەبووایە پرسیارم بکردایە. وایە.. من ئەو تەرزە ژیانەم بۆ ئەو هەڵبژاردووە. هەر منیش بەدرێژاییی هەشت مانگەکە، ئەوم وەها راهێناوە کە هیچ شتێك لە بیر نەکەم. لە هیچ شتێك غافڵ نەبم و هەموو پێویستییەك لە کات وساتی خۆیدا جێبەجێی بکەم. ئێ بەڵام تۆ راوەستە.. خۆ ئەمە یەکەم جار نییە گرفتی وەهات دێتە پێش دەم؟ هەموو جارێ چارەسەرێکت بۆ دۆزیوەتەوە. ئەمیش هەروەها دەبێ. وازی لێ بێنە بۆ وەختی خۆی. گرینگ ئەوەیە تۆ هەشت مانگی رەبەقی پڕاوپڕ لە ئاسوودەگیت، بردووەتە سەر. هەشت

مانگی دوور له گورگ و گورگایەتی!. ئا بەڵێ.. لە سەرەتادا کە بەدەم دەمەتەقێوە، لەکۆڕ و کۆمەڵدا وەك بیروڕایەك باست لێ دەکرد، دەیانوت: بەخەیاڵ شتێکی خۆشە. بەڵام بەکردار قەت ناهێنرێتە دی. وەختێکیش هاتینە سەر بەکردار بەدیهێنانی، هەموو وتیان: کابرا تۆ شێت بوویت!. تەنانەت کەسوکاریش و لە پێشیانەوە مام و ئامۆژن، راستوڕاست وتیان: کورە تۆ ئەقڵت لە گرێژەنە چووە. ئا وایە!.. کەموزیادی نییە.. ئەقڵم لە گرێژەنە چووە !. لە بێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات. من تەنیا هێندە وەرامم بوو، ئەویش لە دڵی خۆمدا. دەنا بەقسە هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. من لەوسەری هاتبوومەوە. دەمزانی بەبێ گرفت و دەردیسەری نابم. بەڵام دەمزانی کە لە جۆر و بابەتێکی تر دەبن و، جیاوازییان لەگەڵ ئەوەکانی ناو ئەواندا، ئاسمان و رێسمان دەبێ. هەشت مانگی رەبەق و ئەمە گرفتی هەرە گەورە و سەختە کە تووشی دەبم. لەوێ بوومایە بەتەنیشی ماڵی مامەوە دەبووم. هەر پێویستییەکمان ببوایە، بەسەر چەپەرەکەی نێوانماندا دەستم درێژ دەکرد و وەرم دەگرت. ئەگەرچی دەشیا لەگەڵیدا، سێ گرفتی سەختتر لە جێی بەدەستمەوە بهاتایە و، بئالایەتە مێشکم. ماڵی مامم نا.. با ئەوانی لێ دەرچن. ماڵەکەی تەنیشتی ئەولام.. ئەوەکەی ئەولاتر.. ئەوەکەی سەرپەڕی ئاوایی!.. ئا.. دەشیا لەملامەوە دەردێکم چارەسەر بکرێ و لەولاوە، سێ دەردم تێ بئاڵێنرێ. نا.. هەرگیز نا.. من..).

## گفتوگۆ

ئایش وتی:

– چییە ئەوە؟.. خەوت دێ؟.

بارام راچەنی. سەری بۆ هەڵبڕی و سەیرێکی کرد. تەنیا لە دەنگەکەی بەئاگا هاتەوە. دەنا نەیدەزانی چیی وتووە. بەدەمییەوە خۆی خستە سەرباری دانیشتن و بێ هیچ وەڵامدانەوەیەك، سەرنجی لێ لادا و خۆی بەتەزبیحەکەیەوە خەریك کرد. ئایش سەرلەنوێ وتی:

– ئەگەر خەوت دێ، با جێگەت بۆ رابخەم.

ئەوسا تێگەیشت کە قسەکەی پێشوو چی بوو. بۆ ماوەی ساتەوەختێك، لە خۆی کەوتە گومانەوە. وای بۆ چوو کە دەبێ خەو بردبێتییەوە. بەڵام کە خێرا سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و، چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا و، منداڵەکانی بینی وا لەولاوە

خەریکی یاریکردنن، بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– خەو؟.. خەوی چی؟!. ئایش بۆی پێکەنی. باسەکەی گۆڕی و وتی: هیچ.. هیچ!.. دەهەڵسە لە پێی بکە بزانم چۆنە؟.

درووماناکەی دەستی، دەرپێیەك بوو بۆ ئەو. هەر بەدانیشتنەوە لێی وەرگرت. تۆزێك ئەمدیو و ئەودیوی پێ کرد. ئینجا بۆی هەڵسایە سەرپێ. بەسەر شەرواڵەکەیدا، لە کەمەر و ئاستی پشتێنەوە بەقەد خۆی گرت. ئایش وتی:

– وا نابێ.. لە پێی نەکەیت دڵم ئاو ناخواتەوە.

دانیشتەوە و دەرپێکەی خستە لاوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– جارێ داینێ تا دەچم سەربانەکە دەماڵمەوە و دوو سێ باوەشی تریش دار دێنمە ژوورەوە، ئینجا ئەوسا..

– ئینجا ئەوسا چی؟.

– منداڵەکان نووستوون و ئێمەش زۆپاکە ئاگر دەدەینەوە و..

– ئێ ژوورەکە دەکەینەوە بە حەمام و..

– ئێ منیش کورتەك و شەرواڵ و دەرپێی کۆن دادەکەنم و..

– دەرپێ تازەکەش لە پێ ناکەیت و.. وانا؟.

– نا..نا.. بۆ تاقیکردنەوە لە پێی دەکەم. تەنیا بۆ تاقیکردنەوە لە پێی دەکەم.

– تەنیا بۆ تاقیکردنەوە؟... ها؟..

بەدوایدا هەردووکیان باوەشیان بەیەکتردا کرد و دایانە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵ. منداڵەکان لێیان بەئاگا هاتن. وازیان لە یاری و گەمەی خۆیان هێنا و هاتن خۆیان ئاخنییە باوەشیانەوە. چوارقۆڵی بۆ ماوەیەکی زۆر یەکتریان بەخۆوە هەڵوشی و، سەر و روخساری یەکتریان ماچ کرد. تا وەختێ لە خۆیان بە ئاگا هاتنەوە، هەردوو منداڵ وەك دوو فریشتە خەو بردبوونییەوە. یەکەم جار بارام وریا بووەوە. وتی:

– نوستوون.. هەڵسە جێگەیان بۆ دابخەو بیانگوێزەرەوە.

ئایش راپەڕییە سەرپێ. جێگەی ئەوانی راخست و گواستنییەوە شوێنی خۆیان. بەدوایدا جێگەی خۆشیانیشی راخست و چوو لە سەری پاڵ کەوت. لەگەڵ پاڵکەوتنیدا

باوەشی بۆ بارام گرتەوە. ئەویش چوو بەپیرییەوە و باوەشی پێدا کرد. دەمی خستە ناو دەمییەوە. ماچێکی مزری کرد و هەرزوو، هەڵسایەوە و کەوتەوە سەرپێ. خۆی گورج کردەوە و قاپووتە عەسکەرییەکەی لەبەر کردەوە. سەرکڵاوەکەی چەسپاندەوە سەری، رووەو دەرگەکە هەنگاوی نا. بەڵام ئاریش راچەنییە سەرپێ و وتی:

– چی دەکەیت؟!.

بارام بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشنوودییەوە وتی:

– سەربان.. دەبێ بچم سەربانەکە بماڵمەوە و کە هاتیشمەوە، دوو سێ باوەشی تر دار بێنمە ژوورەوە. ئایش دەیزانی سەربان ماڵینەکە لە بۆتەی ئەو زریانەدا، چەندە بەئەرك و ئازارە. تەمێکی خەفەتباری نیشتە سەر روخساری. وتی:

– ناکرێ وازی لێ بێنیت؟. بیخەرە سبەینێ بەیانی زوو.

– دەکرێ.. بەڵام دەترسم خانووەکەمان بەسەردا بتەپێنێ.

– هێجگار وا؟.

– نازانم.. من بەچاوی خۆم نەمدیوە. بەڵام ئامۆژگاریی باو و باپیرانە و رێی تێ دەچێ.

– بۆ خانووی پەرپووت و کۆن، نەك ئەمەی ئێمە.

– بەهەرحاڵ.. چیم لە کیس دەچێ؟..

– چۆن چیت لە کیس دەچێ؟! ..بۆ من نازانم کە نیوەمردنێکە؟!.

– هێجگار وا؟.

– نا.. یەعنی..

– خەمت نەبێ..نامناسیت؟.

ئەوسا بارام ئیتر بەدەم بزەیەکی گەشەوە، بەرەو دەرگەکە هەنگاوی نا و بەپرتاو دەرپەڕییە دەرەوە.

**بۆتەی زیان**

هەر هێندەی پێی نایە دەرەوە، ریزەگوێزانی دەم زریان، بەلێشاو دایان بەتەختی روومەت و ناوچەوان و سەری لووتیدا و کسپەیان لێ هەڵساندن. کسپەکە هێندە کتوپڕ

بوو، کە بۆ ماوەی ساتەوەختێك لەبەر دەرگەکەدا گیری دا. لەو ساتە وەختەدا، قسەکەی ئایش وەك برووسکەیەك بەمێشکیدا رابوورد. بەڵام خێرا خۆی وریا کردەوە و کەوتەوە هەنگاونان. هەستی کرد توێژاڵێکی تەنکی سەهۆڵ، لە ژێر پێیدا خرمەی دێ. لەمە سەرسام بوو. ئەم لەو رۆژەوەی زریانەکە دەستی پێ کردبوو، هەموو شەو درەنگ یا زوو سەربانی دەماڵی. بەڵام ئەمە یەکەم جار بوو، هەست بەتوێژاڵە سەهۆڵەکە بکا. چونکە هەر لە زووەوە لە سەرەتای زستانەوە، بەتەختە و دار و نایلۆنێکی ئەستووری قایم، نایلۆنبەندی کردبوو کە لەتەنیشتی لای چەپییەوە، دەرگەیەکی بچووکی تێ خستبوو. سەرەتا وای بۆ چوو کە دەبێ بایەکە، پەتی قایمکردنی دەرگەکەی پچڕاندبێ. یا لە شوێنێکەوە نایلۆنەکەی دڕاندبێ و، بەفر بەدەم باوە هوروژمی هێنابێتە ناو هەیوان. بەڵام کە چووە پێشترەوە، سەیری کرد نەئەویانە و نەئەمیانە، بگرە سەختیی زریان گەیشتووەتە رادەی گەیاندنی شاڵاوی سەهۆڵبەندانی خۆی، بۆ ناو هەیوانەکەش. ئەوسا لە ناکاو بیری بۆ سێ سەر بزن و گوێدرێژەکەیان چوو، کە ئەوانیش لە سەرەتای زریانەکەوە، لە تەویلە پەرپووتەکەیانەوە گواستبوووەوە بۆ ژوورەکەی بەرامبەریان.

گەڕایەوە دواوە و چوو لەبەر دەرگەکەیدا، هەڵوێستێکی بۆ کرد. ویستی بیکاتەوە و سەرێك بکێشێتە ژوورەوە و لێیان دڵنیابێ. بەپێویستی نەزانی. وەرچەرخایەوە و لە هەیوان بەدەرکەوت. لەگەڵ کردنەوەی دەرگەکەدا، تەوژمی گەردەلوولێك شاڵاوی بردە هەیوانەکەوە. بەپەلە دەرگەی قایم کردەوە. دەستی دایە بەفرماڵەکە و ویستی بەرەو سەربان هەنگاو بنێ و سووکە حەپەنازێکی بازە گلی دایەوە. لە گچکە کوختەکەیەوە سەری هێنابووە دەرەوەو، دەتوت لەنێوان بەجێهێنانی ئەرکی بەوەفایی و، شاڵاوی بێ ئامانی زریاندا گیری خواردووە. بارام لەویش غافڵ نەبووبوو. لە رۆژی دووەمی زریانەکەوە، ئەو کوختە گچکەیەی راست لەودیو نایلۆنبدەکەوە بۆ دروست کرد و، لە رووی زریانەکەدا بۆی کردە سەنگەرێك.

بۆی دانەوییەوە و دانیشتە سەر چۆك. دوو سێ جار دەستی سۆزێکی پڕ بەدڵی بەسەریدا هێنا. لەبەر خۆیەوە وتی: دەزانم بەرگە ناگریت و، هێندەت بۆ پاراستنت لە شاڵاوی زریان بەسە. دەنا دەمبردیتە هەیوان. بگرە دەمبردیتە ژوورەوە بۆ لای خۆمان. کە هەستایە سەرپێ و کشایەوە، هەستی کرد بازە هاتووەتە دەرەوە و دوای کەوتووە. وەرگەڕایەوەو وتی:

–نا.. پێویست ناکا.. تۆ مەیە.. بچۆرەوە کوختەکەت و بەڵام وریا بە.. ئاگەدار بە.

بەدەم قسەکانییەوە، دەستێکی تری بەسەریدا هێنا و، بەرەو دواوە بەهێواشی پاڵی پێوەنا. بازە زوو تێ گەیشت. کشایەوە و خۆی ئاخنییەوە ناو کوختەکەی و گوێقوڵاغ نیشتەوە سەر زەوی. ئەمیش پشتی تێ کرد و بەرەوسەربان ملی نا. بارستایی بەفری سەرزەوی و شاڵاوی گەردەلوولی دەمئاسمان، هەر هەنگاو هەڵێنانەوەیەکیان لێ دەکردە، هەنگاونان بە دەریایەکی قیروزفتدا. بەو باریاندا کە قاچی دادەنا، تا سەروو پشتێن رۆدەچووە خوارەوە و، هەنگاونانی لەلا دەکردە کارێکی زۆر بەئەرك. بەمبارێشیاندا گەردەلوولەکە، چوارچاوی دەکرد و هێرشی کلووی بەفر، کە بەپێچوخول لە هەرچوار لاوە پەلاماری روخساریان دەدا و هەرچۆنێکی وەرچەرخاندایە پێیدا دەچزان، دەیکردە ژیشکێکی واقوڕماو.

سەرجەمی ماوەی نێوان بەرهەیوان و سەربان، لە کاتی ئاسایدا بەگشت پێچوپەناکانییەوە، واتە یەکەم جار شەفتوول بۆ ئاستی دەرگە تەنەکەکەی حەوشە و تەیمانییەکە و، لەوێوە بەرەو ژوور تا ئاستی تاشە بەردەکەی پاڵ دیواری زوورەکەی خۆیان و، ئینجا سووڕانەوە بە تەنیشتیدا تا پشتەوەی سەربان، کە ئەویش لە کاتی ئاساییدا هەروا بالا پیاوێك بەرز دەبێ، لە سی هەنگاوێك زیاتر نابێ. کەچی بۆتەی زریان لێی کردە سەرکەوتنی کێوێکی هێجگار سەخت. گەیشت تەواو کەسیرە بووبوو. ئەو یەکەم جاری بوو، خۆی ئاوەها لە ڕووی زریانەکەدا بەکەنەفتی ببینێ. بەفرماڵەکەی بە زەحمەت بۆ بەدەستەوە دەگیرا، چ جایە بەکارهێنان و بەفر پێ ماڵینی، کە تا سەرئەژنۆی تێدا رۆ دەچووە خوارەوە. لە ناکاو وای زایە مێشکەوە، کە واز لە ماڵینی سەربانەکە بێنێ و خۆی بگەیەنێتەوە کونی ژوورەوە. بەڵام خێرا بەخۆی وت: نامەردت نەکەن!.. گوایە لەوە دەترسیت بەلادا بێیت و رەق ببیتەوە؟!. شتی واناشێ روو بدا. دەمێنێتەوە سەر ئازارەکەی.. ژانە دڵپڕوێنەکەی نووکی پەنجەی دەست و پێ و پۆپەی لووت و پەڕەی گوێچکە و!.. ئێ.. دەبێ شانی بدەیتە بەر. کەوابێ شانی بدەرە بەر و لەسەری مەوەستە.

لەسەری نەوەستا. مشت و شانوباهووی لە بەفر خستە کار. خەمی ستەمیی بەفرماڵینەکەی لە دڵدا نەما. ترسی کەوتنە خوارەوە بەدیوی حەوشەدا، مێشکی داگیر کرد. ترس لەوە نا گوایە لە کەوتنە خوارەوەکەیدا ئازاری پێ بگا، بگرە لەوەی کە یا دەبوو ئازاری سەرکەوتنەوە بۆ سەربان بچێژێتەوە. یا واز لە سەربان ماڵینەکە بێنێ.

بەهەرحاڵ سەربانی ماڵی و ئەوە رووی نەدا. ئەوسا دوا تینوتوانای دایە بەرخۆی و، بەهەمان رێگەی سەرکەوتندا، بەرەو حەوشە و هەیوان خۆی بەکێش کردەوە. لە هەیوانەکەدا دەنگی ئایشی کەوتە بەرگوێ کە دەیوت:

– باش خۆت بتەکێنە، ئینجا وەرە ژوورەوە.

**شێرەبەفرینە**

کە خۆی کرد بەژووردا، بەدیمەن پتر لە شێرە بەفرینێك دەچوو وەك لە مرۆڤ!. ئایش لە سەرەتادا لێی بێ ئاگابوو. خەریك بوو زۆپاکەی بۆ ئاگر دەدایەوە. کە وەرچەرخا و بەو شێوەیەی بینی، خێرا وتی:

– نەموت خۆت..

بەڵام خێراش قسەکەی قووت دایەوە و راچەنییە سەرپێ. تیژە سەرنجێکی ساتەوەختیی دایەوە و بەرەورووی قەڵەمبازی دا. بەپەشۆکاوییەوە وتی:

– بارام!.. چیتە؟!.

تەقەلای دا وەرامێکی بداتەوە و دەمی گۆی نەدەکرد. تەنیا کزە خەنینەوەیەکی بەرووودا دا و دەستی بەرز کردەوە سەر کڵاوەکە لە سەری بکاتەوە، ئایش نەیهێشت. لە پاڵ دەرگەکەدا دای نیشاندە سەر زەوی. سەرکڵاوەکەی لە سەری لادا. پاڵتۆکەی لەبەر داکەند. پێڵاوەکانیشی لە هەردوو پێی هەڵپچڕین و خستنییە پەنا دەرگەکەوە. ئەوسا هەڵیساندە سەرپێ و بردی بەرامبەر زۆپاکە داینیشاند و پاڵی بەدیوارەکەوە پێدایەوە. ئینجا رای کردەوە بەلای زۆپاکەوە. کە سەیری کرد زۆپا ئاسایی ئاگری خۆش بووەتەوە، وازی لێ هێناو چووەوە بەلای بارامەوە. سەرنجی دا چەندان تنۆکە ئاو، نیشتوونەتە سەر ناوچەوان و برۆ و برژانگەکانی و، بەرووومەت و لاجانگیدا رۆ دەچنە خوارەوە. هەر زوو زانی قەتماغەی بەفرە.. سەهۆڵە و دەتوێتەوە. پەلاماریدایە خاولییەك و کەوتە سڕینی دەموچاوی. بەدەمییەوە سەرنجی دا پێڵووەکانی، دەنیشنە سەر یەك و چاوانی دەنووقێن. خورپەی ترسێکی لە ناکاو دای لە دڵی. بەقورگی پڕ لە گریانێکی تاساوەوە هاواری کرد:

–بارام.. بارام گیان.. چ خێرتە؟.

لە هاوارەکەی بەئاگا بوو. تینی دایە بەر خۆی و هەردوو چاوی، بەزۆر زەق

کردنەوە. بەزۆریش خۆی قیت کردەوە و دانیشت. بەڵام چەند تەقەلای دا بەزمان وەڵامی بداتەوە، لە بڵمەبڵمێك بەولاوە هیچی تری بۆ دەرنەبڕدرا. ناچار ئەم جاریش تەنیا، بەکزە خنینەوەیەك وەرامی دایەوە و کەوتەوە سەر باری پاڵدانەوە.

ئایش کەوتە خۆی. پشتێنەکەی لە کەمەری کردەوە. پووزەوانە و گۆرەوییەکانی لە پێ داماڵین و رانکی لێ داکەند، کە دەتوت لە ئاو هەڵکێشراون. چوو لێفە و بەتانییەکەیانی هێنانە پێشەوە. ویستی بیاندا بەسەریدا و لە دەرپێکەی بەئاگا هات. ئەویش تا سەر ئەژنۆ لە ئاو هەڵکێشرابوو. ئەویشی لێ داماڵی و فرێی دایە لاتەنیشت. بەتانی و لێفەکەی بەسەردادا. وازی لەو هێنا و چووەوە بەلای زۆپاکەوە. زۆپا کەوتبووەوە نێڵەنێڵ. لەوەدابوو وەرچەرخێت و بچێتەوە بەلای بارامەوە و پاڵتۆ و سەرکڵاو و پێڵاوەکانی کەوتنەوە بەرچاو. گچکە جۆگەلە ئاوێکیان، بۆ ناو ژوورەکە لێ بەرەو خوار دەبووەوە. چوو پڕی پێداکردن و هاویشتنییە سەر دارەکان. ئینجا وەرگەڕایەوە و خۆی گەیاندە پاڵ بارام، کە ئەوساتە لەوەدابوو زمانی بکەوێتەوە گۆ. پچڕپچڕ وتی:

– لە زۆپاکەم دووربخەرەوە.

جێگەکەی بۆ دوو سێ شەقاو دوور لە زۆپاکە گواستەوە. باش دای پۆشی و بەدیارییەوە دانیشت. ماوەیەك لەسەر ئەو بارە تێی ڕوانی. دوایی نوشتایەوە بەسەریدا و، رووومەتی نا بەڕوومەتییەوە. رووومەت رووی لە گەرمبوونەوە کردبوو. دڵی پێ حەوایەوە. بۆ زیاتر حەوانەوەی دڵ، قاچی درێژکردنە ناو جێگەکەوە و نووساندنی بەقاچییەوە. قاچ وەکو رووومەت نەبوو. هێشتا دەتوت پارچە سەهۆڵن. بنی پێی بە خشاندن بەپووز و رانیدا سەرخست. ئەوانیش هێشتا دەتوت سەهۆڵن. ئەوسا دەستی برد دەرپێی لە لەشی خۆی داماڵی و فرێیدایە لاوە. کراسیشی هەتا سەرسنگ هەڵماڵی. چووە ناو جێگەکەوە و توند خۆی تێوە ئاڵاند. هەستی دەکرد وا هەر تۆزقاڵێکی لەشی بارام، وەك دەمە گوێزان بەلەشیدا دەچزێ. بەڵام بەخۆشنوودییەوە خۆی لەبەر ئەو چزەی ئازارەدا رادەگرت و، پێی گەشکەدار دەبوو.

**ئایش**

(وتم مەچۆ.. وتم وازی لێ بێنە بۆ سبەینێ، بەقسەی نەکردم. چی لێ بکەم!.. سەرسەختییەکەی لەوەدا نییە. قسەیەکی کرد ئیتر هەر ئەوەیە و هەر دەبێ بیباتەسەر.

لەگەڵدا وتنی بێ سوودە. ئەو ئێوارەیە کە هاتەوە و وتی:

– بکەوەرە پێچانەوەی کەلوپەلەکان!..

ورتەم لە دەمم نەهێنایە دەرەوەو، چۆنی داوا کرد وام کرد. تەنیا هێندەم لە دەسەڵاتدابوو، بچم باوکمی لێ هان بدەم کە هەوڵێکی تری لەگەڵدا بدا. باوکم وتی:

– هەرچەندە دەزانم سوودی نییە و قسەکەم دەدۆڕێنم، بەڵام لەبەر خاتری تۆ دەیکەم.

خۆ من خۆشم دەزانم سوودی نییە. ئەو لە مانگێك لەوەبەرەوە، دەستی کردبووە دروستکردنی خانووەکە و لەو ماوەیەدا دایکم و باوکم و هەرچی دۆست و ناسیاوان هەن، تیایدا کولوکافر بوون و هەر کۆڵی نەدا و پاشگەز نەبووەوە. ئێ چی بکەم؟!.. وتم بەڵکو ئەم دوا جار لەگەڵدا وتنە کاری تێ بکا. کەچی هیچ. بگرە لە وەڵامی باوکمدا تەنیا وتی:

– مامە گیان من پڕ بەدڵ تۆم خۆش دەوێ و حەز دەکەم ئامۆژگاریت بگرمە گوێ. زۆر بەتەنگەوەم دڵت لێم نەیەشێ و لێم عاجز نەبیت. بەڵام تکات لێ دەکەم لەم مەسەلەیەدا، لێم ببوورە کە ناتوانم بەقسەت بکەم و لە بڕیارەکەم پەشیمان ببمەوە. ئەمەیان باسێکە و لە دەمێکەوە، بڕیارم لێ داوە و وا ئێستا دەیبەمە سەر.

باوکم لە ژووەوە تێگەیشتبوو، کە نیازی چییە و چی دەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا دوا تەقەلای دا بەگیری بێنێ و بیبەستێتەوە. لە وەرامی ئەو قسانەیدا وتی:

– چاکە.. زۆر چاکە.. بەڵام با من پرسیارێکت لێ بکەم!..

باوکم بەدوایدا خۆی بێدەنگ کرد. ئەو بەپەرۆشەوە بوو بزانێ پرسیارەکە چییە. خێرا وتی:

– فەرموو.. فەرموو مامە.. زۆر حەز دەکەم بیزانم.

باوکم وتی:

– ئاخۆ تۆ هیچ بیرت بەلای ئەوەدا نەچووە، کە مەسەلەکەت پێوەندییەکی راستەوخۆی بە سێ ئادەمیزادی ترەوە.. بەدوو منداڵی ساوا و ژنێکەوە هەیە، کە وەك ژن و منداڵی تۆن، کچ و کچەزای منیشن؟!.

بارام لە ئاستی پرسیارەکەدا خامۆش بوو. دوایی سەری بەرز کردەوە و روانییە من

و منداڵەکان. ئینجا سەیرێکی باوکمی کرد و، سەرلەنوێ خامۆش بووەوە. من لەلای خۆمەوە دڵم بۆی گوشرا و تەنگەتاو بووم. سەرنجێکی پڕ لە پاڕانەوەم لە باوکم گیر کرد. باوکم زوو تێ گەیشت هەڵسایە سەرپێ و ویستی، بێ وەرگرتنی وەرامی پرسیارەکەی، جێی بێڵی و بڕوا. ئەو لێی بەئاگا هات. لەگەڵیدا هەڵسایە سەرپێ. بەدەنگێکی پڕ لە خەفەتبارییەوە وتی:

– مامە.. ئەگەر تۆ وات پێ باشە کە ئەمان..

باوکم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. وتی:

– نا.. ئەوم پێ باش نییە و.. تەواو.. بڕیمانەوە.. بڕۆ خوات لە پشت بێ. تەنیا ئاگات لێیان بێ و بەسات لێیان غافڵ مەبە.

من قسەکەی باوکمم پێ خۆش بوو. لەو ساتەدا ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو بڵێ: (ئا.. وام پێ باشە ئایش و منداڵەکان لێرە جێ بێڵیت و، خۆت بەتەنیا بچیتە خەڵوەتە نەگریسەکەتەوە). نەیکرد.. شوکور ئەو قسەیەی نەکرد و بۆ ڕۆژی دوایی، گواستمانەوە بۆ ئێرە. ئێ بەڕاست ناخۆشییەکەی لە کوێدابوو؟!. ئەشەدوبیللا هیچ!.. ئەم شەش حەوت ڕۆژەی لێ دەرچێ کە زریانە پیسەکە تۆزێ هەراسانی کردووین، دەنا ئیتر دەتوت لە بەهەشتێکداین. بەدرێژاییی ئەو هەشت مانگی پێشووە لە چیمان کەم بووە؟!. ژیانێکی بێ قرەوبرە و بێ گێچەڵ و سەریەشە. نەکەس هەقی بەسەرمانەوە بووە و، نەئێمەش بەسەر کەسەوە. هەر وەختێکیش بیری دایك و باوك و کەسوکارم کردبێ، هەموو چارەکە سەعاتێك ڕێگەیە و، بەئاسانی لەگەڵ منداڵەکاندا چووم و هاتوومەتەوە. بۆیە منیش زوو تێ گەیشتم بارام چی دەویست و بە ئاواتی چییەوە بوو. تا وای لێ هات کە من هاتنەکەم بۆ ئێرە لەو پێ خۆشتر بێ. ئێستەش با زریانی بەفر و باوبۆران نەبێ، زریانی خڕکەبەرد و کوچك و کەڵەك بێ. خۆ تا ساڵی تەقیانووس دەوام ناکا. وا شەش حەوت ڕۆژی تر و بگرە وا دوو ئەوەندەی تریش دەوامی کرد. لە هیچمان کەم نییە. هەموو شتێکمان هەیەو خۆشمان ئاخنیوەتە ژوورەوە و، سەری لێ نابەینە دەرەوە تا بەسەر دەچێ. بۆ من ئاو هێنانەکە و بۆ ئەو فرماڵینەکە، تۆزێ بەئەرك و ئازارە. دەنا خوا دەیکرد بەردی دەباراند. خۆزگە کانییەکەم کەمێ لێ نێزیکتر دەبوو. با لەوێدا نەبووایە و هەروا دە پانزە هەنگاوێك سەرووتر بووایە. خۆ کفر نەدەبوو. ئەوسا بە ئاسانی بەجۆگەلەیەك، ئاوەکەی بۆ دەگەیاندمە ناو حەوشە. ئێستا

دەبێ چل پەنجا هەنگاو بۆی برۆم. هەرچەندە ئەگەر ئەم زریانە نەگریسە نەبێ، چل پەنجا هەنگاو هیچ نییە. خۆ بۆ ئەمیشیان زوو وتی:

– تۆ ئەم هاتوچۆیەی سەرکانی لە خۆڕایی دەکەیت. ئەوە بەفرێکی زۆر و بیتوێنەرەوە و ئاوەکەی بەکار بێنە. قسەکەی لە هەوەڵەوە نەدەچوو بەگوێمدا. کە زریانەکە درێژەی کێشا، ئینجا ناچار بووم وا بکەم. ئەویش بۆ خواردنەوە نا. بۆ خواردنەوە تامی خۆش نییە و هەر دەبێ بچم ئاوی کانییەکە بێنم. ئێ ئەوەش رۆژی یەك جار چوونی زیاتر پێ ناوێ. گوایە خۆ..).

**شەوچەرە**

بارام لەژێر جێگەکەوە، جەستەی بەرەوژوور هەڵکشاند و خۆی خستە سەر باری دانیشتن و پاڵی دایەوە. ئایشیش لەگەڵیدا بەئاگا هاتەوە و وەك ئەوی کرد. بەدەمییەوە وتی:

– گەرمت بووەوە؟. زۆر باش.. دەڵێی قەت من ئەو بارامە نەبووم.

– پێم نەوتیت وازی لێ بێنە بۆ سبەینێ؟. من دەمز انی کە لەوەدا نەماوە، سەر لە ژوور ببرێتە دەرەوە.

– بۆ گوایە من نەمدەزانی؟!. من خۆشم هەر کە پێم نایە ئەودیو هەیوانەوە، هەستم کرد جیاوازی لەگەڵ جارەکانی تردا زۆرە.

– دەبوو وازت بهێنایە و بگەڕایتایەوە ژوورەوە.

– نەدەبوو.. ئەوەم لە منداڵییەوە لە مێشك چەسپیوە و بڕایەوە. دەترسم خانووەکەمان بەسەردا بتەپێ!.

ئایش بێدەنگ بوو. تەنیا قاچ و قولی لێ ئالاندەوە. سەری نیشاندە سەر سنگی و خۆی خامۆش کرد. بارام دوای ماوەیەك بێدەنگ وتی:

– ئەم جارەیان هیچ.. دەترسم ناچار ببم لە نیوەشەویشدا بچم بیماڵمەوە.

– ناچیت.. دەڕووخێ بەسەرماندا ناڕووخێ قیروسیا. ناچیت و پێ لە ژوور نابەیتە دەرەوە.

ئایش قسەکانی بەتووڕەییەکی تێکەڵ لە هەڕەشەوە کرد. ئەو ناچار بۆی پێکەنی.

دەستێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بەسەریدا هێنا. ناوچەوان و دەمولێوی ماچ کرد و وتی:

– ناچم.. بابە ناچم و قیروسیا. چی دەبێ بابێ. بەدوایدا خۆی لەژێر جێگە دەرکێشایە دەرەوە. هەڵسایە سەرپێ و چوو بەلای زۆپاکەوە. ئاگرەکەی کزبووبووەوە. وەرچەرخا بەلای دارەکاندا.سەیری کرد کەم بوونەتەوە. وازی لە زۆپاکە هێنا. چوو دەرپێکەی لە پێ کردەوە. کەمێ خۆی گورج کردەوە و وتی:

– دەچم هەندێ دار دێنمە ژوورەوە. تۆش زۆپاکە ئاگر بدە.

ئەو چوو بۆ دارهێنان. ئایشیش راپەڕییە سەرپێ و چوو بەلای ئاگردانەوەی زۆپاکەوە. لە هێنانەژوورەوەی باوەشی چوارەمدا، ئایش وتی:

– بەسە.

بارام وەك گوێی لە قسەکە نەبووبێ، دەرفرتایەوە دەرەوە و چوو، باوەشێکی تریشی هێنا. ئەوەی دانا و وەرچەرخا بچێتەوە و ئایش هاواری لێ کردەوە:

– بەسە.. چی دەکەیت؟!.

ئەوسا ئاوڕێکی لێ دایەوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە تەنیا وتی:

– بەس نییە.. با یەکژەمی بێ.

ئیتر بەپرتاو چووە دەرەوە.

وەختێك دووقوڵی بەرامبەر یەکتری دانیشتنەوە، زۆپا کەوتبووەوە نێڵەنێڵ و سووچی بنەوەی لای دەرگەکەش، بەبڕەدار قەڵاپەچن بووبوو. بارام بە خۆشنوودییەوە وتی:

–شەوچەرەیەك ئێستا یەکاویەکە. سوودی تۆیشی تێدا دەبێ!.

ئایش تریقایەوە. بەگەشکەدارییەوە شەوچەرەی هێنا و خستییە بەردەمی. قاپێکی پڕبوو لە مێوژ و گوێز و بادەم. دووقۆڵی نیشتنەسەری. بارام بەدەمییەوە سەیرێکی منداڵەکانی کرد وتی:

– بەشت دان؟.

ئایش وتی:

– نەوەڵڵا.. هۆشم لەلای تۆ بوو. من لە بیرم چوو بیاندەمێ و خۆشیان داوایان نەکرد. دەزانیت سێ جار هاتمە دەرەوە و، سەرم لە دەرگەی هەیوان کێشایە دەرەوە؟. ئیتر لە خشەخشی بەفر ماڵینەکەت دڵنیا دەبووم دەگەڕامەوە ژوورەوە.

– دەترسایت؟.

– زۆر..

– لە چی؟.. لەوەی نەوەکو گورگ خواردبێتمی؟!.

– ئا.. بەڵام گورگی سەرما. ناهەقم نەبوو، زۆرت پێ چوو. خۆ کە خۆم یەکەم جار سەرم کێشایە دەرەوە و، ئەو گورگە هارە دوو سێ گاز و نوقورچی لە دەموچاوم گرت، تەواو بۆ تۆ ترسم لێ نیشت.

– جا بەڕاستی خۆشم وردەوردە ترسی ئەوەم لێ نیشت، کە وام لێ بێ رەق هەڵبێم و نەتوانم، خۆم بگەیەنمەوە ژوورەوە و تۆش هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەم بکەیت.

ئایش بەنیمچە گاڵتە و گازندەیەکەوە وتی:

– ئێ.. ئێ.. باشە.. یانی وەهات خستبووە دڵەوە، کە من لێت ناپرسمەوە و گوێت نادەمێ؟!. بارام باوەشی پێدا کرد و دەستی کردە ملی. بەپێکەنینەوە وتی:

– حاشا.. حاشا.. مەبەستم ئەوە نەبوو.. بۆ وەهای لێك دەدەیتەوە؟.

ئایش خۆی بۆ باوەش پێداکردنەکە شل کرد. ئەمیش بەپێکەنینەوە وتی:

– گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم. بەڵام بەڕاستی جاری سێیەمیان، خەریك بووم بێم بەزۆر بتهێنمە خوارەوە.

شەوچەرە خورا. بارام سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. کات خۆی دابوو لە یازدە. ئاورێکی لە منداڵەکان دایەوە. لە شیرینخەوی خۆیاندا بوون. چوو بەلایانەوە. کەمێ لێیان وردبووەوە. لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئاگایان لە هیچ نییە و هەقیان بەسەر هیچەوە نییە. خوا دەیکرد دنیا سەرەوژێر دەبوو. هەقتان چییە؟!.

ئایش لەولاوە هەڵیدایە. ئەویش وەك بۆ خۆی بدوێ، وتی:

– خۆزگەم بەخۆیان.

بارام سەری نوشتاندەوە بەسەریاندا. بەسۆزەوە هەردووکیانی ماچ کرد. وازی لەوان هێنا و هاتەوە بەلای ئایشەوە. باوەشی پێدا کردەوە و وتی:

– دڵ لەدڵ مەدە.. نیمچە بەهەشتێکت بەدەوردا بۆ دروست دەکەم. ئەوەتا هەتا ئێستا کردوومە جارێ تەنیا بناخەکەیەتی. خۆم دەزانم چیم لە مێشکدایەو چۆنیشی جێبەجێ دەکەم. با زستانەکەمان لێ بەسەر بچێ، ئینجا دەبینیت چۆن پووز و بازووی لێ دەخەمە کار. خەونە دێرینەکەمە و بەدیم هێناوە.

**خەون**

(..کانی و ئاوێك و لە بن دارگوێزێکەوە هەڵبقوڵێ. لە بەرەوژووریدا پانایییەك بێ و جێگەی خانوویەکی فراوانی تێدا ببێتەوە. حەوشەکەی وەهابێ بکرێتەوە، باخچەیەکی قەشەنگی رازاوە، هەم بەدار و درەختی بەردار. وەهابێ کە پێویستم بەوە نەبێ، یەك دەنك هەڵووژە یا قەیسی یا سێو یا هەر میوەیەکی تری باخەکانی ئاوایی، بێنە ناو ماڵمەوە. ئینجا لە بەرەوخواریدا، تەنیا یەك دۆنم زەوی بەپیت بێ و ئاوی کانییەکەی، بەڕاست و بەچەپ بەسەریدا بگەڕێ.. ببڕای ببڕ پێویستیم بەوە نەبێ، کە لە بامێ و باینجان و کوولەکە و تەماتە و ترۆزی و بێستانەکەی خۆم بەولاوە، هیی بێستانی هیچ کەسێکی تر، توخنی ناو ماڵم بکەوێ. هەروەها بەرەوخوارتر، لەملاوەیەوە بێ یا ئەولا، هەروا سی چل دۆنمێك زەوی دێمەکارم هەبێ، تا هێندەی بۆ ساڵێکی خۆمان پێویست بێ، گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و ماشی لێ هەڵبگرم و زیادەکەشی بۆ فرۆشتن بێ. یا چاکتروایە بڵێم بۆ گۆڕینەوەی بە شەکر و چا و قوماش و بۆ پێویستییەکانی تری ژیان. دیارە بۆ شیر و ماست و پەنیرەکەش، پێنج شەش سەرێك مەڕ و بزنم دەبێ و لە سنوورە پانوبەرینەکانی مەملەکەتەکەمدا، تێروتەسەلتر لە هیی هەر کەسێکی تر، بۆ خۆیان دەلەوەڕێن. بەڵام بەڕاست مەملەکەتەکەم شوورەدار بێ باشترە یا بێ شوورە؟. یانی بێڵم بێگانە پێی تێ بنێ یا نەیەڵم؟. دیارە من خۆم مەگەر بەناچاری، بۆ کڕین و فرۆشتن بەیناوبەینێك ڕێگەم بکەوێتە ئاوایی، دەنا قەت ناچم. من خۆم وەها.. ئەی ئەگەر ڕێبوارێك بەلای مەملەکەتەکەمدا تێپەڕێ؟!. ئەمیان چۆن دەبێ؟. دەکرێ قەدەخەی بکەم؟. ستەمە!. دەکرێ کە هاتە بەردەرگەی ماڵەکەم و وتی: سەلاموعەلێك، من بڵێم: نەعەلەیکەسەلام و بڕۆ وەلبە؟!. هەر هێچگار ستەمە. بەو بارە من دەبمە کێوی و جانەوەر و ئەوان مرۆڤ. نایکەم.. ئەمەیان ناکەم.. دەڵێم عەلەیکەسەلام و سەرچاوان

هـاتیت و فـەرمووو گەورەمـان بکە. ئیتر ئـاسایی ئەرکی سـەرشانمی بەرامبەر بەجیّ دیّنم و بەدوایدا، خواحـافیز و بەخێر بچێت. خۆ ئەمە هەموو ڕۆژ و وەخت و سەعاتێك ڕوو نـادا. کە ڕووشی دا ئەوە بـاجێکە و دەبیّ بیدەم بەنـاچاری دەیدەم. ئەی ئـاخر.. ئـاخر تۆ ڕاوەستە!.. ئەی ئەگەر بێتامیان کرد. ئەی ئەگەر سەیریـان کرد وا تۆ بەهەشتێکت بۆ خۆت دروست کردووە و دەنگوبـاسی بەنـاوچەکەدا بڵاو بووەوە و خەڵکی بێشومـار، بەنیـازی هـەروا بۆ سـاتەوەختێك دوورکەوتنەوە لە دۆزەخـەکەی خۆیـان و، حەوانەوە لە بەهەشتەکەی تۆدا، ڕۆژانە کەوتنە ڕێچکەبەستن بۆ لات چی دەکەیت؟!. دیـارە هیچ ڕیسەکەت لیّ دەبێتەوە بە خوری و بەهەشتەکەت دەبێتەوە بەدۆزەخ و ئاو بێنە و دەست بشۆ!. دەکەوابوو دەبیّ هیچ بەلامەوە ستەم نەبیّ، کە بڵێم نەعەلەیکەسەلام ئـا.. وای لیّ دەکـەم. نـایـەڵـم کـەس پـیّ بـنـێتـە نـاو مـەمـلـەکـەتـەکـەمـەوە. شوورەیـەکی بـۆ دەکـەم. شوورەیـەکـی لـە بـابـەت شوورەی کـۆنـە قـەڵاکـانـی، بـەدەوردا بـۆ دروست دەکـەم. مـن دەمەویّ نەیەڵم. میکرۆبی کوشتوبڕ و دزی و درۆزنی و فرتوفێڵ و زۆر و جەور، لە مەملەکەتەکەمدا گەرا بکا. من لەتاو ئەو کار و کردارانەیان هەڵدێم و، بەخۆم و ماڵ و منداڵمەوە گۆشەگیر دەبم. ئیتر چۆن بیەڵم بەو هەموو میکرۆبانەیانەوە کە لە ژمـارە نـایەت، پیّ بنێنە مەملەکەتەکەمەوە؟!. کەی ئەوە کاری کردەیە، من لەبەرئەوەی گوایە عەیبە بڵێم نەعەلەیکەسەلام و بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، بەهەشتێك بکەمەوە بەدۆزەخ؟!. بۆچی ئەوان کۆ لە عەیبە دەکەنەوە تا من بیکەم؟!. کامیان لە پیاوچاکیدا شایەکەیانە، ڕۆژی سەد و یەك عەیبەی لیّ دەوەشێتەوە و، کەچی شەو کە سەر دەکاتە سەر سەرین، دەڵـێی نـەبـای دیـوە نـەبـاران. کـامـیـان لـە پـیـاوچـاکـیـدا شایـەکـەیـان، لەگەڵ هـەر هـەنـاسـەیـەکدا لالـەوێچێك خراپـەکاری هـەڵدەمژیّ و لالـەوێچێکی لیّ فڕیّ دەداتـەوە دەرەوە. یـانی من بیەڵم بێت و، لەمسەرەوە هەوا پاکە بیّ گەردەکەی مەملەکەتەکەم هەڵمژیّ و، لەوسەرەوە دوو هۆقە میکرۆبی خراپەکاریم بۆ دەربفرتێنێتە دەرەوە؟!. نـا.. هـەرگیزنـا.. ئەمە بۆ وەختی خۆی، بڕیـارێکی ببڕای ببڕ دەبیّ و وازلێهێنـانی بۆ نـابیّ....).

**بارام**

(.. ڕاستە وەهـام بەدی نەهێناوە وەك لە مێشکمدا بوو. کانی و ئـاوەکە لە بن دارگوێزدا نییە و لە قوڵتێکی ڕووتوقووتدایە. ڕەنجی فەرهـادم لەگەڵدا دا، تـا کردمـە بلبلـەکەی مـەلای مـەزبوورە. خـانووەکە کۆشکە فراوانەکە نییە و دوو هۆدە و هـەیوانێکی قوڕینی

تەنگەبەرە. حەوشەکەشی رازاوە نییە، بە گوڵ و گوڵزار و دار و درەختی بەردار و تەنیا هێندەی جێخەرمانێکە و تەیمانێکی پڕ لە دەلاقەی بەدەوردایە. دۆنمە بەراوەکەی خوارووی کانییەکە، سێیەکە دۆنمێکە و سی چلە دێمەکارەکەش، هاتە سەر تەنیا دە دۆنم. نەخێر نا.. خەتا لە مامەوە نەبوو. ئەو خوا هەڵناگرێ وتی: کوێت پێ باشە بچۆ بەئارەزووی خۆت هەڵی بژێرە. لەوەی هەمانە کامی بەدڵی تۆیە، دەستی بخەرە سەر و من بڵێم بەسەرچاو. ئەو وای وت و من خۆم ئێرەم هەڵبژارد. بەڵام دەڵێی چی کە لەوە زیاتری بەبەرەوە نییە. تەقەلام دا لەگەڵ کوڕانی مام وسوودا بەکانی مامزانی بگۆڕمەوە. تەنیا ئەوێ هەیە لێرە باشتربێ بۆ من. بێ سوودبوو. نەیانکرد. تەنیا وەیسەیان تێم دەگەیشت چیم دەوێ و ئەو وتی: بابە من بەهەر دە پەنجە بۆتی مۆر دەکەم و زۆریش پێخۆشحاڵ دەبم. هەوڵێکی زۆریشی بۆ دام براکانیم بۆ قایل بکا و، قایل نەبوون. قسەی خۆمان بێ ئەویش لە مرۆڤە دەگمەنەکانە. لە منداڵییەوە دەیناسم. بەدرێژاییی خوێندنمان و هەتا ئامادەیی کشتوکاڵیمان تەواو کرد، هەر پێکەوە بووین. لە وەفاییدا بۆ برادەرێتی بێ هاوتایە. یادت بەخێر وەیسە.. دەتوت و هەر دەتووتەوە گوایە ئەوەی دەیڵێم خەیاڵێکی رووتە و هیچ کەس ناتوانێ بەکردار بیهێنێتە دی. لە سەرەتادا زۆر بەسادەیی وەڵامت دەدامەوە و هەردەم من تۆم بەگیر دەهێنا. تەنانەت جاروبار وات لێ دەهات ئەوەی دەموت، بەئاسانی بۆمی مۆر بکەیت. کەچی کە کەوتیتە دوای سیاسەتەوە، ئیتر نەعوزوبیللا!.. لێم بوویتە فەیلەسووفێك بەچەشنێ فێری راووڕێوی هێنانەوە بوویت، کە ئینجا تۆ من بەگیر بێنیت. منیش ناچار پشتم بەتەنیا رازە مەزنەکەی ناو دڵم.. ئاگرە سوورەکەی ناو دەروونم دەبەست، کە لە ئاستیدا هیچت بۆ نەدەکرا و هەڵدەهاتیت. وەیسە یادت بەخێر.. تۆ ئێستا کادیرێکی حزبایەتیت و، تا بینەقاقات نوقمی سیاسەتە. منیش گۆشەگیرێکی هەڵاتوو لەو کۆمەڵەی، کە تۆ دەتەوێ گوایە بەسیاسەت چاکی بکەیت!. لە مرۆڤە دەگمەنەکانیت و بەوەی باش بوو تۆ نەك یەکێکی تر، یەکەم کەس بوویت رێت کەوتە مەملەکەتەکەمەوە. تۆ ناچارت کردم.. نا باشتر وایە بڵێم تۆ قایلت کردم، کە لە بڕیارەکەم پاشگەز ببمەوە و بیگۆڕم. تۆ بوویتە یەکەم کەس و هاتیت وتت: سەلاموعەلەیك. ئەوساتە بۆ من گەلێ ستەم و سەخت بوو. زمانی ناو دەمم و زمانی ناو دڵمت، خستە بەر زۆرانبازییەکی گەلێ توندوتیژەوە. من وەرامم بۆ نەدرایەوە. تۆ بەدەم بزەیەکی شەیتانانەوە، زۆرانبازییەکەت بەئەنجام گەیاند. وتت: یەکێکیان بڵێ.. یا عەلەیکەسەلام و دادەنیشم.

یا نەعەلەیکەسەلام و پاشەوپاش دەگەڕێمەوە. کورە هەی وەیسەی ئیبلیس!.. ئەم وتەی عەلەیکەسەلام و نەعەلەیکەسەلامەی خەونەکەمت، چۆن لە بیر مابوو. یا کە تۆ دەتزانی ئەوە بڕیارێك بوو دابووم، ئیتر چۆن هاتیت؟!. بەڵام نانا.. ئیبلیسیت.. بەتایبەتی لەو وەختەی دەستت دایە سیاسەت. سوور دەتزانی چ وەڵامێکی تۆ دەدەمەوە. گوایە بەتۆ بڵێم نەعەلەیکەسەلام و بڕۆ وەلبە؟!. وەیسە.. قسەی خۆمان بێ زۆر حەز دەکەم، زووزوو سەر لە مەملەکەتەکەم بدەیت و دانیشین دوو قسە بکەین. قسەکانی تۆم بەدڵن و حەز بەبیستنیان دەکەم.

من ئەو جارە تەنیا هێندەت لێ حاڵی بووم کە هاتیت وتت: پیرۆزباییت لێ دەکەم و کە ڕۆیشتیت وتت: بزانم چۆنی دەبەیتەسەر!. بۆ گوایە وات دەزانی نایبەمەسەر؟!. خۆ زۆر زۆرم پێ خۆشە ئێستا.. هەر ئێستا گوێم لە تەپەتەپی پێت بێ و هاوارت ببیستم بڵێی: هۆ هۆ بارامە خەیاڵاوییەکە. دەرگەم لێ بکەرەوە... ئەوە منی برادەرە دێرینەکەتم و هاتوومەتە دیدەنیت.. هاتووم جارێکی تر، لە خەیاڵە پڕ سەیروسەمەرەکەت بدوێین. بەڵام وەیسە کوایت؟!. چی دەتگەیەنێتە ئێرە؟!. مەگەر حزبەکەت فەرمانت پێ بدا. ئەمەیان دەبێ. فەرمانی حزب لەلای ئێوەومانان ڕەتکردنەوەی بۆ نییە. سەیرە!.. کە دەڵێ بمرن دەمرن!.. وەڵڵاهی سەیرە!.. نا.. نا.. زۆریش سەیر نییە. ئەی ئەوە نییە منیش حزبێکم هەیە؟!. ئەوە نییە حوکمی مەملەکەتێکیشی پێ دەکەم. یا....).

**بازە**

– بارام.. بارام.. نووستوویت؟.

– ها!.. من!.. نا..

– گوێت لێیە؟!.. بازە..

بارام تەواو بەئاگا هاتەوە. دەستی لە ئایش بەردا و قیت بووەوە. بازە بەوپەڕی حیرس و تووڕەیییەوە دەوەڕی.

– لە خۆڕایی نییە!.. شتێکی بەدی کردووە.

ئەمەی وت و ڕاپەڕییە سەرپێ. خۆی گورج کردەوە و پەلاماری پاڵتۆکەی دا و لەبەری کرد. جامانەکەی لە سەروملییەوە پێچا و، بەرەو دەرگە قەڵەمبازی دا. پێش ئەوەی دەست بۆ دەرگەکە بەرێ، وەرچەرخایەوە و چوو پری بەدەمانچەکەیدا کرد.

بەپەلە لە ژوور دەرپەڕییە دەرەوە و، خۆی گەیاندە ئاستی نایلۆنبەندەکە. بازەی بینی لە کوختەکەی چووەتە دەرەوە و کلکی خستووەتە سەرشانی. وەڕینێك دەوەڕی کە ها ئێستا هاساتێکی تر، پەلامار دەدرێ و پەلامار دەدا. هەر هێندەی ئەم گەیشتە پێش نایلۆنبەندەکە، ئەو زوو هەستی پێ کرد و دوو سێ جار، بەدەم وەڕینەوە ئاوڕی بۆ پشتەوە لێدایەوە. لەوە دڵنیابوو کە شتێك لەئارادا هەیە. دەرگەی نایلۆنبەندەکەی کردەوە و هەنگاوی نایە دەرەوە. لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا، بازە توندتر دەستی کردە وەڕین و، چەند هەنگاوێکیش چووە پێشتر. کە بەرەوڕووی وەڕینەکەی بازە هەڵی ڕوانی، لە دوور چەند تارماییەکی لەناو بەفرەکەدا بەدی کرد، کە بەپێچوپەنا دەبزوان و بەیەکدا دەهاتن. لە دڵدا وتی:

– دەشێ گورگ بن!.

تەقەلای دا بیانژمێرێ. کارێکی زەحمەت نەبوو. ئەو ساتە بەفر نەدەباری و ئەوانیش لە بەفرەکەدا، ڕەش دەچوونەوە.

– یا حەوتن یا هەشت.. لەوە زیاتر نین.

– بارام.. بۆچی چوویتە دەرەوە؟!.. مەسەلە چییە؟!.

ئایش سەری کێشابووە دەرەوەی ژوورەوە و بانگی لێ دەکرد. ئەم ڕاستەوخۆ وەرامی نەدایەوە. گەڕایەوە ناو هەیوانەکەو بەهێمنی وتی:

– چەند تارماییەك لە دوور بەدی دەکەم. لەوە دەچێ گەلەگورگێك بن. ترست نەبێ. تۆ بچۆرەوە ژوورەوە با سەرمات نەبێ. من و بازە چاریان دەکەین.

ئایش دڵی داخورپا. وتی:

– گەلەگورگ؟!.. دڵنیایت؟!.

– ئا.

– چەند دەبن؟!. –حەوت هەشتێك.

ئایش تەنگەتاو بوو. وتی:

– چی دەکەیت؟!. نیازی چیت هەیە؟!.

– لە خۆتی مەکە بەغەیلە. تۆ بچۆرە ژوورەوە و هەقت نەبێ.

ئایشی بەژووردا کردەوە و، دەرگەی بەدوادا ڕاکێشایەوە. خۆیشی چووە دەرەوە.

بازەی بێدەنگ کرد و خۆی مەڵاس دا. گەلەگورگ زۆری پێ نەچوو گەیشتنە بەرەوە. بازە خۆی پێڕانەگیرا. دەستی کردەوە بەوەڕین و تەکانی دا هەڵمەت بەرێ. کەچی هەر دوای هەنگاوێك، لە جێی خۆی رەق راوەستا و، لەسەر وەڕین بەردەوام بوو. ئەوسا ئەم هەڵسایەوە سەرپێ. سەیری کرد گەلەگورگ تەواو نزیك بوونەتەوە و هیچ سڵێك لەوەڕینی بازە ناکەنەوە. خێرا دەمانچەی لێ خستنە سەرپێ. نیشانی لە نزیکترینیان گرتەوە و زرمەی لێ هەڵساند. بەڵام نەیپێکا و گەلەگورگیش پەرتوبڵاو، هەریەکە بەلایەکدا هەڵاتن. راوەستا و چاوەڕوانی کرد. تا هەموو لە چاوی ون بوون. بەدوایدا کشایەوە هەیوان و دوای قایمکردنەوەی دەرگە، خۆی بەژووردا کردەوە.

خێرا ئایش لێی پرسی:

چیت کرد؟!.

بەپێکەنینەوە لە وەرامیدا وتی:

– نەمپێکا..

– ئەوەندە لێتەوە دووربوون؟!.

– نەوەڵا.. بەڵام دیارە نیشانشکێن نیم.

– بەڵامی پێ ناوێ.. پیلکەت خوارە. ئەوەیان هیچ.. دەترسم نەتویستبێ بیپێکیت!. دەنا گورگێکی زلوزەبەلاح و ئەوەندە لە نزیکەوە، چۆن لێ نادرێ؟.

– ئێ ئێمە چیمان دەوێ؟.. هەڵاتنیان و لێمان دوور بکەونەوە.. تەنیا ئەوەندە نییە؟. ئێ وەهایان کرد. بابچنە ناو ئاوایی و لەوێ لەگەڵ گورگە دووپێیەکانی هاوەڵیاندا، دەست بدەنە یەخەی یەکتری.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. ئایش بەدەم پێکەنینەکەیەوە وتی:

– ئەی باوکم و دایکم.. ئەی کاکم و..

– نا.. ئەوان نا.. ئەوانی لێ دەرچن.

دووقۆڵی بەتەنیشت یەکەوە بەرامبەر زۆپاکە دانیشتنەوە. بۆ ماوەیەك خامۆشییەکی قووڵ باڵی بەسەریاندا کێشا. هەردووکیان بیر و هۆشیان ئاڵاندبووە یەك کێشە و ئایش، لە دەربڕینیدا دەستی پێش خست و وتی:

– زۆر هەقایەت و سەرگوزەشتەم، لەبارەی گورگ و گەلەکورگ لە دایکم بیستووە،

بەتایبەتی لە ساڵانی وەك ئەمەی ئێمەدا. تۆ بڵێی.. بارام قسەکەی پێ بڕی. وتی:

– سەیرە!.. منیش بیرم لە هەمان باس دەکردەوە. بەڕاست تۆ بڵێی شەڕیان لێ لادابین و، رۆشتبن بەڕێی خۆیانەوە؟!.

– تۆ وەك ئەوەیە، باسی حەوت هەشت گورگی دووپێی خاوەن ئەقڵ بکەیت و، گوایە لە ترسی دەمانچەکەت شەڕت لێ لابدەن!.

– ئەشەدوبیللا.. بگرە گوایە لەبەرئەوەی نەمپێکان، بەسوپاس و ستایشەوە شەڕم لێ لادەدەن.

– خۆ دەشێ وەها بکەن. بەڵام ئەی ئەگەر وەهایان نەکرد؟.

– ئەگەر وەهایان نەکرد، دەردەکەوێ کە بێئەقڵن نەك ئاقڵ و، ناچار دەیانپێکم. ئەوسا ئەوانیش ناچار دەبن شەڕمان لێ لابدەن.

دیسان دایانەوە قاقای پێکەنین. (ئالا)ی کوڕە گەورەکەیان، بەوە لە شیرینخەوەکەی بەخەبەر هات. دایکی خێرا چوو بەلایەوەو کردییەوە خەو. ئینجا هاتەوە بەلای بارامەوە. راستەوخۆ وتی:

– من وای بەچاك دەزانم ئەمشەو نەنووین.

بارام وتی:

– ئافەرین.. منیش وەهام نیاز بوو. بەمەرجێك تۆ نەگرێتەوە. تۆ تەنیا بچۆ چایەکی خەلیسم بۆ دەم بکە و ئینجا بەبێ هیچ ترسێك و وەك هەر شەوێکی تری لەوەبەرمان، لە پاڵ منداڵەکاندا رابکشێ و خەوی خۆت بکە. تا بەیانی بەئاگات دێنم و ئەوسا من لێی دەنووم.

ئایش هەڵسا و چوو کترییەکەی پڕ لە ئاو کرد. خستییە سەر زۆپاکە و هات لە تەنیشتیەوە دانیشتەوە. قۆڵی کرد بەقۆڵیداو بەخۆیەوە نووساند. وتی:

– ئەوە چایە خەلیسەکە و زۆری پێ ناچێ پێ دەگا. بۆ نووستنەکەش، من تا بەیانی لەگەڵتدا دادەنیشم و ئەوسا، تۆ دەنوویت تا تێر خەو دەبیت و ئینجا من..

بارام لێوی بەلێوییەوە ناو قسەکەی پێ بڕی. کە لێوی لە لێوی بەردا، ئیتر نە لەم قسە و نەلەو قسە. بگرە چاوەڕوانکردنی پیگەیشتنی چایە خەلیسەکە و بەدەمییەوە دووقۆڵی ئێشکگرتن.

ئایش خەریکی شتنی قۆری و پیاڵەکان بوو، کە بازە مڕەمڕی لێ هەڵسایەوە. دەستی بەپیاڵەکانەوە وشك بوو. ئاوڕی دایەوە و روانییە بارام. لەلای خۆیەوە قیت بووبووەوە و گوێقولاغ بووبوو. وتی:

– لەوە دەچێ بەڕێوە بن بێنەوە. دیارە شەڕمان لێ لانادە. بەدوایدا هەڵسا و بەدەستووری جارانی تری، خۆی پێچایەوە و پڕی کردەوە بەدەمانچەکەیدا. ئەوساتە مڕەمڕەکەی بازە رووی لەوە دەکرد، ببێتەوە وەڕینە پڕ لە حیرس و تووڕەیییەکە. تەکانی دا لە ژوور دەرپەڕێتە دەرەوە و ئایش وتی:

– ئاگات لەخۆت بێ.. گەلەگورگ ئامانیان بۆ نییە. لەبەر هەیوانەکە دوور نەکەویتەوە.

– ترست نەبێ.

تەنیا هێندەی وت و چووە دەرەوە. خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکە. بازە وەڕینێك دەوەڕی کە دەتوت، وەختە لەگەڵ هەر حەپەیەکدا، جەرگ و هەناوی خۆی دەربهاوێتە دەرەوە. بەردەوامیش تەکانێکی دوو سێ هەنگاویی دەدا و پاشەوپاش دەگەڕایەوە. خۆی کاتێ ئەم گەیشتە ئاستی، هەر تەواو پێی لێ هەڵبڕی و، بگرە تەکانی دا و بەدوو سێ قەڵەمبازد، خۆی گەیاندە ناوەڕاستی حەوشەکە.

لەبەر هەیوانەکەدا راوەستا و کەوتە هەڵڕوانین. ئەم جاریش لە دوور، تارماییيانی لە بەفرەکەدا بەدی کردەوە، کە پەرتوبڵاو بەدزەدزە دەهاتن. بەڵام هەر زوو ژمارەیان سەرنجی راکێشا. لە دڵدا وتی: (لە جاری پێشوو زیاترن!.. سەیرە!.. یانی چوون دەستەیەکی تریشیان هێنا؟!. یانی نەك هەر شەڕیان لێ لانەدام، بگرە دەیانەوێ شەڕم لێ بکەنە شەڕی مەغلووبە؟!. ئێ چاکە.. راوەستن بۆم!.).

ئەوسا بانگی بازەی کرد و بۆ لای خۆی بەکێش کردەوە. یەك دوو جار دەستی بەسەریدا هێنا و ئینجا دەستێکی قورسی نیشاندە سەر پشتی و وتی:

– وس بە و خۆت مەڵاس بدە.. نامەوێ ورتەت لێوەبێت. بازەی لەسەر چوارمەمۆڵە دانیشاندە سەرزەوی. خۆشی لە پاڵ بارستاییی بەفری ماڵراوی سەربانداً، کە هەتا

نزيك گوێسوانەكە کەڵەکە بووبوو، خۆی مت کرد و دەمانچەی لێ خستنە سەرپێ. ئایش لەو خامۆشییە سەرسام بوو. ئۆقرەی نەگرت و سەری کێشایە دەرەوە. کە گوێی هەڵخست و هیچ ورتە و جووڵەیەکی بارام و بازەی نەبیست، دڵی داخورپا. بێ خۆپێچانەوە دەرپەڕییە دەرەوە بۆ هەیوان. لەوەدابوو دەنگ هەڵبڕێ و بانگ بکا، بارامی بەدی کرد کە بەچیچکانەوە خۆی مەڵاس دابوو. کەمێکی تر چووە پێشەوە و بەدەنگی نزم لێی پرسی:

– ئەوە خەریکی چیت؟!. بۆ وا بێدەنگن؟.

ئەو وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. بگرە بەچرپە وتی:

– کچێ بۆچی هاتوویتە دەرەوە؟!.. رەق دەبیتەوە نەگبەت.. راکەرەوە ژوورەوە.

– ئەی نابێ بزانم چییە و چی نییە؟.

– خۆمان بۆ ناونەتەوە. خەریکن دێنە بەرەوە. راکە بچۆرەوە ژوورەوە.

ئایش خۆی بەژوورەدا کردەوە. ئەوان لە چاوەڕوانیدا مانەوە و گەلەگورگ تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە. بازە دوو سێ جار سووکە مڕەیەکی، بەنیازی دەسپێکردنەوەی وەڕین لێ بەرز بووەوە و ئەم خێرا بێدەنگی کرد. بڕیاری دابوو ئەم جارەیان پەنا بەرێتە بەر، ئەو پەندەی لەبارەی گورگەوە باوە. واتە بەگۆشتی لاشەی یەکێك لە خۆیان تێریان بکا و خۆی لە شەڕیان بپارێزێ. بۆیە لە دڵدا وتی:(کەوابوو دەبێ وازیان لێ بێنم تا تەواو نزیك دەبنەوە). ئەو هەتا ئەو ساتە، ئەگەرچی ئەم قسەیەی بەچەندان جۆر و لە چەندان هەقایەت و سەرگوزەشتەدا بیستبوو، بەڵام تەنیا وەك قسەیەکی رووت وەری گرتبوو. لەبەرئەوە گومانێك لە ناکاو لە دڵیدا سەری هەڵدا و وتی: (ئەی ئەگەر وانەبوو؟!.. ئەگەر وا نەبوو، ئەوا من دەبێ هەتا بەیانی خەریکی گورگ کوشتن بم!). زۆری لێ رانەما و وتی: ( جا بێنەوبەردەی بۆچییە؟.. ئەوە گەلەگورگ و، ئەمەش گوللەی مەرگ بەدەستمەوە و درۆ و راستیی قسەکە ساغ دەکەینەوە).

گەلەگورگ تەواو هاتنە بەرەوە. لە تەیمانی حەوشەکە نزیك بوونەوە. بەدەستووری پەلێك چەکداری پەلاماردەر و بیانەوێ، هێرش بەرنە سەر سەنگەرێکی دوژمن، بەرەوڕووی ئەمان ریزیان بەستبوو. بازە خۆی پێ ڕانەدەگیرا. لەیەکبینا کلك و گوێچکە و چوار چەمۆڵەی دەبزواندن و پەیتا پەیتاش ئاوڕی لەم دەدایەوە. ئەمیش بەردەوام تەقەلای دەدا، هێمنی بکاتەوە و نەیەڵێ لە جێی خۆی ببزوێ.

گەلەگورگ گەیشتنە ئاستی تەیمان. ئینجا زۆر بەهێمنی و زۆر ورد، نیشانی لە یەکێکیان گرتەوە. پەلەپیتکەی هێنایەوە یەك و زرمەی لە دەمانچە هەڵساند. گورگە قورسکەی کرد و رەتی برد. ئەوانی تر سڵەمینەوە و هەریەکە بەلایەکدا، بەرەو دواوە هەڵاتن بازە لەگەڵ تەقەکەدا، چەند هەنگاوێك بەرەوپێش تەکانی دا و دەستی کردەوە بەوەڕین و حەپەحەپ. ویستی بەدوایاندا هەڵمەت بەرێ و ئەو نەیهێشت. وتی:

– تۆ عەزێت مەکێشە.. پێویست ناکا.. یەکێکیان پێکاوە چۆنی نۆش دەکەن، ئارەزووی خۆیانە. هەر لەو ساتەدا گورگی پێکراو، وەك تینوتوانای حەوت گورگی ساغوسەلیمی پێ بەخشرابێ، راست بووەوە و کەوتە دڕدان بە بەفرەکە و هەڵاتن. پێوەی دیاربوو کە پێکراوێکی کوشندەیە و کەچی بەجۆرێك دڕ بە بەفرەکە دەدا، کە دەتوت تەنانەت نووکە دەرزییەکیش نەچەقیوەتە لەشی. بازە سەرلەنوێ تەکانی دایەوە هەڵمەت بەرێ و، ئەم جاریش نەیهێشت. لە دڵدا وتی: (ئەگەر قسەکە راست بێ، تەنیا بریندارکردنی و بگرە تەنیا دوو سێ دڵۆپ خوێنی پێوەبێ، کاری لە کار دەترازێ). ئایش بەدوای تەقەکەدا، هەمدیس سەری کێشایەوە دەرەوە بانگی لێ کردەوە. ئەم لێی پەست بوو. لە وەرامیدا وتی:

– پێم نەوتیت سەر لە ژوور مەهێنەرە دەرەوە؟.. تۆ خوا گرتووتی؟!.

ئایش کە هەستی کرد بەتووڕەیییەوە قسە دەکا، کشایەوەو چووەوە ژوورەوە. ئەویش بازەی خستە تەك خۆی و بەرەو حەوشە هەنگاوی نا. لەوە دڵنیابوو کە گورگی پێکراو، دەبێ لەو نزیکانە لەگەڵ گەلەگورگی هەڵاتوودا یەکدگیر ببنەوە و راستی و ناڕاستیی قسەکە بسەلمێ. نیازی ئەوەی نەبوو لە تەیمانەکە بچێ بەو دیودا و لە ماڵ دوور بکەوێتەوە. بگرە نەگەیشتە ئەوەی پێویستی پێی هەبێ و، هەر زوو ئەنجام بەدەرکەوت. گەلەگورگی لە دوور بەقەدپاڵی گردۆلکەیەکی لاتەنیشتەوە بینی، کە وەك گێژەنێك لوولیان بدا. بەیەکدا دەهاتن و بەئاشکرا دیاربوو، کە نیشتوونەتە گیانی گورگی پێکراوە و ونجڕونجڕی دەکەن. ماوەیەك لە دیمەنەکەیدا هەڵڕاونی و ورد بووەوە. ئەوسا سەرێکی بادا و بەرەو ژوورەوە کشایەوە.

**دەمانچە**

هەر کە پێی نایە ناو ژوور، ئایش بەپەرۆشەوە وتی:

– بۆ ناڵێی ئەم جاریش نەتپێکا!.

– با.. ئەم جارەیان پێکام.

– ئادەی بۆمی باس بکە.. بزانم چۆن بوو؟.

لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە.. بەوەش کۆتایی پێ هێنا کە وتی:

– دەمانچەبۆر کاری خۆی کرد.

ئایش سەرنجێکی بە مەغزای دایە و بەدەم بزەیەکی توانجئامێزەوە، لە وەڵامیدا وتی:

– یانی باوەڕت هێنا کە شتێکی پێویست بوو؟. باشە ئەو دەمانچەیە نەبووایە چیت دەکرد؟.

– بەتەور.. بەبێڵ.. بەتێڵا.

– ئا بەڵێ.. ڕۆستەمی زاڵیت!. بگرە ڕۆستەمی زاڵیش بوویتایە، ئەوەت لەگەڵ یەکێك یا دووواندا پێ دەکرا، نەك گەلەگورگێك. یا وەك خۆت دەیڵێی دوو گەلەگورگ. وا نییە؟.

– ئۆباڵ بەگەردنم وایە.

– باشە لە باتیی دەمانچەکە، تفەنگ بووایە چاکتر نەبوو؟!. وتم وەك دەمانچەکە دەکڕیت، هەندێ پارەی تری بەقەرزوقۆڵ بۆ پەیدا بکە و بیدە بەتفەنگێك، بەقسەت نەکردم.

بارام هیچ وەرامێکی ئەوی نەدایەوە و خۆی بێدەنگ کرد. ئەو وەختە سەرلەنوێ گەرمی بووبووەوە و، کشابووەوە پاڵ دیوارەکە. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کردەوە. نزیکی دووازدە و نیوی نیشان دەدا. لە دڵدا وتی: (تۆ بڵێی بێنەوە؟!). کەمێ لە پرسیارەکە راما. ماوەیەك تاووتوێی پێ کرد. بەوەرامدانەوەی پەست دەبوو. چونکە دەیزانی کە وەرام دەبێ چی بێ: (ئا.. دوور نییە.. هیچ دوور نییە. گەلەگورگە و برسییە و بۆنی هەشت نێچیری، ناو خانووێکی تاریکی دوور لە ئاوایییان کردووە و جارێك و دووان و دە شاڵاویان بۆ دێنن. شەوگاریش هێشتا زۆری بە بەرەوە ماوە. ئایش راست دەکا. ئەگەر لە بریی دەمانچەکە تفەنگێك بووایە، کێشەکە بەجۆرێکی تر دەکەوتەوە).

بەدوایدا دەمانچەکەی لەبەر پشتێنی دەرکێشا و گرتی بەدەستییەوە. شانەی لێ دەرهێنا. فیشەکەکانی لێ بەتاڵ کردن و ژماردنی. پێنجی تێدا مابوونەوە. شانەی یەدەکیشی هێنایە پێش. ویستی فیشەکەکانی لێ بەتاڵ بکا و نەیکرد: (پێویست ناکا.. حەوتن.. ئەوە دوازدە!). لای کردەوە بەلای ئایشدا. لە تەنیشتییەوە نەمابوو. خەریکی

چراکە بوو دای بگرێتە خوارەوە و پڕی بکاتەوە لە نەوت. ئەمیش لەلای خۆیەوە هەستی کرد. کە شەوقەکەی تەواو کز بووە. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– فیشەکەکانی ترت لەکوێ داناون.. بۆمیانی بێنە!.

– با چراکە پڕ بکەمەوە لە نەوت. ئاگامان لێی بڕابوو. خەریك بوو دەکوژایەوە.

ئەم لە دڵدا وتی: (وا بز انم هەشت فیشەکی ترم هەن. ئێ ئەوە بیست.. بەسە.. خۆ شەڕە سەنگەر نییە!).

ئایش چرای گەڕاندەوە شوێنی خۆی. چوو فیشەکەکانی تری هێنا و خستنییە بەردەستی. خۆشی لە تەنیشتییەوە دانیشتەوە و کەوتە سەرنجدانی. کە سەیری کرد وا دەیانژمێرێ و دووانیان لێ دەخاتە ناو یەکێك لە دوو شانەکە، وتی:

– تۆ بڵێی بێنەوە؟!.

بارام یەکسەر وەرامی نەدایەوە. یەکێ لە دوو شانەکەی چەسپاندەوە دەمانچەکە و دەمانچەی نایەوە بەر پشتێن. شانەی دووەم و فیشەکەکانی تری خستنە گیرفانییەوە. ئینجا رووی تێ کرد و ئاسایی وتی:

– دوور نییە بێنەوە.

– ئەی چار چییە؟.. چی بکەین؟.

– چار؟!.. ئەوە دەمانچە و گوللە و ئەوە من و بازە و ئەوەش ئەوان و هێرش و پەلاماریان بە کەڵبە و نینۆك. ئێمە لە سەنگەرداین و خۆمان ئامادە کردووە و ئەوان هێرش دێنن. خۆ تۆپ و نارنجۆکیان پێ نییە هەڵمانتەکێنن. ئەوان هەیانە کەڵبە و من هەمە گوللە. پێش ئەوەی ئەوان کەڵبە لە من گیر بکەن، من گوللە دەسرەوێنمە ئەوان و بڕایەوە. ئایش بەم قسانە دڵی حەوایەوە. پێشتر لە دڵدا زۆر تەنگەتاو بووبوو. سەد و یەك پرس و ڕا لە مێشکیدا گینگڵیان دەخوارد و دەیویست دەریان ببڕێ. بەڵام ئەو قسانە رەواندنییەوە. بەدەم زەردەیەکی شادییەوە وتی:

– لێت ناترسم.. ر استە تا رادەیەك کەمتەرخەمیت. بەڵام کاتێ خەمخۆری بۆ شتێك یەخەت دەگرێ، بۆی دەبیتە شێری بەرمەیدان.

ئەویش هەر بەدەم زەردەخەنەکەیەوە وتی:

– ئەمە ستایش بوو یا تانووت؟.

– تانووت؟!.. حاشا..

– ئەی تۆ نالێی من کابرایەکی کەمتەرخەمم؟.

– با.. بەڵام یەکەم ئەوە تانووتلێدان نییە و، سیفەتێکی ئاسایی خۆتە. دووەمیش وتم کە لە وەختی پێویستدا دەبیتە شێری بەرمەیدان.

بارام سەیری کرد وا دیسان ساکاری و خۆشبڕواییەکەی، گاڵتەگلەییەکەی ئەمی وەك هەموو جارەکانی تر، لێ کردووەتە راست. جارەکانی تر لەگەڵیدا دەیدا بەدەمییەوە و بۆ ماوەیەك درێژەی پێ دەدا و لە ئەنجامدا، دەیکردەوە بەگاڵتەوگەپ و پێکەنین. بەڵام ئەم جارەیان زوو هەستی کرد، کە دۆخەکەی هی ئەوە نییە بدا بەدەمییەوە. بۆیە بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

– هەمدیس تێکەوتیتەوە!. کچێ تانووتی چی و تەڕەماشی چی!. ئەشەمبیللا وایە و خۆم لە تۆ باشتری دەزانم، کە کابرایەکی کەمتەرخەمم. تەنیا ویستم..

ئایش قسەکەی پێ بڕی و وتی:

– جا ئەمە وەختێتی؟!.

– نا.. هەقتە.. بۆیە منیش وا زوو وازم لێ هێنایت.

– جا باشە تۆ بەتەواوی، واز لەم خووەت بێنیت و، لە کۆڵم ببیتەوە باشتر نییە؟.

– تۆ ئەوەیان بخەرە لاوە.. بابێینە سەر باسی کەمتەرخەمییەکە..

– دەست پێ دەکەیتەوە؟.

– نا .. نەوەڵڵا.. بەڕاستمە. دەمەوێ بۆتی روون بکەمەوە، کە ئەو سیفەتی کەمتەرخەمییەم لە چییەوە هاتووە. جارێ دەبێ نەوترێ کەمتەرخەمی، بگرە کەمهەڵپەیی و، بگرە بێ هەڵپەیی. یانی من هەڵپە بۆ ژیان ناکەم. بەهەرچوار پەل شاڵاو نابەم و پەلامار نادەم. بەتەنگ کەڵەکەکردنی ماڵ و موڵك و سامانەوە نیم. تەنیا هێندەم لامەبەستە ئاسایی پێی بژین. تۆ چاکت وت. ئەوەی بۆ ژیانەکەمان پێویست بێ، بۆی دەبمە شێری بەرمەیدان. ئەوەشی پێویست نەبێ، بەهیچ کلۆجێ گوێی نادەمێ و لە ئاستیدا کەمتەرخەمم. من قێزم لەو بابەتە کەسانە دێتەوە، کە هێندەی کێوێك سامانیان کەڵەکە کردووە و کەچی هێشتا هەڵپەی زیادکردنی دەکەن. من بەدەستم بێ دێم هەرچی سامانێکی ئەوانە هەیە، زەوتی دەکەم. ئینجا یەکەم جار

بەندیخانەیەکیان هەر لە بناخەوە هەتا سەربان لەو سامانە، لە زیو بۆ دروست دەکەم. هەریەکەیان کۆتوپێوەندێکی لە زێڕ دروستکراوی، لە مل و دەست و پێ دەخەم و، دەیکەمە میوانی یەکێ لە ژووره زیوینەکانی بەندیخانەکە. دوا جار هەرچیمان لە سامانەکە پێچایەوە، دەیکەمە لیرەی رەشادی و هەرکامیان هەرهێندەی وتی برسیمە، ئانوسات یەکێك لەو لیرانەی دەخەمە دەمەوە. ئیتر قووتی دەدا یا نایدا ئارەزووی خۆیەتی. خۆراکیان هەر ئەوە دەبێ. بۆی هەیە نەیخوات و بۆشی هەیە لە رۆژێکدا هەزار.. دە هەزار.. سەد هەزار لیره بخوات. تێم گەیشتیت چیم وت؟. ئایش کەمێك بۆ وەرام راما. ئەمە یەکەم جاری نەبوو، لەم قسانەی لێ ببیستێ. بەڵام یەکەم جاری بوو وا بەڕوونی و بەئاسانی لێی تێ بگا چی دەڵێ. لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە.

–تێم نەگەیشتیت؟!.. دووبارەی بکەمەوە؟.

ئەوسا بەناچاری تەنیا وتی:

– نا.. پێویست ناکا.. تێت گەیشتم. ئەویش ئیتر لەسەری نەڕۆیشت. باسەکەی گۆڕی و وتی:

– چاکتر وایە تۆ سەرخەوێك بشکێنیت.

– پێم وتیت نانووم و شان بەشانت ئێشك دەگرم. ئیتر ئەم قسەیە مەکەرەوە. وەرامدانەوەکەی نیمچە تووڕەبوونێکی پێوە دیاربوو. بۆیە بارام بەڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– دە کەوا بوو چایەکە لێ بنێرەوە.

## لووره

بێدەنگی و خامۆشییەکی قووڵ هەردووکیانی لە ئامێز گرتبوو، کاتێ زۆر لە دوورەوە لوورەیەکیان بەئاستەم کەوتە بەرگوێ. پێکەوە لەیەك ساتدا، ملیان قوت کردەوە و گوێقوڵاغ بوون. ئانوسات بازەش، دەستی کردەوە بەوەڕین و بینی پێوە گرت و ئیتر، زۆری پێ نەچوو لوورەی گورگ و وەڕینی بازە، تێکەڵ بەیەکتری بوون.

ئایش سەرنجێکی تێکەڵ لە وڕبوون و شڵەژانی دایە بارام. وەك لەبەر خۆوە بدوێ، بەدەنگی نزم وتی:

– هاتنەوە!.

بارام هەستی بەو شڵەژانەی کرد. بەلایەوە بەناهەق نەبوو. ئەم خۆیشی هیوایەکی بەوە هەبوو، کە دوای دوو جار تەقەلێکردن و، کوشتنی یەکێکیان و خواردنی لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئیتر هاتنەوەیان نەبێ و روویان لەلایەکی تر کردبێ. لەبەرئەوە ئەگەرچی بەدەم و زمان تەقەلای دا، ئەو دڵنیا بکا و ترسی لە دڵدا نەهێڵێ، بەڵام خۆی بەبیر و هۆش ئاڵابووە گرفتەکە و وردی دەکردەوە. بەر لە هەموو شت، بەبوونی دەمانچەکەی و بیست فیشەکەکەی، خۆی بەپشتئەستووری دەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا سووکە ترسێك لە ناخدا تەنگەتاوی دەکرد و هەستی پشت ئەستوورییەکەی بە دەمانچەکە لێ دەشڵەقاند. تەقەلای دەدا بچێتە بنجوبناوانەوە، کە ئەوە لەبەر چییە و بۆ چییە و زەفەری پێ نەدەبرد. بۆ ماوەیەکی زۆر خامۆش بوو. تا ئایش بەئاگای هێنایەوە و وتی:

– ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟.. بۆ وا مت و خامۆشیت؟.. گوێت لە بازە نییە؟.

ئەوسا راچەنین و گوێ هەڵخستن و خۆسەرپێخستنی، تەنیا یەك ساتەوەختیان خایاند. دەستبەجێ هەستی کرد، بازە بەرهەیوانەکەی جێ هێشتووە و چووەتە بەر تەیمانی ئەوپەڕی حەوشەکە. بازە بەلایەوە، تەنیا سەگێکی بەوەفای پاسەوانی بەردەرگەی حەوشە نەبوو، ئەندامێکی خێزانەکە بوو. زۆری لا مەبەست بوو بە دەستووری پاراستنی خۆی و ژن و منداڵەکانی لە دەمی گورگ، ئەویش بپارێزێ. بۆیە راستەوخۆ رووەو دەرگە قەڵەمبازی دا و دەرپەڕییە دەرەوە. گوێی نەدایە بانگ و هاواری ئایش. هەڵمەتی بردە دەرەوەی هەیوان. زۆر بەتوورەیییەوە دەنگی لە بازە کرد و کشاندییەوە. کە گەیشتەوە ئاستی، ئەم وەکو یەکێك لە منداڵەکانی تەمێ بکا، دەستی دایە گوێچکەیەکی و لە بەردەمی کوختەکەیدا، لەسەر چوار چەمۆڵە نیشاندییە سەرزەوی. دوو سێ سووکە لەپە دەستیشی کێشا بەتەوقی سەریدا. ئەوسا جێی هێشت و کشایەوە. بەڵام هەر کە پێی نایەوە هەیوانەوە، لووتی بوو بەلووتی ئایشەوە. لێی پەست بوو. وتی:

– هەمدیس..

ئایش وەرامی نەدایەوە. پشتی تێ کرد و گەڕایەوە ژوورەوە. کاتێ ئەمیش بەدوایدا پێی نایەوە ژوور، سەیری کرد وا ئەو پاڵتۆکەی بۆ بەدەستەوە گرتووە و بێ ورتە و جووڵە راوەستاوە. زوو لێی تێ گەیشت. خۆی بۆ وەرچەرخاند و هەردوو قۆڵی کرد بە

هەردوو باڵی پاڵتۆکەدا و چەسپاندییە بەری خۆی. ئینجا بەرەوڕووی وەرگەڕایەوە. دەستی کردە ملی و بەوپەڕی سۆزەوە ماچی کرد. کە دەستی لێ بەردا وتی:

– لەوە دەچوو نزیك بووبنەوە. چاکتر وایە بچمە وێزەیان.

کە وەرچەرخا بچێتەوە دەرەوە، ئایش بەدەنگێکی پڕ لە بەتەنگەوەهاتنەوە وتی:

– بارام گیان.. وریا بە.. چاك ئاگەداری خۆت بە.

بارام بەدەم چوونە دەرەوەیەوە، تەنیا بزەیەکی گەشی بەڕوودا داو بەقسە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

کاتێ وەك جاری پێشوو خۆی مەڵاس دایەوە، سەری سوڕما کە هیچ تارماییەکی لە دوور یا لە نزیك بەدی نەکرد و تەنیا دەیبینی بازە جێ بەخۆی ناگرێ و بەردەوامیش بەکپی دەمرێنێ. پەیتاپەیتاش سەیری ئەم دەکا و بێئارامیی خۆی نیشان دەدا. جارناجارێك سووکە تەکانێك بەرەوپێش دەدا و دەکشێتەوە. ئەم گومانێکی لە دڵدا پەیدا بوو. هاتە سەرئەوەی زیاتر گوێ هەڵبخا، وەك لە ئاراستەکردنی بینایی چاو. گوێهەڵخستن سووکە خرمەخرمێکی ڕۆیشتنی سەر بەفری لە سەربانەوە لەلا ئاشکرا کرد. لە تەنیشتی لای چەپیشییەوە، کە بارستایی بەفری ماڵراوی سەربان بەرچاوی دەگرت، هەمان سووکە خرمەی کەوتە بەرگوێ. ئینجا کە بەلای راستدا لەودیو تەیمانەکەی حەوشەوە لموزی گورگێکی بەدی کرد، کە سات ناساتێك دەردەکەوێ و ون دەبێتەوە، خێرا تێگەیشت باس چ باسە و لە دڵدا وتی:

(کەوابێ ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە لێی دەترسام و زەفەرم پێ نەدەبرد. چی بکەم باشە؟. نیاز و بڕیاریان ئاشکرایە. سەیرە.. دەڵێیت لەشکرێکی رێکوپێکن و هێرش بۆ سەر سەنگەرێکی دوژمنەکەیان دەبەن.. چی بکەم باشە؟..).

ساتێکی سەخت و ستەم بوو. نەیدەزانی چی بکا. لە سەربان و لە تەنیشتی لای چەپەوە، خرمەخرمەکە تادەهات زیادی دەکرد و نزیك دەبووەوە. لموزەکەی لای راست دەبووە دووان و سیان و پێنج و بەیناوبەین خێراتر دەردەکەوتن. بازە تا دەهات زیاتر سرەوتی لەبەر دەبڕاو تەنگەتاو دەبوو. تا وای لێ هات ئەمیش لەلای خۆیەوە، لەوە زیاتر ئۆقرەی نەگرت. لە ناکاوێکدا بڕیاری خۆی دا و ئانوسات بردییە سەر. پەلەپیتکەی لە دەمانچە هێنایەوە یەك و رووەو لمۆزەکان تەقاندی. بەڵام ئەوەی دەمودەست لە بازەی روودا، وای لەم کرد لە جێگەی خۆی تەواو بحەپەسێ و واقی وڕ

بمێنـێ. بـازە دەستـوبـرد لـەگـەڵ تـەقـەکـەدا، وەك دوای چـاوەڕوانـکـردنـێکـی زۆری ئـازارگەیێن، بیەوێ بەپەلە بچێ داخی دڵی بڕێژێ، کوێرانە بەرەو لای تیمانە هەڵمەتی برد. هەر هێندەی گەیشتە ناو حەوشە، گەلەکورگ لە سەربان و لە تەنیشتی لای چەپەوە، وەك گەردەلوولێك خۆیانیان پێدا داو زەق بەبەرچاوی ئەمەوە، تەیمانیان شەقوپەق کرد و بەرەو خوار رایان ماڵی. ئەم بۆ ماوەی چەند ساتێك وەها واقی وڕمابوو کە لە جێی خۆی وشك هەڵات. وەختێکیش تینوتوانای بەبەردا هاتەوە و بەرەو پـێش تـەکـانـی دا، سەیـری کـرد وا گـێژەڵـووکـەکـە گـەیشتـووەتـە قـەدپـاڵـی گردۆڵکەی بەرامبەریان. لەو ساتەدا بەچاوی ناخ بازەی دەبینی کە هەزارویەك جار، کەڵبە لە جەستەی چەقیوە و هەزار و یەك دەلاقەیان تێ کردووە. لەگەڵیدا وای هەست دەکرد، کە هەزار و یەك دەلاقە کراونەتە جەستەی خۆی. تەوژمی ئازارێکی دەروونیی سەخت و زۆری بۆ هێنا و بەبێ ئاگا بەدەم هاواری کرد:

–با.. زە..

بەدەمییەوە بێ ئەوەی بزانێ چی دەکا، هەرچی گوللەیەك لە دەمانچەکەیدا بوو، رووەو گێژەڵووکەکە تەقاندنی و بەدوایدا، گێژەڵووکە داخزایە ئەودیو گردۆڵکەکەوە و لەچاو بزر بوو. ئایشیش دیسان لە ژوورەوە خۆی پێ ڕانەگیرا، بەتایبەتی کە بەدوای هاوارەکەی بارام و تەقەکاندا، هەستی بەخامۆشییەکی سامناك کرد. کەمێ خۆی پێچایەوە و دەرپەڕییە دەرەوە بۆ هەیوان. راوەستا و گوێی هەڵخست. هیچ ورتە و جووڵەیەکی نەبیست. بانگی کردە بارام و وەڵامی نەبوو. کە جاری دووەم بانگی لێ کردەوە و وەڵامی نەبوو، دڵی داخورپا. شێتانە هەڵمەتی بردە دەرەوەی هەیوان و بارامی بینی لە بەفرەکەدا بە چۆکدا هاتووە و سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبووەتەوە. خۆی گەیاندێ و باوەشی پێدا کرد. ئەوسا بارام سەری هەڵبڕییەوە و کەوتە سەرپێ. بەبێدەنگ بەرەوهەیوان هەنگاویان نا. لەودیو دەرگەی نایلۆنبەندەکەوە چاوەڕوانی کرد، تا ئایش بەدوایدا بەژوور کەوت و بەبێدەنگیش دەرگەکەی قایم کردەوە. ئینجا خۆی بەژووردا کردەوە و ئایشیش بەدوایەوە.

**مۆتەکە**

– بارام..چی بوو؟!..بۆم باس بکە.. چی رووی دا؟.

بـارام هـێشتـا هـەر حـەپـەسابـوو. سەرنـجـێکـی گـێژوویژی دایـە و هـیـچ وەڵامـێکـی

نەدایەوە. هێشتا دیمەنی بازە و گێژەڵووکەکە و ئاوابوونی بەودیو گردۆڵکەکەدا، سەراپای بیر و هۆشی داگیر کردبوو. لێی بووبووە مۆتەکەیەك و بەرۆکی بیر و هۆشی بەرنەدەدا. بگرە تا زیاتر گەرمی دەبووەوە و، جێگەی گاز و نوقورچی بەتەوژمی زریانەکەی لێ خۆش دەبوونەوە، پتر شانی بۆ مۆتەکەکە شل دەبوو: (.. زۆری پێ ناچێ دێنەوە. کە هاتنەوە ئەم جارە من لوول دەدەن و وەك بازەم لێ دەکەن. جاری دواتر ئایش. دواتریش دێنە کونی ژوورەوە بۆ ئاڵا و باڵا. یانی ئەمشەو..یانی..گورگ.. گورگی چوارپێ.. یانی گوایە...)

لە ناکاوێکدا هەڵسایە سەرپێ. شێتانە کەوتە هەڵڕوانین بەدەوری خۆیدا. بینایی لەسەر هیچ شتێکی ناو ژوورەکە راگیر نەدەبوو. روخساریشی وەهای دەنواند، کە ئازارێکی کاریگەر دەروونی هەژاندبێ. ئایش سەری لێی سوڕما. لەگەڵ ئەوەشدا باوەشی پێدا کرد و دای مرکاندەوە. کە لە خۆی بەئاگا هاتەوە، وەك چاوی بۆ ماوەیەك لە بینین کەوتبێ و لە پڕێکدا بەری روون بووبێتەوە، ئاوەها بە پەشۆکاوییەوە سەرنجێکی خێرای دایە ئایش و ئینجا منداڵەکان. کە لێیان دڵنیابوو، تەواو هێمن بووەوە. لە جێی خۆی دانیشتەوە و خامۆشییەکی قووڵ دایگرت. ئایش دەستی لە شانی گیر کرد. یەك دوو جار رای وەشاند و وتی:

– بارام.. بارام گیان.. بۆ وا دەکەیت؟. چیت دەوێ؟.. چیت بەسەرهات؟. بۆ قسە ناکەیت؟!.

ئەوسا لای کردەوە بەلایداو سەرنجێکی وشیارانەی دایە. لەو وەختەوەی هاتبوونە ژوورەوە، یەکەم جار بوو تەوژمی شاڵاوی مۆتەکەکە یەخەی بەردەدا و دەیتوانی روخساری بخوێنێتەوە و بزانێ لە چ حاڵێکدایە. رەنگی بووبوو بەلیمۆی زەرد. لێوی دەلەرزین و بەربینی قوڵپی دەدا. ترس و سامێکی تێکەڵ لە حەپەسان و رامان، لە چاویدا قەتیس مابوون. ئەو دیمەنە وریای کردەوە کە تا چ رادەیەك، ورەی بەرداوە و چۆن ئایشیشی لەگەڵ خۆیدا راپێچ کردووە. لە سەرەتادا لە خۆی تەریق بووەوە. وەك لەپڕ تایەکی قورس دای بگرێ، سەرتاپای لەشی نیشتە سەر ئارەقێکی گەرم و هەستی کرد، هەردوو لا جانگی گریان لێ دەبێتەوە. بەتوندی کەوتە سەرزەنشتکردنی خۆی. وتی: (شوورەیی ناکەیت؟.. لە ترسنۆکییەوەیە یا لە چی؟!. وەرەوە سەرخۆت.. بڕوانە ئایش و بزانە لە چ حاڵێکدایە.. خێراکە.. خێرا..).

ئیتر وەك هێزێكی تەلیسماوی دەستی دابێتە بن باڵی، قیت بووەوە و بزەیەكی گەش كەوتە سەر لێوی. روخساری روون بووەوە و چاوانی بریسكەیان تێ كەوتەوە. دەستومەچەكی بزواند. سەری ئایشی گرتە ناو هەردوو لەپ و، كەوتە ماچكردنی دەم و رووومەت و ناوچەوانی. بە نەرمە پێكەنینێكەوە وتی:

– هیچم نییە.. هیچم نییە ئایش گیان. كارەساتەكە كەمێ گێژوویژی كردم، چونكە بەلامەوە ستەم بوو. گوێ بگرە با بۆتی بگێڕمەوە..

بۆی گێڕایەوە. كە لێ بووەوە ئایش وتی:

– شتێكی سەیرە..ئەمە یانی چی؟..

– بگرە حاڵەتێكی سەیرە.. منیش سەرم سوڕماوە. حاڵەتێكە و ناچێتە ئەقڵەوە و كەچی ئەوەتا رووی دا.

– ئێستا چی بكەین باشە؟.. دیارە لە كوڵمان نابنەوە و دێنەوە وێزەمان.

– گومانم لەوە نەماوە كە دێنەوە. ئەوەیان هیچ. حاڵەتێكی لە رادەبەدەر سەیرە و، بەهیچ كلۆجێ رێی تێ ناچێ و، لە چارەمان نووسراوە ئێمە تووشی ببین.

– ئێ باشە بۆچی ئێمە؟..

– تێ ناگەم.. نازانم بۆچی ئێمە؟.

– ئەی چار.. چارمان چییە؟..

بارام بێدەنگ بوو. جگەرەیەكی ئاگر دا و كەوتە مژلێدانی. كەمێ بیری كردەوە. كێشەكەی لە مێشكیدا هێناوبرد. لای روون بوو كە گەلەگورگ وەك هێزێكی نهێنی هەڵیان سوورێنێ، یا بگرە وەك خۆیان بریتی بن لەو هێزە نهێنییە، وەها بەرامبەر بەو و مەملەكەتەكەی كردار دەكەن. هەروەكو لەلای ئاشكرا بووبوو، كە گەلەگورگ لە ئاستی ئەمدا، بڕیاری شەڕێكی مەغلۆبەیان داوە و تا كۆتایی لەگەڵیدا دەیبەنەسەر. بۆیە ئەمیش خێرا بڕیاری خۆیدا. روانییە سەعاتەكەی. زۆر لەسەرخۆ باری دانیشتنەكەی گۆڕی و، رووی بۆ ئایش وەرگێڕا. دەستی خستە ناو دەستییەوە و وتی:

– گوێم لێ بگرە ئایش گیان.. ئێستا وا سەعات نزیكی دووە. دەبێ زیاتر لە چوار سەعاتی تر بەم حاڵەوە بەسەربەرین، تا شەبەق دەدا و لەم مۆتەكەیە دەخەلەسێین. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟.. چوار سەعاتی تر و دەشێ چوار جاری تر هێرشمان بێننەوە سەر.

گوێم لێ بگرە بزانە چیم بڕیار داوە و، حەزیش دەکەم بزانم تۆ چی دەڵێیی؟. ئایش ئەوساتە ئاسایی بووبووەوە. ترس و سامەکە لە چاویدا ڕەوی بووەوە. لە وەرامدا وتی:

– تۆ چۆن بڕیار دەدەیت، من وا دەکەم.

بارام خۆی خستە سەرپێ و وتی:

– کەوابێ هەڵسە و دەستوبردکە. نوێنەکان و ئەم هەندە دارەی ژوورەوە نەبێ، ئیتر هەرچیمان کەلوپەل هەیە، با بیبەین و بەری هەیوانەکەی بەمدیو نایلۆنبەندەکەدا پێ بتەنین. چیشمان دار لە هەیوانەکەدا و دار و پەردوو لە ژوورەکەی ئەوبەردا هەیە، هەر دەیدەینە پاڵی و دەیانکەینە دیوارێك لە روویاندا. دەمێنێتەوە دوو پەنجەرەکە و کلاوڕۆژنەکە. پەنجەرەکەی ژوورەکە وەها دەتەنم، کە قوش نەتوانێ خۆی پێدا بکا. پەنجەرەی ژوورەکەی ئەولاش، خۆی لە خۆیدا هیی ئەوە نییە لە تووتکەسەگێکی زیاتر پێوە بچێ و، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاك چاك دەیئاخنم. ئێ خۆ کلاوڕۆژنەکەش هەم شووشەبەندە و هەم ئێستا تا ئەژنۆیەك بەفری لەسەر کەڵەکە بووە. زانیت چی دەڵێم؟.

– باش باش.. ئەوسا ئیتر با تا بەیانی، بەدەوری قەلاکەماندا بسووڕێنەوە و بلووڕێنن.

– ئا بەڵێ.. با هەر کەڵبەشمان لێ تیژ بکەنەوە.

– ناکرێ.. دەنا حەزم دەکرد لە کونێکەوە بیانبینم و، بزانم کەڵبەیان چۆن تیژ دەکەن. بارام بێدەنگ بوو. قسەکەی ئایشی لە مێشکیدا دەجووەوە. دیمەنی لوولدان و رافڕاندنەکەی بازەی هاتەوە پێش چاو. ڕووی گرژ بووەوە. کە کەوتەوە قسە وتی:

– من دەیکەم.. من دەیانبینم. ئەم جارە من دەزانم چۆن تۆڵەی بازەیان لێ دەکەمەوە.

ئایش ئەم قسەیەی لێ خۆش نەهات. ڕەنگوڕووی تاڵ بووەوە. لێی پرسی:

– نیازی چیت هەیە؟.

– تەنیا جێگەدەستێك بۆ خۆم دەهێڵمەوە، کە بتوانم لوولەی دەمانچەکەی لێوە ئاراستەی دەرەوە بکەم. چەندم گوللە ماوە، دەبێ هێندەیان لێ بکوژم.

– بارام.. من وای بەچاك دەزانم خۆتیان لێ بێدەنگ بکەیت. چاکتر وایە هەردوو دەرگەی ژوورەکانیش قایم بکەین و، وازیان لێ بێنین تا ڕۆژ دەبێتەوە.

– مەترسە..

خۆ دێو و درنج نین شالاَوم بۆ بێنن و، هەرەس بەو هەموو کەلوپەلە بێنن.

– هەردووکیان بێدەنگ بوون. بارام لەپڕ وریابووەوە و وتی:

– خێراکە.. با دەستوبرد بکەین. نەوەکو زوو بێنەوە.

وایان کرد و کەوتنە خۆیان. ئایش کەلوپەلەکانی گەیاندە نایلۆنبەندەکە و بارام بەدەستوورێکی تایبەتی، توندوتۆڵ کەڵەکەی دەکردن. لە ئەنجامدا دیوارێکی کونبڕیان لێ پێك هێنان و، تەنیا دەلاقەیەکی بچووکیان بە بەرزەوە، بەپاڵ دیواری هەیوانەکەوە تێدا هێشتەوە. ئەوسا خۆیان بەژووردا کردەوە و چوونە وێزەی پەنجەرەکە. ئەویشیان توند تەنی و چاك لێی دڵنیابوون. لەوەدابوون روو بکەنە ژوورەکەی تر و، لوورەی گەلەگورگیان لە دوور بەرگوێ کەوتەوە. راوەستان و روانییانە یەکتر. بارام خێرا بزەیەکی خستە سەرلێوی و وتی:

–با ئەوەندە بلوورێنن، تا قوڕگیان دەتەقێ. خۆیان دەبیننەوە. ئیتر ئەو لەسەرخۆ بەرەو ژوورەکەی تر هەنگاوی نا و، ئایشیش بە چراکەوە بەدوایدا. بزنەکان و کەرە دێزە، لە هەموو ئەم کەینوبەینە بێ ئاگا بوون. تەنانەت کاتێ ئەمان بەچراکەوە چوونە ژوورەوە و کردیانە تەقەوڕەقە، ئەوان تەنیا سەرێکیان لێ بەرز کردنەوە و کەمێ تێیان روانین و، کەوتنەوە سەر باری خۆیان. کە لێ بوونەوە، بەدڵنیاییەوە گەڕانەوە ژوورەکەی خۆیان. بارام پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا. ئایش چوو بەلای منداڵەکانییەوە و، کەوتە دەستهێنان بەسەر و ڕوخساریاندا. لە شیرینەخەوێکی خۆش دابوون. وازی لەوان هێنا و گەڕایەوە لای بارام و لە تەنیشتییەوە دانیشت.

– ئێستا دەبێ چایەکە دەمی کێشابێ..

بەبیری هاتەوە. ڕوانییە سەر زۆپاکە. کترییە ئاوەکە دەیلووشکاند. بەلاَم قۆرییەکە هێشتا، کەمێ دوور لەبەر دەرگەی زۆپاکە دانرابوو. ڕاچەنی و چوو بەلایانەوە.

## دێو و درنج

گەلەگورگ زۆری پێ نەچوو پەیدابوونەوە. بەئاشکرا هەستیان پێ دەکرا، کە تەواو نزیك بوونەتەوە و دەوروخولی خانووەکە دەدەن. بارام شانی دادابووە سەر سەرینێك و پاڵی لێدابووەوە. ئایش وتی:

– لەوە دەچێ هاتبنە حەوشەکەوە.

– ئەو بەپێکەنینەوە لە وەرامیدا وتی:

– دیارە.. دەزانن بازە و بارام لەوێ نین و، بەئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن. بەڵام خۆیان دەبیننەوە. باکەمێکی تر بێنە پێشەوە و دڵنیابین.. بابێنە بەر هەیوانەکەوە، ئینجا دەچمەوە وێزەیان.

– من هەر ئەوە بەچاکتر دەزانم، کە دەرگەکەش باش قایم بکەین و، وازیان لێ بێنین چی دەکەن بیکەن. بارام.. ئەمانە لەوە ناچێ گورگ بن. ئەگەر گورگ بوونایە، بەگۆشتی هاوەڵەکەی خۆیان و بازە، تێریان دەخوارد و لە کۆڵمان دەبوونەوە. یا تەقەکان چاوترسێنی دەکردن و لەم دەوروبەرە نەدەمان. ئەو کەمێ لە قسەکەی راما. وەك جۆرە راستییەکی تێدا هەست پێ بکا، بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

– ئەی دەبێ چی بن؟.

– دەبێ دێو و درنج بن و خۆیان خستبێتە پێستی گورگەوە.

– بەڕاستتە یا بەگاڵتە؟.

– وەڵا بەڕ استمە.

ئەوسا بەقسەکەی پێکەنی. لەگەڵ ئەوەشدا نەیهێشت بچێتە قالبی گاڵتەپێکردنەوە. وتی:

– خۆ تۆ باوەڕت بەم بابەتە قسانە نەمابوو. کەچی دەڵێی گەڕاویتەوە سەر باوەڕپێکردنیان!.

ئایش خۆشی پێکەنی. وتی:

– ئەی دەنازانم بڵێم چی.. ئەمانە چۆن گورگێکن؟.

– هیچ بەهەڵە مەچۆ. گورگی ئاسایین و بەڵام، هێجگار برسین و بۆ تێرکردنی ورگیان، پەلامار دەدەن و سڵ لە هیچ شتێك ناکەنەوە. گوایە گورگی دووپێش هەر وەها ناکا؟!.

– هەمدیسان باتدایەوە سەر بەزمەکەی خۆت؟. فەرموو بزانە بە چ حاڵێکی گەیاندووین. تۆ ئەگەر ئەو خەیاڵە نەیدایە لە کەللەت، بۆ ئاوەها تووش دەبووین؟!.

ئەم قسەیە بۆ بارام زۆر لە ناکاو بوو. چاوەڕێی نەدەکرد شتی وەهای لێ ببیسێ.

لەبەرئەوە نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە. تا ئایش لەلای خۆیەوە، زوو هەستی کرد کە قسەکەی لە جێی خۆیدا نەبوو، بەتایبەتی لە وەختێکی وەها سەختوستەمدا. بۆیە خێرا پەشیمانیی خۆی نیشان دا وتی:

– بارام گیان.. لێمی بەدڵەوە مەگرە. ئەگەر راستت دەوێ من ترسم لێ نیشتووە. من هەناوی ئەو دووانەم کەوتووە. گەلەگورگێکی دڕ و برسی لەودیو دیواری ژوورەکەمەوە.. بەبەردەمی هەیوانەکەمدا بێن و بچن و کەڵبە لە منداڵەکانم تیژ بکەن، چۆن نەترسم؟.

ئەو دوای ئەم قسانە، تانووتلێدانەکەی تەواو فەرامۆش کرد و کەوتە هەڵپەی دڵدانەوە و دڵنیاکردنی و وتی:

– ئێ ئاخر ئەوەتا دەبینیت ژوور و هەیوان کونبڕ کراون. ئەوەش من و چەکم پێیە و بۆیان لەسەرپێم. واتە ئەگەر دە گەلەکورگیش بن، هیچیان پێ ناکرێ و هەر دەبێ تا بەیانی، بەدەوری خانووەکەدا سەرەخولێیان بێ. ئیتر بۆچی ترست لێ نیشتووە؟.

– دەزانم.. دەزانم.. بەڵام بەدەست خۆم نییە. دیواری پۆڵاشمان لەبەیندا بووایە، ئەو ترسەم هەر لێ دەنیشت.

– باشە قەیناکە.. تێ دەگەم.. خۆ تۆ..

لەو ساتەدا تەقەی بەربوونەوەی، یەکێك لە کەلوپەلەکانیان هاتە بەرگوێ. ئایش وەك کێچ راپەڕی و بەقەڵەمبازێك، خۆی گەیاندە پاڵ منداڵەکان. وەك لە ناخدا، ترسی شاڵاوێکی لە ناکاوی گەلەگورگی راستەوخۆ بۆ ناو ژوور لێ نیشتبێ و مەبەستیشیان دوو کۆرپەکە بێ، ئاوەها باڵی بەسەردا درێژکرن و چاویشی بڕییە دەرگەکە. بارام نەگەیشت دیمەنەکەی ئەو ببینێ. قسەکەی خۆی قووت دایەوە و ئەویش هەر لەگەڵ بیستنی تەقەکەدا، دەستی دایە دەمانچەکەی و راچەنییە سەرپێ. بەپەلە پێڵاوی لە پێ کرد و دەرپەڕییە دەرەوە. بەرلەوەی بچێتە دەرەوە، لە بەردەرگەکەدا سەرنجێکی دایە کەلوپەلەکان. زوو بۆی دەرکەوت کە لەودیوەوە پاڵیان پێوە دەنرێ. لەوە زیاتر لێی رانەما. دەمانچەکەی خستە سەرپێ و، خۆی گەیاندە ئاستی جێدەستەکە. ئەو دیمەنەی کەوتە بەرچاوی، هێجگار سەرسامی کرد و بگرە، خورپەیەکی تیژیشی لە دڵی دا. گەلەگورگ ژمارەیان هێندە زۆر بووبوو، کە بۆی نەدەهاتنە ژماردن. تەنانەت لەبینایی خۆی کەوتە گومانەوە. زۆربەیان لە حەوشەکەدا دەهاتن و دەچوون و، تەنیا

پێنج شەشێکیان هاتبوونە بەر هەیوانەکەوە و بەیناوبەین سەرولمۆزیان پێدا دەدا. دەستوبرد بڕیاری دا. لە دڵدا وتی: (چاکتر وایە یەکێك لەوانەی حەوشەکە بپێکم، نەك ئەمانەی ناو هەیوانەکە، تا هەرا و ئاژاوەی خواردنەکەی دوور بکەوێتەوە. لەبەر ئایش و منداڵەکان وا چاکترە..).

نیشانی گرتەوە و پەلەپیتکەی هێنایەوە یەك. گورگ دایە قروسکە و گلا. کەچی هەڵسایەوە و شان بەشانی ئەوانی تر هەڵات. زۆر لە تەیمانەکە دوور نەکەوتەوە و بەلادا هات. چاوی تێوەبوو دوو سێ لنگەفرتێی کرد و خپ بوو. لە دڵدا وای بڕیار دا، چاوەڕێ بکا تا ئەوانی تر دەگەڕێنەوە سەری بۆ خواردنی و، فرسەتی تەقەلێکردنیان بەکۆمەڵ لێ بێنێتەوە. بەڵام دەنگی گریانی بەکوڵی ئایش، وازی لەو بڕیارە پێ هێنا و بەپرتاو گەڕایەوە ژوورەوە. سەیری کرد بەدیار منداڵەکانەوە بەکوڵ دەگری. لە یەکەم ساتدا بەبینینی دیمەنەکە شڵەژا و دڵی ختوورەی کرد. بەپەشۆکاوییەوە چووە تەنیشتییەوە و لێی پرسی:

– چی بووە؟!..چ خێریانە؟!.

کە بۆی دەرکەوت ئەوان هێشتا لە شیرینخەوی خۆیاندان و مەسەلە بریتییە لە تەنیا ترسوسامەکەی خۆی، بەو گریانە دەیڕەوێنێتەوە، کەوتە تەقەلادانی هێمنکردنەوەی. باوەشی پێدا کرد و بەنیازی دڵدانەوەی بۆی گێڕایەوە کە چۆن یەکێکی تری لێ کوشتوون و، ئەوانی تر هەڵاتوون. ئیتر هەرهێندەی ئەوی هێمن کردەوە، هەڵساوە چووەوە دەرەوە. کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، بەپەرۆشەوە بۆ شوێنی کەوتنی گورگی کوژراو هەڵی ڕوانی، سەرسام بوو. وای هاتە بەرچاو کە لەوێ نەماوە. سەرەتا لە دڵدا وتی: (ڕەنگە داخزابێتە ناو بەفرەکەوە و نەبینرێ). بەڵام کە باشتر وردبووەوە و هیچی نەدی، وتی: (خۆش دەباری.. ڕەنگە لەم ماوەیەدا هێندەی بەفر لەسەر کەڵەکە بووبێ، کە دای پۆشیبێ). ئینجا کە زیاتر وردی کردەوە وتی: (نا.. لەوە دەچێ لە ماوەی چوونە ژوورەوەکەی مندا، تینی دابێتە بەرخۆی و هەڵاتبێ و لە دوورتر کەوتبێ).

کێشەکەی وەها شکاندەوە، کە پتر ئەم چوونەی لەلا بەجێ بێ. بەڵام پەیدابوونەوەی گەلەگورگ لەو دەمەدا و بێدەنگییان، سەری لێ تێك دا. لەو وەختەدا دەبوو هیچ نەبێ، نیشتبنە گیانی کوژراو. چونکە نەدەچووە ئەقڵییەوە لە هەڵاتنەکەیدا، لە چنگیان دەربازی بووبێ. سەرلێتێکچوونەکە بۆ ماوەی ساتەوەختێك، بیر و هۆشی شڵەژاند. لە

دڵدا وتی: (سەیرە..تۆ بڵێی قسەکەی ئایش ڕاست بێ؟. دەشێ ئەمانە دێوودرنج بن؟.).
خێرا وتی: (نا.. دیارە دەبێ هێشتا لەو شوێنەدابێ و، داخزابێتە ناو بەفرەکەوە. ئا..لەوە زیاتر نییە). بڕیاری دا چاوەڕێ بکا تا دەگەنە ئاستی و، باسەکەی تەواو بۆ ڕوون دەبێتەوە. زۆری نەبرد بەخۆی زانی، کە پاڵتۆکەی لەبەردا نییە و سەری قۆتییە و سەرما تەزاندویێتی . بەناچاری گەڕایەوە ژوورەوە.

ئایش هێشتا لە پاڵ منداڵەکاندا، خامۆش دانیشتبوو. لەگەڵ چوونەژوورەوەی ئەمدا، تەنیا سەرێکی بەرز کردەوە و سەیرێکی کرد و هیچی نەوت. ئەم بەپەلە پاڵتۆکەی لەبەر کرد و جامانەکەی لە سەر و ملییەوە پێچا و بەدەرکەوتەوە. کە گەیشتەوە شوێنی خۆی، ڕوانی وا گەلەگورگ بەڕیز و بەڵام، هەریەکەیان دوور لەوی تەنیشتی بەسێ چوار هەنگاو، دەهاتن و گەیشتبوونە نزیك شوێنی لاشەی گورگی کوژراو. ئەم جاریش سەری سوڕما. لەوە کەوتەوە گومانەوە، کە ئەو جۆرە هاتنەیان وا بگەیەنێ، لاشەکە لە جێی خۆیدا نەمابێ. سەرلەنوێ بیرو هۆشی شڵەژا، بەتایبەتی کە سەیری کرد وا گەیشتنە شوێنەکە و لێی تێپەڕین و هیچ ڕووی نەدا. چەندە لێکی دایەوەو هێنای و بردی، سەری لێ دەرنەکرد . هێجگار تەنگەتاو بوو. نەیدەزانی چی بکاو چ بڕیارێك بدا. وای هەست دەکرد کە مێشکی لە کار کەوتووە. تا لە ناکاو وەك لە قووڵاییی ناخدا بڕیارێکی دابێ و هێشتا لەلای ڕوون نەبووبێتەوە چییە، دەمانچەکەی بەرز کردەوە و بێ نیشانەگرتنەوە، گوللەیەکی تەقاند. سەرلەنوێ ریزی گەلەگورگ ڕەوییەوە و پەرتوبڵاو بەرەو دواوە هەڵاتن و لە بەرچاوی ون بوونەوە. ئەمیش وەك ئەوە بەفرەسەتێك بزانێ و، بیەوێ بچێ پشوویەك بدا و بیرێکی قووڵی لێ بکاتەوە، ڕاستەوخۆ وەرچەرخا و کشایەوە ژوورەوە.

**تەناف**

لە ژوورەوە بێ ئەوەی بڕوانێتە ئایش و منداڵەکان، هەر بەپێوە بۆ خۆ گەرمکردنەوە، پشتی کردە زۆپاکە و چاوی بڕییە دەرگەی ژوورەکە. دیاربوو کە سەراپای بیر و هۆشی، ئاڵاندووەتە گەڕان بەدوای چارەسەرێکی بەپەلەدا. ئەنجامیش هەر وەها کەوتەوە. چاوی لە دەرگەکە لادا و، بەخێرایی بەژوورەکەیدا گێڕا. تەنافی جل هەڵخستنەکەی سەرنجی ڕاکێشا. دەتوت کلیلی شکاندنی تەلیسمێکی ستەمی بینیوەتەوە. پەلاماری دایە و لە هەردوو سنگی دیواری ئەمبەر و ئەوبەری ژوورەکەی

کردەوە. لە مشتیدا گرمۆڵەی کرد و دەرپەڕییەوە ناو هەیوان.

ئایش کە بەبێدەنگی تێی دەڕوانی، لێی سەرسام بوو. خۆی پێ ڕانەگیرا و بەدوایدا چووە دەرەوە. ویستی بپرسێ کە ئاخۆ چی دەکا و ئەو بواری نەدا. وەك فەرمانێکی زۆر پەلەی پێ بکا، وتی:

– بچۆ قەڵەمبڕەکەم بۆ بێنە.. خێراکە..

لێی نەپرسی بۆ چییەتی. بەفڕکانێك چوو هێنای و دایە دەستی. زیاتر سەرسام بوو کە بینی، وا بەنووکەکەی بەربووەتە ناوەڕاستی دەرگاکە و هەڵی دەکۆڵێ!.. بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

– ئەوە چی دەکەیت؟!.

لە وەرامیدا تەنیا وتی:

– دوایی دەزانیت..با لێ ببمەوە بۆتی باس دەکەم. زۆری نەبرد کونێکی بچکۆڵەی تێ کرد. سەرێکی تەنافەکەی پێدا رەت کردە ژوورەوە و وتی:

– بابچینە ژوورەوە.

لەوێ دەستی دایە برە دارێك و وتی:

– بڕوانە.. سەری ئەولای تەنافەکەم توند بەستووە، بەئەڵقەی بنەوەی ئەڵقەڕیزی دەرگەی ئەوبەرەوە. ئەمسەریشی ئەئاوەها لە ناوقەدی ئەم بڕەدارە گرێ دەدەم و لە دەرگەکەی توند دەکەم. ئەوسا ئیتر ئەگەر هەموو گورگی دنیا، سەرولمۆز لەم دەرگەیە یا لەویان گیر بکەن و بیانەوێ بەپشتیاندا بخەن، هیچیان بۆ ناکرێ. چونکە پاڵ بەویانەوە بنێن ئەمیان راگیری دەکا و بەمیانییەوە بنێن ئەویان راگیری دەکا. ئیتر سا مەگەر تەنافەکە بپچڕێ و تەنافیش خۆت دەزانیت چەندە قایمە. ئێستا بۆت روون بووەوە چیم کرد؟.

ئایش وەك گوڵ گەشایەوە. دەتوت ئەو ئایشەی چەند ساتێك لەوەبەر نییە، کە رووناکی لە روویدا نەمابوو. بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی:

– دەست خۆش.. هەرچەندە دڵم هەر دەگوشرێ، ئەوە بێنمە بەرچاوم، کە هاتبنەوە ناو هەیوان و سەرولمۆزی خۆیان بەدەرگەکەدا بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی کردت زۆر دڵنیام دەکا.

پرشکی گەشانەوەکە ئەویشی گرتەوە. ئەویش روخساری روون بووەوە و وتی:

– ئەمە دوا چارەسەرمان دەبێ بۆ خۆپاراستن لە شالاویان. دەزانیت خەریکم باوەڕ بەقسەکەت بێنم، کە ئەمانە گورگ نین و دێو و درنجن؟.

–چاوت لێیە؟.. ئەی خۆ من لەخۆڕایی ئەو قسەیەم نەکرد.

– لەسەرمی مەکە بە ماڵ. وتم خەریکم باوەڕ بێنم، نەك باوەڕم هێناوە.

– دەی خوابکەم من بەهەڵەچووبم و قەت وانەبێ.

– تۆ واز لەوە بێنە..من دەمەوێ بز انم ئاخۆ..

قسەکەی تەواو نەکرد و دیسان، تەقەی بەربوونەوەی کەلوپەلیان هاتەوە بەرگوێ. دیسان بەپەلە خۆی گورج کردەوە. دەستی دایەوە دەمانچەکەی و قەڵەمبازیدایە دەرەوە. بەپرتاو خۆی گەیاندە شوێنڕوانگەکەی. بەلام ئانوسات وەك دەرزییەك بەبنی نینۆکیدا کرابێ، ئاوەها راچەنی و سڵەمییەوە. دیمەنەکە ئێجگار سەرسوڕهێنەر و سامناك بوو.سەیری کرد گەلەگورگ هەموو لەبەردەمی هەیواندا، لەودیو نایلۆنبەدەکەوە بێ هیچ ترس و سڵکردنەوەیەك، گردبوونەتەوە و بەیەکدادێن!.. بەتایبەتی کە بینی وا هەندێکیان بەئەنقەست، رووەو ئەم لمۆز هەڵدەبڕن و کەڵبە جیڕ دەکەنەوە و بەئاشکرا دەیانەوێ پێی بڵێن: (بۆ کوێ دەچیت؟!. ئەمشەو بەهیچ کلۆجێك گیان لەچنگمان دەرناکەیت!). ئەو هەستە تەواو زۆری بۆ هێنا. لەوەدابوو بەدەستووری جارەکەی تر کەللەیی ببێ. چی گوللە لە شانەی دەمانچەکەیدا ماوە، تێیاندا بەتاڵی بکاتەوە و دانی بەخۆیدا گرت و نەیکرد. بەڵکو نیشانەی لە یەکێك لەوانە گرتەوە، کە رووەو ئەم لمۆزیان هەڵبڕیبوو. پەنجەی پێدانا و گورگە لە شوێنی خۆی، بەلادا هات و کەوت. ئەم لەلای خۆیەوە چاوەڕێ بوو گەلەگورگ، بنیشنە گیانی و ونجڕونجڕی بکەن و بیخۆن. کەچی هیچ شتێك لەم بابەتەوە رووی نەدا. تەنیا کردیان بەژێر دەستوپێوە و زۆر ئاسایی لەسەر شالاو هێنانەکەیان بۆ ناو هەیوان بەردەوام بوون. ئەم هەر ئەوە بوو ئەقڵی تێك نەچێ!. لەبەر خۆیەوە وتی: (نابێ..قەت نابێ!.. قەت شتی وا نابێ!.). لەوەدابوو دەنگ هەڵبڕێ و بیکاتە هاتوهاوار. زوو لە خۆی بەئاگا هات و تەنیا وتی: (ئایش راست دەکا.. گورگ نین.. ئەمانە گورگ نین!).

لەو ساتەوە ئیتر، گەلەگورگی لێ بوونە گەلەدێو و درنجێك کە لە هیچ شتێك کۆ نەکەنەوە. تەقەیەکی تری لێ کردن و یەکێکی تری لێ خستن. ئەویش وەك ئەوەکەی

پـێشوو، کـەوتـە ژێر دەستـوپـێوە. بـگـرە سەیـری کـرد بـەدوایـدا، شێتـگـیـر بـوون و وەك گـەردەلـوولـێك، کـەوتـنـە تـەکـانـدان بـەنـایـلـۆنـبـەندەکـە. لـە ئـەنـجـامـیـدا کـەلـوپـەلـەکـان لەقەلەقیـان پـێ کـەوت و ئـەوانـەی سـەرەوە هـەندێکیـان لـێ بـەربـوونـەوە. گـەرای ترسێك لـە ناخیدا سەری هـەڵدا. وای هێنایە پێش چاو کە هـا ئێستا هـا ساتێکی تر، هـەرەس بەکەلوپەلەکان دێنن. نـایلۆنـبـەند شڕوور دەکـەن و، شالاّو دێننە هـەیوانـەوە، کە ئـەوسا ئیتر کار لەکار دەترازێ. فریا ناکەوێ خۆی بگەیەنێتە ژوورەوە و دەرگەکە قایم بکەن. لـەگـەڵ ئـەوەشدا وای بـەبـیـردا هـات، کـە لـەبـەردانـەوەی کـەلـوپـەلـەکـان و کەڵەکەکردنەوەیاندا، لەگەڵیاندا بکەوێتە زۆرانبازی. بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە ئەوە، کارێکی بێهوودەیە و دەرەقەتیان نایەت.

لـەم کـەیـنـوبـەیـنـەدا کـە ئـایشیش لـەلای خـۆیـەوە، تـاقـوتـۆقـی بـەربـوونـەوەی کـەلـوپـەلـەکـانـی کـەوتـبـووە بـەرگـوێ و، سـەری لـە دەرگـەدا کـێشابـووە دەرەوە. کـە بەڕوانینێکی خێرا بۆی دەرکەوت چی روودەدا، هەڵمەتی برد و خۆی گەیاندێ. پڕی کـرد بـەقـۆڵـیـدا و بـەڕاکـێشان رای فـڕانـدە ژوورەوە. ئـەم وەك ساتـی جێبـەجێکردنـی بڕیارەکەی پێشووی تەواو نزیك بووبێتەوە، خۆی بۆ راکێشانەکەی شل کرد. هەر هێندەی ئاودیوی دەرگە بوون، پڕی بەبڕدارەکەدا کرد. سەری تەنافەکەی چاك ئالاّندە ناوەڕاستی و، لە دەرگەکەی چەسپاند و توند گرێی دا. کە باش لێی دڵنیابوو، دووقۆڵی چوونەوە بەر زۆپاکە و هەر بەپێوە، کەوتنە خۆ گەرمکردنەوە. هیچیان قسەی نەکرد. هـەردووکـیـان لـە دڵـدا لـەگـەڵ خـۆدا دەدوان. ئـایش دوای کـەمـێ چـووەوە تـەنـیشت منداڵەکانی و، خامۆش دانیشت. بارامیش باری راوەستانەکەی گۆڕی. پشتی کردە زۆپاکە و بینایی بەسەر دەرگەکەدا روا.

## شالاّوی گورگ

(..کات!..تێپەڕبوونی کات تاکە چارەسەرە!. هـەر کە شەبەقی دا، ئیتر وەل دەبن و لە کـۆڵـمـان دەبـنـەوە. مـەگـەر بـەوە ئـەم بـەسەرهـاتـەمـان کـۆتـایـی پـێ بـێ. دەنـا هـیـچ چارەسەرێکی ترمان لە بەردەمدا نییە. ئەی ئاخۆ سەعاتمان بەچەند گەیاندبێ؟).

بینایی لە دەرگەکە هـەڵپچڕی و روانییە سەعاتەکەی. کات خۆی دابوو لە چوار چارەکێك کەم. وەك بیەوێ مژدەیەکی خۆش بەئایش رابگەیەنێ، لای کردەوە بەلایدا و وتی:

–چوار چارەکێك کەمە.. هێندەمان نەماوە.

ئایش لەوەدابوو دەم هەڵبێنێتەوە و تاقوتۆقی هەرەسهێنانی کەلوپەلەکان، زمانی بەست و ورتە و جووڵەی لێ بڕی. بارامیش کە هێشتا لەبەر زۆپاکەدا راوەستابوو، خۆی قیت کردەوە و گوێقولاغ بوو. کە بۆی دەرکەوت وا گەلەگورگ، کەڵبە و چنگونینۆك لە نایلۆنبەندەکە گیر دەکەن و دەیدڕێنن، گومانی نەما کە ها ئێستا ها ساتێکی تر، شالاو دێننە هەیوانەوە. لەگەڵیدا شانبەشانی ئەو بێگومانییە، گومانێکیش لە قوولاییی بیر و هۆشییەوە سەری هەڵدا. گومانەکە وەك کێچ هەڵی بلووقاندەوە و رایفڕاندە ئاستی دەرگەکە. بەپەلەپڕووزێ دەستی لە بڕەدار و پێچی تەناف و توندوتۆڵیی گرێکانی کوتا. کە چاك لێی دڵنیابوو، وازی لێ هێناو گەڕایەوە تەنیشت زۆپاکە.

زۆری پێ نەچوو گەلەگورگ رژانە هەیوانەوە و بەپێچەوانەی جارانی پێشوویانەوە، کە پتر بەبێدەنگ هێرشیان دەهێنا، کردیانە مرەمڕو غەڵبەغەغەڵب و ئینجا، چنگەکرێ و سەرولمۆزنان بەهەردوو دەرگەوە. سەرنجی دا تەگبیرەکەی پڕبەپێست، جێی خۆی گرتووە. دەرگە دەڕەتێنرێ و لەقەلەقی پێ دەخرێ و، تەناف و بڕدار توند راگیری دەکەن. لای کردەوە بەلای ئایشدا ئاگەداری بکا. سەیری کرد خۆی بەسەر منداڵەکاندا نوشتاندووەتەوە و دەکڕووزێتەوە. دیمەنەکە چەندە دڵتەنگی کرد، هێندەش وریای کردەوە. کە روانییەوە دەرگەکە لە دڵدا وتی: (ئەی ئەگەر تەنافەکە پچڕا و دەرگەیان بەمدیودا داڕماند؟!. ئەی ئەگەر شالاویان هێنایە ژوورەوە؟! یانی...).

قسەکەی تەواو نەکرد. بێ چاولادان لەدەرگاکە، وەك لەبەرخۆوە بدوێ وتی:

– ئایش..چاکتر وایە بیتەنین..ئەویش باش بیتەنین و وەك پەنجەرەکەی لێ بکەین.

بەدوایدا چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا و بێ چاوەڕانکردنی وەرام، چوو بەلای بڕە دارەکانەوە. دەستی کردە هاویشتنیان بۆ لای دەرگەکە. کە لێ بووەوە، خۆشی چوو بەرامبەری راوەستا. بەچاونا، بەبیر و هۆش گەلەگورگی دەبینی چۆن لە هەیوانەکەدا بەیەکدا دێن و بگرە چۆن پاڵەپەستۆی سەرولمۆزکێشان، بەم دەرگە یا بەویاندا دەکەن. کە بەچاوی بیر و هۆش ئەم دیمەنەی دەبینی، بەسەرێك دڵی دەکەوتە لەرزە و بەسەرێکیش، تەنینی دەرگەکەی لێ دەبوو کارێکی پێویستی زۆر بەپەلە.

بەڵام چی بکا و چۆنی بتەنێ؟!.. (بڕەدارەکان؟.. دەبێ سوودیان چی بێ و چۆنیان

بەکار بێنم؟). ئەو ساتەی چوو گواستنییەوە بۆ بەر دەرگەکە، هیچی لەم بارەیەوە بڕیار نەدابوو. بیری لێ کردەوە و نەگەیشتە ئەنجام..(کورتن..لەمبەرو لەوبەر گیر نابن!.. سوودیان نییە). ئەوەی واز لێ هێنا. (چیی ترمان کەلوپەل لە ژوورەکەدا ماوە؟). چاوی گێڕایەوە. (هیچ.. راخەرەکان و نوێنەکان و هەندێ قاپوقاجاغ.. کتری و قۆری و پیاڵەکانیش. باشە چییان لێ بکەم؟!). گەلەگورگ دوو سێ تەکانی تریان بەدەرگەکە دا. ئەمیش دوو سێ جار دڵی خورپەی کرد. خورپەکان دەروونیان هێنایە ژەنگوژار.. (..کە دەرگە بەمدیودا دارما، هورووژم دێننە ژوورەوە!.. کە هورووژمیان هێنایە..).

ئەگەرچی قسەکەی تەواو نەکرد، بەڵام ئەو ساتە جەستەی وەك بینی ئاو دەلەرزی و، سەروروخساری ئاگریان لێ دەبووەوە. وەك بڵێی لە غەیبەوە پێی ڕاگەیەنرابێ، راستەوخۆ بیری بۆ هێنری شانوباهووی چوو.. (.. دەرگاکەش تەختە دارگوێزێکی ئەوتۆیە، کە چنگ و کەڵبە کاری تێ ناکەن). سێ و دووی لێ نەکردن و هەڵمەتی بردە ناو دەرگەوە. هەر چوارپەلی لەمبەر و لەوبەری دیوار گیر کرد و پشتی پێوەنا. دەرگەی توند چەسپاندە چوارچێوەوە و جووڵەی لێ بڕی. کە بەدوایدا یەکەم تەکانی سەرولمۆز، بەپشتیدا درا و هەستی کرد لە ئاستیدا زاڵە، گەلێ پێخۆشحاڵ بوو. لە دڵدا وتی: (چی لە منە؟.. تا ڕۆژ دەبێتەوە لەسەر ئەم بارە دەوەستم و، فزەی بۆ ناکەم).

ئایش کە تا ئەو ساتە  تەنیا خۆی ئاخنیبووە پاڵ منداڵەکانەوە و چاوێکیشی هەر لەلای بارام بوو. لەپڕ پەنجەرەکە سەرنجی راکێشا و یەکەم جار لە دڵدا وتی: (دەرگەکە وەها.. ئەی پەنجەرەکە؟!..). ئەوسا دەنگی هەڵبڕی بەشڵەژاوییەوە وتی :

– بارام ئەی پەنجەرەکە؟!.. ئەی ئەگەر لەوێوە!..

قسەکەی بۆ تەواو نەکراو، بینایی بەسەر پەنجەرەکەدا ئەبڵەق بوو. بارامیش لەلای خۆیەوە، وەك لە ناکاو لە مەترسییەکی زۆر زەق ئاگەدار بکرێ، چاوی بەسەریدا روا و لەدڵدا وتی: (بەڕاست یانی چی من تا ئێستا لێی بێ ئاگا بووم؟!. زۆر راستە.. دەزانم کە بەفر لەودیوەوە بەری گرتووە و لەگەڵ گوێسوانەکەدا لەیەکیان داوە. بەڵام خۆ بـۆشایـیـیـەك لـە نـێوان دیـوار و بـارستـایـی بـەفـرەکـەدا مـاوەتـەوەو، لـەسـەری لای هەیوانەکەوە شەبەقێکی تێدایە، کە بوار بۆ ناو بۆشاییەکە و ئینجا بەر پەنجەرەکە دەدا!. من لەوە دڵنیام. ویستم بۆ رووناکی بەری پەنجەرەکە بەرەڵا بکەم و لەوێشەوە دەست پێ بکەم. کەچی وازم لێ هێنا. وتم وا چاکترە و سەرما دەگێڕێتەوە. کەواتە

دەتوانن لەوێوە بێنە بەرپەنجەرەکە. دەبێ فریا بکەوم. پەنجەرەکە بەو وەزعەیەوە، لە ئاستیاندا خۆی ڕاناگرێ. چی بکەم باشە؟!).

نەیدەزانی چی بکا!. چاوی لێ لادا و ڕوانییە ئایش. ئەویش هێشتا چاوی بەسەردا ڕوابوو. ئەم بیری بۆ ئەوە چوو، داوای لێ بکا بچی وەکو ئەم بکا و، زوو لێی پەشیمان بووەوە. لەدڵدا وتی: (شووشەیە و دەیشکێنن. کە شووشەیان شکاند، ونجڕکردن و دەرکێشانی کەلوپەلەکانیش بۆ دەرەوە بۆیان ئاسانە).

بەخێرایی کەوتە چاوگێڕان بەژوورەکەدا. بەئاواتەوە بوو شتێك لەوانەی تێدا مابن. یا تەنانەت دیوارەکان و بنمیچەکەش بەفریای بکەون و، چارەسەری گرفتە نەگریسەکەی بۆ بکەن. تا لەناکاوێکدا سەرنجی لەسەر زۆپاکە و بەتایبەتی لوولەکانی ڕاگیر کرد. لەسەری ڕانەوەستا و بانگی کرد:

– ئایش..هەڵسە خێراکە.. زۆپاکە بکوژێنەرەوە.

ئایش سەرسام بوو. وتی:

– بۆچی؟!.

– تۆ هەڵسە..دوایی.. خێرا سەرە بزووتکەکانی لێ دەربێنە و بیانکوژێنەرەوە.

ئایش دەستوبرد چۆنی پێ وترا وەهای کرد. –چاوەڕێی ساردبوونەوەی مەکە. بەپەڕۆیەك پارچەکانی لوولەکەی لێ دابگرە و ئاویان پێدا بکە.

لوولەکان سێ پارچە بوون. بارام حسابی بۆ درێژییەکەیان کردبوو. بڕیاریشی دابوو کە چییان لێ دەکا و وتی:

– وەرە جێگەی من..دەتوانیت؟.

– دەتوانم.

– ترست نەبێ و لەچنگەکرێیان سڵ مەکەرەوە. تۆ وا هەست دەکەیت لەوەدایە لە پشتتی گیر بکەن. بەڵام وا نییە. مەترسە و بەرگە بگرە. داری گوێزە و هیچیان لە ئاستیدا پێ ناکرێ..

ئێ؟. – ئێ.

جێگەیان گۆڕییەوە. بارام چوو پڕی بەپارچە لوولەکاندا کرد و، ڕای فڕاندنە لای پەنجەرەکە. حسابەکەی ڕاست دەرچوو. بەپەلە کەلوپەلەکانی لە پەنجەرەکە

دەرکێشایەوە. بەزۆر لوولەکانی وەك سێ تووڵ لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە پەنجەرەکە چەسپاندن. سەرنجێکی وردی بەپەلەی دانێ. دڵی پێیان حەوایەوە. لەگەڵ چوارچێوەی پەنجەرەکەدا، بووبوونە تەیمانێکی توندوتۆڵ. ئینجا کەلوپەلەکانی تێ ئاخنییەوە و بۆ تاقیکردنەوە، دانیشتە سەر قەراغی پەنجەرەکە و پشتی پێوەنا. ئەوسا بەئایشی وت:

– بینیت؟.. ئەمەش پەنجەرەکە. هیچی تر ماوە؟. مەگەر دیوار ڕووخێن بن، دەنا ژوورەکە لە دیوار بەولاوە، هیچی تری تێدا نییە.

دوای قسەکەی پشتی لە پەنجەرە بەر دا. چۆوە بەلای دەرگەکەوە و وتی:

– لاچۆ بۆ من..

کە پشتی بەدەرگەوە نایەوە، بەهێمنییەوە وتی:

– گوێ بگرە.. ئێستا چیت پێ دەڵێم وەها بکە. یەکەم جار بچۆ منداڵەکان زۆر باش داپۆشە. ئینجا هەرچی ڕاخەرێك لە ژوورەکەدایە، جگە لەوەی ژێر منداڵەکان، بۆمیان بهێنە. لە پاڵ دەرگەکەدا کەڵەکەیان دەکەم و لەسەریان دادەنیشم. دوا جار تۆش لێفەکە چاك لە خۆتەوە بپێچە و بچۆ وەك من، پشت بەپەنجەرەکەوە بنێ و دابنیشە.

ئایش هەستی بەدڵنیایی کرد و زۆری پێ خۆش بوو. گورج ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ کردن. بەڵام پێش خۆپێچانەوە و دانیشتنی، ویستی زۆپاکە لە بارام نزیك بکاتەوە، تا بەپشکۆکانی گەرمی ببێتەوە و بارام نەیهێشت. وتی:

– بیبەرە نزیکی خۆتەوە. تۆ پێویستیت زیاتر پێیەتی.

دوای کەمێ مشتومڕ، قسەی بارام زاڵ بوو.

## لۆزی گورگ

هەردووکیان ئەگەرچی جۆری دانیشتنەکەیان ماندووی دەکردن و ئازاری دەدان، بەڵام ئەو سرەوت و ئارامەی لە دڵدا هەستیان پێ دەکرد، وای لێ دەکردن بەئاسانی دان بەخۆیاندا بگرن. بارام سەرەڕای بەردەوام ڕەتاندنی دەرگەکە بەپشتیدا، جگەرەیەکی بەلێوییەوە نابوو. بەدڵنیاییەوە مژی لێ دەدا و بەدەمییەوە، ئاسایی بۆ ئایش دەدوا. باسی لە وەزعی خەڵکەکەی ناو ئاوایی بوو، کاتێ ئایش قسەکەی پێ بڕی و هاواری کرد:

– هاتن!..ئێرەشیان پێزانی..هاتن!..

بارامیش وازی لە قسەکەی هێنا و وتی:

– چی دەکەن؟..بۆمی باس بکە.

–هەست دەکەم بەپەنجەرەکەدا دێن و دەچن و، جارجارێك یەك دووانێکیان، سەرولمۆزی پێدا دەدەن.

–هیچ گوێی مەدەرێ.. هەمان بەزمەکەی دەرگەکەیە!. هیچ مەترسە.. دەترسیت؟.

– نا ... ناترسم ... لە پەنجەرە و لە دەر گاکەش ناترسم.

– ئەی؟!.

– نازانم..لە شتێك دەترسم کە نازانم چییە!.

– ئایش گیان..خۆت مەشڵەژێنە.. یانی مەبەستم ئەوەیە بڵێم خۆت مەترسێنە. تۆ خۆت دەترسێنیت. تۆ دڵنیایت کە هیچیان بۆ ناکرێ و ناتوانن زەفەرمان پێ بەرن. ئیتر بۆچی دەهێڵیت ترس زۆرت بۆ بێنێ؟.

ئایش هیچ وەرامێکی نەبوو بیداتەوە و خۆی بێدەنگ کرد. ئەو بۆ زیاتر هێمنکردنەوەی، وتی:

– کاتمان گەیاندووە بەنزیکی سەعات پێنج. هێندەمان نەماوە. هەرهێندەی شەبەقی دا، رزگار دەبین. تین بدەرە بەرخۆت و ورە بەرمەدە. ئەوەتا دەبینیت چۆن ژوورەکەمان لێ کونبڕ کردوون. خۆ دیوارەکان کون ناکەن!. ئەو ئەم قسانەی لە ناخی دڵەوە بۆ کرد و خۆیشی ئەمە هیوای هەرە گەورەی بوو. کەچی لە پڕێکدا و بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا، پرسیارێك لە مێشکیدا برووسکەی دا: (ئەی ئەگەر شەبەقی دا و بەرۆکیان بەرنەداین؟!..بگرە!..). لەوەدابوو بدا بەدەمییەوە و کسپەیەك، دای لە هەناوی و ئازارێکی وەهای پێ گەیاند، کە پتر لە پێچی ئازاری ژانەسك دەچوو. تەنانەت ئایش لەلای خۆیەوە کە لەو ساتەدا، بەدەم وشکە خۆشنوودییەکەوە تێی دەڕوانی، کسپەی ئازارەکەی لە شێواویی روخساریدا خوێندەوە و هاواری کرد:

–بارام..چ خێرتە؟!.

بارام زوو خۆی ئاسایی کردەوە. گەندەبزەیەکی خستە سەرلێوی و وتی:

– هیچ نییە.. وا تێ دەگەم سەرما کاری تێ کردووم. پێچی ژانێکی تیژ بەناو سکمدا رابورد. ئایش پشتی لە پەنجەرەکە بەردا و خۆی خستە سەرپێ. بێ ئەوەی بزانێ

دەیەوێ چی بکا، بەرەوڕووی هەنگاوی نا. ئەو نەیهێشت بگاتە ئاستی و وتی:

– هیچ نییە..تەنیا پاکەت و شقارتەکەم بگەیەنەرێ و، خێرا بگەڕێوە جێی خۆت.

کە گەڕایەوە و دانیشتەوە، وای هەست کرد ئەودیو پەنجەرەکە خامۆشە. ماوەیەك چاوەڕوانی کردو هیچی نەوت. نەیدەویست تا تەواو دڵنیا دەبێ بیدرکێنێ. کە هەر گوێی هەڵخست و هیچ ورتەو جووڵەیەکی نەبیست، ئەوسا بەدەنگێکی تێکەڵ لە گەشکەداری و سەرسوڕمانەوە وتی:

– بارام.. جموجووڵیان نەما!..ئەودیو پەنجەرەکە تەواو خامۆشە!.

– منیش..لای منیشەوە وەهایە!..سەیرە!..

بارام بەپەرۆشەوە ئەم وەرامەی دایەوە و بەدوایدا، بەخێرایی دەستی چەپی بەرز کردەوە و روانییە سەعاتەکەی. لەو کارە زۆر سەرسام بوو. لە دڵدا وتی: (سەعات پێنج و شەش حەوت دەقیقەیە. گوایە دەبێ شەبەقی دابێ؟!. نەخێر نابێ!.. قەت نابێ.

من ئەگەرچی لە ئایش و لە خۆشم دەکرد بەسەعات شەش، بەڵام ئەوی راستی بێ لە دەوروبەری شەش و چارەکدا شەبەق دەدا).

– تۆبڵێیت شەبەقی دابێ؟!.

ئایش بەم پرسیارە وریای کردەوە. ئەو بێوەرامدانەوەی، پشتی لە دەرگە بەردا و هەڵسا رووی بۆ وەرگێڕا. ویستی زوو بۆی روون ببێتەوە. چاوی چەپی نووقاند و چاوی راستی نا، بەو کونەوەی تەنافەکەی لێوە رەت کردبووە ژوورەوە. بۆی دەرکەوت کە هێشتا تاریکستانی ئەموستەچاوە. ئەوە گومانێکی گەورەی لە دڵدا خولقاند. ئیتر وەك بڵێی گەلەگورگ نەك بیانەوێ تەنیا لە دەرگە و پەنجەرەوە، بگرە لە دیوار و لەژێر زەوی لە بنمیچی ژوورەکەشەوە شاڵاو بێننە ژوورەوە، ئاوەها دانیشتەوە و پشتی لە دەرگە توندکردەوە. بەدەنگێکی پڕ لە شڵەژانیشەوە وتی:

– ئایش پیلانە!..پیلانە و هیچی تر!. باوەڕ بەو بێدەنگییەیان مەکە. پشت لە پەنجەرەکە توند بکە و بەهیچ کلۆجێ بەری مەدە. من دەزانم..

ویستی لەسەری بڕوا و باش بیسەلمێنێ کە پیلانە. بەڵام کە سەیری کرد ئایش بەقسەکانی دەپەشۆکێ، خێرا زمانی خۆی گرت و باسەکەی گۆڕی. وتی:

– من ئەگەرچی دەزانم کە هێشتا، نزیکی سەعاتە وەختێکی ماوە شەبەق بدا. بەڵام

ڕەنگە بێزاربووبن و ڕۆیشتبن. ئەمەشیان دەبێ و خوابکەم وابێ.

ئایش هێشتا قسەکانی پێشووی لە مێشکیدا دەجۆوە و لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

– خوابکەم..

ئینجا ئەو هەر بۆ سڕینەوەی شوێنەواری قسەکانی پێشووی، باسەکە گۆڕی و بەلەرەی دەنگێکی پڕ لە سۆز و بەزەییەوە وتی:

– باری دانیشتنەکەت ماندووی نەکردوویت؟. ئەگەر دەزانیت ناڕەحەتە، با چارەسەرێکی بکەم.

– نا.. پێویست ناکا.. باشە. بەڵام قاچم سڕ بووە.

– تۆزێ بیانجووڵێنە.. یا بەنۆرە قورساییان بخەرە سەر.

– ژوورەکەش خەریکە تەواو سارد دەبێتەوە.

–ئەگەر سەرماتە، با پاڵتۆکەمت بدەمێ لەبەری بکە.

– خەمی خۆمم نییە.. منداڵەکان!.

– خەمی ئەوانیشت نەبێ. گەرم داپۆشراون و لەشیرین خەوی خۆیاندان. من تەنیا خەمی ئەوەمە خەبەریان ببێتەوە.

– ڕاست دەکەیت..ئەگەر خەبەریان بۆوە چی بکەین؟!.

– نازانم.. خوابکەم خەبەریان نەبێتەوە.

بۆ ماوەی چەند ساتێك هەردووکیان بێدەنگ بوون. بارام جگەرەیەکی ئاگردا و کەوتە مژلێدانی. تەوژمی ترسەکە لە بیر و هۆشیدا ڕەویبووەوە. زۆر بەهێمنییەوە مژی لە جگەرەکە دەدا و بەهێواشی دووکەڵەکەی لە نێوان هەردوو لێوییەوە دەردەدایەوە. ئایشیش ئەگەرچی بڕیاری دابوو بەسات پشت لە پەنجەرەکە بەرنەدا، کەچی هێندە هێور بووبووەوە، کە بیری بۆ ئاگری زۆپاکەی بەردەمی بچێ. دەستی بۆ مقاشی سەر زۆپاکە درێژکرد. کە زانی بێ پشتبەردان لە پەنجەرەکە دەستی نایگاتێ، ناچار لێی بەردا و مقاشی گرتەدەست و لە ئاگرەکەی وەردا. ئاگر ڕوو لەوەبوو ببێتە ژیلەمۆ. لەگەڵ ئەوەشدا شەپۆلێك گەرمای بەڕوویدا دا و ئیتر مقاشی نایەوە جێی خۆی و پشتی لە پەنچەرە توند کردەوە. ڕوانییە بارام و سەیری کرد، هێشتا هەر بەخۆشنوودییەوە مژ لە جگەرەکەی دەدا.

## پیلان

خامۆشییەکە زۆری نەخایاند و بارام چۆنی بۆ چووبوو وەها دەرچوو. گەلەگورگ کاتیێ رژانەوە ناو هەیوان و بەرپەنجەرە، وەك شێتوهار بووبن بە داخلەدڵییەوە و دەستەدەستە، کەوتنەوە سەرولمۆزکێشان بەدەرگە و پەنجەرەدا و تەنانەت دەتوت لەوە بێباکن، کە سەرولمۆزیانی تێدا شەقوپەق ببێ. هەردووکیان تەوژمی ترسوسامێکی زۆر سەخت لەم شالاوەیان، زۆری بۆ هێنان و دڵەکوتێی پێ خستن. بگرە ئایش هەموو گیانی کەوتە لەرزین وای هەست دەکرد، کە خەریکە لەشی شل ببێ و بەرببێتەوە سەرزەوی. بارام لەلای خۆیەوە زوو پێی زانی لە چ حاڵێکدایە و لە ساتی خۆیدا بەفریا کەوت. رووی قسەی تێ کرد و وتی:

– ئایش..تۆ سەیرم بکە.. سەیرێکی من بکە..

ئەو ساتە سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە و وەك پەڕی دەم رەشەبا دەلەرزی. بەزەحمەت توانی سەر بەرز بکاتەوە و تێی بڕوانێ.

– ئینجا سەرێکی لای دوو کۆرپەکەت بکە!.. دەیانبینیت چۆن لە شیرینخەوی خۆیاندان؟.. دەشزانیت بەپشتی کێ؟!.

بارام هێندە تینوتوانای بەرامبەر بەتەوژمی ترسوسامەکە لە دڵدا مابووەوە کە جگە لەخۆی، لە وەزعی ئایشیش بێ ئاگا بێ و، بزانێ چۆن هانی دەدا و تینوتوانای بەرگەگرتنی دەکاتەوە بەبەردا. بەقسەکردن لەوە زیاتری نەوت و بگرە تەنیا هێندەش بەس بوو. چونکە ئایش بەو قسەیە و بەبینینی ئەو و ئینجا منداڵەکانی، وەك لە سەرەمەرگدا بووبێ و لە ناکاو هێزێکی نهێنی، گیانی مرۆڤێکی ساغڵەمی بەبەردا کردبێتەوە، ئاوەها قیت و گورج بووەوە و بەوپەڕی چوستییەوە، جەستەی ئاخنییەوە ناو پەنجەرەکە. تەنانەت بارام هاواری لێ کرد:

– ئاگەدار بە..

هێجگار وەها توندنا. من تەنیا ئەوەم لە تۆ دەوێ، کە هۆشت لەسەر خۆت بێ و بەسات ورە بەرنەدەیت. دەمەوێ بزانیت کە ورەبەردان دەبێتە هۆی بەگورگانخواردوو چوونی تۆش و منیش و ئەو دوو کۆرپەیەش. ئینجا حەز دەکەم ئەوەش بزانیت، کە من

تەنیا یەك پشتم هەیە و، ئەوەتا بەدەرگاكەوەم ناوە. لە كاتێكدا ئێمە پێویستیمان بەدوو پشت هەیە، كە دووەمەكەیان پشتی تۆیە. تێمدەگەیت دەڵێم چی؟!.

ئایش گیانێكی تری بەبەردا كرابوو. بێ ئەم قسانەش وەهای چەسپاندبووە مێشكی خۆیەوە، كە لەناو قەڵایەكی پۆڵاییندایە و گەلەگورگ قەتوقەت ناتوانن زەفەری پێ بەرن. بۆیە لەوەڵامیدا وتی:

– تەواو.. بێ خەم بە ترست لێم نەبێ. گوایە بیەڵم كەڵبە و نینۆكی گورگ، بچەقنە لەشی كۆرپەكانم؟!. مەگەر پشت و سنگم كون بكەن و لەوێوە، خۆیان بگەیەننە ژوورەوە.

ئیتر ئەویش نەك تەنیا لە ئایش و پەنجەرەكە دڵنیابوو، بگرە خۆیشی هێندەی تر ورەی بەرز بووەوە و وتی:

– تەواو.. منیش تەواو.. نەخەمم لەدڵدا ما و نەترس.

بەڵام هەر لەو ساتەدا، دووسێ تۆپەڵە بەفر لە شوێنی كونی لوولەی زۆپاكەوە، لە بنمیچەوە بەربوونەوە بۆ ناو ژوور. بارام وای دانا كە كارێكی ئاساییە و لە دڵدا وتی: (دەبوو كە لوولەكەمان دەركێشا، شتێكمان تێ بئاخنیایە). تەنیا هێندە و ئیتر سەرنجی لێ لادا. لە كاتێكدا ئایش وەك لە دڵی گەڕابێ كە ئاسایی نییە، چاوی هەر تێ بڕیبوو. تا زۆری نەبرد هاواری بەرز بووەوە و وتی:

– بارام..بڕوانە!..

كە ڕوانییەوە بنمیچەكە، پەنجەونینۆكی گورگێكی بینی، كە دەتوت ڕەت كراوەتە ناو هێلانەیەكەوە و دەیەوێ لە بێچووە باڵندەیەك گیر ببێ!. سەرنجێكی خێرای دایە ئایش. كە دڵنیابوو لەسەرخۆیە و بەبینینی دیمەنەكە تێك نەچووە، سەرێكی ڕەزامەندیی بۆ لەقاند. دەستی دایە دەمانچەكەی و وتی:

– خەمت نەبێ..هاتنەژوورەوەیان لەوێوە ستەمە. ئەگەر سیحربازیش بن و بتوانن خۆیان باریك بكەنەوە و شۆڕ ببنەوە، ئەوا بۆ هاڕینی سەرولمۆزیان لەسەر پێم.

تەقەلادانە تازە بابەتەكەی گەلەگورگ، زۆری نەخایاند. سێ چوار جار و ئیتر چنگونینۆكیان بەدی نەكرایەوە. بەڵام دوای ئەوە بەماوەیەكی كەم، دیسان ئایش هاواری كرد:

– بارام.. گوێت لێ بوو؟!.

– نا..لە چی؟!. – شووشەیەکی پەنجەرەکەیان شکاند.

– من گوێم لە هیچ نەبوو.

– منیش تەنیا قرچەیەکم بیست. گوێم لێ نەبووە پارچەی لێ بکەوێتە خوارەوە.

– باشتر.. کە لمۆزی پێدا دەدەنەوە، دەموقەپۆزیان بریندار دەکا. ئەی هیچ هەست بەوە دەکەیت، دەمیان بگاتە کەلوپەلەکان و رای بکێشن؟.

– نا.

– دە هیچ گوێ مەدەرێ. شووشەشکاندنەکەش دادیان نادا.

دوای کەمێ بێدەنگی ئایش لێی پرسی:

– سەعات بووە بەچەند؟.

بارام بەپەرۆشەوە روانییە سەعاتەکەی. بەبینینی روخساری گەشایەوە. وتی:

– نزیکی شەشە.

– نزیکی.. یانی چەندی دەوێ؟!.

– دەتەوێ دەقیقە و ساتژمێرەکەشت بۆ بخوێنمەوە؟..چاکە.. ئێستا حەوت دەقیقەی دەوێ بۆ شەش..باشە؟.

– باشە.

ویستی بۆ زیاتر دڵخۆشکردنی ، چەند قسەیەکی تریش بکا و بەپێویستی نەزانی. تەنیا سووکە زەردەیەکی خستە سەرلێوی و بەدڵێکی خۆشەوە جگەرەیەکی ئاگر دا و کەوتە مژلێدانی. ئیتر قاچی لێ ڕاکێشا و بێ ئەوەی پشت لە دەرگە شل بکا، خۆی خستە سەرباری حەوانەوەوە. ئایشیش وەك ئەوی کرد و چووە سەر باری، پاڵدانەوەیەکی ئاساییی بەرپەنجەرەکە.

## کازیوە

سەرلەنوێ خامۆشییەکی سەرسورهێنەر لە ناکاوێکدا، باڵی بەسەر هەیوان و پشت پەنجەرەدا کێشایەوە!. ئەمانە تاقیکردنەوەی جاری پێشوویان لەلا گەرماوگەرم بوو. تەنیا خۆیان وریا کردەوە و گوێقوڵاغ بوون. هەوڵیان دا نەك تەنیا ورتەوجووڵە، بگرە بتوانن مشەمشی هەناسەدانیشیان ببیسن و ئەویشیان نەدەکەوتە بەرگوێ!. ئایش

وتی:

– لەوە دەچیّ رۆیشتبن!.

بارام باوەڕی وا نەبوو. وتی:

– نابیّ.. لەپڕ بێدەنگ بوون!. بۆچی وا لەپڕ؟!.

– دەمانخەڵەتێنن؟.

– دەشیّ.. وەکو جاری پێشوو.

– ئیّ ئاخر کات لە سەعات شەش تێپەڕی کردووە. تۆ نەتوت..

– با.. بەڵام..

قسەکەی تەواو نەکرد و گەلەگورگ، وەك هەموو پێکەوە لە یەك ساتدا دەنگ درابن، کردیانە رۆژی حەشر!. بەهەرچی تینوتوانایەکەوە کە لە قورگیاندا هەبوو، کەوتنە لووراندن و قرووسکاندن و بگرە زیقوزاقێکی ئەوتۆ، کە گوێی کەڕی کاس دەکرد!. بەڵام وازیان لە سەرولمۆزکێشان بەدەرگە و پەنجەرەکەدا هێنابوو. ئایش یەکسەر بیری بۆ لای منداڵەکان چوو. وتی:

– بارام.. منداڵەکان.. لەم قاووقیژە خەبەریان بێتەوە من چی بکەم؟!. خۆ زارەترەك دەبن!.

نەگەیشت وەڵامی بەرگویّ بکەویّ و، هەردووکیان پێکەوە قوت بوونەوە. بۆ ماوەی چەند ساتێك حەپەسان و گوێقوڵاغ بوون. ئایش بۆ دڵنیاکردنیان، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

– پاڵکەونەوە و بنوون بابەگیان.. بنوون هێشتا زووە.

ئەو قسەکەی بۆ ئەوە کرد،، کە نەیەڵیّ قاووقیژەکەیان بەلاوە گران بیّ. کەچی ئەوان لە ساتی یەکەمەوە، تۆقیبوون و وەك قسەکەیان هەر نەشبیستبیّ، پێکەوە دایانە زیرەی گریانێکی هێجگار بەکوڵ. دایکە و باوکە هەر یەکەو لەلای خۆیەوە، کەوتە تەقەلادانی هێمنکردنەوەیان و، چەندە هەوڵیان دا وایان لیّ بکەن ئەوان هەڵسن و بۆ لای ئەمان بێن، بیّ سوود بوو. لە جێی خۆیان نەبزوان و لەیەکبیناش دەیانزیڕاند. دایکیان ئارامی لەبەر بڕا. پشتی لە پەنجەرەکە بەردا. خۆی خستە سەرپیّ و بارام هاواری لیّ هەڵساو وتی:

– نەکەیت.. تۆ دانیشەرەوە جێی خۆت. من دەچم بەلایانەوە. دەشێ سەرولمۆز بەکار بێننەوە.

هاوارەکە وریای کردەوە. دانیشتەوە و پشتی لە پەنجەرە توند کردەوە.

– دەچم دەیانهێنم بۆ لای تۆ.

– ئەی دەرگەکە؟!.

– پشت بەتەنافەکە دەبەستم.

ئیتر لەسەری نەوەستا. چوو پڕی بەهەردووکیاندا کرد و بەتانییەکیش لەگەڵیاندا. بەفرکانێك بردنییە لای دایکیان و خستنییە باوەشییەوە. خۆیشی خێرا چووەوە پاڵ دەرگەکە و پشتی پێوە نایەوە. کە دانیشتەوە وتی:

– بەتانییەکەیان باش تێوە بپێچە و تەقەلا بدە، گوێچکەیان بئاخنیت.

ئایش وایکرد و دواییش توند نووساندی بەسنگییەوە. ئەوانیش زۆری پێ نەچوو ژێر بوونەوەو، لەباوەشیدا مت بوون. قاووقیژی گوێکەرکەری گەلەگورگ، چۆن لەناکاوێکدا دەستی پێکرد، ئاوەهاش لەپڕێکدا کپ بوو. هەردووکیان بەسەرسورمانەوە روانییانە یەکتر. بۆ ماوەیەك گوێیان هەڵخست و، ورتەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە. تەنیا هێندەیان لا ڕوون بوو، کە خامۆشییەکی تەواو باڵی بەسەر هەیوان و پشت پەنجەرەکەدا کێشاوە. دەنگی هیچ خشپە و جووڵەیەکیان نەدەبیست، کە نیشانەی مانەوە یا ڕۆیشتنیان بێ. ئەوە زۆر سەرسام و چەواشەی دەکردن. نەیاندەزانی چۆن لێك بدەنەوەو، چی لەبارەیەوە بڵێن. تا ئایش سرەوتی لەبەرهەڵگیراو وتی:

– دەبێ چی بێ؟!.. ماون یا ڕۆیشتوون؟!.

– نازانم.. منیش سەری لێ دەرناکەم!..سەیرە!.

– ئەی چار چییە؟.. چی بکەین؟.

– با ماوەیەکی تریش چاوەڕێ بکەین.. بزانین چی دەبێ.

– ڕەنگە شەبەقی دابێ. بارام ڕوانییە سەعاتەکەی. نزیکی شەش و نیوی دەخوێندەوە. بڕیاری دا هەڵسێتە سەرپێ و لە کونی تەنافەکەوە، سەیری ناو هەیوانەکە بکاتەوە و ئان و سات، خورپەی پرسیارەکەی لەوەبەر چزەی لە هەناوی هەڵساندەوە.. (ئەی ئەگەر نەڕۆشتبوون؟!). ئەمجاریش روخساری گرژ بووەوە و ڕەنگی هەڵبزرکا.

ئەمجاریش ئایش لێی بەئاگا هات و وتی:

– بارام.. بۆ وا تێکچوویت!..چیتە؟!.

بارام بێ وەڵامدانەوەی، راچەنییە سەرپێ و بەدەمییەوە لە دڵدا وتی: (ئەگەر نەرۆیشتبوون، ئەوا کۆتاییمانە و بڕایەوە!). ئیتر هەر هێندەی چاوی بەکونەکەوەنا، وەك یەکێك بەخۆی و ماڵومنداڵییەوە، لەبەردەمی سێدارەدا بووبن و مژدەی ژیانێکی نوێیان پێ ڕاگەیەنرابێ، وەرچەرخایەوەو بەگەشکەدارییەکی بێ وێنەوە هاواری کرد:

– ئایش.. دنیا رووناکە و گەلەگورگ نەماون. تەواو.. رزگارمان بوو.. رزگارمان بوو.. تەواو!. ئایشیش لەلای خۆیەوە، هەناسەیەکی قووڵی دڵنیایی هەڵکێشاو، وەك گوڵ گەشایەوە. پشتی لەپەنجەرە بەرداو هەڵسایە سەرپێ. منداڵەکانی برد و چوو لەسەر جێگەکەیان دانیشت. ئەوانی لە تەنیشتەوە داناو خۆشی پاڵی بەدیوارەوەداو، بۆ حەوانەوە قاچی لێ ڕاکێشا.

لەو ماوەیەدا بارام دەرگەی کردبووەوە و بەوریاییەوە، سەری کێشابووە دەرەوە. کەمێك لەسەر ئەوبارە هەڵی ڕوانی و وردبووەوە. کە باش دڵنیابوو، ئینجا هەنگاوی هەڵهێنایەوە بچێتە دەرەوە. ئایش نەك لەترسەوە، بگرە وەك دەقی بەو قسەیەوە گرتبێ وتی:

– ئاگەداری خۆتبە!.

کە گەڕایەوە ژوورەوە، چووە پاڵیانەوە و دانیشت. منداڵەکانی لە باوەش گرت و ماچی کردن. ئەوسا روانییە دایکیان و بۆی خنایەوە. کەچی ئەو زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ وتی:–

ئێستا وا لەو مۆتەکە سامناکە رزگارمان بوو. بەڵام ماوەتەوە سەر پرسیارێك و وەرامەکەی..

بارام سەری لێ نزیك خستەوەو ماچی کرد. وتی:–

پێویست بەکردنی پرسیارەکەت ناکا. جلوبەرگی پێویستی منداڵەکان و خۆم و خۆت، بپێچەرەوەو ئامادەبن. دەچینەوە ناو کۆمەڵگەی گورگی دوو پێ!.

١٩٨٢/١/٤